



Raman

RAMAN
رامان
142

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ ئادار ٢٠٠٩



خاوەن ئیمتیاز

شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر

ئازاد عەبدولواحید

بەڕێوەبەری هونەری

سەرکەوت وەلی

مۆتیف و پۆرتریت

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی رامان


● **سەروتار**

– لەنێوان ڕۆشنبیری و سیاسەتدا/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

– قەراغەکان/ سەلام محەمەد/ 5
– مشتێک هۆنراوەی تاکدێری/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 7
– مرۆڤ و نەمری/ محەمەد کوردۆ/ 9
– حەزێن من ل سەر ناڤێ تە ژ پیرۆزیبیا پەیڤان بوون/ خالد عەلی سلێڤانی/ 10
– تەقینەوەی پاییز/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 12
– بەرد/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 16
– وێنەکانی خولی ڕاهێنانەکە/ نەجیبە ئەبووبەکر/ 20
– ئەو وشترانەی گوندی ئێمەیان/ عەبدوڵڵا سەعیدی/ 23
– گولستان/ مستەفا ئاجار/ 27
– خەونی گێلۆکەیەک/ لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 30

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی سینەماکار (حوسێن سێودین)/ ئا: عەدنان عوسمان/ 43
– دیمانەیەک لەگەڵ (د. موحسین محەمەد حوسێن)ی مێژوونووس/ ئا: عەباس سلێمان سمایل/ 51

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– ڕاوچی چرکە «پاساوەکانی ڕاوچی بوون»/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 55
– شێوازی شیعریی لە شیعری نوێی کوردیدا/ ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا/ 64
– ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لە نێوان شێرکۆ بێکەس و مەحموود دەروێش-دا/ سامان محەمەد/ 70

● **بیرەوەری**

– دوارۆژانی ژیانم لە هەولێر، ئنجا ڕۆیشتنم بۆ جەزائیر/ مارف خەزنەدار/ 84

● **هزر و فەلسەفە**

– کاری هونەری و ڕاستی/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 87
– دێریدای میسری زادە سەبارەت بە گرفتی هەرەمە جوولەکەییەکان/ لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ 101

● **مێژوو**

– سەرەقەڵەمێکی مێژوویی لەبارەی دەرکەوتن و ڕۆڵی میر ئەحمەد/ ئا: شوکر سلێمان/ 112

● **وتار**

– ئاوات و خاسەکەو/ عەلی گوڵی/ 120
– ئادۆرنۆ و دیالێکتیک و ئیستێتیک/ ئازاد خدر/ 122
– بنیادگەری فێردیناند دێ سۆسێر و پێکهاتە سێنتاکسییەکانی/ عوسمان کەریم/ 124
– قارەمان لە ئوستوورەکانی جیهاندا/ لە فارسییەوە: مێهرداد ڕامیدی نیا/ 127

● **هونەر**

– ئەزموونی ڕیژیسیۆرێک لە ڕەباتەوە بۆ کەمبریا/ د. فازڵ جاف/ 132
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 138
– هاوێنەی تەلی فۆتۆی مام ناوەندی/ فارس سەعدی/ 142

● **خوێندنەوەی کتێب**

– درەختی کەتناوە و سەمای مەستانەی مێرێ و مەستان/ هاشم سەڕاج/ 144
– ماسک لابردن لەسەر هەندێ لە ڕووداوەکانی عیراق/ ئازاد عەبدولواحید/ 148

● **زاراوەسازی**

– تیۆری نێو تێکست/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

● **نامە**

– دوو نامەی هونەرمەند قادر کابان بۆ هونەرمەند وریا ئەحمەد/ ئا: ڕامان/ 158

● **سووکە لەنگەر**

– کولتووری میللەتان سامانێکی مرۆڤایەتییە/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 160

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# لەنێوان ڕۆشنبیری و سیاسەتدا

سەرنووسەر

(مارتن هایدیگەر) فەیلەسووفی ناسراو کە کتێبی (نداء الحقیقة)ی بە حەڤدە ساڵ نووسیوە و خۆی وتوویەتی تەمەنێکی لەخوێنەر دەوێ تا تێی بگات، بیروڕا فەلسەفییەکانی تا بە ئەمڕۆ دەگات بە زیندوویی ماونەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆشیاریی سیاسیی سەردەمی خۆی نەبوو و بەتەواوی دەوری نەکردبووەوە، بۆیە تێکەوت و ماوەیەک بانگەشەی بۆ بیروبڕوای نازییەکان کرد. (عەزرا پاوەند)ی شاعیری نوێخوازی ئەمریکایی کە گوێچکەی شیعری ڕۆژئاوای گرت و ڕایتەکاند و لە ڕەگوریشەوە گۆڕی، ئەو شاعیرە چەندین زمانی زیندووی دنیاشی دەزانی و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی گەورە و فراوانی سەردەمی خۆی بوو، کەچی لەبەر نەبوونی هۆشیاریی سیاسی کەوتە بەرەی داکۆکیکردن لە (مۆسۆلینی) و لە ئێزگەکەیاندا پێیانیدا هەڵگوت.

ئەمانە دوو نموونەی سەردەمی خۆیانن کە لەبەر نەبوونی هۆشیاریی سیاسیی پێیان لەسەر تەختەی چڕووک دانا. (سارتر) پێی وابوو ڕووناکبیر لەخۆشی خۆی نییە کە دەچێتە ناو ژیانی سیاسییەوە و کاری سیاسییانە دەکات، چونکە ئەو ڕای وابوو چارەنووسی (ئازادی) بە هەلومەرج و بارودۆخی سیاسییەوە بەندە، بۆیە مومارەسەکردنی سیاسەت لەلایەن داهێنەران و ڕووناکبیرانەوە بۆ خۆی بەتەنگەوە هاتنی چارەنووسی پرسی ئازادییە لە هەر وڵاتێکدا.

پێم وایە ڕووناکبیران ئەگەر مومارەسەی کردەنیانەی سیاسەتیش نەکەن، بەڵام بۆ نواندنی (هەڵوێستی سیاسی) هۆشیارییەکی سیاسییان پێویستە، ئەگەر (جۆن شتانبێگ)ی گەورە ڕۆماننووسی دنیا ڕۆشنبیریی سیاسی هەبوایە لە ڕۆمانی (هێشووەکانی تووڕەیی)دا کاتێ لە شەڕی ئەمریکا دژی ڤێتنام دەدوا، پشتگیریی لە ئەمریکا نەدەکرد بۆ لێدانی ڤێتنام، بۆیە ئاگاداری و خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان بەدیوە ڕاستەکەیدا ڕووناکبیر دەکاتە خاوەنی هەڵوێستی سیاسییانەی درەوشاوە و شەرافەتمەند و هەرگیز سەنگەری بەرژەوەندیی میللەتەکەی خۆی بەرنادات، هەر هیچ نەبێ ئەگەر بەرژەوەندی بەرتەسک بەرچاوی تاریک نەکات، ئەوە فێلّی لێناکرێ، ئەوساکە دەتوانێ ڕاستگۆیانەتر و ئازایانەتر هەڵوێستی سیاسییانەی خۆی هەڵبژێرێ و داکۆکیی لێ بکات.

بۆ ڕووناکبیران و داهێنەرانی کوردیش مومارەسەکردنی سیاسەت و دەربڕینی هەڵوێستی سیاسییانەی ڕوون و ئاشکرا، کارێکی زۆر گرنگ و پێویست بووە، تا لە بارودۆخی ئاڵۆز و حەساسدا لە پێودانگی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و لە سەنگەری میللەتەکەی خۆیەوە بیروڕای خۆی هەبێ، چونکە هەر بە تەنیا داهێنان و بەرهەمی ڕووناکبیریی بۆ داهێنەر و هونەرمەند و

نووسەرێکی کورد بەس نییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی قسە و کرداری نووسەران و پرۆژەکانیان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرن و رۆشنبیریی و کەسایەتی و بیروڕای ئەوان کاریگەری و جێی پەنجەی خۆی لەسەر ژیانیان دادەنێ، بۆیە دەبێ چەندە نووسەرێکی چاکە، ئەوەندەش هاووڵاتییەکی چاک بێ، ئەوەش ئەرکێکی تری سەرشانیەتی، بۆیە پێویستە رووناکبیری کورد هۆشیاریی سیاسی هەبێ و هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، تەنانەت ئەگەر باجیشی بەدواوە هات، کە هەرگیز ئەو هەڵوێستانە بەبێ باجدان نابن، تا بتوانێ پشتیوانی لە پرۆژە و کارنامەی سیاسی وڵاتەکەی خۆی بکاو تێیدا بەشدار بێ، یان هیچ نەبێ پشتگیری لێ بکاو ببێتە هێزێکی زێدەبار بۆ گورج کردنی هەنگاوەکانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات.

کاتێک رووناکبیران و داهێنەران راستەوخۆ لەو پرۆژە و کارنامانەدا بەشدار نابن، ئەوە دیسان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان هیچ رۆڵێکیان لە دەوڵەمەندکردنی ئەو پرۆژە و کارنامانەدا نییە، چونکە (شۆڕش) بەرپاکردن بە چەمکە فراوانەکەی بریتییە لە چەند یەکەیەک، یەکەی سیاسی و یەکەی کۆمەڵایەتی و یەکەی ئابووری و یەکەی هونەر.. و تاد هەیە، ئەگەر داهێنەر بەیەکەی جوان کردنی ژیانیشەوە خەریک بێ، ئەوە هەر بەشداری لەو شۆڕشەدا کردووە، سەیریش دەبێ بڵێین (شۆڕش) بەرپاکردن پێویستی بە (جوانی) و (چێژی جوانی) نییە!

ئەو نووسەر و داهێنەرانەی خاوەنی ئامادەگی داهێنەرانە و رووناکبیرانەی خۆیانن و زیندوون، ئەوە هیچ هێز و دەسەڵاتێک لەو دنیایەدا نییە کەنارگیر و فەرامۆشیان بکات، مەگەر بۆ خۆیان لە گۆڕستانەکانەوە هاتبن و بە پەراوێزی و بە بچووکی لەدایک بووبن.


خۆ ئەگەر لەناو دەسەڵاتێکی نیشتمانیشدا، لە قۆناغێکدا، یان لە ماوەیەکی کورتدا پشتگوێ خران و بەهۆی میلیشیا و مەنغۆلییەکانی بواری راگەیاندن و رۆشنبیری (لباد) خرایە سەر دەنگ و رەنگ و روخساریان، ئەوە بەردەوام ئەم کارەیان بۆ ناچێتە سەر و ئەو دەسەڵاتە نیشتمانییە، بەدوور راگرتنی ئەو توێژە، یان زۆر زەرەرمەند دەبێ، یان پیلانی مافیاکانی رۆشنبیری پووچەڵ دەبنەوە و ئەو رۆشنبیرە پەراوێزکراوانە شوێن و جێگەی خۆیان دەگرن. ئەو رۆشنبیرانەش کە خەمساردن دیارە هەر لە بنەڕەتەوە ئەهلی کارەکە نین و کورێنییان بەسەرەوە کردووە.

# قەراغەکان

سەلام محەمەد
(سوێد)

ڕۆژگار وەکو دیناسۆرێکی هاروهاج
بەدوو تایەی ئاسنینەوە بێ ڕاوەستان
ڕێگا ئەبڕێت
کەس نازانێ لە کەیەوە ئەم دەعبایە ڕێی گرتووە و
بۆ کوێ ئەڕوا و کەی ئەوەستێت
هەست بەسووڕانەوەی ناکەین
هەر ئەڕوات و ئەڵێی لە شوێنەکەی خۆیدا
پەنچەر بووە
چی هاتە بەردەمی گسکی ئەدات و
بە هەردوو قەراغی ڕێگادا ڕۆی ئەکات
قەراغەکان.. پڕن لە کەللەسەر
قەراغەکان.. گۆڕستانی بێ ژمارەن
قەراغەکان.. پاشماوەی سەدان و هەزاران جەنگن
هەر لە جەنگی تیروکەوانەوە بۆ جەنگی نەوەوی
قەراغەکان.. پڕن لەلاشەی مرۆڤ و مێروولە و
پووش و پەڵاشی یادگار و بیرەوەری
پڕن لە وردە ئاوێنەی شکاوی بەسەرهات
قەراغەکان.. بەتۆز و گەردی (کات)
ڕوخساریان ژەنگی مێژووی لێ نیشتووە
مەکینەی زلی ڕۆژگاریش بەبێ وچان
وەک دیناسۆرێکی کەتە
بە بۆڵە بۆڵ و بڵمە بڵم ئەڕوا.. ئەڕوا
ئەگەر یەکێک لە پڕێکدا هات و وتی:
دیناسۆر هات.. نۆرەی تۆیە
سبەینێ ڕێک لە سەعات دوانزەدا ئەمریت
چیت بەخەیاڵدا دێت و چی دەکەیت؟

سبەینی مەکینەی مەرگ دەگاتە سنووری وڵاتی زاتی تۆ
وەک باگردێن دەتشێلێت و دەتهاڕێت و..
فڕێت دەداتە قەراغەوە
چرکەیەک ڕاوەستانی بۆ نییە



تۆ بمریت یا نەمریت.. ئەو ئەڕوا
تۆ هەبیت یا نەبیت... ئەو ئەڕوا
کە تۆیش ئەمریت
چەند دڵۆپە فرمێسکێکت بۆ دەڕێژن و
ژیان بەردەوام دەبێت
هیچ دایرەیەک لەکار ناوەستێت
هیچ ئێزگە و تەلەفیزیۆن و گۆڤارێک
مان ناگرێت و داناخرێت
ڕەنگە لە سووچێکی ڕەشی ڕۆژنامەیەکی خۆماڵیدا
(بە داخ و پەژارەی زۆرەوە چەند دێرێک سەرەخۆشی
بنووسرێت)
لە پرسەکەتیشدا باسی سیاسەت و کێشە
کۆمەڵایەتییەکان دەکەن
کە دەڕۆن دەڵێن مردن ڕێگای هەموومانە
نوێژەکان، لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا دەکرێن
هەمەچەشنە خەڵکی بۆ کەلێسا و پەرستگاکانی تر
دەچن
فەرمانبەران پێنج دەقیقە لە دەوام دواناکەون
قوتابخانە و زانکۆکان لەکاتی خۆیاندا دەکرێنەوە
هەروەها دوکانەکانیش،
مەلەوانگەکانیش،
مەیخانەکانیش.
بەفر وەک جاران ئەبارێ
باران وەک خۆی دێتە خوارێ..
کە تۆ ئەمریت،
وەک ملیۆنێ ساڵ لەوەبەر
خۆر لە کاتی خۆیدا هەڵدێ و... ئاوا دەبێ
شاخەکان
دارستانەکان
دەریاکان
تەنانەت پەپوولەکانیش، پەرەسێلکەکانیش
هەست بەمردنی تۆ ناکەن

ئەم مەکینە هاروهاجە، ئەم دیناسۆرە برسییە
لە شۆفلی ڕۆبۆت دەچێت

هێواش هێواش بۆ پێشەوە تەکان ئەدات و
کتێبی قەڵەو قەڵەوی مێژوومان بۆ جێدەهێڵێت
هەرگیز فریای خوێندنەوەیان ناکەوین
مێژووی ڕق و خۆشەویستی
مێژووی دڕک و گوڵ
کە بەهەردوو قەراغی ڕێگای ژیانەوە
لەگەڵ پووش و پەڵاش و لاشەی مرۆڤ و مێروولەدا
گردۆڵکەیەک دروست ئەکەن
باران و لافاویش
بەزەوییەوە تەخت تەختی دەکەنەوە
دەبن بەتارمایی
بیرەوەری و یادگاری زەمەنە بەسەرچووەکان..

سبەینێ سەعات دوانزە تۆ ئەمریت
چۆن ئیمشەو بەسەردەبەیت و بیر لەچی دەکەیتەوە
بشێ بۆ مزگەوت بچیت و لەدڵەوە تۆبە بکەی؟
خۆ تەنها بەیەک تۆبە
منداڵ منداڵ ئەبیتەوە و گشت گوناهەکانت
هەڵدەوەرێن
پاشان شەهادەیەک ئەهێنیت و
دەسبەجێ ئەگەیتە کەناری جۆگەلە شەرابییەکان
لەوێ دائەنیشیت و نۆش ئەکەیت و
لەگەڵ حۆرییەکانی بەهەشتدا
کاتی ڕەنگاوڕەنگ بەسەردەبەیت
تەنها بەتۆبەیەک و شەهادەیەک
لەمرۆڤەوە ناوت ئەبێت بە ئەبەدییەت
ئیمشەو چی دەکەیت و بیر لەچی دەکەیتەوە
لەسەعات دوانزەدا ئەمریت
کاتێ ئەمریت
پاشەڕۆژیش ئەمرێت
هەوا، سەوزایی، ڕووناکی، هەموو ئەمرن
کە تۆ ئەمریت گەردوون ئەمرێت
ئەی تۆ حەز بە چی دەکەیت و
دەخوازی چۆن دوا شەوی ژیان بەڕێ کەیت؟
بە هۆشیاری
یا بە سەرخۆشی..
ئەی بۆ دواجار بیر لەکامیان دەکەیتەوە
تۆبە و شەهادە
یا تریفە سپییەکەی تاریکایی عەدەم؟

٢٠٠٨/١٢/١٧

# مشتێک هۆنراوەی تاکدێڕی

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



❊ لە ئانی لێکردنەوەی پورتەقاڵێکی ناو باغ، سێوەکانی درەختێک هەریەکە بەنزمێک جرتی گاڵتەیان بۆ باغەوان کێشا.

❊ لەناوەندی عزرائیل و مکیاڤیل، هەر لەسەر پردەکەدا، چ گۆرانییەک بگوترێ باشە؟

❊ جۆبارانە.. جۆباران! بەداخەوە کەرێک لەم وڵاتەدا نەماوە!

❊ بەویزەویز پێشکە ئاماژەی دا: نەمویستووە وەک مرۆڤ پەرەبسێنم و نامەوێش.

❊ تیرێکی گوڵەلۆتسم لە کچە کوردێک گرت، هیندی دەرچوو یەکسەر حەزی لێکردم.

❊ بۆ دەڵێ: ئەدلۆژە بەسەر چوو، جلکی بەرت لەنگەیە و خۆی ئایدلۆژیایە.

❊ ئاوێنە ئاوزادەیە و کەسێک بە ڕۆژی ڕووناک لێی بڕوانێ، خۆی بەماسی دەبینێ.

❊ حاشاکی ئاژەڵ، حاشاکی ڕووەک، هاشاکی ڕەقان، دیکان بۆ جەهەندەم.

❊ پاسەوانی گوڵ بووم، بێزار بووم، ئەو گوڵانە، بێ درکن!

❊ بێخەم بە! شار ئەوهایە، بناغەی خۆی بەکەللەسەر دادەڕێژێ.

❊ میری مۆناکۆ زۆر حەزی لێبوو لەگەڵم بیخوات، بەس منی زێدە چڵێس بە پیازاو هەر خۆمم داوەت کرد.

❊ بەکوتکان وەرگەڕامە سەر دەنگی ڕادیۆ، ڕادوێش ساغ و سەلامەت دەرچوو.

❊ کە بەرغەبابەم لێ هەنوو، کالکە خۆخ یەکسەر گەیی و لەچێژان خۆی بەسەر گیادا بەردایەوە.

❊ بشمخوا هەر قایلم، تۆک دەنگی خۆشە.

❊ لەکاتی سواربوونی پاس لەبیری چوو، ناهۆش لەبن پێستە یا گۆشتە، یا ژێر هێسکە؟!.

❊ ڕەواقی تا سواری حوشتر نەبێت، نابێتە ڕەواقی.

❊ من ترسێندراوم، ئەگینا جەنگ خۆشەو لە سێیەم

جەنگی جیهاندا پێویستە بەشداربم.

* پێکڕا لێی وشک بوون، خوێنی ناو دەمار، مووڕەکەبی ناو قەڵەم. ئاوی زاوزێ.

* لێوی تیغان ماچ دەکات و مەمکی بەردان دەگوێنێ و برۆش لە شەو هەڵدەتەکێنێ.

* من لاسایی (م) دەکەمەوە، وتیان نەخێر... (م) لاسایی تۆ دەکاتەوە.

* بەچاو دادانەوە بۆقێک بە نەهەنگێک دەڵێ: بەهرەت هەبوایە دەبووی بە وشکاوەر.

* لەماڵ ئاردمان نەبوو، تا کلکی مشکی پێ سپی بێ، سلیبۆ هەبوو، پێ ڕەنگداربوو.

* چ درێژە قیژەی تەرەزان!!! بەقەد زەمین دەڕواو ئاخێنراوەی دەنگی چەکی تاککوژ و کۆکوژە.

* بە چاوکراوەیی مرد و نەیگۆ شۆڕشگێڕم، وتی کۆمیکارم.

* ڕەهام گرت و حەفتەیەک لەناو تەسکی تەسکاندا بەندم کرد تا پەند وەرگرێ.

* مەتاسێ، خوێن بۆیاغە!

* شار تێکڕا هەڵات، ئەوەی هێرشی بۆ هێنابوو تانک نەبوو تانکی گوو بوو!!!

* ئەو ٣٢ دانە، کەم نان دەخۆن و زۆر لەوچە دەکەن.

* چوومە سەر دەریاو مستە خوێیەکم تێهاوێشت.

* کچێکی هەرزەکارە، بەکامەی بڕوا بکەم، بە ئی ناو جانتای؟ بە دەروونی؟ یان بە بوخچەی داپیری؟

* * *

**تەڕەزان= کەسێکی خەیاڵییە نووسەری ئەمریکی ئیدگار رایس بۆرۆس (١٨٧٥–١٩٥٠) لە ساڵی ١٩١٢دا دروستی کردووە و بۆتە بابەتی فیلم و زنجیرەی گۆڤاری وێنەدار.**

**ئەدلۆژە= ئایدیۆلۆجیا**

**لۆتس= Lotus ڕووەکێکی گوڵداری سەرئاوە، بەدرێژایی ڕۆژگار بەپیرۆزیی سەیرکراو، لە ئایینی بوودی و هیندۆسیدا لوتسی هیندی ڕەنگشین پیرۆزە.**

**ڕادوێ= ڕادیۆ بەزاری هەندە ناوچەی کوردەواری.**

**ڕەواقی= هەڵگری بیروبۆچوونی فەلسەفەی ڕەواقیەت -sto icism. بەلایانەوە: دانا، کەسێکە بایەخ بە هەڵچوونی چێژ و ئازاری ناو خۆی نادات، هەروەها لە ڕاست خۆشی و ناخۆشیدا ئارامگرە.**

**وشکاوەر= گیاندارێکە، لەوشکایی و ئاودا دەژی.**

**شکات= شکایەت.**

**مکیاڤیل= ماکیاڤیلی (١٤٦٩–١٥٢٧) سیاسەتکار و مێژوونووسێکی ئیتاڵییە، کتێبی (میر) بەرهەمی ئەو نووسەرەیە.**

**تۆک= باڵندەیەکی شەوانەیە لە خێزانی کوندە بۆیە.**

**دیکان= ئەوانی دیکە.**

**حاشاکی، هاشاکی= دوور لە...**


**کۆمیکار= کەسێ کاری کۆمیدیا بێت.**

**مۆناکۆ= میرنشینێکە کەوتۆتە ناو خاکی فەرەنساو دەڕوانێتە دەریای سپی ناوەڕاست.**

**سلیبۆ= ڕەنگی ئاو، (ألوان مائية).**

# مرۆڤ و نەمری

**محەمەد کوردۆ**
**(سلێمانی)**



**مرۆڤ**


مرۆڤ بوونەوەرێکی داماوە
لە سەرانسەری دنیادا،
بەخەم و نەهامەتی
چوار دەوری گیراوە و
هیچ هێزێکی ڕاستەقینەش
بەڕاستی داڵدەی نادا!
مرۆڤ گوڵە هێرۆیەکی ترساوە
لەناو چنگی بادا،
هەڵدەوەرێ و
لەناو دەچێ و
دەڕژێ بەم لادا!
مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە
ڕۆژانێکی زۆر و
ساڵانێکی زۆر و
تەمەنێکی تەواو
چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەک دەکات
پەردەی لەسەر لادا!
مرۆڤ دەنکێک (هێل)ی حەپەساوە
دەکوڵێ لەناو چادا
بۆنی بڵاودەبێتەوە
تامی بڵاودەبێتەوە
بەڵام هەرگیز
قوڵپە قوڵپی ناو دڵی نابینرێ و
هیچ دڵسۆزێکی ڕاستەقینەش
بەڕاستی گوێی پێنادا!

**نەمری**

مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە
بەسەر شانی خەیاڵەوە
بەرەو نەمری دەڕوات
وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ!
هەیە هەر لەسەرەتا و
هەیە لە ناوەڕاست و
هەشە لەکۆتایی ڕێ، دەڕژێ!
کەسمان لەم ڕژانە
گومانێکمان نەماوە
بەڵام کاتەکان نازانین،
نازانین ئەمڕۆ کێ و
سبەینێ کێ و
دوو سبەینێش کێ، دەڕژێ؟
مرۆڤ چەند بەدبەختە
لەوەتی هاتۆتە سەر زەوی
وەکو ئاوی ناو گۆزەیەک
کە بەسەر شانی خەیاڵەوە
بەرەو نەمری دەڕوات
ئاهو حەسرەتی تێدەڕژێ!
وەرە
ژنە میهرەبانەکەی ناو خوێنم
وەرە..
با من و تۆ
واز لە خەونی نەمری بێنین
با بڕوا بەو ڕاستییە سادەیە بێنین
کە نەمری شتێک نییە
جگە لەو چرکەساتانەی تێیاندا
دڵمان بەختەوەری لێدەڕژێ!

# حەزێن من ل سەر ناڤێ تە ژ پیرۆزییا پەیڤان بوون

خالد عەلی سلێڤانی
(سمێل)



ئەز د دەرگەهێن پەیڤێن تە دە مامە بێدەنگ
دەم ژ من ڕەڤی.. هوینە با دگرنژی
مینا هەسپەکی کحێل بێهنا نێرگزا ل ناڤ هەناسەیێن خوە
ژ ناخا گەلیێ کویر هەلدگرت..
دچاڤێن تە دە مێرگەهەکە رۆژ ژێ دهەلت
دەستێن تە دوو ستێرن ل سەر ملێن من
ئەڤجا دناڤ برینێن من دە نقوم بە، هەمبێزا روحا من بکە
من ڤێبدە و لێڤین خوە بدەڤێ من دەکە.. و حەز ژ من بکە
هەتا حەز ژێکرن دبژکت، بژکینا ئەڤینێ لافاوە
ببە هلما من.. هێزکا من.. خەونا من
بڕیارا وەغەرێ دناڤ خوینبەرێن من دە بکە..
ئەی لاندکا بێگونەهیێ و ئاوازا ناوازەیا تێر باران
ئەی کێش و سەروەییا هەلبەستان.
پیچەک روحا من یا د ناخێ تە دە
ئەڤجا من د وێ پیچەکێ دە ئاکنجی بکە.
ئەی سرۆدا بهارێ.. حەزێن من ل سەر تاکێن دەنگێ تە سەمایێ دکن
هەمی وەرزان د چاڤێن من دە کۆم دکت پاشەرۆژەک
گولدای خویا دکت.
هێشتا نەرمییا خوە دگۆهێن من دە دەرڤالا بکە
حەزێن من بئازرینە بەلکو دلێ من روونشتنا ل سەر ستریان ب داوی بینت.
چاڤێن شەڤێ پیربوون و ئەز هشیارم ل سەر موژیلانکێن چاڤەرێبوونێ
د ناڤبەرا بیرهاتن و برینەکا بخوینا من مەرد چرکێن دەمژمێرا دهاژۆم.
تێلێن سازێن تێهنی نە، ب دەنگێ خوە ئاڤبدە.

خەمێن من د هەمبێزا تە دە دگرنژن.. گول دبێهنژن..
ژ کەیفا سومبول دهەژن.
من نەبینە دەستەک لەرزۆک و دشێتەک تابویتا خوە
هەلدگرت!!
هێشتا من ل بیرە ئەو ماچا من یا کەتی بەری ئەز ل سەر
لێڤێن
تە بنەقشینم.
من نەکە پەنابەر د دەڤێ بەرزەبوونێ دە و گەمییەک بێ
گەمیڤان.
گرنژینێن بیژن و هزرێن سەقەت و کەربێن سەد قەت
دلی بژالە دکن.
بالیفکێ ب هشیاربوونێ کلدای و ئۆمێدێن خوە
خەندقاندی بزاڤا ڤالە دکن
خەونان سەرخوەش بکە.. تێوەردانا لێڤا بکە.
تە شاش کرن د لەشێ من دە هەمی شان.
سێکا باژێری یا ب رەونەقا تە ڤە مای گرێدای.!!
لەو جاڤێن من دەمێ تو دئێ ل پێش یا تە دبن شفان.
تو کانیکی و ئەز تێهنم و بایێ هوینی و ئەز بێهنم.
ئەز یێ فێربوویم هونەرێ ماچان!!
ئەز نەشێم سێبەرا تە ژ جەگەرا خوە ڤەکم.!
بیرهاتنێن تە مێرگەهن د چاڤێن ژبیرکرنێ دە
و ژبیرکرنا تە بەری بوونا تە دپەرستگەها هزرێن من دە مر.
کێ تو د وێنەیێن من دە ب هێما کری؟
نە تو ئێزیک دبی کو من ژ من رزگار بکی
و نە ئەز دبم بێهنڤەدانا خەونان
لێ جارا ئەز پێ دحەسم تو یا ژ لێڤێن من دزێی
ئەی هزر دزێ..
ئەز ناهێلم مینا جارا تو دەست بکی وەرسیێ وەغەرێ
ئەز دێ تە د خوینا خوە دە کۆلم و ب دویراتیا ماچەک مز
یان دێ تە ژ دەرڤەی جەربەزەیێن خوە هێلم
ئەگەر ئەز جارەکا دن بووم!!

# تەقینەوەی پاییز

**ئیسماعیل خۆیی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

لەبەر تەقینەوەی پاییز ڕاوەستاوم
لەبەر تەقینەوەی پاییز
دەڵێی قەرەجانی گەڵا
جەژنی کۆچیان ڕێخستووە:
لەم ئاسۆوە بۆ ئەو ئاسۆ
دار کفارەی ئاورە خۆشە هەڵدەدەن و
لە ڕووی خاکی
دەپرژێنن.
لە ژاوەژاوی ئاوسی بێ دەنگیشدا
شادە قەقنەسی ڕەنگ و بۆن،
لە نێو باوەشی سارد و کەهووی فەزادا،
پەڕوپۆ هەڵدەوەرێنن:
«هەمیسان دەگەڕێمەوە،»
گۆرانییە لەسەر لێوی
هەمیسان دەگەڕێتەوە
سوور دەزانێ
گەڵا مەرگیش دەبەزێنێ
لەبەر تەقینەوەی پاییز ڕاوەستاوم
لە درگانەی نەمان و ماڵوێرانیدا
چاوم عەتری ئەو ڕەنگە بێ دەمۆیانەی لێ نیشتووە؛
ئاسۆ وێرانەکانیشم
بە بۆنی هەرچی ژاکانە و میهرەبانی
ڕازاوەیە،
ڕەنگی عەتر لە عەترەنگیدا دەبینم
هێندەش سووکم،
دەڵێی لە تیشک و فڕینم
لەرەی ئاوریشمی شنە و
نەرمە نازی هەوا لەسەر باڵی قومری و
پەپوولە قورسایی دەکا.



بەڵێ ئاوام
گەر شەهیدان و پاکان و خوا و عارفان زانیبایان
زانیبایان
بوونێک هەبێ
بەڵێ ئەگەر بوونێک هەبێ
بوون ئەمەیە
لە تەقینەوەی پاییزدا
دەزانم مەرگ دەبەزێ
لە تەقینەوەی پاییزدا
بە زانستێکی زوڵاڵتر لە هەتاو
دەخوێنمەوە
کە مەرگ کۆتایی نییە
چونکە دەنکە تۆوی خەوتوو
– دەزانم – جارێکی تریش
لەنێو دارەتەرمی خاکا
دیسان چەکەرەی پشکووتن
دەدا بە بێشکەی شنەبا؛
هەرچی ئاویشە لەو بەری مەرگە خەوی زستانەوە
شاد و شیرین دەژێتەوە.

لەبەر تەقینەوەی پاییز ڕاوەستابووم.
لەبەر تەقینەوەی پاییز
گەریانی دەروون و خوێنم
تیشک وەهای دەکاتەوە
دەماری خۆم هەر وەکو بلوور دەبینم.
لەبەر تەقینەوەی زمان ڕادەوەستم.
ڕاوەستاوم لەبەر تەقینەوەی زمان.
هەر ئەو ساتە دەبێتە ساتی دەسپێک و
دەبێتە ساتی نهێنی و
ئەبەد بۆ ئەزەل دەخوشێ.
دەروازەی سات دەکرێتەوە،
دەیکاتەوە و پێی زیاد دەبێ:
تا ڕۆژ
تا حەفتە
تا نەهاتوو.
تا ڕابردوو.

کۆتر ئاسا
لە ژوور سەرم باڵ لێ دەدەن.
هەزار و سەدە و مانگ و ساڵ
گەریانی خوێن و دەروونم
بە تیشک و نوور وەها گەورە دەبێتەوە
وەکو بلووری دەبینم.
لەبەر تەقینەوەی جیهان ڕاوەستاوم

[ئە
لە تەقینەوەی پاییز
تا
لە تەقینەوەی زەمان
تا
لەبەر تەقینەوەی جیهاندا ڕاوەستان چییە،
بە تەنیا چرکە ساتێکە
لە شیعرێکی درێژ یان کورت
لە دەرفەتێکی بە کورتی یان بە درێژایی بزەیەک،
یان هەناسەیەکی لەپڕ،
لەنێو ئاخەبزەی گریانی ئەو بەری تەنگژەی چەندو چۆنی
ژین؟
بەڵێ]

لەبەر تەقینەوەی جیهان ڕاوەستاوم
ئاسمانیش جوان و ساماڵ
خەرمانەیە لەسەرسەرم.
سات چرکە ساتێ دەسپێکە.
قەرەجانی گەڕ و بە تاڵووکەی ئێزەک
لە چرکە ساتا بەردەوام
بەردەوام لە چرکە ساتا
جەژنی کۆچیان ڕێخستووە.
لەم ئاسۆوە بۆ ئەو ئاسۆ داری کاکەشان کەفارەی ئاورە
خۆشە
هەڵدەدەن و
لە ڕووی دنیای دەپرژێنن.
لەبەر تەقینەوەی جیهان ڕاوەستاوم.
وەک خەرمانە لەسەر سەرمە و سات لە دوای سات
لێم نزیکتر
دەبێتەوە.
ئاسمانم بۆ بەرینتر دەکاتەوە و دەیکاتەوە.

ئەوە گەڵا نییە کە دادەوەرێ:
مەرگە مەرگ
کە ڕادەکا.
شاد و سەرخۆشترین خەمیشە
ئەستێرە لە خوێن و ناخم دەپرژێنن
شیعریش، تا هەم خۆشی دەوێم.

**لە هەنتەشی بادا**

**شەفیعی کەدکەنی**

وشەکانم دەشۆم لە جۆگەی بەیانا
کاتەکانم
لە ڕووناکایی بارانا
تاکو شیعرێکی ڕوونت بۆ بهۆنمەوە
بۆ ئەوەی بێ دڵە خورپە و
پێچوپەنا
لەبەردەمی شنەبادا
– ئەو ڕێڤینگەی دەشت و سارا –
پێت بڵێم کە خۆشم دەوێی
هەتاکو سنووری خولیا.

**سەفەر بەخێر**

– «وا بەتاڵووکە بەرەو کوێ؟
گوێنی پرسیی لە شنەی با.»
– «لێرە زۆر جاڕس و ماندووم،
ناتەوێ سەفەر بکەی تۆ،
لە تەپوتۆزی بیابان؟»
– «حەز دەکەم گەلێ بەڵام ئاخ
پێم شەتەک دراوە چ بکەم...
وا بەتاڵووکە بەرەو کوێ؟»
– سەرم هەڵگرتووە دەفڕم
جگە لەم کاولە هەرکوێ بێ بۆ سانەوە جێیەک.»
– «سەفەرت بەخێر!
مەحاڵە من و تۆ ببین بە هاوڕێ؟
کە دەرباز بووی لە ئەم قاقڕە سامناکە بەبێ مە
بەرە بۆ گوڵووک و باران و چرۆ
سڵاوی ئێمە؟»

**هەڵلاج**

دیسان دەرکەوت لە ئاوێنەدا:
هەوری کەزییەکەی بەبا شێواوە
هەمیسان هەر ئەو سروودە سوورەی
ئەنەلهەق لەسەر لێوی ڕوواوە.
ئەرێ تۆ چیت خوێند لەنوێژی ئەشقا؟!
کە ساڵەهایە
بەسەردارەوەی، بەڵام ئەم پیرە کشکچییانە
ترسی تەرمەکەت لە دڵیاندایە
ئەمڕۆ ناوەکەت بووەتە ڕەمزێک و
جوامێرانی دڵ بەسۆی نیشابوور
لەبن لێوەوە
کاتی سەرەخۆشی
– سەرخۆشی و ڕاستی –
گشت دەیڵێنەوە.
کاتێک تۆ بەسەر سێدارەکەوە
بێ دەنگ و کڕبووی،
ئێمە:
ئاپۆرەی سیسارکی ڕوانین،
لەگەڵ کێشکچی
کێشکچییانی بە سۆغرە گیراو
وەک یەک کڕ و کپ، ویشک هەڵاتین.
شنەی بەیانی
خۆڵەمێشی تۆی
بۆ هەر شوێنی برد،
پیاوێکی جوامێر لەو خاکە ڕسکا.
سروودی سووری تۆ دەڵێنەوە
مەستی نیوەشەو
لەنێو باخانی نیشابوور هێشتا.

لەسەر لێوانە ناوەکەت هێشتا.

**پرسیار**

ئاسمانم گەلێ جاران
لە ئێستاکە لێڵتر دیوە
بەڵام پێم بڵێ ئەی گەڵا!
ئەم هەورە تاڵەی دەم ئاسۆ

کەوا دڵپڕە و بارانی
پەڵەی خەمی کامە هاوڕێی دیلە ئاخۆ؟

**باخی میرا**

پاییزێکی دڵ پڕ لە خەم لە خوێنی تۆدا دەخوێنێ
هەنگاوێکت لێ نزیکە و هەنگاوێ دوور
هێور هێور لەگەڵتا دێ
ڕۆژێک تەواوی باخەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی
ئەی ڕووناکی دەری چرای مێلاقەی ڕێبازی شەماڵ!
تۆ پێم ناڵێی
ئەو ئاسکە شۆخوشەنگانەت
ئاوا سڵۆک
بەرەو چ کانیاوێک دەڕۆن؟
ئاخ!
بارانە شەوەکانت چەند بەسامن
بارانە شەوەکانت چەند بێ کەنارن
بارانە شەوەکانت لێوڕێژن لە دڕدۆنگی و داخ و خەفەت.
تەنیا من و تەنیایی باخێک دەزانین
کە جێ ڕسکانی ئاوازی هۆزاران بوو،
بەڵام ئێستا
ئاوازخوێنەکەی بێ دەنگە و
خەملێنەری،
خوێناوی خەزەڵی پاییز.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (صدای شعر امروز گزینش بهمن مە آبادی و احد منطقی تبریزی چاپ دوم تابستان ۱۳٦۸ چاپ مهارت انتشارات تلاش).**



# بەرد

**بۆ هەموو ئەو ژنانەی بێ بەزەییانە هەناسەیان لێ بڕین**

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵەندا)**

کاتێ چاوم کردەوە، بینیم، هەموو کەسەکانم ڕەشپۆشن، تازە لە دنیا تێدەگەیشتم، تەماشای چاوەکانی مریەمم کرد، ڕەش وەکو جلەکەی بەری، دەستەکانی پەڕۆیەکی تاریک و ڕوخساریشی ڕەش داپۆشیبوو، ڕێک لە وێنەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی پشت سەری باوکم دەچوو، هەمووان بە ڕیز جل و کەوا و سوخمە و یەلەکی ڕەشیان پۆشیبوو، هەر هەموو دەستەکانیان خستبووە ژێر چەناگەو بە ئەسپایی دەگریان، هەموو دەرگاکانیان داخستبوو، هیچ دەرگایەک نەدەکرایەوە تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە دەیانزانی لە بنمیچی دەرگاکەوە ڕوخساریان دیاردەبێ، دوایین کەس کە هاتە ژوورەوە، باوکم بوو دەستی منی گرت و بردمیە دەرەوە و دوو دەنکە گوێزی دامێ و دەرگاکەی لەسەر داخستم، لە کونەکەوە چاوم لێبوو، لە نێوەڕاستیان وەستابوو ئەمبەر پیاوان و ئەوبەر ژنان دانیشتن و دەستیان بە دووڕینی کفنێک کرد، کفنەکان ڕەنگیان ڕەش بوو، بەباڵایان گرت، دوای هەر سێ دورمانێ پەراوەیان پێ دەگرت، جار جار درزی دەرگاکە بە پشتی پیاوان دیمەنەکەی لەبەرچاوم دەشاردەوە، کەس بە ئەندازەی من ئەو ئێوارەیە ئارەزووی نەبوو، ئەو دیمەنە بە کاملی ببینێ، بێزاری دایدەگرتم، نەمدەزانی بە تەواوی چی لە ژوورەوە ڕوودەدا، ئەوەندەم دەبینی ئەو ژنەی هەموو ڕۆژێ باوەشی پێدا دەکردم و لە نێو فەقیانەکەی نوقلانەی دەدامێ کە تامەکانیان سێ ڕۆژ لە دەمم دەمانەوە، لە نێوەندیان پەراوەو بە باڵای ئەودا کفنەکەی دەگرت، دڵم خۆش بوو کە ئەو کفنە بۆ ئەوەو کاتێ ئەو دەستی دەکەوێ بە شی منیش دەدا، ئەو دیمەنە منی سەرسام کرد، نەمدەزانی ئەو ئێوارەیە پلانی چی لە ئارادایە.

تا ئەو ساتەی بینیم پیاوە ڕەشتاڵەکە و ئەوانەشی لە حەوشەکەدا بەدەوری یەکتری کۆبووبنەوە، دەستیان خستە بینەقاقای و وەک ئاسکێ لە بندەستی شێر زۆر بە ئاسانی خۆی بەدەستەوەدا، پەنجە و قاچە باریکەکانی لەگەڵ ئابڵوقەی پیاوەکاندا زیاتر شل دەبوو، ژنانی دەورەشی تا دەهات زێدەتر بەسنگی خۆیاندا دەکێشا، بەڵام کەسم نەبینی بگری، تا زێدەتر ئابڵوقەکە ون دەبوو، چاوەکانی زێدەتر ڕووی دەکردە درزی دەرگاکە، تا لەپڕ چاوی لەنێو

چاوم نا و تیشکێکم بینی وەک خەونم بۆ بگێڕێتەوە ئاوەها لە نێو دەرگاکە لەگەڵ شلبوونی ئەودا منیش شل بووم، شلبوونی دەرگاکان کردنەوەی ئەو زنجیرانە بوو کە لە ملم بوون، دەمتوانی ئەو کاتە شتێک بم بۆ کرانەوە و دەشمتوانی دەرگایەک بم بۆ داخران و سەرێک بم بە رووی نهێنییەکانی ئەوشلبوونە، دیسان کفنە رەشەکە بە باڵای گیرا، تا زیاتر لە دیمەنەکە ورد دەبۆوە، زیاتر لە نێو ئەو تابلۆیەدا نقووم دەبوو، کەس نەبوو بە ئەندازەی ئەو هاوڕێیەی لەژێر کاریگەری ئەو کوشتنانەدا بێت کە هەموو رۆژێ بە بەرچاویدا روویان دەدا، تەماشایەکی تابلۆکەی هەمینی کرد، ژنێک لە نێو بەرددا نقووم بووە، ئەمە دیمەنێک بوو بۆ ئەو تازە نەبوو، لە مێژەوە لەگەڵیدا راهاتبوو، کەس بە ئەندازەی ئەو لەو دیمەنە نەدەگەیشت، بەرد و ئافرەت، تۆ بڵێی ئەمە پێوەندییەکی سروشتی نێوان ئافرەت و سیفەتەکانی ژن بێ، خۆ دەڵێن لە پەراسوو دروست بووە، پەراسووش بەشێکە لەو شتە رەقەی تا رادەیەک وەک شێوە و هێزیش لە بەرد دەچێ، بەرد، توانای ژن لە بەرگەگرتنی ئازاردا لە توانای بەرد دەچێ، منداڵ بوون، جەرگ سووتان دوو ئازارن تەنیا جەستە و دڵی بەهێزی وەک بەرد بەرگەیان دەگرێ، هەر وێنەکەی غازی(*) نا، بگرە ئەو لە ئایینەکانیشدا بەرد و ئافرەت پێکەوە دەبینێ، سەنگسارکردن، خۆ هی سەردەمێکی کۆنە، بەڵام دیمەنەکان ئەوەندە سەرنجراکێش نەبوون، بە ئەندازەی ئەو نووسراوەی لەسەر کفنەکە نووسرابوو، مەرگێکی سەنگئاسا لە سایەی ژیانێکی پڕ چەرمەسەریدا، ئەو ساتە بۆ یەکەمین جار لە مانای بەرد گەیشتم کاتێ ئێواران دەروێشەکە دەهاتە بەردەرگاو بە نزا و دوعا و زیکرەوە دوو بەردی لە نێو توورەگەیەک دەردەهێناو قووتی دەدا، چاوەکانی من و منداڵانی هاوتەمەنم دەپەڕینە تەوقی سەرمان و خێرا بە هەڵەداوان لە دایکمان دەپاڕاینەوە تا سەدەقەیەک و خێرێ بەو شێخە مەزنە بکات کە بێ چاونووقاندن چەند بەردێکی لووش دا، ئەو شەوە تا بەیانی بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو بەردانە لە گەدەدا دەتوێنەوە، بۆ دووەم جار لەبەردەم دەرگای قوتابخانەکەمان ئەو منداڵانەم بینی بەردیان بۆ نێو حەوزی ماسی کۆدەکردەوە، ئەوبەردانەی زیاتر لە هەموان سەرنجیان راکێشام، ئەو بەردە سەیرانە بوون وەک شێوەی ماسی بە دیواری ماڵەکانەوەیان دەنووساند، لەهەموو شوێنێکدا بەرد چواردەوری دابووم، لە نێو حەوشەی ماڵ و لە ژووری نووستن و دەرەوە و قوتابخانە و تەنانەت لەو شوێنانەشی کە رام دەکرد، تاقە شتێکیش کە رێگربوو لەبەردەم هەنگاوەکانمدا بەردبوو، کاتێک ماڵەکەم بەر لافاو کەوت تەنیا کاغەز و بەردم بۆ مایەوە، کەس بە ئەندازەی ئێواران منی لەبەردەم ئەو زیخانەدا رانەدەوەستاند کە بەبەردەمی چەم و جۆگەلەکانی رادەبووربن.

بەردەکانی پاڵ ئاوی رۆخانە باسی تابلۆکەی هەمینیان بۆ دەکردم، لەهەموو پێدەشتێکی رۆخانەدا سەدان بەردی مەزن مەزن و ئاسنین و رەنگاورەنگ کەڵەکە کرابوون، لەسەرووشیانەوە دوو لق درەخت و پەڕۆیەک هەڵواسرابوو، هەریەکەیان ناوێکی هەبوو، لەهەموو ئەو تووڵە رێگایانەی نێوان گوندەکان مروڤ لەگەڵ بەردا دەبووە هەڤاڵ و بۆ مەبەست و حەزەکانی لە بەرد دەپاڕایەوە. هیچ بەردێک لای ئەم سڵ کردنەوەی دروست نەدەکرد تەنیا ئەوانەی لەسەر گۆڕەکان کۆدەکرانەوە،نەیدەوێرا بەریان بکەوێ، هەر زوو ئەو قسەیەی بیردەکەوتەوە ئەوەی بەر بەردی سەر گۆڕ بکەوێ تەمەنی کورت دەبێ، لە نێو ژوورەکەیدا ۱۷ شێوە بەردی کۆکردبۆوە، لاکێشە، چوارگۆشە، بازنەیی، قۆقزی، شەش لا، هەشت لا، درێژو باریک و نووک تیژ و کوول و پان و هێلکەیی و لوولەیی و دەرزیئاسا و شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤ و سێو و هەرمێ. رەنگەکانیان هەموو شێوەیەک بوون سپی و سوور و قاوەیی و رەش و سەوز و خاکی و خۆڵەمێشی، هەر رەنگە و لە دەربەنێکدا کۆکرابۆوە. کەس بە ئەندازەی ئەم لە کۆکردنەوەی ئەو بەردانەدا ماندوێتی نەدەچەشت، وێنەکان بە ئەندازەی یەکتری جوان بوون، ئەو هەر لە سەرەتای مەلەکردنیدا لە نێو رووبارەکاندا ئاشقی بەرد ببوو، هەموو شتێک بە بەرد پاک دەکرایەوە، لەش، ئاو، زەوی و جۆگەلەکان، ئەو سنوورانەشی دروست دەکران، هەر زوو بە بەردەکان دەسڕانەوە، هەموو رۆژێکیش کە بە کەناری لادێکاندا تێپەڕدەبووین، ئەو بەردانەمان دەبینییەوە کە چاوەکانمانیان دەناسییەوە، بۆ هەر مەسەلەیەک بەردێکمان هەبوو، بۆ شوێنی میوە بەتامەکان، بۆ رەزی پڕ ترێ و هەڵووژەی گەییو، کانییە کز و دەرگا داخراوەکان، بۆ هەر نهێنییەک بەردێک و بۆ هەر رێنیشاندەرێ بەردێ، بۆ راوەدوونانی سەگیش بەردی تایبەت هەبوو، خۆشەویستیم بۆ بەرد بێ ئەندازە بوو، تا

ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار بەسەر بەردێکدا سەرسمم داو پەنجەیەکم بۆ هەمیشەیی بوو بە نیشانەی کەمبوودییەکان.

ئێستاش ئەوەتا لە پشتەوەی ئەم دەرگایە دەڕوانمە ئەوان هەر هەموویان بەردێکیان لەناو باخەڵیان ناوە و لە ئاستی یەکدا ڕیزبوون و بەردەکان لە بەرانبەر ناوچەوانیان دادەنێن و بێ ئەوەش نوێژەکانیان قبووڵ نابێ، هەموو جارێ لە باپیرم دەمبیست یەکەمین دوژمنی خوا بەردە، لەبەرئەوەی بەرد بەو بەراورد کرا، هەر ئیمامی عەلیش بوو بە پاسەوانەکانی وت هیچ بەردێ بە دەوری مەکەدا مەهێڵن، بۆیە بیابانێک بە دەوری مەکەدا دروست بوو، پاشان کە کوژرا خوێنەکەی نەڕژایە سەر بەرد ڕژایە سەر لم هیچ گەڵایەک نەیخواردەوە، باپیرم بەردەوام تەماشای ئەو منداڵانەی دەکرد کە بەردیان دەگرتە چۆلەکە، تەنیا نیگایەکی بۆ ئەوان بەس بوو تا هەتایە واز لە بەرد بێنن، لە پشتەوەی دەرگاکەوە بینیم دەستی خستووەتە ژێر چەناگەی و بە فەقیانەکەی ئەو فرمێسکانەی خۆی دەسڕیەوە، ژنەکانی دەوروبەریشی بە کوڵێ خەمەوە جلەکانیان لەبەر داکەند و ئەو کفنە سپییەیان لەبەرکرد و بە لاوانەوەیەکی سەیر، بردیان بەرەو پیری پیاوەکان و لە دەرگاکەدا نقوومیان کرد، هەریەکە سێ بەردیان دایە دەستی و لەبەردەمیان وەستان، سێ پیاو هاتنە بەردەمی و تەماشایەکی قووڵیان کرد، وەک ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەن، دوو پارچە پەڕۆی سپییان کردە سەر شانی، دایکی تەماشای دەکرد، باوکی فرمێسکەکانی دەسڕیەوە، منیش لە درزی دەرگاکەوە چاوم بڕیبووە ئەوان، چەند حەزم دەکرد بڕێک لەو بەردە جوانەی نێو لەپی ئەو دەستە بوومایە. لە درزەکەوە ئاوڕێکی دایەوە چاوەکانی منی بینی، دڵم دەیویست لە نزیکەوە باوەشێک بە چەمکی کراسەکەیدا بکا، نسرمێک لە دەروونمەوە ئەو پارچە دڵانەی ورد ورد دەکرد کە منی لەو نزیک دەکردەوە، خۆم پێ نەگیرا درزەکەم گەورەتر کردەوە، ئاگام لە کات نەبوو، دەرگاکان وەک دوو چەمکی دڵێک کرانەوە و منیان لەو نزیک کردەوە، لەو کاتەشدا نە خۆم بینی نە ئەو، ئەوەی بینیم تیشکێک بوو تەنیا من و ئەوی تێدا کۆدەبووەوە، ڕۆیشتین و لەدەرگاکەوە هاتینە دەرێ، چواردەورمان چیایەک بەرد بوو، بە دوامانەوە بوون بە نێو چەمەکاندا شۆڕبووینەوە هەرەسی تاوێرەکان وەک ئەسپەشێ پێی هەڵگرتین و لە دوورترین سنوور نزیکی کردینەوە، هەردووکمان لە پاڵ کانیاوێکی گەرمدا دانیشتین بە ئاوی گەرم تینوێتیمان شکاند، نە ئەو هیچی وت و نە منیش هیچ، چاومان بڕیبە ئەو دەنکە بەردانەی لە نێو لەپی دەستەکانیدا بوون، بەردەکانی بەدەوری یەکتردا داناو وێنەیەکی سەیری لێ دروست کردن، وێنەیەک تا بڵێی سەیر، لە پاڵ کانیاوەکە بەجێی هێشت، منیش لەپاڵ ئەو وێنەیەدا خەو بردمییەوە کاتێ چاوەکانم کردەوە دوو دەست پرچەکانمیان شانە دەکرد، لە لێوەکانی نزیک بوومەوە دەستم خستە سەر دڵم و چاوەکانم چوونەوە خەو، پاش چرکەیەک لە بێ دەنگی خۆم لەبەر دەرگاکە بینیوە، دوو چاوی کز دیمەنەکان بە ئەسپایی دەبینێ، خۆم پێ نەگیرا، لە نێوەندی دەرگا داخراوەکان چاوم بە چاوی خۆشەویستی ئەو لێوانە کەوت، کە دەمێک بوو دەیانویست لێوم بمژن، ئەوەندە بێ دەنگ بووم تا لە بێ دەنگیدا هەراسان بووم، هەراسان، ڕوحم وەک چۆلەکەیەکی ماندوو نەیویست چیتر ئەو دەستانە ببینێ، نەیویست ئەو ڕۆخانە بڕووخێنێ کە جێ پەنجەی دەستی منیان تێدایە، نەیویست ئەو دەستانە داخات کە پڕن لە بەرد، دواجار کە بەجێی هێشتم، لە بۆ ساتێ لە پاڵمدا ڕاکشا، نەمن دەستم بەر دەستی ئەو کەوت نە ئەویش جووڵەیەک لە لەشیەوە هات، وەک مارێکی سڕ هەردووکمان چیرۆکی ئەو کانیاوەمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە کە دەمێک بوو،بە ئەسپایی ئاویان لێ دەتکا، دەستی بۆ دەرگاکە درێژ کرد، تێگەیشتم کە ئەو ماچە دوور دەکێشێ. مقەستێکی دامێ و بڕێک لە قژەکەی بۆ بڕیم و منیش بە ئەسپایی لێم وەرگرت و خستمە نێو دوو توێی نوێترین کتێبەوە، بە ئەسپایی دامنا تا تاڵەکانی ون نەبن، تاڵەکانی وەک چاوی من و ئەو دەرگایانەی کە داخرابوون، وەک من و ئەو لەپاڵ یەکتریدا ڕاکشابوون، چەند جارێک ژماردمن ٣٢٣ تاڵ بوون، بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی کە ئەویان لە نێو ژوورە تاک و تەنیایەکەدا دەستبەسەر کردبوو، ئەو ڕۆژانەی نە من ئەوم دەبینی نە ئەویش لەبەردەممدا بە دەستەکانی پرچی شانە دەکرد، نەک ئەمەش هەموو بەیانییەک دەستی دەهێناو دەیخستە سەر شانم تا بڕێک لەو ترێیانە لە چاویدا هەڵخات کە دەمێکە وەک چاوی من و ئەو دەیانەوێ بگەن، دەستمان نایە نێو دەستی یەکتری و بە نێو ئەو خێڵانە شۆڕبووینەوە کە بەختیان بۆ دەخوێندەوە، دەستی منیان گرت و

خستیانە نێو دەستیان و دەستەکانی تریان خستە ژێرچەناگەوە و خەریکی خوێندنەوەی بەسەرهاتی من و ئەو بوون، من لە قوولّی خۆشەویستیدا تەنیا ئەو دەنگانەم دەبیست باسی پێکەوەبوونیان دەگێرایەوە،تەنیا ئەوە نەبێ گوێم لە دەنگی پێ و ئەو هەنگاوانە بوو کە ئەو دەیهاویشت، ئەو هەنگاوانەی باسی تەنیایی و هەمیشەییان بۆ دەکردم، کاتێ بۆ دواجار لەبەر ژنە رەشپۆشەکە راوەستاین، دەستی ئەوی خستە نێو برێک لم و هی منیشی لە نێو برێک ئاو نا، بەختی هەردووکمانی خوێندەوە، بە بەختی من بزەیەکی کرد و هی ئەویش شانێکی هەڵتەکاند، کەس لێی نەگەیشت تەنیا ئەو نەبێ، پێی وتم:

– ئەم جارەیان سەفەرێکی دوورودرێژە!!!

ئەو وشەیە بەس بوو، تا چەند رۆژێ وەک جۆگەلەیەکی بەستوو، ورتە لە یەکتری ببڕین و چاوەڕوانی ئەو دابڕانە بین، کە ئەمڕۆ لەو ژوورەوە وەک باران دادەکاتە سەرم و هەور هەموو رۆژێ ئاسەواری ئەو ساتانەم بۆ دەگێڕێتەوە کە گەردەلوولەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، هیچم نەوت، تەنیا ئەوەندە نەبێ چەقۆیەکی کولم لەسەر پێستێکی بێ فەروو داناو ئەو شەوە تا بەیانی لەبەرانبەر ئەستێرەکان شەونخونیم چەشت، نەمدەزانی ئەو دابڕانە چییە، بەڵام تێگەیشت ساتێک دێت و ڕوو دەدا، کەی؟ چاوەکانم منیان لە نێو خۆیاندا نقووم کرد، ئەوە دوا خوێندنەوە بوو، خوێندنەوەی بەجێ هێشتن بوو، لەو دەشتە تەنیایەدا لەو جێگایانەی هەموو شتەکان بەرەو ناخ دەڕۆن، ئەوەتا ئێستا بۆ دواجار گوێم لە هەناسەی دەبێ، ئەگەر باڵی هەبووایە من و ئەوانەشی بەجێ دەهێشت کە لە من دەچن، ئەوەتا ئێستا بەسەر دەستە نەرمەکاندا دەفرێ و لە دەشتێکی وشکدا لەشەقەی باڵ دەدا، لەو دەشتەی کە تەنیا لە رەنگی ئافرەتەکاندا رەنگاورەنگە، بۆ دواجار گوێم لە ترپەی پێ و نەرمی لێوەکانی بوو، لەو ژوورەدا دەستەکانی بەلادا هاتووە، ساتەکانی دەرچوونی هەناسەی ئەو ساتانە بوو دەستی خستە نێو دڵم و هەموو ئەو رقانەی دەرهێنا کە لە جەستەی پیاوەتیمدا کۆبووەتەوە، ئەو ساتەی مل و روحی خۆی تەسلیمی پیاو کرد، من رقم لە خۆم بووەوە، هاورێکانم سەیر سەیر تەماشایان دەکردم، منیش بەو هەستەوە سەرم خستە سەر سەرین و دەستەکانم وەک یادەوەرییەک لە باخەڵی خۆم نا و تەماشای باڵای وەستاوی ئەوم کرد کە لە نێو ئەو زەوییەدا جێگای نەدەبووەوە، کە من و ئەوانەی وەک من بەسەریدا رۆیشتووین، دەیویست لەو زەوییەدا بنوێ کە پیاوەکان بەجێیان هێشتووە، لە هەر شوێنێک گەڕا نەیدۆزییەوە. دواجار خۆی بە لقی دار هەرمێیەکەوە هەڵواسی، کەس نەیدەبینی تەنیا من نەبێ.

بۆ ساتێک درزەکەم داخست و سبەی پاش ئەوەی گڤەی با و خوڕەی رووبار و دەنگی سەگوەڕەکان کز بوو، دەنگی نێر کەس نەیدەبیست، هەستام و رووم کردە پێدەشتێک لە وشکاییەکی سەیرو سەمەرەدا وێنەیەکم بینی بەرامبەرم هات و دەستی خستە سەر دڵم و پێی وتم:

– دوام کەوە!

گەیشتینە لای ئەو کانیاوەی کە دواجار لەوێ یەکتریمان بەجێ هێشت، بەردەکان و وێنە بەردینەکان لە شوێن خۆیان مابوون، دەستی برد و هەڵیگرت و دایە دەست و پێی وتم:


– بەردبارانم بکە!

سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد و هیچم بۆ نەکرا ئەوە نەبێ بە ئەژنۆدا هاتم و دەستەکانم لەسەر سنگم دانا و روانیمە باڵای لە پێش هەتاوەوە وەستابوو، سەرتاپای گۆرانییەکی سوور بوو، نەمتوانی روخساری بناسمەوە، لە ئاست روخساریدا بەردەکان لە دەستم کەوتنە خوارەوە، پشتی تێکردم و رۆیشت، بەڵام گوێم لێ بوو، دەنگێکی کز:

– تەنیا تۆ ماوی، تەنیا تۆ بەردت نەهاویشتووە، بیوەشێنە، بیوەشێنە، بیوەشێنە، بیوەشێنە..........

هەتا چاوەکانم بینی ئەو دەنگانە لە ناخمدا دەزرنگانەوە، کاتێ کپی سەرتاپای داگرت، بەردەکان وردە وردە لە نێو کانیاوەکە ون بوون، چاوەکانی منیش پڕ بوون لە فرمێسک، دڵۆپەکانی رژانە نێو کانیاوەکەوە.

**(*) لێرەدا مەبەست تابلۆیەکی هونەرمەندی کۆچ کردوو (غازی محەمەد)ە، بە ناوونیشانی (هەمین).**



# وێنەکانی خولی ڕاهێنانەکە

**نەجیبە ئەبووبەکر**

تۆ بڵێی وێنەکانی تەواو کردبێ؟ دوو ڕۆژی تر خولەکەم دەست پێدەکەم. بەبێ ئەو وێنانە خولەکە سەرکەوتوو نابێ. تا ئێستاش بۆم ڕوون نییە بۆ وازی لە وێنەکێشان هێنا.. خۆ من نزیکترین هاوڕێیم. باوەڕناکەم کەس هێندەی من دەربارەی ناخ و ژیانی بزانێ.. دەمزانی سەردەمانێک کە هێڵی بەسەر کاغەزە سپیەکاندا دەکێشا هەستی دەکرد هێڵ بەسەر زەمانێکدا دەکێشێ دوورەدەست، هەستی دەکرد هێڵەکان تیشکی هەڵقوڵاوی ناخی خۆین لەناو ئەشکەوتە تاریکەکەی ڕوحییەوە وەک برووسکە شاخ و دیوارەکان شەق دەکەن، دەستی بە فڵچکەیەوە دەگرت وەک ئەوەی لەناو جەنگەڵەوە دەستی بە ئەستێرەوە گرتبێ، وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵدا بووبێ و هەورەتریشقە وەئاگای هێنابێ، لەناو گۆڕستاندا ژیانی دۆزیبێتەوە، لەناو تۆڕی ڕاوچییەکدا بێ و ڕوحی لە ئازادی گیر بووبێ، لە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو ئەو دۆزەخەدا پەپوولەیەک ڕێی لێگرتبێ و بیەوێ ڕێگای گوڵزاری نیشان بدات، لەناو مۆتەکە پڕ لە ترسەکانییەوە بەهەردوو دەستی پاڵی بە تاشەبەردی سەر ڕێگای ڕزگاربوونەوە نابێ و ڕووناکی لێدەرکەوتبێ، هێڵەکانی دەکێشاو ئارامییەکی قووڵ لە سیمایەوە دیاربوو. دەستم بەسەر شانییەوە دەگرت، تەماشای نێو چاوەکانیم دەکرد و سەری هاندانم بۆی دەلەقاند.. هەستم دەکرد ئێمە وەک دوو هاوڕێ ئازارەکانمان لە بناغەی بناغەوە هاوبەشن، دەستێک دەستکاری شیرازەی ئەو ئازارانەی کردووە و بە چەشنێک تێکی ئاڵۆسکاندوون کە نەتوانین سەرەداوی هیچ ئازارێک بدۆزینەوە و گرێکان بکەینەوە..

– بەڕاستی وێنەکانت جوانن! من دڵنیام لە وێنەکێشاندا زۆر گەشە دەکەیت.

ئەو سەیری وێنەکانی دەکرد و بەسەرنجێک سەدان ساڵ چاوەڕوانی پیری کردبێ، لە وێنەکان ڕادەماو تێڕامانێکی قووڵ دەیبردەوە. نەمدەزانی بیر لە تابلۆکان دەکاتەوە، یان لە ژیانی.. دەنگێک لەو دیو تێڕامانەکانییەوە دەیگوت:

– ئێستا هەست بە ئارامترین ساتەکانی وجوود دەکەم.. لەناو هەزاران هەزار وێنەی کۆپی کراودا وێنە ئەسڵییەکەی خۆم دۆزییەوە.. من کە لە تینوویەتیدا گیانم دەدا و لە نزیکبوونەوەی دەریا دەترسام، ئێستا بەسەر شەپۆلەکاندا ڕێ دەکەم و بەرەو مەنزڵگایەکی دوور دەپەڕمەوە.. پێش ئەوەی دەست بە وێنە کێشان بکەم جۆرێکی تربووم.. لەگەڵ مۆتەکەیەکی بێ کۆتاییدا ژیانم دەگوزەراند. کەس نەیدەزانی شەوانە بەدەست ئەو مۆتەکەیەوە چەندە ئازار دەکێشم.. من هەر لە منداڵیمەوە شەوانە مۆتەکەی ناخۆش دەبینم.. دێوێکی زەبەلاح، ئەو دێوە چڵ دەرپێییەی کە داپیرەم لە حیکایەتەکانیدا باسی دەکرد، لە جیاتی کچە شازادە منی دەدزی.. لە بناری چیایەکی سەخت و هەزار بەهەزاردا دەیبەستامەوە.. نە کوڕە پاشاو نەخەڵکی مەملەکەتیش بۆ هەوڵی ڕزگارکردنم نەدەهاتن.. تا گەورەتر دەبووم مۆتەکەکانم گریانێکی قووڵتر و هاوارێکی بەرزتر و ترسێکی شاراوەتریان لەخۆ دەگرت. تەنیا خۆشییەک لەو مۆتەکانەدا ئەوەبوو بەدزییەوە نەدەگریام، ئەگەرچی دەنگم دەرنەدەهات.. کەس گوێی لێم نەدەبوو.. دەمەویست ڕاکەم، لاقەکانم ناپاکییان لێدەکردم..

ئەو هەر لەناو تێڕامانەکانی خۆیدا زیاتر ڕوودەچوو، منیش یەکە یەکە سەیری وێنەکانی بەردەستیم دەکرد، پێشتر دەمزانی وێنەی زۆر جوان دەکێشێ، بۆیە بۆ بەرنامەی کەسانی خاوەند پێداویستی تایبەت کە من سەرپەرشتیم دەکرد، داوام لێ کرد چەند وێنەیەکم بۆ بکێشێ. ئەو داواکەی ڕەت کردمەوە و وتی:

– ناتوانم هیچ وێنەیەک بکێشم، ئێستا زۆر ڕقم لە وێنەکێشانە..

بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ ئەو وێنەکان بکێشێ.. هەر دەبێ ئەو وێنەی ئافرەتێکم بۆ بکێشێ کە لەسەر عارەبانەی کەم ئەندامییە و پێشانگایەکی کردۆتەوە و خەڵکی بە وێنەکانی سەرسامن.. وێنەی پیاوێک بە دارشەقەوە لە کتێبخانەیەکدا لە کتێب دەگەڕێ.. وێنەی منداڵێک قاچێکی مین پەڕاندوویە و لەناو پۆلدا وەڵامی پرسیارێکی مامۆستا دەداتەوە.. وێنەی پیرەمێردێک لەسەر عارەبانەی کەم ئەندامییەکەی تەختەیەکی داناوە و پاکەتی لەسەر دەفرۆشێ..


پاش هەوڵدانێکی زۆر بەدوودڵییەوە ڕازی بوو.

کەچی ئەم وێنانەی ئێستا ئەو کێشاونی جیاوازن.. ئەو وێنەی ژنێکی بۆ کێشاوم عارەبانەی کەم ئەندامییەکەی بۆتە ڕەشماڵێک و هەزاران چاو وەک مەدالیا پێوەی هەڵواسراون.. وێنەی پیاوێکی کێشاوە دارشەقەکانی ژێرباڵی ببوون بە باڵ و بەناو پۆلە باڵندەیەکدا دەفڕێ و هیچ باڵندەیەک پەسەندی ناکەن.. وێنەی منداڵێک لە نێوان هاوپۆلەکانی قوتابخانەدا پێکەنینی سەدان دەموچاو ببوونە تیر و بەرەو دڵی دەڕۆیشتن و لێی دەچەقین.. وێنەی کچێک لە ڕێگای قوتابخانەدا بەدارشەقەوە بەژێر باراندا دەڕواو چۆلەکەکان جانتاکەیان بۆ هەڵگرتووە.. پیرێک لەژێر ڕووناکی مۆمێکدا دەنووسێ و هێزێکی نادیار ڕەشەبایەک بەرەو مۆمەکە دەنێرێ.

زۆر مەراقم بوو بزانم بۆ وازی لە وێنەکێشان هێنا. دەمزانی ڕۆژانێک حەزێکی کوشندەی بۆ وێنەکێشان هەبوو، خۆی پێی وتم دەیەوێ وێنە بکێشێ تاکو سەرنجەکانی دوورتر ببینن. دەمزانی لەوەتەی هەیە هەر تاسەو حەسرەتی بۆ هەموو شتێک هەڵدەکێشا، دەمزانی وێنەکانی ناو مێشکی تووشی سەرگەردانییەکی ناکۆتایان دەکرد. چەندین جار دەستی دەگرتم و بەناو تابلۆ تەواونەکراوەکانی مێشکیدا گەشتی پێدەکردم.. لەناو جوانترین تابلۆی سروشتیدا وەک دوو باڵدار لەسەر بەرزترین چیا دەنیشتینەوە، لەسەر دوورگەیەک دەوەستاین لەهەر چوارلاوە دەریایەکی ناکۆتا ئابڵوقەی دەداین، هەر چواردەوری دوورگەکە پڕ لە گوڵی دەستکردبوو، بە حەسرەتەوە سەیری دەریامان دەکرد، دوودڵ بووین لەوەی بەرەو لای بڕۆین.

لەمن زیاتر بۆ هیچ کەس باسی نەکردبوون. تەنیا جارێک لای دایکی نەختێکی باس کردبوون دایکی پێی

وتبوو:
– ئەوانە وێنەی جنۆکەکانن، دەنگی ئەو شەیتانەیە وا لە دەوروپشتت ئالاوە..
– گەر وێنەکانم هی جنۆکە بن و دەنگەکەش دەنگی شەیتان بێ، ئەی وێنەی فریشتە و دەنگی خودا کامەیە؟
– کچم بەس سەری خۆت بەدیار ئەو ڕەسمۆکانەوە شۆڕبکەوە، ڕەسمۆکە بە کەڵکی کچ نایە.
ئەو کاتانە بۆی باس دەکردم چ تامەزرۆیی و جۆش و خرۆشێک لە ناخیدا بوو. چۆن گرەوی لە مانگ دەبردەوە.. چۆن لەناو وێنەکاندا دەبووە کچێکی سەرەڕۆ و شەیداییەک دوور دەیبرد.. لەو دوورەوە لەناو ژوورەکەیدا تەماشای پەیکەری خۆی دەکرد، پەیکەرێک لەسەرچاوەیەکی نادیارەوە ڕوح کەوتەبەری، دەجوولا. دەبوو بە خاڵقێک و دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا هەبوو.. بەفری بەسەر شاردا دەباراند و هەر کڵۆ بەفرێکیش لە شێوەی نیشانەی پرسیارێک دەبارین، دەستی بۆ ناو بیرە قووڵ و ناکۆتاکەی ناخی درێژ دەکرد و قوفڵی حەز و ئارەزووەکانی دەردێناو دڵنیابوو لەوەی کلیلەکەی بزرکردووە، بەبرووسکەی ڕەنگەکان دەیشکاند..
کەچی نەیتوانی وێنەکان تەواوبکات، نائومێدی بووبە میوانی هەمیشەیی دڵی.. کە لێم دەپرسی بۆ ئەو سەرنجەکانی لە زەوییەکە دەچەقاند و دەیگوت:
– نازانم چ تەلیسمێک ئەو دەسەڵاتەی من بەسەر سروشتدا هەمبوو سەندیییەوە؟! ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێنە تەواو نەکراوەکانی ناو خەیاڵم کاڵتر دەبنەوە، بەرز دەبنەوە و جێم دێڵن.. منیش بەناو بیرێکی تاریکدا بەپشتدا کەوتمە خوار، بەدەستێکم هەوڵم دەدا خۆم بگرمەوە، بەدەستەکەی تریشم هەوڵم دەدا دوورکەوتنەوەی وێنەکان ڕاگرم.. کەوتمە شوێنێکی یەکجار تاریک و نادیارەوە.. هیچ نابینم، هیچیش نابیستم، تەنیا دەنگی ناو وێنەکان نەبێ، هاوارم بۆ دەکەن.. دەنگیان لە ئاسمان وەک سیمفۆنیایەکی گەردوونی وایە، شەپۆلەکانیان تێکەڵ بە هەورە سپییەکان دەبن، بەسەر جەهەنمدا دەبارین و ڕوحی من تەڕدەکەنەوە، تێکەڵ بە تریفەی مانگ و پرشنگی ئەستێرەکان دەبن، هەموو سنوور و بەربەستەکان تێدەپەڕێنن و لە گوێچکەی مندا دەنگ دەدەنەوە.. هەست دەکەم کانییە هەڵقوڵاوەکەی ناخم پڕ لە لم بووە، ریشەی درەختێک دەکێشرێ لە ئەزەلەوە چێنراوە، خەونێک چەندان مانگ و ساڵ زیندووبوو، هەناسەی دەدا، لە کاتی لە دایکبووندا خنکا، چەندە سەیرە! تەنانەت فریشتەکانیش لەگەڵ مندا نین، لەناو ئەم بیرە تاریکەوە هیچ شتێک شک نابەم تا خۆمی پێ ڕزگار بکەم.. دەزانم گریان دادی من نادات، دەبێ پڕ بە گەروو هاواربکەم، هاوارەکەم ئەوەندە بەرز بێ تێکەڵ بەو دەنگە ئاسمانییەی تابلۆکان بێ.. لەناو ئەم بیرەوە تا دێ دەنگی ناو تابلۆ لەدایک نەبووەکانم نزمتر دەبن.. من ویستم وێنەی دایکم تەواوبکەم کە لەبەرانبەر شەوەزەنگ ڕاوەستاوە و دڵێکی بچکۆلەی بەدەستەوەیە، دڕندەیەکی ئێجگار زەبەلاح لەوێزەی دڵە بچکۆلەکەیە، چەندە ململانێیەکی نادادپەروەرانەیە.. وێنەی باوکم کە نەمدیوە، هێسکە پەیکەرەکەی لە بیابانەو ڕوحیشی لەناو نەستی مندا داوای خەڵقکردنی جەستەیەکی دیکەی دەکرد.. شارەکەم کاتێ بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە بەناو تۆفاندا ڕەت دەبێ و نغرۆ نابێ، کەچی لەپاش تۆفان سست و خامۆشە.
وێنەی چی تەواو بکەم؟ تابلۆی زستان کە ساردی خۆی نەبینیوە، بەهار کە بێهوودە لە گوڵاڵە سوورەو سەوزایی دەگەڕێ، پاییز کە گەڵاڕێزانی ون کردووە، هاوین کە جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگی لێ تۆراوە..
– وێنەکان زۆر جوانن، گەرچی تەواو نەکراون، بەڵام بەنیوەچڵیش بێ، لە خولی ڕاهێنانەکەدا نیشانیان دەدەم، دڵنیام بەشداربووان زۆر پێیان سەرسام دەبن.
ئەو بەگومانەوە سەیری کردم.



# ئەو وشترانەی گوندی ئێمەیان...

**عەبدوڵلا سەعیدی**
**(بۆکان)**

سالەی مام موراد شەو درەنگانێک شەکەت و ماندوو تۆزی ڕێگا لە ڕوخساری نیشتبوو. هەڵۆ هەڵۆ لەسەر قوونەبانی ماڵی مام خالۆ لەسەر پاشوو هەڵتووتابوو، بە دیتنی وشترەکە چەند جار وەڕی. پوورە خەجێ دایکی سابیر بە لەنتەرێکەوە لەسەر پلیکانەکان دەهاتە خوارێ کە سالەی مام موڕادی دیت، بەهانکە هانک وشترێکی وەدوای خۆ داوە.

سۆفی ڕەشید بەدەنگی هەڵۆ هەڵۆ سەری لە پەنجەرەی کۆڵانەکەیان هێنا دەرێ و چاوی بەو جانەوەرە مل درێژە کەوت. بەترسەوە گوتی: یا ڕەسوولەڵلا.. ئەو شتە سەیرە چییە؟ ئەوە چییە سالە گورگە بە «سلامەت»یدا هێناوە؟

خێرا پڕ دەداتێ و چاویلکە زلەکانی لە چاو دەکات و دەست دەداتە چراقەوە سێ قەوەکەی سلێمانی کوڕی و لە کۆڵانەکەی دەگرێ، بەڵام کەسی لێ نەماوە. مل بۆ دەرێ درێژ دەکا و لەوسەری کۆڵان سێبەرێکی مل درێژ لەبەر دەرکی سالەی مام موراد دیارە. چاوێکی لە ئاسمان کرد و چاوێکی لە ژووریێ کرد و چاویلکەکانی دانا و چراقەوەکەی لەدەست بەربۆوە. بە زرمەی چراقەوەکە وەیسە لە خەو ڕادەپەڕێ. باوکی وەک تارماییەک دێتە بەرچاو. بیسمیللایی دەکات و دەڵێ: ئەوە چی بووە؟

دەڵێ: سالەی مام موراد وشتری هێناوە!

* * *

هەڵۆ هەڵۆ چەند جار بەسەر حەوشەکەی ماڵی سالەی مام مورادا دەوەڕێ. عەبوولی مام فەرەج بەو لیباسە شڕ و

شیـتـالانەی خـۆی، کـتـریـیـەکی ڕەش و جگەرەیەک بە لالیـوەوە، مـریشـکێکی تۆپیـو بە دۆخـینێکەوە لە توورەکـەیەکی پڕ لە گـڵـی گـرێ داوە و بەشـانیـدا داوە، دەڵێ: هەتی چاو لەو کەرە مل درێژە!

مـەلا برایم دەڵێ: کـەرە عـەبوول گـیـان، ئەوە وشـتـرە، مەڕی پێغەمبەرە، کەر نییە.

عـەبوول وەک گـوێی لێ نەبێ، جگەرە و لیکی تێکەڵ بووە و ڕوو لە سابیری پوورە خەجێ دەکات و دەڵێ:

هەتی چاو لەو مـەڕە لۆق درێژە. وەڵڵا مـاڵی سـۆفی ڕەشیدیش شتی وایان نییە!

خەڵک قاقـا پێدەکەنن، وشترەکە سەری لە مەنجەڵە ئاوێک ناوە و دەیخـواتەوە و جارجار کە سـەر هەڵدێنێ، مـەنجـەڵەکە لەسـەر و گـوێلاکی دەگـیـرێ. هەڵۆ هەڵۆ بە قرووسکە قـرووسک و نووزە نووز لەسەر سەربان دێت و دەچێ، ئەویش ئەو وشـترەی پێ سەیرە لەو شاخ و داخ و کوێستانە.

* * *

مـەحـموود سـەرزلی بێ ئەنوا و بەسـتـەزمان کـە بە دەم نەخۆشییـەکی کۆنەوە لە جێ و باندا کەوتبوو و دەینالاند، زارا گالۆنی خێزانی کە ئەویش لەو ساغتر نەبوو، بانگ دەکات و دەڵێ: ئادەی بزانە جامـێکم شـیـری وشـتـر لە ماڵی ساڵەی مام موراد بۆ ناهێنی؟

خـاتوو زارا بە نقـەنق و بۆڵە بۆڵ لەبن لێـوانەوە ورتەی دێ و دەڵێ: لە یەخەشمان نابێتەوە!

بەجـیـرە جیـڕ دەرگـاکـە دەکـاتەوە و بە بۆڵەبۆڵ پێـوەی دەدات. بە زەحــمــەت لە پلیکـانی دالانەکــە دەڕواتە خـوارێ. چاوێک بە کـۆلانەکـەدا دەگـێـڕێ و دەڵێ: بەو نیوەشەوە بۆ کوێ بچم؟ سێ پارەی شەو بەسەر چووە!

لەبن تریفـەی مـانگدا هەڵۆ هەڵۆ خـاتوو زارای دیت و نەوەڕی.

* * *

لە دەرکـەی مـاڵی سـاڵەی مـام مـوراد ڕاوەسـتـا و بە شـەرمــەوە لە دەرکـەی دا. بۆ مـاوەیەک کـەس وەڵامی نەداوە. دیسان لە دەرکەی داوە. ماوەیەکی زیاتر ڕاوەستا و وەڵامـێک نەبوو. دەسـتـێکی بۆ دەرکـەکـە برد، وا دیار بوو دانەخراوە، بە ترسەوە کەلەبەرێک بەدەرگاکە دەدات و چاوێک لەم لاو ئەو لای دەکات و جگە لە هەڵۆ هەڵۆ کە لەپشت سـەری کلکەسـووتێ دەکـات کـەسـێکی دیکەی نەدیت. بەکـۆمەکۆم لەنتەرێک و جـامێک بە دەسـتەوە، وەک تارمــاییــەک چووە ژوورێ لە حــەســارێ گــوێ

هەڵدەخات و بە لەنتـەرەوە چاوێک بەنێو تاریکاییەکەدا دەگـێـڕێ. چەند جـار هەرای مـاڵی سـاڵەی مـام مـوراد دەکات، دیسان وەڵامێک نابیستێ. ڕوو دەکاتە تەویلەکە و وشـتـرەکـە دەبینێ کـە لەسـەر چۆک بۆی کـەوتووە و لە مابەینی دوو مانگادا، بە چاوە زەقەکانی چاو لە خاتوو زارا دەکـات و خـاتوو زارا ناوێرێ لێی بچـێـتـە پێـشێ و دەڵێ: خـوایە گـیـان ئەو لۆق درێژە وشـترە؟ هەنگاوێک دەچێتـە پێشێ. وشترەکە سەرێک ڕادەوەشێنێ و خـاتوو زارا لە ترسان دەکشێتەوە و دەڵێ: یا خودا بڵێم چیو لێ بێ مەحموود، بەم شەوە منت ناردۆتە کوێ!

بۆ ماوەیەک لە وشترەکە ڕادەمێنێ و بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن وشترەکە بدۆشێ کە ئاوا لەسەر گوان ڕاکشاوە! لەنتــەرەکــەی بە کـۆڵەکـەکـەوە هەڵدەواسێ و بەقــوڵە گـۆچانێک کـە لەسـووچی ئاخـوڕەکـانە لە وشــتــرەکـە دەوەژێنێت کە وشـترەکە هەسـتـێت. دوو سێ جـاران ئەو کـارە دەکـات، بەڵام وشـتـر جـووڵە ناکـات. توندتر تێی دەوەژێنێت و لە ناچاری وشترەکە لەو تەویلە تەنگەبەرەدا هەڵدەسـتـێـتـە سـەر پێ و سـەری لەبن مـیـچی تەویلەکـە دەدرێ و ملی دادەنەوێنێ و جێگای هەڵسووڕانی نابێت. خـاتوو زارا دەچێـتـە پێش و دەست دەباتە لەنتـەرەکـە و جامـەکـە لەبن گوانی وشـترەکە ڕادەگـرێ و دەست دەباتە گوانی و دەیدۆشێ.

* * *

خـاتوو زارا بە جـامـێک شـیـرەوە لەبەر دەرکی مـاڵی ساڵەی مام موراد دێتە دەرێ. لەو وەختەدا مەلا برایم کە بۆ نوێژی بەیانی دەچێ بۆ مزگەوت، تووشی دێت و خاتوو زارا ڕەنگێک دێنێت و دەبا. مـەلا سلاوێکی لێ دەکـات و ڕوو لە مزگەوت دەکات. خاتوو زارا بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی خۆیان ئاوا دەبێ.

* * *

لەبەر دەرکی مـاڵی خـۆیان هیـلاک و مـاندوو و پشـوو سوار جامەکە بە لێویەوە دەنێت و چۆڕێ شیر دەخواتەوە و زارچێشتی دەکات و دەڵێ: تامێکی سەیرە! تامی شیری گـامـێـشـیـش نادات! لە ژوورێ دەڕوانێ، مـەحــمـوود خەوتووە، هەڵیدەستێنێ و بە بۆڵەبۆڵ دەڵێ: ها، هەستە بیخۆ! لەبن لێوەوە دەڵێ: بەدەردت بێ.

مەحموود سەرزل بەنیـخە نیخەوە جامەکە بە سەریەوە دەنێت و دەیخـواتەوە، دەڵێ: تامـەکـەی ئەو سـاڵەی هەر ماوە.. ساڵێکیـان لەودیو میـوانی مـاڵێک بووم، شەوێ نۆبەتیم هاتێ و جـامـێکیـان شیـری وشـتر بۆ هێنام، هەر

ئەوەندەی خواردم، ڕۆحم هاتەوە بەر خۆ.
سەری لەسەر سەرینەکە دانا و خەوی لێ کەوتەوە.

* * *

ڕەزیەی ژنی سلێمان لە کانی بەرماڵان بەرەو ماڵێ بەگۆزەیەک لەسەر شانی دەهاتەوە، لە چوونە ژووردا بانگی کرد: ئاموژن... پوورە زارای خوشکت، ئەوڕۆ قیتوقۆز هاتبووە سەر کانی. هەمووومان پێمان سەیر بوو، هەروەک خەونێک وا بوو. بە کۆمەکۆم نەدەڕۆیشت، گۆزەی لەسەر شانی بوو، زۆر بە کەیف و بەدەماخ بوو!

وەیس بەهانکە هانک وەحەوشە دەکەوێ و دەڵێ: کوڕە بابە، کاکە سلێمان، شتێکی سەیر، مەحموود سەرزلی مێردی پوورم لەبەر مزگەوت دەهات و دەچوو!!

سلێمان گوتی: دەی چییە؟!

وەیس گوتی: کوڕە چۆن چییە؟ خۆ ئەو زەلیل و کەلەلا لە ژوورێ کەوتبوو.

لەنەکاو ڕەزیە دەپەڕێتە نێو قسەکانی و دەڵێ: خاتوو زارا لەنێو ژناندا کوتی شیری وشتری ماڵی ساڵەی مام مورادمان خواردۆتەوە و بۆ بەیانی دەرد و عەلەممان لێ براوە.

خاتوو سەبری بە تەشەرەوە گوتی: کوڕە ڕۆڵە چۆن شتی وا دەبێ؟ شیری چی؟

ڕەزیە دەست دەداتە گۆزەیەکی بەتاڵ و بەرەو کانی دەچێتەوە.

سۆفی ڕەشید لەگژ فکران ڕاچووە و هەر چنگ لە ڕیشی وەردەدا و دەڵێ: چۆن ساڵە گورگی وشتری هەبێ و من نەمبێ؟!

سۆفی ڕەشید تەزبیحێکی کارەبایی زەردی بە دەستەوە لە دەرکی ماڵی دێتە دەرێ، چاوێک بە وڵاتدا دەگێڕێ، دەستێک بە پێچەکەیدا دێنێ و دوگمەی سەرەوەی کەواکەی دادەخات و بەرەو ژوور هەڵدەکشێ. لە پەنا دوو ژن کە لەبەردەرکی ماڵێک باسی وشترەکە دەکەن، سووکە سلاوێک دەکات و تێدەپەڕێ. دەگاتە حاندی عەولا کوردە و حسێنە تەپە. پاش سلاو کردن عەولا کوردە دەڵێ: سۆفی ڕەشید تۆش دەچی چاوت بە مەحموود سەرزل بکەوێ؟

سۆفی ڕەشید گوتی: بۆچی؟

دەڵێ: بۆ نەتزانیوە؟ ساغ و سلامەت لەبەر مزگەوتێ لەگەڵ مەلا برایم و ئەوانی دیکە ڕاوەستاوە!

سۆفی ڕەشید بە تەشەرەوە دەڵێ: یانی هەر بە شیری ئەو وشترە؟

* * *

سۆفی ڕەشید لەبەر دەرکی مزگەوت لە هەورازەکە سەردەکەوێ. مەلا برایم و مەحموود سەرزل و چەند کەسێکی تر لەبەردەرکی مزگەوت ئاپۆرەیان دابوو. لەناکاو دەنگی سلاوی ساڵەی مام موراد کە هەوساری وشترەکەی لە دەست دایە دەبیستێ کە بە کەیف خۆشی بەرەو کێوی دەڕوا. سۆفی ڕەشید هەر پیش دەخوا و پێسیر دادەدڕێ دەرێ و بە کۆڵانە باریکەکەدا فیز ماڵکی دەداتێ.

عەبوول کە چەند منداڵێک دەورەیان داوە و کۆزیلکەیان بەستووە وەدوای سۆفی ڕەشید دەکەون و هۆیت هۆیتی لێ دەکەن.

* * *

هەڵۆ هەڵۆ خۆی لێک دەکێشێتەوە و خۆی ڕادەوەشێنێ و بەدیتنی ماشینێک کە دوو وشتری لە پشتەوە سوار کرابوو چەند جار دەوەڕێ. عەبوول مریشکە مرداربووەوەکەی بە کۆڵەوە و کتربیەکی ڕەش بە ملەوە هاوار دەکات:

– سۆفی ڕەشید وشتری هێناوە.

خەڵک لە پەنجێرەوە سەر دێننە دەرێ و پوورە خەجێ دایکی سابیر سەوەتەیەک بەکۆڵەوە، بەو دەستەی دیکەی سێبەر بۆ نێوچاوانی ڕادەدێرێ و لێی دەڕوانێ و دەڵێ: ئەیەڕۆ.. کوڕە خۆ سۆفی ڕەشیدیش وشتری کڕیوە..!

منداڵان لەگەڵ عەبوول بەدوای ماشینەکەدا خۆیان هەڵداوێن و عەبوول بەگۆرانی بانگ دێڵێ: دایکم بە قوربانی تاژییە بۆر بێ و کوێت بۆ کێلام، وشترمان بۆ هات، ئی سۆفی ڕەشیدە و شاخان دەکێلێ!

ماشێن ڕوو لە ماڵی سۆفی ڕەشید دەکات و دوو وشتری لۆق درێژ دادەبەزێنن. وەیس و سلێمان هەوساری وشترەکان لە باوکیان وەردەگرن و بەرەو حەوشەیان دەبەن.

* * *

دەمەو ئێوارە پوورە نازدار و زبە شەلی کوێخا حەمە بەجامێکی بەتاڵەوە لەدەرکەی ماڵی سۆفی ڕەشید دەدەن و داوای شیریان لێ دەکەن. سۆفی ڕەشید بە دەنگێکی نالەبارەوە دەڵێ: دایکم ئەوانە قسرن و شیریان نییە! شیری چی؟ بڕۆ دایکم.

لەگەڕانەوەدا بانگی بووکەکەی دەکات و دەڵێ: هۆی ڕەزیە، خێرا بڕۆ بڕێک شیری وشتر بدۆشە با بۆ خۆمان بیخۆین، ئەگەر دەرمانە با بۆ خۆمان بێت..

* * *

ساڵەی مام موراد لە سووچێکی حەوشەکەدا چۆکەکانی هەڵداوە و لەگـژ فکران ڕاچووە و چاو لە وشـتـرەکـەی دەکـات کـە لە حـەوشـەکـە بۆن بەدار و دیـوارەوە دەکـات. لەبەرخۆیەوە دەڵێ: جا خوایە گیـان چۆنم لەگەڵ ئەوە گیـر کـردووە، هیـچ لەوەڕێـک ناخـوات، بەو شـاخ و داخـەدا هەڵناگەڕێ، خـۆ ئێرە دڕ و داڵـیشـی نیـیـە، وەک دەڵێن خـــواردنی وشـــتـــر زیـاتر هەر دڕوداڵـە.. لەو تەویلە چکۆلانەیەشدا هەڵناسووڕێ.. ئاخ... ئاخ.

* * *

ڕۆژی بازاڕ حـسـێنی خـاڵـەمـینە شـەش مـەڕەکـەی فـرۆشـتـووە و پوولەکـەی لەباخـەڵی ناوە و لەگـەڵ خـدری کوڕی بەنێو وشتراندا دەسووڕێنەوە.

ســاڵـەی مــام مــوراد لە قــوونەبانی مــاڵـەکــەی هەڵترووشکاوە و خدری حسێنی خاڵەمینە کە هەوساری وشترەکەی بەدەستەوەیە و دەبیات بۆ گوێ چۆمی لە پەنام مـام سـاڵە تێپـەڕ دەبێ و سلاوێـک دەکـات و دەڵێ: مـام سـاڵە ئەو جـار ئێـمـەش شـیـری وشـتـر دەخـۆین، بەشی خەڵکیش دەدەین..

ساڵەی مام موراد سەرێک ڕادەوەشێنێ و بە تەوسەوە دەڵێ: خۆتان دەبیننەوە!

* * *

خـاتوو زارا ئێـوارە درەنگانێک بە جـامـێکی بەتاڵەوە ڕوو لە ماڵی ساڵەی مام موراد دەکات و لەدەرگە دەدات. ژنی مــام ســاڵە دەرکــە دەکــاتەوە و بە گــەرمــوگــوڕی خوڵقێکی دەکات. خاتوو زارا دەڵێ: خودا ئاوەدانی کات براژن گــیــــان، نایەمــــە ژووری، ئەوە یەک دوو ڕۆژە مەحمود نەخۆشە، ئەگەر هەیە چۆڕێکمان شیری وشتر دەنێ، خێرتان دەگاتێ.


خـاتوو زارا جـامـە شـیـرەکە بە دەسـتـیـیـەوە دەرکـەکـە دەکاتەوە، جیـرە لە دەرکەوە نایەت و بێ هەست دەچێـتـە ژووری، دەبینێت مـەحـمـوود سـەرزل مـردووە و هەناسـەی دەرنایەت.

* * *

لە گــوندی ســلامــەت، لەو گــوندە کــوێســتــانی و شــاخــاوییــەدا دەنگی لرفــەلرفی وشــتــر لە حــەســاری هەمووماڵێکەوە دێت.

عــەبوول لە گــوندەکــە وەدەردەکــەوێ و لەبن لێــوانەوە گۆرانییەک بەسەر وشترەکاندا هەڵدەڵێ:

دایکم بە قوربانی تاژییە بۆر بێ... کوێت بۆ کێلاوم، وشترمان زۆرە، شاخان دەکێڵێ!!



# گولستان

**مستەفا ئاجار**
**(ستەنبۆل)**

گولستانا دێمسۆر و چاڤبەلەک پێ ل هەفتسالیا خوە کرییە. خوریا دێیا خوەیە. مالباتا وێ چەند سال بەرێ ب دارێ زۆرێ ژ گوند هاتبوو دەرخستن. باڤ و دێیا گولستانێ ب ئێشکێشانەکە مەزن ئەڤ مالا کو ب دو چاڤیان پێک دهات، ل گوهێ تاخا باژێر ئاڤاکربوون. ل ملێ راستێ مالا باپیر و ل ملێ چەپێ ژی مالا مامێ وێ خوە سپارتبوون هەڤ. د بەخچەیێ وانێ وەکە چەند خوەزیلا مەزن دە، پێنج-شەش دارێن مێوە هاتبوون چاندنی. هەر چار ئالیێن داران ژی ب گول و گوپکان دابوون خەملاندنی. هەرچەندی نە ب قاسی چاریکا مالا مالباتا وانا ل گوند بە ژی، لێ دیسا ژی مال بوو.

گولستان، رۆژێن هاڤینێ یێن درێژ و گەرم ب دێ، برا و خویشکا خوە رە، دبن سییا داران دە دبۆراندن. دەما کو داپیرا وێ ژی ب پشتا خوە یا هۆدک تەڤلی وان دبوو گولستانێ ژ شابوونان نەزانیبوو کو چاوا بکرا. لنگێن وێ عەرد نەدگرتن. داپیرا وێ هێژ روونەدنشتن، گولستان دکەتە قرکا وێ و د هەمان دەمێ دە ناڤێن چیرۆکێن کو ژێ گوهداری کربوون ل پەی هەڤ رێز دکرن و دوبارەکرنا چیرۆکان دخوەست. داپیرا وێ ژی ب کەن ئەو ژ خوە دور دخست و ب دەنگەکی حەزێژی دگۆت: «غەزالا منا چاڤکلکلی، تو وسا دکی کو داوی ل ئارڤانێ مە بێ؟ دناڤا رۆژێ دە قەت چیرۆک هاتنە ئان ژی تێنە گۆتن؟ سەبر بکە، کو رۆژ چوو ئاڤا ئەز دێ سەر و دلێ تە بخەملینم.»

و ب حەزکرنەکە بێ پیڤان هنارۆکێن گولستانێ مست ددا. دێیا وێ، ب قەستۆ- مەستۆ هێرسا خوە لێ دئانی و

دگۆت: «کـەچێ پۆر کـورێ، تو دکی کـو ئەم زڤـسـتـانێ برچی ل بەر دیواران بمینین کێ دیتیـه و بینایه کـو ناڤا رۆژێ چیـرۆک هاتنه گـوتن؟ داپیـرا خـوه عـاجز مـەکـە. روونێ ب پتک و پێنجۆکێن خوه بلەیزه.»

دبن لێڤان ده ژی دکەنییا.

گولستان پۆسیده دبوو، دهاته رادەیا گرینێ.

داپیرا وێ زێده بەرخوه نەددا، دەست دئاڤێته ملێ وێ کاشی هەمبێزا خوەیا هەرڤی دکر. ب دەڤێ بێدران ئەو ماچیدکر.

گولستان تێدگیهشت کو چیرۆک مان ئێڤارێ بێچاره دەست دئاڤێت پتک و پێنجۆکان.

داپیــر و دێیـــا وێ کـــەتن ناڤ بوویەرێن تاخێ و مالباتێ.. خوه تێ ده د سنجراندن. هەتانی دەما شیڤێ وها ددۆمییا. پاشێ دکەتن ناڤ قلقاشەکە مەزن ژلەورا دڤێ شیڤ بهاتا ئامادەکرن. نێزی هاتنا باڤۆ بوو...

داپیرێ هەر تم شیڤ ب وان ره دخوار. پشتی شیڤی جل، مـــیندەر و بالگفـێن ل بەخـچـه ژ نوو ڤـه دهاتن داوەشاندن. ژ نوو ڤە جهێ وان دهاته ڤەگواستن. لەورا کزراندنا تاڤێ چوو بوو، دەما ستێرکێن پەلپەلی بوو. میندەرا هەری خوەشک، بالگفا هەری کوپکوپه ژ داپیرێ ره دهاته ڤەقەتاندن. ژ بۆ کو دەم دەما وێ بوو. ئەو ئێدی سەروێرا شەڤێ و شاهبانوویا شەڤبووهوورکێ ب خوه بوو. ژ وێ قـــودرەتربن تو کـــەس تونەبوو. خـــەیال، خوەزگینی، هیڤی دبن تەسیرا ڤەگۆتنا وێ ده ڤەدژین و دمرن. هەر مرنەکە ڤەگۆتنێ، ژیانەکە نوو د ئافراندن. مرن دقولپانده سەر ژیانێ. مرن ل جەم ڤەگۆتنێ تەنگەز دما. مرن درەڤی، مرن ژ مرنێ، مرن دخوەست. لێ، ب دەست نەدخست. هەر کو ژیان ڤەدژیا، ب سەر دکەت..

داپیرا گولستانێ، هۆستەیا ڤەگۆتنا دەهـ هەزار سالان بوو. بێهـەمپا و بێشریک بوو. گۆتنێن وێ بتلسم ب ئەفسوونان هاتبوون هوناندن. مال، تاخ، دارستان، چیا، گەلی، دەشت ب ڤەگۆتنا وێ ره دکەتن ناڤ رەقاسەکە بێداوی، دهەژییـان، د تەوییـان، سەرۆبنۆ دبوون. جهـ و وارێ خـوه ب هەڤ و دن ره دگـوهەراندن. ل دژی هەڤ دەردکـەتن. تەڤلیـهـەن دبوون. سـەری و لنگ کـفـشـه نەدبوون...

د داویێ ده ئارامییەکە مەزن دهات، باندۆرا خوه ل سەر هەر تشتی دهیشت و هەر تشت دمەشیا دچوون جهێ خوه یێ بەرێ..

گولستانێ فام دکر؛ یا کو هەر کاری د چیرۆکان ده پێک تینه داپیرا وێ ب خوه یه. یا کو ب ڤەکۆتنێ هەر تشتی دخەملینه و دکەملینه ئەوه. سەری ل گوهدارا مەست دکە. ژ ڤێ دنێ راپێچ دکە. و دبه دنیایەکە نوودیتی. دنیایەکە بێئەفسوون، بتلسم. هەم خۆف هەیه، هەم خوەشی. هەر بوویەر ب خـوەشـیێ ئەنجـام دبە. باوەری، دۆستی، هێڤی هەر دائیم ب سەر دکەڤه. ئەڤ دنیا، دنیا حووت، دێو و لەهەنگانە... دنیایا ئافرینەرێن نەدیتی و نە بهیستی یە... ئەڤ دنیایەکە وسایە کو رەهێن داران و پەلێن وان ل عـەردێ نە.مـێـڤێن وان ب ئادانن و د بن دەستێ زارۆکان ده نە. دێو هەفت سەری نە. ل عەزمانان ل مراڤان دگەرن..

داپیـرێ هەر جـار چیـرۆک ڤـەدگـوهەراندن. جـهێ لەهەنگان و بوویەران دگـوهەراند، چیـرۆکێن نوو دئافـراندن. تو جـاران داوی ل بنێ تووری چیـرۆکان نەدهات.

گـولستـانێ سەرێ خوه یێ نارین داددانین سەر چۆکا داپیرا خوه، چاڤێن خوه یێن رەشبەلەک دکوتا سەر روویێ قـورمـچی و لێ گـوهداری دکر. رحێ خوه، هشێ خوه و دلێ خـوه دسپـارتە وێ. دکـەتە سـەر شـۆپا ڤـەگـۆتنا خەیالتیێ. دێم، چاڤ، لێڤ، برو و دفنا داپیرێ ژ وێ ره دبوون رێبەر. ل گـۆری بوویەرێن چیـرۆکێ ژ دلقـەکی دکـەتن دلقـەکی دنێ. جـارینان بکەن، جـارینان بگری، جـارینان بهـێـڤی دبوون. سـەرچاڤـێن وێ هەر گـاڤ رووچکەک ل خوه دکـر. ڤێ رەوشێ پر بالا گـولسـتـانێ دکشـاند. گەلۆ داپیـرێ ئەڤ قـودرەت و هێـزا هان ژ کـو دگـرت؟ بەرسـیـڤـا ڤێ پرسێ نەددیت. ژ داپیـرا خـوه ژی نەدپرسی. لەورا دترســیـــا. ژ وندابوونا وی روویی دسلکی. کـــو ئەو روو وندا ببـــوویا، دنیـــایا نوو یا بدەستـخـستی ژی دبه کـو تێک بچـوویا. نە دخـوەست رەوشەکە بێی دنیایا نوو بژی..

چاڤەکی وێ ل سـەر سـتـێرکـێن برقـاندی، یەک ژی ل سـەر یوویێ تژیتلسم دخـوه ڤه دچوو. تو جار هەتا داویا چیرۆکێ هشیا نەدما. خەوێ هەر تم زۆر ژێ دبر. هەر تم ئەو پەیمانا کو ناڤا رۆژێ ددا خـوه، ڤالا دەردکەت. لۆما ناڤا رۆژێ چیرۆک ژ داپیرا خوه دخواست.

* * *

هاڤین چوو بوو، پاییز بوو. مەها رەزبەرێ و دەما دەستپێکرنا دبستانێ هاتبوو. ئێڤارەکێ باڤێ گولستانێ ب چەنتەیەکی سۆرگەڤەز ڤە کەتە هوندرێ بەخچە. گولستانێ ژ دەستێ باڤێ خوە چەنتەگرت. زانیبوو کو جەنتە ژبۆ وێ هاتیە کرین. بەزیا کەتە هوندر. بشکۆکا چەنتە ڤەکر، تێ دە پێنڤیس، لێنڤیسک، ژێبر و پێشتەمال هەبوون.

وێ ئێڤارێ ل بەخچە گوهداریا داپیرا خوە نەکر. پشتی شیڤێ کەتبوو هوندر، ب جەنتە و ئامورێن دبستانی دلەیست. ژبۆ گوهداریا چیرۆکان، کازیکرنا داپیرێ دبەر گوهێن وێ رە دەرباس نەبوو. دەرنەکەتە بەر دەری. ئێدی ژیانەکە نوو ژبۆ وێ دەست پێدکر. دێ پڕ تشتێن نوو هیم ببوویا و فێری خوەندن و نڤیساندنێ ببوویا. دێ هەڤالێن نوو ناس بکرا و پێشەرۆژ خوەش دخویا!..

هەتانی دەرەنگیا شەڤێ خەو نەکەتە چاڤێن وێ. نێزی دەستێ سبێ، تەبات نەدا د خەو ڤەچوو..

* * *

ب بانگا دێیا خوە رە، هشیار بوو.. چک رابوو سەر پییان. سەروچاڤێ خوە شووشتن. دێیا وێ، پۆرێن وێ شەهـ کر، گولیێن وێ هووناند و مۆرییێن د رەنگێن کەسکەسۆری دە، د ناڤ گولیێن گولستانێ دە ب جهـ کرن. دەما کو دەرکەتە بەر دەری، د بن تاڤا نوودەرکەتی دە وەکە بیلۆیەکە کەڤناره دچلولی.

داپیر و دێیا وێ، ئەو ب کێفخوەشیەکە مەزن ب رێ کرن. هەتانی فەتلا کۆلانێ ل پەی نێهێرین.

دەستێ گولستانێ د دەستێ باڤێ وێ دە، بەر ب دبستانێ ڤە مەشیان. گولستان د ئاخفی، باڤێ وێ مەجال نەددیت کو پەیڤەکی ب لێڤ بکە.

گولستانێ رێ نەددایێ. بوو بوو شالوول و بلبل. دخوەند و هەر دخوەند. هەتانی بەر بەخچەیێ دبستانێ ئەڤ رەوشا هان ئاژۆت. د داویێ دە باڤ، ئەو سپارتە مامۆستە، دا رێ چوو سەر کارێ خوە..

* * *

گولستان د پۆلێ دە، ب مامۆستە و هەڤالێن خوە رە یە. مامۆستە پێشی هنەکی ب وان رە ئاخفی. شیرناهیێن رەنگینی ل وان بەلاڤ کر. دەڤ بکەن بوو. سەری هەر کەسی مست دا. ب هەر شاگرتی رە یەکۆ یەکۆ تێکیلی داتانی. ژ گولستانێ ژی حەز کر. سەرێ وێ مست دا و ب مۆرییێن دناڤ گولیێن وێ دە لەیست و چەند پرس ژێ کرن. لێ مخابن، گولستانێ ژ مامۆستە چ تشت فام نەدکر، گەلەک هەول دا خوە کو فام بکە، نەبوو...

داپیرا خوە ب بیر ئانی. زمانێ وێ چ قاس خوەش و نێزکی وێ بوو. هەر پەیڤەکە وێ وەکە مخ د سەرێ وێ دە روونشت. بەشێن چیرۆکان لبۆلب د مێژوویێ وێ دە ئۆلان دادان. لێ زمانێ مامۆستە ژ وێ دوور بوو. تێ نەدگهشت. هنەک دەنگ ل پەی هەڤ ل ریز دبوون، ئەو قاس. زمانەکی بیانی بوو ژ بۆ گولستانێ. چ واتەیا پەیڤان تونە بوو. پەیڤێن سار و بێ ئادان...

دەما کو چوویینا مالێ هات، باسک ل وێ شکەستی، هێڤیێن وێ قوتبوویی بوون. شەوقێن چرووسکێن دلێ وێ ڤەمریبوون. ئەو خەڤرۆشکێن کو ژ بۆ دبستانێ، هەڤالان و مامۆستە هووناندبوون فردابوون خوە، چووبوون قاتێن ئەزمانێن هەفتان.

ئێدی نە ژ مامۆستە، نە ژ هەڤالان، نە ژی ژ دبستانێ حەز دکر. دنیایا کو د مێژوویێ خوە دە ئاڤاکربوو هلوەشیابوو. پارە پارە بوو بوو. کەس تونەبوو کو ببە ئالیکار و د سەرێ وێ دە دنیایەکە نوو ئاڤا بکە. نە داپیر، نە ژی میرزە محەمەد ل قادێ دخویان..

ب روویەکی ترش ڤەگەریا مالێ. پرسێن دێ و داپیرا وێ ل پەلێن دارێن بەخچە عالقین، مان. گولستانێ چو بەرسیڤ نە دا وان.ژ نشکاڤە خوە ئاڤێتە پێسیرا داپیرا خوە. هوورک و هوورک دەست ب گرینەکە دلشەوتی کر..

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (دێ و کەچ) روویەلێن (٣-٦) هاتیە وەرگرتن. پەرتووک چاپا یەکەمین بوو و ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل ستەنبۆلێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا پێری ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤکرن کو ژ (١٢٠) روویەلان پێکهاتیە و ب رێنڤیسا لاتینی بوویە.**

**(ڕامان)**



# خەونی گێلۆکەیەک

**فیودۆر دیستۆیڤسکی**
**لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکووک)**

-١-

من مرۆڤێکی گێلۆکەم. ئێستا ئەو خەڵکە بە شێتیشم دەزانن. ئەوەش، ئەوە دەگەیەنێ، ئەگەر لەبەر چاویان وەک جاران گێلیش نەبم، پلەیەک هەڵکشاوم. ئێستا پێی سەغڵەت نابم. ئێستا خۆشم دەوێن و کە گوێم لێیان دەبێ پێم پێدەکەنن، لەبەر هۆیەکی نادیار، زۆرم خۆش دەوێن. پێم خۆشە منیش لە گەڵیاندا پێبکەنم- نا، خۆم پێم خۆش نییە. ئەگەر تەماشاکردنیان بە لامەوە ناخۆش نەبوایە، حەزم دەکرد دڵیان خۆش بکەم. ئەوەم پێ ناخۆشە کە ڕاستییەکە نازانن، بەڵام من دەیزانم. ئەهـ کە ناخۆشە بە تەنیا خۆت ڕاستییەکە بزانیت! بەڵام ئەوان لەوە تێناگەن. نا، تێناگەن.

جاران، زۆرم پێ ناخۆش بوو بە گێل بچم. نا، هەر بە گێل نەدەچووم، گێل بووم. باش لەوە حاڵیم کە هەمیشە گێل بوومە. ڕەنگە لە ڕۆژی لە دایکبوونمەوە وا بووبم.

ڕەنگە لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە درکم پێی کردبێ. دەچوومە قوتابخانە و دوایی لە زانکۆدا خوێندم. چەندیش زیاترم دەخوێند، زیاتر تێدەگەیشتم کە گێلم. لە ئەنجامدا وام لێ هات، دەتگوت زانست هەر بۆ ئەوە هەیە بیسەلمێنم و ڕای بگەیەنم کە گێلم و هەر لەوە قووڵ ببمەوە کە گێلم. ئەوەش بە هەمان شێوەی زانست و شانبەشانی زانست لە ژیانمدا دەڕۆیی. ساڵ بەساڵ، بۆچوونم لە بارەی گێلێتی خۆمەوە پەرەی دەسەند و پتەوتر دەبوو و لە هەموو ڕوویەکەوە

ئاشکراتر دەبوو. خەڵکی بە گشتی و هەمیشە پێم پێدەکەنین، بەڵام نەیاندەزانی و لەوە نەدەگەیشتن ئەگەر لەم جیهانەدا کەسێ هەبێ لە هەموو کەس باشتر بەو گێلێتییە بزانێ، خۆم بووم و ئەوەش جێی ڕقبوونەوە بوو و ئەوان نەیاندەزانی، بەڵام ئەوە هەڵەی خۆم بوو:

ئەوەندە لووتبەرز بووم، ئامادە نەبووم لای هیچ کەسێکی ئەم جیهانە بیدرکێنم. ئەو لووتبەرزییەم ساڵ بە ساڵ زیادی دەکرد. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە لای کەسێک، هەر کەسێک دانم بە گێلێتی خۆمدا بنابا، بە دڵنیاییەوە هەر بۆ ئێوارەکەی فیشەکێکم بە تەوێڵی خۆمەوە دەنا.

ئای لە ساڵانی گەورەبوونمدا چەند بە دەست ئەو هەستەوە تلامەوە کە خۆم نەگرم و کتوپڕ هەموو شتێ بۆ هاوڕێکانم باس بکەم! بەڵام دوایی کە گەورەتر بووم، لەبەر هەر هۆیەک بووبێ ئارامتر بووم، ئەگەرچی بە تێپەڕبوونی هەموو ساڵێک زیاتر و زیاتر درکم بە توانا ترسناکەکانی خۆم دەکرد. لەبەر هەر هۆیەک بێ. لەبەر ئەوە بەو شێوەیە دەری دەبڕم، هەتا ئێستا هۆیەکەیم نەزانیوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ شێتییەکی زۆر لە ڕوحمدا گەشەی کردبێ، ئەوەش بەهۆی ئەو دەوروبەرەوە کە بە تەواوەتی دەستی بە سەرمدا گرتبوو: ئەو باوەڕەی کە هەموو شتێکی ئەم جیهانە، بێ مەعنا و هیچە. دەمێ بوو ئەو هەستەم هەبوو، بەڵام پار کتوپڕ، باوەڕم گردەبڕ بوو. کتوپڕ هەستم کرد دنیا هەبێ یا نەبێ چ جیاوازییەکی نییە. بە هەموو بوونمەوە هەستم دەکرد و تێدەگەیشتم کە هیچ شتێک بۆ من بوونی نییە. لە سەرەتاوە وای بۆ دەچووم کە پێشتر شتی زۆر هەبووە، بەڵام دوایی بەو ئەنجامە گەیشتم وا نەبووە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، پێدەچوو وا بووبێ. وردە وردە بەو ئەنجامە گەیشتم هەرگیز هیچ شتێ بوونی نابێ. ئەوجا یەکسەر وازم لەوە هێنا بەرانبەر خەڵک خراپ بم و وەختە بڵێم وازم لەوە هێنا سەرنجیشیان بدەم. بەڕاستی، بە وردەکارییەکی زۆرەوە دەهاتە خەیاڵم: بۆ نموونە، جاری وا بووە لە شەقامەکاندا بەر خەڵک دەکەوتم. ئەوەش لەبەر ئەوە نا چووبێتمە ناو خەیاڵەوە. چم هەبوو بیری لێ بکەمەوە! بە تەواوەتی وازم لە بیرکردنەوە هێنابوو و هەموو شتێکم بە لاوە وەک یەک بوو. دەبێ پیاو بتوانێ وەڵامی پرسیاران بداتەوە. من وەڵامی یەک پرسیارم نەدابۆوە و پرسیاریش چەند بوون؟ هەموو شتێکم بە لاوە وەک یەک بوون و هەموو پرسیارەکان هەڵوەشابوونەوە و لەناوچووبوون.

ئەوجا دوای هەموو ئەوانە، ڕاستیم ناسی. مانگی یازدەی پار ناسیم. سێی مانگ بوو، لەوساوە هەموو چرکە ساتێکی ژیانی خۆمم لەبیرە. شەوێکی زۆر تاریک، یەکێ بوو لەو شەوە هەرە تاریکانەی کە بیری لێ بکەیتەوە. بەرەو ماڵەوە دەچووم و سەعات زۆری نەمابوو بۆ یازدە و بیرم لەوە دەکردەوە کە شەو ناتوانێ لەوە تاریکتر بێ. هەموو ڕۆژەکە باران باریبوو. بارانێکی سارد و بەخوڕ، هەناسەی دوژمنایەتی بەرانبەر مرۆڤایەتی دەدا. کتوپڕ، سەعات یازدە، خۆشی کردەوە و هەوا پڕ بوو لە هەڵم و سارد و ساردتری کرد. لەوکاتە ساردتر بوو کە باران دەباری و جۆرە هەڵمێک لە هەموو شتێکەوە بەرز دەبووەوە. هەڵم لە هەموو بەردێکی شەقامەکەوە، لە هەموو کۆڵانێکەوە بەرز دەبووەوە. پیاو کە لە دوورەوە تەماشای دەکرد دەیبینی.

کتوپڕ بیرم لەوە کردەوە ئەگەر چراکان لە هەموو جێیەک بکوژێنەوە خۆشتر دەبێ. چراکان جۆرە شڵەژانێکیان پێک دەهێنا، چونکە هەموو ئەو شتانەیان ڕوون دەکردەوە. ئەو ڕۆژە نیوەڕۆژەم نەکردبوو و لە ئێوارەشەوە لە لای ئەندازیارێک دانیشتبووم کە دوو برادەری تریشی لە لا بوون. هەموو کاتەکە بە بێدەنگی دانیشتبووم و ڕەنگە بێزاریشم کردبن. باسی شتی ورووژێنەریان دەکرد و کتوپڕ بە تەواوەتی هەڵچوون. لە ڕاستیدا یەکسەر هەڵچوون. هەر بە ڕواڵەت هەڵچوون.

کتوپڕ و ڕاست پێم گوتن: «بەڕێزان، لە بنەڕەتەوە هیچ جیاوازی نییە». تووڕە نەبوون، بەڵکو پێکەنین. بە من پێکەنین. لەبەر ئەوە پێکەنین، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە لۆمەیان بکەم، قسەکەم کرد. مەسەلەکەش بەلای منەوە بێ واتا بوو. ئەوەشیان دەزانی کە بەلامەوە بێ مەعنایە و ئەوەیان پێ سەیر بوو.

کە لە شەقامەکە بیرم لە چراکان کردەوە تەماشای ئاسمانم کرد. یەکجار تاریک بوو، بەڵام دەمتوانی پەڵە هەورە لێکدابڕاوەکان و بۆشاییە ڕەشە بێ بنەکانی نێوانیان ببینم. کتوپڕ لە یەکێ لەو پەڵە ڕەشەی نێوان هەورەکانەوە ئەستێرەیەکم بینی و بە وردی لێی ڕامام. ئەو ئەستێرەیە خەیاڵێکی بۆ هێنام، بۆیە لێی ورد

بوومەوە: بڕیارم دا ئەو شەوە خۆم بکوژم. لە ڕاستیدا، دوو مانگ پێشتر بڕیاری خۆکوشتنم دابوو، ئەگەرچی دەستکورتیش بووم، بەڵام دەمانچەیەکی نایابم کڕیبوو و هەمان ڕۆژ خستبوومە سەر پێ، بەڵام دوو مانگ تێپەڕی و دەمانچەکە هەر لە چەکمەجەکەدا بوو. هەمموو شتێک تا ئەو ئەندازەیە بە لامەوە بێ مەعنا بوو، بڕیارم دا تا ئەو دەمە چاوەڕوان بم کە هەموو شتێک بێ مەعنا نەبێ. بۆچی؟ نازانم! بەو شێوەیە هەموو شەوێک کە بەرەو ماڵ دەچوومەوە بیرم لەوە دەکردەوە فیشەکێک بە خۆمەوە بنێم. هەر چاوەڕوانی ئەو چرکەساتە بووم. ئێستاش ئەو ئەستێرەیە ئەو خەیاڵەی دامێ و بڕیارم دا هەر ئەو شەوە ئەنجامی بدەم، بەڵام بۆچی ئەو ئەستێرەیە ئەو خەیاڵەی دامێ؟ نازانم!

لە کاتێکدا لەوێ وەستابووم و تەماشای ئاسمانم دەکرد، کتوپڕ ئەو کیژە باسکی گرتم. شەقامەکە چۆڵ بوو. بە دەگمەن خەڵک لەو ناوەدا دەبیندران. عارەبانچییەک لەو دوورە وەستابوو و لەناو عارەبانەکەیدا خەوتبوو. کیژەکە هەشت ساڵان دەبوو. کیژەکە بەتوێی کراسێکەوە بوو و لەچکێکی بەسەریەوە ئالاندبوو و هەموو لەشی تەڕ بوو، بەڵام لە هەموو شتێکی زیاتر، پێڵاوە دڕاوە تەڕەکانیم لەبیرن.

ئێستاش لەبیرمن. پێڵاوەکانی زۆر سەرنجیان ڕاکێشام. کتوپڕ باسکی ڕاوەشاندم و بانگی کردم. نەدەگریا، بەڵام دەیقیژاند و هەندێ وشەی دەگوت کە لەبەر سەرما، بە باشی بۆی نەدەهاتن. لەسەرماندا دەلەرزی. لەبەر هەر هۆیەک بووبێ ترسابوو و بە پەشۆکاوی هاواری دەکرد: «دایکم! دایکم!» تەماشایەکیم کرد، بەڵام هیچم نەگوت و بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتم، بەڵام ئەو بە شانمەوە ڕای دەکرد و باسکی بەرنەدەدام و دەنگیشی ئەو تۆنەی تێدا بوو کە لە دەنگی منداڵی ترساودا هەیە و بێچارەیی دەگەیەنێ. ئەو جۆرە دەنگە دەناسم. ئەگەرچی نەیدەتوانی ئەوە بڵێ کە دەیویست بیڵێ، تێگەیشتم دایکی لە شوێنێ کەوتووە و مردووە یا شتێکیان بەسەر هاتووە و ئەویش ڕووی لە شەقامەکان کردووە تا فریادڕەس بە دەست بێنێ. من لە گەڵیدا نەچووم. بەپێچەوانەوە، ویستم لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. سەرەتا پێم گوت بچێ پۆلیسێک پەیدا بکا، کەچی ئەو دەستە بچووکەکانی تێکپەڕاندبوو و هەنسکی دەدا و بەردەوامیش بەلامەوە ڕای دەکرد و دەسبەردارم نەدەبوو. ئەوجا لاقم بە زەویدا دا و قیژاندم. ئەویش هەر هاواری دەکرد: «جەناب توخوا... جەناب توخوا!» کتوپڕ دەستبەردارم بوو و لە شاقەمەکە پەڕییەوە و بە هەورازەکەدا هەڵگەڕا: یەکێ لەوێوە ڕەت دەبوو و پێ دەچوو بەهۆی ئەوەوە وازی لەمن هێنابێ.

بە قالدرمەکاندا هەڵگەڕام. من لە نهۆمی پێنجەمدا دەژیام. ژوورێکی ڕاخراوم ڕاستەوخۆ لە چاودێری بیناکە بە کرێ گرتبوو. ژوورەکەم ساکار بوو و پەنجەرەیەکی نیوەبازنەیی وەک ئەو پەنجەرانەی تێدا بوو کە ژووری سەربان هەیانە. قەنەفەیەکی موشەممام هەبوو، مێزێک کە هەندێ کتێبی لەسەر بوون، دوو کورسی و تاکە قەنەفەیەکی کۆن و تەنگەبەریشم هەبوو، بەڵام ڤۆڵتێرانە. دانیشتم و مۆمێکم داگیرساند و چوومە ناو خەیاڵەوە.

لە ژوورەکەی تەنیشتم، کە دیوارێکی باریک لە نێوانماندا بوو، بەردەوام بەزم و هەرا بوو. ئەوە سێیەم ڕۆژ بوو. کاپتنێکی خانەنشین لەوێ دەژیا و مێوانی هەبوو.

شەش فەرمانبەری پلەنزم مێوانی بوون. عارەقی خۆکردیان دەخواردەوە و بە وەرەقەی کۆنی قومار یاری بیستویەکیان دەکرد. شەوی پێشتر بووە شەڕیان و زانیم دووانیان ماوەیەکی دوور و درێژ بە یەکدا هاتن و قژی یەکتریان ڕادەکێشا. چاودێری بیناکە دەیویست شکات بکا، بەڵام زۆر لە کاپتنەکە دەترسا.

کرێچییەکانی تری ژوورە ڕاخراوەکان، یەکێکیان خانمێکی لاواز و بچکۆلە بوو، مێردی بە ئەفسەرێک کردبوو کە بە سەفەر دەهاتەوە لای و سێ منداڵی هەبوون و لەوێ نەخۆش کەوتبوون. ئەو ژنە، بە خۆ و بە منداڵەوە، وەختابوو لەو کاپتنە بتۆقن و هەموو شەوێ دەلەرزین و نیشانەی خاچیان دەکێشا و منداڵە هەرە بچووکەکەیان گەشکەدار ببوو. ئەو کاپتنە، باش دەزانم، هەندێ جار لە نێڤسکی ڕێ بە خەڵکی دەگرێ و دەرۆزە دەکا. هیچ کارێکی پێ ناکرێ، بەڵام زۆر سەیرە (هەر لەبەر ئەوەش دەیگێڕمەوە) ئەو کاپتنە بە درێژایی ئەو مانگە کە لەوێ ژیا، گێچەڵی پێ نەکردووم. من هەر لە سەرەتاوە هەموو جۆرە ئاشنایەتییەکم لەگەڵیدا ڕەت کردەوە و یەکەم جار بە دڵییەوە نەچووم، بەڵام چەند لەودیو دیوارەکەوە هاواریان بکردبا و چەند کەس بوونایە بە لای منەوە کێشەیەک نەبوو. بە درێژایی شەو لەو

سەرەوە دادەنیشتم و... ئەوەی ڕاستی بێ گوێم لێیان نەدەبوو. تا ئەو ڕادەیەی لە بیرم دەچوو کە لەوێن. هیچ شەوێک پێش بەرەبەیان خەوم لێ نەدەکەوت. ماوەی ساڵێک بوو ئاوها بووم! بە درێژایی شەو لەسەر کورسییەکە و بەدیار مێزەکەوە دادەنیشتم و هیچم نەدەکرد. هەر بە ڕۆژ کتێبم دەخوێندەوە. دادەنیشتم و بیرم لە شتێکی تایبەتیش نەدەکردەوە، بەڵکو خەیاڵەکان بۆ خۆیان دەهاتن و دەچوون و ئەوپەڕی ئازادیم دەدانێ. مۆمەکە تەواو دەبوو و دەکوژایەوە.

بە ئارامی بەدیار مێزەکەوە دانیشتم و دەمانچەکەم دەرهێنا و لەبەردەمی خۆمم دانا. کە لەوێم دانا، لە بیرمە لە خۆمم پرسی: ئاوها؟ بە ڕوونی وەڵامی خۆمم دایەوە: ئا، کەواتە دەبێ فیشەکێک بە خۆمەوە بنێم. دەمزانی هەر دەبێ ئەو شەوە گوللەیەک بە خۆمەوە بنێم، بەڵام نەمدەزانی دەبێ ماوەی چەندێ ئاوها بە دیار مێزەکەوە دانیشم. بە دڵنیاییەوە فیشەکم بە خۆمەوە دەنا ئەگەر ئەو کیژە نەبووایە.

-٢-

خۆتان دەبینن، ئاوها بوو: ئەگەرچی هەمموو شتێکیشم بەلاوە بێ مەعنا بوو، بەڵام هەر چۆنێ بێ، بۆ نموونە، هەست بە ئازار دەکەم. ئەگەر کەسێک لێیدابام، ئازارم پێ دەگەیشت. بە هەمان شێوەش لە ڕووی مۆراڵییەوە: ئەگەر شتێک ڕووی بدابا شایانی بەزەیی بێ، بەزەییم دەبزوا. ڕێک وەک ئەو دەمەی هەمموو شتێکی دنیا بە لامەوە بێ مەعنا نەبوو. پێشتر دەمتوانی بەزەییم بجووڵێنم: بێ گومان پێم خۆش بوو یارمەتی منداڵێک بدەم. ئەدی بۆچی یارمەتی ئەو کیژەم نەدا؟

بەهۆی بیرۆکەیەکەوە بوو کە هەر ئەو دەمە بۆم هات: کاتێ باسکی گرتم و بانگی دەکردم، پرسیارێکم لێ ڕاست بووەوە و نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە.

پرسیارێکی بێ مەعنا بوو، بەڵام دڵی ڕەق کردم. بووم بە پیاوخراپ، چونکە بەم ئەنجامە گەیشتم: ئەگەر من بڕیارم دابێ هەر ئەو شەوە خۆم بکوژم، دەبێ هەمموو شتێکی ئەم دنیایە، کەم و زۆر، بەلامەوە بێ واتا بن. ئەدی چۆن وام لێ هات هەمموو شتێکم بە لاوە بێ واتا نەبێ و بەزەییم بەو کیژەدا بێ؟ لە بیرمە زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە. ئەوەندەم بەزەیی پێدا هاتەوە، هەستم بە ئازارێکی ڕاستەقینە دەکرد و ئەوەش لەو بارودۆخەی مندا سەیر بوو. لە ڕاستیدا ناتوانم ئەو هەستە کتوپڕانە بەبیری خۆمدا بهێنمەوە کە باشتر بووبن، بەڵام ئەوەیان لەگەڵمدا بوو تا گەیشتمەوە ماڵەوە و لەسەر مێزەکە دانیشتم. زۆریش توورە بووم، دەمێکیش بوو توورەبوونم بەخۆمەوە نەدیبوو.

بیرکردنەوەکانم بەسەر یەکدا دەکەوتن. لێم ڕوون بوو ئەگەر مرۆڤ بوومایە و هێشتا نەبوومایەتە سفر و هیچ، دەبێ بژیم و بۆ هەڵوێستەکانم ئازار بچێژم و هەڵپلکێم و هەست بەشەرم بکەم. با وابێ! بەڵام ئەگەر دوایی، بۆ نموونە، دوو سەعاتی دی خۆم بکوژم، ئەو کیژە چ واتایەکی بۆ من دەمێنێ و چ هۆیەک بۆ ئەوە دەمێنێتەوە گوێ بەشەرم یا شتێکی تری ئەم جیهانە بدەم؟ من دەبمە سفر.

نەمدەتوانی لەو ڕاستییە بگەم کە ماوەیەکی تر بوونم نابێ و لە ئەنجامی ئەوەشدا هیچ شتێکی تر بوونی نابێ. نەدەبوو ئەو خەیاڵە کەمترین کاریگەری لەسەر هەستم هەبێ و بەزەییم بەرانبەر بەو کیژۆڵەیە ببزوێ یا ئەو شەرمەی بۆ دڵڕەقییەکەی خۆم هەبوو؟ ئا لەبەر ئەوە بوو پێم بە زەویدا دا و کێویانە بەسەر ئەو منداڵە بەستەزمانەدا قیژاندم «چونکە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە هاوسۆزیم نەبووبێ- ئەگەر تۆمەتی دڵڕەقی نامرۆڤانە بدەمە پاڵ خۆم، بەڵام ئێستا هەمە، چونکە دوای دوو سەعاتی تر هەمموو شتێک دەکوژێتەوە». پێتان وایە لەبەر ئەوە قیژاندوومە؟ خەریکە بڵێم ئێستا باوەڕی تەواوم پێی هەیە.

لە لام ڕوونە کە جیهان و ژیان لەسەر من وەستاون. پیاو دەتوانێ بەشێوەیەکی دی دەربیڕێ، کە ئێستا دنیا بە تەنیا بۆ من دانراوە: ئەگەر خۆم بکوژم، چیدی دنیا نامێنێ، بەهەرحاڵ، بۆ من نامێنێ. گوێ بەوە نادەم کە ڕێی تێ دەچێ... ڕەنگە دوای نەمانی من، لە ڕاستیدا هیچ شتێک بۆ کەس بوونی نەبێ و هەر کە دنیا لە خەیاڵی مندا کوژایەوە وەک خەیاڵ دەکوژێتەوە کە تەنیا و تەنیا لە خەیاڵی مندا هەبووە، چونکە لەوەیە هەمموو ئەم دنیایە و ئەو هەمموو مرۆڤانەی تێیدان، تەنیا من بم و هیچ و کەسی تر نەبێ.

لە بیرمە لەوێ دانیشتبووم و خۆم دەخواردەوە و ئەو هەمموو مەسەلە ناخۆشانەم تاووتوو دەکرد، لە

گۆشەنیگایەکی ترەوە لێم دەڕوانین و شتێکی تەواو تازەم دۆزییەوە. بۆ نموونە، بیر لە شتێکی دەگمەن دەکەمەوە: ئەگەر جارێ لە جاران لەسەر مانگ، یان لە مارس بژیابام و لەوێ کاری بێ شەرەفانەترین و ئابڕووبەرانەی وام ئەنجام دابا کە کەس بیری لێ نەکردبێتەوە، نارەزایی و ئابڕووچوونەکە وەها دەبێ وەک ئەوەی لە خەوندا بێ، خەونێکی ناخۆش. دوایی ئەگەر بگەڕێمەوە سەر زەوی و لەبیرم بێ لەسەر ئەستێرەیەکی تر چیم ئەنجام داوە و بشزانم هەرگیز بۆ ئەو جێیە ناگەڕێمەوە، دەبێ ئەوسا من کە لەسەر زەوییەوە تەماشای مانگ دەکەم، هەمان کار ئەنجام بدەمەوە؟ شەرم دەمگرێ کە ئەو کارەم ئەنجام داوە، یان نا؟

ئەوە مەسەلەیەکی پووچ و زیاد بوو، چونکە دەمانچەکە لە بەردەمم بوو و بە هەموو بوونمەوە دەمزانی کە دەبێ رووبدا، بەڵام ئەو مەسەلانە تووڕەیان کردم و هەڵچووم. دەتگوت لەو ساتەدا، بێ ئەوەی وەڵامێکی سەرەتاییم هەبێ، ناتوانم بمرم.

ئەو منداڵە بە یەک وشە ڕزگاری کردم، چونکە ئەو باسانە وایان لێ کردم جارێ دەسبەرداری فیشەکەکە بم.

لەو ماوەیەدا لای کاپتنەکە بێدەنگ بوو: گەمەی وەرەقەیان تەواو کردبوو و خۆیان بۆ خەوتن ئامادە دەکرد و دەیانبۆڕاند و بەشەڕ دەهاتن و خەواڵوو بوون. لەو کاتەدا، منیش لەسەر کورسی دیار مێزەکە خەوم لێکەوت. قەت شتی وا لە من رووی نەدابوو. بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم! خەوم لێکەوت.

خەونەکە ئاشنا و سەیر بوو: هەندێ شت تا ئاستێکی ترسناک روون بوون و پیاو بێ ئەوەی چاوی بنووقێنێ بەسەر شتی وادا باز دەدا، بۆ نموونە، کات و شوێن. ئەوەی خەونەکان ئاراستە دەکا ئارەزوو نییە، بەڵکو ئاواتەکانمانە. سەر نییە، بەڵکو دڵە. لەگەڵ ئەوەشدا- چ داهێنانگەلێکی فێڵبازانە لە خەوندا بە ئارەزووی من بوو! شتی نارۆون ڕوو دەدەن. با نموونەیەک بهێنمەوە: براکەم پێنج ساڵ لەمەوبەر مرد. هەندێ جار لە خەوندا دیومە. بەشداری لە کار و خەیاڵمدا دەکرد. زۆر پێکەوە دەگونجاین، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەبیرم بوو کە مردووە و لە گۆڕدایە. چۆن ڕێ دەدەم باوەڕ بێنم، ئەگەرچی مردووشە، لە لام بێ، بە تەنیشتمەوە بێ و بەشداری هەموو شتێکم بکا؟ چۆن دەبێ عەقڵم ڕێ بەو شتانە بدا؟ بەڵام با ئەوە بەس بێ. ئێستا باسی خەونەکەم دەکەم. ئا، من ئەو خەونەم دیت.

خەونی سێی سەرماوەز! خەڵک لەسەر ئەوە سەرکۆنەم دەکەن کە ئەوە تەنیا خەون بووە و هیچی دی، بەڵام ئەگەر ڕاستییەکی بۆ دەرخستبم، چ جیاوازییەکی هەیە خەون بێ، یان خەون نەبێ؟ ئەگەر مرۆ یەک جار ڕاستییەکەی دیت و هەستی پێ کرد، دەزانێ ئەوە ڕاستییە و نابێ شتێکی تر هەبێ و ناتوانێ ببێ، جا مرۆ خەوتبێ، یان بە ئاگا بێ. ئا، با خەون بێ. خەون و هیچی دی! دەمویست منیش ئەو ژیانەم خۆش بوێ کە وا بەهای بەرزی بۆ دادەنێین، بەڵام خەونەکەم، خەونەکەم! خەونەکەم کردمی بە کەسێکی نوێ. دۆزراوەیەک، لە دایکبوونەوە و ژیانێکی خۆش.

جا گوێ بگرە!

-٣-

باسم کرد. بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم، خەوم لێکەوت و خەیاڵیشم بەردەوام خەریکی هەمان ئەو بابەتانە بوو. بیرم لێیان دەکردەوە. کتوپڕ خەونم دیت، کە دەمانچەکەم هەڵگرت و ڕوویم کردە دڵم. دڵم نەک سەرم، ئەگەرچی پێشتر بڕیارم دابوو ڕووی لەسەرم بکەم. با وردتر بڵێم، تەمام بوو ڕووی لەسەرەوەی لاجانم بکەم، بەڵام ڕوویم لە سینگم کرد. ئەوجا یەک دوو چرکە چاوەڕوان بووم و مۆمەکە و مێزەکە و دیوارەکەی بەرانبەرم کەوتنە جووڵەجووڵ و بە لادا دەهاتن.

ویستم پەلە بکەم و پەنجەی پێدا بنێم.

هەندێ جار لە خەوندا ڕوو دەدا پیاو بەردەبێتەوە، یان یەکێ چەقۆیەکی پێدا دەکێشێ، یان لێی دەدا، بەڵام پیاو قەت هەست بە ئازار ناکا، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، لە پێخەفەکەیەوە بەر نەبێتەوە. کە بکەوێ ئەوجا ئازاری پێ دەگا و بەخەبەر دێ. خەونەکەی منیش وابوو: هەستم بەهیچ ئازارێک نەدەکرد، بەڵام گوللەکە بە ناومدا ئەم لاو ئەو لای کرد و وەستا. دەوروبەرم بەشێوەیەکی تۆقێنەر تاریک داهات.

دەتگوت کتوپڕ کوێر و کەڕ بوومە و لەسەر شتێکی ڕەق کەوتم. ڕاست درێژ ببووم و هیچم نەدەدی و بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی ببزوێم. خەڵک بە دەورمدا ڕایان دەکرد و هەرایان بوو. دەنگی گڕی کاپتنەکە دەهات.

زیقەزیقی ژنە چاودێرەکەی بیناکە- ئەوجا کتـوپڕ دەنگ نەمـا و بۆ قــەبر هەڵیــانگرتم. هەســتم بە لەرانەوەی دارەمـەیتەکـە دەکرد و بیـرم لێی دەکـردەوە و کـتـوپڕ بیـرم لەوە کـردەوە کە من مـردووم. مـردووی تەواو. دەمـزانی و دوودڵ نەبووم. نەمــدەتوانی ببــینم و ببــزوێم، کــەچی دەمــتــوانی هەست بکەم و بیــر بکەمــەوە. زوو لەگــەڵ بیرکردنەوەکەدا ڕاهاتم و وەک چۆن لە خەوندا بی، بەبێ ئەم لاو ئەو لا ڕاستییەکەم قەبووڵ بوو.

ناپانمە قــەبرەوە. ئەوجــا هەمــووان بەرێی خــۆیاندا ڕۆیشتن. منیش بە تەنیــا مــامــەوە. نەدەجــووڵام. چۆن هەمـوو جارێ کە بە ئاگابووم بیرم دەکردەوە چۆن لە قەبر دەنرێم، لەگەڵ ناو گۆڕەکـەدا یەک بوون. تەڕ و شێدار و سارد. ئەو کاتەش هەستم بەسەرما دەکرد. پەنجەکـانی پێم، لە هەمـوو جـێیـەکی ترم سـەرمـاتریان بـوو، بەڵام هەستم بە هیچ شتێکی تر نەدەکرد.

لەوێ کـەوتبــووم و چاوەڕوانی هیــچم نەدەکــرد. ئەو ڕاســتییـەم قـەبووڵ بوو کـە مردوو چاوەڕوانی هیچ ناکا، بەڵام تەڕ بـوو. نازانم مــاوەی چەند تێــپــەڕی- یەک ســەعــات، یان چەند ڕۆژێـک، یان ڕۆژگـارێکی دوور و درێژ. کـتـوپڕ دڵۆپە ئاوێک کـەوتە سـەر پێڵـووی چاوی چەپم. دوای مــاوەی دەقــیــقــەیەک، دڵۆپێکی تریش بەربووەوە.

مـاوەی دەقـیـقـەیەکی تر دڵۆپێکی تریش بەربووەوە. ئیدی بەو شێوەیە. مەوداکە، هەمیشە یەک دەقیقە بوو. ڕقـێکی قـووڵ لە دڵـمـدا پەیدا بوو و کـتـوپڕ هەسـتم بە ئازارێک کـرد دڵـی کون دەکـردم. «بڕینەکـەمـە!» وا بیـرم کــردەوە. «گــوللەکــە، لەوێ مــاوەتەوە». دڵۆپەکـــان بەردەبوونەوە. مـاوەی یەک دەقیـقـە و دڵۆپێک. ڕاست دەکەوتە سەر پێڵووی چاوم. کتوپڕ هاوارم کرد. بە دەنگ نا، چونکە نەمـدەتوانی ببـزوێم، بەڵام بە هەمـوو بوونمەوە هاوارم کـرد. ئەی ئەوەی دەسەڵاتت بەسەر هەمـوو ئەوەدا هەیە کە بەسەرمدا هات:

- هەر کێ هەی ببە، بەڵام بوونت هەیە و ئەگـەر شـتێ لەوە بە کـەڵکـتـر هەیە کـە ڕوو دەدا، با ڕوو بدا. ئەگـەر تۆڵەی ئەو خـۆکـوشتنە بێ مـەعنایەم بەوە لێ دەکەیـتـەوە دوای ئەوە ژیـان بە شـێـوەیەکی ناشـرین و ناخـۆش ڕێک بخەی، بزانە هەرگـیز تلانەوە و هەرچییـەکی ترم بەسـەردا بێ بە گوێرەی ئەو کەمییەی کە ماوەی ملیۆنان ساڵ بەبێ دەنگی هەستی پێ دەکەم، هیچ نییە!

هاوارم کـرد و بێـدەنگ بووم. مـاوەی یەک دەقـیـقـەی تەواو بێـدەنگی بوو. دڵۆپێکی تریش بەربووەوە، بەڵام دەمزانی. دەمزانی و بە بێ دوودڵـی هەستم دەکرد هەمـوو شتێ بەبێ مـەرج دەگـۆڕێ. تەمـاشـا- کـتـوپڕ گـۆڕەکـەم کرایەوە. لە ڕاسـتیدا نەمزانی کرایەوە، یان هەڵکەندرا. شتێکی تاریک و نائاشنا هەڵیگرتم و یەکسەر گەیشتینە ئاسمان.

کتوپڕ دەمدی: شەوێکی تـاریـک، هەرگـیز تاریکایی وا نەبووە! بە ئاسـمـاندا دەخولاینەوە. زۆر لە زەوییەوە دوور بووین. نەمــپـرسی ئەوەی هەڵیگـرتبــووم کێ بوو. هیـچ پرسـیــارێکم نەدەکـرد. چاوەڕوان بووم و هەسـتـم بە جـۆرە شانازییەک دەکرد. خۆم دڵنیا دەکرد کە ناترسم. لە خۆشی ئەوەی کـە نەدەترسـام شـاگـەشکە ببـووم. نازانم مـاوەی چەندێ خولاینەوە و چ زانیاریم لە بارەیەوە نەبوو: هەمـوو شتێ بە خەون دەچوو، کە بەسەر کات و شوێن و مەودای تێگەیشـتندا تێدەپەڕی و دەگـەیشـتە ئەو جێـیـەی کە دڵ دەیەوێ.

لە بیرمە لەو تاریکییەدا ئەستێرەیەکم دیت.

- «ئەوە ئەستێرەیە؟» کتوپڕ هەستم کرد خۆم پێ ڕاگیر ناکرێ، ئەگەرچی نەمدەویست پرسیار بکەم.

- «نا، هەمـان ئەو ئەسـتـێـرەیەیە کـە لە نێـوان پەڵە هەورەکـــانەوە دیـتت، ئەو دەمـــەی بـەرەو مــــاڵـەوە دەڕۆیشـتـیت». ئەو شـتـەی هەڵیگرتبـووم ئەو وەڵامـەی دامەوە. دەمزانی ئەو شتە سیمایەکی بنیادەمانەی هەیە، بەڵام ســەیر بوو کــە دڵـم نەیدەگـرت. تەنانەت ڕقـێکی قــووڵیــشم لێی بـوو. من چاوەڕوانی نەبوونێکی تەواوم دەکرد، بۆیە فیشەکم بە دڵی خۆمەوە نا، کەچی بە دەستی بوونەوەرێکەوە بوونم هەبوو کـە بە دڵنیـاییـەوە مـرۆڤ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا... بوونی هەبوو.

«کـەواتە ژیانێکی تریش لەودیو قـەبرەوە هەیە!» بە خەیاڵی سووکی خەونئامـێزانە وا بیرم کـردەوە، بەڵام لە بناغە و بنەڕەتدا مەخلوقەکە و دڵم هەر یەکێ بوون.

«ئەگـەر پێـویست بە دووبارەبوونەوەی بوون هەبێ و بە پێی ئـارەزووی بێ بەزەییـەک سەر لەنوێ بژیمەوە نامـەوێ ئازارم بدەن و ســووکـــایـەتیم پێ بکەن!» ئاوهام بیـــر دەکردەوە.

«خۆت دەزانی لێت دەترسێم و تۆش خۆتم لێ دەپارێزی

کتوپڕ ئەوەم بە هاوسەفەرەکەم گوت. نەمدەتوانی دەسبەرداری ئەو پرسیارە ئازار بەخشە بم کە دانپێدانانی تێدا بوو. هەستم بە سووکایەتی دەکرد. دەتگوت تەقەڵێک لە دڵم دراوە.

وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوە بەڵام کتوپڕ هەستم کرد کەس لێم ناسڵەمێتەوە و کەس پێم پێناکەنێ. تەنانەت کەس بۆڵەبۆڵیشم بە سەردا ناکا. هەستم دەکرد ئامانجێک لە سەفەرەکەمدا هەیە. ئامانجێکی نەزاندراوی نهێنی کە تەنیا پێوەندی بە منەوە هەبوو. ترس لە دڵمدا زیادی دەکرد. شتێک کە لە باسکردن نەدەهات و پێشتر بە دوامەوە بوو. بەشێوەیەکی ترسناک بۆم دەگوێزرایەوە و دڵی دیواودیو کون دەکردم.

بە بۆشایی تاریک و نەزاندراودا دەڕۆیشتین. دەمێ بوو ئەستێرەی وام نەدەدی چاوم ئاشنایان بێ. دەمزانی ئەستێرەی وا لە بۆشاییەکانی ئاسماندا هەن و دوای هەزاران، بگرە ملیۆنان ساڵ، ئەوجا تیشکیان دەگاتە زەوی. خۆ لەوەشە ئەو بۆشاییانەمان تێپەڕاندبێ. چاوەڕوانی شتێک بووم. بە نائارامییەکەوە چاوەڕوان بووم، دڵی ئازار دەدام. کتوپڕ هەستێکی ئاشنا و هیوا ئامێزم پێدا هات: خۆرەکەی خۆمانم دیت! دەمزانی ناشێ ئەوە خۆرەکەی خۆمان بێ کە زەوییەکەی خۆمانی لێ کەوتۆتەوە و لە خۆرەکەی خۆمانەوە، لە مەودایەکی بێ کۆتایی دووردا بووین، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، لە ناخەوە هەستم دەکرد ئەوە خۆرەکەی خۆمان بوو، دووبارەبوونەوەی بوو.. هەستێکی خۆش کە پڕ بوو لە هیوا و چاوەڕوانی، هەستی داگیر کردم: هێزێک کە خزمایەتی لەگەڵ ئەوەدا هەبوو دروستی کردبووم، لە دڵمدا دەنگی دەدایەوە و دیسان دروستی کردمەوە و هەستم بە ژیان دەکرد. ئەو ژیانەی کە جارێ لە جاران هەبوو. لە دوای مردنەوە، ئەوە یەکەم جار بوو هەستی پێ بکەم.

– بەڵام ئەگەر ئەوە خۆر بێ، ئەگەر خۆرێکی وەک خۆرەکەی خۆمان بێ، کوا زەوییەکەمان؟ بە دەنگێکی بەرز ئەوەم گوت.

هاوسەفەرەکەم ئەستێرەیەکی پیشان دام وەک یاقووتی سەوز دەدرەوشایەوە. ڕێک بەرەو ڕووی چووین.

– بەڕاستی دەشێ ئەم دووبارەبوونەوەیە لە کەوندا هەبێ؟ شتی ئاوها سروشتی هەیە؟ ئەگەر ئەوە زەوی بێ، زەوییەکی وەک ئەوەی خۆمانە؟ ڕێک وەک ئەوەیە؟

بەدبەخت و هەژار، وەک ئەوەی خۆمان، بەڵام بەنرخ و خۆشەویست؟ لێی دەوەشێتەوە هەمان خۆشەویستی بە ئازار لە دڵی چاوقایمترین منداڵدا دروست بکا؟

ئاوها، بۆ ئەوینی ئەو زەوییەی جێم هێشتبوو، هاوارم کرد و لەرزیم. کتوپڕ ئەو کیژە کلۆڵەم بەرانبەر بە خۆم دیت کە بە خراپی ڕەفتارم لەگەڵیدا کرد.

– دوایی دەبینی. هاوسەفەرەکەم ئاوها وەڵامی دامەوە و لە وشەکانیدا هەست بە پەژارە دەکرا، بەڵام زۆر لە ئەستێرەکە نێزیک بووینەوە. لەبەر چاوم گەورە دەبوو. دەمتوانی هەر لەوێوە ئۆقیانووسەکان و سنوورەکانی ئەوروپا بناسمەوە. لە ناکاو، جۆرە دڵپیسییەکی گەورە و پیرۆز لە ناخمدا چەکەرەی کرد. دووبارەبوونەوەی ئاوها چۆن دەبێ و لەبەر چی دەبێ؟ من تەنیا ئەو زەوییەم خۆش دەوێ کە جێم هێشت.

ئەو زەوییەی، کە تێیدا، سفڵە ئاسا فیشەکێکم بە دڵی خۆمەوە نا و خۆم کوشت و خوێنەکەم ڕژایە سەری، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز دەسبەرداری خۆشەویستی ئەو زەوییە نەبووم و هەمان ئەو شەوەی ماڵاواییم لێی کرد، لە هەموو دەمێ پتر خۆشم دەویست و خۆشەویستییەکەی ئازاری پێ دەگەیاندم. خەم و ئازار لەم زەوییە تازەیەشدا هەیە؟ لە زەوییەکەی ئێمەدا، تەنیا بەدەم ئازارەوە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەکەین و خۆشەویستیمان هەر لە ڕێی ئازارەوەیە. ناتوانین بە جۆرێکی تر ئەوین بکەین و شارەزاییمان لەگەڵ ئەوینی تردا نییە. حەزم بە ئازارە بۆ ئەوەی ئەوینداری تێدا بکەم. لەم چرکەساتەدا، پێم خۆشە بە دەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە ئەو زەوییە ماچ بکەم کە جێم هێشت. ژیانم لە جێیەکی تردا ناوێ و قەبووڵم نییە!

بەڵام هاودەمەکەم جێی هێشتبووم. بێ ئەوەی بزانم چۆن، کتوپڕ خۆم لەسەر ئەو زەوییە دیتەوە. لەناو ڕووناکایی بەهەشتانەی ڕۆژێکدا بووم. ڕاوەستام و چاوم بەو دوورگانەدا گێڕا، کە لە زەوییەکەی خۆمدا یۆنانیان پێک دەهێنا، یان خاکێکی تر کە لەو دوورگانە پێک دەهات. ئای! خۆ هەموو شتێک وەک دوورگەکەی خۆمان بوو، بەڵام هەموو شتێک وەک ئەوەی ئاهەنگێکی گەورە بێ، ڕووناک بوو. دەریایەکی سەوزی وەک گەوهەر لە دەم کەنارەکە ڕاکشابوو و بەسۆزەوە خۆی پێدا دەدا.

داری بەرز و جـوان کـە سـەرتاپایان گـوڵ و گـەڵای لە ژمـارە نەهاتوو بوو، بە نەرمی دەلەرانەوە و دەتگوت لە جێی خۆیانەوە بەخێرهاتنم دەکەن. گیـایەکـە بە گوڵی گـەش دەدرەوشـایەوە. پۆل پۆل پەلەوەر دەفـڕین و بەبێ ترس لەسـەر سەر و دەستم دەنیشـتنەوە و باڵیـان پێدا دەسـووم. لە ئەنجـامـدا مـرۆڤـیـشم دیت لەو زەوییـەدا نیشتەجێ ببوون. بە پەرۆشەوە هاتنە لام.

دەورەیان لێدام و ماچیـان دەکـردم. تیشکی خـۆربان دەدایەوە، خـۆری خـۆیان. ئای کـە جـوان بوون! هەرگـیـز لەسەر زەوییەکەی خۆماندا خەڵکی وا جوانم نەدیبوو.

ڕەنگە منداڵی بچکۆلە و کـۆرپە جـیـابن و بتـوانن ڕەنگی وا جـوان بدەنەوە. چاوی ئەو خـەڵکە بەختـەوەرە، تیـشکێکی ڕوونیان دەدایەوە. ئارامی لە ڕوخساریاندا بوو و دەنگ و وشـەکانیـان، بەختـەوەری منداڵیـان تێدا بەدی دەکرا.

ئاخ! هەر کـە ڕوخسـاری ئەوانەم دیت، هەمـوو شـتێ تێگەیشتم، هەمـوو شـتێ! ئەوە زەوی بوو و هێشـتـا بە خـراپەکـاری و گـوناح تێک نەدرابوو و تێـیـدا دەژیان. خەڵکی بێ تاوانی تێدا دەژیان. لە هەمان بەهەشت، بە عادەتی گشـتی باوباپیرانمانەوە تێـیدا دەژیان، بەڵام ئەو جیاوازییە هەیە کە هەمـوو زەوی یەک بەهەشت و هەمـان بەهەشـتـە. ئەو خەڵکە لێم گـرد ببوونەوە و بەخۆشییەوە پێدەکـەنین و دەسـتـیـان پێدا دەهێنام. لەگـەڵ خـۆیاندا دەیانگێـڕام و هەوڵیـان دەدا ئارامم بکەنەوە. ئای! هیچ پرسـیـارێکیان لێ نەکردم. پرسیـاری هیچ شـتێک. پێ دەچوو خۆیان هەمـوو شتێک بزانن و بیانەوێ بە زووترین کات خەمی سیمام بڕەوێننەوە.

-٤-

گەرەکـمە جارێکی تر بیلێـمەوە: با وا بێ و با تـەنیا خەون بووبێ! بەڵام ئەو سۆزەی لە ڕوخساری جوانی ئەو خەڵکە بێ گوناهە دەدرەوشایەوە، کاریگەرییـەکی وای هەبوو لەناو ناچێ و بۆ هەمیشە دەمێنێ و هەست دەکەم سۆزی ئەوان وەک شەپۆل لەو دوورەوە بەرەو ڕووم دێ. بە چاوی خۆم دیمن و ناسیمن. خۆشم ویستن و دوایی خەمم لێ خواردن.

یەکسـەر زانیم کە زۆر شـتـیـان هەیە و لێی تێناگەم. وەک کـەسـێکی مـۆدێرنی پێشکەوتوو و دانیـشـتـووی پێـتـەرسبـۆرگ، وای بۆ دەچووم، بۆ نموونە، لەگـەڵ ئەو هەموو تـواناییەشدا کە هەیانبوو، زانستیانە نەبوو، بەڵام زوو تێگەیشـتم کە سەرچاوەی زانسـتیـیان لە شـوێنێکی ڕوحی ترەوەیە و لەوە جیـابوو کە ئێمە لەسەر زەوی لێی وەردەگرین. مەبەست و ئاواتیشیان لە هی ئێمە جیابوون. چ ئاواتێکیـان نەبوو بێتە دی، لە بارێکی تەواو ئارامدا بوون و وەک ئێـمـە بە دووی ئەوەوە نەبوون بزانن ژیان چ مـەتەڵێکە، چونکی کـەمـوکـوڕی لە ژیانیـاندا نەبوو. تواناییان لە زانستی ئێمە قووڵتر و بەرینتر بوو، چونکە زانسـتی ئێـمـە خـەریکی ئەوەیە لێکدانەوە بۆ ژیان بدۆزێتـەوە تا خەڵکی تر فـێر بکا چۆن بژی، بەڵام ئەوان بەبێ زانست دەیانزانی چۆن بژین. من لەوە تێدەگەیشتم، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەوەیان دەزانی.

دارەکـان خـۆیان پیـشـان دەدام، بەڵام لەو ئەوینە نەدەگـەیشـتم کە تەماشای دارەکـانیـان پێ دەکـرد. هەر دەتگوت لەگەڵ بوونەوەری خزمدا هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵێ زمانی دارەکانیـان دۆزیبـۆوە و لەو باوەڕەدا بووم کە دارەکان لێیـان تێدەگـەیشتن. هەر بەو چاوەش تەماشای هەمـوو سروشـتیـان دەکـرد. ئەو گیـاندارانەی بە ئاشـتی لەگـەڵیـاندا دەژیان و هێـرشـیـان بۆ نەدەبردن، تەنانەت خۆشیشیـان دەویستن و بە خۆشەویستی بەسەریاندا زاڵ ببوون. ئەستێرەیان پیشان دەدام و باسی وایان دەکرد من تێنەدەگـەیشـتم، بەڵام لەو باوەڕەدام بەشـێـوەیەک لە شێوەکان دەستیان لە ئەستێرەکانی ئاسمان دەدا، ئەوەش بە خەیاڵ نا، بەڵکو بە جۆرە حەقیقەتێک.

نا، ئەو مـرۆڤـانە نەیاندەتوانی بگەنە ئەو ئاسـتـەی تێـمگەیەنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خـۆشیـان دەویسـتم، منیش لەلایەن خۆمەوە دڵنیـابووم کە تێم ناگـەن، بۆیە چ باسی زەوییـەکـەی خـۆمـانم بۆ نەکـردن. ئەو خـاکـەم لەبەر چاویان مـاچ کـرد کـە ئەوانی لێ دەژیان و بەبێ وشـە دەیانپـەرست. تەمـاشـایان دەکـرد و بێ ئەوەی شـەرم بیـانگرێ لێم گـەڕان، چونکە خـۆیان پڕ بوون لە خـۆشـەویسـتی. کـە هەندێ جـار بە دەم هەڵڕشـتنی فرمێسکەوە پێم ماچ دەکردن، ئازاریان نەدەدام. لە دڵەوە خۆشحاڵ بوون و دەیانزانی چ خۆشەویستییەکم هەیە و هەر بە هەمان خۆشەویستی وەڵامیان دەدامەوە. هەندێ جار بەسەرسوڕمانەوە دەمپرسی: چۆن ئەمانە جارێ لە جاران کەسێکی وەک من زامدار ناکەن و هەرگیز هەستی

بەغیلی و دڵپیسیم ناورووژێنن؟

گەلێ جار لە خۆمم دەپرسی، چۆن منی خۆ هەڵکێش و درۆزن ڕێم بە خۆم دا باسی هەموو زانیارییەکی خۆم، لە بارەی هەموو شتێکەوە بۆ ئەوانە بکەم، کە بەبێ ئەوە چ ئاگادارییان لێ نەبوو. چۆن نەیاندەزانی من دەمەوێ بەو زانیاریانە سەرسامیان بکەم، یان ڕێیان بدەم بەشی خۆیانی لێ ببەن؟

وەک منداڵ چالاک و بەختەوەر بوون. بە ناو باغ و دارستانە جوانەکانی خۆیاندا پیاسەیان دەکرد و گۆرانی خۆشیان دەگوت و خۆراکی سووکی خۆیان دەخوارد، بەری دارەکان و هەنگوینی دارستانەکان و شیری ئاژەڵەکانیان دەخوارد و دەخواردەوە. بۆ خۆراک و پۆشاک پێویستییان بە کەمێ کارکردن هەبوو.

ئەویندارییان دەکرد و منداڵیان دەخستەوە، بەڵام هەرگیز بەهۆی ئارەزووەوە توندوتیژیم نەدی، کە لە لای هەموو مرۆڤێکی زەوییەکەی ئێمە هەیە و سەرچاوەی زۆرترینی هەموو ئەو گوناح و تاوانانەیە کە ئەنجامیان دەدەین. بەهۆی ئەو منداڵانەوە کە دەبوون، دڵیان خۆش دەبوو و دەبوونە بەشدارانی بەختەوەرییان. نە ناحەزی لە نێوانیاندا هەبوو نە دڵپیسی و تەنانەت نەیاندەزانی ئەو شتانە چین. منداڵەکانیان منداڵی هەمووان بوون، چونکە بە هەموویان یەک خێزانیان پێک دەهێنا. دەکرێ بڵێی نەخۆشییان تێدا نەبوو، هەرچەندە مردنیش هەبوو. پیرییان بە ئارامی بەسەر دەچوو. هەر دەتگوت بە لای ئەوانەوە کە ماڵاواییان لێ دەکردن، خەویان لێ دەکەوت. دوعای خێریان بۆ دەکردن و ئەوانیش بە بزەکردن وەڵامیان دەدانەوە. چ پرسەم نەدی و لە بارودۆخی وادا ئەشکم نەدی، تەنیا بەڕێکردن و گەشەکردنی خۆشەویستی و ئارامی بوو، کە بەڕێکردنەکەی روون دەکردەوە.

پیاو وا تێدەگەیشت کە دوای مردنیش، پێوەندییان بە مردووەکانیانەوە دەمێنێ و بە مردن پێوەندییان بە ژیانە جیهانییەکەیانەوە ناپچڕێ. کە پرسیاری ژیانی نەمریم دەکرد، لێم تێنەدەگەیشتن، بەڵام دیار بوو لە نائاگاییەوە باوەڕیان پێی هەبوو، ئەگەرچی بەلایانەوە کێشەیەکیش نەبوو. پەرسگەیان نەبوو و بەشێوەی ڕۆژانە دەژیان و بە هاوئاوازی لەگەڵ جیهاندا دەیانگوزەراند. چ باوەڕێکیان نەبوو، بەڵام باوەڕی گەردەبڕیان ئەوە بوو، کاتێ بەختەوەرییە زەمینییەکەیان بەسەر دەچێ و دەگەنە سنووری زەوی، هەموویان، چ مردوو و چ زیندوو، دەگەنە هاوبەشییەکی گەورەتری جیهان. بەخۆشییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوون، بەڵام بە بێ ئۆقرەیی نا، بە ئارامی چاوەڕوان بوون، دەتگوت هەر ئەو کاتە، ئەو ڕۆژەیان لە دڵی خۆیاندا دیوە و هاوبەشی یەکتریان کردووە. کە ئێوارە دادەهات و دەچوونە پشوودان، حەزیان لێ بوو گردببنەوە و گۆرانی خۆش بڵێن. لە گۆرانییەکاندا، باسی هەموو ئەو هەستانەیان دەکرد کە ئەو ڕۆژە پێی بەخشیبوون کە تێپەڕیبوو. سروشت و خاک و زەریا و دارستانیان بە بەرزی دەنرخاند. شیعریان بەسەر یەکتردا دەگوت و وەک منداڵ یەکتریان هان دەدا. شیعرەکانیان زۆر ساکار بوون، بەڵام ڕاست لە دڵەوە دەهاتن و ڕێک دەچوونە دڵەوە. هەر شیعرەکان نا، دەتگوت هەموو ژیانیان هەر بۆ ئەوەیە بۆ یەکتر بەختەوەر بن. جۆرێ بوو، هەمووان عاشقی هەمووان بوون. هەندێ لە گۆرانییەکانیان پیرۆز و گەرموگوڕ بوون و لێیان تێنەدەگەیشتم.

وشەکانیان تێدەگەیشتم، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی چ واتایەک دەگەیەنن. هەر دەتگوت لە دەرەوەی تێگەیشتنی مندان، بەڵام بێ ئاگایانە، زیاتر و زیاتر دەچوونە دڵمەوە. پێم دەگوتن دەمێکە هەموو ئەو شتانە حاڵیم و ئەو بەختەوەری و خۆشییانە لە سەرزەمینی ئێمەشدا هەبوون، بەڵام وەک ئارەزوویەکی بەهێز، هەندێ جار بەرز دەبووەوە و دەبووە خەم و لە ختوورەی دڵمدا و لە خەیاڵدا ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو خۆشی و شادییانەدا بووە، بەڵام قەت بێ فرمێسک تەماشای ئاوابوونی خۆرم نەکردووە... ڕقم لە بەشەر، لەسەر زەوییەکەی خۆماندا، هەمیشە تێکەڵی خەفەت بووە: بۆ ناتوانم بێ ئەوەی خۆشم بوێن، ڕقم لێیان بێ و بۆ ناتوانم بیانبەخشم و بۆچی خۆشەویستیم بۆیان پڕە لە ڕق: بۆ ناتوانم بێ ئەوەی ڕقم لێیان بێ، خۆشم بوێن؟

گوێیان لێ دەگرتم و دیار بوو هەوڵیان دەدا بیهێننەوە بەر چاویان ئاخۆ باسی چی دەکەم، بەڵام لەوەی گوتم چ پەشیمان نەبووم: دەمزانی لە هێزی خەمەکانم دەگەن و دەزانن بیریان دەکەم... ئەوانەی کە جێم هێشتبوون. بەڵێ کە بە چاوی دۆستانەی پڕ سۆزەوە تەماشایان دەکردم، هەستم دەکرد دڵم بە دیداریان بێ گرێ و خەم

دەبێ و وەک دڵی ئەوانی لێ دێ. گلەیی ئەوەم نەکرد کە لێیان تێنەدەگەیشتم. هەستی پڕاوپڕبوونی ژیانی وا بەهێز گرتبوومی، خەریک بوو هەناسەم سوار بێ و هەر بە بێدەنگی بۆیان دەپاڕامەوە.

ئای! ئێستا هەموو کەسێ پێم پێدەکەنێ، چونکە کەس لە خەونیشدا ئەو وردەکارییانە نابینێ وا دەیانگێڕمەوە و لە خەوندا بەسەرمدا هاتوون و ڕەنگە لە کاتی بوورانەوەدا بەسەرمدا هاتبن و هەندێ لە وردەکارییەکانیش دوای بە ئاگاهاتنەوەم، لە داهێنانی خۆم بن. کە بۆم ڕوون کردنەوە ڕەنگە بەو شێوەیە بووبێ- ئەی خوایە! ڕووبەڕوو پێم پێدەکەنن! بەڵێ، دیارە کە ڕووداوەکانی خەونەکە بە سەرمدا زاڵ ببوون و تاکە شتێ بوون کە لە دڵە خوێناوییە زامدارەکەمدا مابوونەوە، بەڵام نیگارە ڕاستەقینەکانی خەونەکەم، واتە ئەوانەی کە بە ڕاستی لە خەونەکەدا دیبوومن، ئەوەندە پڕ بوون لەشێوە هارمۆنیایەک، تا ئەو ئەندازەیە جادووگیریان کردبووم و جوان بوون، ڕاستی بوون کە من، کە بە ئاگا هاتمەوە، نەمدەتوانی یەکسەر لە خەیاڵی خۆمیان بکەمەوە و هەر دەبوو وردە وردە لاکەون. لەبەر ئەوە، ناچار بووم دواتر وردەکارییەکان دابهێنم و دیارە ئاوهاش دەشێوان و ئەگەر پیاو بیر لە ئاواتە بە ئازارەکانم بکاتەوە، زوو دەتوانێ بیانهێنێتەوە بەرچاوی خۆی.

بەڵام لە لایەکی ترەوە، بۆچی باوەڕ نەکەم کە هەموو ئەو شتانە بە ڕاستی ڕوویان داوە؟ ڕوویان داوە و ڕەنگە هەزار جار لەوە باشتر و ڕوونتر و جوانتر بووبێتن کە من باسم کردن. با خەون بووبێ، بەڵام بەهەرحاڵ... ڕاستییەکی تێدا هەبوو. تەماشا، نهێنییەک دەگێڕمەوە: ڕەنگە هەموو ئەوانە، قەت خەون نەبووبن! چونکە شتێکی زۆر واقیعی و ناخۆش ڕووی دا و شتی وا قەت لە خەوندا ڕوو نادا.

ڕاستە ئەو خەونە ژیانێکی نوێی بە دڵم بەخشی، بەڵام ئایا تەنیا دڵی من لە بارێکدا بوو ئەو ڕاستییە ناخۆشە لەخۆ بگرێ کە دواتر بەسەرم هات؟ چۆن دەشێ من بە تەنیا بیرم لێی کردبێتەوە؟ ڕێی تێ دەچێ دڵە بچووکەکەی من و ئاگایی هاکەزایی بێ بەهای من خۆیان تا ئەو ئەندازە ڕوونە بەرز بکەنەوە؟

بەڵێ، خۆت بڕیار بدە: تا ئێستا شاردبوومەوە، بەڵام ئێستا ئەو ڕاستییەش ئاشکرا دەکەم. مەسەلە ئەوە بوو کە من... هەموویانم وێران کرد!

-٥-

بەڵێ، بەوە کۆتایی هات کە هەموویانم وێران کرد! چۆن ئەوە ڕووی دا، نازانم! بەڵام هەموو شتێکم بە ڕوونی لە بیرە. خەونەکە لە مەودای هەزاران ساڵەوە بوو و هەستی تەواوەتی خۆی جێ هێشتبوو. هەر ئەوەندە دەزانم من هۆی گوناهبارییان بووم. وەک ئەو کرمانەی میکرۆبی پەتا دەگوێزنەوە، لە بارێکدا بووم هەموو وڵات تووش بکەم. هەموو ئەو خەڵکەی سەر زەوی کە پێش بوونی من بێتاوان و بەختەوەر بوون، تووش بوون.

فێری درۆ بوون. فێر بوون حەزیان لە درۆ بێ و خۆشی درۆ تێبگەن. ئێ! ڕەنگە بەبێ مەبەست دەستیان پێ کردبێ، وەک سوعبەت، وەک خۆهەڵکێشان، وەک گەمەی ئەوین. ڕەنگە وەک تۆوێکی بێ بەها دەستی پێ کردبێ، بەڵام ئەو تۆوی درۆیە ڕەگی لە دڵیاندا داکوتا و حەزیان لێی کرد. ئەوجا ئارەزوو پەیدا بوو و ئارەزووش بەخیلی لێ کەوتەوە و بەغیلیش توندوتیژی لێ پەیدابوو... ئۆ! نازانم، لە بیرم نییە، بەڵام زوو، زۆر زوو، بۆ یەکەم جار خوێن ڕژا: هەموو سەرسام بوون و ترسان و لەیەکتر دوور کەوتنەوە و خۆیان لەیەکتر دەپاراست. بۆڵەبۆڵ و گلەیی دەکران. فێری شەرم بوون و شەرم ئەخلاقی داهێنا. واتای شەرەف و کەرامەت پەیدا بوو و هەر دەستەیەک و بۆچوونی خۆی لە بارەیانەوە بەرز ڕادەگرت. دەستیان بە ئازاردانی گیانداران کرد و گیانداران لێیان دوور کەوتنەوە و ڕوویان لە دارستان کرد و بوونە دوژمنیان. ئەوجا ململانێ بۆ تێکشکان و دابڕان و کەسایەتی و من من و تۆ تۆ دەستی پێ کرد. دەستیان پێ کرد، بە زمانی جیاواز قسانیان دەکرد. فێری خەم بوون و خەمیان خۆش دەویست. حەزیان بە ئازار دەکرد و دەیانگوت ڕاستی بە ناو ئازاردا دێ. زانست لە ناویاندا پەیدا بوو. کە خراپ بوون، باسی برایەتی و مرۆڤایەتییان دەست پێ کرد و لەو بیرۆکانەش تێدەگەیشتن. کە بوون بە تاوانکار، دادپەروەرییان داهێنا و یاسایان بۆ یەکتر دەنووسی و بۆ پاراستنی یاساش مل پەڕاندنیان داهێنا.

چی دی ئەوەیان لەبیر نەما چییان لە دەست دابوو و نەشیاندەویست باوەڕ بکەن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تاوانیان

ئەنجـام نەداوە. پێکەنینیـان بەوە دەهات بەختـەوەرییـە بەسەرچووەکەیان بگونجێ و بێتە دی و بە خەون ناویان دەبرد. تەنانەت نەشیاندەتوانی بیهێننە بەرچاویان، بەڵام سـەیر ئەوە بوو: ئەگـەرچی هەمـوو باوەڕێکیـان لە بارەی ئەو بەختـەوەرییـەوە لە دەست دابوو و بە داسـتـانیـان دەزانی، تا ئەو ڕادەیەش ئاواتەخـواز بوون بێ خـەتا و بەختەوەر بینەوە. وەک منداڵ دوای ئارەزووی دڵی خۆیان کـەوتبـوون و ئەو ئاواتەیان دەردەبڕی و پەرسـتگەیان دروست کرد و بۆ ئارەزووەکانی خۆیان «ئارەزووی خۆیان» دەپاڕانەوە. لە هەمـان ئەو کـاتەدا کـە باوەڕی تەواویان بەوە بوو کـە بەدی دێ، بەڵام بە دەم هەڵڕشتنی ئەشکەوە دەریان دەبڕی و دەپاڕانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا- ئەگەر بۆیان بگونجـابا بۆ بارودۆخی ئەو بێتـاوانی و بەختـەوەرییـە بگەڕێنەوە کە لە دەستـیـان دابوو و ئەگەر یەکێ کتـوپڕ، سـەر لەنوێ پێی پیـشـان بدابانەوە و بیگوتبـا ئاخـۆ گەرەکیانە بۆی بگەڕێنەوە، بە دڵنیاییەوە دەیانگوت: نا! پێیـان گوتم: با ئێـمە درۆزن و نادادپەروەریش بین، ئەوە دەزانین و بۆشی دەگـرین و خـۆشـمـانی بۆ ئازار دەدەین و بۆی شـەهیـد دەبین و لە دادپەروەر و توانایی توانایان، ئەوەی کە دوایی دادگاییمان دەکا و ناویشی نازانین، پتر خۆمانی لەسەر سزا دەدەین، بەڵام ئێمە زانستمان هەیە و بە یارمـەتی زانست سـەرلەنوێ ڕاستـی دەدۆزینەوە، بەڵام ئەم جـارەیان بە ئاگاییەوە قـەبووڵی دەکەین. ئاگـایی لە هەست زیـاترە و مـەبەست لە ژیان، لـە ژیان خـۆی زیاترە. زانست داناییمان دەداتێ و دانایی یاسا و لێهاتوویی لە بارەی یاسـاکـانی بەختـەوەرییـەوە دادەنێ و ئەوەش لە خودی بەختەوەری گەورەترە.

ئاوهایان دەگوت و دوای ئەو وشانە هەر کەسە و خۆی لەوانی تر خـۆشتـر دەویست و نەیاندەتوانی شتـێکی دی بکەن. هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە ئەوەندە بە بەغیلییەوە سەرقاڵ بوو، بەهەمـوو هێزیەوە دەیویست هەمـوو ئەوانی تر بخـاتە ژێر ڕکـێـفی خـۆیەوە و بیـانچـەوسـێنێـتـەوە- پێـشـیـان وابوو کـە ئەوە واتای ژیانە. کـۆیلایەتی پەیدا بوو، تەنانەت کۆیلایەتی ئارەزوومەندانەش هاتە کایەوە: لاوازەکـان، بە خـۆشحـاڵییـەوە کـاروباری بەهێـزەکانیـان ڕێک دەخـست تا لـە چەوسـاندنەوەی ئەو کـەسـانـەی لە خۆیان لاوازترن یارمەتییان بدەن. پیاوی ڕاست و تەواو، بە چاوی تەڕەوە دەچوونە لای ئەو کـەسـانە و لەبارەی سەرووەری و لە دەستدانی ڕاستی و هارمۆنی و شەرمەوە قسانیـان دەکرد. خەڵک پێیـان پێدەکەنین و بەردبارانیـان دەکردن. خوێنی پیرۆز دەڕژایە سەر سەکۆی پەرستگا.

لە لایەکی ترەوە، خـەڵکی وا پەیدا بوون بیـریـان لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانن هەمـوو خەڵکی یەک بخەنەوە، تا هەر کەسە و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لەوانی تر خۆشتر بوێ، لە سـەرەڕێی کـەسی تردا نەوەسـتێ تا هەمـوان لە یەک کـۆمـەڵگادا بژین. جـەنگی بەرەیی لە پێناوی ئەو بۆچوونەدا دەستی پێ کرد. هەموو ئەوانەی شەڕیان دەکرد باوەڕی تەواویان هەبوو کە لە ئەنجامدا، زانست و زانایی و وزەی خۆپارێزی خەڵک ناچار دەکەن لە کۆمەڵگایەکی هارمۆنی و بەسووددا کۆ بینەوە.

بۆ ئەوەی «زانایی»ش زوو بێتە دی، تا توانییـان زیاتر بۆ لەناوبردنی «نازانایی» پەلەیان کرد و هەمـوو ئەوانەی بیـرۆکـەکەی ئەوان تێنەدەگـەیشتن، بۆ ئەوەی ڕێڕەو تێک نەدەن، لەناو بران، بەڵام زوو وزەی خـــۆپارێزی پەیدا بووەوە و ئەو خـەڵکە ئازایەی حەزیان لە ڕابواردن دەکرد، یا هیـچیـان نەدەویست، یان هەمـوو شتـێکیـان دەویست، دەرکـەوتن و هاتنە مـەیدان. بۆ ئەوەی هەمـــوو شـتێ بە دەست بێنن، هێرشیان دەبرد و ئەگەر سەریش نەکەوتبان، خۆیان دەکوشت. مایەوە زانستە ئاینییەکان کە لە پێناوی ئازادی ڕەها و بۆشاییدا، لە عیبادەتی نابەرجەستە و خۆ ئازاردان پێک دەهات.

لە ئەنجـامـدا، ئەو مـرۆڤـانە، لەو کـارکـردنە بێ واتایە مـاندوو بوون و بەدبەختـی کـەوتەوە سـەر سـیـمـایان و باوەڕیان هێنا کـە چەوسـاندنەوە بە لەزەتە، چونکە تەنیـا لە چەوسـاندنەوە و ئازاردا واتا هەیە. گـۆڕانیـیـــان بە ئازاردا دەگـوت. چوومـە ناویان و دەسـتم هەڵگڵـۆفی و بۆیان گریام، بەڵام لە جاران، لەوکاتانە خۆشترم دەویستن کە هێشتـا ئازار لە سیـمایاندا ڕەنگی نەدابۆوە و هێشتا بێ گوناح و جـوان بوون. ئەو زەوییـەم خـۆش دەویست کە لەو کـاتە پیـسـتـریان کـردبوو کـە هێـشـتـا بەهەشت بوو، ئەوەش بەوەی کە خەم ڕووی تێ کرد. ئۆ! هەمیشـە خەم و پەژارەم خـۆش ویستـووە، بەڵام تەنیا بۆ خـۆم، بۆ ئەوانیش گـــریـام و داخم دەربڕی. دەســـــتم بۆ درێژ کـــردن و بە دووڵییەوە داخم دەربڕی و نەفرەتم لە خۆم کرد. پێم گوتن هەموو ئەوانە، من، بە تەنیا من لێیان بەرپرسیارم و هۆی ئەو درۆ و دەلەسـانەم. لێـیـان پاڕامـەوە لە خـاچم بدەن و

فـێـریشم کـردن چۆن خـاچ دروست دەکـرێ. من خـۆم نەمـدەتوانی و هێـزی خۆ کوشتنم تێدا نەمـابوو، بەڵام ئامـادە بووم بە دەسـتی ئەوان ئازار بدرێم و تێنووی ئازاردان بـووم. تێنـووی ئەوە بـووم دوا دڵۆپە خـوێن برژێ... بەڵام ئەوان هەر پێم پێدەکەنین و دوایی وەک ئەوەی شێت بم تەماشایان دەکردم: بە بێتاوانیان دەزانیم و دەیانگوت هەر ئەوەیان وەرگرتووە کە خۆیان حەزیان لێ بووە و هەرچی هەیە، بۆ ئەوە هەیە کە دەبێ وابێ. لە ئەنجامدا ڕایان گەیاند کە خەریکە بۆیان ببمە مەترسی و ئەگەر بێدەنگ نەبم، دەبێ لە نەخۆشخانەیەکی عەقڵیدا لە خەڵکم دابڕن. ئەوجا خەم لە دڵمدا بە تەوژمێکی وا سەری کرد، دڵمی بە سەر یەکدا هەنجاند و هەستم کرد مردم و ئەوجا... بە ئاگا هاتمەوە.

بەیانی دابوو. هێشتا دنیا ڕووناک نەببۆوە، بەڵام سەعات لە شەش نێزیک دەبۆوە. لەسەر هەمان کورسی چەرم بە ئاگا هاتمەوە. هەموو مۆمەکە سووتابوو و کوژابۆوە. هەموو ئەوانەی لای کاپتنەکە، نووستبوون و بێدەنگی دەستی بەسەر نهۆمەکەماندا گرتبوو. یەکەم شت کە ئەنجامم دا ئەوە بوو بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە ڕاپەڕم. هەرگیز شتی وام بەسەر نەهاتبوو. تەنیا یەک شت ڕاست نەبوو: هەرگیز لەسەر کورسییە چەرمەکە خەوم لێ نەکەوتبوو. لە کاتێکدا وەستابووم و شتەکانم بە تەواوەتی بە بیری خۆم دەهێنانەوە، دەمانچەکەم لە بەردەممدا دی دەدرەوشایەوە، لەسەر پێ بوو، بەڵام چاوم لەسەری لابرد. ئۆ! ژیانم دەویست، تەنیا ژیان! دەستم بەرز کردەوە و هاوارم بۆ ڕاستی هەمیشەیی کرد، ڕاستی ڕەها. پاڕامەوە. نا، نەپاڕامەوە، بەڵکو دەستم بە گریان کرد. خۆ بەدەستەوەدان، خۆ بەدەستەوەدانێکی بێ سنوور هەموو بوونی بەرز کردمەوە.

بەڵێ، ژیان- فێرکردنیش! لە هەمان چاوترووکاندا بڕیاری فێرکردنم دا. هەموو ژیانم! دەچمە دەرەوە و خەڵک فێر دەکەم. دەمەوێ خەڵک فێر بن- بەڵام چی؟ ڕاستی، چونکە دیتم. بە چاوی خۆم دیتم. بە هەموو جوانییەکییەوە دیتم!

کەواتە لەو ساتەوە بوومە فێرکەر! لەگەڵ ئەوەشدا- هەمووانم خۆش دەوێن، ئەوانەم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێن کە پێم پێدەکەنن. بۆ؟ نازانم و ناشتوانم ڕوونی بکەمەوە، بەڵام با وابێ، دەڵێن گوایە هەر لە سەرەتاوە هەڵەم. واتە هەر لە سەرەتاوە کەوتوومەتە سەر ڕێیەکی هەڵە. دوای ئەوە، چی ناقەومێ! زۆر ڕاستە: من هەڵەی خۆم دەکەم و لەوەیە خراپتریش بم. دڵنیام لە یەک هەڵە پتر ئەنجام دەدەم، ئەوەش لەو دەمەدا کە بۆ فێرکردن، بەدووی ڕێی ڕاستیدا دەگەڕێم. واتە بە چ وشە و ڕەفتارێک، چونکە زۆر زەحمەتە فێرکەر بیت. هەر لە ئێستاوە وەک ڕۆژی ڕووناک هەموو شتەکان دەبینم، بەڵام گوێت لێم بێ: کێ هەیە هەندێ جار هەڵە نەکا؟ خۆ هەموو ڕێیەکان بەرەو یەک ئامانج دەچن، بە هەرحاڵ هەموویان هەوڵ دەدەن بگەنە هەمان شت، لە زاناییەوە بۆ ڕاووڕووت، بەڵام بەشێوازی جیاواز. ئەوە ڕاستییەکی کۆنە، بەڵام ئەمەیان نوێیە: من ناتوانم هەڵەی زۆر بکەم، چونکە دیومە و دەزانم مرۆڤەکان دەتوانن جوان و بەختەوەر بن بێ ئەوەی توانای ژیانی سەر زەوی لە دەست بدەن. من نامەوێ و ناتوانم باوەڕ کەم کە خراپەکاری لایەنی سروشتی مرۆڤە، ئەوان بە باوەڕەکەم پێدەکەنن، بەڵام چۆن کارێکی وا بکەم کە ئەمە باوەڕم نەبێ: من ڕاستییەکەم دیت، ئەو ڕاستییە نا کە عەقڵ دایدەهێنێ، دیتم، بە چاوی خۆم دیتم و ئەو وێنە زیندووانە ڕوحیان بۆ هەمیشە پڕ کردم. ئەوەندە بە ڕوونی و تەواوی دیتم، ناتوانم جگە لەوەی کە بۆ مرۆڤیش دەگونجێ، باوەڕ بە شتێکی تر بکەم. کەواتە بە چ شێوەیەک من بە هەڵەدا چووم؟

دیارە بە تەبیعەتی حاڵ لە ڕێیە ڕاستەکە لادەدەم. بە دڵنیاییەوە لە جارێکیش زیاتر و دووریش نییە وشەی نائاشنا بەکار بێنم: ئەو وێنە زیندووانەی کە دێن بۆ هەمیشە لەلام دەمێننەوە و هەمیشەش ڕێم پیشان دەدەن و ڕاستم دەکەنەوە. ئای! پڕم لە بوێری و هەست دەکەم گەنجم، دەڕۆم خەڵک فێر دەکەم، با ئەوە هەزار ساڵیش بخایەنێ!

دەزانن، لە سەرەتاوە ویستم ئەو ڕاستییە بشارمەوە کە من هەموویانم وێران کرد، بەڵام ئەوە هەڵە بوو- یەکەم هەڵەش بوو! بەڵام ڕاستی بە گوێیدا چرپاندم کە درۆم کرد و دەستی خستە سەرم و خستمییە سەر ڕاستەڕێ، بەڵام بەهەشت چۆن پێک دەهێندرێ؟ ئەوەیان نازانم، چونکە ناتوانم بە وشە بیگێڕمەوە. دوای خەونەکە، بەشێوەیەک لە شێوەکان وشەکانم لە دەست دان، وشە هەرە گرنگەکانم لە دەست دان، بەڵام قەیدی نییە. بەهەرحاڵ: دەچمە

دەرەوە و بەردەوام قسان دەکەم، بەبێ برانەوە قسان دەکەم، چونکە من بە چاوی خۆم دیتم با نەشتوانم باسی ئەوە بکەم کە دیومە.

بەڵام ئەوانەی کە لە پاش ملە باسم دەکەن تێناگەن: خەونت دیوە وا دەڵێن. ئەوە خەونی تایە، ورێنەیە. وا ناڵێن؟ لووتی لێ بەرز دەکەنەوە! خەونە؟ خەونی چی؟

ئەدی هەموو ژیانمان خەون نییە؟ زیاتر دەڕۆم: لەوە گەرێ کە هەرگیز دەسبەردار نابێ، هەرگیز بەهەشت دروست نابێ (لە گۆشەنیگای وا تێدەگەم!)- بەڵام بە هەرحاڵ، لە فێرکردن بەردەوام دەبم. ئای! چەند ئاسانە: بە یەک ڕۆژ، بە یەک تاکە سەعات هەموو شتێک دەگۆڕێ!

مەسەلە سەرەکییەکە ئەمەیە: ئەوەی ئەولای خۆتەوە، وەک خۆت خۆش بوێ. ئەوە گرینگەکەیە، ئەوە هەموو شتێکە، هیچی تری ناوێ: ئەوجا یەکسەر تێدەگەی چۆن ئەوانی دی جێبەجێ دەکرێن. لە ڕاستییشدا ئەوە ڕاستییەکی کۆنە و دووبارە و چەند بارە، ملیاردێ جار خوێندراوەتەوە، کەچی لەگەڵیدا ڕانەهاتوون. «ڕاو بۆچوون لە بارەی ژیانەوە، لە خودی ژیان گرینگترن و زانینی کەرەستەی بەختەوەری لە خودی بەختەوەری گرینگترە» مرۆ دەبێ ململانێی ئا ئەمە بکا! من ململانێی دەکەم. ئەگەر هەموو کەس بیەوێ، لە یەک چاوترووکاندا هەموو شتێ دەگۆڕێ، بەڵام بە دوای ئەو کیژە بچکۆلەیەدا گەڕام... ئێستاش دەڕۆم! ئێستا دەڕۆم!

**سەرچاوە:**

**Ryska Klassiker**
**Tidens Forlag 1984, 1988**
**Forord Nils Åke Nilsson 1984**
**Omslag: Admanus, Stockholm**

**سەرنج:**

**هەرچەندە ئێمە لە گۆڤاری ڕامان کردوومانە بە عادەت و دەمێکە وەرگێڕانی دەقی داهێنەرانەمان لە بواری شیعر و چیرۆکدا لە زمانی یەکەمەوە بڵاوکردووەتەوە و وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەممان بەلاوە ناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەبینین کەسێک ڕاستەوخۆ زمانی چینی، یان یابانی، یان نیپالی نازانێ تا ڕاستەوخۆ لەو زمانانەوە وەریبگێڕێ، لەو حاڵەتەدا بۆ ناسینی شیعر و ئەدەبیاتی ئەو گەلانە ناچار دەبین لە زمانی دووەمەوە وەرگێڕانەکان بڵاو بکەینەوە.**

**بۆ وەرگێڕانی هەندێ شاکاری بەناوبانگی جیهانیش ئەگەرچی خەڵکانێکمان هەیە ئەو زمانانە دەزانن، بەڵام کەمتەرخەمن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانیان، بۆیە لێرەدا ئەم چیرۆکەی دیستۆیڤسکی کە لە بنەڕەتدا بە زمانی ڕووسی نووسراوە و کراوەتە سوێدی، وەرگێڕەکەی لە زمانی سوێدییەوە وەری گێڕاوە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد چێژ لە بەرهەمێکی ئەم نووسەرە گەورەیە وەربگرن. حەز دەکەین لێرەدا ئەوەش بە بیر خوێنەران بهێنینەوە کە لە کاتی خۆیدا (سامي الدروبي) کەوتە وەرگێڕانی شاکارەکانی دیستۆیڤسکی لە فەرەنسییەوە واتە ئەو وەرگێڕەش یەکسەر لە ڕووسییەوە وەری نەگێڕابوون، ئەوەش دەوەستێتە سەر سەلیقە و دەسەڵاتی وەرگێڕ کە تا چەند بەسەر وەرگێڕانەکەیدا زاڵە و چەند هەوڵ دەدا بە دەست پاکییەوە بیگوازێتەوە بۆ خوێنەران.**

**«سەرنووسەر»**



## حوسێن سێودین:
## هونەری سینەما هەمیشە باڵیۆزی وڵاتەکەیەتی لە دەرەوە، کەچی سینەما لە وڵاتی ئێمەدا بووە بە سینەما

**ئا: عەدنان عوسمان**

حوسێن سێودین لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکووک لە دایک بووە، دوای شۆڕشی ئەیلوول وەک (عائیدوون) گەڕایەوە شاری کەرکووک، لە ساڵی ١٩٨٠ لەجەنگی نێوان عیراق و ئێران بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێت، چەند جارێک لە مەرگ ڕزگاری بووە، ئەو دیمەنانەی جەنگی وەک باگراوندێک بۆ دیمەنەکانی فیلمی دوکیۆمێنتی و وێنەی فۆتۆگرافی بەکارهێناوە، دوایی دەچێتەوە شاخ و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتەوە شان، پاشان بڕیار دەدات شێوەی خەباتی بگۆڕێت، لە شوێنی چەک کامیرا بەکاربهێنێ، بۆ ئەو مەبەستە سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە ڕێگای ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٨١ دەگاتە وڵاتی هۆڵەندا، تا ساڵی ٢٠٠٥ لەوێ ژیان بەسەر دەبات، لەو ماوەیەدا ٤ جار سەردانی کوردستانی کردووە، سەردانەکانیشی زیاتر بۆ کاری هونەری بوون، لە ساڵی ١٩٩١ وەک یەکەم ڕۆژنامەنووسی کورد و بەناسنامەی هۆڵەندی بەشداری کۆڕەوەکەی کردووە و فیلمێکی ڕیپۆرتاژی بۆ کەناڵەکانی هۆڵەندی و سوێدی و بەلژیکی دروست کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە پەیمانگای فیلمی ڤیدیۆیی لە ئەمستردام دەستی بە خوێندن کردووە، ئەو سەردەمە سیستمی ڤیدیۆ

تازە هاتبووە نێو دنیای فیلمسازی و پێشکەوتووترین سیستمیش یۆماتیک بوو کە لەسەر ئەو بناغەیە لەپاش ٢ ساڵ ئەو پەیمانگایە تەواو دەکات، بە کورتە فیلمێکی ٣٠ خولەکی ناوونیشانی (ئەوپەڕی بێ هیوایی) تێزی دەرچوونی پێشکەش دەکات، لە ساڵی ١٩٨٨ چۆتە ئەکادیمیای سینەما و تەلەڤزیۆن لە ئەمستردام، کە بە باشترین ئەکادیمیای هۆڵەندی دەژمێردرێ و گەورە دەرهێنەرانی وەک (پاوڵ فیرهۆڤن و ڕوتخا هاوەر) دەرچووی ئەو ئەکادیمیایەن، لەو ماوەیەدا چەندین کاری ئەنجام داوە، بەتایبەتی وەرگێڕانی ئەو فیلمانەی کە باس لە مێژووی کورد دەکەن بۆ سەر زمانی کوردی و نیشاندانی بە کوردەکانی هۆڵەندا، بۆ تێزی دەرچوونی لە ئەکادیمیاش فیلمێکی سینەمایی بەناوی (دەمامکە شووشەییەکان) دروست کردووە کە بە سیستمی سوپەر ١٦ ملمی سینەمایی وێنەگیراوە، لە ساڵی ١٩٩٣ فیلمێکی دوکیۆمێنتی بەناوی (کوردستان لە ڕێگای ئازادی)دا دروست کردووە، هەر بەمەبەستی ئەنجامدانی فیلمێکی دیکۆ درامی لەسەر ژیان و بەرخودانی ژەنەڕاڵ بارزانی نەمر چاوی بە (ڕێزدار مەسعوود بارزانی) کەوتووە و ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی ئەو فیلمەی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو فیلمە لەلایەن وڵاتی هۆڵەنداوە پشتگیری ماددی دەکرا، ئەوان پێیان گوتووە کە لەو بارودۆخە ترسناکەی عیراق و ناوچەکە ناکرێ پرۆژەیەکی وا ئەنجام بدەین، لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەمستردام یەکەمین میهرەجانی فیلمی کوردی ئەنجامداوە کە ٢٥ فیلم بەشدارییان تێیدا کردووە، چ ئەو فیلمانەی کورد دروستی کردبوون، یان ئەو فیلمانەی لەسەر کورد دروست کرابوون، وەزارەتی ڕۆشنبیری هۆڵەندی و دەزگای ئەمنستی ئینترناشیوناڵ سپۆنسەری سەرەکی ئەو میهرەجانە بوون. لە ساڵی ١٩٩٧ بە پشتگیری هەردوو کەناڵی ٣ی هۆڵەندی و ئێم پی ئێس لە کوردستان فیلمی دوکیۆمێنتی (بەری داری ئازادی) دروست کردووە، بابەتی فیلمەکەش بەگشتی باس لە بارودۆخی سیاسی کورد دەکات، بە تایبەتی بارودۆخی کەرکووکییەکان، پاشان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵی ئەمستردام ئامادە کردووە کە باسی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەکرد، لە هەمان کاتدا بەرنامەکە وەردەگێڕدایە سەر زمانی کوردی، خاوەنی زۆر پرۆژەی نەتەوەیی دیکەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ: (ئەو وڵاتانە پشتگیری ماددیمان ناکەن ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان فیلمەکانمان پێوەندی بە سیاسەتی ئەو وڵاتانەوە نەبێ).

* ماوەیەک بوو خەریکی نووسینی سیناریۆیەک بوویت بۆ ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی (بەختیار عەلی)، ئەو پرۆژەیە بەکوێ گەیشت و چی بەسەرهات؟

- بەڵێ چیرۆکی فیلمە درێژەکەم لەو ڕۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەبەر ئەوەی ئێستاکە لە کوردستان ئەو توانا تەکنیکییە لەبەر دەستدا نییە کە هەموو ڕۆمانەکە وێنەی بگیرێ و بەتەکنیکێکی نوێ خۆی دەر بخات، بۆیە بەشێکی ئەو ڕۆمانەم بۆ کارکردن هەڵبژاردووە، ئەویش بەشی (شەوی حیسابە) کە پێم وایە بەشێکی گرنگی ئەو ڕۆمانەیە، دوای ئەوەی سیناریۆکەم نووسییەوە و بە ئیمێل بۆ بەختیار عەلی-م ڕەوانەکرد، هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر لە ئەڵمانیا چاومان بەیەکتری کەوت و گفتوگۆمان لەسەر ئەو مەسەلەیە سازکرد و بە بۆچوونە جوانەکانی، سیناریۆیەکەی دەوڵەمەندتر کردم، پاشان هونەرمەند ئازاد سەوزە بەڕێوەبەری هونەری سینەما لە شاری سلێمانی زۆر پاڵپشتی لێدەکردم و لەو ڕێگەیەوە توانرا بودجەیەکی بۆ دابین بکرێ، لەوساوە خەریکی کارەکانی پێش وێنەگرتنم، واتە ئامادەباشی بۆ وێنەگرتن.

* ئایا تایتڵی فیلمەکەت وەک ناوونیشانی ڕۆمانەکە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دەمێنێتەوە، یان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟

- تایتڵی فیلمەکەم بەناوی (شەوی حیساب) دەبێت، بەڵام دەنووسرێت لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی وەرگیراوە.

* بۆ ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانت هەڵبژارد؟

- زۆر بە هەستیاری ئەو بابەتەم هەڵبژاردووە و ئەوە دوو ساڵە خەریکی ئەو کارەم ،پێم وایە هونەرمەند دەبێ زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکاندا بکات، ئەو ڕۆمانە لەسەر ئاستی نەتەوایەتی دەنگی داوەتەوەو وا بۆ ئینگلیزی و عەرەبی وەردەگێڕدرێت ئەمڕۆکە، دەبێ بزانین چی بۆ سینەمای کوردی گرنگە، ئەو ڕۆمانە کۆمەڵێک خەیاڵی جوان و فراوانی تێدایە،

دەکرێت سینەمای کوردی وەک سەرچاوە سوودیان لێ وەربگرێت، بەڵکو سینەما لە دنیادا زۆر لەوە فراوانترە و بناغەیەکی قووڵی نەتەوایەتی هەیە، شاری مۆسیقارە سپییەکان ڕۆمانی کەسێکی کوردە کۆمەڵێک بیرو خەیاڵاتی بەرفراوانی جیهانی هەیە و لەهەمان کاتیشدا بەرگێکی ئینتەرناشیونالی کردۆتە بەر کێشەکانمان، ئەگەر ئەو کارە بەراورد بکەین بەو درامایانەی کە ئێستاکە دەیانبینین لەگەڵ ڕێزم بۆیان، زۆر جیاوازە، دەبوایە ئەو دراما کوردییانە لە ساڵانی حەفتاکانەوە لە مۆزەخانەیەکی کوردی دابنرێن! من پێم سەیرە بۆچی لەناو نەتەوەی ئێمەدا هونەر و دراما لەو ئاستە نزمەدا بمێنێتەوە؟ ئێمە بۆ ئەوە کار دەکەین سینەمایەک وەک سینەمای ئیتاڵی و ستایلی نیوریالیزمی ئیتاڵی دابمەزرێنین کە بناغەی ڕۆمانی هەبێت، بە داخەوە بودجەیەکی زۆر کەممان بەدەستەوەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە گرنگە سینەماییە.

سینەما دەبێتە باڵوێزی وڵاتەکەی ئێمە لەدەرەوە، بۆیە دەبێ دەوری کاریگەری هەبێت، بەداخەوە لەو وڵاتەی ئێمە سینەمامان کرد بە سینەما، ئەو شتانەی لێرە ڕوو دەدەن زۆر سەیرن! کۆمەڵێک سینەماکارمان لێرە بوون و هیوامان پێیان زۆر بوو کە کاری باش بکەن، بەڵام نازانم لەبەر چ هۆیەک ئێرە جێ دەهێڵن؟ نابێ ئەو شتانە بێ حەق و حیساب بڕوات، بەڕاستی ئەمە ڕەوا نییە.

* وەک دەرهێنەرێک چەندین فیلمتان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دروست کردووە و کۆمەڵێک دەرهێنەری دیکەش ئەو کارەیان کردووە بۆ لە میانەی کارەکانتاندا هەوڵتان نەداوە ستافی تەکنیکی و هونەری دروست بکەن تاوەکو پیشەسازی سینەما لێرە پێش بکەوێت، لەلایەکی تریش ئەو بڕە پارەیەی کە حکوومەت بۆتانی دابین کردووە، نەچێتە دەرەوەی کوردستان و ژێرخانی ئابووری ئێرەی پێ ببووژێتەوە، ئەگەر ئەو بووژانەوەیە، بەڕێژەی زۆر کەمیش بێت؟

– زۆر زۆر ڕاست دەکەی، بەڵام ئەو کارە هی دەرهێنەرێک نییە کە بە تەنیا ئەنجامی بدات، بەڵکو دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو کارە بکات، دەبێ ئەو پلانی هەبێت بۆ کارەکانی خۆی، بەڵام خۆشبەختانە ئەوەتا بەشی سینەما لەکۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشێکی لەو ئەرکە خستۆتە سەرشانی و ساڵانی داهاتوو پۆلێک لە کەسانی سینەماکار کە زانستییانە لە سینەما گەیشتوون دێنە گۆڕەپانەکە و هیوای زۆرمان بەوان هەیە کە بتوانن تەکانێکی باش بەو ڕەوتە هونەرییە گرنگە بدەن و ببنە بناغەیەک بۆ سینەمای وڵاتەکەمان. دەبووایە ئەو ئەکادیمییایە گرنگی زیاتری پێ بدرابایە تاوەکو ئەو کادیرانە دروست بن کە باسی دەکەن، من زۆر پشتگیری ڕاو بۆچوونەکەی ئێوە دەکەم و من زۆرم پێ باشترە کە کادیری کورد دروست بێت، حەتمەن لە زۆر ڕووەوە باشترە لەوەی کادیری هەر وڵاتێکی دیکە بهێنین، لە وڵات کە مەبەستم وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، چونکە تاکە وەزارەتی تایبەتمەند بەبواری ڕۆشنبیری و هونەرە، دەبووایە ئێستاکە چەند پۆلێک لەو کادیرانەی دروست کردبایە، کەچی ئێمە تەکنیککاری باشمان هەیە، بەڵام دنیا ڕۆژ بەڕۆژ لە پێشکەوتندایە، بەتایبەتی سیستمی وێنەگرتن و

## من زۆرم پێ سەیرە بۆچی لە ناو نەتەوەی ئێمەدا هونەر و دراما لەو ئاستە نزمەدا بمێنێتەوە؟

ڕووناکی و مۆنتاژ و زۆر لایەنی دیکە دەبووایە لەدەرەوە دەرسیان وەرگرتایە و زانستییانەتر فێری کارەکانیان بوونایە، سەیری زنجیرە دراماکانی خۆمان بکە و بەراوردی بکە بە زنجیرە دراماکانی جیهانی، کارەکانی ئەوان دۆبلاژی زمانی تر دەکرێن بەڕاستی، چونکە لەسەر ئاستێکی جیهانی کاریان کردووە و کارە هونەری و تەکنیکییەکانیان زۆر پێشکەوتوون، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لە مەڕ خۆمان لە شوێنی خۆیان چەقیون و جووڵە ناکەن، کە ئەمەش کارێکی خراپە و خزمەت بە وڵات ناکات. من ئێستاکە پێم خۆشە ستافی تەکنیکی و هونەریم هەمووی کورد بن، بەڵام کە دێیتە سەر کاری پراکتیکی، دەبینین کەسانی وانییە لەو بوارانەدا زانستییانە کار بکەن، ناچار دەبین پەنا بۆ خەڵکی بێگانە بەرین.

* پێت وانییە سینەماکاران دەبێت بە پرۆژەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت سازبکەن؟

– ئێمە پرۆژەیەکی لەو بابەتەمان پێشکەش کرد و بەو نیازەی کە ئینستوتێکی سینەمایی لە شاری کەرکووک دروست بکەین، چونکە من خۆم لە کەرکووک دەژیم،

هەروەها کۆمەڵێک کادیری دیکەش هەن لێرە لەبواری سینەمادا کاردەکەن، شاری کەرکووک شارێکی میترۆپۆڵ بووە، پێشتر پێنج هۆڵی سینەمای تێدا بووە، سینەمای شەوانەی هەبووە، کەچی ئێستاکە چالاکی سینەمایی لەو شارەدا زۆر کزبووە، بگرە هەر نەماوە، ئەوە دوو ساڵە خەریکی ئەو پرۆژەیەم، بەڵام تاوەکو ئێستاکەش بەتەواوەتی نەهاتۆتە بەردەست، نازانین لەکام دەرگا بدەین، بەرنامەمان زۆر زۆرە بۆ ئەوەی کولتووری سینەما لەشاری کەرکووک ببووژێنینەوە، ئەو ئیشانە لە وڵاتی ئێمە زۆر قورس بەڕێوە دەچن، لە بەرانبەردا دەبینین لەبواری دیکەدا ملیۆنان دینار خەرج دەکرێت، بەڵام لە بواری سینەمادا ئەوەمان نەبینیوە و گرنگی زۆری پێ نەدراوە، پێویستە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، هەر سینەماکارە و دەگەڕێتەوە دەرەوە، ئەمانە هۆکاربیان هەیە، دەبێ بزانین ئەو کارە بۆ وایە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

* هۆکارەکانی پێشکەوتنی بواری فیلمسازی لە وڵاتی ئێمەدا چییە؟

– دروستکردنی ئەکادیمیایەک بە شێوازێکی جیهانی، مەبەستم ئەوە نییە وەک ئەکادیمیایەکانی ئەمەریکا، یان بەرازیل و هۆڵەندا بێت، ئێمەش دەزانین توانای حکوومەتەکەمان چەندە، لەلایەکی تریش دەزانین کە کوردستان توانای ماددی باشی هەیە، بەڵام لە بێ پلانی و نەخشەیی بە فیرۆ دەڕوات، نەوەک ناوی ئەکادیمیا بێت ئیمکانیاتی سفر بێت، دەبێت هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت ،دووەمین کار کە پێویستە بکرێت بۆ پێشکەوتنی ئەو بوارە دروستکردنی شارێکی سینەماییە وەک وڵاتانی میسر و ئیتالیا و زۆر شوێنی دیکە، با ئەو شارە دروست بکرێت و بخرێتە بەر دەستی سینەماکاران و هەموو پێداویستییەکانی دیکۆر و ئێکسسوار و لابراتواری تێدابێت، هەروەها سینەماکاران لەو کارە زۆر سوودمەند دەبن. گەورەترین گرفتی دەرهێنەرەکوردەکان ئەوەیە کاتێ بە نێگەتیڤ کار دەکەن دوای وێنەگرتنی دەبێ مەتریالەکان ڕەوانەی وڵاتێکی تر بکرێت، بەڕاستی من حەز ناکەم مەتریاڵ و نێگەتیڤی من بچێتە وڵاتێکی دیکە، بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمان کە ئەوان پێش خۆم ببینن من چیم کردووە، ئینجا بیکەنە پۆزەتیڤ، بۆ ئەو کارە لە وڵاتەکەی خۆم نەبێت، ئەوە زۆر گرانە، هەر ئەوەندەی ئەو بینا تازانەی تێ دەچێت کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەون با چوار ئەوەندەی تێ بچێت، لەو بڕوایە دام کە ئەو شارە خزمەتێکی گەورە بەو ڕەوتە دەکات، زۆرجار لە میدیای کوردی ئەو پرۆژانە ورووژێنراون، بەڵام کاریان بۆ نەکراوە، بۆیە دەبینین لێرە تەکنیکی سینەما متمانە دەکاتە سەر دەرەوەی وڵات.

* باشە بۆ تاوەکو ئێستاکە کەرتی تایبەت نەیتوانیوە دەوری کاریگەری خۆی بگێڕێ؟ ئایا بەبێ پشتگیری حکوومەت کەرتی تایبەت دەتوانێ ڕەوتی سینەما لە کوردستان بەرەو پێشەوە ببات؟

– لە ڕاستیدا حاڵی حازر کەرتی تایبەت لە ئاستی ئەوەدا نییە ئەوە بگرێتە ئەستۆ، کەرتی تایبەت تەنیا پارە نییە و بەس، بەڵکو پارەدار ڕۆشنبیرەکانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێ وڵاتەکەیان لە ڕووی ڕۆشنبیری و شارستانییەتەوە پێش بکەوێ، دەوڵەمەندەکانی کورد ئامادە نین پارەی خۆیان لە سینەمادا بخەنەکار، لە کاتێکدا نازانن بازاڕ چۆن دەبێت. ئایا دەتوانن قازانج بکەن، یان نا؟

بەڵام ئەوەی جێگای داخە فەرمانگەکانی سینەما و ئەنجوومەنی وەزیران ئێستاکە هەر پرۆژەیەکی فیلمیان بچێتە بەر دەست، یەکسەر وەڵامان دەدەنەوە و دەڵێن بڕۆنە کەرتی تایبەت کارەکەتان جێبەجێ بکەن منیش دەڵێم کام کەرتی تایبەت!؟ بۆیە پێم وایە لەو قۆناغەدا دەبێ کەرتی تایبەت بە پشتگیریی حکوومەت کار بکات و خەڵکی بەڕێز و ڕۆشنبیر ئەو شوێنانە بەڕێوە ببەن.

* ئێوە بێ ئاگا نین لە شۆڕشی تەکنەلۆژیا کە خەریکە سینەمای نێگەتیڤ بەیەکجاری دەسڕێتەوە، پێشم وایە کە ئەو سیستەمە تازەیە کەم خەرجیتر و خێراترە لە کاری نێگەتیڤی سینەما. ئایا پێت وانییە ئێمە دەتوانین بە جوانترین شێوە لەو سیستەمە پێشکەوتووەی دیجیتاڵ سوودمەند بین و بەکاری بهێنین؟

– ئەو سیستەمەی دیجیتاڵە بۆ ئێمە خواپێداوییە و زۆر زیرەکییە ئەگەر بتوانین بە جوانی بەکاری بهێنین ئێستاکە بەشێکی زۆر لە فیلمسازانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئەو سیستەمە سەرکەوتووانە بەکار دەهێنن، خۆشم ئەم فیلمەم بەو سیستەمە دروست دەکەم، چونکە لابراتواری پێویست نییە، هەروەها کوالەتی وێنەی دیجیتاڵ زۆر نزیکە لە

کوالەتی فیلم، هەروەها ئەو سیستەمە توانای ئەوەی هەیە دوای مۆنتاژ کردن بیخەیتە سەر ٣٥ ملمی سینەمایی.

* کەواتە کام لەو دوو سیستەمە پەسند دەکەن؟

– دەبێ دامەزراندنی بەرهەمەکە وەک سینەما بیری لێ بکرێتەوە، چونکە لێرەدا تەنیا تەکنیک گۆڕاوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە بەکامیرانێک و دەنگ هەڵگرێک بتوانین فیلم بکەین، ئەو سیستەمە ئەلتەرناتیڤێکی باشە بۆ ئێستاکەی ئێمە، بە تایبەتی کە لێرە لابراتواری سینەمایی نییە و ناتوانین دوای وێنەگرتنی فیلمەکەمان یەکسەر وێنەکان ببینین.

* بینەری ئێمە زۆر بێ بەشە لە بینینی فیلمە کوردییەکان، دوای تەواوبوونی فیلمەکەتان ئەگەر لە کوردستان یەکەم نیشاندان ساز بکەن، لەکام هۆڵی سینەما نیشانی دەدەن؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا هۆڵی شیاو بۆ نیشاندانی فیلم هەیە؟

– بڕوات هەبێ من زۆر دڵتەنگم کە ئەو کەموکوڕیانە دەبیستم، حەز دەکەم بواری سینەما کەموکوڕی نەبێت، من پێم خۆشە فیلمەکەم لە هەموو شار و شارۆچکەو دێهاتێکی کوردستان نیشان بدەم، بەتایبەتیش سوود لەسیستەمی دیجیتاڵ وەربگرین فیلمەکەم بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمایە لە شاری سلێمانی کە سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئەوان چۆنیان پێ باش و شیاو بێت، ئەوە لەسەر نیشاندانەکەی ڕێک دەکەوین.

بەداخەوە خەریکە خۆمان دڵتەنگ دەبین لەوەی باسی هەر کەرستە و پێداویستییەکی سینەمایی دەکەین، سەرئەنجام دەڵێین نیمانە. ئەو وڵاتەی ئێمە بەرهەمی ڕەنج و خەباتێکی دوور و درێژی خوێناوییە، بەڵام نازانم بۆ ئێستاکە ڕیلاکس و بێ خەمین.

* زۆرجار ئەوە دەبیسین کە ئەو بڕە پارەیەی بۆ فیلمە کوردییەکان تەرخان دەکرێت بڕە پارەیەکی زۆرە و بەهەدەر دەڕوات! بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەو پرسە چییە؟

– سینەما بە هیچ شێوەیەک فرۆفێڵی تێداناکرێت، ڕەنگە خەڵکی ئاسایی ناحەقیان نەبێت ئەو گلەییانەمان لێ بکەن، چونکە ئەوان ئاگادارنین دروستکردنی فیلمێک بەچەند قۆناغی سەختدا تێپەڕ دەبێت و هەر لەبیرۆکە و چیرۆک و سیناریۆ و خۆئامادەکردن و هەڵبژاردنی شوێنی وێنەگرتن و ئەکتەری نێر و مێ، ئینجا هەڵبژاردنی ستافی تەکنیکی و هونەری و دواتر قۆناغی مۆنتاژ و دابەشکردن و بڵاو کردنەوە.

دیارە ئەو کەسانەی کە لە پشتی فیلمێکی سینەماییەوە کاردەکەن وەک لەشکرێکن، بێ گومان لەشکرێک پێویستی بە بڕە پارەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کارەکان بەجوانی بەڕێوەبچن. سینەما کارێکە لە دروست کردنی کارگەیەک دەچێت ئینجا بیری لێ بکەوە و بزانە دروستکردنی کارگەیەک چەند نەخشەو ئەندازیار و کرێکار و وەستاو کەرستەی دەوێت، سینەماش لە دروستکردنی ئەو کارگەیە زۆر سەختترە، بۆیە غەدرە ڕۆژنامەنووس کاری سینەما بە سادەیی ببینێ، ئەوانەی کە کاری نابووت و خراپ ئەنجام دەدەن، خەڵکە باشەکەشیان لەگەڵ خۆیان سووتاندووە.

* پێتان وایە سینەما لەوڵاتی ئێمەدا بۆتە کولتوور ئەگەر بۆتە کولتوور، بۆ پێش ناکەوێ، ئەگەر نەبۆتە کولتوور چۆن هەنگاوی زانستی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەستەبەر بکرێت؟ ئایا نەبوونی ڕۆژنامەگەری سینەمایی نەبۆتە ئاستەنگێک بۆ گەیاندی پەیامی سینەما؟

– سینەما بۆتە کولتوور، بەتایبەتی لەفیلمەکانی یەڵمازگۆنای و بەهمەنی قوبادی و ئەم فیلمانەی بەم دواییە ڕەنگیان داوەتەوە و کاردانەوەی چاکیان هەبووە، من بیست ساڵ لە هۆڵەندا بووم، ئەوێ وڵاتێکی بچووکە و بە کشتوکاڵ بەناوبانگە، بەڵام سینەماکاری باشیشی تێدایە ئەو سینەماکارانە بەبودجەی دەوڵەت گۆڤارێکی سینەماییان کرد و لەهەموو شوێن بە خۆڕایی دابەش دەکرا. کاردانەوەی باشیشی هەبوو، هەروەها کارێکی باش بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سینەمایی.

* سازدانی فیستڤاڵی کورتە فیلم تاچەند هاندەر دەبێت بۆی بەرەو پێشەوەچوونی فیلمسازی کورد، ئایا چ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانە لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ؟

– لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکاندا بەدڵنیاییەوە سازدانی فیستیڤاڵ کارێکی زۆر سەردەمیانەیەو کاردانەوەی پۆزەتیڤانەی زۆری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ڕووداوێکی کولتووری جوانە، خۆم لەیەک دوانێکیان بەشدار بووم، گرنگ ئەوەیە بزاڤێکی هونەری جوان دەخولقێنێ، بوار بەهەندێ کەس دەدات کە فیلم دروست بکەن و تا ئاستێک پشتگیری ماددی دەکرێن. ئەمە کارێکی زۆر باشە بۆ گرنگیدان بەسینەما، بەڵام بەداخەوە

فیستیڤاڵەکانی خۆمان هەندێک پەرشوبڵاویان پێوە دیارە. دەبووایە خەم لەوە بخورێ کە فیستیڤاڵی نەتەوەیی سازبکرێت، نەوەک تەنیا لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا بێ و بچێ، ئەوە کەرکووکیش هەر هیچ کەس حیسابمان بۆ ناکات، باشترە بە نیگایەکی جیهانی فیستیڤاڵەکان ساز بکەین و بیانکەینە نەریتێکی ساڵانەو بایەخی زۆری پێ بدەین و ڕەخنەگر و دادوەری جیهانی بانگ بکەین بەم شێوەیە لە دواڕۆژدا دەبێتە فیستیڤاڵێکی جیهانی وەک ئەوەی کە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە.

* چ بیرەوەرییەک لە میمۆری مێشکت ماوە کە بووبێتە هۆی چەکەرە کردنی هونەری سینەما؟

– لەتەمەنی ١٢یان ١٣ ساڵیدا سەندووقێکم دروست کرد لە لایەک لایتێکم دانا بوو، لە لایەکی تریش یەک فرێم لە فیلمی سینەماییم دانابوو، لەگەڵ برادەرەکانم سەیرمان دەکرد، لەوێ هەستم بەیەکەم بینینی فیلم کرد، ئەوکاتە شاری کەرکووک ٥ هۆڵی نیشاندانی فیلمی تێدا بوو، ئەمە جگە لە سینەمای هاوینە، لەوێ من وێڵ و سەرگەردانی سینەما بووم و چاوم بە سینەما ئاشنا بوو، بەردەوام فیلمم دەبینی، فیلمەکانی ئەو سەردەمەش زۆربەیان هیندی بوون، بۆ ئەو مەبەستە زۆرجار لەماڵەوە دووچاری گرفت دەبووم، بەتایبەتی فیلمی درامی و میلۆدرامی هیندی واقیعی دەرەوەی لەبیر دەبردینەوە لەگەڵ فیلمەکانی (سەنگام و دایکی هیند) تێکەڵ بە دنیایەکی دیکە دەبووین. کاتێ درەنگانی شەو دەگەڕاینەوە ماڵەوە بەلێدان و ڕاوە دوونان سزا دەدراین.

* چەند جار بەهۆی سینەماوە لێدانت خواردووە؟

– باوکم پیاوێکی سادە و ئاشتیخواز بوو، زیاتر لە دایکم دەترسام، وابزانم باوکم دوو سێ جار تاکە پێڵاوی تێ گرتووم، بەڵام خۆشبەختانە بەرم نەکەوتووە. جارێکیان لە سەیرکردنی فیلمی سەنگام دەهاتمەوە، هەموو گەڕەک لەدوای من دەگەڕان، چونکە ماوەی فیلمەکە ٤ کاتژمێر بوو، هەروەها نیشاندانەکە بەشەو بوو، کە بە دیار کەوتم هەموویان تاویان دامێ و منیش کەروێشک ئاسا بۆی دەرچووم، بەڵام بێ سوود بوو، منیان گرت و هەر ئەو شەوە دارکاری کرام.

لەم ماوانەدا نووسینێکی (فللینی)م خوێندەوە کە دەڵێ: (بۆ ئەوەی لە واقیع ڕابکەین و لە تاڵی ژیان دوور کەوینەوە پێویستە ڕووبکەینە سینەما).

* برادەرەکانی تەمەنی هەرزەکاریت ڕێچکەی سینەمایان هەڵبژارد، یان دوور کەوتنەوە؟

– بە داخەوە برادەرانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم زۆربەیان مردوون، لە جەنگەکانی عیراق و شۆڕشی نەتەوەکەمان تێچوون دوو برادەرم لە سویدن، لە کەرکووک چاوم بە یەک دووانێکیان دەکەوێ بوونەتە باپیرە، بەداخەوە ئەوان ئەو ڕێچکەیەیان هەڵنەبژارد.

* لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنت، وانەی هونەر هەبوو؟ ئایا مامۆستاکەتان کێ بوو؟

– بەڵێ وانەی هونەر هەبوو کە بریتی بوو لە موزیک و وێنە. مامۆستای موزیک قادر مەردان بوو کەمانچەی بۆ دەژەنین و ئەوەی لە شوێنی خۆی جووڵەی کردبا بە قەوسی کەمانەکە لێی دەدا، بۆ وانەی وێنەش بەباشی بیرم نایەت نازانم وێنەی جوانم کێشاوە، یان نا.

* هیچ لە وێنە و پاشماوەکانی سەردەمی منداڵیت ماون؟

– وێنەی فۆتۆگرافیم ماوە کە خۆم گرتوومن، شتێکی زۆر سەیر لە ژیانی گەنجیمدا هەبوو حەز دەکەم بۆتانی باس بکەم: لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، حەزم لە کچێکی گەڕەکەکەمان دەکرد.

* ئەویش حەزی لەتۆ دەکرد، یان خۆشەویستی یەک لایەنە بوو؟

– نا ..نا هەموو گەڕەک دەیانزانی ئێمە حەز لە یەکتر دەکەین، بەنسبەت منەوە حەزەکە ئەوەندە بوو، کامیرایەکی فۆتۆگرافیم کڕی و نزیکەی دوو هەزار وێنەیم گرتووە بەهەر کۆڵانێک ڕۆشتبا وێنەیم دەگرت، هەندێ جار زۆر دوور بوو، وەک خاڵێک لەناو وێنەکە دیاردەکەوت، بەڵام هەر پێم خۆش بوو، هەرگیز ڕێک نەکەوتووە قسە لەگەڵ یەکدا بکەین، بەڵام یەکترمان زۆر خۆش دەویست، کەچی بەداخەوە بۆ یەکتر نەبووین.

* بۆ سینەمات هەڵبژارد بە ڕێکەوت بوو، یان چۆن بوو؟

– کاتێ دەچووین بۆ سینەماکانی کەرکووک بە هۆشیارییەوە سەیری فیلممان دەکرد، ئەو کاتە هەستمان کرد کە ئەو ئامرازە بۆ پێشخستنی هەستی نەتەوایەتی زۆر گرنگە. لەگەڵ هاوڕێم (سەباح مەحموود) بیرمان لەوە دەکردەوە کە بەو ئامرازە دەتوانین زۆر شت بکەین،

بەڵام نەدەوێراین لە دەزگــاکــان نزیک بکەوینەوە، ئەو سەردەمە ئامێری چاپکردن (تابیعە) قەدەغەبوو، ئینجا تۆ وەرە بیر بکەوە کە کامیرایەکت هەبێ. ئەو هۆشیارییە لەلای من لە بینینی فــیلمــەکــانەوە دروست بوو، بەتایبــەتیش فــیلمــە یۆنانیــیــەکــان وەک (زێد، ئەو زیندووە)پێم وایە هەر لە منداڵییــەوە پێوەندیمان لەگەڵ سینەما پێوەندییەکی ڕوحی بووە.

* گەورە دەرهێنەری سویدی ئینگمار بێرگمان دەڵێ: لەگــەڵ بینینی یەکــەم فــیلم لە ژیانمدا تایەک دایگرتم نەمزانی ئەوە چییە تابوومە دەرهێنەری سینەمایی، ئینجا زانیم ئەوە تای سینەمــایە تا دەشــمــرم ئەو تایە بەرم نادات، ئایا ئەو تایە ئێوەی نەگرتووە؟

– ئەو تایە منیش هەمە و تا ئێستاکەش لەگەڵمدایە، بەڵام دەترسم ئەو تایە لای ئێمە بەرهەمدار نەبێت، وڵاتی بێرگمان سویدە لەوێ هەموو شتێک ڕێک خراوە و بە ڕێکوپێکی ڕێگای خۆی دەبڕێت، بەڵام ئێمە لە وڵاتێکین نازانین بەیانی چی ڕوو دەدات و دوارۆژمان چۆن دەبێت، وەکو گەڵای پاییز با دەمانباو دەمانهێنێتەوە.

* پێم خــۆشــە ڕاســتگۆیانە وەڵامی ئەو پرســیــارەم بدەیتەوە؟

– بەڵێ فەرموو.

* پێت وایە تۆ دەرهێنەرێکی سەرکەوتووی؟

– من زۆر بڕوام بە خــۆم هەیە، لە ئەکــادیمیــا پێــیــان دەگوتم کە توانایەکی زۆرم هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی هۆڵەندی دەمانخوێند، ئەوان ئەو گــیروگرفتانەی منیان نەبوو، بە تایبــەتی کــارەســاتی هەڵەبجــە و ئەنفــال و دەستگیرکردن و ونبوونی براکانم، سەرەڕای ئەو هەموو، کێشانە پێیان دەگوتم کــە بتــەوێ کــارێک بکەی هەر دەیکەی ئەویش لە خــۆشــەویســتــیــیــە بۆ کــارەکــەت، ســــیــــفــــەتێکی هاوبەش لەنێــــوان من و زۆربەی دەرهێنەرەکــانی دیکە هەیە، کــاتێ دەمــەوێ فــیلمــێک دروست بکەم پێش وەختــە خــۆم فــیلمــەکــەم، بینیــوە بۆ نموونە ئێستاکە خەریکی ئەو فیلمەم بڕوا بکە لەلای من فیلمەکە وێنەگیراوە و مۆنتاژیش کراوە و تایتڵیشی بۆ نووسراوە، تەنیا گرفتــەکە لەوە دایە کە کــامیــرا بێنم و ستافی کــار دروست بکەم و ئەکتــەرەکــان ئامــادە بکەم، ئەوانە هەموو ئامرازن بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵانە ببنە واقیع، بۆیە گومانم لەوە نییە کە من دەرهێنەرێکی سەرکەوتووم.

* ئەگەر زەمەن بگەڕێنینەوە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر واتە بۆ ساڵی ١٩٨٩ چ پرۆژەیەکت دەبێت؟

– ئەو ساڵە دوای کارەساتی هەڵەبجەیە ساڵی ١٩٨٩ من لە قــاهیــرە بووم بەمــەبەســتی ڕاکــردن لە غــوربەتی هۆڵەندا و هاتمە ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا.

ئەگەر ئەو بیست ساڵە بگەڕێتەوە پرۆژەی ئەوەم دەبێت هەڵە و کــەمــتــەرخــەمــییــەکــانم ڕاست بکــەمــەوە، ئەویش ئەوەیە کــە بە هەندێ ڕووداوی ســیــاسی مــیللەتەکــەم کــاریگەر بووم، بەڵام نەمکردۆتە فــیلم، بۆیە ئەگــەر ئەو زەمــەنە بگەڕێتــەوە ئەو ڕووداوانە دەکــەمــە فــیلم ســەیرە پێوەندییــەکی پتــەوم لەگەڵ ئێشــوئازاری مــیللەتەکەم بە جۆرێک هەیە کــە هەواڵێکی ناخۆش دەبیــســتم ئیــفلیج دەبم.

بڕوا بکە دوای کــۆڕەوەکــەی ســاڵی ١٩٩١ یازدە کــەسم کــۆکــردەوە چووین دەســتــمــان بەســەر باڵوێزخانەی هۆڵەندا گرت ئاخر ئەوە کەی ئیشی منە.

* ئێــســتــا تەمــەنتــان ٥١ ســاڵە ئەگــەر ٢٠ ساڵ بچــینە پێــشــەوە، واتە تەمــەنتــان دەبێــتــە ٧١ ســاڵ، ئەوکــات خەریکی چی دەبیت؟

– پرســیــــارێکی جــوانە. ئەگــەر تەمــەنم درێژ بوو، گــەیشــتــمــە ئەو کــاتە هیــوادارم چاومــان کــوێر نەبووبێ و لایەنی کەم بتــوانم فــیلم ببینم و ڕاو بۆچوونی خۆم لەسەر بەرەو پێــشــەوە چوونی ســینەمــا بدەم، هیــوادارم تا ئەو کاتەش هاوکار و خزمەتگوزار بم.

* بەڵام دەرهێنەرە گــەورەکــانی دنیا تا ڕۆژی مــردن هەر خەریکی کارەکەیان دەبن، کەواتە تۆ ٢٠ ساڵی تر فــیلم دروست ناکەی؟

– من لەو تەمەنی ئێستامدا تەواو هێز و توانام هەیە، دەمــەوێ فــیلم دروست بکــەم، بەڵام بەڕاســتی گــێــژ بووم بەدەست ئەوەی کــە نا ڕێکوپێکیــیــەک هەیە لەو وڵاتەی ئێمەدا، ئیش بە ئاسانی ناخرێتە سەر ڕێڕەوی خۆی، من ئێستاکە سەنتەری فیلمەکەی خۆمم، هەموو شتێک لە دەوری من دەخولێتــەوە کە پێم وایە هەمــوو دەرهێنەرێک وایە، لێرەدا هەست دەکــەم کە کــارکردن و فــیلم دروست کردن چەند کارێکی قورسە، ئەگەر ٢٠ ساڵی تر سینەمــا لەســەر ئەو دۆخــەی بمێنێ بەڕاســتی فــیلم بەمن دروست ناکرێ، بەڵام بەو هیــوایەم کە وانەبێ بەشدار بم لەوەی کە وانەبێ.

* لات سەیر نییە دوای ١٠ساڵی دیکە کچێکی تەمەن ١٧ تا ٢٠ ساڵی پێت بڵێ خۆشم دەوێی؟

- بەخوا هیچ سەیر نییە، پێش هاتنەوەم لە هۆڵەندا ٣ ساڵ لەمەوبەر لەناو شەمەندەفەر لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٧یان ١٨ ساڵی یەکترمان ناسی، هەر ئەوکاتە ئاشکرا بوو کە ئەو کچە بە جۆرێک عەشقی من بووە، بووینە برادەرێکی زۆر باش، حەز دەکەم فرێمی خۆشەویستی هەرگیز دانەخرێ و دەرگاو پەنجەرەکانی لەسەر پشت بن، خۆشەویستی داینەمۆی مرۆڤە بۆ ژیان، ئەگەر بە لاچاوێکیش بێت هەر زیندوومان دەکاتەوە.

* پێم خۆشە پێمان بڵێی (ئادوور)ی کورت خۆشتر دەوێت، یان سینەما؟

- کەس ئەو پرسیارەی لێ نەکردووم، ئێستاکە ئەوەندەی خەریکی سینەمام ئەوەندە خەریکی (ئادوور)نیم، بەڵام کە ئادوور دەبینم سینەمام بیر دەچێتەوە، زۆر جاریش بۆتە هۆی ئەوەی خەمەکانی دەرەوەم بیر بچێتەوە، بۆیە ناتوانم جیاوازی لەنێوان سینەما و ئادوور بکەم، هەردووکم بەقەد یەکتر خۆش دەوێت.

* پێم وایە تۆ دەرهێنەرێکی ترسنۆکی بە بەڵگەی ئەوەی تاکو ئێستاکە نەتتوانیوە باس لە خەتەنەکردنی کچان و ئیسلامی سیاسی بکەیت، لە هەموو دنیاش رۆشنبیر و هونەرمەند و زانا وڵات بەرەو ئاراستەی شیاوی زانستی و سیستەماتیک دەبەن ئێوە لەو بارەیەوە چیتان کردووە؟

- سەد دەر سەد خەتەنە نا، بەڵام نزیکی ئەو بابەتە لەیەکەم فیلمی سینەمایی من (دەمامکی شووشەیی)بە ئاشکرا دەبینرێ، فیلمەکە باس لە کچە کوردێک دەکات کە لەهەڵمەتی ئەنفالی دژی کورد لەلایەن سەربازانی عیراقییەوە کچێنی خۆی لەدەست داوە، کاتێ شوو دەکات مێردەکەی ئەو لەدەستدانی کچێنییە ئاشکرا دەکات و ئەو حاڵەتە قبووڵ ناکات، بۆیە لەگەڵی ناژیێ، هۆڵەندییەکان پێیان گوتم ئەوە کەی گرفتە کچ دوای تەمەنی ١٨ ساڵی ئازادانە ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەو کێشەیە لەناو ئێمەی کورد ماناو دەلالاتی دیکەی هەیە، بۆ بابەتی ئیسلامی سیاسی ئەوەیان بابەتێکی هەستیارەوە، من لەو فیلمەی کە ئێستاکە دروستی دەکەم لە یەکێک لە شوێنەکان باسێکی لەو بابەتەم هەیە، بەڵام نەک وەک ئیسلامی سیاسی، بەڵکو سوودمان لە واقیع وەرگرتووە، بۆ نموونە لە یەکێک لەو گوندانەی کە ئەنفال دەکرێن مزگەوتێکی زۆر جوان هەیە کاتێ کە ئەو شوێنە ئەنفال دەکرێت هەموو شتێک تێک دەشکێنرێ و دەرووخێنرێ، کاتێ سەربازەکان دەیانەوێ مزگەوتەکە برووخێنن چەند مەلایەک بە قورئانی پیرۆزەوە هانا وەبەر سەربازەکان دەبەن و تکایان لێ دەکەن کە مزگەوتەکە نەرووخێنن، بەڵام ئەفسەرێک پێیان دەڵێ (ئەگەر ئەو شوێنە کەعبەش بێت مادام لە کوردستانە هەر دەیرووخێنن) لە قووڵایی ئەو فیلمەدا دیالۆگی وامان زۆرە، بەختیار عەلی ئەمەی پێ راستەوخۆ بوو، بەڵام من پێم باش بوو.

* بۆ ئەو مەبەستە نیازت نییە بوێرانە فیلمێکی تایبەت لەسەر ئەو بابەتە دروست بکەی؟

- بەڵێ نیازم هەیە، بەڵام دەبێ هەموو پێداویستییەک ئامادە بێت تا بتوانم فیلمێکی تایبەت دروست بکەم، لە هۆڵەندا دەرهێنەرێکم دەناسی ناوی (تەیۆفان خۆخ) بوو، فیلمێکی دروست کرد سەبارەت بە چەوسانەوەی ئافرەت لە روانگەی ئایینەوە، دوای سێ هەفتە لەناوەراستی ئەمستردام کوژرا، لێرەوە من دان بەوەدا دەنێم کە ترسنۆکین، دەبێ ئێمە پێشڕەو بین لە شکانی ئەو دیوارانە..... ئێمە دەبێ بوێر بین.



## دكتۆر موحسین محەمەد حوسێن:
## بەر لەهاتنی سەلجووقییەكان لە هەموو ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا بەردەوام ڕاپەڕین سەری هەڵداوە و میرنشین دروست بووە

**ئا: عەباس سلێمان سمایل**

دەشتی هەولێر كە خاكی نێوان بەستۆڕە و یەكاو دەگرێتەوە، دیرۆكی زۆر ئاڵۆزە و هەندێک لە ئاخڵەكانی بەهۆی تووشبوونی چەندین كارەسات و وێران بوونەوە پچڕاوە، كەچی مووسڵ بەقەد هەولێر كارەساتی بەخۆوە نەبینیوە.

هۆیەكەشی بۆ بەرزی باری ئابووری و خاكی شیاو بۆ كشتوكاڵ دەگەڕێتەوە كە پتر لە (٣٠٠) كارێزی لێیە، سەرەڕای سوود وەرگرتن لە ئاوی زێی گەورە و زێی بچووک، هەر بەهۆی ئەمانەوە ٣-٤ هەزار ساڵ بەر لە زایین شارستانییەتی تێدا پێش دەكەوێت و بەردەوام كێشەی لەسەر دروست دەبێت و داگیركەران مرخی لێ خۆش دەكەن، بەڵام دوای ئەوەی عەباسییەكان بێ هێز بوون چەندین ڕاپەڕین لە هەموو وڵاتانی ئیسلام سەریان هەڵداو دواتر چەندین میرنشین دروست بوون.

گەلی كوردیش یەكێک لەو گەلانەبوو چەندین ڕاپەڕینی بەرپاكرد و دواتر چەندین میرنشین دروست بوون، لەوانە میرنشینی حەسنەوی، عەننازی، شەددادی، مەڕوانی و هەزبانی.

میرنشینی هەزبانی لەسەردەمی سەلجووقییەكان لە هەولێر دروست بوو، یەكەم میرنشین بووە، كە بەدەستی ئەتابەگییەكان لەناوچووە، ئەو ئەتابەگییانە لە ڕەگەزی سەلجووقییەكان بوون. سەرەتا سەلجووقییەكان

له ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو قەوقاس دەچن، لەوێ میرنشینێک دروست دەکەن و دواتر دەتوانن دەست بەسەر بەشی زۆری ئیمپراتۆریەتی ئیسلامدا بگرن، هەندێک لە میرە سەلجووقییەکان لە تەمەنی پیریدا، منداڵەکانیان لەناوچەکان دەکردە والی هەرێمەکان کە هێشتا بە تەمەن بچووک بوون، بۆیە یەکێکی شارەزا و هۆشیاریان دادەنا، بۆ ئەوەی ئاگای لەو کوڕانە بێت کە دەبنە والی، ئەوانە پێیان دەگوتن (ئەتابەگ) واتە باوکی سەرپەرشتکار، جا هەندێک لەوانە خۆیان دەستیان بەسەر میرنشینەکاندا دەگرت، واتە ئەتابەگ لەبنەڕەتدا هەر سەلجووقی بوون، بەڵام لە بنەماڵەی پاشاکان نەبوون، ئینجا دوو لەو ئەتابەگانە کە هاوتەمەن بوون بەناوی عیمادەدین زەنگی و زەینەدین عەلی کوچەک دەستیان بەسەر (مووسڵ)دا گرت و دواتر هێرشیان بۆ سەر هەولێر هێنا، بەهۆی ئەوەی زستان بوو نەیانتوانی داگیری بکەن، بەڵام دوای ئەوەی لە هاویندا زۆربەی هەزبانییەکان دەچنە کوێستانێ، ئەوە بە هەل دەزانن و هەولێر داگیردەکەن و دەیکەنە میرنشینێک بەناوی میرنشینی ئەتابەگیان لە هەولێر کە سەر بە مووسڵ بوو، ئیدی زەینەدین دەبێتە والی هەولێر، لێ هەر لە مووسڵ دادەنیشێ لە سێ ساڵی دوای تەمەنی لەهەولێر نیشتەجێ دەبێت و کۆچی دوایی دەکات و گۆڕەکەی بەرانبەر پارێزگایە، کە بەهەڵە لە سەری نووسراوە گۆڕی سولتان موزەفەر، ئینجا کوڕەکەی بەناوی یوونس دەبێتە میرنشینی ئەتابەگییەکانی هەولێر، دوای ئەوەی براکەی یووسف بەناوی سولتان موزەفەرەدین دەبێتە میری ئەتابەگییەکانی هەولێر، دواتر بۆ ماوەیەکی کەم دەکەوێتە دەستی عەباسییەکان و دواتریش لە ساڵی (٦٣٤)ک لەلایەن مەغوولەوە کاول دەکرێت، ئیدی لەو سەردەمەوە زۆر تەوەر نادیار و ئاڵۆزە، یەک لەوانە سنووری بەڕێوەبردنی میرنشینی ئەتابەگی و چۆنیەتی پرۆسەی بەڕێوەبردن و جۆری ژیانی دانیشتووانی دەوروبەری هەولێر و شێوەی ئاخاوتنی دانیشتوانی هەولێر، هەروەها جۆری کشتوکاڵ و ئاودێری لە گوندە گەورەکانی ئەوکات، بەتایبەتی عەزە، کوشاف، پیرداود، منارە و گرمامک و گوێڕ و چۆنیەتی سوود وەرگرتنیان لەکارێزەکانی دەشتی هەولێر، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەسەر شوێنەوارەکانی سەردەمی ئەتابەگیان لە هەولێر و عەزە و گوندە ناوبراوەکان نەکراوە، کە بەردەوام شوێنەواری سەردەمە جیاجیاکانی تێدا دەدۆزرێتەوە، هەروەها پارەی سەردەمی سوڵتان موزەفەر بەردەوام لەم ئاواییانەدا دەدۆزرێتەوە، دەربارەی سوپای ئەتابەگییەکان شتێکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە، بەتایبەتی مەشق و ڕاهێنان و پلەو پایەکانیان.

جا دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن کە بروانامەکەی لەسەر هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییەکاندایە، بۆ ئەم مەبەستە سەری لە زۆر شوێنی دوورە دەست داوە، لەوانە سەری لە حەڵەب داوە، بۆ ئەوەی جیاوازی ژیانی حەڵەب و ژیانی هەولێری ئەوکاتە بەراورد بکات، لەگەڵ بەراورد کردنی قەڵاتی حەڵەب و شارستانییەتەکەی لەگەڵ قەڵاتی هەولێر و شارستانییەتەکەی و زاناکانی هەردوو شاری حەڵەب و هەولێر، بەڵام سەری لە عەزە و کوشاف و گرمامک و پیرداود نەداوە، ئەم گوندانە ئاوایی گەورە بوونە و لەسەردەمی مەغوولەکان کاول بوونە و دەوروبەری (٣٠٠) ساڵ دەبێت دووبارە لەلایەن مەڕدارانەوە لە هەواری زستانە دەبێتە هەواری هەمیشەیی.

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گۆڕستانەکانی ناو شاری هەولێر بکرێت، دوور نییە گۆڕی چەند زانا و سەرکردەیەکی ئەتابەگییەکان بدۆزرێنەوە. جا بۆ دۆزینەوەی ئەم سەرەداوانە بە پێویستمان زانی د. موحسین محەمەد حوسێن بدوێنین:

* ئەتابەگییەکان لە کوێوە هاتوونە و سوپاکەیان لە چ ڕەگەزێک بووە؟ چۆن دەستیان بەسەر شاری هەولێردا گرتووە؟

– ئەتابەگییەکان لەپەراسووی سەلجووقییەکانەوە پەیدابوون، کاتی خۆی زۆر لەو فەرمانڕەوایە سەلجووقیانە، منداڵەکانیان هێشتا بچووک بوون دەکرانە والی ناوچەیەک، بەڵام بەهۆی تەمەنی بچووکیانەوە، یەکێکی دیکە کە هۆشیار و بە تەمەن بووە، لەبەڕێوەبردندا یارمەتی کوڕی فەرمانڕەوای داوە، ئینجا زۆر لەو مرۆڤە هۆشیار و بە تەمەنانە دەستیان بەسەر فەرمانڕەواییەکەدا دەگرت، جا وشەی ئەتابەگ کە واتای (باوکی بەخێوکەر) دەگەیەنێت، لەو مرۆڤانە بوون کە دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی سەلجووقییەکاندا گرت و بەناوی دەوڵەتی ئەتابەگ، دواتر ژمارەیەک میرنشینیان دامەزراند وەک میرنیشینی هەولێر و شارەزوور و داقووق.

سەلجووقییەکانیش لە بنەڕەتدا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوون و سەرەتا لە قەفقاس نیشتەجێ دەبن، دواتر دەست بەسەر خاکێکی زۆری عەبباسییەکان دادەگرن. هۆی هاتنیشیان بێ هێزی دەسەڵاتی عەباسییەکان بووە. کەواتە ئەتابەگەکان لە بنەڕەتدا تورک بووینە.

* ئەتابەگەکان بەشەڕ، یان بێ شەڕ هەولێریان داگیرکرد؟

– بەرلە هاتنی سەلجووقییەکان لە هەموو ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا بەردەوام ڕاپەڕین سەری

هەڵدەدا و میرنشین دروست دەبوو، بۆ نموونە لە ئێران میرنشینی تاهیری و سامانی و سەفاری دروست بوون، دواتر لەکوردستان میرنشینی هەزبانی و شەددادی و مەروانی و عەننازی دروست بوون، بەڵام بەهۆی دووبەرەکایەتی میرنشینی کوردان و بێ هێزبوونیان، سەلجووقییەکان و دواتر ئەتابەگییەکان و عوسمانییەکان دەتوانن دەست بەسەر میرنشینە کوردییەکاندا بگرن، لەوانەش میرنشینی هەزبانی لە هەولێر، کە نوێنەری سەلجووقییەکان بوون، پایتەختی سەلجووقییەکانیش ئازربایجان بوو.

* لە کوردستانی باشوور چەند میرنشینی ئەتابەگی هەبوو؟

- لەدوای ساڵی ٥٢٢ک بەرە بەرە هەموو کوردستانی باشوور کەوتە ژێر دەستی ئەتابەگییەکان کە بە دەوڵەتی ئەتابەگی دەناسراو و پایتەختەکەی مووسڵ بوو، کە ژمارەیەک میرنشینی لەسەر بوو وەک هەولێر، ئامێدی، ئاکرێ، شارەزوور..تاد.

* چۆنیەتی داگیرکرانی هەولێر لەلایەن ئەتابەگییەکان و هۆی داگیرکردنی چی بوو؟

- بەقسەی ئەبوشامەی مەقدیسی، عیمادەدین زەنگی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەتابەگی مووسڵ لەشکرێکی لە (٥٢٢ک- ١١٢٨ز) رێک خست و رووی لە هەولێر کرد.

هێرشی بردەسەر قەڵاتەکەی، بەڵام پێی نەگیراو دەورەی دا، سوڵتانی سەلجووقی (مەسعوود کوڕی محەمەدی کوڕی مەلیکشا) دوا مەلیکی گەورەی سەلجووقی کە هەواڵی گەمارۆدانی هەولێری پێ گەیشت، ئەو دەمە لە مەراغە بوو لە ئازربایجان بەخۆ و بە سوپاوە هاتە یارمەتی نوێنەرەکەی خۆی واتە هەزبانییەکان لە قەڵاتی هەولێر، ئینجا عیمادەدین زەنگی هەستی بە شلۆقی کارکرد و سەیری کرد ڕاست نییە هەر لەسەر گەمارۆدانەکەی بەردەوام بێت و خۆی تووشی شەڕی سوڵتان بکات، کە دەوڵەتە ساواکەی پێویستی بەو هێزە هەبوو کە نابێ لەگرتنی هەولێر بەختی بکات، چونکە زانی کە زۆر زەحمەتە ئەو قەڵاتە داگیر بکرێت، بەهۆی سەختی و قایمی هێزی پارێزگارانی قەڵاتەکەوە، بۆیە وازی هێناو گەڕایەوە مووسڵ، بەڵام لەگەڕانەوەدا سوپاکەی نزیک زێی گەورە دامەزراند تا لە نزیکەوە بزانێ چی ڕوودەدا.

پاشان نوێنەرێکی نارده لای سوڵتانی ناوبراوی سەلجووقی و لەدواییدا لەسەر ئەوە رێک کەوتن، کە عیمادەدین زەنگی بێتە ژێر ئاڵای سوڵتان و خۆی بەلایەنگری ئەو بزانێت، پاشان ببێتە پێناو لەنێوان موستەرشیدبیللای خەلیفەی عەباسی و سوڵتانداو داوا لە خەلیفە بکات کە دان بە سوڵتاندا بنێ و لەسەر مینبەرەکانی بەغدا ناوی بخوێنرێتەوە، لەتۆڵەی ئەمە سوڵتان واز لە هەولێر بێنێت و بیدا بە ئەتابەگ عیمادەدین زەنگی، ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە هەولێر بایەخێکی گەورەی هەبووە و پاداشت و نرخی ئەو دەستکەوتە مەعنەوییە گرنگە بووە کە سوڵتان دەستی دەکەوت، ئیدی سوڵتان هەولێری بە عیمادەدین زەنگی بەخشی، ئەویش دای بە میر زەینەدین عەلی کوچەک-ی سەرلەشکری بارتەقای ئەو دەورەی لە دامەزراندنی میرنشینی مووسڵ و پشتگیری کردنی دامەزرێنەرەکەیدا هەیبوو.

هەرچۆنێک بێت خۆگرتنی قەڵات لە رووی داگیرکەرە ئەتابەگییەکە ناچاری کرد پەنابەرێتەبەر رێبازی دیبلۆماسی، دوای ئەوەی بەزۆری هێز هیچی پێ لەگەڵ نەکرا، قایمی قەڵاکەش یەکەمین هۆی ئەم خۆڕاگرییە بوو.

پاش ئەم ڕووداوە، هەولێر بوو بە موڵکی زەینەدین کوچەک، ئەویش خۆی لە مووسڵ مایەوە و بەهۆی نوێنەرانی خۆیەوە فەرمانڕەوایی لە هەولێر دەکرد، دوای ئەوە بەنزیکەی چل ساڵ ئەنجا گوێزرایەوە هەولێر و لەوێش زۆر نەژیا، دوای چەند مانگێک کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش نێژرا. دوای ئەو، کوڕەکانی بەناوی یووسف و سوڵتان مزەفەرەدین تا ساڵی ٦٢٨ک- ١٢٣٠ زایینی حوکمی هەولێریان گێڕاو دواتر بۆ ماوەیەکی کەم کەوتە بەردەستی عەباسییەکان و دواتریش لە ساڵی (٦٣٤)ک، لەلایەن مەغوولەوە کاول کراو دوای چەند ساڵێک بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی مەغوول.

* هۆی چی بوو هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییەکان یەک لەمەڵبەندە گرنگەکانی شارستانی ئیسلام بوو و هەمیشە قوتابخانە ئایینییەکانی هەولێر پێوەندی بە قوتابخانە ئایینییەکانی مووسڵ و بەغداوە هەبووە، دواتر لە ئەنجامی هێرشی مەغوول لە ساڵی ١٢٧٥ز کاول بوو؟

- لە سەردەمی ئەتابەگییەکان بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین لەچوار مزگەوتان لە هەولێر قوتابخانە کرابووەوە و هەموو جۆرە بابەتێکی وەک: ئایین، بیرکاری، ئەستێرەناسی و گەلێکی دیکەی لێ دەخوێنراو قوتابییان دوای ئەوەی خوێندنیان تەواو دەکرد بۆ مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕوویان لە قوتابخانەکانی مووسڵ و بەغدا دەکرد، هەروەها بەهۆی بایەخ پێدانی ئەتابەگییەکان بەخوێندن، بەدەیان کەس لەوڵاتانی دەوروبەر بۆ خوێندن ڕوویان لە هەولێر دەکرد، هەروەها بەدەیان زانای گەورە هەر لە ئەندەلوسەوە تا دەگاتە عێراق بۆ وانە وتنەوە دەهاتنە هەولێر.

* ئایا دەستنووسەکانی ئەو کاتەی هەولێر، چەندەیان ڕووناکی چاپیان بینیوە و زیاتر ئەم دەستنووسانە لەسەر چ بابەتێکن؟

– ژمارەیەکی زۆر لەم دەستنووسانە ڕووناکی چاپیان بینیوە، ئەوانەش جۆراوجۆرن لەوانە: زانای بەناوبانگ (ابن دحیـە)یە کـە لە ئەندەلوس هاتووەتە هەولێـر و کتێبێک بەناوی (مولد سراج المنیر) دادەنێت و بەدیاری دەیدا بە سوڵتان موزەفەرەدین و ئەمڕۆکەش ئەم کتێبە ڕووناکی چاپی بینیوە.

ئیبن مستەوفی کە لەساڵی (٥٦٤ک- ١١٦٨ز) لە قەڵای هەولێر لە دایک بووە، ژمارەیەک کتێبی داناوە لەوانە (تاریخ اربل)ە کە بریتییە لە چواربەرگ لەگەڵ چەندین کتێبی دیکە.

لەوکاتەی کە مەغوول لە ساڵی ٦٣٠ک هەولێر کاول دەکەن، ئیبن مستەوفی کتێبێکی زۆر لە هەولێر بە باری حوشتران دەگوێزێتەوە مووسڵ، ئەوەبوو لەساڵی ٦٣٧ک- ١٢٣٩ز لە مووسڵ کۆچی دوایی دەکات.

شەمسەددین ئەحمەد بن محەمەد خەڵەکان کە لە ٦٢٢ک- ١٢٢٥ز لە شاری هەولێر لەدایک بووە و لە ٦٨١ک- ١٢٨٢ز لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، چەندین کتێبی داناوە، لەوانە (وفیات الأعیان و أنباء أبناء الزمان)ە.

کەمالەددین مووسا لە ساڵی ٥٥١ک- ١١٥٦ز لە شاری هەولێر لەدایک بووە، بەڕەچەڵەک دانیشتووی گوندی (قازیە)ی دەشتی هەولێرە و لە ساڵی ٦١٣ک- ١٢١٥ز کۆچی دوایی کردووە، حەوت کتێبی داناوە و دواتر چاپ کراون.

**تێبینی:**

* لە ساڵی ٥٨٠ک میرنشینی ئەتابەگی هەولێر کە سەر بە مووسڵ بوو، خرایە سەر دەوڵەتی ئەیووبی لە شام و لە ساڵی ٦٢٨ک کەوتە دەستی عەبباسییەکان.

* قوتابخانەکانی هەولێر لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین ئەمانە بوون: الربض، قەڵاو کوکبری.

* لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەتابەگییەکان، چەندین میری هەزبانی سەر بە مەغوولەکانەوە لە هەولێر فەرمانیان گێڕاوە.

* لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەتابەگەکان عەزە زۆر ئاوەدان بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی دیان بوون، بۆیە نووسەرەکان لە عەزە نەدواون، تەنیا ابن حەوقەل لە (صورة الأرض) دەوروبەری هەزار ساڵ لەمەوبەر لێی دواوە، هەروەها (توما المرجی) لە کتێبی (الرؤساء) بەر لە ١١٠٠ لێی دواوە.

هاوکات لەگەڵ داگیرکرانی هەولێر لەلایەن مەغوولەکانەوە میرنشینی سۆران بەناوی کەلۆس لەهاودیان دروست بووە و یەکەمین بارەگایان ئەشکەوتی پەستوون بووە.

* بەهۆی نەبوونی هەستی نەتەوایەتی باس لە گەلانی دانیشتووی هەولێر ناکرێت.

* نووسەران دەربارەی هێرشی مەغوول بۆ سەر هەولێر بیروڕای جیاجیایان هەیە لەوانە سەرچاوە سریانییەکان دەڵێن لەو هێرشەدا زۆربەی دانیشتووان بەرەو چیاکان ڕایان کرد.

* بە قسەی دکتۆر، گوندی (قازی) قازیخانەی بن زورگەزراوە. ئەم گوندەش کاولە گوندێک بووە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئاوەدان بووەتەوە.

**پێناسە**
**دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن:**
**– لەساڵی ١٩٤١ لەشاری هەولێر لەدایک بووە.**
**– لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٢ بەشی مێژووی تەواو کردووە.**
**– لە ساڵی ١٩٧٤ بڕوانامەی ماجستێری هەر لەم زانکۆیە وەرگرتووە.**
**– لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی دکتۆرای هەر لەم زانکۆیە وەرگرتووە.**
**– لە هەمان زانکۆدا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ وانەی گوتووەتەوە و لە ساڵی ١٩٩١ پلەی پرۆفیسۆری پێ دراوە.**
**– لە ساڵی ١٩٩٤ پێوەندی بە زانکۆی (سەلاحەدین)ەوە کردووە.**
**تا ئێستا (١٢) کتێبی چاپ کردووە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بابەتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی.**
**– سەرپەرشتی ژمارەیەک بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرای زانکۆی بەغدا و لیبیای کردووە.**
**– (٥) ساڵ لە زانکۆی (مصراتە)دا کاری کردووە، هەروەها لە زانکۆی هەولێر و سلێمانی و کۆیە مامۆستا بووە.**
**– ئەمڕۆ لە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر کاردەکات و سەرنووسەری گۆڤاری (ئەکادیمی)یە.**

# ڕاوچی چرکە
# «پاساوەکانی ڕاوچی بوون»

**عەبدوڵلا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

«هەڵبەستی ڕەنجاو» و «هەڵبەستی پەشیمان» دوو پارچە شیعری دیکەی کۆمەڵە شیعری «بەهەشت و یادگار»ن. وشەی «هەڵبەست» لە هەردوو پارچە شیعردا بەشدارە و بەوەش شاعیر هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی یەکەمین بەشی ئەو ناوونیشانە پێک بێنێ کە شاعیر، لە هەموو ڕوویەکەوە بە پەسندی زانیوە. ناوونیشانەکەش لە هەردوو شوێندا لە «ناو» و «ئاوەڵناو»ێک پێک هاتووە کە وشەی «هەڵبەست» ناوەکە پێک دەهێنێ. ئەم خاڵە بۆتە مایەی ئەوەی هەردوو وشەی «ڕەنجاو» و «پەشیمان» بەکردەوە، ببنە پێناسەی هەردوو پارچە شیعرەکە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی وشەی «هەڵبەست» مەعنای «پارچە شیعر» دەبەخشێت.. هەر پارچە شیعرێک. «گۆران» لە «سەرەتا بۆ بەهەشت و یادگار»، نەک تەنیا پارچە شیعری ئاسایی، بەڵکو (غەزەل)یش بەهەمان وشە ناوی دەبات، شاعیر بەم شێوەیە باسی پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرە دەکات: «هەڵبەستی وای تێدایە بیست و پێنج ساڵ، بەڵکو زیاتر، لەمەوپێش دانراوە، هەروەکو هی چەند مانگێک لەمەوبەریشی تێدایە. بەشی زۆری کۆنەکان بە (وەزنی عەرووض) وە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بەزمانی بێگانە نووسراون. ئوسلوبیشیان کۆنە: یان وەک هیی «سالم» و «نالی» لەسەر پێ و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون،». لەدوا وشەی ئەو بەشەدا کە لێرەدا وەرم گرتووە، ئاشکرایە کە «هەڵبەست» لە «هەڵبەستن»ەوە وەرگیراوە، وەک چۆن «هۆنراوە» لە وشەی «هۆنینەوە»وە وەرگیراوە و لەداڕشتنی ئەو وشەیەدا تەنیا ڕێکخستنی بەشەکان- کە بە عەرەبی پێی دەگوترێ (نظم)- ڕەچاوکراوە و ئەو وشەیەش، وەکو لە مێژووی شیعردا باو بووە، مەرج نییە بتوانرێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ کە شیعرییەت - بەها تایبەتەکانی بەشیعر بوون-ی تێدا بپارێزرێ، بەڵام دیارە «گۆران» زیاتر ئەو وەستایەتییە هونەرمەندانەیەی مەبەست بووە کە بناغەی بەشیعر بوونە.

لەلایەکی دیکەوە، لەکۆمەڵە شیعری «فرمێسک و هونەر»یشدا پارچە شیعرێکی بەناوی «هەڵبەستی دەروون»ەوەیە. بەدەر لە هەر بەراوردێکی دوور و درێژ و بەیت بەیتی هەر سێ پارچە شیعرەکە، تەنیا لەڕێگای ناوونیشانەکانەوە، دەتوانین سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەین کە دوو پارچە شیعرەکەی نێو کۆمەڵەی «بەهەشت و یادگار»یش هەر «هەڵبەستی دەروون»ن، چونکە «ڕەنجاو» و «پەشیمان» بوون، دەرەنجامی دوو جۆرە هەڵچوونی «دەروون»ن و لەکاتێکدا کە «دەروون» ئاماژەیە بۆ تێکڕای «جیهانی ناوەوە»ی مرۆڤ، ڕەنجان و پەشیمان بوون دوو حاڵەتی تایبەتی دەروونن لەکاتی پێویستدا.



**گۆران**

پێشخستنی ئەم مەسەلەیە، تەنیا بۆ یەک هەنگاویش بێ، خاڵێکی ئێجگار گرنگ و هەستیار بۆ ناوونیشانی ئەم بەشە: «پاساوەکانی ڕاوچی بوون» ڕوون دەکاتەوە. لەخوێندنەوەی دوو هەڵبەستەکەی «بەهەشت و یادگار»دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی لەیەکەمیاندا «ڕەنجاو» و لەدووەمیاندا «پەشیمان»ە خودی شاعیرە، واتە وشەی «هەڵبەست» لەبری وشەی «شاعیر» بەکارهێنراوە، واتە شاعیر ویستوویەتی «ڕەنجاوی» و «پەشیمانی» خۆی ڕابگەیەنێ، یان تەعبیری لێ بکات و چیرۆکی ڕاگەیاندراوی هەردوو هەڵبەستەکەش ئەوە ڕادەگەیەنن، بەمەش «هەڵبەست» دەبێتە «چرکەنامە»ی شاعیر.. یان وردتر: «چرکەنامەی دەروونی شاعیر». لەلایەکی دیکەشەوە، سۆزەکانی دەروون (ناخ)ی مرۆڤ هێندە کاریگەرن کە کەمتر مرۆڤ دەتوانێ ڕەنگدانەوەی ئەو سۆزانە بەسەر دەموچاو و ڕەفتارییەوە خەفە بکات و بشارێتەوە و لە شیعریشدا ئەو خەفە کردن و شاردنەوەیە نیمچە مەحاڵە.

لە «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا دووەمین بەیت، بە مەنتیقی خودی پارچە شیعرەکە، چرکەی چارەنووسساز و بەهێزی ڕووداوێکی درامی تۆمار دەکات:

**وەک سیحرباز هاتووی بەندی دەلەسە..**
**ئەخەیتە پێم، دیلم ئەکەی، نا بەسە**
**هەڵبەستی ڕەنجاو ٢ ل٣٧**

«نا» ڕەتکردنەوەیە، واتە «هەڵوێستە». ڕەتکردنەوە و پەسند کردن، ئەگەرچی دوو سەری هاودژی یەکن لە ڕووی ئاراستەوە، بەڵام لەڕووی پۆلێن کردنەوە دەخرێنە ژێر هەمان ناوونیشانی گشتی کاردانەوەوە: «هەڵوێست». کەچی «بەسە» شێوەی وەرگێڕدراوی ئەو «هەڵوێستە»یە بە کردەوە، لەجیهانی سۆزدا، واتە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی هەڵوێستە. ئەو دوو ڕووەی کاردانەوەکە تەنیا لەچوارچێوەی کاتی ڕوودانیاندا دەتوانرێ بەو شێوەیە هەڵبسەنگێنرێ کە «شیعر» زەمینەی بۆ خۆش دەکات.. واتە بەکاردانەوەیەکی بەجێ بزانرێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعر توانایی زیندوو ڕاگرتنی «چرکە»ی هەیە بەگشتی و بەتایبەت ئەو چرکە گرنگانەی کە زادەی سۆز و هەڵچوونی گەورەی ناخ (دەروون)ن. دەنا.. لە ڕەوتی ئاسایی ژیاندا، هەمیشە کاردانەوەی خێرا و دەسبەجێ بەڕەفتاری نابەجێ لەقەڵەم دەدرێ، چونکە نیشانەی پشت بەستنە بە سۆز و هیچی دیکە. هەڵچوونەکانی سۆزیش، پڕ بە پێستی وشە، نازانرێ هۆکارەکانی چین، بۆیە تەمەن کورت و ناپایەدارە.

تائێستا تەنیا «نا بەسە»، بەو پێیەی ترۆپکی هەڵچوونی درامییە، خرایە بەر ڕۆشنایی شیکردنەوە، هێشتا ئەوەش ماوە بگوترێ کە «بەسە»ی وەرگێڕدراوی «نا»ی هەڵوێست بەرجەستەکاری چرکەی یەکلاکەرەوەیە: «جێبەجێ کردنی بڕیار». ئەم بڕیارە ڕەنجاوە، بە ڕواڵەت، هەوڵێکی جیددییە بۆ گێڕانەوەی ئازادی، چونکە وەڵامی ڕەفتاری «سیحربازانە»ی ئەو خانمەی دڵی بوو کە ئەمەی لێ ڕەت دەکاتەوە: «هاتووی بەندی دەلەسە ئەخەیتە پێم، دیلم دەکەی». «بەندی دەلەسە خستنە پێ» ڕاستەوخۆ شێوەیەکی کۆت و زنجیر کردن بەرجەستە دەکات کە سەرچاوەی بزووتنی مرۆڤ «پێیەکانی» لەکارکردنی ئاسایی دەخات. «دیل کردن»یش ڕوونترە لەوەی پێویستی بە شیکردنەوە هەبێ. لەسایەی ئەم تێگەیشتنەدا هەڵوێست و بڕیارەکەی شاعیر: «نا بەسە» نەک هەر بە شیاو و پەسند دەزانرێ، بەڵکو بەتاقە کاری

پێویست دەزانرێ: شۆڕش لەپێناوی وەدەست هێنانەوەی ئازادی و خۆ ڕزگارکردن لە بەندی پێ و دیلی، بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمە خەباتی خۆ ڕزگارکردنە لە دیلی؟

دەست پێ کردن لە دووەمین بەیتەوە، جگە لەوەی ئاوڕدانەوەیەکی پێویست بوو لەو ترۆپکی هەڵچوونە درامییەی ئاماژەی بۆ کرا، خۆ ڕزگارکردنیش بوو لەداوی بەوردی هەڵچنراوی شوێنی یەکەمین بەیت لەم شیعرەدا و ئەگەر خاڵبەندییە باوەکانی گفتوگۆ ڕەچاو بکرایە دەزانرا هەموو ئەم هەڵبەستە ڕەنجاوە، جگە لە یەکەمین بەیتی، وەڵامی ئەو بەیتەیە، واتە ئەوەی دەڵێ:

**کەی تۆم دیوە؟ کەی ئەتناسم؟ کەی؟ کەی؟ کەی؟**
**دڵداری چی؟ پەیمانی چی؟ حەی! حەی! حەی! ل٣٧**

ئەو خانمەیە کە لە دووەمین بەیتەوە، شاعیر بەو شێوەیە وەڵامی داوەتەوە و هەموو بەیتەکانی دیکەش درێژە بەو وەڵامە دەدەن. ئەم ڕەتکردنەوەیەی هەموو شتێک، بە یەکدی بینین و ناسینیشەوە، هێندە بەلای شاعیرەوە، کاریگەر بووە و لەناخەوە برینداری کردووە و هەژاندوویەتی کە وەڵامەکەی لەڕووی چەندایەتییەوە، وەڵامی ئەو شۆک (صدمة) دەروونییەیە و ڕێک بەپێی ڕێسا باوەکەی کار و کاردانەوە (کردار و پەرچەکردار) وەڵامی داوەتەوە، واتە.. بەهەمان هێز، بەڵام بەپێچەوانەی ئاراستەکە. لەبەرانبەر نکوڵی کردن لە بوونی هەر جۆرە پێوەندییەکی یەکدی ناسین و دیتن و دڵداری و پەیمان، کە پێ دەچێ نکوڵی کردن بێ لە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، هاوتایی دەروونی شاعیر بەرادەیەک تێک دەچێ کە نکوڵی لەسروشتی بوونی پرۆسەی کەوتنە ژێر کاریگەری ئاسایی دڵداری دەکات، نەک تەنیا هەموو نۆباڵەکە «ئەگەر ئۆباڵ بێت!» دەخاتە ئەستۆی بەرانبەرەوە، بەو پاساوەی کە «وەک سیحرباز» ڕەفتار دەکات، واتە جادووگەرانە ڕەفتار دەکات، بەڵام ئایا «بەندی دەلەسە ئەخەیتە پێم» بەڕاستی دەرەنجامی ڕەفتاری جادووگەرانەیە؟ ئایا جادووگەر «سیحرباز» پێویستی بە درۆ و دەلەسە هەیە بۆ ئەوەی بەرانبەری بخاتە داوی خۆیەوە؟

لەمەش بەولاوە، شاعیر دەقاودەق ئەم داڕشتنەی هەڵبژاردووە: «هاتووی بەندی دەلەسە ئەخەیتە پێم». سەرجەمی ئەم ڕستەیە بۆی هەیە بمانخاتە بیری ئەوەوە کە شاعیر دەیەوێ بڵێ کە بەرانبەرەکە، نەک خۆی، لەو دڵدارییەدا، ئەگەر دڵداری هەبووبێ، دەستپێشخەرە. «هاتووی» یەکەمین هەوڵی سەلماندنی ئەو لافەیە. کردارەکە هی ئێستایە، واتە مەعنای «وا هاتوو» دەبەخشێ. ئەوەی ئەم ڕاستییە زیاتر بەهێز دەکات «ئەخەیتە پێم» و «دیلم ئەکەی»ە، کە هەریەک لە کرداری «ئەخەیت» و «ئەکەیت» بۆ داهاتووە، ئاماژە بە نیازی جێبەجێ کردنی ئەو کردارە لە «داهاتوو»ی ڕەچاو کراو لەو «هاتووی»یەی «ئێستا» دەکات. ئایا «هاتووی» وەڵامی یەکەمین بەیتە؟

ناکرێ وەڵامی یەکەمین بەیت بێت، چونکە ئەو خانمەی پاشتر بە «زوهرە» ناوی دەبات، لەو بەیتەدا نکوڵی لە هەموو شتێک دەکات: «بینین»، «ناسین»، «دڵداری» و «پەیمان»، کەواتە چۆن شاعیر ئەو نکوڵی کردنە هەمەلایەنەیەی لێ دەگێڕێتەوە و پاش ئەوەش ئەوە بەو شێوەیە لێک دەداتەوە کە «هاتن» و «دەسپێشخەری»ی فریودان و «دیل کردن» بێت؟ ئەگەر وەڵامی یەکەمین بەیت نەبێت، چییە؟

پێشتر، باس لە شۆک (صدمة)ی دەروونی شاعیر و تێکچوونی هاوتایی دەروونی، لە ئەنجامی ئەو نکوڵی کردنە، کرا. ئەم کاریگەرییە هێندە بەهێز بووە کە هەموو ئەو ژیانە (ئەزموونی خۆشەویستی)یەی لەو چرکەیەدا بۆ چڕکردۆتەوە و ئاوەها، بەو زیندووییە، لەبەرچاویدا بەرجەستە بووە. بەرانبەر بەخودی نکوڵی کردنەکەش- کە لافێکی بێ بنەمای «زوهرە»کەی بوو- شاعیر ئەو لافەی قوت کردەوە کە گوایە ئەو - زوهرە- خۆی ئەو ئەزموونەی، بە دەسپێشخەری تایبەتی هێناوەتە ئاراوە، کەواتە ئێستا بە چ ڕوویەک ئاوەها نکوڵی لێ دەکات؟ کاریگەری ئێجگار گەورەی نکوڵی کردنەکە بەسەر شاعیرەوەوە، لە دوو تەوەری جیاوازدا بەدی دەکرێ:

- لە چڕکردنەوەی ئەزموونەکە- بە ڕابردووی دوور، یان نزیک و ئێستاشیەوە- لەو چرکەیەدا بە «ئێستا»ی وەڵامدانەوە ناومان برد. شاعیریش لەم پارچە شیعرەدا، تەنانەت بەدەر لە سنووری دەسەڵاتی خۆی، ئەو چرکەیەی ڕاوکردووە و لەو «ئێستا»یەدا ڕابردوو وەکو پاشتریش دەبینین، داهاتوو کۆدەکاتەوە. پاساوی ئەو ڕاوکردنەش هەمان ئەو تێکچوونی هاوتایی دەروونییەیە کە هاوکێشەی کردار و پەرچەکرداری، لەخۆیدا بەرجەستە

کرد و ئەو هەڵکشانە دەروونییەی هێنایە ئاراوە.
– لەگەڕان بەدوای شێوەیەکی نائاسایی کاردانەوەی دەروونی بەهێزدا کە بەدەر لە چوارچێوەی زەمەنی خۆی، ئەگەرچی تائێستاش هەر کاریگەرە، ناتوانی بەپێی پێویست لێی تێ بگەین.

یەکەمین تەوەر لە چەند دێری ڕابردوودا، بەپێی پێویست، شی کرایەوە. دووەمین تەوەر ناچارمان دەکات بەدووەمین بەیت و هێندێک لە ئەنجامگیرییەکانی ئەم خوێندنەوەیەدا بچینەوە. بە چ مەبەستێک شاعیر لەو بەیتەدا ویستوویەتی لە: «هاتووی بەندی دەلەسە ئەخەیتە پێم، دیلم ئەکەی»دا دەستپێشخەری دڵداری بداتە پاڵ ئەو خانمەوە کە لەیەکەمین بەیتدا نکوڵی لە هەموو شتێک کردووە؟ نەک هەر ئەوەش، بە چ هۆیەک ویستوویەتی خۆی وەکو قوربانییەکی جادووگەری «وەک سیحرباز» بخاتە پێش چاو؟

وەکو لە لاپەڕە (ی)ی پێشەکییەکەی مامۆستا (محەممەدی مەلا کەریم) بۆ (بەرگی یەکەم)ی (سەرجەمی بەرهەمی گۆران)دا ئاماژەی بۆ کراوە، کۆمەڵە شیعری (بەهەشت و یادگار) لە ساڵی (١٩٥٠)دا لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەلائەددین سەججادی) لەچاپ دراوە. سەرەتاکەی مامۆستا گۆران-یش بۆ ئەو کۆمەڵەیە، کە لە هەولێر لە ١٩٥٠/٦/٢٥دا نووسراوە، باس لەوە دەکات کە شیعرەکانی ئەو کۆمەڵە لەماوەی پتر لە چارەکە سەدەیەکدا نووسراون و ئەگەر پارچە شیعری (هەڵبەستی ڕەنجاو) لەڕیزی شیعرە هەرە تازەکانی (بەهەشت و یادگار)یش بێت، ئەوە هەر ناکرێ لەپاش یەکەمین مانگەکانی ساڵی ١٩٥٠دا، واتە ئەوپەڕی (ئاداری ئەو ساڵە) نووسرابێ، کەواتە، ئایا دەتوانین لەو کۆمەڵەی ئێمەدا، کە تەنانەت تا ئەمڕۆش ناتوانین نموونەی زۆری دەستپێشخەری ئافرەت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەدی بکەین، ئایا دەچێتە عەقڵی کەسێکەوە ئافرەتێک، لەچل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو دەسپێشخەرییە بکات، بە درۆ و دەلەسە لاوێک تەفرە بدات؟ کە ئافرەتی ئەمڕۆ، بەو هەموو خۆڕازاندنەوە و خۆنواندن و جوانییەکانی لەش دەرخستنە، زۆرجار پێیان سەیر بێت ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێ: ئایا لە خۆشەویستیت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا، یان خۆشەویستەکەتدا، تۆ دەستپێشخەر بووی!، ئەی ئافرەتی ئەو سەردەمە چۆن ئەو کارە دەکات؟ پێم وایە، بەدەر لەوەی ئەو کارە بە نەنگ و شوورەیی بزانرێ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لای بەشێکی بەرچاوی ئافرەتان بەدەست لەمێینەیی هەڵگرتن و خۆبەدەستەوەدان- بەمەعنای (تەنازول) نەک (تەسلیم)- لەقەڵەم دەدرێ، لەمەشدا پشکێکی ئێجگار گەورەی نەنگی و خۆلەدەستدان بەدی دەکرێ. ئەمە، بەم لێکدانەوەیە، کۆششێکی دەروونی شاعیرە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەمزی بەرانبەرەکەی بکوژێ. ئەمەش شێوەی نائاسایی کاردانەوەی دەروونی بەهێزی شاعیرە. لە ڕاستیشدا، ئەگەر جادووگەری، وێڕای ئەو «نەنگی» و «بێ شەرمی» و «خۆ لە دەستدان»ە بدەینە پاڵ ئەو خانمە، ئەوە دەزانین تا چ ڕادەیەک کاردانەوە دەروونییەکە بەلای کەمەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کوشندە بووە و تا چەندیش ئەم کاردانەوەیە زادەی ناخێکی بریندارە.

سێیەمین بەیت دەبێتە شانۆی ئاوێتەبوونی بڕیاری وەدەست هێنانەوەی ئازادی و پاساوی ئەو بڕیارە.. هەمان هەوڵی کوشتنی ڕەمزییانەش هەر بەردەوامە:

**بەس تەفرەم بە، بەس بە ئەفسوون گێلم کە**
**بەس کوێرم کە، ئەمجا دوشمن شێلم کە**

دەتوانرێ بەڕوونی سەرنجی ئەوە بدرێ کە وشەی «بەس»، هێندەی ئاماژەی کۆتایی هێنان بە «ستەم» و زەوت کردنی ئازادی و ویست» لەخۆیدا چڕ دەکاتەوە، هێندەش پاڕانەوەی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام پاڕانەوەیەکی دامرکێندراوی سەنگەر گرتوو لەپەنای کۆڵەکە ترازاوەکانی کەسایەتییەکی شکست خواردوو. شکستی هەرە گەورەی ئەو کەسایەتییە لە پێکرانی «پیاوەتی»دایە، پیاوەتییەک کە هەر بزەیەکی دلبەرانەی بەرچاوکەوت ئیدی، لەچینە هەرە قووڵەکانی نائاگاییدا، تاپۆی موڵکداری بۆ خۆی قۆرخ دەکات و هەر جۆرە ڕەفتارێکی نەگونجاو لەگەڵ ئەو لافی موڵکدارییە بە هەڕەشەی ترسناک لەو پیاوەتییە لەقەڵەم دەدات. «بەس تەفرەم بە» هێندەی ئارەزووی هەڵنەخەڵەتاوی بەخۆوە دەگرێت و دەیەوێ ببێتە سنووری نێوان بێ ئاگایی و بەئاگاهاتنەوە، هێندەش بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ئەو جۆرە بەزمی دڵدارییەی تێدا بەدی دەکرێ کە ئەم خەونی پێوە دەبینێ. «بەس بە ئەفسوون- جادوو- گێلم کە»، هەوڵی پاساو هێنانەوە بۆ شکست و پەردەپۆش کردنیەتی

بەرووبەڕووبوونەوەی هێزی نائاسایی، هەروەها هەوڵی لەکەدار کردنیەتی بەجادووگەری. پێش ئەمانەش، لە جەوهەردا بانگەشەیە بۆ بەجێ زانینی پاساوەکان و قەرەبوو کردنەوەی بەشێکی بەرچاوی ئەو کەسایەتییەی بەقووڵی بەدەست شکستەوە دەناڵێنێ. «بەس کوێرم کە» بانگەشەیەکی تازەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە سەرچاوەی هێزی بەرانبەر (جادوو- ئەفسوون) و بەردەوام بوون لەسەر تیۆریزە (تنظیر) کردنی شکست. «ئەمجا دوشمن شێلم کە»، کە مەعنای «بەس بمخەرە هەلومەرجێکی سەختی ئەوتۆوە کە دوژمن بەشکستم بگەشێتەوە و بەنیگای تانە ئامێزی ناخم بشێلێ». ئەمە ترۆپکی پاڕانەوە پەردەپۆش کراوەکەیە، بانگەشەیە بۆ ئەوەی هەرچی هەیە با لەنێوان خۆیاندا بمێنێتەوە و کەسی دیکەی لێ ئاگادار نەبێتەوە، هەرکەسێک، چونکە یەکێک لە ڕێسا هەرە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێورەسمە ئەوەیە کە تەنیا و تەنیا پێوەندی نێوان دووکەسە، هەر سێیەمێ لەو نێوانەدا، نەخوازراوە و بە دوژمن دادەنرێ. لەم ڕوانگەیەوە، دەردەکەوێ کە «ئەمجا دوشمن شێلم کە»، بە گرێدانی بە مەعنا گشتییەکەوە، زیاتر گلەیی و پاڕانەوەیە، نەک هێمای شۆڕش کردن بەسەر ژێردەستەیی و دیلی.

هەڵچوون و داچوون، نەک تەنیا یەکێکیان، خەسڵەتی هەرە دیاری هەر ئەزموونێکی تایبەتی سۆزە. بەخۆداچوونەوە و لێکدانەوەی پشت بەستوو بەسۆز، هەمیشە، مرۆڤ بەرەو ئەو ئاقارە دەبەن کە لەنێوان دوو پەنجەی «ترس» و «هیوا»دا ئەمسەر و ئەوسەر بکەن. لەسایەی (ترس)دا، ناخ بەگشتی، دەبێتە گۆڕەپانێکی گەرمی داکۆکی لەخۆ کردن و هێرش بردنی دەروونی ئەوتۆ کە دەگاتە چرکەی بیرکردنەوە لەشکست- شکستی پیاوەتی و بەرانبەرەکەشی- سەرکەوتنی دوژمن و گاڵتەپێ کردن و تانەی، یان دەگاتە ئەگەری ئەوەی تاپۆی یار بە ناوی ئەمەوە نەمێنێ، لەم لێکدانەوە ڕەشبینی و ترس ئامێزانەدا هەڵچوون دەگاتە ترۆپکی سەیری ئەوتۆ کە هەموو سنوورێکی چاوەڕوان کراو ببەزێنرێ.. با لەمە وردبینەوە، پاش «ئەمجا دوشمن شێلم کە»، سۆز شاعیر بەرەو کوێ دەبات:

**گوێم پڕ بووە لە ئەفسانەی دڵداری**
**بەلەعنەت بێ زوهرەی جوانی و عەیاری**

با لە هەڵبژاردنی پۆلێن کردنی چەمکەکان (تصنیف المفاهیم) وردبینەوە. «ئەفسانەی دڵداری» چی دەگەیەنێ؟.

لە پەراوێزدا، شاعیر بەم شێوەیە مەعنای ئەفسانەی لێکداوەتەوە: «ئەفسانە: ئوسطوورە، خەرافات»، واتە دڵداری لەو خانەیەدا (خەرافات) پۆلێن کراوە. ئەم پۆلێن کردنە بۆ کوێمان دەبات؟ وشەی «ئەفسانە»، ئەگەر ئەو لێکدانەوەیەشی بۆ نەکرایە، هەر مەعنای گێڕانەوە و چیرۆکی بێ بنەمای مێژوویی ڕاستەقینە دەبەخشێ. واتە بابەتێکی دروستکراوە، نەک بابەتێکی ڕاستەقینە، بەڵام کە شاعیر، بەخۆی، ئەو لێکدانەوەیەمان بۆ دووپات بکاتەوە، ئەوە لەلایەکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەبەستی دیکەی لەو وشەیە نییە، ئەمەش ڕووکاری دەرەوەی ئەم بابەتەیە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە «سوورە» لەسەر ئەوەی هۆشیارانە و بەمەبەست ئەو چەمکەی هەڵبژاردووە و بەمەش، دەیەوێ پەیامێک ڕابگەیەنێ.

لەلایەکی دیکەوە، «گۆران» شاعیری دڵداری و جوانییە، بەڵام لەم بەیتەدا، بەڕوونی، دڵداری بە «ئەفسانە» ناودەبات. ئەم هەڵگەڕانەوە گەورەیە تا چەند دەتوانرێ بەهەڵوێستێکی چەسپاو و نەگۆڕ لەقەڵەم بدرێ؟ جگە لەمەش تووڕەیی (ڕەنجاوی) دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی «لەعنەت» لە «زوهرەی جوانی و عەیاری بکات». پێش ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە شی بکرێتەوە باشە هەڵوەستەیەک لە ئاستی لێکدانەوەی وشەی «زوهرە»دا بکەین، وەک لە پەراوێزدا هاتووە. لێکدانەوەکە بەم شێوەیەیە: «زوهرە: ڤێنووس، ئەستێرەیەکی گەش (گەلاوێژ؟)». بەو هێمای پرسیارەی لە ئاست وشەی لەنێو دووکەوانە دانراوی (گەلاوێژ)دا دانراوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر لێی دڵنیا نەبووە و بەڕاستیش (زوهرە) (گەلاوێژ) نییە، بەڵام ئەمە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا بەڕاستی گۆران هەر بەو شێوەیە لە زوهرە گەیشتووە کە لەپەراوێزدا هاتووە؟ وەڵام، بێ گومان، هەر (نەخێر)ە(*)، چونکە گۆرانێکی بەو شێوەیە شارەزا لە ئەدەبی ئینگلیزی، بەتایبەت ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی، کە میتۆلۆژی بە گشتی یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی، ئەم گۆرانە، ناکرێ تەنیا هێندە لەبارەی «زوهرە- ڤینۆس»ەوە بزانێ. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر زوهرە تەنیا

(ئەستێرەیەکی گەش) بێت، پێوەندی چییە بەو خانمەی شاعیری بەو ئاستە رەنجاندووە، کە ئاوەها کەفوکوڵی دەروونی بکاتە قوڕی (لەعنەت) و ئاراستەی نێوچەوانی بکات؟

بەڵێ زوهرە ئەستێرەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە «خوداوەندی جوانی»یە و ڕەنگە گۆران، بۆ ئەو سەردەمە، لەترسی بەهەڵە تێگەیشتنی چەمکی خوداوەند (آلهة) ناچار بووبێ لە پەراوێزدا ئاماژە بۆ ئەوە نەکات. کەواتە ناونانی جوانەکەی، یان یار- وەکو لەهەڵبەستی پەشیمانی-دا ڕوون دەبێتەوە، بە «زوهرە» جۆرێکی ئێجگار تایبەتی گشتاندنە، واتە لەعنەتەکەی تەنیا لە «جوان»ێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەهێمای جوانی و عەیارییە. ئەوەی لێرەدا، چونکە جنێو پێ دراوە، گۆران نەیتوانیوە بیدرکێنێ، لە پارچە شیعری (بۆ خانمێک)دا بە ڕوونی دەیدرکێنێ، چونکە لەوێ ستایش کراوە.. گۆران لەدوابەیتی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

**نازانم ئەبێ چۆن بگەمە باسی ویصالت!؟**

**تۆ خواژنی جوانیت و ئەکەم فەرطی حەیا لێت**

(خواژنی جوانی-آلهة الجمال)، لەو میتۆلۆژییەی گۆران پەنای بۆ بردووە، هەمان ئەو «زوهرە»، یان «ڤینۆس»ەیە کە لە «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا بەر لەعنەت کەوتووە. خۆ ئەگەر لەشوێنێکی دیکەشدا وشەی «عەشتار»، یان «عەشتە رووت»ی بەکارهێنابا، بەهەر شێوەیەک بێ، ئەوە هەر هەمان کەس دەبووە مەبەست و شێوەی بەکارهێنانە کە کارناکاتە سەر ئەو ڕاستییە.

بەو ناوبردنی «زوهرە»یە، گۆران «لەعنەت-نەفرەت»ەکەی بەسەر هەموو هاوڕەگەزەکانی یارەکەی گشتاند و ئا لێرەشدا شکستی هەرە گەورەی خۆی، هەڵبەتە لەڕووی دەروونییەوە، ڕاگەیاند. شکستە گەورەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ئەو، لەکاتێکدا کە لەڕووبەڕووبوونەوەی یەک خانمدا گرەوی دۆڕاند، دەیەوێ گرەوەکە بۆ گۆڕەپانی هەموو خانمەکان، بەڵکو بۆ گۆڕەپانی خانمایەتی ببات. ئەمەیان، بەوردی دەبێتە هاوتای مەعنەوی پەندی: «بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاوێشتنیەتی». ئەمە تەنانەت بەردێکیش نییە کە لەوزەی مرۆڤدا بێت هەڵی بگرێ، بەڵکو شتێکە بەدەر لەهەموو پێوەرە ئاساییەکاندا لەنگەر دەگرێ. لە سایەی ئەم لاوازییەدا، ئایا شاعیر ڕاوچییە؟ مەنتیق دەڵێ نەخێر، بەڵام...

ڕاوچی نییە لەبەر ئەوەی خۆی بەدوای ئەو چرکەیەدا نەگەڕاوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چرکەکە غافڵگیری کردووە و لەپڕ هەموو هێمنی و هاوتایی دەروونی هەڵمژیوە تا ئەو ڕادەیەی دەمارگیری گەیاندوویەتییە ئەوەی، بەدەستی خۆی، بنەما هەرە گرنگەکانی هەموو ئەوەی هەیەتی و دەکرێ شانازی پێوە بکات (جیهانی دڵداری و جوانی) هەڵدەتەکێنێت و نەفرەت (لەعنەت) لە خوداوەندی جوانی دەکات. ئەمە بەنێچیر بوونە- نەک بەڕاوچی بوون- بە هەموو مەعنایەک و (چرکە) نەک (شاعیر) لێرەدا ڕاوچییە، بەڵام خودی ئەو چرکەیەش زادەی یەکەمین بەیتە، ئەو چەند وشەیەی نکوڵی کردن، کە لەسەر زاری خۆشەویستی هەڵگەڕاوەوە گێڕدراوەتەوە. کەواتە ئەو «ڕاوچی ڕاستەقینە»یە.

نە چرکەکە خۆی و نە «یار»یش لە پرۆسەی شیعراندنی هەڵوێستەکەدا ڕۆڵیان هەیە. ئەوەی بەرپرسی ئەو پرۆسەیەیە (شیعراندن) ناخی شاعیرە (دەروونی) و ئەگەر ئەمەش نەبێت، هەرگیز شیعر ئەو کاریگەرییە گەورەیەی بەسەر (دەروون)ەکانی دیکەدا نابێ. ئەو دەروونە، لە بناغەدا، بواری پێشوازی کردن لە چرکە هەستیارەکانە، بەڵام پێشوازی کردنێکی ئاسایی نییە. لەم پرۆسەی دیدەنییەدا هەموو شتێک گرنگە و هەموو شتێک وەڵامی هەیە. ئەوەی ئەرکی پێشوازی دەگرێتە ئەستۆ سۆزە، کە ئێجگار هەستیارە و کەمترین ئاماژەش فەرامۆش ناکات و تەنانەت کاردانەوەشی بۆ هەموو شتێک هەیە. کەواتە.. چاک، یان خراپ، ئەم (ناخ-دەروون)ی بە (سۆز) ڕەنگرێژکراو و کار کردووە، لە ڕووی شیعرییەوە، ڕاوچی ڕاستەقینەی ئەو چرکەیەیە و پاساوی ئەو ڕاوچێتییەی هەمان ئەو پاسەوانییەیە کە لە پێناوی ڕاگرتنی هاوتایی دەروونیدا هەمیشە لە بۆسەدایە بۆ ڕاوکردنی هەر چرکەیەک. هەر هەوڵێکیش بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بخرێتە ژێر هەڵسەنگاندنی مەنتیقی عەقڵەوە لەنگییەک دەخاتە سەرجەمی مەسەلەکەوە، چونکە هەموو ڕەفتارێک، کردار بێت، یان پەرچەکردار، لەجیهانی سۆزدا ڕاستەوخۆ و خێرایە، وەکو ڕەنگدانەوەی وێنە لەئاوێنەدا، بەڵام لەجیهانی عەقڵدا، هەموو شتێک ئێجگار لەسەرخۆ و بەوردی، بە کۆمەڵێک فلتەر (دەزگای پاڵاوتن)دا دەڕوات و دەگەڕێتەوە تا بتوانێ دوا

شێوەی خۆی وەربگرێ. ئاشکراشە کە ئەم دوو پرۆسەیە دوو ئەنجامی بەتەواوی جیاوازیان دەبێت و ناتوانرێ باس لە ئەگەری لێکچوونی هەردووکیان بکرێ.

لە پێنجەمین بەیتدا، لە پڕ کلیلێکی دوو سەرە بەدی دەکەین.. واتە کلیلێک بۆ کردنەوەی دوو ڕازی جیاواز بە کەڵک دێ، بەیتەکە ئەمەیە:

**عومری جوانیم لە هێلانەی بێ ڕەنجا،**
**چەن بێ تاسە، چەن ئاسوودە ئەگونجا؟**

«عومری جوانیم» چ دەگەیەنێ؟ بەئاسانی دەتوانرێ بگوترێ تەمەنی لاوی دەگەیەنێ. ئایا دەکرێ ئەمەیان بکەینە بەڵگەی ئەوەی لەکاتی نووسینی ئەم پارچە شیعرەدا پیر بووە؟ پێشتر هەلومەرجی لەچاپدانی کۆمەڵە شیعری (بەهەشت و یادگار)- بەساڵی لەچاپدان و سەرەتا بۆ نووسینیشییەوە- ، ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە ئەگەر یەکێک لەدوا شیعرەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرە« هەڵبەستی ڕەنجاو بێت، ئەوە ناکرێ پاش ئاداری ١٩٥٠ نووسرابێ. کە «گۆران»، خۆی، لە ساڵی ١٩٠٤، یان ١٩٠٥ لەدایک بووبێ، ئەوە تەمەنی لە (٤٥)، (٤٦) ساڵ زیاتر نەبووە، بەڵام با پێشتر لەکۆمەڵە شیعری «بەهەشت و یادگار»، بە پێی پێویست وردببینەوە و شوێن پێی گۆڕانی شێوازی شیعر نووسینی «گۆران» هەڵبگرین، بەو هیوایەی بگەینە ئەنجامێکی نزیک لەڕاستی. هەروەها چەند ڕاستییەکی مێژوویی، لەڕێی خودی شیعرەکانەوە، بەخێرایی، بکەینە بنەمای هێندێ هەڵسەنگاندنی مێژوویی:

١- پێ دەچێ غەزەلەکانی گۆران کۆنترین پارچە شیعرەکانی ئەوبن و ئەگەر پاش ئەوەش بەردەوام بووبێ لەسەر نووسینیان، ڕەنگە تەنیا بەهۆی ئەوەوە بووبێ بەردەوامییەک بەچەند شاعیرێکی وەکو (سالم) بدا کە پێ دەچێ لای گۆران لە هەموو شاعیرانی کلاسیکی کوردمان بە باڵادەستتر لەقەڵەم درا بێ. غەزەلەکانی «گۆران» تەنیا لە کۆمەڵە شیعری «بەهەشت و یادگار» هەن لەکۆمەڵەکانی دیکەی دیواندا بەدی ناکرێن، واتە پێش ساڵی ١٩٥٠، بە لای کەمەوە، گۆران دەستی لەو جۆرە شیعرە هەڵگرتووە. بەڵگەی ئەوەی «گۆران» پێی وایە «سالم» بەرزترین شاعیری کلاسیکمانە، ئەمەیە:

**بەیادی تۆ ئەگرێ دەستی عاجزم خامە**
**دەهایی ڕۆشن و بەرزت ئەگاتە ئیمدادم**
**هونەری نییە کە ئەناڵێ ڕوبابی ئینشادم**
**تەذەککورت سەبەبی سانیحات و ئیلهامە**

**لە دائیرەی سەلەفا ئەی قەریحە ڕوون و ڕەوان،**
**کەسم نەدی کە وەکو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی**
**بەحوزنی پڕ لە بەدیعە وەکو کەلیم گریان،**
**ئەگەرچی وێنەیی حافظ بە غەلغەلە و شەنگی ل١١٧**

بەسەر غەزەلەکانەوە، بەگشتی، گیانی لاسایی کردنەوە زاڵە نەک داهێنان و غەزەلی «ئەڕۆی ئۆغر» نەبێ، بەبۆچوونی من، ئەوانی دیکە هێندەش تۆکمە نین. جگە لەمەش، پارچە شیعری «بۆ سالم» غەزەل نییە، بەڵکو ئەو شێوازەی تێدا گرتۆتە بەر کە «گۆران» خۆی، ناوی «لاسایی ئەدەبی عوسمانی»ی لێ ناوە.

٢- ئەو شێوازەش کە ناوی «لاسایی ئەدەبی عوسمانی»ی لێ ناوە، جگە لەوەی وشەی بیانی زۆری تێدا بەدی دەکرێ، جۆرە زۆر لەخۆکردن (تصنع)ێکی ڕوونیشی پێوە دیارە و کەمتر دەکرێ (ڕەوان بوون)ی ببێتە مایەی باس کردن. ئەم لایەنە، سەرەڕای ئەوەش کە لەکۆمەڵەی «فرمێسک و هونەر» و «سروشت و دەروون» و ئەوانی دیکەشدا بەدی دەکرێ و لەهێندێکیدا کۆپلە و بەیتی ئێجگار دڵگیری وەکو ئەمانە دەبینین:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم، گەر هاتە سەر نەعشم،**
**نەڵێ خۆی بۆ وەطەن کوشت و لەڕێی عەشقی منا نەژیا**
**وەظیفەم بوو لەپێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم..**
**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لەداوێنی چیا و کەژیا**
**ئەگەر خوای گەورە بەخشی بێت هەتیوێ، پێی بڵێ: ڕۆڵە**
**لەمن فرمێسکی ویست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە**
**شەهید ل٢٦٧**

سەرەڕای هەموو ئەوانە، مۆرکی گشتی ئەو شێوازە زۆر لەخۆکردنی شاعیر و دیاردەی زۆری وشەی بیانی پێوە دیارە، بۆیە پێم وایە هی سەردەمێکە هێشتا شاعیر بەو شێوەیە بەسەر شیعردا زاڵ نەبووە.

٣- گۆران، خۆیشی، هەوڵی داوە لە کۆمەڵە شیعرەکاندا ئەو پارچە شیعرانە بڵاو بکاتەوە کە لەگەڵ ناوونیشانی گشتی کۆمەڵە شیعرەکەدا دەگونجێن. ئەمە بەو مەعنایەیە کە دوور نییە پارچە شیعرێکی تازە ئامادە کرابێت بۆ بڵاوکردنەوە لە کۆمەڵە شیعرێکی ئامادە کراو بۆ چاپ کردن، کەچی شیعری کۆنتر، بەهۆی نەگونجانی

لەگەڵ ناوونیشانی گشتی ئەو کۆمەڵە شیعرەدا دانەنراوە بۆ بڵاکردنەوە لەوێدا. بۆ نموونە، مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم، لەپێشەکی (سەرجەمی بەرهەمی گۆران- بەرگی یەکەم)دا باس لەوە دەکا کە پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ گۆران بەنیاز بووە کۆمەڵە شیعری (سروشت و دەروون) چاپ بکات، واتە ببێتە دووەمین کۆمەڵە شیعری چاپ کراوی. لەو کۆمەڵە شیعرەدا پارچە شیعرێک، لە بەشۆکەی (شیوەن و فرمێسک)دا لەژێر ناوونیشانی (لەسەرە مەرگی هیوادا) بڵاوکراوەتەوە، کەچی پارچە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)، کە بێ گومان پێشتر نووسراوە، چونکە هێشتا نەخۆش بووە و لەسەرە مەرگدا نەبووە، بۆ بەشۆکەی (دەنگی دەروون)ی کۆمەڵە شیعری (سروشت و دەروون) هەڵگیراوە.

٤- پێ دەچێ گۆران، لە دوو قۆناغی جیاوازدا دەستی لەنووسینی غەزەل و شێوازی عوسمانی هەڵگرتبێ، بەڵام گۆڕانی شیعرەکانی، بەپێی لێکدانەوەی من، هەر لە چوارچێوەی کێشی هیجا (پەنجە)دا، دەبوو دوو بەربەستی گەورە ببەزێنێ:

أ- زۆر لەخۆکردن بەو ئاراستەیەی دەکرێ هونەرکاری لەو شیعرانەدا بەدی بکرێ، بەڵام ئەو گیانەی تێدا بەدی ناکرێ کە بە ئاسانی لەلایەن خوێنەرەوە پەسند بکرێت و لەبەر بکرێ.

ب- بەکارهێنانی وشەی بیانی بەزۆری، بەتایبەتی ئەو وشە زەقانەی ناتوانرێ بەئاسانی پاساو بۆ بەکارهێنانیان بهێنرێتەوە.

بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانە و بەراوردکردنی (هەڵبەستی ڕەنجاو) لەگەڵ تێکڕای شیعرەکانی دیکەی کۆمەڵەی (بەهەشت و یادگار)، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم شیعرە ڕەوانە و وشەی بیانیی زۆر کەمە و لە هەموو ڕوویەکەوە گیانی خۆماڵی بەسەرەوە زاڵە و زمانەکەی پاراوە- بۆیە بەیەکێک لەتازەترین شیعرەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرەی دەزانم و پێم وایە، ئەگەر لە ساڵی (١٩٥٠)یشدا نەنووسرابێ، ئەوە هەر ناکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە پێش ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٨) نووسرابێ، بەمەش، لەکاتی نووسینی ئەو شیعرەدا تەمەنی شاعیر لەسەرووی (٤٠) ساڵی بووە. لەو تەمەنەشدا دەکرێ مرۆڤ بە سۆز و خەمێکی قووڵەوە ئاوڕ لە (عومری جوانی) بداتەوە، بەتایبەت ئەگەر بەڕاستی (بێ تاسە) و (ئاسوودە) (گونجا) بێ.

ئەم گەڕانەوە پڕ سۆزەی شاعیر بۆ ڕابردوو، لە جەوهەریدا میکانیزمێکی دەروونی کارایە بۆ پەردەپۆش کردن (هەڵاتن لە ئێستا-واقیع)، کە ڕەنگە بەهەمان پلە هەڵاتن بێ لەکۆمەڵیش، چونکە شاعیر، لە پڕ، ڕووبەڕووی چارەنووسێکی ئەوتۆ دەبێتەوە، کە بەتەنیایی و بەداماڵراوی و بێ پەنا خۆی دەبینێتەوە و لەبەر ئەوەش کە لەناخەوە هەست دەکات کە بەهاکانی (پیاوەتی)ی پێکراون، تەنانەت ڕووی ئەوەشی نییە کۆمەڵی لێ ئاگادار بکاتەوە، بۆیە لەو (کۆمەڵ)ە هەڵدێ، تەنانەت لەو کۆمەڵەشدا کە لە چینە قووڵەکانی (نائاگایی)دا خۆی حەشارداوە و چاودێریی دەکات. لێرەوە، سەرلەنوێ بەدوای چەکێکی دەروونیدا دەگەڕێ و باشتریش لەوەی گیر نابێ ئۆباڵی دەسپێشخەری بخاتە ئەستۆی (خانم)ەکەوە، کە چەکی بەکارهێنراویشی نائاسایی بووە:

**تا ناسیمت، تا خۆت هاوێشتە سەر ڕێم،**
**تا دێوجامەت ڕاگرت نیشانت دا پێم ل٣٧**

«خۆت هاویشتە سەر ڕێم» ڕوونە کە مەعنای «ڕێت پێ گرتم» دەبەخشێ. ئەو شێوە دارشتنە دەشێت بۆنی ئەوەی لێ بکرێ کە ڕەنگە شاعیر، لە سەرەتادا، ئارەزووی لەو ئەزموونە نەبووبێ، بەڵام ئەو بە زۆر ڕێی پێ گرتووە و بە مەبەستی هەڵفریواندنیشی (دێوجامە)ی بۆ ڕاگرتووە و پیشانی داوە.

دوا دوو بەیت، ئەگەرچی بەڕواڵەت تەواوکەری ئاسایی بەیتەکانی دیکەن، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە دوو شێوەی دەگمەنی ددان پێدانانن. ئەگەرچی حەوتەمین بەیت، پێش کۆتایی، وا دێتە پێش چاو کە ڕوونکردنەوەی «تا دێوجامەت ڕاگرت»ە، واتە بەردەوامی بەدەستپێشخەر لە قەڵەم دانی بەرانبەر، بەڵام پێ دەچێ تەنیا ئەوە نەبێت.. ئەمە ئەو بەیتەیە:

**هاوار.. تۆمەز لەودیو پەردەی گوڵگوڵێن،**
**لەکارا بوو بیری بەد، دەستی خوێنێن**

«پەردەی گوڵگوڵێن»ە کە هەمان «دێوجامە»ی بەیتی پێشووە. واتە لەبەیتی پێشووەوە زەمینە خۆش کراوە بۆ ددان نان بەوەی شاعیر کەوتۆتە نێو داوەوە. ئەم ئەنجامگیرییە ڕاستەوخۆ لە ئەرکی (دێوجامە)وە هەڵدەقووڵێ، کە لەپەلکێش کردنی «نێچیر» بۆ لای داو چڕ دەبێتەوە، بەڵام بە «نێچیر» بوون لە وردەکارییەکانی

ئەم ئەزمــوونەدا، وەکــو لە بەشــێکی دیکەی «ڕاوچی چرکە»دا ڕوون دەبێتەوە، شکست نییە، بەڵکو بەتەواوی بەپێچەوانەوە، جەوهەری ئەزموونەکەیە، بۆیە ئەمە ئەو «ددان پێدانان»ە نییە کە بەدوویدا وێڵین.

دووەمین بەشی ئەو بەیتــە: «لەکــارا بــوو بیــری بەد، دەســتی خــوێنین»، ئەگــەر پشت بە بەڵگەی مــاددیی یەکلاکەرەوەش سەبارەت بەو «لەکارا بوون»ە نەبەستێ، هێشــتا ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ کــە «بیــری بەد» و «دەســـــتی خــــوێنینی»، لەخــــۆڕا و بە بێ بنەمــــا هەڵنەبژێردراون. ناتوانرێ بیر لە «بیــری بەد» بکرێتــەوە بێ ئەوەی کاریگەری بەدی بەدواوە بێ، دەنا چۆن شاعیر پێی زانی؟. خــۆ ئەگــەر ئەمیــان تەنیــا لایەنی تیــۆری بەســەرەوە زاڵ بێت، ئەی لەبارەی «دەستی خوێنین»ەوە چی دەگــوترێ، بە تایبــەت لەبەر ئەوی وشــەی «دەست»، بەهەر مەعنایەک وەربگیردرێت، ئەو خەسڵەتەی لەدەست نادات کە ئامێری جێبەجێ کردنە؟. ئەو «دەست»ەش کە «خوێنین» بێ ئەوە ئەرکێکی خوێناوی جێبەجێ کردووە. ئایا دەتوانرێ مــۆرکی «تیــۆری بــوون» بەســەر ئەمــەشــدا بسەپێنرێ؟.

بەڕواڵــەت و تەنیـــــا بە پــەنابردنــە بەر ئامــــاژەی ڕاستەوخۆی «دەستی خوێنینی» هیچ هۆکارێک لەئارادا نییە بۆ ئەوەی قەناعەتێکی دیکەمان لا دروست بکات، بەڵام لەبەرانبەریشدا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو دەستە، بەکردەوە، خوێنییە. ئەم ڕاســتــییــەش دەروازەی واقــیــعی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی تاڵە دەزووی پێــویست، کــە باشــتــرە لەدوا بەیتــدا بۆی بگەڕێین:

**بەلەعنەت بێ زوهرەی جوانی، سروشتی:**
**دائەفلیقێ هەر دڵی کەوتە مشتی  ل٣٨**

ئا لێــرەدا دەست «مــشت»ێک هەیە و زۆر ڕوونە کــە مــشــتی «زوهرەی جــوانی»یە. ڕێک بەو شــێــوەیەی کــە زوهرە گــشــتــاندن (تعــمیم) و بەهێــمــا (ڕەمــز) کــردنی تاکێکی دیاری کراوە، ئاوەهاش لە دووتوێی «دڵی-یەک دڵ»دا، شاعیر ویستوویەتی بە ڕاشکاوی لێدانی هەموو ئەو دڵانــە کـــــۆبکــاتەوە کـــــە دەکـــــەونــە داوی هەر (جوان)ێکەوە: هەر زوهرەیەکەوە.

ئەم بەیتــــە دەمــــانگێــــڕێتــــەوە بۆ کـــاریگەرییــــە نەبینراوەکــان.. ئەو کــاریگەرییــانەی بە قــووڵی جێ پەنجەی خۆیان بەسەر مرۆڤەوە بەجێ دەهێڵن بێ ئەوەی لە ڕوخســاری دەرەوەی ئەو شــتــەدا کــە دەکــەوێتــە بەر کــاریگەری، هیــچ شــتــێــک دەربکەوێ. بەڕواڵەت، ئەگــەر دڵ بکەوێتە ناو «مشت»ێکی بەهێزەوە و دابفلیقێ، بێ گومان «خوێن»ی دەڕژێت و ئەو مشت «دەست»ە دەکرێ بە «دەســتی خــوێنین» ناوبــرێ. ســەرلەنوێ، کــەواتە، گۆڕەپانەکە گۆڕەپانی دەروون و کاریگەرییەکانیــەتی و هەموو ئەوەی ڕوودەدات تەنیا لە جیهانی هەستدایە، کە شانۆی هەمیشە گەرم و جەنجاڵی سۆزە و لەو شانۆیەشدا هەمــوو ڕووداوەکــان درامــاتیکین و هەر چرکــەیەک هەڵچوونی تایبەت و پاساوی تایبەتی خۆی هەیە.

# شێوازی شیعریی لە شیعری نوێی کوردیدا
## کۆشیعری (شەڕی چل ساڵە) وەک نموونە

### (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری ئامارییە)

**ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

(شەڕی چڵ ساڵە) ناوونیشانی دیوانێکی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)ە، لە دووتوێی سەدو دوو لاپەڕە، دەزگای ئاراس وەکو ژمارە (١٣)ی کتێبی (شین)، ساڵی (٢٠٠٥ز) لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر بە چاپی گەیاندووە.

ئەم دیوانە شیعرییە جگە لە ئەزموونێکی شیعری شاعیر خۆی، کە لاپەڕەکانی (٥ تا ٢٦)ی گرتووە، (١٠) کۆمەڵە شیعری بە ناوونیشانەکانی: (ئەلف و بێ)، (مانگەکان)، (کەلووەکان)، (ئاسمانییەکان)، (هەفتە)، (هەستەکان)، (قۆناغەکان)، (نوێژەکان)، (پێکهاتن)، (وەرزەکان)ی تێدا هاتووە، هەر یەکە لەوانەش ژمارەیەک شیعر لە خۆ دەگرن، کۆی تەواوی ئەو شیعرانە (١٠٠) پارچە شیعرن، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند لایەنێکەوە تیشک دەخاتە سەر شێوازی دەربڕینی شاعیر لەو شیعرانەی.

میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە، میتۆدی (شێوازگەری ئاماری)یە، بۆیە ئەنجامەکان هەمیشە بە ژمارە دەخرێنە ڕوو، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو تایبەتمەندییانە دەردەکەون، کە شێوازی ئەو شاعیرە دروست دەکەن و لە شێوازی هەر شاعیرێکی دیکەی جیا دەکەنەوە.

**لە بارەی شێوازگەری ئامارییەوە**

شێوازگەری ئاماری بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەک، کە لە دوو لایەن پێک دێت، یەکەمیان گوزارشتکردن لە ڕووداو، دووەمیان گوزارشتکردن لە وەسف، ئەوەی یەکەم مەبەست لێی ئەو فرمانانەیە، کە گوزارشت لە ڕووداو دەکەن، دووەمیشیان مەبەست لێی ئەو وشانەیە کە ئاوەڵناون و وەسفی ناوەکان دەکەن. ئیتر لێکۆڵەر دێت هەموو ئەو ڕستانەی دەقەکە کە دەکەونە شوێنێکی تایبەتی دەقەکە بۆ نموونە سەرەتای، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان هەموو ئەو ڕستانەی دەقەکە پێک دێنن، ژمارەی تەواوی فرمانەکانیان دەژمێرێ و دابەشیان دەکاتە سەر جۆرە تایبەتییەکانی فرمان، هەروەها ژمارەی ئاوەڵناوەکانیان دەژمێرێ و بەسەر جۆرەکانی ئاوەڵناو دابەشیان دەکات، ئینجا بەراورد لە نێوان ژمارەی ئاوەڵناو و فرمانەکان دەکات، بۆ نموونە سەرەنجام بۆی دەردەکەوێت، کە شاعیرێکی وەسفییە، ئەمە ئەگەر ئاوەڵناوەکانی زۆرتر بوو، یان شاعیرێکی فرمانییە، ئەمە ئەگەر هاتو ژمارەی فرمانەکانی ڕستەکانی لە ژمارەی



سەباح ڕەنجدەر

ئاوەڵناوەکانی زۆرتربوون، واتە بۆ هەر ناوێک بۆ نموونە، کــە بکەرە دەشێ دوو، یان سێ، یان زیاتر فــرمــانی بەکارهێنابێ، بەڵام لە بەرانبەردا بۆ هەر یەکە لەو ناوانە ئاوەڵناوی زۆر بە کەم بەکار هێنابێ، یان بە پێچەوانەوە هەمیشە ناوەکانی بە زنجیرەیەک ئاوەڵناو وەسف کردبێ، کەچی لەولاوە ژمارەی فرمانەکانی دراوەتە پاڵ ئەو ناوە بکەرانەی زۆر کەم بن و بەم شێوەیە. (١)

لە لایەکی دیکە دەشێ لە جـــۆری ئەو وشـــــانە بکۆڵدرێتــەوە، کــە چاڵی بکەر و تەواوکــەرەکــانی ناو پردەکــەنەوە، ئایا بریتــینە لە (ناو)، یانیش بریتــینە لە (ڕاناو)ەکــان، کــە بێ گــومــان شــاعــیــر هەردووکــیــان بەکاردێنێ، بەڵام ئایا کامیانی زۆرتر بەکارهێناوە، ئەگەر هەمــیــشــە بۆ نموونە بکەری وەکـو (ناوی سـەربەخـۆ)ی لابردبوو و تەنیا وەکو ڕاناوی لکاو هێشتبوویەوە، ئەوە کەواتە دەربڕینەکانی دەشێن لە واتایەک زیاتر بگەیەنن، چونکە جۆرێک لە نادیاری بەم لابردنەی بکەری سەربەخۆ بۆ ڕستەکانی دروست دەبێ، ئەوەش خوێنەر وا لێ دەکات بیری لەسەر یەک بکەر کورت نەبێتەوە و بیر لە زیاتر لە بکەرێک بکاتەوە، بەمەش بیری بۆ هەر کێیەک بڕوات، کە بکەر بێ، دەقەکە واتایەکی دیکەی نوێ وەردەگرێ، دەبینین شیعری نوێ، ئەم جۆرە لادانەی زۆر تێدایە، بۆیە زۆرجار بە دەقەکانی دەگوترێت، دەقی کراوە.

کـەواتە: شـێـوازگەری ئاماری لە گریمانەی گەیشتن بە ڕواڵەتە شـێـوازگـەرییـەکـانی دەق و لە ڕێگەی چەندێتی، واتە: ئامــارکــردنی ژمــارەی وشــە، یان ڕســتــەکــانەوە سەرچاوە دەگرێت و لێرەوە لە دەق دەکۆڵێتەوە. (٢)

## یەکەم: شێوازی فرمان لە سەرەتای یەکەم ڕستە، یان یەکەم کۆپلەی شیعرەکاندا

لێـرەدا ئەگـەر یەکـەم ڕسـتـە لە ڕووی واتاوە سـەربەخـۆ بووبێ، ئەوە بە تەنیـا شـێـوازی فـرمـانی ئەو ڕسـتـەیە وەرگـیـراوە، ئەگـەریش بە تەنیا ڕسـتـەیەک واتا دروست نەبووبێ و واتا خرابێتە کۆپلەیەکی چەند ڕستەیی، ئەوە شێوازی فرمانی کۆپلەکە وەرگیراوە:

شێوازی شاعیر لە سەرەتای ئەو سەد پارچە شیعرانە، لە ڕووی بەکـارهێنانی جـۆری فـرمـانەوە جـا لە ڕسـتـەی یەکـەمی بێ، یـان لە کـۆپلەی یەکـەمـدا وەکـو گـوتمان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- فرمانی ڕابردووی خەبەری (ئەرێ): ٣٢ پارچە
- فرمانی ڕابردووی خەبەری (نەرێ): ١ پارچە
- فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (ئەرێ): ١٤ پارچە
- فرمانی ناتەواوی خەبەری (ئەرێ): ٣٣ پارچە
- فرمانی ناتەواوی خەبەری (نەرێ): ٤ پارچە
- خەبەری فرمان کرتاو: ٥ پارچە
- فرمانی داخوازی: ٣ پارچە
- شێوازی خۆزی: ١ پارچە
- شێوازی پرس: ٢ پارچە
- پرسیاری مەرجی: ١ پارچە
- خەبەری مەرجی: ١ پارچە
- ڕانەبردووی بکەر نادیاری خــــەبەری (ئەرێ): ٢ پارچە
- ڕانەبردووی بکەر نادیاری خــــەبەری (نەرێ): ١ پارچە

## دووەم: شێوازی فرمان لە کۆتا ڕستە، یان کۆتا کۆپلەی شیعرەکاندا

لێـرەدا ئەگـەر کـۆتا ڕسـتـە لە ڕووی واتاوە سـەربەخـۆ بووبێ، ئەوە بە تەنیـا شـێـوازی فـرمـانی ئەو ڕسـتـەیە وەرگـیـراوە، ئەگەریش بە تەنیا ئەو ڕستەیە واتا دروست نەبووبێ و واتا خرابێتە کۆپلەیەکی چەند ڕستەیی، ئەوە شـێــوازی فـرمـانی کـۆپلەکـەی کـۆتایی بە تەواوەتی

وەرگیراوە.. سەرەنجام دەرکەوت، کە: شێوازی شاعیر لە کۆتایی ئەو سەد پارچە شیعرانە، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری فرمانەوە، جا لە ڕستەی کۆتایی بێ، یان لە کۆپلەی کۆتاییدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

فرمانی ڕابردووی خەبەری (ئەرێ): ١٤ پارچە
فرمانی ڕابردووی خەبەری (نەرێ): هیچ
فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (ئەرێ): ٤٣ پارچە
فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (نەرێ): ٣ پارچە
فرمانی ڕانەبردووی ئینشائی (ئەرێ): ٣ پارچە
فرمانی ناتەواوی خەبەری (ئەرێ): ٢٤ پارچە
فرمانی ناتەواوی خەبەری (نەرێ): ١ پارچە
خەبەری فرمان کرتاو: ١ پارچە
فرمانی داخوازی بە شێوازی (ئەرێ): ٣ پارچە
شێوازی خۆزی: هیچ
شێوازی پرس: ٣ پارچە
پرسیاری مەرجی: هیچ
خەبەری مەرجی: ١ پارچە
شێوازی مەرجی ئینشائی: ١ پارچە
ڕابردووی بکەر نادیاری خەبەری (ئەرێ): ٣ پارچە
ڕابردووی بکەر نادیاری خەبەری (نەرێ): هیچ
ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (ئەرێ): هیچ
ڕانەبردووی بکەر نادیاری خەبەری (نەرێ): هیچ

**سێیەم: نموونەی هەندێ لە شێوازەکان**

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێ لەو کۆپلانەی شێوازە جۆراوجۆرە ئاماژە بۆکراوەکانیان دروست کردووە، لەوانیش بۆ نموونە:

**دەروونی پڕ ڕووبەڕووبوونەوەی کەڵەشێر**
**بڵندایی پۆپنەیەتی... ل ٣٩**

**ساڵی تازە**
**لۆچێکی خستە ناوچەوانی بەختی خانووەکەمان..**
**ل ٣٧**

لە هەردوو ئەم نموونانەی سەروو، شێوازی دەربڕین شێوازی خەبەرییە، فرمانەکە (ە)ی ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

**تەمەن لە ساڵەکان نقووم بوو... ل ٤١**

شێوازی ئەم کۆپلەیە شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی (بوو)ی ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو.

**کاتێک تێرخەوەکان**
**خەویان لێدەکەوێتەوە و ڕادەچنەوە**
**سەریان گران دەبێت... ل ٩٧**

شێوازی ئەم ڕستەیە شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی فرمانی ناتەواوی (دەبێت)ە بۆ کاتی ئایندە.

**خانمی ماڵ**
**قەرەوێڵەی منداڵەکان پاک دەکاتەوە... ل ٣٨**

شێوازی ئەم ڕستەیە، شێوازی خەبەرییە، فرمانەکەی (پاک دەکاتەوە)یە، ڕانەبردووی (ئەرێ)یە.

**هێڵێکی پەمبە بەناو دیوانم کشا**
**سووری سڕیەوە... ل ٣٥**

شێوازی ئەم کۆپلەیە خەبەرییە، فرمانەکەی هەردوو ڕستەکانی فرمانی ڕابردووی (ئەرێ)نە.

**سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان... ل ٤٦**

شێوازی ئەم ڕستەیە، شێوازێکی خەبەرییە، بەڵام فرمانی ڕستەکە بە شێوازێکی هونەری دەربڕینی جوان لابراوە، لە بنجدا ڕستەکە بریتییە لە: سوپاسم بۆ گوڵی بۆنەکانە.. یان: سوپاسم بۆ گوڵی بۆنەکان بێت، بەڵام شاعیر فرمانەکەی کرتاندووە و واتاش بە تەواوەتی گەیشتووە، بێ ئەوەی شوێنەوارێکی خراپ لە لابردنی فرمانەکە بکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە باری وەهادا دەربڕین بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت، چونکە دەقەکە دەبێتە دەقێکی کراوە و خوێنەر دەتوانێ زیاتر لە فرمانێکی بۆ دابنێت.

**هاوارێکی تۆقێنەر**
**لە هێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە... ل ٥٥**

شێوازی ئەم ڕستەیەش، دیسانەوە شێوازێکی خەبەرییە، بەڵام وەکو ئەوەی پێشوو، فرمانی ڕستەکە بە شێوازێکی هونەری دەربڕینی جوان لابراوە، لە بنجدا ڕستەکە بریتییە لە: هاوارێکی تۆقێنەر. لە هێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە هەڵسا، یان هەڵدەستێت، یان لەوانەیە هەڵبستێت، یان خنکا، یان دەشێ هەر فرمانێکی دیکەی گونجاو لەگەڵ دەقەکە بێ، بەڵام شاعیر فرمانەکەی کرتاندووەو واتاش بە تەواوەتی گەیشتووە، بێ ئەوەی وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان بۆی کرد، شوێنەوارێکی خراپ لە لابردنی فرمانەکە کەوتبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بارەکە بەهێزتر و کاریگەرتر بووە.

**چوومە داوای سێبەری کەروێشکی کێوی**
**ئاسوودەیی شڵەقاندم و نەبووە شانازیم... ل ٩٠**

ئەم کۆپلەیە لە ڕستەیەکی ئاوێتە پێک هاتووە، کە سێ ڕستەی سادە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ، شێوازی ڕستەکە شێوازێکی خەبەرییە، فرمانی بنجی فرمانی (نەبووە)ی ناتەواوی دەمی ڕابردووە.

**منی گەوهەر و بووژاوەی ڕەنگەکانی تابلۆ**
**شادمانی دیدار و فریو بەسەر**
**دارستانی بەپیت و زەریای پڕ ختووکە**
**هیچ ئارەزوویەکی خواردنم نەبوو... ل ٧٦**

ئەم کۆپلەیەش لە ڕستەیەکی درێژ پێک هاتووە، بکەرەکەی زیاتر لە جارێک بە ڕستە و دەستەواژەی درێژ تەواو کراوە، شێوازی ڕستەکە شێوازێکی خەبەرییە، فرمانی بنجی فرمانی (نەبوو)ی ناتەواوی دەمی ڕابردووە.

**مانگی چواردە کە بە توندی تەمی چەور لادەدا**
**لەخۆبایی بوون و خرۆشی هێزی زۆری نییە... ل ٨٦**

شێوازی ئەم ڕستەیەش خەبەرییە و فرمانەکەی (نییە)ی ناتەواوی دەمی ئێستایە (نەرێ)یە.

**ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی**
**پەرێشانی دەستی نەخۆشی**
**پارەی هێندە هەبووایە**




**لە پشتی دەستی جێی ببووایەوە... ل ٤٢**

شێوازی ئەم کۆپلەیە، شێوازی (خۆزگە)یە، لە باری ئاساییدا لە پێش ڕستەی وەها، ئامرازێکی خۆزگەی وەکو (خۆزگە، خۆزیا، بریا، کاشکێ، ...تاد) لە پێشەی یەکەم ڕستەیدا دێت، کە لێرەشدا ئەم ئامرازە لابراوە، بەڵام ڕەوتی دەربڕینەکە شێوازە خۆزگەییەکەی پاراستووە و ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، کە مەبەست لێی ئەوەیە: خۆزگە ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی پەرێشانی دەستی نەخۆشی پارەی هێندە هەبووایە، لە پشتی دەستی جێی ببووایەوە.

**لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند**
**سەبەتە چاوی لەناو ڕووان... ل ٦٣**

واتە: کە لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند، ئینجا سەبەتە چاوی لەناو ڕووان.

ئەمەش ڕستەیەکی لێکدراوی مەرجییە، لە دوو ڕستەی سادە پێک هاتووە، ڕستەی یەکەم پاڕستەی مەرجییە، ڕستەی دووەمیش شاڕستەی مەرجییە.. فرمانی ڕستەی یەکەم بناغەیە و بنجە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی فرمانی ڕستەی دووەم، واتە: ئەگەر (خۆڕاوەشاندنی لکی درەختی مزرەمەنی) لە ڕستەی یەکەم بە ئەنجام نەگەیشتبووایە، ئەوە (ڕووانی چاوی سەبەتەش لە ناویدا) لە ڕستەی دووەمدا نەدەگەیشتە ئەنجام. ئەوەی شێوازی تایبەتی ئەم شاعیرە لێرە جیابکاتەوە ئەوەیە، هەردوو ئامرازی لێکدەری (کە) و (ئینجا)ی سەرەتای هەردوو پاڕستە و شاڕستەی لابردووە و ڕستەکانی بێ ئامراز پێکەوە لکاندووە.

**کە ئەستێرە سوور دەبێت**
**لە دامێنی گردەکان کێڵگە دەخرۆشرێن... ل ٩٦**

ئەم دێرە ڕستەیەکی لێکدراوی مەرجییە، ڕستەی یەکەم پاڕستەی مەرجییە و بنجە بۆ بە ئاکام گەیشتنی فرمانی ڕستەی دووەم، چونکە ئەگەر (ئەستێرە سوور نەبن)، ئەوە (کێڵگەی دامێنی گردەکان ناخرۆشرێن). کە ئەمە شاڕستەیە و ڕستەی وەڵامی مەرجیشە. بکەری ئەم ڕستەی دووەمە نادیارە، چونکە گردەکان لە خۆیانەوە ناخرۆشرێن، بەڵکو شتێک هەیە دەبێتە بکەریان و دەبێتە هۆی خرۆشانیان، کە لێرەدا ئەم شتە لەبەر هەر هۆیەک بێ شاردراوەتەوەو لابراوە، ئەوەش بارێکی ئاسایی ئاخاوتنی کوردی و زمانانی تریشە، دەشێ لەبەر مەبەستە جۆراوجۆرەکان، نەک هەر لە سیاقە

ئەدەبییەکان، بەڵکو لە سیاقە نائەدەبییەکانیش ڕستەی بکەر نادیار بخرێتە ناو.

**مێزێکی ئاسنینی کۆن**

**گوڵی بۆنخۆش و گەشاوەی لەسەر دەفرۆشرێ... ل ٦٥**

ئەم ڕستەیەش شێوازەکەی شێوازی خەبەری بکەر نادیارە، چونکە خەبەری گوڵفرۆشتن لەسەر مێزێکی ئاسنینی کۆن دەدات، بەڵام ئەوە ڕوون ناکاتەوە، کە کێیە ئەو بکەرەی گوڵەکە دەفرۆشێ؟

**چوارەم: خوێندنەوە بۆ ئەو ئامارانەی سەروو**

لەم ئامارەی سەروودا، کە لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم خستمانەڕوو، دەتوانین ئەمانەی خوارەوە بخوێنینەوە:

١- شێوازی خەبەری لە هەردوو بەشەکانی سەرەتاو کۆتایی شیعرەکان، دەگاتە (١٨١) جار، (٩٢) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٨٩) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا هێنراوەتەوە، ئەمەش بەو شێوەیەی خوارەوە:

أ- شێوازی ڕابردووی خەبەری (٤٧) جار، لە (٣٣) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (١٤) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

ب - شێوازی ڕانەبردووی خەبەری (٦١) جار، (١٤) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٤٧) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

ج - شێوازی ناتەواوی خەبەری (٦٢) جار، (٣٧) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٢٥) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

د - شێوازی خەبەری فرمان کرتاو (٦) جار، (٥) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (١) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

هـ - شێوازی ڕابردووی بکەر نادیار (٣) جار، ئەوانیش لە کۆپلەی کۆتایی سێ شیعر هاتوونە، هەرچی لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکانە، هیچ جارێک ئەو شێوازە نەهاتووە.

و- شێوازی ڕانەبردووی بکەر نادیار (٣) جار، بەڵام ئەوە لە کۆپلەی سەرەتای سێ شیعر هاتووە، هەرچی لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکانە، هیچ جارێک ئەو شێوازە نەهاتووە.

٢- شێوازی ڕانەبردووی ئینشائی لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکان هیچ جارێک نەهاتووە، بە تەنیا (٣) جار لە کۆپلەی کۆتایی سێ شیعردا هاتووە.

٣- شێوازی داخوازی، بە هەمووی (٦) جار دووبارە بۆتەوە، ئەویش (٣) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٣) جار لە کۆپلە کۆتاییەکان.

٤- شێوازی خۆزی یەک جار هاتووە، ئەویش لە کۆپلەی سەرەتای شیعرێک.

٥- شێوازی پرس (٥) جار هاتووە، (٢) جار لە کۆپلە سەرەتاکان و (٣) جار لە کۆپلە کۆتاییەکاندا.

٦- شێوازی مەرجی (٤) جار هاتووە، (٢) جار کەوتۆتە سەرەتای دوو شیعر و (٢) جار کەوتۆتە کۆتایی دوو شیعری دیکە.

٧- شێوازی (ئەریێ)ی فرمانەکان (١٧٤) جار دەبینری، (٨٦) جار لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکان و (٨٨) جار لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکان.

٨- شێوازی (نەرێ)ی فرمانەکان بە تەنیا (١٠) جار دەبینرێ، (٦) جار لە کۆپلەی سەرەتای شیعرەکان و (٤) جار لە کۆپلەی کۆتایی شیعرەکان.

**ئەنجام**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەنجامدا دەگاتە چەند خاڵێک، کە ئەم خاڵانە تایبەتمەندییەکانی شێوازی دەربڕینی (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە سەرەتاو کۆتایی ڕستە، یان کۆپلەکانی (شەڕی چل ساڵە) بەدەردەخەن، ئەوانیش لەمانەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

١- شاعیری ئەم دیوانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەکانی سەرەتا و کۆتایی شیعرەکانی بە زۆری تەواون، تەنیا (٦) حاڵەت لە (٢٠٠) حاڵەتی سەرەتا و کۆتایی بینراوە، کە (فرمان)ی ڕستەی کرتێنرابێ، هەروەها تەنیا (٦) حاڵەتی دیکەش بینراوە، بکەری ڕستەکان نادیار بن، ئەوانی تر هەموویان ڕستەی تەواون، ئەوەش کەوابێ ئەو شاعیرە لە ڕووی هەبوونی بەشە ئاخاوتنە پێکهێنەرە بنجییەکانی ڕستەوە، کە (بکەر و فرمان)ن، ڕستەی تەواو و ڕوون بەرهەم دێنێ، ئەگەرچی لە ڕووی ڕیزبوونی ئەو بەشە ئاخاوتنانەوە، لە ڕیزبوونی ئاسایی قسەکردنی خەڵکی لا دەدات و شێوازی تایبەتی خۆی پێشکەش دەکات، کە ئەوەش جیاوازی دەقی ئەدەبی داهێنراوە، لە قسەی ئاسایی و ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی. تەنانەت زۆر جار ئامرازەکانی پرس و

خۆزگە و لێکدەر و ...تادیش دەکرتێنێ و بەبێ ئەوان بابەتەکەی خۆی پێشکەش دەکات، هەمـوو ئەوەش وادەکات بەشێکی دەقەکانی ببنە دەقی کراوە و ئاسایی و بە زیاتر لە شێوەیەک بخوێنرێنەوە.

٢- شاعیر لە شێوازی دەربڕینی خۆیدا، هەمیشە خەبەر دەدات، لە زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ڕستەکانی وەکو خەبەر دەگەیەنێتە گوێی خوێنەرەکانی، هەرچی شێوازەکانی ترە، ئەوە ئەوان هەندێکیان هەر بەکارناهێنێ و هەندێکیشیان زۆر بە کەمی بەکار دێنێ.

٣- خەبەر کە پەیامی زۆربەی شیعرەکانی شاعیرە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە زۆربەی شیعرەکانی لە ڕووی پەیامەوە، لە یەکێک لە بارەکانی (ڕاستی)، یان (درۆ) دەربازیان نابێت، چونکە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، خەبەر: ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە بوونێکی دەرەکی هەیە و بە پێوەرەکانی ڕاستی و درۆ دەپێورێت.(٣)

٤- گەیاندنی پەیام لە ڕێگەی شێوازی خەبەرییەوە بەو ڕێژە گەورەیە، لێکدانەوەیەکی دوو سەرەی بۆ دەکرێت، یەکەمیان ئەوەیە: متمانەی شاعیر بە خۆی و بەو باسانە دەخاتە ڕوو، کە دەیانگەیەنێتە خوێنەر.. دووەمیش: جۆرێک لە هەژاری دیوانەکە پیشان دەدات، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێنەرانی خۆی، چونکە خوێنەر خاوەنی ئاراستەی فیکری جۆراوجۆر و ئاستی ڕۆشنبیری لەیەکتری جیاوازن، کە ئەوەش وا بێ، ئیتر دەبێ شاعیریش بە زیاتر لە شێوازێک بابەتەکانی خۆی بگەیەنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لای زۆربەیان سەدای ببێ، چونکە ئەوە بەڵگە نەویستە، کە: تەواوی خوێنەران حەز بە یەک جۆر شێواز ناکەن و لە گۆڕانکاری شێوازەکاندا چێژی تایبەت وەردەگرن، بۆیە تەنانەت لە سیاقە نائەدەبییەکانیشدا زۆرێکی قسەکەران مەبەستەکانی خۆیان بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەیەننە بەرانبەر، نەک بەردەوام بە یەک شێواز قسە بکەن. کە خەڵکی ئاساییش شێوازی جۆراوجۆر بەکاربهێنێ، ئەوە بێ گومان بۆ شاعیر پێویستترە شێوازەکانی هەمەڕەنگ بن و بە زیاتر لە شێوازێک بابەتەکانی پێشکەش بکات.

٥- لە کۆپلەکانی سەرەتاو کۆتایی ئەو (١٠٠) شیعرەیدا، تەنیا ٦ پارچەی فرمانەکانی (نەرێ)یە، ئەوەش کەوابێ، ئەو شاعیرێکە هەمیشە بە ئاسایی و بێ ڕەتکردنەوە و ڕێگرتن مەبەستەکانی پێشکەش دەکات.

٦- کەمی بەکارهێنانی شێوازی مەرجی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە شاعیر دەیەوێت، خوێنەر بە ئازادی بەرەو بابەتەکانی خۆی بانگ بکات، نەک بە فرمان، بەسەریاندا بچەسپێنێت، کە تا کۆتایی شیعرەکەی لەگەڵیدا بن، یانیش پابەند بن بەوەی لە کۆتایی پێیان دەڵێت.

٧- لە کۆی (١٨١) ڕستەی شێوازی خەبەری، (١٢١) ڕستەی فرمانەکانی ڕابردوو، یان ناتەواون، کە فرمانی ناتەواویش وەکو ڕابردوو هەردووکیان گوزارشت لە خەبەری چەسپاو (خبر یقین) و دوور لە مانەوەی گومان بۆ بەئەنجام گەیشتن دەکەن، بەڵام ژمارەی خەبەرە ڕانەبردووەکانی تەنیا (٦٠) خەبەرە، کە دیارە فرمانی ڕانەبردوو بۆ خەملاندن بەکاردێ و بۆچوون دەخاتە ڕوو، جا دەشێت گومانی لێ بکرێت، چونکە لە ڕووی هێزەوە وەکو فرمانی ڕابردوو نییە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**١- بڕوانە:**

**http://www.taif1.com/vb/showthread.php?t=1703**

**٢- بڕوانە:**

**http://www.alwaraq.net/Core/dg/dg_honorable_comments?recid=136301**

**٣- د. انعام نوال عكاوي، المعجم المفصل في علوم البلاغة، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٤١٧هـ - ١٩٩٦م، مادة (الخبر)، ص٥٥٣.**

**٤- شەڕی چل ساڵە، سەباح ڕەنجدەر، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، زنجیرەی کتێبی شین، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.**

# ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەنێوان شێرکۆ بێکەس و مەحموود دەروێش-دا

## (لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری)

**(٢ - ٢)**

**سامان محەمەد**
**(کەرکووک)**

**تەوەری سێیەم: ئاستەکانی نامۆبوون**

أ- شێرکۆ بێکەس.

ب- دەربەندی پەپوولە.

سانا نییە لە چەند دێرێکدا بتوانین لەسەر ئەزموونی دەوڵەمەندی نامۆبوون لای شێرکۆ بێکەس قسە بکەین، لەبەر فراوانی و هەمەڕەنگی ئەزموونەکە و ئەو هەموو کێشەیەی کە لە نامۆبووندا هەیە، یەکێک لە ئەزموونە شیعرییە تازە و بەهێزەکانی ناو ڕۆشنبیری میللەتی کورد کە بەر لە ئاوابوونی سەدەی بیستەم وەک توانایەکی شیعری گەورە دەرکەوت، ئەزموونی شیعری (شێرکۆ بێکەس)ە، ئەوەی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەزموونی ئەم شاعیرە هەتاوەکو بڵێیت ئەزموونێکی سەخت و گرانە و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، دەکرێت بە چەندین مەودای جیاجیاوە قسەی لەسەر بکرێت، ئەمەش هەروەکو پێشتر وتمان لەبەر گرانی و سەختی ئەزموونی ئەم شاعیرە، لەبەر ئەوەی ئەزموونێکە پڕە لە دەلالەت و خەیاڵ، هەر بۆیە «سەروەر ئەحمەد» دەڵێ: «ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی (بۆدلێر)دا تەواو یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت: شیعر ئامانجی شیعر خۆیەتی» (٢٤)، واتە شیعر ناکەوێتە دەرەوەی خودی خۆیەوە، لەم ڕووەوە هەوڵ دەدەین چەند پارچە شیعرێکی شی بکەینەوە و ئەزموونەکانی شاعیر بەیان بکەین، لێرەدا زیاتر قەسیدەی «دەربەندی پەپوولە و بۆننامە» وەردەگرین کە دەکرێت بڵێین دوو ئەزموونی تاڕادەیەک جیاوازن، بەتایبەتی لەم بوارەدا کە شاعیری تووشی نامۆبوون کردووە، دوای ئەوەی کە ئەو تایبەتمەندییانەمان لە ئەزموونی نامۆیی شێرکۆ بێکەسدا دیاری کرد، لەگەڵ چەند دێرە هۆنراوەیەک بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان دەربارەی شیعرەکانی شاعیر، بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو تایبەتمەندییانە، دەکرێت چەند دەقێک وەرگرین و قسەی لەسەر بکەین بە پشتگیری چەند بیروبۆچوونێک دەربارەی ئەزموونی شاعیر، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکی (مارگریتا) وەرگرین یەکسەر هەست بە پێوەندی نەوەکان دەکەین لەم ئەزموونەی شاعیردا، کە بەیەکەوە هەست بە نامۆیی باوکان و منداڵان دەکەین، دیارە شاعیر لێرەدا ترسی لەو لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەیە، کە لەدنیای غوربەتدا لەناو خێزانی کوردیدا ڕوودەدات، ترسی



شێرکۆ بێکەس

لەبیـرچوونەوەی سـۆزی باوکـایەتی و دوانی شـاعـیـر لەنەوەیەکی نوێ کـە دێت و هەمـوو یادگـار و مـێـژووی نەوەکەی پێش خـۆی دەسڕێتەوە، ئەم ترسەی کـە شاعیر لەم دەمەدا وامان نیشان دەدات، لە ئەدەبی کوردیدا کەم وێنەیە، یان ڕوونتر بڵێین ئەدەبی کوردی پێی نامۆیە.

چیرۆکی (مارگریتا) چەندین جۆری دەردی نامۆبووغان بۆ پێناسـە دەکـات، بەڵام ئەوەی کـە شـاعـیـر زۆر باسی لێدەکات و بە ئاشکرا لەکاتی خوێندنەوەدا هەسـتی پێ دەکەیت، دیاردەی ترسە ترسێکی جیاواز، ئەو ترسەی کە جیـهـانی نامۆیی دروسـتی دەکـات، کـاتێک سـەیری ئەم چیرۆکە دەکەین، زۆر بەڕوونی دیارە کە شاعیر بەخاکی لەدایکبـوونیـیـەوە دەبەسـتێـتـەوە وەک دەڵێت: «لەگـەڵ خۆمدا قرچە قرچی شەقامەکانم دەگێڕم...» (٢٥)، دیارە ئەمـەش ترسی (ونبـوون)ە و لەهەمـان کـاتدا شـاعـیـر نیشتمانی بەسەرچاوەی شیعرەکانی دەزانێت. شاعیر لەم چیـرۆکـەدا لە کـچـێکی باوک مـەغـریبـیـەوە سـەیری داهاتووی خـۆی و نەوەی تەواوی کـوردەکـانی تاراوگـە دەکـات، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بـۆ ڕوون دەکاتەوە کە شـاعـیـر باس لە نامـۆیی تاکەکـەس ناکـات، بەڵکو باس لەبەر یەک هەڵوەشـاندنەوەی خـێـزانی کـوردی دەکـات، ئەگەر سەیری چیرۆکەکە بکەین (مارگریتا) بەچەشنێک سەیری نیشتمانی باوکی دەکات، کە پێوەندییەکی سادە، یان هیچ جۆرە پێوەندییەکی بەخۆیەوە نەبێت.

**مەغریب.. نیشتمانی باوکی**
**لای ئەو تەنیا سێ تارماییی**
**سێ تارماییی و هیچی تر**
**بیابانێ، دارخورمایەک، هوشترێ(٢٦)**

شـاعـیـر لەم دوو دێرەدا ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە کـە پێوەندی (مارگریتا) لەگەڵ ئەو خاک و نیشتمانەی کە باوکی هەمـوو سـاتێک دەسووتێنێت و هەمـوو کـووچە و شەقـامـەکـانی لە باوەش گـرتووە، پێـوەندییـەکی گـیـانی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی زۆر ساکار و سادەیە، بە وردی هەست بەوە دەکەیت کە نیشـتـمان دوو مـانای جیـاوازی لای باوک لەگـەڵ نەوەکـەیدا هەیە، چونکە مـارگـریتـا بەتەنیـا سێ شت لە نیـشـتـمـاندا دەبینێت، (بیـابانێ، دارخـــورمـــایەک، هوشـــتـــرێ) هەر ئەوەندە باوکی لەبیرەوەرییەکانیدایە. شاعیر لێرەوە ترسی لێ دەنیشێت وا هەست دەکات خێزانەکەی ئەویش بەو ئەنجامە بگەن. سـادەیی و وشکانی مـارگـریتـا بە تەنیـا بۆ خـۆی دەربڕینێکە، بەڵام دەشێ چ ئاسەوارێک لای شاعیر بەجێ بهێڵێت، ئیتر شاعیر کاریگەرییەک وای لێدەکات هیچ ئومێدێکی بۆ گەڕانەوە نامێنێت بۆ نیشتمان. شاعیر دەترسێت کە هەمـوو شتەکانی لەنامۆییدا نوقم بێ، بۆیە بێ ئومێدی، ترسی شاعیر زیاد دەکات، هەربۆیە دەڵێت:

**لەم شەوەوە مارگریتا ترسێکی کرد بە سێبەرم**
**چرکە بەچرکەی سەعاتی ئەم غوربەتەم ئەژمێرێت و**
**بۆ کوێ بڕۆم تەموومژی دێ لەگەڵم**
**لەو بارەوە مارگریتا گومانێکی تیا ڕۆکردووم**
**وەکو خۆزگە لەو ساکەوە پەلکەکانی خەونم دەخوات**
**لەناو بێشەی تاریکیدا**
**نائومێدی دائەتاشێ بۆ تابووتی مانگەشەوم(٢٧)**

شاعیر لەهەمان چیرۆکدا دەڵێت:

**لەو شەوەوە وا هەست ئەکەم**
**منیش باوکی مارگریتام**
**بووم بە شیعری خەمێکی زەرد**
**ڕۆژێ لە بەفری مەنفادا ئاوا ئەبم(٢٨)**

شـاعـیـر لەو گفـتـوگـۆیەی «مـارگریتـا» و «باوکی»یەوە ئیـتـر بە تەواوی ئومـێـدی خـۆی لەدەست دەدات، تووشی

بارێکی دەروونی وا دەبێت، کە ئیتر یادگاری و مێژوو، کۆڵانەکانی منداڵی و هەموو شتەکانی تری نیشتمانی لەیاد ناچێت، هیچ گومانێک لای خۆی ناهێڵێت کە ئیتر خۆی وەک باوکی مارگریتاو مارگریتاش دەبێتە کچەکەی خۆی، هەروەک دەڵێت:

**لەو شەوەوە وا هەست ئەکەم**
**سیمای کچە بچکۆلەکەم**
**لەبەرچاوم بۆتە سیمای مارگریتا**
**نیگاکانی چوونەتە ناو نیگاکانییەوە**
**جۆگەی دەنگی ڕژاوەتە ناو دەنگییەوە(٢٩)**

سەیر دەکەین شاعیر تووشی چ نامۆبوونێک دەبێت، دەکەوێتە دۆخێک دەنگ و سیمای کچەکەی خۆشی لێ دەگۆڕێت، بەڕادەیەک هیچ جیاوازییەک لەبەینی کچەکەی خۆی لەگەڵ کچێکی باوک مەغریبیدا نامێنێ، ئیتر نامۆ بوون وا لە شاعیر دەکات نامۆی دەکات و لە خاک و لە نیشتمان دەیشارێتەوە، دڵنیا دەبێت کە کچەکەی زۆر بە ساردییەوە باس لە باوکی و خەونە جوان و هیواکانی دەکات، بەڕادەیەک بێ هیوا دەبێت کە ئیتر خاکی غەریبی ماڵی کۆتایی، ترس وای لێدەکات کە جارێکی دی چاوی بە نیشتمان نەکەوێتەوە، لەگەڵ خەون شیعرەکانی ڕەق دەبێتەوە، هەروەک دەڵێت:

**ئەوسا لە وەرزێکی تردا شەوێکی سارد**
**وەکو ئێستا لەبارێکدا**
**ئەویش وەک مارگریتا باسم ئەکات**
**باوکم مەلێکی کێوی بوو**
**لەشاخەوە باڵی گرت و**
**گەیشتە بەفری ئەم قەڵبە**
**ڕۆژێک لێرە بەدەم ئاواز خوێندنەوە**
**شیعرەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕەق بوونەوە(٣٠)**

ئەوەی دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی ناوەڕۆکەوە، شاعیر تووشی ترسێکی گەلێک گەورە بووەتەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین، جوانی ئەو پارچە هۆنراوەیە، واتە شیعر لە ڕووی دەربڕینەوە بێت، یان لەڕووی هەڵبژاردنی وشەوە بێت، وەکو ئەوەی شاعیر سێ وشەی بەکارهێناوە بۆ گوزارشت کردن لە سادەیی مارگریتا لەسەر باوکی، یان مەودای ونبوونی مارگریتا لە غوربەتدا (بیابانێ، دارخورمایەک، هوشترێ). دەربڕینی شاعیر بەشێوەیەکە، وێنەیەکی وا دروست دەکات کە مارگریتا دەکاتە پاڵەوانێکی زیندوو لەبەرچاوی خوێنەردا، ئەمەش یەکێکە لەنهێنییەکانی ئەو چێژانەی کە لەو قەسیدەیەدا هەیە، دوای ئەوە شاعیر بەشێوەیەکی گشتی مەنفای بەجەمسەرێکی سارد وەسف کردووە، کە هەموو ئەو شتانەی ڕەق دەبێتەوە بەنیشتمانەکەیەوە دەبەستێتەوە. لە لووتکەی ئەو شتە جوانانەشدا خەونەکانی شاعیرە کە ڕەق دەبنەوە، ئاه و حەسرەتی شاعیر لە دەربەندی پەپوولەدا ڕاستەقینەیە و لەناخی هەستی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و هەمیشە نائومێدی لەبیری شاعیردایە و باڵ بەسەر بیرکردنەوەیدا دەکێشێت، چونکە وا هەست دەکات لەناو بازنەیەکی داخراودایە و هەرگیز ناتوانێ بۆ نیشتمانەکەی خۆی بگەڕێتەوە، بۆیە هاتو هاوارە تاساوەکانی لەچەندین ڕێگەوە دەردەبڕێت و هەر جارەی یادگارییەک برینەکانی دەکولێنێتەوە، ئەگەر سەیری ئەم پارچە شیعرەی بکەین، هەست دەکەین کە چۆن تامەزرۆیی خۆی بۆ هاوڕێکانی دەردەبڕێت:

**هاوڕێیان**
**ئەم ئێوارەیە منیش دێم**
**لەچایخانە بچکۆلەکە**
**کورسییەک بۆ شیعرم دانێن**
**نەیدەن بەکەس**
**گەر جامانە قۆشمەکەی**
**خاڵە ڕەجەب هات پێی بڵێ**
**ئەبێ ببووری گیراوە**
**گەر شەپقەکەی ئەحەی میرزا**
**بەپەلەیەک ئەویش هات بڵێن گیراوە**
**مەگەر لە هەولێرەوە میوانێکی ئازیز**
**زۆر ماندوو بێت بگاتە جێ**
**مەگەر کتێبە یاخییەکەی (عبدالخالق)**
**وشەی شان و مل خوێناوی**
**کە نەتوانێ**
**لەبەر ئێشی زامەکانی**
**زۆر بەپێوە ڕاوەستێ(٣١)**

لێرەوە بەوردی هەست بە تاسەی شاعیر دەکەین کە بەدڵ دەگری، هەست بەوە دەکەین کە دنیای غەریبی وا لەشاعیر دەکات کە خۆزگە بەناخۆشترین شوێنەکانی نیشتمانەکەی بخوازێت:



مەحموود دەروێش

**هەرکە بازاڕێکی میللیم هاتە سەر ڕێ**
**ڕائەکەم و ئەچمە ناوی**
**تیا خول ئەخۆم**
**ئەڵێم بەشکو هاواری میوە فرۆشێ**
**لەهاوار و ژاوە ژاوی ئێوارانی مەیانەکە و**
**بەر حەوزەکە و**
**ژێر پردەکەی خۆمان بچێ(٣٢)**

شاعیر لەسەرەتای قەسیدەی «دەربەندی پەپوولە»دا لە پارچە شیعرێکدا بەم جۆرە دەدوێ:

**کلوو، کلوو بەفر گوێ بۆ چیا ڕائەدێرێ و**
**وشە وشەیش هۆنراوەی من بۆ سۆزی تۆ**
**چ بەفرانبارێکی زەردە و**
**چ کرێوەی حکایەتێ بەم ناوەختەو**
**لەئاویلکەی ئەم ڕۆژەدا**
**وەک عاشقەکەی (برایمۆک)**
**پێدەشت پێدەشت و کۆ بەکۆ**
**بەڕێگەی مەرگی سپیدا**
**ئەمخاتە ڕێ بەرەو لای تۆ(٣٣)**

شاعیر لێرەدا بەراوردێکی زۆر جوان لەنێوان «بەفری چیا» و «شیعر و سۆزی شاعیر بۆ خاک» دەکات، شاعیر دەڵێ بەفر چەندە مەیلی چیا دەکات، ئەوەندەش هۆنراوەکانی من بۆ تۆ سۆزی نیشتمانەکەمە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شاعیر قسە لە سروشت دەکات و دەڵێت لێرە لەدنیای غوربەت، سروشت جوانی خۆی لەدەست داوە، وەرزەکانی دنیای غوربەت لە وەرزەکانی نیشتمان ناچن و ئاوەژوو بوونەتەوە و بەفرانبار بووەتە زەرد و سیمای سپێتی خۆی لەدەست داوە، جارێکی دی شاعیر عەشقی خۆی بەعەشقەکەی (برایمۆک) دەچوێنێت، کە دیارە لێرەدا شاعیر عاشقە و مەعشووقەکەی نیشتمانە، لەلایەکی ترەوە دوو ڕەنگ نیشان دەدات، ئەویش ڕەنگی (سپی) و ڕەنگی (زەرد)ە کە ڕەنگی سپی نیشانەی ئارامی و گەڕانەوە بۆ جوانییەکانە و لەلایەکی تر ڕەنگی زەرد نیشانەی نائارامی و هەست کردن بەنامۆ بوون نیشان دەدات.

لەلایەکی دییەوە شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا هەمان دەرفەت و سەرپشکی نالی نییە لە دیاری کردنی شوێنی دووەمدا، نیشتمان لای شێرکۆ ژەهراوییە و بوونێکی وێرانە، هەوڵ دەدات توونێکی تاریک ڕووناک بکاتەوە بۆ هاتنە ژوورەوە، ئەزموونێکی ئاڵۆز و فرە لایەنی نامۆبوونی هەیە، بەزمانی شیعرێک کە زمانی هەموو شتە سادەکان و تێکدراوەکانی ژیانێکە، شێرکۆ لەدەربەندی پەپوولەدا سەفەرێکی خەیاڵی بە گەردەلوولێکی سەوز، یان ئەسپێکی ئەفسانەی باڵدار دەکات، کە لەڕێگەیەوە لەنێو هەواری نیشتماندا بگیرسێتەوە، نیشتمانێکی پڕ دووکەڵ و مەرگ:

**چ گەردەلوولێکی سەوزەو**
**چ ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە وا**
**لەم کۆتایی دونیایەوە**
**بە پڕتاو دێ و هەڵم ئەگرێ و ئەمفڕێنێ و**
**دوور دوور ئەمبا**
**بەرەو هۆبەی ئارامی تۆ(٣٤)**

لای شێرکۆ نیشتمان بەهەشتێکی تێکدراوە و تاراوگەش جێگەیەکی ئازادانە، بەم شێوەیەش لەدوو دۆزەخدا دەژی، هەوڵ دەدات جەستەی مردووی دەست و پەنجە وشک هەڵاتووی نامۆبوونی زیندوو بکاتەوە، بەم پێیەش نامۆبوونی شێرکۆ لەتاراوگەدا مردنێکی واتاییە و لەنیشتماندا ڕاستەقینەیە. شێرکۆ ویستوویەتی بەسەفەرێکی ڕوحی پارچە کوژراوەکانی مێژووی خۆی بپشکنێ و شوناسیان بۆ دەست نیشان بکات و

زیندوویان بکاتەوە.

**تاکو دێم، ئەو مانگە زەردانە مەنێژن**
**بوەستن! هەتاکو تریفەی غەریبی خۆم دێنم**
**ڕاوەستن! هەتاکو ئەگەم و**
**خەرمانەی هەڵبەستم**
**ئەکەمە پشتێنی ناو قەدیان(٣٥)**

سروشت و مێژوو لای شێرکۆ تووشی مەرگ بوون:

**وا دیسان خەنجەرەو بە (با)وە ئەبارێ**
**ڕەهێڵەی نەشتەرە**
**شادەمار لەملی ئەم کێوە زلەدا**
**کون بووە خوێن لەسەر**
**ئەشکەوتی برینی بەرد ئەڕوا(٣٦)**

کەواتە سروشت بریندار و کارەساتە و هەوڵی بنیاد نانەوەی دەدات، لەڕێگەی شیعرەوە دنیای پڕ کارەسات بەگۆڕان و داهێنان دەگەیەنێت.

**ت- بۆننامە:**

بۆننامە ئەزموونێکی تری شیعری درێژی شێرکۆ بێکەسە، ڕیتمێکی شیعری تەواو تراژیدی قووڵ و ناخ هەژێن و پڕ لە تووڕەییـــــە، هێندەش ڕوحی ئازاری چیشتووە کە تەنیا بۆن تاقە ڕێگە بووە بۆ گوزارشت کردن لەو قەیرانە ڕوحییەی کە شاعیر تێی کەوتووە، شاعیر لە بۆننامەدا بەشێوەیەکی تەواو مامەڵەیەکی ڕوحی لەگەڵ نیشتماندا دەکات، هەروەکو دەڵێت:

**بینینم تاقیکردەوە.. تراویلکەی سەهۆبرێ بوو**
**بیستنم تاقیکردەوە.. گومڕایی ڕەنگ و لاوژێ بوو**
**گرتنم تاقیکردەوە.. سڕبوونی بەردەوام ناو دەستم بوو**
**چێژیشم تاقیکردەوە.. پەلاسەی جووی ناو دەمم بوو**
**هەر قەڵەمی بۆن بوو مابێ و**
**بۆ ئەمجارەش شیعرێکی نوێی پێ بنووسم(٣٧)**

لەبۆننامەدا شاعیر لە خاکێکەوە دەست پێ دەکات، کە گەڕانەوەیەکی کاتی تێدایە لەگەڵ گەڕانەوەیەک بۆ نیشتمان (منداڵی):

**(با) بە شەلە شەل هەڵئەکات!**
**لەم قوڵییەوە (با) ئەگەڕێتەوە دواوە**
**ئەگاتەوە یەکەم کۆڵانی زوبانم**
**لەبەر دەرگایەکی نزمی چلەکاندا.. دائەنوێ**
**بۆنی منداڵیم ئەکات و گوڵە خەونم هەڵئەمژێ**
**بۆنی منداڵیم.. چۆن بۆنی کارژۆلەیەک، پەلکە گیایەک**
**چۆن بۆنی دەنکە چوالەیەک**
**هەر زوو تێکەڵ بە بۆنی گریانی دایکم و**
**بۆنی گڵ گەچی ژوورێکی کەسیرە بوو(٣٨)**

شێرکۆ ئاهی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بۆ (مەڵکەندی) دەکات کە شوێنەوارێکی نیشتمانە و مانای لێ وەردەگرێت:

**یەکەم وشەت بۆنی ڕازیانەی لێ ئەهات**
**لە سێبەری داستانێکی (مەڵکەندی)دا تۆ خەیاڵی**
**بچکۆلانەی بەڕوولە بووی، بەخاکەوە قرسا بوویت**
**لەگەڵ گڵدا پێ ئەکەنیت(٣٩)**

شێوازی تری نامۆبوونی، نامۆبوونی نیشتمان و مێژووە، ونکردنی نیشتمانە کە پێناسەیەکی جوانی مێژووی نیشتمان دەکات:

**نیوەی مێژوو مەیموونێکی دەم بە خەندەی لەش سووک بووە**
**نیوەی جەستەم لێوێک بووە، نیوە پەیقم**
**قەلافەتی درۆی کەتەو زرگی دەرویشی قاجار و نالی**
**سوارەی حەمیدییە و قلیانەکەی مەنسوور بیللاو**
**نیوەی مێژوو لە شەوانی چوونە پەردەی بابە عەلی و سەڵتەنەتا**
**بەربووک بووە!(٤٠)**

شاعیر کە سەیری مێژووی خۆی دەکات، کە لێوان لێوە لەدەردە سەری و خەم و ئازار و نەگبەتی، تووشی نامۆبوون دەبێت، نامۆبوونێک کە نیشتمان بە مێژووی برین و ژان پێناسە دەکات:

**ئەمە مێژووە من هەمە**
**یان حەماڵی هەزار ساڵەی خان و سوڵتان؟!**
**ئەمە وڵاتە من هەمە**
**یان عەرەبانەی دەست گێڕی برین و ژان..؟(٤١)**

**٢- مەحموود دەروێش**

مەحموود دەروێش بەهۆی ئەو واقیعە نامـاقووڵ و تاڵەی نیشتمانەکەی کە ئەوەی لە دەوریدایە دژ بە عەقڵ و لۆژیکی دروستە، ژیانێکی ناماعقوڵانەی دەست پێ کردووە، بە شێوەیەک کە مرۆڤ، هان دەدەن بۆ خۆکوشتن، یان گـــرتنە بەری ڕێگەی هەڵاتن و نامـــۆبوون بۆ تاراوگەیەک کە ئارامی و ئازادی بۆ فەراهەم دەکات، هەر لەوێش هەوڵی ڕووبەڕووبونەوەی نامـــۆبوون و ئازار و مەینەتییەکانی کەوتووەتە سەرشان، بێ گومان حاڵەتی

تاڵی دەروونی و بەختەوەری ڕوحی بەدەگمەن لەکردارێکی دیالێکتیکیدا یەک دەگرن، مەگەر لای کەسێکی سۆفیگەر، یان هونەرمەندێکی بە سەلیقەی وەکو مەحموود دەروێش نەبێت کە بەهۆی گیانی داهێنانی، شیرینی بەتاڵی نامۆبوون بەخشیوە. مەحموود دەروێش ئەزموونی تاراوگەو نامۆبوونی هەر لە منداڵییەوە دەست پێ کردووە، کاتێ کە لەگەڵ مامیدا لە لبنان ژیاوە، لەم ڕووەوە لە پارچە شیعری نامۆیەک لە شارێکی دووردا (غريب في مدينة بعيدة)(٤٢)، باس لە سەرەتای نامۆبوونیمان بۆ دەکات، ئێمە لەلای خۆمانەوە ئەو مافەمان بە خۆمان دا کە هەندێک لەو شیعرانە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێرین، چونکە ئەمەمان بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان بەباشتر زانی، ئەمەش دەقی وەرگێڕراوی شیعرەکەیە:

**کاتێ کە منداڵ بووم**
**جوانیش بووم**
**گوڵ ماڵی من بوو**
**کانیاوەکانیش دەریام بوون**
**گوڵەکە بوو بە برین**
**کانیاوەکانیش تینوێتی**
**- زۆر گۆڕاوم**
**- زۆر نەگۆڕاوم**
**کاتێ وەکو با دەگەڕێینەوە**
**بۆ ماڵەکەمان**
**بروانە ڕوخسارم**
**گوڵەکەم وەکو دارخورما دەبینی و**
**سەرچاوەکانیش عەرەق**
**دەمبینی وەکو پێشتر**
**منداڵ و**
**جوان**

لە شیعری پێشوودا، شاعیر یادەوەری منداڵی خۆی وەبیر دەهێنێتەوە کە چۆن لەتافی جوانیدا ژیانی خۆشی بەسەر بردووە، گوڵی بەجوانی ماڵەکەی و کانی چواندووە و سەرچاوەکانیش لە شرینی و خۆشەویستیدا دەریا بوون، ئەمە ئەو جیهانە فانتازیایەیە کە نامۆبوون لەلای شاعیر دروستی کردووە و سەرلەنوێ ویستوویەتی دایبڕێژێتەوە، بەڵام بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕووداو و کارەساتی دوای ئەو جیهانە فانتازییە، بەشێوەیەک کە گوڵەکان بوون بە برین بەجەستەی شاعیرەوە لەڕێگەی خاپوور کردنیانەوە، سەرچاوەکانیشی هێندە شێوێنراون کە تینوێتیان لێ دەکەوێتەوە، ئەمە بۆ خۆی وێرانەیەکی نیشتمان وێنە دەکێشێت کە شاعیر لە ژیانی خۆیدا دیویەتی و بەسەریدا تێپەڕیوە، هەر بەم هۆیەش ئەم وێرانەیە بەجێ دەهێڵێت و لەو وێرانەیە کۆچ دەکات، بەم کۆچ کردنەشی یاخی بوونی خۆی و سوور بوونی خۆی لەسەر مانەوە لەسەر هەمان بیروباوەڕی نیشتمانی، بەڵێن بە نیشتمانەکەی دەدات دەڵێ: (زۆر نەگۆڕاوم)، هەربۆیە لەم پێناوەدا هاتنەوەی خۆی بەگوێی نیشتماندا دەدات و خۆی بەشنەی با دەچوێنێ و ئەوە دەردەخات کە یادەکانی نیشتمان لەوێنە و بیروبیرۆکە و باوەڕیدا چەسپیوە و گوڵی تێدا بووە بە دارخورما لە چەسپان و بڵندی و سوودەکانیدا و سەرچاوەکانیش مەی و عەرەقی شادی، بەم شێوەیە دۆخی جارانی فانتازی دروست دەبێتەوە و سەردەمی منداڵی و جوانی بۆ دەگەڕێتەوە، لە بەشی چوارەمی پارچە شیعری خۆشم دەوێیت، یان خۆشم ناوێیت (أحبك و لاأحبك)(٤٣)دا، بڕیاری کۆتایی خۆی بە کۆچ کردن دەدات و دەڵێ:

**ڕووم بەسەر دەستەسڕی دایکمەوە بەجێهێشت و**
**چیاکانم لە یادەوەریدا هەڵگرت و**
**کۆچم کرد**
**شارەکە، دەرگەکانی دەشکان و**
**لەسەر ڕووی کەشتییەکان زۆر بوون**
**هەروەکو زۆربوونی سەوزایی لەو باخچانەی کە دوورکەوتنەوە**
**من شانم داوە بەسەر بادا**

لەم شیعرەدا، وەکو کەسێکی نامۆبوو نەیەوێت هیچ کەسێک بە ڕۆیشتنی بزانێ و ببێتە مایەی ئازار و ناخۆشی، تەنانەت دایکی ڕاستەقینە و نیشتمانیشی، بە نهێنییەوە چاوی فرمێسکاوی خۆی بە دەستەسڕی دایکی دەسڕێت، ئەگەرچی هەموو ئەو بیر و خەیاڵ و ئەنجامە نادروستانەی ژیانی نیشتمانی لەزۆریدا لە یادەوەری خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ ئەوەی دوایی بیکات بەهەوێنی لەدایکبوونی شیعرەکانی و بڕیار دەدا لەو جێگەیە ڕەو بکات، جێگایەک کە تێکدراوە و دەروازەکانی شێوێنراون و خێر و بێری بۆ جێگەی تر دەچن، دواتر دیسانەوە پەنا بۆ با دەباتەوە بۆ حەوانەوە لەلایەک و بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی دوای خۆی لەلایەکی ترەوە،

شاعیر هەر لە منداڵییەوە ڕێگەی سەفەرێکی دوور و درێژی گرتووەتە بەر، ڕێگەیەکی پڕ مەترسی، کۆچکردوویەکی بارگاوییە بە ئازار و مەینەتییەکانی نیشتمانەکەی، بارگاوی بە بارودۆخی شێواوی سیاسی وڵاتەکەی، هەر لەوێوە لە تاراوگەوە، دوای بەسەربردنی ژیانی دوور لەوڵات و نیشتمان و دایک و کەسوکار، نامەیەک و ژیاننامەیەکی نوێی تۆزاوی بەتۆز و خۆڵی نامۆبوون لەدنیای غوربەتەوە ئاراستەی نیشتمان و دایکی دەکات و لە تاراوگەدا باس لە چەرمەسەری ئەو دوور وڵاتییە دەکات، پارچە شیعری نامەیەک لەمەنفاوە (رسالة من المنفى) (٤٤)، ژیاننامەی نامۆبوونی شاعیرە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات تاکو کۆتایی هاتنی شیعرەکە:

**(١)**

**دروود و ماچێک**
**هیچیشم نەماوە بیڵێم**
**لەکوێوە دەست پێ بکەم و لەکوێدا کۆتایی پێ بهێنم؟**
**خولی زەمەنیش بێ سنوورە**
**هەموو ئەوەش لەنامۆ بووندایە**
**توێشوویەکە، نانی وشک و فرمێسکە**
**دەفتەرێکیش کە هەندێکی بۆ هەڵگرتووم**
**هەندێ تفی قینم بە لاپەڕەکانیدا ڕۆ کرد**
**لەکوێوە دەست پێ بکەم و**
**هەموو ئەوانەی وتراون و دەوترێن.. بۆ سبەی**
**بەکۆکردنەوە کۆتایی نایەن.. یان بە دەست لێدانێک**
**نامۆ بۆ جێگەکەی ناگەڕێتەوە**
**باران نابارێت**
**تووک نارووێت**
**لەسەر باڵی باڵندەیەکی ون.. هەنسکاوی**
**لەکوێوە دەست پێ بکەم**

**(٢)**

**بە ڕادیۆکە دەڵێم.. پێی بڵێ من باشم**
**بەچۆلەکە دەڵێم:**
**ئەی باڵندە کە بینیمت..**
**منت بیر نەچێ و پێی بڵێ.. باشم**
**من باشم**
**من باشم**
**هێشتا چاوم بینایی ماوە!**
**هێشتا ئاسمان مانگی ماوە!**
**جلە کۆنەکەشم تا ئێستا، تێک نەچووە**
**پەلەکانی دڕاون**
**بەڵام ئازادم کردوون.. هێشتا باشن**
**بووم بە لاوێک ٢٠ساڵی تێپەڕاندووە**
**وێنام بکە.. بیست ساڵیم تێپەڕاند**
**دایکە وەکو لاوانم لێهات**
**ڕووبەڕووی ژیان دەبمەوە**
**کارە قورسەکان دەکەم وەکو پیاوان**
**کاریش دەکەم**
**لەچێشتخانەداو.. قاپەکان دەشۆم**
**قاوەش بۆ ئامادەبووەکان دروست دەکەم**
**زەردەخەنەش بەڕووی خەماویمدا دەلکێنم**
**بۆ شادکردنی ئامادە بوو**

**(٣)**

**من باشم**
**لە بیست ساڵیدام**
**دایکە وەکو لاوانم لێهاتووە**
**جگەرە دەکێشم، شان بە دیوارەکەوە دەدەم**
**بەجوانەکەش دەڵێم: ئاخ**
**وەکو ئەوانەی تر دەیڵێن**
**«خوشکەکانم، کچان چەند بەلەزەتن، بڕوانن**
**ژیان چەندە تاڵە**
**بێ ئەوان.. ژیان تاڵە»**
**هاوڕێکەشم گوتی: «نانتان هەیە؟»**
**«خوشکەکانم، نرخی مرۆڤ چییە؟**
**ئەگەر هەموو شەوێک.. بە برسێتی بنوێ؟»**
**من باشم**
**من باشم**
**نانێکی ڕەنگ ئەسمەرم هەیە و**
**سەبەتەیەکی بچووک لە سەوزە**

**(٤)**

**گوێم لە ڕادیۆکە بوو**
**سڵاوی پەرتەوازەکان.. بۆ پەرتەوازەکان**

گشتیان گوتیان: هەموو باشین
کەس دڵتەنگ نییە
گوزەرانی باوکم چۆنە
هەروەکو جاران، زیکری خودا دەکات و
ڕۆڵەکان و خاک و زەیتوون؟
ئەی خوشکەکانم چۆنن؟
بوون بە فەرمانبەر؟
گوێم لە باوکم بوو ڕۆژێکیان دەیگوت:
هەموویان دەبن بە مامۆستا...
(برسی دەبم تاوەکو کتێبێکیان بۆ بکڕم)
کەس لە گوندەکەماندا پیشەکان جیاناکاتەوە
خوشکەکەمان چۆنە؟
گەورە بووە.. خوازبێنی هاتووە؟
داپیرەمان چۆنە
هەروەکو جاران لەبەردەرگا دادەنیشێ؟
نزای..
چاکەمان بۆ دەکات و.. بۆ لاوان و پاداشت؟
ماڵەکەمان چۆنە
دەرباره خاوێنەکە.. بەرهەیوان و دەرگاکان؟
گوێم لە ڕادیۆ بوو
نامەی پەرتەوازەکان.. پەرتەوازەکان
گشتیان باشن
بەڵام من دڵتەنگم
گومانەکان خەریکن دەمخۆن
ڕادیۆکە هەواڵی ئێوەی پێ نەبوو
ئەگەرچی دڵتەنگ
ئەگەرچی دڵتەنگ

(٥)

شەو- دایکە- گورگێکی برسی خوێنڕێژە
بەدوای نامۆوەیە بۆ هەر کوێ بچێت
ئاسۆکانیش بۆ خێوەکان دەکاتەوە
دارستانی دارییش هەر باوەش بە باکانەوە دەکات
دایکە ئێمە چیمان دەست کەوت بوو؟
تاوەکو دووجار بمرین
جارێکیان لەژیاندا دەمرین
جارێکیش لەمردندا دەمرین
دەزانی چی تەواو دەمگیرێنێت؟

شەوێک نەخۆش کەوتم و نەخۆشی لەشی داگرتم
شێوان هیچ باس دەکات؟
لەبارەی کۆچکردوویەک هات بۆ ئێرە و بۆ نیشتمان نەگەڕایەوە
شێوان هیچ باس دەکات
لەبارەی کۆچکردوویەکەوە کە بێ کفن مردوو بێ؟
ئەی دارستانی داربی باسی ئەوە دەکەیت؟
کە لە سایەی غەمگینی تۆدا فڕێیان دا
هەروەکو شتێکی مردوو.. مرۆڤ؟
بیرت دەکەوێتەوە کە منی مرۆڤ
تەرمەکەشم لە دەسەڵاتی نامۆکان دەپارێزی
دایکە دایکە
بۆ کێ ئەم کاغەزانەم نووسی
چی پۆستەیەک هەڵیدەگرێ؟
ڕێگاکانی وشکایی و دەریا و ئاسۆکان گیراون
تۆش دایکە
باوک و خوشک و کەس و کار و برادەرەکان
ڕەنگە زیندوو بن
ڕەنگە مردوو بم
بەهای مرۆڤ چییە؟
بێ نیشتمان
بێ ئاڵاو
بێ ناوونیشان
بەهای مرۆڤ چییە؟

شاعیر لەو نامەیەدا سەرجەم ژیاننامەی دووەمی لەتاراوگەدا لەبارەی نامۆبوونی خۆی لە ژینگەی نوێ و گوزەرانی سەختی ڕۆژانە و بێ هیوابوونی خۆی لە گەڕانەوەدا بەرجەستە کردووە. سەرەتای شیعرەکە بە سڵاو دەست پێ دەکات، هەرچەندە ئەوەشی کە دەیەوێت بیڵێت، پێشتر لەخەیاڵ و ئاسۆی بیریدا چەندین جار وتوویەتییەوە، هەر بۆیە ئەوانەشی کە دەیڵێت، پاشکۆکانی وشەکانیەتی، ئا لێرەوە دەردەکەوێ نامۆبوونی خۆی چەند بەتاڵی دەبینێ، تەوەری باسەکانی هێندە بەلاوە زۆرن، نازانێت لەکوێوە دەست پێ بکات و لە کوێشدا کۆتایی پێ بهێنێ، بەناچاری دەیەوێت کەمێک لە باسی نامۆبوونی خۆی دەست پێ بکات، کە بە توێشوویەک و فرمێسک بەسەری بردوون، لاپەڕەکانی یادەوەری لەبارەی مێژووی نیشتمانە و ژیانی لەوێ،

هێنده ناشیرین و خەماوین بە شێوەیەک بوونەتە مایەی ڕقوکینە و شاعیر نەفرەت لە لاپەڕەکانی دەکات، ئەگەرچی ئەو دەفتەرەش هەڵگری هەندێ قورساییە لەسەر شانی شاعیر لە یادەوەریدا. هێندە باسەکان و خورپە و هەستەکان زۆرن کە بۆ کۆکردنەوە دەست نادەن، خۆ گوزەری خێراش بەلاپەڕەکانی یادەوەری و خەیاڵدا نابنە هۆی گەڕانەوەی نامۆبوو بۆ نیشتمان. بێ هیوایی هێندە دایگرتووە کە باران لە بارین کەوتووە و تووک لە ڕوان، لەسەر باڵی باڵندەیەکی ون کە خودی شاعیری دڵ بەگریانە، ئەمە بەشی یەکەمی پارچە شیعرەکە بوو.

لە بەشی دووەمدا بە سۆراغکردنی کەسوکار و هەواڵ بەخشینی لەش ساغی خۆی دەست پێ دەکات، پەنا بردنە بەر ئامێرێکی ئەوتۆ کە بێ گیانە و تەنیا دەگێڕێتەوە و بواری ناردنی هەواڵی خۆی بەو ئامێرەدا نییە، پاشان پەنا بۆ گیانەوەرێکی ئێسک سووک دەبات کە هەرچەندە توانای گفتوگۆی فسیۆلۆژی لەگەڵ نییە، بەڵام لە ڕێگەی بینینەوە وریای دەکاتەوە، هەواڵی شاعیر بە کەسوکارەکەی بگەیەنێت، لەوێوە مژدەی ڕووناکی بیر و خەیاڵ و ئاسۆ بە نیشتمان و کەسوکارەکەی دەبەخشێ، کە هێشتا چاو لە بینایی نەکەوتووە و ئاسمانیش لەمانگ بێ بەش نەبووە، ئەگەرچی پارچە پارچەبوونی نیشتمان و جلەکەی ڕوویدا و پەلەکانی دڕاون، بەڵام هێشتا نیشتمان هەیە. مژدە دەدات بە نیشتمان کە تەمەنی هەرزەکاری بڕیوە و لە ئاستی گۆڕان و ڕووداوەکانیدایە و دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ لە گۆڕانەکان و ئەرکە قورسەکانی سیاسەتدا، پاشان بە دیوێکی تردا گوزارشتی ڕاستەقینە لەژیانی تاراوگە دەکات، کە بۆ بژێوی ژیانی خۆی، ژیان لەکارکردنی نێو چێشتخانە و قاوەخانەکاندا بەسەر دەبات، ئەگەرچی زەردەخەنەی دروستکراویشی بە دڵی پڕ برینەوە بە ئامادەبووان دەبەخشێ، ئەمەش دیسانەوە نەکرانەوە و دوورکەوتنەوە و دەمامک هەڵگرتنە لەلایەن کەسی نامۆوە لەنێو وڵاتی غەریبیدا کە هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی ناکەن و نەکەن.

لە بەشی سێیەمدا، یاخیبوون و بێزاری خۆی لەژیانی بێ هوودە و سەرپێی تاراوگە دەردەبڕێت، بەوەش سەرکێشی خۆی لە ئاستیاندا بە جگەرەکێشان و لاواندنەوەی کیژانی ئەو وڵاتە دەردەخات، ئەگەرچی لەناخەوە بەو شێوەیە نییە، هەر بۆیە پەنا بۆ هاوڕەگەزەکانی ژنانی وڵاتەکەی دەبات، کە چەند ژیان بەو شێوەیە بە چاوو دڵ و چێژێکی دروست کراو و تاڵە، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی سەختی بژێوی پەیدا کردنی ئەوێ ڕوون دەکاتەوە، شەوانە بەبێ شیو سەر دەنێتەوە، ئەمەش دڵدانەوەیەکە بۆ ئەو نامۆبوونە.

لە بەشی چوارەمدا بەگشتی با لە هەواڵی پەرتەوازەکان و سەر لێشێواوەکان دەکات کە هەناردەی ئەو وڵاتانە بوون، بە پێچەوانەی ڕاستییەکانەوە، مژدەی گوزەرانێکی باش بەکەسوکاری دەدات، هەر لە ڕێگەی ڕادیۆوە کە ڕێگەیەکی تر شک نابات، سۆراغێکی باوکی و خوشکەکانی دەپرسێت، لە زاری باوکییەوە مژدەی گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتییان پێ دەدات بەوەی دەبن بە فەرمانبەر و مامۆستا و کۆڵنەدانی باوکی پیشان دەدات، پاشان هەواڵی داپیرەو بست بە بستی ماڵەکەیان، بەرانبەر بە هەموو ئەو گۆڕانکارییە ئایندەییانەش، دیسانەوە بە دیوێکی تردا باسی دڵتەنگی خۆی و بەهۆی دوورییەوە ئاراستەی کەسوکار و نیشتمانەکەی دەکات.

بەشی پێنجەمی بۆ دایکی تەرخان کردووە، هەر لەسەرەتاشەوە ناڕەحەتی شەوانەی خۆی دەکات بە هەواڵ و تەنیایی خۆی لە مانەوەدا لەتاراوگە ئاراستەی دایکی دەکات، شەوان لای ئەم هێندەی تر مرۆڤ نامۆ و بریندار و خەماوی دەکات، هێندەی تر ئاسۆکان تەنگەبەر دەکات، ڕەنج بەخەساربوونی خۆی لە دەستکەوتەکان لە شەواندا دێتە بەرچاو، تاراوگەیەک کە مرۆڤی تێدا وەکو مردوو بێ نیشتمانێک کە مرۆڤی تێدا مردوو بێت، بەم شێوەیە دووجار مردن دەست دەکەوێ، مرۆڤ بەم شێوەیە لەتاراوگەدا بارودۆخی عەقڵ و تەندروستی دەشێوێت و کۆچکردنی خۆی بە ون بوو دەزانێ. کۆچکردوویەکی مردوو کە مرۆڤ بەم شێوەیە غەمگین و مات و مەلوول لەنێو چوارچێوەی ساردو سڕی جێگاکاندا بەسەری دەبات، شاعیر بەهۆی داخرانی ڕێگەکانەوە بێ ئومێد بووە، کە بیانکات بە پۆستە و لەو ڕێگایانەوە بیاننێرێتەوە، دواتر ژیانی دوو جەمسەر تێکدراوی نێوان تاراوگە و نیشتمان دەکات بە بەشی خۆی و کەسوکارەکەی کە لەنێوان ژیان و مردندایە، لەنیشتمانێکی بێ قەوارە و ئاڵا و ناوونیشاندان و

بەهای مرۆڤ لە ئاستی نزمدایە.

لەلایەکی ترەوە د. عـــادل ئوســـتـــە (٤٥) باس لە هەڵوێستی سیاسی مەحمود دەرویش دەکات کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەم ڕووەوە لە چوارچێوەی پێوەندی شاعیر بە سیاسەتەوە لە ئەدەبی فەلەستینیدا دەخاتە ڕوو، ئەمەش لە ئەدەب و فیکری شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، نووسەری ناوبراو لە ڕێگەی زانیاری لە دەرەوەی دەقەکاندا لە بارەی شاعیر و ژیانییەوە خوێندنەوەیەکی بۆ شیعرەکانی کردووە، ویستوویەتی ئەوەی بۆ ڕوو بێتەوە کە بیر و عەقڵی شاعیری تێدا سەرقاڵ بووە، لەم بارەیەوەش چەند خاڵێکی خستووەتە ڕوو کە لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە:

١- وتاری شیعری تێکەڵی وتاری سیاسی بووە و وا دەردەکەوێ کە شاعیرە و سیاسیشە و هەندێ جاریش لێکترجیا نابنەوە.

٢- لەسەرەتاوە بە شیعرەکانییەوە دیارە و چەندین پارچە شیعری ئەوتۆ هەن کە ناکرێ لەم ڕووەوە پشتگوێ بخرێن.

٣- دەرویش لە ساتەکانی ژیانیدا لەگوڕەپانی سیاسەت دوور نەکەوتووەتەوە و بۆ ماوەیەکیش ئەندامی لیژنەی تەنفیزی (م.ت.ف) بووە و وتاری بەناوی ئەدەبی سیاسییەوە نووسیوە.

بەڵام خودی نووسەری ناوبراو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە شاعیر وای کردووە خوێنەر لە چوارچێوەی ئیستێتیکی و مێژوویی و ڕۆشنبیری شیعرەکاندا بمێنێتەوە، هەروەها ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە شاعیر لە شیعری (أحد عشرا کوکبا)دا کە لەساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی، باس لە واقیعی سیاسی فەلەستینی دەکات و بە ئەندەلووسی دەچوێنێ، لە پارچە شیعری (خطاب السلام)یشدا هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی لە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی غەزە - ئەریحا بەشێوازێکی ساتیرئاسا دەربڕیوە، پاشان لەلایەکی ترەوە باس لە ملکەچ بوونی شاعیر دەکات بۆ فەرمانی سیاسی وڵاتەکەی، بەمەش گۆڕانکاری لە چامە شیعرەکانیدا کردووە، وەکو شیعرەکانی لە (حوار مع المدینة) و (عابرون في کلام عابر)دا و لە هەڵوێستە سیاسییەکانی پاشگەز کراوەتەوە.

**٣- بەراوردی نامۆبوونەکە (لە ڕووی شێواز و ناوەرۆکەوە)**

مەحموود دەرویش لە هەڵبژاردنی ناوونیشانەکاندا زۆر زیرەکانە مامەڵەی کردووە و هەموو پارچە شیعرێکیش بەتایبەتی (نامەیەک لە مەنفاوە) بە ڕووکەش تەواو سەربەخۆیە لەوانی تر، هەروەها ئەم شاعیرە هەموو پارچە شیعرێکیشی بۆ چەندین پەرەگراف دابەش کردووە و ئەو پەرەگرافانەش دیسانەوە لەوانی تر سەربەخۆن، لە ڕێگەی شێوەی تایبەتی، ئەگەرچی ئەو سەربەخۆبوونانەش سەر بەیەک جیهانی هونەرین و سەرجەم پارچە شیعرەکان و بەشەکان لەچوارچێوە و ڕێڕەوێکی پێوەندیداردا دەبەستێتەوە، چونکە هەموویان لە دەوری چەندین دەلالەتی نادیاری، یان ئامادە نەبوون کۆدەبنەوە، ئەگەرچی ئەو ئامادەبوونەش لە ئاستەکانی هۆش و زاکیرە و هەموو زەمەندا کۆدەبنەوە.ئەو ڕەگەز و دەستەواژانەی لەنێو بەشەکانی شیعرەکاندا ناو بەناو پەیدا دەبن و دووبارەش دەبنەوە، بۆ ئەوەی لە داڕشتنی ئەفسانەیەکی تایبەت بە شاعیر بەشداربن، دەمامکدارە، لە زۆربەی بەشەکانی شیعرەکاندا هەیە، ئەمە دیارده و ڕوخسارەکانی بە بەشەکان دەکات بە جیهانی درێژکراوە و دەقەکانیش بەدەقی پێوەندیدار بەیەکەوە، ئەگەرچی جۆرایەتی لەنێو بەشەکانی پارچە شیعرەکاندا دەبینین بەتایبەتی ئەوانەی باسمان کردوون.

پارچە شیعری نامەیەک لەمەنفا پێکەوە بەستنی بەشەکانی و پێوەندییان بەیەکەوە دیارە و هەر بەشەو ناوەرۆکی خۆی هەیە، بەم شێوەیە دەردەکەوێ شاعیر بەشێوازێکی ئەوتۆ پارچە شیعرەکانی نووسیوە کە فەزایەکی پێ بەخشیوە و هەموو بەشەکان لەڕووی قسەکردنەوە یەک حاڵەت و کەس بگرێتەوە. پێمان وایە خوێندنەوەی بەشەکان، یان پارچە شیعرەکانیش بەجیا لەوانی تر خوێندنەوەیەکی کەموکوڕداربێ. شاعیر لەنێو پارچە شیعرەکانیدا باس لە شاعیرانی تری عەرەبی پێش خۆی دەکات و لەتاراوگەوە بەشێوازێک نووسیویەتی کەوا هەست دەکەیت لەگەڵ ئەواندا ژیابێ و وەکو ئەوان بیری کردبێتەوە، ئەگەرچی شیعرەکانیشی لەچاو ئەواندا نوێ بێت. شاعیر بەهۆی کۆچکردنەوە بۆ تاراوگە دواتر نەیتوانیوە بگەڕێتەوە زاوگای خۆی، هەرچەندە ئارەزووی لێ بێ و هەوڵی داوە لەتاراوگەوە یادەوەری ژیانی خۆی لە نیشتمانەکەی و لە زیندانەدا باس بکات. لە پارچە

شیـعـری «نامـەیەک لەمـەنفـاوە» و لەوانی تریشـدا هەر خۆی قسـە دەکـات و دەگـێـڕێـتـەوە، لە بەشی یەکـەمـیـدا وێنەی سـەرەتایی نامـۆبوونی و ژیاننامـەی خـۆی دەگـێـڕێـتـەوە و لەدووەمـدا سـۆراغکاری کـەسوکـارە و بێ ئومێدە لەگەڕانەوە، لەسێیەمدا سەرکێشی و پێگەیشتنی خۆی بە نیـشـتـمـان ڕادەگـەیەنێ و لەچوارەمدا خۆی وەکو ئامـادەبوو نادیارە، بەڵام چەند وشـە و دەسـتـەواژەیەکی داناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشـەکانی تردا بیبـەسـتـێـتـەوە و باس لە پەرتەوازەکـان دەکات، لە پێنجەمـیـشـدا خۆی بە ئاشکرا ئامـادەیە و گـفـتـوگـۆ لەگەڵ دایکیـدا دەکـات و هەواڵی ناخـۆشی تاراوگـە و نامـۆبوونی خـۆی پێ دەگـەیەنێ. کـەواتە شاعـیـر وێنەی سـەرجەمی نامەکـەی کردووەتەوە پێنج بەشەوە و لە فەزایەکدا دەیانخولێنێتەوە و هەر بەشـەش پێـوەندی بەوی ترەوە هەیە، مـەحـمـوود دەروێش گوزارشتی لە خودی خۆی کردووە و ویستوویەتی لەپشتەوەی دەمامکەکانەوە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت، دیمەنێکی گـەورەتر لە فـەلەسـتین وێنا دەکـات، دیمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سـیـاسـەتمەدارێکی شـاعـیـر و شـاعـیـرێکی سـیـاسـەتمدار بووە و هەر لە ڕێگەی دەمامکەکانیشەوە خۆی لە ترسی ڕاوەدوونان و دەستگیر کردن مـەڵاس داوە، ئەمـەش لەنامۆبوون و تەنیـایی و بێ دەنگی ناخـۆشـتـرە، بەگـشـتی ئاوازی بێـزاری و بێ بایەخـبـوونی ڕوح و تەسلیم بوون بە قـەدەری لێ دەکـەوێتـەوە، بەلایەوە ئەگـەرچی فـەلەستین پێـشـتـر لوتکەیەکی ڕۆشنبیری بووە، بەڵام هەنووکە لەو ئاستەدا نییـە، دەوڵەمـەندە لەچڕی دەسـتـەواژە و بەکـارهێنانی جۆراوجۆریان و وێنەیەکی فرەلایەنی لەلا بەرجەستە بووە، بەشێوەیەک ڕیزی کردوون بۆ سۆز و میهرەبانی نیشتمان، هونەرمەندانە ئەو شیـعـرانەی لەوێنەی ڕەنگاو ڕەنگدا درێژ کردووەتەوە.

نامـۆبوون ڕەهەندێکی تراژیدی و دۆخـێکی پۆزەتیـڤیـشـە، چونکە کـەسی نامـۆ تووشی کـارەسـاتی دەروونی دەبێت و کـۆچ دەکـات، بەڵام لە تاراوگـە کـەسێکی داهێنەر و سـەرکـەوتووی لێ دەردەچێت، بۆ خۆشی سەفـەری پڕ لە ئەفسانە و سەیرو سەمەرە وا لە نامـۆ دەکـات هێندەی تر ئاشنای نامـۆبوونی خـۆی بێت. پێوەندنی نەپچڕاندن بە نیشتمانەکەیەوە و پێوەندی نوێ دروست کـردن لەتاراوگـەدا، کـەسی نامـۆبوو دەوڵەمـەند دەکات، ئەزموونی شاعیرانی کورد بەشێرکۆ بێکەسیشەوە لەم بارەیەوە لە کۆمـەڵگایەکدا کە نامۆیی بۆ ڕۆڵەکانی بەرهەم هێناوە دەوڵەمـەندە. شـێـرکـۆ لە کـۆچیـدا لەگـەڵ ترسـدا جیـانەبووەتەوە، لە یەکـەم هەنگاوی دەرچوونەوە ترسی جـاران ترسی ئێـسـتـاو داهاتووش، ترس لەدواکـەوتوویی و گـۆشـەگـیـرییـەتی. شـێـرکـۆ بێکەس لەکـۆمـەڵگەیەکی داخـراودا بووە، ترسی ئاشنا نەبوون و ناسینی ڕووی ڕاستەقینە و نەریت و کولتووری دەرەوەی لێ نیشـتـووە. شێرکۆ بێکەس ترسی گۆڕانی بنەماکانی ئەخلاق و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی لێ نیشتووە، کاتێک باوک، یان کەسی چاودێر لە خێزانەکەدا نامێنێ. شێرکۆ خۆی بە قەرزاری گۆڕانی نشتـمانەکەی دەزانێ، هەربۆیە دەبێ بە پاڵەوانێک و لە دوورەوە دەیان وێنەی خـەیاڵی ئەوتۆ دادەڕێژێ بۆ ڕزگاربوون و دەربازکردنی نیشـتمان لە مـەینەت و ناخـۆشی، شـێـرکـۆ و مـەحـمـوود دەروێش ویسـتـوویانە هەر چۆنێک بێ فـەزایەک دروست بکەن لە نیشتمانی یەکەم بچێت.

بەگـشـتی ئەگـەر ئێـمـە بێین و چاو بەلاپەڕەکـانی پێـشـووتردا بگێـڕین و نامـۆبوونەکـەی هەردوو شـاعـیـر بخـوێنینەوە، لەم بارەیەوە بەچەند خـاڵێکی هاوبەش و لێکچوو دەگەین:

١- هەردووکـیـان پارچە شـیـعـرەکـانیـان لەوێنە گشـتییـەکەوە لە فەزایەکەوە، بەسەر چەند پەرەگراف و بەشێکدا دابەش کردووە، وێنەی بچووک بچووکیان لێ دروست کـردوون، لە هەندێکیـان خـۆیان دەدوێن و لەهەندێکی تردا لەڕێگەی دەسـتەواژە و وشـەی ئەوتۆوە، هەموو بەشـەکانی پارچە شیعرەکانیان بەیەکەوە گرێ داوە و زنجـیـرەیی دایانڕشـتـوون، ئەمـەش ئەزمـوونی تایبـەتی هەردوو شاعیرە لە نامۆبوون و تاراوگەدا.

٢- بۆ گـەیشتن بە نیـشـتـمـان و هەواڵ زانین و سـۆراخ کردن پەنایان بۆ باو باڵندە بردووە.

٣- نەفـرەت کـردن و ڕق لێـبـوونەوە لە کـتـێـبـێکی مـێـژوویی بێ بریقـە و تەمـاوی و خـەمـاوی سـەرچاوە گرتووی نیشتمانێکی وێرانە.

٤- هۆکـاری سـیـاسی هەرە دیار و کـاریگـەر و پاڵپـێـوەنەری سـەرەکـیـە بۆ کـۆچکردن و نامـۆبوون و تاراوگە هەڵبژاردنیان.

٥- وشەکانیان سادە و ساکار و واتادار و فرە ئامـاژەن.

٦- هەردووکیان نارەزایی توند بەرانبەر بەرێڕەوی مێژوویی نیشتمانەکەیان دەردەبڕن و ئاواتەخوازن و لەهەوڵی بەرخۆدانداn بۆ سەربەخۆبوون و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان.

٧- لەپارچە شیعرەکانی تایبەت بەنامۆبوون، دیمەنێکی گشتی و گشتگیر پیشان دەدەن و تێڕوانینی بەکۆمەڵیان بۆ گەورەتر لە نیشتمانەکەیان هەیە.

٨- یادەوەری منداڵی و گەنجێتی و ژیانی نیشتمان ڕوویەکی تری نێو شیعرەکانی نامۆبوونیانە.

٩- بەکارهێنانی ماسک، یان دەمامکی ئەوتۆ بۆ گوزارشت لە قووڵایی خود لە کاتی نامۆبوون لەنێو نیشتمان و دەرەوەیدا.

١٠- هەردووکیان تاراوگە و نامۆبوون لەلایەک و نیشتمان لەلایەکی ترەوە بە زیندان و وێرانە و مردن دەزانن و بەلایانەوە یەکسانە.

١١- ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی بێ نیشتمانی و بێ ئاڵایی و بێ ناونیشانی لەلای هەردووکیان و هەوڵدان بۆ فەراهەم کردنیان.

خۆ ئەگەر بۆ لایەنەکانی جیاوازیش بگەڕێین لەنێوان هەردوو شاعیردا بۆمان دەردەکەوێت کە:

أ- شێرکۆ بێکەس هەوڵی داوە دەربەند، یان تونێلێک، یان باڵندەیەک، یان هەر شتێکی ئەفسانەیی بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان و بینینی چەند ساتێک دیمەنی ژیانی وڵاتەکەی، بەڵام مەحموود دەروێش هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لە ئاسۆ و بیر و خەیاڵیشیدا هەیە داخراون و تەنگەبەرن و ناتوانێت بەهۆیانەوە بگاتەوە نیشتمان و سۆراخ وەرگرێ.

ب- شێرکۆ بێکەس خۆی بووە بە پاڵەوان و چاودێر و شۆڕشگێڕ و مێژووناس و گۆڕانکاری ئەوتۆی خواستووە کە لەنیشتماندا ڕوو بدەن، بەڵام دەروێش لەزاری کەسانی ترەوە گۆڕان و ئاڵوگۆڕی بۆ وڵات دەخوازێت.

ج- بەپێی ئەوانەی پێشوو، مەحموود دەروێش بەبیر و بەئەدەب ئامادەی گۆڕەپانی سیاسی نیشتمانەکەی بووە و لەناو نیشتماندا کاری سیاسی کردووە، بەڵام شێرکۆ بێکەس ئەگەرچی ماوەیەک لە شاخ بووە، بەڵام لەناو شاردا و بەبوونی خودی بەعس ئەو ئەرکە سیاسییەی ئەنجام نەداوە و لەنێو شیعرەکانیدا بەرجەستە نەبووە.

د- بەڕای د. عادل ئوستە، مەحموود دەروێش گۆڕانکاری لەشیعرەکانیدا کردووە، بەهۆی پاڵەپەستۆی سیاسییەوە، بەڵام ئەم دەستکارییە لای شێرکۆ بێکەس نابینرێت.

## ٤- هۆکارەکان و ڕادەی کاریگەربوون لەنێوان هەردوو شاعیردا

لەڕێڕەوی خوێندنەوەمان بۆ شیعرەکان و لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ژیاننامەی هەردووکیان، دەردەکەوێت کە هەردوو شاعیر لەڕووی ژینگەی ژیان و دروست بوونیان شێوە لێکچوونێک بەدی دەکرێت، بەو پێیەی نامۆبوون و تاراوگە هەڵبژاردنیان لەوێرانەیەکی سیاسی و نیشتمانێکی داگیرکراو و شێوێنراوی مێژوویی و جوگرافی سەرچاوەی گرتووە و هۆکاری سیاسی پاڵی پێوەناون بۆ ئەم ڕێگەیە، پێمان وایە کەسی نامۆ بوو، بیەوێت، یان نەیەوێت و ئاگاداربێت، یان ئاگادار نەبێت، لەڕێڕەوی نامۆبووندا ژیانی بوونگەریانە دایدەگرێت و پێوەی دەنووسێت، جگە لەبوونی نیشتمان و هاووڵاتیانی بەدوای بوونی خۆشیدا دەگەڕێت و هەموو ئەمەش بۆ نامۆبوون و تاراوگە هەڵبژاردن کاریگەری خۆی بەسەر هەردوو شاعیرەوە بەجێ هێشتووە.

لێرەوە نزیکبوون و لێکچوونی گیانی بەرگری و بەرخودان لەنێوان هەردوو شاعیردا، پاڵنەری ئەوەی بێت شێرکۆ بێکەسی شاعیر بەدوای هاوبیر و هاو ئاسۆ و خەیاڵی خۆیدا گەڕابێ و کاریگەری بوونی خۆی بە مەحموود دەروێشی شاعیر دەرخستبێ لەڕێگەی شیعرەکانییەوە، چونکە هەمان دابەشکردنی وێنەکان و هەمان ناوەڕۆک بەدی دەکرێ، ئەگەرچی لەشێوازدا هەندێک جیاوازییان لەنێواندا بەدی دەکرێ، خودی شێرکۆش دان بە هۆشیاری تازە و بیر و ئاسۆ و خەیاڵی نوێدا دەنێت، کە لەتاراوگەدا بەدەست دەهێنرێت و جیهانبینی و نیشتمانبینی نوێ لەم ڕووەوە بەدی دەکرێ، ئەمڕۆش مرۆڤ بیەوێت تەنانەت لە هەشتاکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمیشدا پێوەندی بە نەتەوە و گەلان و شاعیرانی ترەوە دەکات، ئەوەندە قورس نییە چاپ و چاپەمەنییەکان فەراهەم بکات و یەکێک لەو شاعیرانەش دەبێ مەحموود دەروێش بێ کە شیعرەکانی لەعیراق و کوردستاندا پەیدا دەبوون، شیعرەکانی

دەروێشـیش بەزمـانی عـەرەبی بوون هەر زۆر بە ئاسـانی بەدەست هێنراون، لێـرەوە شـێـركـۆ بێكەس بە ئاسـانی توانیـــویەتی بـەدەســـتـــیـــان بـهـــێنێت. ڕادەی كاریگەربوونەكەش لە بیرۆكە و وێنەكاندا لێكچوونێكی گەورەی بەرجەستە كردووە، ئەگەرچی شێركۆ خۆی نكوڵی لەوە دەكـات كـە كـاریگەری كـەسی تـری بەسـەرەوە بێ، بەڵام شیعرەكان ڕاستگۆیانەتر گوزارشت لەخودی شاعیر دەكـەن و ناتوانن شـتـەكـان بشـارنەوە، لەبیـر و وێنە شـیـعـرییـەكـان و هەڵبـژاردنی دەسـتـەواژە و وشـەكـان و دارشتنیـان بەشێوازێكی سەرنجڕاكێش و دێری كورت و درێژ و گـێـڕانەوەی ڕووداو و بەسـەرهاتەكـانی مـێـژووی دێرین، باسكردن لە منداڵیـتی و گـەنجـێـتی و گـۆڕەپانی نیـشـتـمـان، هەمـوو ئەمـانە بەڵگەن بۆ ڕادەی كـاریگەری زیاتر لە مامناوەندی شـێـركـۆی شاعـیـر بە مـەحـمـوودی شاعـیـر، ئەگـەر بە پێچەوانەشەوە ئەمـانە لێک بدەینەوە واتە بپرسین، ئایا مەحموودی شاعیر، كاریگەر نەبووە بە شێركۆ؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵگەی ئەوتۆ و ڕێگەی ئەوتۆ بۆ ئەم جۆرە كاریگەر بوونە شک نابەین، كەسێكی وەكو مەحموود دەروێشی بە ڕەگەز عەرەب، پێمان وانییە كە هەنووكەش لەگیانی شۆڤێنی دامالڕابێ و بەڵگەش لەنێو دیوانەكەیدا دەبینرێ و مرۆییـانە نەیڕوانیـوەتە دەورووبەر و جـیـهـان و مـرۆڤـەكـان و نەتەوەكـانی دەورووبەری، بە پێچەوانەوە شێركۆ شـاعـیری مرۆڤ دۆست بە چاوێكی مـرۆییـانەوە هەمـوو ئەزمـوونەكـان پەسـەند دەكـات و مـرۆییـانە ڕوانیـویەتیـیـە كـەسـێكی وەكـو مـەحـمـوود دەروێش، بەچاوپۆشی لەڕەگـەز و نەتەوە، نەک تـەنیـا بۆ مـەحـمـوود دەروێـش، بەڵكو سوودی لە ئەزمـوونی هەمـوو جـیـهـان وەرگـرتووە، مـرۆڤ دۆسـتـانە مـامـەڵـەی لەگـەڵ جیهاندا كردووە.

## ئەنجام

ئەم خـاڵانەی خـوارەوە ئەنجـامی خـوێندنەوەی وردی باسەكەن:

١- نامـۆبوون تەنیـا لەیەک بوار و ڕێبـازدا ڕەنگی نەداوەتەوە.

٢- كاریگەری بارودۆخی سیاسی و پەرەسەندنەكانی، كـاریگەری هەرە دیاری بەسـەر نامـۆبوونی هەردوو شاعیرەوە هەیە.

٣- هەردوو شـاعـیـر خـاوەنی ئەزمـوونێكی تایبـەتین و لەشاعیرانی تر جیاوازن.

٤- نامـۆبوون هۆكـاری گـەورەیە كـە پاڵـی پێـوە نـابن بەرەو دنیای ئازادی و هۆشیاری زیاتر و بەرەنگاربوونەوە و بەرخۆدان بڕۆن.

٥- هەردوو شاعـیر بێ ترس و سڵەمینەوە، هەستێكی نیـشـتـمـانی قـووڵ و تیـژیان لا دروست بووە لەڕێگەی مێژوو و یادەوەرییەوە بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە.

٦- ترس لە نامـۆبوون لایان، ترسێكی خودی نییـە بە تەنیا، بەڵكو ترسە لە نامۆبوونی كەسوكار و هاووڵاتیانی نیشتمان.

٧- ئەزمـوونی شاعـیـران لەتاراوگەدا پێـوەندی بەهێزی بە بەرهەمـەكـانیـانەوە هەیە، ئەمـە لە پاڵ كـاریگەری دەرەكی كـە لە سـاتەوەختێكی دیاریكراودا بە قـووڵی بۆ ناو بەرهەمەكانیان شۆڕبوونەتەوە.

٨- نامـــۆبوون لایان، واتە لای هەردوو شـــاعـــیـــر كـۆمەڵـیـیـە و گەلیش لەباری نامـۆبوون بەشداره و ئاهی ئەوە دەكـەن بگەڕێنەوە نـیـشـتـمـان و ڕابردووی منداڵی خۆیان.

٩- هەردووڵا ڕەشـبـیـنیـیـەک نیـشـان دەدەن، بەهۆی ترسی سڕینەوەی خـاک و مـێـژوو و ڕابردوو لەدیدی نەوە نوێكانەوە.

١٠- خەمێكی دی لەنێوان بەرهەمەكانیاندایە، ئەوەیە جـیـاوازییـەک لەنێـوان شـارسـتـانیـەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بەدی دەكەن.

**پەراوێزەكان:**

**١- مـوحـازەرەكـانی د. عـادل گـەرمـیـانی، لە بارەی ئەدەبی بەراوردكـارییـەوە، بەشی كـوردی، لەكـۆلێـژی پەروەردەی «ئیبن روشد»ی زانكۆی بەغداد، ٢٠٠٦.**

**٢- ئەدەبی بەراوردكاری، عەزیز گەردی، بەغدا، چاپی یەكەم، ١٩٧٨، ل١٥.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل١٤.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل١٦.**

**٥- مـوحـازەرەكـانی د. عـادل گـەرمـیـانی، لەبارەی ئەدەبی بەراوردكـارییـەوە، بەشی كـوردی، لە كـۆلێـژی پەروەردەی «ئیبن روشد»ی زانكۆی بەغدا، ٢٠٠٦.**

**٦- گۆڤاری ڕامان، ژ(١٠٧)، هەولێر، ل١٢٥.**

**٧- هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.**

**٨- ئەدەبی بەراوردكاری، عەزیز گەردی، بەغدا، چاپی یەكەم، ١٩٧٨، ل٣٩.**

٩- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٣٠)، د. کەمال مەعرووف، ل١٨٨.
١٠- هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.
١١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٥٣٨)، ١٩٩٨/١/١٨، ل٦.
١٢- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٣٠)، ل١٩١.
١٣- فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری، و. ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٣٠.
١٤- ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، د. کەمال مەعرووف، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨١.
١٥- گۆڤاری گزنگ، ژ(٣١)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، غوربەت و نامۆبوون، حەمە کەریم عارف، ل٤.
١٦- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٣٠)، سلێمانی، ل١٩٢.
١٧- هەمان سەرچاوە، ل١٩٩.
١٨- زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٩- دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیر، سلێمانی ٢٠٠٦/٥/٢٣.
٢٠- سایتی: www.al-jazirah/culture.com
٢١- سایتی: www.adab.com
٢٢- گۆڤاری ڕەهەند، ژ(١٢ و١٣)، سلێمانی ٢٠٠١، ل٥٨.
٢٣- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٣٠)، سلێمانی، ل١٩٣.
٢٤- تیراژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس، سەروەر ئەحمەد، سلێمانی ١٩٩٩، ل٢٢٥.
٢٥- دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی بێساران، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٦٢.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١٥٧.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل١٥٧.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.
٢٩- هەمان سەرچاوە، ل١٥٨.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.
٣١- هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤٠.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٣.
٣٤- هەمان سەرچاوە، ل٢.
٣٥- هەمان سەرچاوە، ل١٢.
٣٦- هەمان سەرچاوە، ل٣٤.
٣٧- بۆننامە، شێرکۆ بێکەس، سلێمانی، چاپخانەی داناز، ١٩٩٨، ل٧.
٣٨- هەمان سەرچاوە، ل٤.
٣٩- هەمان سەرچاوە، ل٥.
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٤١- هەمان سەرچاوە، ل٥٣.
٤٢- محمود درويش، الأعمال الشعرية الكاملة، بيروت، ط٣، ١٩٧٣، ل٤٥٨.
٤٣- هەمان سەرچاوە، ل٥١٦.
٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٤٣.
٤٥- سایتی: www.najah.edu/arabic.com


سەرچاوەکان:

کتێبەکان:
١- ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، بەغدا ١٩٨٧.
٢- ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، د. کەمال مەعرووف، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.
٣- بۆننامە، شێرکۆ بێکەس، سلێمانی، ١٩٩٨.
٤- دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی بێساران، سلێمانی، ١٩٩٨.
٥- زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦- محمود درويش، الأعمال الشعرية الكاملة، بيروت، ط٣، ١٩٧٣.
٧- فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری، و. ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٨- تیراژەکان و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، سەروەر ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٩٩.
٩- دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی ٢٠٠٦/٥/٢٣.
١٠- موحازەرەکانی د. عادل گەرمیانی، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی «ئیبن روشد»ی زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦.

گۆڤارەکان:
١١- گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٢-١٣)، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٢- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٠٧)، هەولێر ٢٠٠٦.
١٣- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٣٠)، سلێمانی ٢٠٠٢.
١٤- گۆڤاری گزنگ، ژمارە(٣١)، کەرکووک، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥.
١٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١٥٣٨)، ١٩٩٨/١/١٨.
١٦- سایتی:
www.al-jazirah/calture.com
١٧- سایتی:
www.najah.edu/Arabic.com
١٨- سایتی: www.adab.com

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(٩)

# دوا ڕۆژانی ژیانم لە هەولێر ئینجا ڕۆیشتنم بۆ جەزائیر

مارف خەزنەدار

کارەسات لەوە گەورەتر نەبوو لە قوتابی دوور بکەومەوە. دوو ساڵ و نیو ماوەیەکی زۆر بوو بێ قوتابی هەڵبکەم، ساڵ و نیوێکی بەغداو ساڵێکی هەولێر. لەمە زیاتر لە وزەمدا نەبوو چاوم بە ژووری موحازەرە نەکەوێ، هەرچەندە جیابوونەوە لە شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەولێر کارێکی قورسی دەروونی بوو، بەڵام نزیک بوونەوە لە قوتابی ئەو کارەی ئاسان دەکرد و بۆشایی ناو دڵمی پڕ دەکردەوە.

دوو سێ ڕۆژ بەر لە ماڵئاوایی، ئازیزێکی بنەماڵەمان بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد، عەباس ساڵح چەخماغچی، نەوەی فاتمەی پووری گەورەم (خوشکی گەورەی باوکم). عەبدولخالیق مەعرووف و محەمەد مەولوود مەم و هاوڕێیانی تریش خۆیان ئامادە کردبوو تا بەغدا بەڕێم بکەن، بەڵام دوو ڕۆژ لەپرسەدا لەگەڵم دانیشتن، ئەو دوو ڕۆژە سۆزی ئەوان خەفەت و بارگرانی مردنی ئەو ئازیزەی لەناو دڵمدا سووکتر کردبوو. کاتم بەدەستەوە نەمابوو، دەبوو پەلە بکەم و کارەکانم بگەیەنمە ئەنجام، بۆ ئەوەی لەسەفەرە دوور و درێژەکەم دوانەکەوم.

ڕۆژی سێیەمی پرسەی کۆچ کردووەکەمان بوو، خێزانی بەڕێزم بەجلی ڕەشی ماتەمییەوە لەماڵی برا جوانەمەرگەکەی، پاش نیوەڕۆیەکی مانگی ئاب بوو (١٩٨٣/٨/٢٠) دوا گفتوگۆی پێش ماڵئاوایی هاتە دی. داخی ئەوەی بوو ئەم کارەساتە ڕێگەی ئەوەی نەدا تا بەردەمی دەرگای فڕۆکە بەڕێم بکا. لەم هەڵوێستەدا ئەو لەمن بەهێزتر بوو، یان بە ئانقەست هەوڵی دەدا وا خۆی پیشان بدا، بەلایەوە گەلێک گرنگ بوو تا ئەو جێیەی دەتوانێ بەڕێم بکا. فرمێسک لە چاوی مندا قەتیس مابوو، ئەو بەدەم هەنسکەوە قسەی دەکرد. هەڵوێستەکە پڕ سۆز بوو. بۆ یەکەمین جار هەردوو دەستی درێژ کرد و سەری گرتم و سێ چوار جار ئەم لاو ئەولای ماچ کردم و دڵی دامەوە. ئەم کردەوەیە تازەبوو، ڕەنگە لەوە پێش بەدرێژایی ژیانمان پێکەوە خوو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ڕێگەی ئەوەی نەدابێ لە پێش خەڵکی ئەم

جۆرە ماچە پڕ سۆز و پاک و خاوێنەم لێ بکا. لە ڕێگەی گەڕانەوە لە گەڕەکی شۆڕشەوە بۆ ماڵی مەڵبەندی ڕووناکی-یمان، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ماڵئاوایی لە میدیا و بنیاد دەکەم! بەمن بوایە ڕێگە زۆر دوور بکەوتایەوە و لەگەڵ خۆشڕەوی ئۆتۆمبیلەکە ماڵەکەشمان لە جێی بجووڵایەوە و هەر پێی نەگەیشتینایە. لەو دەمەدا نەمدەتوانی بیر لەوە بکەمەوە بەچ جۆرێ دوا بینینمان لەگەڵ یەکتری دەچێتەسەر! بەجووتە میدیا و بنیاد لەبەر دەرگای ماڵ وەستابوون، هەولْم دەدا بەزەردەخەنە و دەم بە پێکەنین گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەم، لەوەش دڵنیا بووم بۆم نەدەکرا زۆر لەگەڵیاندا بدوێم، بۆیە ئارەزووی ئەوەم دەکرد زوو لێیان جیا ببمەوە، بە جووتە ماچیان دەکردم، ئینجا کەوتنە سەر ئەوەی یەکەیەکە دەست لە ملم بکەن، دیاربوو هەریەکەیان دەیویست لە ئەوی تر زیاتر ماچم بکا. من بە تەواوی وڕ و شپرزەبووم، ئاگاداری هیچ نەبووم، هەست و نەستم وەستابوو تا ئەو دەمە لە هەموو ژیانمدا سۆزی وام بەخۆمەوە نەدیبوو. نازانم ڕێگەی هەولێر و بەغدا چۆن بوو و چۆن نەبوو!! نازانم چۆن گەیشتینە بەغدا، تەنیا ئەوەندە دەزانم پاش ڕۆژئاوا بوو کە گەیشتینە ماڵی جەمال خەزنەداری برام.

سبەینێی ئەو شەوە دوارۆژی سەفەری بەغدام بوو پێش بەجێ هێشتنی وڵات و ڕووکردنە هەندەران. زۆر ئارەزووی بینینی شوکور مستەفام دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم نەدەکرد ڕوو بکەمە کۆڕی زانیاری کورد. چوونم بۆ ئەوێ لەبەر ئەوە بوو وتیان لەو ڕۆژەی هەفتەدا کۆ بوونەوەی لیژنەکانیان نییە لەبەر ئەوە میوانیان کەمە. لەوە دڵنیا بووم کە چاوم بە کەس ناکەوێ لەشوکور مستەفای دۆستی دێرینم بەو لاوە، ئەنجامیش هەروا بوو. محەمەدی مەلا کەریم پەیدا بوو. من حەزم بەم یەکتری بینینە نەبوو، چونکە ساردی لەسەر شاعیری گەورە نالی لەنێوانماندا لانەچوو بوو. ئەو قسەیەکی ڕاستی کرد، ئیعتیرافێک بوو بە هەڵەیەکی خۆی کە وتی: من تێدەگەم، لە باوکمدا ئەم ڕەوشتەم دیوە چۆن بێ قوتابی و دەرس وتنەوە هەڵناکا، بە خودا تۆ ئامادەی لە هەموو ئاوێک بدەی، چونکە بێ قوتابی ناژی. ئەم جەربەزەییە جێی خۆیەتی. خوات لەگەڵ لەپێناوی بڵاوکردنەوەی زانستیدا. ئەمە حەمەی مەلا کەریم گوتی. لەوەپێش نەک بەقسە، بەڵکو بە نووسین وتبووی، من نەک عەرەبی و تورکمانی و زمانی تر نازانم، بەڵکو کوردیش نازانم، کەچی ئێستا دەڵێ من وەکو باوکی بەبێ قوتابی هەڵناکەم.

پاش نیوەڕۆ چاوم بە هاوڕێی خۆشەویستم عەبدولئیلاه ئەحمەد کەوت. لەگەڵ (کەرامە)ی خێزانی بەڕێزی یادی ڕۆژانی ڕابردووی برایەتی و پێوەندی یەک بنەماڵەییمان کردەوە. لەماڵ و لەکۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا، من لەبەشی زمانی کوردی و ئەو لەبەشی زمانی عەرەبی هەمیشە پێکەوە بووین.

ئێوارە لە یانەی مامۆستایانی زانستگای بەغدا لە مەنسوورڕ دوا یادی بەغدام کردەوە. ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم یانەیە کەم نەبوو، بەزۆریش لەگەڵ هاوڕێیانم لە مامۆستایانی عەرەب، لەناو ئەوانیشدا بەتایبەتی عەبدولئیلاه ئەحمەد. دانیشتنی ئەو شەوە ساکار و هێمن و لەسەرخۆ و گەرموگوڕ بوو، قسەی جەمیل ڕۆژبەیانی گومرگیان لەسەر نەبوو، ئیحسان فوئاد زۆر لەسەرخۆ بوو، سەرکزی بن ئاڵۆز بوو، دەیوت ئەگەر چاوت بە فرۆکەخانەی ئۆرلی پاریس کەوت یادی من بکەرەوە. وریا عومەر ئەمینی قوتابی و هاوڕێ ئەوەندە بەڕێز بوو هێشتا خۆی بە قوتابی جاری جاران دادەنا، وەکو مامۆستایەکی زانستگای برادەری خۆمان خۆی دەرنەدەخست. جەمال خەزنەداری براشم لەگەڵ جەمیل ڕۆژبەیانی قسەی بەتوێکڵی وایان لەنێوان خۆیاندا دەکرد ئێمە تێی نەدەگەیشتین. سەگڤان عەبدولحەکیمیش بەتەمەن خۆی بە بچووک دەخستەڕوو، لەبەر ئەوە قسەی زۆر نەدەکرد و دەیویست سوود لە تاقیکردنەوەی لەخۆی گەورەتر وەربگرێ. بێ گومان جەمیل ڕۆژبەیانیش کەمتەرخەمی نەدەکرد لەشەڕ فرۆشتن و توانج گرتن لە هەموو دانیشتوان، چونکە هەموویانی لەخۆی بچووکتر و بەقوتابی خۆی حسێبی دەکردن. ئەو شەوە یادگارێکی خۆشی دوا کۆبوونەوەی کۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانی کورد بوو لە بەغدا لەگەڵ مندا. لێرەوە گێڕانەوە بەشێوازی «یاداشتی ڕۆژانە» دەنووسرێتەوە.

### ڕۆژی دووشەمووی ١٩٨٣/٨/٢٢

بەیانی زووی ئەو ڕۆژەی بەغدا فێنک بوو، لەبەر ئەوە خۆش بوو، چونکە ئەگەر زۆر گەرمیش بوایە بۆ ئەو کەژەی بەغدا کارێکی ئاسایی بوو. سەعدیەخانی خێزانی بەڕێزم لە پرسەی برای دانیشتبوو، ئەگەر بیزانیایە بۆ ماوەیەکی زۆر چاومان بەیەکتری ناکەوێتەوە، دەستووری ژیانی کۆمەڵایەتی دەشکاند و پێش ئەوەی هەفتەی پرسەی برای تەواو بێ هەولێری بەجێ دەهێشت و دەهاتە بەغدا بۆ بەڕێ کردنم. جێی ئەو چۆڵ نەبوو و خۆم بە بێکەس نەدەهاتە بەرچاو. وابوو لەگەڵ جەمالی برام و سەگڤان عەبدولحەکیم بەرەو فڕۆکەخانە کەوتینە ڕێ، کاوە و فەرەیدوونی کوڕانی عومەری براشم لەباتی باوکیان هاتبوون.

ئێمەی ڕێبوار چاومان بە فڕۆکە نەکەوت، لەنهۆمی دووەمی فڕۆکەخانەکەوە ڕێگەیان پێ پیشان داین و بەرەو ئەشکەوتێکی دەستکردیان بردین، بەرینی لە دوو مەتر زیاتر نەبوو. ئەم لاو ئەولا کەسی ئەسمەری خرپنی کەللە زلی بەهێز وەستابوون، بەجۆرێک تەماشای ڕێبوارانیان دەکرد وەکو لە تاوانبارێکی گەورە بگەڕێن. دوایی ئەشکەوتەکە ناو فڕۆکە بوو. ڕێبوار کەم بوون، هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی کوێی پێ خۆش بوو لەوێ دادەنیشت.

من وام دەزانی زۆربەی هەرە زۆری ناو فڕۆکەکە هەست و نەستیان وەکو منە. ئەوە باش دەزانن هیچ پێوەندییەکیان بەدەسەڵاتەوە نییە، ڕەنگە خۆشییان لەوە بوو بێ بەچاکە و خراپە لە دەسەڵاتەوە نزیک نین، لەبەر ئەوە لەکارەسات بەدوور دەبن، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تاکە حیزبییە دیکتاتۆرییە ئامانی بۆ نەبوو، چونکە چاکە و خراپەی لەلا نەبوو، هەر کەسێک لەگەڵی نەبوایە بە دوژمنی دادەنا.

بۆ من هیوا و ئامانجی ئەوساتە ئەوە بوو لە ئاووهەوای ئەو دەسەڵاتە دوور بکەومەوە. فڕۆکە لە ئەرز جیا بووەوە، هەناسەی خۆشیم هەڵکێشا. هەموو ئەو ورەورانەی لێیان دەترسام لە مێشکمدا ون بوون و چوونە ناو گێتی نەمانەوە. دەرگای مەڵبەندی بیرم کرایەوە، کۆتوپێوەندی خەیاڵم پچڕا، دەستم دایە قەڵەم و زادەی بیرێکی ناو مێشکم چارەکە سەدەیەک بوو تێیدا زابوو، لەوکاتەدا سەراوی هاتە دەرەوە. «کوردیادە» هاتە سەر کاغەز و ماوەیەکی گەرەک بوو تا دەخەملێ و خۆی دەگرێ. لە بەهاری داهاتوودا «کوردیادە» ئامادە بوو خۆی هەڵکوتێتە لای خوێنەرانی کورد.

لەو کاتەی من سەرخۆشی چێژی دوورکەوتنەوە بووم لە دەسەڵات و لێشاوی ئیلهامی «کوردیادە» لەناو کەشتی نەهەنگی سەر هەور دەڕژایە سەر کاغەز و فڕۆکە لە ئاسمانی وڵاتی ئوردون لەنجەی دەکرد، لە پڕ لە میکرۆفۆنی ناو فڕۆکە دەنگێ بەرز بووەوە «لەبەر ئەوەی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر ساکار لەناو فڕۆکە ڕووی داوە، ناچار دەگەڕێتەوە فڕۆکەخانەی بەغدا..». دڵم کەوتە خورپە، وام هەست دەکرد دڵی هەموو ڕێبواران کەوتۆتە لێدان. پاڵەپەستۆی خوێنیان بەرز بۆتەوە. وام هەست دەکرد وەکو خۆم کەس باوەڕی بەو قسەیە نەبوو کە لەدەمی میکرۆفۆن هاتە دەرەوە. مەزەندە زۆر بوو: ڕەنگە تەقەمەنی لەناو فڕۆکەکە دانرابێ، یان یەکێک هەوڵی ڕفاندنی دابێ، لەوانەیە قاچاغێکی زۆری تێدا ئاشکرا بووبێ، ڕەنگە یەکێک لە ڕێبواران گرتنی لەسەر بێ و بەهەڵە ڕێگەی چوونە دەرەوەیان پێدا بێ!

من زۆر شتم هێنایە سەر خۆم،، ڕاستە لەنووسین وەستام، بەڵام ترس نەچووە ناو دەروونمەوە، ئەو دوو سێ لاپەڕەیەی بە کوردی نووسیبووم، بۆنی ئەوەیان لێ نەدەهات ئەگەر بکەونە دەست کاربەدەستانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری زیانێکیان بۆ من هەبێ، لەبەر ئەوە بەبێ بایەخدان پەڕە کاغەزەکانم خستە ناو هەگبەی (قاوڵغی) پێش کورسی دانیشتنم لەناو فڕۆکە.

فڕۆکەمان گەڕایەوە فڕۆکەخانەی بەغدا، نزیکەی سەعاتێک لەوێ مایەوە. کە دووبارە چووینەوە ناو فڕۆکە وتیان: هۆی گەڕانەوەمان لەبەر ئەوە بوو ڕادیۆی ناو فڕۆکەکە تێک چوو بوو. لەپاش دواکەوتنێکی زۆر لەگەڵ ڕۆژئاوا گەیشتینە فڕۆکەخانەی ڕۆما. ئەو ئێوارەیە دوو فڕۆکە هەبوو لە ڕۆماوە بۆ شاری جەزائیری پایتەخت، یەکێکیان ئیتاڵی و ئەوی تریان جەزائیری، بەهیچ یەکێکیان نەگەیشتم و هەردووکیان کەوتبوونە ئاسمانەوە.

فڕۆکەی عیراقی بۆ ڕۆما چوار کەسی تێدابوو دوا مەنزڵیان جەزائیر بێ، من و دوو مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی یەکێکیان خێزانی جەزائیری بوو.

نوێنەری ڕێگەی هەوایی عیراق ڤیزەی شەوێکی بۆ کردین و بەپاسی تایبەتی فڕۆکەخانە بەرەو ئوتێل کەوتینە ڕێ. نزیکەی بیست دەقیقە لە فڕۆکەخانەوە دوور بوو، ڕێگە ئەگەرچی قەراغ شار بوو، بەڵام زۆر ئاوەدان بوو، هەندێ پیس و پۆخڵیش بوو. بۆ یەکەم جار بوو چاوم بە کۆمەڵی ئیتاڵیا دەکەوت، چۆن لەپێشاندا ئەدگاریان لە مێشکمدا نەخشی کێشرابوو، هەرواش دەرچوو. بەڵێ نەتەوەیەکە بەزمانێک قسە دەکا، بەڵام لە نەتەوە و میللەت و تیرەیەکی زۆر دروست بووە. خوێنی گەلێک لە ئادەمزادە جیاوازەکانی سەر ڕووی زەوی لەناو دەماریاندا دەجووڵێتەوە، بەهۆی هەمەڕەنگی نەژادیانەوە پیاو هەست بەخوێن گەرمی ژنیان دەکا. ڕەنگە ئەو مەرجەی گریکەکان بۆ ژنی جوان دایانناوە لە قاڵبی کچی ئیتاڵیدا بەتەواوی بەدی نەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بتەوێ و نەتەوێ جوانن، چونکە بەشی گریک و ڕۆمانی کۆن تێیاندا لە هەموو بەشەکانی تر زیاترە.

ئوتێلەکە قشت و جوان و پاک و تەمیز بوو، هۆڵی دانیشتن و قاوەخانە و ڕیستۆرانی ڕێکوپێک بوو، پێشخزمەتانی ژن و پیاو شیک و پۆشتە بوون. لام وایە هەموو بێگانەیەک بۆ یەکەمین جار چاوی بە وڵات و کۆمەڵی ئیتاڵیا بکەوێ، پێویستە تامی مەعکەرۆنە (سپاگیتی) بکا، ئێمەی ڕێبوارانی لەعیراقەوە بۆ جەزائیریش، داوای ئەم خواردنە میللییەمان کرد، وتیان دەبێ شتی تریشی لەگەڵدا بێ. وتمان ئەو شتی ترە با بە ئارەزووی ئێوە بێ.

# کاری هونەری و ڕاستی

**(١-٢)**

**مارتن هایدگەر**
**لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

هونەر بنچـــوینەوانی کـــاری هونەرییـــە، بەڵام هونەر چییە؟! هونەر بەڕاستی لەکاری هونەریدا هەیە. هەربۆیە ئێـــمـــە لەپێش هەمـــوو شـــتـــێکدا بەدوای هەڵکەوت و واقـیـعـیـەتی کـاری هونەریدا دەگـەڕێین. ئەو لەچیـدا پێکهاتووە؟!. کارە هونەرییەکان بەتێکڕایی، خۆ ئەگەر بە شێـوازی جیاوازیش بێت، لایەنی شمەکێتی نیشـان دەدەن. ئەو هەوڵەی بۆ تێگەیشتنی کارەکتەری شمەکێتی کارە هونەرییەکە بە یارمەتی چەمکە بەدەست هاتووەکانی شـــمـەک دراوە، ســەرنەکــەوتووە. نەک لەبەر ئەوەی ئەم چەمکانەی شمەکەکە لەو شمەکێتییە ناگات، بەڵکو چونکە ئێمە بەو پرسیارەی دەربارەی شمەکێتی ژێرخانەکە کردمان تۆبزی تێگەیشتنێکی پێشەکییانەمان کردووە کە بۆتە مـــایەی ئەوەی دەرگـــای چوون بۆ بوونی کـــارە هونەرییـــەکـــە لەبەردەمان بگرین. ناکـــرێ دەربارەی شمەکێتی کارە هونەرییەکە هیچ کاتێک شتێک بەدەست بێت، ئەگەربێـتو بوونی لە خۆیدای کارە هونەرییەکە بە ڕوونی نیشان نەدرێت.

ئاخـر باشـە هیچ جـارێک دەست بەکارە هونەرییـەکـە دەگـات؟! بۆ ئەوەی دەرفـەتی گـەیشتن بە ئەوە هەبێت، پێـویستـە کارە هونەرییـەکە لە هەمـوو پێـوەندییـەکـانی بەوانەوە دابـبـڕدرێـن کـە شـتـێکی ترن لە چاو خـۆی، بۆ ئەوەی خۆی بەتەنیا چۆنە وەک خۆی وازی لێ بهـێنرێت. ئەمەش نیازی تایبەتی هونەرمەندە. کاری هونەری دەبێ بەهۆی ئەوەوە بۆ ســـەربەخـــۆ بوون لە خـــۆیدا وازی لێ بهـێنرێت، بەتایبـەتی لە هونەری مـەزندا، لێـرەدا هەر قـــســـەش لەو دەکـــرێت، هونەرمـــەند بەرانبـــەر بەکـــارە هونەرییـــەکـــە وەک ڕاڕەوێک کـــە بۆ داهێـنانی کـــارە هونەرییـــەکـــە خـــۆی بەخت کـــردبێ، وایە بێ باکـــە و بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

کاره هونەرییەکان خۆیان کە لە پێشانگاکاندا کۆکراونەتەوە، بە دیوارەکاندا هەڵواسراون بەم جۆرەن، بەڵام ئایا ئەوان لەخۆیاندا وەک چەند کارێکی هونەری ئەوە نین کە خۆیان وان، یان ئەوان لێرەدا پتر وەک چەند بابەتێکی پیشەی هونەرین؟ کاره هونەرییەکان دەخرێنە بەردەست تاکەکەس و ئەوانەی چێژ لەکاری هونەری وەردەگرن، مەڵبەندە ڕەسمییەکان خزمەتکردن و پاراستنی کاره هونەرییەکان دەگرنە ئەستۆ. هونەرناسان و ڕەخنەگرانی هونەر ئەوان دەکەن بە بابەتی چالاکییەکانیان. بازرگانی هونەر کاروباری بازاڕ دەستەبەر دەبێ. توێژینەوەی مێژووی هونەر کاره هونەرییەکە دەکات بە کەرەسەی زانستێک، بەڵام ئایا لەم ساتو سەودا هەمەڕەنگەدا کاره هونەرییەکان خۆیان ڕووبەڕووی ئێمە دەبنەوە؟!

«ئێگینێتەکان» لە پێشانگای مێۆنیخدا «ئەنتیگۆنێی» سۆفۆکلیس لە باشترین چاپێکی ڕەخنەگریدا، وەک چەند کارێکی هونەری، کە ئەوان وان، لە شوێنە تایبەتییە جەوهەرییەکەی خۆیان دابڕێنراون، جا پایە و مەڵبەند و هێزی کارلێکردنیان گەورەش بێت، ڕەوشی مانەوەشیان چاک بێت، لێکدانەوە و شرۆڤەکردنیان جێگای دڵنیایی کردن بێت، گواستنەوەیان بۆ ئەو جێگەیەی تێیدا کۆکراونەتەوە لەجیهانی خۆیان دابڕێنراون، بەڵام خۆ ئەگەر ئێمە خۆمان خەریک بکەین ئەم جێگۆڕکێیەی کاره هونەرییەکان لابەرین، یان خۆی لێ ببوێرین، بەوەی ئێمە بۆ نموونە ڕووبکەینە پەرستگای پیستوم لەجێگاکەی خۆیدا بچین بۆ کاتیدرایی Dom بامبێرگ لەشوێنی خۆی ئەوە جیهانی ئەو کاره هونەرییە لەبەر دەستدابووانە هەرەسی هێنا.

جیهان دابڕین entzug و جیهان ڕووخان جارێکی تر ناگەڕێنەوە. کاره هونەرییەکان هیچی تر ئەوەی جاران نەماون. ڕاستە ئەوان خۆیانن کە لەوێ ڕووبەڕووی ئێمە دەبنەوە، بەڵام ئەوان ئەوانەن کە لەوێ بوون و سەر بەڕابردوون. ئەوانەی سەربەڕابردوون هەمووویان وەک بابەتێکی بە (میرات) بۆ ماوە و هەڵگیراو ڕووبەڕوومان دەبنەوە، ئەوان بەردەوام هەروەک ئەم بابەتانە دەمێننەوە، ئەو بەرانبەر وەستانەیان ڕاستە ئەنجامێکی ئەو لەخۆیدا بوونەی جارانیەتی، بەڵام ئەو هیچی تر ئەو خۆیەی خۆی نەماوە. ئەمە لەو جیابۆتەوە fliehen، هەموو چالاکییەکانی هونەرییانە، جا ئەوپەڕی پتر بکرێت و هەموو شتێکیش لەپێناوی کاره هونەرییەکەدا بکات، تەنیا هەر بە کەرەسەبوونی کاره هونەرییەکە دەگات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بوونی کاره هونەرییەکەی پێکناهێنێ.

ئایا کاره هونەرییەکە کارێکی هونەری دەبێت ئەگەر بێتو لە دەرەوەی هەموو پێوەندییەکدا بمێنێ؟! پێکهاتەی کاره هونەرییەکە لەوەدا نییە کە لەپێوەندیدایە؟!. ئەوی ڕاست بێ تەنیا ئەوە ماوەتەوە بپرسرێ، ئەو لە کامیاندایە؟

کارێکی هونەری سەر بە چییە wohin؟!. کاره هونەرییەکە وەک کارێکی هونەری بە تەنیا سەر بەو کایەیە کە بەهۆیەوە خۆی دەکاتەوە. بوون بەکاری هونەری تەنیا هەر بەتەنیا لەو کردنەوەیەدا ڕوودەدات. ئێمە گوتمان لەکاری هونەریدا ڕوودانی ڕاستی هەیە. ئاماژەکردنەکە بە وێنەکەی ڤان کۆخ هەوڵی دا ئەم ڕوودانە بێژێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، ئەم پرسیارە دەکەوێتەوە: ڕاستی چییە و چۆن دەکرێ ڕووبدات؟

ئێمە سەبارەت بە کاره هونەرییەکە پرسیاری ڕاستی دەکەین. بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە لەپرسیارەکەدا هاتووە دڵنیابین، پێویستە ڕوودانی ڕاستییەکە لە کاره هونەرییەکەدا سەرلەنوێ بەدەر بخەینەوە. بۆ ئەم هەوڵە بەنیاز و مەبەست کارێکی هونەریی هەڵدەبژێرین کە سەر بە هونەری نیشاندان و وێنە نەبێت.

کارێکی بیناسازی Bauwerk، پەرستگایەکی یۆنانی هیچ شتێک کۆپی ناکات. ئەو بە سادەیی لەنێو کەڤرە لەتوپەتەکاندا قیت بۆتەوە. کاره بیناسازییەکە ڕوخساری خواوەندەکەی تێیدایە و وای لێکردووە لەو شاردراوەیەدا بەهۆی هۆڵە پڕ لەکۆڵەگە کراوەکەوە لە دەڤەرە پاکەکەدا بەقیتی دەربکەوێت. بەهۆی پەرستگاکەوە Tempel خواوەندەکە لەپەرستگاکەدایە. ئەم لەوێ بوونەی خواوەند لەخۆیدا بڵاوبوونەوە و سنووردانانە بۆ دەڤەرەکە وەک یەکێکی پاک و پیرۆز. پەرستگاکە و دەڤەرەکەی Be-zirk لەنادیار و دەستنیشان کراودا هەڵنەواسراون. کاری پەرستگاکە لەسەرەتاوە و لەهەمان کاتدا ڕاڕەو و پێوەندییەکان کە تێیاندا لەدایک بوون و مەرگ، بەدبەختی و بەرەکەت، سەرکەوتن و ساردوسووکی، خۆڕاگرتن و ڕووخان جەوهەری مرۆڤ ڕوخساری

چارەنووسەکەی پێدەبڕێ، لە دەوروبەری خۆی ڕێک دەخات و کۆیان دەکاتەوە. بەرینایی دەست ڕۆیشتووی ئەم پێوەندییە کراوانە جیهانی ئەم گەلە مێژووییەن. لەوەوە و لەودا ئەو دێتەوە سەرخۆی بۆ جێبەجێ کردنی چارەنووسەکەی.

لە قیتییەکەیدا کۆشکەکە لەسەر بناغە بەردینەکە وەستاوە. لەقیتییەکەیدا Aufruhen ئەم کارە هونەرییە لە کەڤرەکەوە تاریکی نا ڕێکوپێکییەکەی دەهێنێ و کە لەگەڵ ئەمەشدا هیچ تۆبزییەکی تێدا نییە. لەوێدا بەقیتی وەستان، کۆشکەکە لەبەردەم گەردەلوولە ڕامالکەرەکەدا خۆی دەگرێ و گەردەلوولەکە بەتین و توند و هێزەکەیەوە نیشان دەدات. بریقە و درەوشانەوەی کەڤر و بەردەکان وا دێتە بەرچاو خۆی تەنیا بەهرەی خۆر بێت، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەرەتاوە تیشکی ڕۆژ، بەرینی ئاسمان، تاریکی و ئەنگوستە چاوی شەو بەدەرخات و دەیانهێنێتە بەرچاو. بەقیتی وەستانە گومان هەڵنەگرەکە وای کردووە جێگا نەدیتراوەکەی هەوا دیار بێ و بدیترێ. پتەوی و نەگۆڕانی کارە هونەرییەکە لەبەردەم کەفوکوڵی هەڵچوونی شەپۆلی دەریا خۆی ڕادەگرێ و دەبێتە مایەی ئەوەی لە ئارامی و هێمنییەکەیەوە هەڵچوونەکەی دەربکەوێ. درەختەکە و گیایەکە، هەڵۆیەکە و گامێشەکە، مارەکە و قالۆچەکە ڕوخساری جیاوازی خۆیانیان پێ دەبڕدرێ و بەو جۆرە دێنەبەرچاو خۆیان چین. ئەم بەدەرکەوتن و کرانەوەیە خۆی و بەتێکڕایی کاتی خۆی یۆنانییەکان بە فوزین (سروشت)یان ناوبردووە. ئەو لەهەمان کاتدا ئەو شتە ڕووناک دەکاتەوە کە لەسەریدا و تێیدا مرۆڤ ماڵی خۆی دامەزراندووە. ئێمە ئەوە بە زەوی ناو دەبەین. لەبارەی ئەوەوە کە لێرە وشەکە دەیلێ، بۆچوونێکی قەوارەی کەرەسەیەکی کۆن و بەساڵداچوو، هەروەها بۆچوونێکی ئەستێرەیەکی ئەسترونۆمی (فەلەکی) بە دووربگرین. زەوی ئەوەیە تێیدا بەدەردەکەوتن هەموو بەدەرکەوتووەکان، تەنانەت شتێکی وەک ئەمە، دەشارێتەوە. لەوانەی دەکرێنەوە و بەدەردەکەون جەوهەری زەوی وەک ئەوەی شت دەشارێتەوە دەردەکەوێ west.

خانووبەرەی پەرستگاکە لە قیتی و وەستانەکەیدا جیهانێک دەخاتە سەرپشت و لەهەمان کاتدا ئەمە دەخاتە سەر زەوی و ئەوەی نیشان دراوە خۆی لەپێشدا وەک بنەمای نیشتمان نیشان دەدرێت. هیچ جارێک مرۆڤ و زیندەوەر و ڕووەک و شتەکان وەک چەند کەرەسە و بابەتێکی نەگۆڕاو و زانراو و ناسراو لە ئارادا نین Vorhanden بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی لاوەکی ژینگە و دەوروبەرێکی گونجاو بۆ پەرستگا کە ڕۆژێک لەڕۆژانیش دەخرێتە سەر ئەو شتەی لە ئارادایە نیشان بدات. ئێمە بەلای کەمەوە لەوە نزیک دەبینەوە کە بوونە، کاتێک ئێمە بەپێچەوانەوە بیر و هزر دەکەینەوە(٦)، ئازادانە بەو وادانانەی کە ئێمە پێشبینیانە توانای ئەو تەماشاکردنەمان هەیە، چۆن هەموو شتێک بە پێچەوانە ڕوو لە ئێمە دەکات. پرۆسەی پەتی و ڕووتی بەپێچەوانەوە هاتنەوە ئەگەر بۆ خۆی بەدی بێت، هیچی لێ پەیدا نابێت.

پەرستگایەکە لە قیت بوونەوەی لەوێ لەپێشدا ڕوخسار بەشتەکان و بە مرۆڤ دیمەنی دوارۆژ بەخودی خۆیان دەبەخشێ. ئەو دیدە ئەوەندەی کارەکە کارێکی هونەری دەبێ و ئەوەندەی ڕەب لێوەی ڕاناکات، بەکراوەیی دەمێنێتەوە. هەمانشت تابلۆی ڕەب دەگرێتەوە کە سەرکەوتوو لەزۆرانبازیدا پێی بەخشیوە. ئەو وێنەیەکی لەبەرگیراوە نییە کە مرۆڤ لەودا بەسووک و ئاسانی دیمەنی ڕەب بناسێ و بزانێ، بەڵکو ئەو کارێکی هونەرییە کە حازربوونی ڕەب بەم پێیە ڕەب خۆی چۆنە ڕێگا دەدات. هەمان شت کاری زمان دەگرێتەوە. لە تراژیدیدا هیچ شتێک نیشان نادرێ و ناخرێتە بەرچاو، بەڵکو خەبات و تێکۆشانی خواوەندەکان دژی کۆنەکان دەکرێ. کاتێک کاری زمان لەگوتەی گەلدا بەدەردەکەوێ، قسە لەو خەبات و تێکۆشانە ناکات، بەڵکو گوتەی گەل بەوە دەگۆڕێ، هەموو وشەیەکی گەوهەری ئەو خەباتە دەکات و بڕیار بەلایەکیدا دەخات: چی پاک و پیرۆزە و چی پاک نییە و چی گەورەیە و چی بچووکە و چی ئازایە و چی ترسنۆکە و چی خانەدانە و چی ساکار و سەرپێیە و چی ئاغایە و چی بەندە و کۆیلەیە (بڕوانە: هیراکلیتس) دەستەواژەی ٥٣)

کەوابوو کاری هونەری لەچی پێکدێت؟ با بەردەوام سەرنجی ئەوە بدەین کە بە کاڵوکرچی و بەجۆرێکی بەس بوو نیشاندراو با لەپێشەوە دوو تایبەتمەندی جەوهەری کارە هونەرییەکە ڕوون بکرێتەوە. ئێمە لەو لایەنەی پێشەوەی لەمێژە ناسراوی کارە هونەرییەکەوە هەنگاو دەنێین لایەنە شمەکییەکە کە دەرفەت و بواری ڕەفتاری

باو لەگەڵدا ڕاهاتوومان بەرانبەر بەکارە هونەرییەکە دەدات.

ئەگەر کارێکی هونەری کۆبکرێتەوە، یان لەپێشانگایەک دابنرێت، دەگوترێ: ئەو دانرا، بەڵام ئەم دانانە لە گەوهەردا لەو دانانە بەمانای دروستکردنی کارێکی بیناسازی، یان لە دروستکردنی پەیکەرە تابلۆیەک لە هی دەستنیشانکردن و نیشاندانی تراژیدییەک لە ئاهەنگێکدا جیاوازە. ئەم جۆرەدانانە دامەزراندنە بەمانای پیرۆز کردن و ڕێزلێنانە. دانان لێرەدا لە جێگیرکردنی ڕووت بەولاوە نییە. پیرۆزکردن بە پاک دانانە، بەو مانایە لەدانانەدا کە سروشتێکی کاری هەیە، پیرۆز وەک پیرۆز ئاواڵا دەبێت و ڕەب بۆ نێو هەبوونە کراوەکەی بانگهێشت دەکرێ. بەپیرۆز زانین وەک ڕێزلێنانی ڕێزی ڕەب و پایە و پلەکەی ستایش کردنی تێدایە. سەربەرزی و پایەبەرزی چەند خەسڵەتێک نین کە لە تەنیشتیان و لەپشتیانەوە ڕەب هەبێ، بەڵکو لە ڕێز و سەربەرزیدا، لە پلەوپایەدا ڕەب لەئارادایە. لەدرەوشاوەیی ئەم پلەو پایەیەدا دەدرەوشێتەوە، واتە ئەو شتە ڕووناک دەکاتەوە کە ئێمە بەجیهان ناوی دەبەین. دامەزراندن دەڵێ: کرانەوەی ڕاستەکە بەمانای بەدرێژایی پێوەرە ئاراستەکارەکە، ئەو وەک ئەمە سروشت گەوهەرییەکە ئاراستەکردنەکان دەبەخشێ، بەڵام بۆچی دانانی کارە هونەرییەکە دامەزراندنی بە پیرۆز زانین-ستایش کردن دەگەیەنێ؟! چونکە کارە هونەرییەکە لە سروشتی کارییەکەدا ئەمە داوا دەکات. چۆن دەکرێ کاری هونەری ئەم دانانە پێویست دەکات؟ لەبەر ئەوەی ئەو خۆی لە سروشتی کارییەکەیدا بەدانانەکەی هەبووە. کارە هونەرییەکە وەک کار چی دادەنێ؟! لە بەرزبوونەوەی لەخۆیدا کارە هونەرییەکە جیهانێک دەکاتەوە و لە دەست ڕۆیشتووەکەیدا بە پاراستنی دەیهێڵێتەوە.

سروشتی کارێتی بەو مانایەیە: جیهانێک دابنێی، بەڵام ئەمە چی دەگەیەنێ: جیهانێک. ئاماژە بە پەرستگاکە ئەو ڕوونکراوەتەوە. گەوهەری جیهان ڕێگا دەدات بەو ڕێگایەی کە ئێمە لێرەدا پێیدا دەڕۆین، نیشانی بدەین. تەنانەت ئەم نیشاندانە خۆی بەوە سنووردار دەکات خۆ لەوە ببوێردرێ کە لەسەرەتاوە حەز دەکات گەوهەری سەرنجدانەکە بە هەڵە بەرێت.

جیهان بریتی نییە لە کۆکردنەوەی سادە و ساکاری شتی لە ژماردن هاتوو لە ژماردن نەهاتوو زانراو نەزانراوە. هەروەها جیهان بریتی نییە لە تەنیا بە ئەندێشە داهاتوو خراوەسەر کۆی وێناکراو چوارچێوەیەک. جیهان بەجیهان دەبێ و Weltet بوونەوەرە پتر لەوەی دەست پێی دەگات و دەتوانرێ ببیسترێ و پەی پێ ببردرێ کە ئێمە لەناخی خۆماندا وا باوەڕ دەکەین. جیهان بابەتێک نییە لەبەردەمماندا بێت و بشێ تەماشا بکرێت. جیهان هەمیشە ئەوەیە ناکرێ بابەت بێت کە ئێمە لەژێر باریدا بین، مادام ڕێگاکانی لەدایک بوون و مردن، نیعمەت و لەعنەت ئێمە لە بووندا بەدوور دەهێڵێتەوە(٧). لەو جێگایەی بڕیارە جەوهەرییەکانی مێژووەکەمان دەدرێ، کاتێک لەلای ئێمەوە پەسند دەکرێت، یان بەجێ دەهێڵرێت، بە هەڵە تێی دەگەین، یان جارێکی تر سۆراخ دەکرێت، لەوێ جیهان بەجیهان دەبێ. کەڤر بێ جیهانە. ڕووەک و زیندەوەریش، هەروەها جیهانیان نییە، بەڵام ئەوان سەر بە پاڵەپەستۆ و پاڵەپەستۆیەکی شاردراوەی دەوروبەرێکن کە تێیدا بەندن. بەپێچەوانەوە ژنە جووتیار جیهانی هەیە، چونکە ئەو خۆی لەکراوەیی کایەی بوونەوەردا جێگیرە. ئامرازەکە بەپێی ئەو بڕوا پێکرانەی هەیەتی نزیکی و ناچاری تایبەتی بەجیهان دەبەخشێ. لە کاتێکدا جیهانێک خۆی واڵا دەکات هەموو شتەکان ماوە و خێراییان، نزیکی و دورییەکەیان، فراوانی و تەنگەبەرییەکەیان پێ دەبڕێ. لە بەجیهانی بووندا ئەو کایە و بوارە کۆدەبێتەوە کە بەهۆیەوە بەهرە (نیعمەتی) پارێزەری خواوەند دەبەخشرێ، یان بەربەست دەکرێت، هەروەها غەزەبی لەئارادا نەبوونی خواوەند، شێوازێکە چۆن جیهان بەجیهانیبوون دەبێت.

کاتێک کارێکی هونەری کارێک دەبێت ئەو کایە و بوارە ڕێک دەخات. ڕێکخستن einraumen لێرەدا بەتایبەتی بەو مانایەیە: بەری کراوەی ئازاد بەربدرێ و ڕێکخستنی ئەم کراوە ئازادە لە چوارچێوەکەی خۆیدا. ئەم ڕێکخستنە گەوهەرەکەی لەناوبراو بەدامەزراندنەوە پێدەبڕێ. کارە هونەرییەکە وەک کارێکی هونەری جیهانێک دادەنێ. کارە هونەرییەکە کراوەیی جیهان بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام دانانی جیهانێک تەنیا جەوهەرێکی پتربووی بنەڕەتی لەکاردا بوونی کارە هونەرییەکەیە. ئەوی تریان کە سەر بە ئەوە، ئێمە هەوڵ

دەدەین بەهەمـــان شـێــواز لەبەشی پێـشـــەوەی کـــارە هونەرییەکەوە دەربخەین و بیخەینە بەرچاو.

ئەگەر کارێکی هونەری لەم کەرەسەی کارکردنە، یان لە یەکێکی ترەوە: بەرد، دار، کانزا، ڕەنگ، زمان، دەنگ: پەیدا دەکرێ.. دەشگوترێ لەوەوە دروست کـراوە، بەڵام هەروەک کـارە هونەرییـەکە، دانان بەواتای دامـەزراندنی پیرۆزی ستایش کراو پێویست دەکات، چونکە بەکارێتی بوونی کـاری هونەری لە دانانێکی جـیـهـان پێکدێت، بەهەمـان شـێـوە دروسـتکردن ناچاری دەبێت، چونکە بەکـارێتی بوونی کـارە هونەرییـەکەی خـۆی کـارەکـتـەری دروستکردنی هەیە. کارە هونەرییەکە وەک کاری هونەری لە گەوهەرەکەیدا دروستکاری بەرهەمهێنە، بەڵام کاری هونەری چی دروست دەکات؟! ئێمە لەپێشـەوە کـاتێک ئاگـاداری ئەمـە دەبین، ئەگـەر هاتو ئێـمـە بەدوای مـانای ڕاسـتـەوخـۆ و باوی دروسـتـکردنی کـارە هونەرییـەکـەدا بچین.

دانانی جـیـهـانێک سـەر بە- کـارێـتی بوونی کـارە لە سۆنگەی ئەم دەستنیشـانکردنەوە، کـام گەوهەرە لەکـارە هونەرییـەکەدا ئەوەیە کە بە کـەرەسـەی کـار نـاودەبرێت؟! لەبەر ئـەوەی ئامـــــراز، بـەهـۆی ســــوودبەخـــــشین و بەکـارهێنانەوە دەستنیشـان دەکرێت، لە خزمـەتکردن و سوودبەخشیدا ئەو شتە بەکاردەهێنێ کە لێوەی دروست بووە: کـەرەسـە. بەرد لە دروسـتکردنی ئامـرازەکـەدا، بۆ نموونە لە بیـــور (تـەور)دا بەکـــاردەهێنرێ و ســـوودی لێوەردەگیرێ. ئەو لە سوودبەخشیندا لەبەرچاو بزر دەبێ. کەرەسەکە (ماددەکە) باشتر و گونجاوتر دەبێت ئەوەندەی بێ بەربەرەکـانی کـردن لە بە ئامـرازبوونی ئامـرازدا لەبەرچاو ون ببێ. پەرسـتگاکـە وەک کـارێکی هونەری بەپێچەوانەوە ڕێگا دەدات، لەوەدا کە جیهانێک دادەنێ، نەک کەرەسەکە لەبەرچاو بزربێت، بەڵکو لەپێش هەمـوو شـتێکدا دەربکەوێ و بەتەواوەتی لە کـراوەیی جیـهـانی کـارە هونەرییەکەدا بێتە بەرچاو. کەڤرەکە دەکەوێتە ژێر بار و هێـمـن و بێـدەنگ دەبێ، بەمـەش دەبێ کـەڤـر؛ کانزاکان دەست دەکەن بەدرەوشان و بریقەدان، ڕەنگەکان دەبریسکێنەوە دەنگەکە دەزرینگێتەوە، وشەکە بەئاخاوتن دێت(٨). هەمـوو ئەوانە دێنە پێـشـــەوە بەوەی کـــارە هونەرییـەکـە خـۆی دەخـاتـە نێـو سـەخـتـی و قـورسی بەردەکـەوە، نێو پتـەوی و نەرمی دارەکـەوە، نێو قـایمی و بریقـەی کـانزاکەوە، نێـو ڕووناکی و تەڵخی ڕەنگەکـەوە، نێو لەرینەوەی دەنگەکەوە و نێو هێزی ناونانی وشەکەوە.

لەچیدا کارە هونەرییەکە خۆی دادەنێتەوە و ڕێگای چی دەدات لەو خـۆ دانانەوە بێـتـە کـایەوە، ئێـمـە بە زەوی ناومـان برد. ئەو هاتنە کـایەوەی پاراستن و دەربازکـردن و گـرتنەخـۆیە. زەوی ئەوەیە کـە هیچ پاڵەپەسـتـۆ و ئەرکی بەسـەر کـەسـەوە نییـە- مـاندوو نابێت. لەسـەر زەوی و لەودا مرۆڤ مێژووی جێگای نیشتەجێ بوونی لەجیهاندا دروست کـردووە. لەوەدا کـارە هونەرییـەکـە جـیـهـانێک دادەنێ زەوی دروست دەکات. دەبێ لێرەدا دروستکردن بە وردترین واتای وشـــەکـــە بە هزردا(٩) بێت. کـــارە هونەرییـەکە زەوی خۆی دەخاتە نێو کراوەیی جیهانێک و لەوێدا دەیپارێزێ. کارە(١٠) هونەرییەکە وادەکات زەوی زەمین بێت.(١١)

بەڵام لەبەرچی دەبێ دروسـتکردنی زەوی بەو شـێـوازە ڕوویدات کە کـارە هونەرییـەکە خۆی لەودا دابنێ؟! زەوی چییە، تاوەکو ڕاستەوخۆ بەو شێوازە خۆی بگەیەنێتە نێو نەشاردراوەیی؟! بەردەکە باری گرانە و قورسییەکەی خۆی ئاشکرا دەکـات، بەڵام لەکـاتێکدا ئەمـە بـاری سـەرشـانمان سـەخت دەکـات، بەربەسـتی هەمـوو چوونە ناوەوەی خـۆی دەبێت. ئەگـــەر هەوڵێکی لەم جـــۆرە بدەین، بەردەکـــە لەتوپەت بکـەین ئەوە ئەو لە پارچەکـــانی خـــۆیدا هیچ ناخـێک و کـراوەییـەک نیـشـان نادات. لەهەمـان کـاتدا بەردەکە جارێکی تر دەچێتەوە سەر هەمان تەمومژاوی و قـورسـاییـەکـەی و سـەخـتـی پـارچەکـانی. هەوڵ دەدەین بەرێگایەکی تردا پەی بەمـــە بەرین، بەوەی بەردەکــە دەخـەینە نێـو تەرازووەوە، ئەوکـاتە ئێـمـە قـورسـیـیـەکـە دەکەین بە تەنیا ژمـاردنێکی کێشەیەک. دوور نییە ئەم بەوردی دەسـتـنیـشـانکردنەی بەردەکـە تەنیـا ژمـارەیەکی ڕووت بێ، بەڵام قـــورسـاییـــەکـــە خـــۆی لەدەســـتـــمـــان دەربازکـردووە. ڕەنگەکە دەدرەوشـێـتەوە و دەیەوێ تەنیـا هەر بدرەوشـێـتـەوە، ئەگـەر ئێـمـە بە پێـوانێکی پشت ئەستوور بە تێگەیشتنەوە بیبەینەوە سەر ژمارەی شەپۆلی لەرینەوەکـەی، ئەوە ئەو دەمـرێ. تەنیـا ئەوکـاتە خـۆی نیـشـــان دەدات کـە ئەگـەر شـاردرابێـتـەوە و ڕوون نەکـرابێـتـەوە. زەوی ڕێگا دەدات هەمـوو چوونە ناوییـەوە لەودا بشکێ. ئەو دەبێـتـــە مـــایەی ئەوەی هەمـــوو پێـــداگـرتنێکی سـروشت ژمـێـرەیی تەنیـا هەر بەشی

لەناوچوون بێ. دەکرێ ئەمە دیاردەی دەسەڵات و پێشکەوتن لە ڕوخساری تەکنیکی- زانستی بە کەرەسە و بابەتکردنی سروشتدا بێنێتە پێشەوە، بەڵام ئەم دەسەڵات و کۆنتڕۆڵە بە بێ دەسەڵاتی خواست دەمێنێتەوە. زەوی تەنیا ئەوکاتە وەک خۆی بەکراوەیی دەدرەوشێتەوە ئەگەر هاتو ئەو لەبنەڕەتدا لە کردنەوە نەهاتو بپارێزرێ و بهێڵرێتەوە کە لە هەموو کردنەوەیەک دەرباز دەبێ، واتە بەردەوام خۆی بە داخراوەیی دەهێڵێتەوە. هەموو شتەکانی زەوی ئەوان خۆیان بەگشتی بەتەوژم دەچنە ناو گونجاوێکی شێواز دەستیاوی، بەڵام ئەم بە تەوژم کشانە هیچ سڕینەوە نییە. لێرەدا تەوژمی سنوور بۆ دانانی لەخۆدا هێمن و ئارام شەپۆل ئاسا دەکشێ کە هەموو بوونەوەرێک لە لێرەبوونی خۆیدا سنووردار دەکات. بەم پێیە لە هەموو شتێکی داخراودا هەمان خۆ- ناسین هەیە. زەوی بە جەوهەر خۆ پێچەرەوەیە. زەوی دروست بکەی بەو واتایەیە: ئەوبەریە ناو کراوەییەوە بەو پێیەی ئەو خۆ داخەر و خۆ پێچەرەوەیە.

ئەم دروستکردن و بەرهەمهێنانەی زەوی کارە هونەرییەکە دەیکات کاتێک خۆی دەباتەوە سەر زەوی، بەڵام داخراوی زەوی تەنیا هەر یەک ڕوخسارەکی، وشک و ڕەق هەڵگەڕاو ماو نییە، بەڵکو خۆی لەپڕییەکی لەبن نەهاتووی چەند شێواز و وێنە و ڕوخسارێکی سادە و ساکاردا ئاواڵە دەکاتەوە. ڕاستە وێنەکێش Bildhauer، هەروەها وەستای بیناساز بەرد بەپێی جۆر و شێوازی خۆی بەکاری دێنێ، بەڵام بەردەکە بە یەکجارەکی لەناو نابات. ئەمە کاتێک لەو جێگایەدا ڕوودەدات کە کارە هونەرییەکە سەرنەکەوت. ڕاستە تابلۆکێش کەرەسەی ڕەنگ بەکاردێنێ، تەنانەت بەو جۆرە ڕەنگەکان لەناواندا بزر نەبن، بەڵکو بەمە دەست بە پرشنگدان دەکات. ڕاستە شاعیریش وشە بەکاردەهێنێ، بەڵام نەک بەو جۆرەی باوە دەبێ قسەکەر و نووسەر وشە بەکاربهێنن، بەڵکو بەو جۆرە کە وشەکە بە ڕاستی ببێ بە وشە و وابمێنێ.

هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێکدا کەرەسەی کار لەکاری هونەریدا نابێ بە جەوهەر، بەڵکو جێگای ئەگەر و گومان دەبێت، ئایا لەکاتی دەستنیشانکردنی جەوهەری ئامرازەکەدا، ئەوەی لێوەی دروست بووە، بەهۆی نیشان کردنەوە وەک کەرەسەیەک لە جەوهەری ئامرازبوونیدا دەپێکرێ.

دانانی جیهانێک و دروستکردنی زەوی دوو تایبەتمەندی جەوهەرین لە بوونی کارێتی کارە هونەرییەکەدا. هەردووکیان پێکەوە(١٢) سەر بەیەکڕەنگی بەکارێتی بوونەکەن. ئێمە بەدوای ئەم یەکڕەنگییەدا دەگەڕێین، کاتێک ئێمە بیر لە خۆدابوونی کارە هونەرییەکە دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین دەربارەی ئەو داخراوییە چەند ئارامییەکی پشت بەخۆ بەستنەکە ببێژین.

بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە جەوهەرییانەی ناویان هێنرا ئێمە لە کارە هونەرییەکەدا، ئەگەر لە جێگای خۆیدا بووبێ، ڕووداوێکمان ناساند، بەڵام بەهیچ جۆرێک بەلای ئارامیدا نەچووین، بەڵام ئایا ئارامی چییە ئەگەر دژ و پێچەوانەی بزووتنەوە نەبێ؟! ڕاستە ئەو هیچ دژ و پێچەوانەیەک نییە کە هەموو بزووتنەوەیەک لەخۆی دووربخاتەوە، بەڵکو دەیگرێتە خۆی. تەنیا هەر جووڵاوە دەتوانێ ئارام بێ. بەپێی جۆری بزووتنەوە شێوازی ئارامی دیار دەکرێت. لە بزووتنەوەدا وەک گۆڕینی سادە و ساکاری جێگای لەشێک، ئارامی بەسادەیی تەنیا سنووری ڕەوشی بزووتنەوەیە. کاتێک ئارامی بزووتنەوە دەگرێتەخۆ، ئەوە دەکرێ ئارامییەک هەبێ، کە کۆیەکی قووڵ و پتەوی بزووتنەوە دەبێ، ئەوپەڕی بزووتنەوە دەبێ، ئەگەر وادابنرێ شێوازی بزووتنەوەکە ئەم ئارامییە پێویست بکات. ئارامی لەنێو خۆیدا ئارامی کارە هونەرییەکەش لەم جۆرەیە، بۆیە ئێمە لەم ئارامییە نزیک دەبینەوە ئەگەر بۆمان بلوێ، بزاوتی ڕووداوەکە لە بوونی کارەکەدا بەیەکڕەنگی تێبگەین. ئێمە دەپرسین:

دانانی جیهانێک و دروستکردن و بەرهەمهێنانی زەوی لەکارە هونەرییەکە خۆیدا چ پێوەندییەک نیشان دەدەن؟!

جیهان کراوەیەکی خۆ ئاواڵەکەری ڕێڕەوی دوور و درێژی چەند بڕیارێکی سادە و ساکار و جەوهەرین لە چارەنووسی گەلێکی مێژووییدا، زەوی دەرکەوتنی بەردەوامی خۆ داخستووەکەو خۆ پارێزەکەی ناکەوێتە ژێر باری هیچ پاڵەپەستۆ و تۆبزییەکەوە. جیهان و زەوی لە جەوهەردا لە یەکتری جیان، کەچی هیچ جارێک لەیەکتری دانابڕێن. جیهان لەسەر زەوی دادەمەزرێت و زەوی بە سایەی جیهانەوە دەردەکەوێ. بەتەنیا، پێوەندی

نێوان جیهان و زەوی بەهیچ جۆرێک لەیەکێتی بەتاڵی دوو لایەنی بەرانبەر بەیەکتری دانرا لەیەکتری دابڕاودا سیس و ژاکاو نابێت. جیهان لەپشت بەستنی بە زەوی بەو نیازەیە لێی تێبپەڕێنێ. ئەو وەک خۆ ئاوالاکارێک ناچێتە ژێر باری هیچ داخراوییەک، بەڵام زەوی مەیلی ئەوەی هەیە وەک پارێزگارێک جیهان بگرێتە خۆی و بەپاراستنی بیهێڵێتەوە.

دژایەتی نێوان جیهان و زەوی ململانێیە، ئێمە بەوپەڕی ئاسانی بە ئازادی جەوهەری ئەم ململانێیە چەواشە دەکەین کاتێک ئێمە جەوهەرەکەی لەگەڵ دووبەرەکی و بەشەڕهاتن تێکەڵ دەکەین و دەخەینە لاوە و ئەو تەنیا بە شێواندن و تێکدان دەناسین. لە ململانێی جەوهەریدا، لەگەڵ ئەمەشدا، هەردوو لای بەشەڕ هاتوو یەکێکیان ئەوی تریان بۆ دووپاتکردنەوەی جەوهەری خۆی بەرز دەکاتەوە. دووپاتکردنەوەی جەوهەری خود هیچ جارێک وشک بوون نییە لە ڕەوشێکی لاوەکیدا، بەڵکو بریتییە لە خۆ بەدەستەوەدان لەنێو سەرچاوە و بناوانی شاردراوەی بنەڕەتی بوونی تایبەتیدا. لەململانێدا Streit هەر یەکێک ئەوی تر بۆ سەر خودی خۆی هەڵدەگرێت. ململانێ هەمیشە لەوە توند و تیژتر دەبێ خۆی چییە. چەندە ململانێ لەخۆیەوە توندتر بێت، ئەوەندە هەردوو لایەنی شەڕکەر کەللەڕەق و سەرسەختانە ڕێگای چوونە نێو کایەی سەر بەیەکتری بوونیان دەدەن. زەوی ناتوانێ دەستبەرداری کایەکراوەیی جیهان ببێ. ئەگەر ئەو خۆی وەک زەوی پێویست بێت لەتەوژمی خۆداخراوی ئازاد بوویدا دەربکەوێ. جیهانیش لەلای خۆیەوە ناتوانێ دوور لە زەوی بفڕێ، ئەگەر پێویست بێ، ئەو وەک بەرینییەکی دەستڕۆیشتوو ڕێڕەوی هەموو چارەنووسێکی جەوهەری خۆی لەسەر بنەمایەکی پتەو دابمەزرێنێ.

لەوەدا کە کارە هونەرییەکە جیهانێک دادەنێ و زەوی بەرهەم دەهێنێ، ئەمە هەڵگیرساندنی ئەو ململانێیەیە. ئەمە ڕوودەدات نەک لەبەرئەوەی تاوەکو کارە هونەرییەکە ململانێیەکە بەرێک کەوتن و لە هەمان کاتدا بە لەناوبردنی ساکارانە بەلایەکدا بخات، بەڵکو بۆ ئەوەی ململانێیەکە وەک ململانێ بمێنێتەوە. بەدانانی جیهانێک و بەرهەمهێنانی زەوی کارە هونەرییەکە بە تەواوەتی ئەم ململانێیە Streit جێبەجێ دەکات و بەدی دەهێنێ. بوون بەکاری کارە هونەرییەکە لەبەرێوەبردنی ململانێی نێوان جیهان و زەوی پێکدێت، لەبەرئەوەی ململانێیەکە لەسادەیی قووڵاییەکەیدا بەوپەڕی لووتکەکەی دەگات، بۆیە یەکڕەنگی Einheit کارە هونەرییەکە لە بەرێوەچوونی ئەم ململانێیەدا دەبێ. بەرێوەچوونی ململانێیەکە بریتییە لە بەردەوام گردبوونەوەی سنوور بەزێنی بزاوتی کارە هونەرییەکەیە. لە قووڵایی ململانێیەکەدا، لەبەر ئەمە، هێمنی لەخۆدا ئارامگرتووی کارە هونەرییەکە جەوهەرەکەی خۆی هەیە.

لەم ئارامییەی کارە هونەرییەکەوە، لەسەرەتاوە، دەتوانین بەدیتن بۆمان ساغ بێتەوە چی لەکارە هونەرییەکەدا کاری هونەرییە. هەتا ئێستا بەردەوام وا دانانێکی پێشییانە هەرماوە: لەکاری هونەریدا ڕاستی (هەقیقەت) دەخرێتە ناو کارەکەوە. تا چ ڕادەیەک ئەمە لە بەکاربوونی کارە هونەرییەکەدا ڕوودەدات، واتە ئێستا، تا چ ڕادەیەک ڕاستی لە بەرێوەچوونی ململانێی، جیهان و زەوی ڕوودەدات؟! ڕاستی چییە؟!

ئای زانینمان لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە کەموکورتە، کاتێک کەمتەرخەمانە ئێمە ئەم وشە بنەڕەتییە بەکاردەهێنین، ئەمە دەردەکەوێ. مەبەست لەڕاستی ئەمە، یان ئەو ڕاستییەیە. ئەمە وادەگەیەنێ: شتێکی ڕاست. هەمان شت دەکرێ زانینێک کە بە ڕستەیەک دەردەبڕدرێ. ئێمە ڕاستی بەتەنیا بۆ ناونانی ڕستەیەک (Satz) بەکار نابەین، بەڵکو بۆ ناوبردنی شتێک، زێڕی ڕاستەقینە بە پێچەوانەی زێڕی ناڕاست Schein. ڕاستی لێرەدا بەمانای زێڕی ڕاستەقینەی بێگەردە. لێرەدا قسە کردن لەڕاستەقینە WirkLich چی دەگەیەنێ؟! شتێکی وەک ئەمە بوونەوەرێکی ڕاستەقینە دەگرێتەوە. ڕاستی ئەوەیە وەک هەڵکەوت (ڕیالیست) بێت و هەڵکەوت ئەوەیە لە ڕاستیدا هەبێت. ئەم بازنەیە جارێکی تر خۆی داخستەوە.

لەڕاستیدا مانای چییە؟ ڕاستی جەوهەری شتی ڕاستە. ئێمە بیر لەچی دەکەینەوە کاتێک دەڵێین جەوهەر؟ جەوهەر ئاسایی ئەو هاوبەشییەیە کە هەموو ڕاستییەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە. جەوهەر لە چەمکی جۆر و هەمەکیدا خۆی دەردەبڕێ، ئەو چەمکەی یەکێک وێنا دەکات کە بۆ فرە وەک یەک دەگونجێ. ئەم جەوهەرە وەک یەک بۆ گونجانە، بۆ دەستدانە (جەوهەر بەمانای

چییەتی essentia) بەڵام بریتییە لە جەوهەرێکی نابنەڕەتی. جەوهەری بنەڕەتی شتێک لە چی پێکدێت؟! وا پێدەچێ لەوە پێک بێت، بوونەوەر بەڕاستی چییە. جەوهەری ڕاستەقینەی شتێک خۆی لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی، لە ڕاستی بوونەوەری پێوەندیدار بەباتەکەوە، دەستنیشان دەکات. ئێمە بە تەنیا ئێستا نەک بەدوای ڕاستی جەوهەردا، بەڵکو بەدوای جەوهەری ڕاستیدا دەگەڕێین. ئاڵۆزییەکی سەیر لێرەدا دەردەکەوێ. ئایا ئەمە تەنیا سەیر و سەمەرەیەکە، یان تەنیا هەر گەمەیەکی بۆشی چەمک بەکارهێنانە، یان چاڵێکە؟!

ڕاستی جەوهەری شتی ڕاست دەگەیەنێ. ئێمە بەهۆی وەبیرهاتنەوەی وشەی یۆنانی بیردەکەینەوە. ئەلیتاییە aletheia واتای نەشاردراوەیی بوونەوەر دەگەیەنێ، بەڵام ئایا ئەمە دەستنیشانکردنێکی جەوهەری ڕاستییە؟! ئایا ئێمە تەنیا جێگۆڕکێی بەکارهێنانی وشە ناکەین- نەشاردراوەیی لەجیاتی ڕاستی بۆ ئەوەی شتەکە بەنیشانە نیشان بدەین؟! ئەوی ڕاست بێ بابەتەکە وا ماوەتەوە ناوەکان لەجێگای یەکتری دابنرێن، ئەگەر هاتو ئێمە ئاگادار نەبین لەوەی پێویستە چی بقەومێ، بۆ ئەوەی ناچاربین جەوهەری ڕاستی بە وشەی نەشاردراوەیی دەرببڕین.

ئایا بۆ ئەم مەبەستە نوێکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانی پێویستە؟ نەء نوێکردنەوەیەک، خۆی ئەگەر بۆ ئەم ناشیاوەکییە بشێ و شیاوەکی بێت، هیچ یارمەتییەکمان نادات. لەبەر ئەوەی مێژووی شاردراوەی فەلسەفەی یۆنان هەر لەسەرەتاکەیەوە لەوە پێکهاتووە، بەپێی ئەو جەوهەرە درەوشاوەیەی ڕاستی نەماوە کە لە وشەی- ئەلیتایە- aletheia-دایە و پێویست بووە زانین و ئاخاوتنەکەشی دەربارەی جەوهەری ڕاستی پتر و زیاتر بێ بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی لقێکی جەوهەری ڕاستی. جەوهەری ڕاستی وەک- ئەلیتایە-aletheia- لە هزری یۆنانییەکاندا، ئینجا بە ڕاستی لەو فەلسەفەیەی لەدواییدا هاتووە بیری لێنەکراوەتەوە. نەشاردراوەترین بووە، سەبارەت بەهێز لە بوونی Dasein یۆنانیدا شاردراوەترین بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە زوویەکەوە دەستنیشانکەری هەموو ئامادەبوویەکی لە ئارادابووندا بووە.

باشە بۆچی جەوهەری ڕاستی وەک خۆی چۆنە کە لە سەدان ساڵەوە جێگای بڕوامانە نەمێنێتەوە؟! ڕاستی ئەمڕۆ و لە زوویەکەوە واتای پێکەوە گونجاو و تەبایی زانین لەگەڵ شت دەبەخشێ، بۆ ئەوەی زانینەکەو ئەو ڕستەیەی زانین ڕەنگ دەڕێژێ و دەری دەبڕێ بتوانێ بۆ شتەکە ببێ و بگونجێ، پێش ئەمەش بۆ ئەوەی شتەکە خۆی بتوانێ ڕستەکە پابەند بکات، پێویستە شتەکە خۆی وەک شت نیشان بدات، بەڵام دەبێ چۆن خۆی نیشان بدات. ئەگەر خۆی لە نەشاردراوەییەوە نەهاتبێتە دەرەوە، ئەگەر خۆی لەنێو نەشاردراوەییدا نەبێت؟! ڕستەکە ڕاست دەبێ ئەگەر هاتو خۆی بەرەو نەشاردراوەییەکە، واتە بەرەو شتە ڕاستەکە ئاراستە کرد. هەقیقەتی ڕستەکە هەمیشە و بەردەوام ئەم ڕاستییەیە (Richtigkeit). چەمکە ڕەخنەگرییەکانی ڕاستی کە لەسەردەمی دیکارتەوە ڕاستییان بە دڵنیایی لێ کردن داناوە، چەند توێژینەوەیەک بوون هەقیقەتیان وەک ڕاستی دەستنیشان کردووە. ئەم جەوهەرەی ڕاستی کە لەلای ئێمەوە بووە بە باو. ڕاستی بۆچوون، پەیوەستە بەڕاستییەوە بەو پێیەی نەشاردراوەیی بوونەوەرە.

کاتێک ئێمە ڕاستی لێرە و لە شوێنی تردا وەک نەشاردراوەیی پەی پێدەبەین تەنیا ئێمە هەر پەنا نابەینە بەر وەرگێڕانێکی وشەیی وشەیەکی یۆنانی. ئێمە لەو جەوهەرەی لای ئێمە باو و ساکار و بەکارهاتووی هەقیقەت بەمانای ڕاستی کە وەک بنەمایەکی تاقی نەکراوە و بەهزردا نەهاتووە بە وردی بیردەکەینەوە. مرۆڤ هەندێک جار خۆی بەو دان پێدانانە ڕازی دەکات کە ئێمە سروشت ئاسا بۆ ئەوەی ڕاستی (هەقیقەتی) دەستەواژەیەک ساغ بکەینەوە و پەی پێببەرین، دەبێ بچینەوە سەر ئەوەی پێشەکی کراوە و ئاشکرایە. ئەم مەرجە بەکردەکی ناکرێ خۆی لێ ببوێردرێ. مادام ئێمە بەو جۆرە قسە دەکەین و بەو نیازەین، هەمیشە ئێمە هەقیقەت تەنیا بە ڕاستی تێدەگەین، کە مەرجێکی پێویستە، ئێمە خۆمان دەکرێ ڕەب (ئاسمان) بیزانێ چۆن و بۆچییە- دایدەنێین.

بەڵام ئێمە پێشەکیی گریمانەی نەشاردراوەیی بوونەوەر ناکەین، بەڵکو نەشاردراوەیی بوونەوەر (بوونەکە)(١٣) دەمانخاتە نێو جەوهەرێکەوە وامان لێدەکات لەبۆچوونماندا هەمیشە لەنێو نەشاردراوەییدا بین و بەدوایدا بچین. نەک تەنیا هەر ئەوەی زانینێک خۆی

بەدوادا ئاراستە دەکات، کە پێویستە بەجۆرێک نەشاراوەیی بێت، بەڵکو تێکڕای دەقەر و بابەتەکە لەوەدا کە ئەم «خۆ ئاراستەکردن بەدوای شتێکدا» خۆی دەبزوێنێن، هەروەها ئەوەش کە بۆ گونجان و تەبایی ڕستەکە لەگەڵ شتەکەدا ئاشکرا دەبێت، پێویستە وەک هەمەکییەک لە نەشاردراوەییدا ڕوو بدات. هەموو بۆچوونە ڕاستەکانمان هیچ نین، هەروەها ناکرێ پێشیانە گریمانەی ئەوە بکەین شتێک هەیە کە ئێمە ڕووی تێدەکەین و بەدوایدا دەچین و کراوەیە، ئەگەر بێتو نەشاردراوەیی بوونەوەر لە کایە درەوشاوەکەدا نەبووبێتە مایەی ئەوەی ئێمە ڕووبەڕووی ببینەوە(١٤)، هەموو بوونەوەرێک دەچێتە ناویەوە و لەوێوە خۆی دەکێشێتەوە.

بەڵام چۆن ئەمە دەبێت؟ چۆن هەقیقەت وەک ئەم نەشاردراوەییە ڕوودەدات؟! بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ بە ڕوون و ئاشکرایی بڵێین، ئەم نەشاردراوەییە خۆی چییە؟

هەموو شتەکان و مرۆڤیش هەیە، دیاری و قوربانی هەیە، زیندەوەر و ڕووەک هەیە، ئامراز و کارە هونەرییەکان هەیە. بوونەوەر لە بووندا هەیە. بەهۆی بوونەوە Sein چارەنووسێکی ڕەش دێتە کایەوە کە لەنێوان ڕەببانییەت و دژە ڕەببانییەت دایە. زۆر شت لە بوونەوەردایە مرۆڤ ناتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێ. تەنیا کەمێکی دەزانرێ. ئەوی زانراوە ڕێ تێچوونە و ئەوی کۆنترۆڵ دەکرێت شتێکی ئەگەر و گومان هەڵگرە. هیچ جارێک بوونەوەر، کە بە ئاسانی وا دەردەکەوێ، دەسکردی ئێمە و بگرە بۆچوونی ئێمە نییە. ئەگەر ئەمە هەمووی لەیەک ڕەنگدا بیری لێ بکەینەوە، ئێمە وەک دەردەکەوێ پەی بە هەموو ئەوە دەبەین کە هەیە، ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی تەمومژاویش پەی پێبەرین.

لەگەڵ ئەوەشدا: لەودیو بوونەوەرەوە، بەڵام نەک بەوەی لێوەی دوور و لەدەرەوەی، بەڵکو لەبەردەمیدا، شتێکی تر دەقەومێ(١٥).

لەناوەندی بوونەوەردا بە تێکڕایی مەڵبەندێکی کراوە ڕوودەدات. ڕووناکییەک هەیە. ئەو، ئەگەر لە بوونەوەرەوە بیر بکەینەوە، بوونەوەرترە لە بوونەوەر، بۆیە ئەم ناوەندە کراوەیە لەلایەن بوونەوەرەوە چوار دەورە نەدراوە، بەڵکو ناوەندی پرشنگ پژێن خۆی دەوری دەدا و وەک هیچێک کە ئێمە بەدەگمەن دەیزانین، هەموو بوونەوەر- Seiende.

بوونەوەر تەنیا کاتێک بوونەوەربێت ئەگەر چووە ناو ڕووناکی ئەو ڕووناک پژێنە و ڕووبەڕووی بۆوە. تەنیا ئەم ڕووناکییە بۆ ئێمەی مرۆڤ ڕێگایەک بەرەو بوونەوەر کە ئێمە خۆمان ئەو نین و دەروازەیەک بەرەو بوونەوەر کە ئێمە خۆمان ئەوین دەکاتە دیاری و مسۆگەری دەکات.

بەسایەی ئەم ڕووناکییەوە بوونەوەر بە پێوەرێکی دیاریکراو و گۆڕدراو نەشاردراوەیە، بەڵکو بوونەوەر دەکرێ خۆی تەنیا لە کایەی گەمەی ڕووناک کراودا شاردراوەبێ. هەموو بوونەوەرێک ڕووبەڕوو ببێتەوە و لەگەڵیدا بەرانبەر بێت، پابەندی ئەم لە ئارادابوونە سەیر و دەگمەنە دەبێ بەوەی هەمیشە خۆی لەهەمان کاتدا دەباتەوە نێو شاردراوەیەک. پرشنگ پژان کە بوونەوەر دەچێتە ناویەوە، لەخۆیدا لە هەمان کاتدا شاردنەوەیە، بەڵام شاردنەوە بەشێوازێکی دووڕەنگی لەناوەڕاستی بوونەوەردا زاڵ و بڵاو و دەست بەکار دەبێ. بوونەوەر بە ڕادەی ئەو یەکە و بەپێی ڕواڵەت ئەوپەڕی کەمی کە ئێمە بە ئاسانی ڕووبەڕووی دەبینەوە خودداری لە ئێمە دەکات کاتێک ئێمە دەربارەی بوونەوەر دەتوانین تەنیا ئەوە بڵێین: ئەو هەیە. شاردنەوە وەک خودداری کردن ئەو یەکەم و ئەو سنوورە هەموو جارەکییەی زانین نییە، بەڵکو سەرەتای ڕووناک کردنەوەی پرشنگدارەکەیە، بەڵام شاردنەوە هەروەها لە هەمان کاتدا دوور لە جۆرەکانی تر، لە چوارچێوەی ڕووناککراوەکەدا هەیە. بوونەوەر خۆی لەبەردەم بوونەوەر لادەدا، یەکێکیان پەردە بەسەر ئەوی تریان دادەدات. ئەویان ئەوی تریان تاریک دەکات، کەم فرە دادەپۆشێ، تاک حاشا لە هەموو دەکات. لێرە شاردراوە خودداریکردنە سادە و ساکارەکە نییە، بەڵکو بوونەوەر ڕاستە دەردەکەوێ، بەڵام خۆی بە جۆرێکی تر جیا لەوەی هەیە دەردەخات.

ئەم شاردراوەیە بریتییە لە داپۆشین. ئەگەر بوونەوەر بوونەوەر دانەپۆشێ، ئەوە نەماندەتوانی لە دیتنی بوونەوەردا بە هەڵە بچین و کاری هەڵە بکەین. ئێمە نەماندەتوانی ڕێگا هەڵە بکەین و سەرمان لێ بشێوێ و بە هەڵە مەزندەمان کردبایە. بوونەوەر وەک ڕوخسار و ڕواڵەت دەتوانێ چاوبەستەکێ بکات، ئەمە ئەو مەرجەیە کە ئێمە دەتوانین تەفرە بدەین، بەڵام نەک بە پێچەوانەوە. شاردنەوەکە دەکرێ خودداری کردن، یان تەنیا

داپۆشینێک بێت، ئێمە هەرگیزاو هەرگیز بەتەواوەتی دڵنیا نابین ئایا ئەم بابەتە پێوەندی بە ئەمەوە، یان بە ئەوی تریانەوە هەیە. شاردراوە خۆی دەشارێتەوە و دادەپۆشێ. ئەمە دەڵێ:

مەڵبەندی کراوە لەناوەڕاستی بوونەوەردا، پڕشنگدار، هیچ جارێک شانۆیەکی وشکی بێ گیان نییە کە بەردەوام پەردەکەی لەسەر هەڵگیرابێ، کە لەسەریدا گەمەی بوونەوەر نمایش دەکرێ، ئەم ڕووناکییە پتر تەنیا وەک شاردراوەیەکی دوو ڕەنگی ڕوودەدات. نەشاردراوەیی بوونەوەر، ئەمە هیچ جارێک ڕەوشێکی هەبووی لەبەردەستدابوو نییە، بەڵکو(١٦) ڕووداوێکە. نەشاردراوەیی (هەقیقەت) نە خەسڵەتێکی شتە بەواتای بوونەوەر، نە شتێکی ئاوەهای ڕستە و دەستەواژەکانە.

لە دەوروبەری نزیکی بوونەوەردا واباوەڕ دەکەین کە لە ماڵەوەین. بوونەوەر جێگای بڕوایە، پشتی پێ دەبەستری، گومان هەڵنەگرە geheuer. لەگەڵ ئەمەدا بەنێو پەڵە ڕووناکییەکەدا شاردراوەیەکی هەمیشەیی بۆ نێو دوو ڕوخساری خودداریکردن و داپۆشین ڕادەکێشێ. گومان هەڵنەگرەکە لە بنەڕەتدا جێگای ئەگەرە، ئەو گومان- هەڵگرە. جەوهەری ڕاستی، واتە نە شاردراوەیی لەلایەن خودداری کردنییەوە (Verweigerung) کۆنترۆڵ دەکرێت. ئەم خۆ بواردنە بە هیچ جۆرێک کەموکورتی و هەڵە نییە، هەروەک ئەوەی ڕاستی نەشاردراوەیەکی ڕووت بێت کە خۆی لە هەموو شاردراوەیەک دەرباز و ڕزگار کردووە. ئەگەر ئەمەی لە دەست بهاتبایە هیچی تر ئەو خۆی نەدەبوو، ئەم خۆبواردنە بەجۆری دووڕەنگی شاردراوەیی سەر بە جەوهەری ڕاستییە وەک نەشاردراوەیی. ڕاستی لە جەوهەرەکەیدا نا-ڕاستییە. بەم جۆرە دەدوێین بۆ ئەوەی، دوور نییە بە شێوازێکی توندی بیانی، نیشانی بدەین کە خۆبواردن بەشێوازی شاردنەوە سەر بە نەشاردراوەییە وەک پەڵەیەکی ڕووناک. ئەم ڕستەیە: جەوهەری ڕاستی نا-ڕاستییە، بە پێچەوانەوە ئەوە ناڵێ کە ڕاستی لە بنەڕەتدا هەڵە و چەوتییە. هەروەها ڕستەکە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕاستی هیچ جارێک خودی خۆی بووە، بەڵکو دیالێکتیکیانە وێنا بکرێت، هەمیشە بە پێچەوانەی بوون.

ڕاستی خۆی وەک خۆی ڕوودەدات ئەگەر هاتو خۆبواردنی خۆشاردراوە وەک خودداری کردن بە هەموو ڕۆشناییەک سەرچاوە هەمیشەییەکەی بدات، وەک پەردە بەسەردادان لەگەڵ ئەمەشدا توندی کۆڵنەدەری بەهەڵەچوون بە هەموو ڕۆشناییەکان ببەخشێ. بە شاردراوەیی خۆبواردن دەبێ لە جەوهەری ڕاستیدا ئەو دژ بەیەکترییە کە لەنێو جەوهەری ڕاستیدا لەنێوان ڕۆشنایی و شاردنەوەدایە ناو ببردرێ. ئەمە دژایەتی ململانێیە بنەڕەتییەکەیە(١٧)، کە تێیدا ناوەڕاستە کراوەکە، کە بوونەوەر پەنای بۆ دەبات و لەوێوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە سەرخۆی بەکۆشش دەستێنرێ.

ئەم کایە کراوەیە لەناوەڕاستی بوونەوەردا ڕوودەدات. تایبەتمەندییەکی جەوهەری کە ئێمە ناومان هێنا، نیشان دەدات. جیهانێک و زەوی سەر بەکایە کراوەکەن، بەڵام جیهان بەسووک و ئاسانی کایە کراوەکە نییە کە وەک پەڵە ڕۆشناییەکەیە، زەوی داخراو نییە وەک شاردراوەیی وایە. جیهان پتر ڕۆشنایی ڕێگاکانی ئاراستە بنەڕەتییە جەوهەرییەکانە کە تێیدا هەموو شتێک بە تەواوەتی ڕێک دەخرێت. هەموو بڕیارێک لەسەر بنەمای ئەوەی کۆنترۆڵ ناکرێ، ئەوەی شاردراوە بوو ئەوەی سەر لێتێکدەرە دەدرێت، ئەگینا هیچ کاتێک بڕیار نەدەبوو. زەوی بە سادە و ساکاری شتێکی داخراو نییە، بەڵکو ئەوەیە کە وەک خۆداخستوو دەردەکەوێ. جیهان و زەوی هەردووکیان لەخۆیاندا و بەپێی جەوهەر و بنەماکەیان جێگای ململانێی و ئامادەی ململانێن. تەنیا بەوەی کە ئەوان دەچنە نێو ململانێ ڕۆشنایی و شاردراوەیی.

زەوی تەنیا بە سایەی جیهانەوە دەردەکەوێ و جیهان لەسەر زەوی تەنیا کاتێک دادەمەزرێ ئەگەر ڕاستی وەک ململانێیەکی بنەڕەتی هەرە کۆنی ڕۆشنایی و شاردراوە بقەومێ، بەڵام چۆن ڕاستی ڕوودەدات؟! ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین(١٨): ئەو لەچەند چۆنییەتییەکی کەمی جەوهەریدا ڕوودەدات. چۆنیەتییەک لەمانە، چۆن ڕاستی ڕوودەدات بوون بەکاری کارە هونەرییەکەیە. دانانی جیهانێک و بەرهەمهێنانی زەوی کاری بە ململانێکردنی ململانێیەکەیە، لەوەدا نەشاردراوەیی بوونەوەر بەتێکرایی، ڕاستی بەکۆشش دەستێنرێ.

لە بەپێوە وەستانی پەرستگاکەوە ڕاستی ڕوودەدات، ئەمە بەو مانایە نییە، لێرەدا شتێک بە دروستی نیشان دراوە و جارێکی تر خراوەتە ڕوو دەربڕاوە، بەڵکو ئەوەیە،

بوونەوەر بەتێکڕایی دەبرێتە ناو نەشاردراوەیی و لەوێدا دەهێڵرێتەوە. لەوێدا هێشتنەوە لەبنەڕەتدا پاراستن دەگەیەنێ.

لە تابلۆکەی ڤان کۆخ-دا ڕاستی ڕوودەدات. ئەمە وا ناگەیەنێ، لێرەدا شتێکی لەبەردەستدا بوو بەڕاستی لەبەری گیراوەتەوە، بەڵکو لە بەدەرکەوتنی بە ئامرازبوونی ئامرازی سۆڵەکە (پێڵاوەکە) بوونەوەر لەتێکڕاییدا، جیهان و زەوی لە گەمەی دژ بە یەکتریدا دەگەنە نێو نەشاردراوەیی.

لە کاری هونەریدا ڕاستی لەکارەکەدا هەیە، نەک تەنیا شتێکی ڕاست. وێنەکە کە سۆلی جووتیارەکە نیشان دەدات، پارچە هەڵبەستەکە کە قسە لە کانیاوەکانی ڕۆم دەکات، تەنیا هەر تاکە بوونەوەر، ئەگەر ئەوان شتێک ڕابگەیەنن، وەک بوونەوەر ڕاناگەیەنن، بەڵکو ئەوان دەبنە مایەی ئەوەی نەشاردراوەیی وەک نەشاردراو سەبارەت بە بوونەوەرەوە بەتێکڕایی ڕووبدات(١٩). چەندە ئامرازە پێڵاوەکە تەنیا ساکار و جەوهەری بێت، چەند کانیاوەکان بەبێ ڕتووش و بێ گەرد لە جەوهەریاندا دەربکەون، ئەوەندە لەگەڵیاندا هەموو بوونەوەر ڕاستەوخۆ و دۆستانە دەبێ بە بوونەوەر. بەم ڕوخسار و شێوەیە بوونی خۆشاردراوە ڕووناک دەبێتەوە. ئەم جۆرە ڕووناکییە ڕوخسارە بەدەرکەوتووەکەی لەنێو کارە هونەرییەکەدا ڕێک دەخات. ئەو دیاردە خۆ ڕێکخەرەی نێو کارە هونەرییەکە جوانییەکەیە. جوانی شێوازێکە چۆن ڕاستی لە نەشاردراوەییدا ڕوودەدات.

ڕاستە ئێستاکە جەوهەری ڕاستی لە چەند لایەنێکدا بە ڕوونی پەی پێ بردراوە. بەپێی ئەمە دەکرێ ئەوەی لەکارە هونەرییەکەدا بەکاردەبرێت ڕوونتر بووبێ، بەڵام ئێستاکە بەکاربوونی کارە هونەرییە دیارەکە بە تەنیا دەربارەی ڕیالیستی نزیک و بەناچاری خۆسەپێنی کارە هونەرییەکە، دەربارەی بەشت بوونی کارە هونەرییەکە بەردەوام هیچمان پێ ناڵێ، بگرە تەنانەت وا دەردەکەوێ ئێمە لەتەنیا مەبەستماندا بوونی کارە هونەرییەکە خۆی لەخۆیدا بەپێی توانا بەڕووتی پەی پێ بەرین، ئەوەمان بەسەردا تێپەڕیوە کە کارێکی هونەری هەمیشە کارێکی هونەرییە، واتە: بەرکاری کارێکە. ئەگەر شتێک کاری هونەری وەک کارێکی هونەری جیا بکاتەوە و دەری بخات ئەمە ئەوکاتە داهێنەری کارە هونەرییەکە دەگرێتەوە. لەوەدا کە کارە هونەرییەکە دادەهێنرێ و داهێنانەکە پێویستی بە ناوەندێک هەیە کە بەهۆیەوە و تێیدا دادەهێنرێ، شمەکیەتییەکەش سەر بەکارە هونەرییەکە دەبێ. ئەمە هیچ جۆرە دەمەتەقێیەک هەڵناگرێ، لەگەڵ ئەمەشدا پرسیارەکە هەر ماوەتەوە:

چۆن داهێنانی کارەکە سەر بەکارە هونەرییەکە دەبێ؟! ئەمە کاتێک ئاشکرا دەبێ کە دوو شت ڕوون بکرێنەوە:

١- لێرەدا داهێنانی کار و داهێنان بەجیاوازی لەگەڵ دروستکردن و بوونی شتەکە بە دروستکراوی مانای چییە؟!

٢- کامەیە جەوهەری ناوەکی کارە هونەرییەکە خۆی کە بەهۆیەوە بە تەنیا دەکرێ مەزەندەی بکەین، تا چ ڕادەیەک کاری داهێنان سەر بە ئەوە و تا چەند ئەمە کار بوونی کاری هونەری دەستنیشان دەکات؟! لێرەدا داهێنان بەردەوام سەبارەت بە پێوەندییەکەی لەگەڵ کارە هونەرییەکەدا بیری لێدەکرێتەوە.

ڕوودانی ڕاستی سەر بە جەوهەری کارە هونەرییەکەیە. جەوهەری داهێنان ئێمە لەسەرەتاوە لەو پێوەندییەیدا کە لەگەڵ جەوهەری ڕاستییدا وەک نەشاردراوەیی بوونەوەر دەستنیشان و دیاری دەکەین، تەنیا هەر بەهۆی ڕووناک کردنەوەیەکی بنەڕەتی جەوهەری ڕاستی دەتوانرێ کە کاری داهێنان سەر بەکارە هونەرییەکەیە تیشکی بخرێتە سەر. پرسیار دەربارەی ڕاستی و جەوهەرەکە جارێکی تر دێتەوە پێشەوە.

دەبێ ئێمە جارێکی تر هەمان پرسیار بکەینەوە، ئەگەر ئەم ڕستەیە: لەکاری هونەریدا ڕاستی لەکارەکەدایە. تەنیا جۆرە قسەیەکی ڕووت و لاف لێدان نەمێنێ.

دەبێ ئێمە لەپێشەوە بنەڕەتییانە بپرسین: تا چ ڕاددەیەک لە جەوهەری ڕاستیدا ئاراستەیەک بەرەو شتێکی وەک کاری هونەری هەیە؟! جەوهەری ڕاستی چییە کە بتوانرێ بخرێتە نێو کارە هونەرییەکەوە، یان لە چەند هەلومەرجێکی دەستنیشانکراو و دیاردا، تەنانەت پێویست بێ بخرێتە نێو کارە هونەرییەکەوە، بۆ ئەوەی وەک ڕاستی هەبوون بێت؟! ڕاستی خستنە- نێو- کارەوە، ئێمە وەک جەوهەری هونەر دیار و دەستنیشانی دەکەین. ئەو پرسیارەی دواجار دەکرێ ئەمەیە: ڕاستی چییە کە دەکرێ وەک هونەر ڕووبدات، یان تەنانەت پێویست بێ بقەومێ؟! تا چ ڕادەیەک هونەر هەیە.

## ڕاستی و هونەر

سـەرچاوەی کـاری هونەری و هونەرمەند هونەرە. سەرچاوە بنجو بنەمای جەوهەرە، کە تێیدا بوونی بوونەوەر ڕوودەدات. هونەر چییە؟! ئێمە لەکارە هونەرە ڕاستەقینەییەکەدا بەدوای جەوهەرەکەیدا دەگەڕێین. ڕیالیستی کاری هونەری لەوەوە خۆی دەستنیشان و دیاردەکات چی لەکارە هونەرییەکەدا بەکارە، لەوەوە ڕاستی لێی دەکەوێتەوە. ئەم ڕووداوە، ئێمە وا بیر لەو ڕووداوە دەکەینەوە کە بەرێوەبردنی ملمـلانێی نێوان جیهان و زەوییە. لە کۆ و کۆبوونەوەی ئەم ململانێیە ئارامی پەیدا دەبێ. لێرەدا ئارامبوونی کارە هونەرییەکە لەخۆیدا دادەمەزرێ.

لەکاری هونەریدا ڕوودانی ڕاستی لەکارەکەدایە، بەڵام ئەوەی بەم جۆرە لە کارەکەدایە، خۆی لەکارە هونەرییەکەدایە. دوای ئەمە لێرەدا پێشبینیانە گریمانەی ئەوە دەکرێ کارە هونەرە ڕاستەقینەکە هەڵگری ئەو ڕووداوەبێ. هەروەها جارێکی تر پرسیاری شمەکییەتی کارە هونەرییە لەبەردەستدا بووەکە لەبەردەمدایە. بەم پێیە ئەم یەکە لەکۆتاییدا ڕوون و ئاشکرا دەبێتەوە: ئێمە حەزدەکەین بەسەرگەرمییەوە دەربارەی لەخۆدا هەبوونی کارە هونەرییەکە بپرسین، بەڵام لەهەمان کاتدا لە ڕیالیستییەکەیدا بەهەڵە دەچین، ئەوەندەی ئێمە لەوە نەگەین کارە هونەرییەکە وەک بەرکاری کارلێکردن وەربگرین. دەبێ ئەو وا دابنرێ شتێکە لەنزیکەوەیە، چونکە لە وشەی کاری هونەریدا ئێمە بەرکاری کارلێکردن گوێبیست دەبین. کارێتی کارە هونەرییەکە لە داهێنانەکەیەوە لەلایەن هونەرمەندەکەوە پێکدێت. دوور نییە ئەم دەستنیشانکردنەی نزیک لەپەی پێ بردنەی ڕوونکردنەوەی کارە هونەرییەکە کە ئێستا ناوبرا، سەیرو سەرسوڕهێنەر بەدەر بکەوێ.

لەوەدا کارە هونەرییەکە داهێنراوە، وەک پێدەچێ، دەکرێ تەنیا بەهۆی ڕوودانی داهێنانەکەوە تێبگەیشترێ. دەبێ ئێمە لەژێر پاڵەپەستۆی شتەکەوە لەوە تێبگەین، دەبێ سەرگەرمی بەدواداچوونی چالاکییەکەی هونەرمەندەکە بین بۆ ئەوەی بنجو بنەمای کارە هونەرییەکە بپێکین. هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی(٢٠) بوون بەکاری کارە هونەرییەکە بەهۆی ئەمە تەنیا خۆیەوە، وەک لە کردن نەهاتوو دێتە بەرچاو.

ئەگەر ئێمە ئێستا پشت بکەینە کارە هونەرییەکە و بەدوای جەوهەری داهێنانەکەدا بچین، حەز دەکەین ئێمە ئەو لەجەوهەردا لەبەردەستدا بهێڵینەوە، ئەوەی لە سەرەتادا دەربارەی وێنەی سۆڵی جووتیارەکە و دەربارەی پەرستگا یۆنانییەکە گوترا.

ئێمە وا بیر لە داهێنان دەکەینەوە کە بەرهەمهێنانێک بێت، بەڵام بەرهەمهێنانیش دروستکردنی ئامرازە. پیشەی دەستی، گەمەیەکی سەیروسەمەرەی زمان، بە ئاشکرا هیچ کارێکی هونەری داناهێنێ، تەنانەت ئەوەش نا، ئەگەر بێتو، وەک پێویست و ناچارییە، ئێمە بەرهەمەکانی پیشەی دەستی بەرانبەر بە کەرەسەی فابریک دابنێین. کەواتە بەرهەمهێنان وەک داهێنان بە چیدا لە بەرهەمهێنان بەشێوازی دروست کردن جیا دەکرێتەوە؟! ئیتر چەند بە ئاسانی ئێمە بە پێی دەربڕینی وشە داهێنانی کاری هونەری و دروستکردنی ئامراز لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئەوەندە سەخت و گرانە بەدوای هەردوو شێوازی بەرهەمهێناندا لە سروشتە جەوهەرییە تایبەتییەکانیاندا بچین. بەپێی ڕوخسار و دیاردەی نزیک و ڕاستەوخۆی شت لە چالاکی مزگەر و وێنەکێشدا لەهی دارتاش و تابلۆکێشدا هەمان کردار دەبینین. داهێنانی کاری هونەری لەخۆیەوە کاری پیشەیی پێویست دەکات. هونەرمەندە گەورەکان دەتوانن بەوپەڕی بەهرەوە کاری پیشەی دەستی بنرخێنن. ئەوان بە سایەی ئەو بەهرە و دەست ڕۆیشتووییەی هەیانە یەکەم کەسن داوا دەکەن ئەوپەڕی بایەخی پێبدرێ و مشووری بخورێ. ئەوان پێش کەسانی تر خۆیان خەریک دەکەن بەردەوام کاری نوێکردنەوە لە پیشەی دەستیدا هەبێ. زۆرجار بە تەواوەتی ئەوە نیشان دراوە یۆنانییەکان کە تارادەیەک لەکاری هونەری تێگەیشتوون هەمان وشەی تێشنێ techne بۆ پیشەی دەستی و هونەرییان بەکارهێناوە، خاوەن پیشە دەستی و هونەرمەندییان بە تێشنیتیس technites ناوبردووە.

بۆیە بە ڕەوا دێتە بەرچاو، جەوهەری داهێنان بەهۆی لایەنی پیشەی دەستییەوە دیار و دەستنیشان بکرێت. ئاماژە کردن بەوەی یۆنانییەکان لە زمانیاندا بەکاریان هێناوە و کە شارەزاییەکەیانی لە شتدا پێ ناوبردووە، دەبێ وامان لێ بکات بە وردی بیر بکەینەوە، چەندە ئاماژەکردن بەوەی یۆنانییەکان پیشەی دەستی و

هونەرییان بە تێشنێ ناو ناوە ئاسایی و جێگای ڕەزامەندی بێت، ئەوە هەر بە خوار و خێچی و تەنکی و سەرچیخەیی دەمێنێتەوە، چونکە وشەی تێشنێ نە مانای پیشەی دەستی و نە واتای هونەر دەبەخشێ، هەروەها پڕ بە پێستی تەکنیک نییە کە لەم سەردەمەدا بەکاردێت، هیچ جارێکیش جۆرێکی بەدیهێنانی پراکتیکییانە ناگرێتەوە.

وشەی تێشنێ techne هیچ جارێک شێوازێکی زانین ناگەیەنێ. زانین مانای ئەوەیە: بەچاو دیتبێتت، بە واتا فراوانەکەی بینین، ئەمە دەڵێ: ڕووبەڕووبوونی لە ئارادابوو وەک خۆی. جەوهەری زانین بەپێی هزری یۆنانی لە وشەی ئەلیتاییە (aletheia) پێکدێت، واتە لە پەردەلادان لەسەر بوونەوەر. ئەو وشەیە هەموو کردارێکی تێدایە و بەرانبەر بە بوونەوەر ئاراستەی دەکات. تێشنێ techne وەک تاقیکردنەوەیەکی زانین لە یۆنانیدا، بەرهەمهێنانی بوونەوەرە، لە ئارادابوو وەک خۆی، لە شاردراوەییەوە بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ نێو نەشاردراوەیی دیمەنەکەی دەهێنێ. هیچ کاتێک تێشنێ techne واتای چالاکی مرۆڤێک ناگەیەنێ.

هەربۆیە هونەرمەند تێشنیتیس technites نییە، چونکە ئەو وەستایەکی پیشەی دەستە (Handwerker)، بگرە هەربۆیەشە، چونکە بەرهەمهێنان و دروستکردنی کاری هونەری و هەروەها دروستکردنی ئامراز لە هەموو چالاکییەکی بەرهەمهێناندا ڕوودەدات، کە وا لە بوونەوەر دەکات پێشییانە لە سۆنگەی دیمەنی خۆیەوە بۆ لە ئارادابوونەکەی Anwesen بێتە پێشەوە. ئەمە هەمووی لەنێوەڕاستی بوونەوەری لەخۆوە گەشەکردووی بەرەو ژوور هەڵچوو، لەنێو سروشتدا Phusis (فوزیس) دەقەومێ. ناونانی هونەر بەتێشنێ بەهیچ جۆرێک بەڵگە نییە بۆ ئەوە کە کاری هونەرمەند کە لەکاری پیشەی دەستییەوە بە ئەزموون سوودی لێوەرگیراوە. ئەوەی لەداهێنانی کاری هونەریدا وەک دروستکردنی بەرهەمێکی پیشەی دەست بێتە بەرچاو شتێکە لەجۆرێکی تر. ئەم کارە لەلایەن جەوهەری داهێنانەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت و تێیدا بە ماوەیی دەپارێزرێ.

چ سەرەتایەک بکەین، ئەگەر دەروازەی پیشەی دەستی نەکەین، بە بابەتی بیرکردنەوە لە جەوهەری داهێناندا؟! چۆن بە جۆرێکی تر لەوەی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە کە دەبێ دابهێنرێ، لە ڕوانگەی کارە هونەرییەکەوە نەبێ، دەشێ؟! ئەگەرچی کارە هونەرییەکە لەسەرەتاوە بە تەواوکردنی داهێنانە کە دەبێ بە ڕاستەقینە، لە ڕاستەقینەییەکەشیدا پابەندی ئەو دەبێ، ئەوە جەوهەری داهێنانەکە بەهۆی جەوهەری کارە هونەرییەکەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت. ئەگەرچی کارە هونەرییەکە داهێنانیش بێت، پێوەندی بە داهێنانەوە هەیە، ئەوە دەبێ کاری داهێنانەکە و داهێنان بەهۆی بەکاربوونی کارە هونەرییەکە دەستنیشان بکرێت. ئێستاکە ناکرێ هیچی تر سەرمان سوڕ بمێنێ، بۆچی ئێمە لەسەرەتاوە بە درێژی تەنیا هەر قسەمان لە کارە هونەرییەکە کرد، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا کاری داهێنانەکە بخەینە بەر تیشکی سەرنجدان. ئەگەر کاری داهێنان لە جەوهەردا سەر بە کارە هونەرییەکە بێت، وەک چۆن لە وشەی کاری هونەرییەوە بەرگوێ دەکەوێ، ئەوە پێویستە ئێمە، ئەوەی تائێستا وەک بەکاربوونی کارە هونەرییەکە ڕێگای دەستنیشانکردنی دراوە، لەبنەڕەتەوە هەوڵی تێگەیشتنی بدەین.

پشت ئەستوور بەو سنوورکێشانە جەوهەرییەی کارە هونەرییەکە کە پێی گەیشتین، کەس وای دادەنێ لە کاری هونەریدا ڕوودانی ڕاستی لەکارە هونەرییەکەدایە، دەتوانین داهێنانەکە وەک ڕێگادانی بە دواداهاتن لە بەرهەمهێناندا نیشان بکرێت. گۆڕانی کاری هونەری کارە شێوازێکی گۆڕان و ڕوودانی ڕاستییە. لە جەوهەرەکەیدا هەموو شتێک هەیە، بەڵام ڕاستی چییە کە دەبێ لە هەمان شتدا وەک داهێنراوێک ڕووبدات؟! تا چ ڕادەیەک ڕاستی بەپێی بنەمای جەوهەرەکەی ڕێگای بەرەو کارە هونەرییەکەی هەیە. دەکرێ بەپێی جەوهەری تائێستا ڕوونکراوەی ڕاستی لەمە بگەیشترێ؟!

هەقیقەت- نا- ڕاستییەکە لەوەدا دەڤەری سەرچاوەی ئەوەی نە (دۆزراوەتەوە) بەواتای شاردراوە سەر بە ئەوە. لە نەشاردراوەییدا وەک ڕاستی لە هەمان کاتدا- نەء- ەکەی تری دوو ڕەنگییەکی بەربەستی کردن ڕوودەدات. ڕاستی وەک خۆی لەدژایەتی یەکتری کردنی پەڵەیەکی ڕووناک و دوو ڕەنگی شاردراوەیی دەکەوێتەوە. ڕاستی ململانێیەکی بنەڕەتی کۆنە تێیدا بەشێوازێک کایە کراوەییەکە بۆ کۆشش دەستگیر دەبێ و ئەوەی خۆی وەک

بوونەروەر نیشان دەدات و خۆی دەکێشێتەوە هەمووی دەچێتە ناویەوە و هەمووی دەگەڕێتەوە سەرخۆی. کەی و چۆن ئەم ململانێیە هەڵدەگیرسێ و دەقەومێ بەهۆیەوە هەموو شەرکەرەکان و پەڵە ڕووناکی و شاردراوەیی لە یەکتر جیادەبنەوە. بەم پێیە کایەی ململانێی کراوە بە ململانێ دەستێندرێ. کراوەیی ئەم کراوەیە واتە، ڕاستی کاتێک دەتوانێ ببێ، ئەو چییە، بەتایبەتی ئەم کراوەییە ئەگەر ئەو خۆی و ئەوەندەی خۆی لە کراوەییەکەیدا ڕێک بخات، بۆیە پێویستە لەم کایە کراوەیەدا کە کراوەیی هەڵبەند و بەردەوامی خۆی پێدەبڕێ بوونەوەرێک هەبێت. کاتێک کراوەیی کایەی کراوەی لەبەردەستدا دەبێت، بەکراوەیی دەیهێڵێتەوە و بۆ پاراستنی دەچێتە ژێر بارییەوە. دانان و لەبەردەستدابوون لێرەوە هەمیشە بە مانا یۆنانییەکەی تێزیز thesiis بیریان لێکراوەتەوە کە دانانی شتێک لەکایەی شاردراوەییدا دەگەیەنێ.

ئاماژە بەوەی کراوەیی خۆی لەکایەی کراوەدا ڕێک دەخات(٢٢)، هزر بەر دەڤەرێک دەکەوێ کە ناکرێ لێرەدا شرۆڤە بکرێت. تەنیا هەر ئەم تێبینییە دەکرێ، خۆ ئەگەر جەوهەری نەشاردراوەیی بوونەوەر بەشێوازێک لە شێوازەکان سەربەبوون خۆی بێت (بڕوانە کتێبی بوون وکات- بە ئەڵەمانی پەڕەگراف٤٤)، ئەمەی دوایی بەهۆی جەوهەرەکەیەوە ڕێگا دەدات کایەی کراوەیی ڕووبدات (پەڵەی ڕووناکی Da) و ئەو وەک خۆی دەهێنێ کە تێیدا هەموو بوونەوەرێک بەشێوازی خۆی دەردەکەوێ.

ڕاستی تەنیا بەو جۆرە ڕوودەدات، ئەو خۆی لەنێو ئەو ململانێ و کایەی کراوەدا کە بەهۆی خۆیەوە کراونەتەوە، ڕێک بخات، چونکە ڕاستی دژایەتی و پێچەوانەیی کایەی کراوە و داپۆشراوییە، ئەوە ئەو شتە سەر بە ئەوە کە لێرەدا بە ڕێکخستنی ناوەکی ناودەبرا، بەڵام ڕاستی ئەوە نییە پێشییانە لەجێگایەکدا لە ئەستێرەکان سەربەخۆ هەبێ، بۆ ئەوەی لەدواییدا لە جێگایەکی تر بچێتە نێو بوونەوەرەوە. ئەمە بۆیە لەکردن نایەت، چونکە لەپێشەوە کراوەیی بوونەوەر ئەوەیە ڕێگای شیاوەکی جێگایەک و لەلایەن لە ئارادا بوویەکەوە گیراو دەدات. ڕووناکی کراوەیی و ڕێکخستن لەکراوەکەدا سەر بەیەکترین. ئەوان بۆیە هەردووکیان جەوهەرێکی ڕوودانی ڕاستین. ئەمە بەشێوازێکی فرە ڕەنگی مێژووییانەیە.

شێوازێکی جەوهەری، چۆن ڕاستی لەنێو ئەو بوونەوەرەی بەهۆی خۆیەوە کراوەتەوە خۆی ڕێک دەخات، بریتییە لەوەی ڕاستی خۆی- لەنێو- کاردا- دابنێ. شێوازێکی تر، چۆن ڕاستی ڕوودەدات، بریتییە لە کردەوەی دامەزرێنەری دەوڵەت. جارێکی تر شێوازێکی دیکە چۆن ڕاستی بەرەو درەوشانەوە دێت، نزیکییە لەوەی، بەسادەیی بوونەوەرێک نییە، بگرە بوونەوەرترین بوونەوەرە. دیسانەوە شێوازێکی تر چۆن ڕاستی خۆی دادەمەزرێنێ بریتییە لە قوربانی بنەڕەتی و جەوهەرییانە. جارێکی تر شێوازێکی تر چۆن ڕاستی دەبێ کێشە و پرسی بیرمەندە، ئەمە وەک هزری بوون لە شایستەیی پرسەکەیدا ناو دەبات. بە پێچەوانەوە زانست هیچ ڕوودانێکی بنەڕەتی ڕاستی نییە، بەڵکو هەر یەکێک بریتییە لە بەرفراوانکردنی کایەی ڕاستی کە پێشیانە کراوەیە و بەوەی کە بەهۆی تێگەیشتن و پاساو دانەوەی لە دەوروبەرەکەیدا بەپێی دروستی شیاوەکی و ناچاری خۆی نیشان دەدات. کاتێک و ئەوەندەی زانستێک لەودیو دروستییەکەوە دەگات بەڕاستی، واتە دەگاتە پەردە لەسەر لادانی جەوهەری و بنەڕەتی بوونەوەر وەک خۆی، ئەو زانستە فەلسەفەیە.

چونکە سەر بە جەوهەری ڕاستییە، خۆی لەنێو بوونەوەردا ڕێک بخات بۆ ئەوەی لە پێشەوە ببێ بەڕاستی، ئەوە جەوهەری ڕاستی لەوەدایە ڕووبکاتە کارە هونەرییەکە وەک ئەوەی باشترین شیاوەکی ڕاستییە لە ناوەڕاستی بوونەوەر خۆی بۆ ئەوەی بوونەوەر بێت.

# دێریدای میسری زادە سەبارەت بە گرفتی هەرەمە جوولەکەییەکان

**پیتەر سلۆتەردایک**
**لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی**
**(ئەڵمانیا)**

**بەرتێبینی**

هیچ شتێک لەوە سروشتی تر دەرناکەوێت کاتێک زیندووەکان مردووەکان لەیاد دەکەن و هیچ شتێکیش هێندە ڕوون و بەڵگەنەویستانە نییە وەک ئەوەی مردووەکان زیندووەکان بەسەر بکەنەوە.

لەنێوان هەموو ئەو گوزارانەی کە ژاک دێریدا بە ڕووی کۆتایی هاتنی هاوینی ٢٠٠٤ بۆ پرۆتۆکۆڵ دابووی، هیچ کامیان لەوانەی کە ئەو پێی ناسراون و زۆربەی جار دێنەوە بیری من، بەرانبەر بە «هەبوون»ی ئەو لە پاش مەرگییەوە، هێندەی ئەو دوو قەناعەتە تەواو دژ بەیەکەوەی پڕاوپڕ نین. یەکێکیان قەناعەتی دڵنیابوونی لەوەی کە ئەو هەر لە ڕۆژی مردنییەوە بە تەواوەتی لەیاد دەکرێت، دووەمیشیان قەناعەتی دڵنیابوونی لەوەی کە دەشێت یادەوەری کولتووری شتێک لە کارەکانی ئەو بپارێزێت. دێریدا ئەوەشی ڕوون کردبووەوە کە هەردوو قەناعەتەکە لەیەک جودان و لە هەمان کاتیشدا لەپاڵ یەکدان. هەریەکەیان لەلایەن هەستێکی پڕ بەڵگەوە هاوەڵی دەکرێت و هەریەکەشیان بەشێوازی خۆی لەخۆیدا ڕایەکی جێگیری هەیە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئاگایی بداتە تێزە بەرانبەرەکەی.

من دەخوازم لەمەی خوارەوە هەوڵی ئەوە بدەم لەبەر تیشکی ئەم دان پێدانانانەدا خۆم لە فیگۆری دێریدا نزیک بخەمەوە. دەشخوازم شتەکە بەلای منەوە وەها بێتەپێش کە ئەم گوزارەیە هەروا بەسانایی خودی مرۆڤێک لەناو دژیاری و ناکۆکییەکی ڕێکەوتانەی خۆیدا پیشان ناداتەوە، بەڵکو ئەم گوزارەیە، بەهۆی هێزی دانانە لارەکەیەوە لەڕێی دوو ڕاگەیاندنی ئەڵتەرناتیڤی

درێژخایەنەوە ڕەهەندێکی گوزارشت سازییانەی هەیە، کە وا دەکات کەمێک لە «بنەما» فەلسەفییەکانی دێریدا ئاشکرا بکات، ئەمە ئەگەر پیاو بتوانێت ئەم گوزارە هایدێگەرییە بۆ ئەم جارە ad nomienm بەکاربهێنێت. ئەوەی دێریدا دەیدرکێنێت بریتییە لە خۆوەسفکردنێک کە پێ دەچێت چۆنایەتی گوزارشتێکی میتافیزیکی بگەیەنێت. ئەو ئەمە دەچەسپێنێت: لەناو ئەوەی هەمیشە پێی دەگوترێت «واقیع» شتێکی ئەوتۆ هەیە وەک ئەو ناکۆکانەی کە توانای ئاوێتەبوونیان نییە، کەچی پێکەوەش هەن، ئەگەرچی هەریەکەیان بەرانبەرەکەی خۆی نەرێ دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ناکۆکانە دەکەونە ناو بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆ و ئەزموونکردنی قسەکەرەوە و دیاریشی دەکەن، لەم ئیمتیازەشەوە هاوکات ڕوونکردنەوەیەک لەسەر فەیلەسووفەکەمان دەرەنجام دەبێت، واتە ئەو خۆی وەکو ئەو جێگەیە ناسیوە کە تێیدا ئەو بەیەک گەیشتنە ڕووی داوە کە نەبووە مایەی دروستبوونی یەکێتییەک لەلایەن ئەو بەڵگانەی پێکەوەن و لەگەڵ یەکیشدا هەڵناکەن. گەر لەم سەرنجەمانەوە دەست پێ بکەین، ئەوە دەشێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئەم سووربوونە بێ وچانەی لەسەر فرە مانایی ئاماژەکان و فرە بەهایی گوزارەکان، کە لەلایەن گوزارشتی ڕوخساری Phisiognomie ئەم دانەرەوە بیرێکی لێ نەکرێتەوە، بریتیش نەبووە لە ئاماژەیەک لەسەر ئەوەی کە ئەویش خۆی وەکو کەمۆڵەیەک، یان کۆگایەکی دژیارەکان -Opposi tionen ژیاندووە کە نەیویستووە بیخاتە سەر هیچ یەکەیەکی باڵا.

بەم تێبینییە دەشێت شانیشانەی پۆرترێتی فەلسەفییانەی دێریدامان کێشا بێت: ڕێچکەی ئەو بەدڵنیاییەوە لە پەرۆشییەکی هەمیشە بەئاگاوە بوو، گەر لەسەر شوناسێکی دیاریکراو جەخت بکەین، پەرۆشییەک، کە بە توندی هەروەکو قەناعەتەکان دیار و دەرکەوتوو بوو، شوێنی ئەو هەڵبەت دەشێت تەنیا لەبەرەی پێشەوەی ڕووناکبیراندا ببینرێت.

ئەوەش پێوەندی بەو کارە بەهادار و بەرهەمە سەرسامکەرەی ئەو ژیانە فەلسەفییەوە هەیە، کەزانیویەتی بەهاوکاتێتی دیتنێکی باڵا و نا-وێکچوونێکی پێداگر لەگەڵ هەر وێنەیەکی تەواوبووی خودی خۆیدا لەناو هێمایەکی درەوشاوەدا خۆی ڕابگرێت، کە چل ساڵی هەبوونی خۆی وەک کارەکتەرێکی جەماوەری public character گرژ کردەوە. لە بنەڕەتیشدا بۆ ئەوەی بیریارێک دادوەری بەرکەوێت تەنیا دوو کارپێکردن هەیە. یەکێکیان لەوەدایە کارەکانی بکەیتەوە و لەناو جووڵەی ڕستەکانیدا، لەناو ڕووباری ئەرگومێنتەکانیدا، لەناو تەلارسازی -Archi tektonikی سەرمایەکەیدا بەدیداری بگەین، کە دەکرێت ئەمە بە خوێندنەوەیەکی تاکانەی ناوبنێین، کە تێیدا دادوەری وەکو وێکچوونێک Assimilation بۆ شتی یەک کەڕەتی ڕاڤە دەکرێت. ئەوەش بەشێوەیەکی زۆر تایبەت ئاگایی ئەوەی لای دانەرێکی وەک دێریدا چێکردووە کە هەرگیز نەیویستووە شتێکی دیکە بێت جگە لە خوێنەرێکی تەواو وریای دەقە بچووکەکان و گەورەکان، کە تێکڕا ئەرشیڤێکی خۆرئاوایی هەڵچنیوە. ئەمە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە وشەی خوێنەر بار بکەین بەمانا تەواو تەقێنەرەکانی وشەکە. کارپێکردنەکەی تریان لەدەقەوە Text بەرەو ڕەوشی دەق Kontext دەڕوات و نیگاری بیریارەکەشمان لەناو ئاسۆیەکی سەروو خود کەسیدا uberpersonlich دەکێشێت، کە لێیەوە شتێک سەبارەت بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی دەردەکەوێت. مەترسی ئەوە بەرزدەبێتەوە، کە دەقەکەی خۆی کێشێکی کەمتری هەڵگرتووە وەک لەو پێوەندییە گەورەیەی تێدا وشەکانی دەنگدانەوە بەرپا دەکەن. ئەم شێوازی بەرەو ڕوو چوونەش دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی تاکایەتی ئەو خوێندنەوەیەی تێیدا مرۆڤ دادوەری وەکو مانایەک بۆ هاوتەبایی بوونی دۆخەکان تێدەگات. دێریدا خۆیشی بە ئاشکرا ڕێگەی یەکەمی پەسەند کردبوو، لە بارەی دووەمیشیانەوە لە بنەڕەتەوە ئومێدێکی زۆر باشی پێ نەبوو، چونکە ئەو بەتەواوەتی دەیزانی کە ئەمەی دواییان بەر لە هەر شت بۆ ئەو کەسانە سەرنجڕاکێشە کە دەخوازن خۆیان لەگەڵیدا ئاسان بکەنەوە. بەم جۆرە ئەو لە هەمان بۆنەوە بەشێوەیەکی دۆستانە و ئاشکرایانە بەشداری دەکات لە دژی هەوڵەکەی یورگەن هابەرماز لەبەرگری ئەوەی ئەو بە میستیکەرێکی/ سۆفییەکی جوولەکە دابنرێت. ئەو بە ئیرۆنییەکی خۆشەوە لە وەڵامدانەوەی ئەم دەستنیشان کردنە پەرێشانە وەها تێبینی داوە:

«هەڵبـەتە منیش داخـوازی ئەوە ناکـەم خـەڵکی وەها بمخوێننەوە وەک ئەوەی ئەوان دەتوانن لەبەردەم دەقەکاندا خۆیان بخەنە ناو مەستییـەکی وێناکراوەوە، بەڵکو من داخوازی ئەوە دەکەم مرۆ دەبێت لەگەڵ ناوەندکارەکـاندا وریاتر بێت، لە وەرگێـڕاندن و ڕێگە پێچاوپێچـەکـاندا بەرەو کۆنتێکستەکان، کە زۆرجار لە شتەکانی منەوە دوورن، ڕەخنەگرانەتر بێت». (١)

ئەگەر من خۆم بۆ ڕێگەی دووەمیـان ساغ کـردبێـتەوە، ئەم ئاگەدارکردنەوەیەشم لەناو یادەوەریدایە، ئەوە لەدوو هۆی زۆر جیـاوازەوەیە: یەکێکیـان لەبەر ئەوەی من پێم وایە، واتای وشەییـانەی (مـەستی)، بۆ ئەوەی نەڵێین خـوێندنەوە هاگـیـۆگـرافـیـیـەکـانی دێریدا «hagiografisch/ مێژووی ڕەوتی ژیانی قەشەکان» لە هەموو دنیادا بەهیچ جۆرێک کێماسی تێدا نییە. ئەوەی تریان لەبەر ئەوەی من ناتوانم لێگەڕێم ئەو سەرنجەم لێ بڕوات کە پیاو لە هەموو ئەو سەرسامییە دروستەدا بۆ ئەم دانەرە هەیەتی زۆر بە دەگمـەن دەکـەوێتـە سـەر حوکمێکی تەواو سەرکەوتوو لەسەر دیدی ئەو لەناو کێـڵگەی تیـۆری هاوچەرخدا. داخـوازیکردنی دوورایی لێرەدا لەخزمەتکردنی ستایشدا دەبیت، چونکە ئەگەر پیـاو ئەوە وەکـو دژە ژەهرێک لە دژی مـەترسـیـەکـانی پێشوازیکردنێکی پەرستنئامێزانە تێبگات، ئەوە بەتەواوەتی پێویستە تاوەکو لەو زنجیرە چیایەوە وێنەیەک بۆ خۆت بکێشیت کە تێیدا چیای دێریدا وەکو یەکێک لە بڵندترین بەرزایی هەڵدەزنێت.

لەمەی خوارەوە دێت من نیـگاری حەوت وێنە دەکێشم کە تێیانـدا بیریارەکەمان بەچەند دانەرێکی ترادیسیـۆنی تازە و هاوچەرخەوە دەبەستینەوە، کە بریتین لە: نیکلاس لومـان، سـیـگمـۆند فـرۆید، تۆمـاس مـان، فـرانتس بۆرکـەناو، ڕیژیش دۆبرێ، گیـۆرگ ڤـیلهـەلم فـریدریش هێگل لەگەڵ (بۆریس گرۆیس)دا.

## (١) لومان و دێریدا

یەکێک لە هەموو ئەو هاودۆخییە شیاوانەی کە بشێت کـاری دێریدای تێدا دابنرێت، سـەیرترینیـان و لەهەمـان کاتیشدا ڕۆشنترینیان ئەوەیە کە لەگەڵ (لومان)دایە.

لەسەر کێڵگەی تیۆریدا هەردوو بیریار ئەو شتە بەرز و گرفتئامێزەیان وتووە کە هەریەکەیان دەشێت بەوی تریان بڵێت: کە ئەو هیگڵی سەدەی بیستەم بوو.

ئێـستـا ئەم جۆرە نازناو پێدانە دەشێت بۆ ڕەنگدانەوە دەرەکییەکان شتێکی سەرنجڕاکێش بێت و بۆ پێوەندییە گشـتییـەکانیش شتێکی سوودمەند بێت،کە بایەخێکی گـرنگیش دەگـمـەن نەبێت خۆی بەوانەوە گـرێ ناداتەوە، بەڵام بەتەمـاشـاکـردنی هەردوو ئەم فـیگۆرە پڕ بایەخـە دەبینین برێک هێزی کارەکتەر بوونیان هەیە، بەو پێیەی «هیگڵ» نەک هەر ناوێکی تایبەتە، بەڵکو بەرجەستەی پرۆگـرامێکیش دەکـات، بگرە وێنای بارگـەیەک دەکـات لەنـاو پرۆسـێـسـی دروسـتـبـووندا. ئەوەی نـاوی هیـگڵ بهێنێت، واتە مەبەستێتی بڵێت: بەترۆپک گـەیشتن و «هیـچ- زۆر- ئەوپەڕی- Non-plus ultra»، هەروەها ئەفـراندن، لەهەمـان کـاتدا ئەم ناوە لە وزە ئاوێتـەیی و ئینسکلۆپیدییەکان بەرپرسیارە، کە دەشێن لەخامۆشی پاش زریانەوە، یان گـەر دروسـتـتـر لەگـەڵ (کـۆجێڤ) و (کوێنو)دا بڵێین: لەیەکشەممەی دوای مێژووەوە دەرکەون. تەمـاعی Ambitionی ئیـمـپـریالی و ئەرشیـڤی لەیەک کاتدا لەناوی (هیگڵ)دا یەکانگیر دەبنەوە.

هەڵبـەت شـتـێکی تەواو بێ سـوود دەبێت ئەگـەر بمانەوێت دێریدا و لومـان هەریەکـەیان بەشـێـوازی هێگڵچێتییـانەی خۆیان بپشکنین. دیارە هیچ کام لەم دوو بیـریارە بیـریاری یەکشـەممەیی نەبوون، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەو کارکەرە بێ ئۆقرە و بزێوە بوون کە لە هۆکارە بنەڕەتییەکانەوە ڕۆژی یەکشەممەشیان کرد بە ڕۆژی کـار و وەکـو تریش باوەڕیان وابوو کـە پیـاو لە ڕۆژی پشـوودا، یان پۆستی تایبەت بەخۆی ڕایی دەکـات، یان خـامۆش دەبێت. ئەوەش بە چەسپـاوی دەمێنێتـەوە، ئەو ڕاستییەیە کە هەردوو بیریارەکە ئەو کارکەری تەواوکردنە بوون کـە لەنێـو دەرکـەوتنی تەواوبوونی نوێکاری و دوایەمین دەست تێـوەردانی وێنە تەواو ئامـادەبووەکـەدا میـراتییـەکیـان ڕایی کرد کە چیتر شیاوی کشان نییە. تەواو شـتـێکی بێ ئیـرۆنی نییـە ئەگـەر ئەمـرۆ ئەوە بسەلمێنرێت کە: هەریەکەشیان هەڵخەڵەتاو بوو بەوەی کە لەگـەڵ چەمکی هەڵوەشـاندنەوە Dekonstruktion و چەمکی تیـۆری سـیـسـتـم Systemtheorie-دا ئەو وێنانەی کـە لە سـاڵانی هەفتـاکـاندا زۆر تایبـەتمەندانە دەرکەوتن- سەردەمێکی نوێی بیـرکردنەوە هەڵهـاتبێت، کە کارکردنی تیۆری خستبێتە ناو ئاسۆیەکی نوێکاری

روونی بەرچاوەوە. لە ڕاستیدا هەردوو شێوازی بیرکردنەوەکە بریتی بوون لە بیچمی کۆتایی ئەو پرۆسێسە لۆژیکیانەی کە بیری سەدەی ١٩ و ٢٠یان چنی. لەحاڵەتی (دێریدا)دا وەرچەرخانی زمانەوانی، یان سیمیۆلۆژی دەگاتە کۆتایی، کە فەلسەفەی زمان و نووسین لەسەدەی ٢٠دا لەخۆ دەگرێت. لەحاڵەتی (لومان)یشدا ئەوەی لەلایەن ڤیتگنشتاینەوە بە مالئاوایی کردنێکی ڕاگەیەنراوانەی فەلسەفە دادەنرا تەواو خۆی پڕ دەکاتەوە و تەواو دەبێت، واتە لای ئەوەی کە بیرکردنەوە و یەکلاکەرانە خۆی لەمیرات و بۆ ماوەی تیۆرییەکانی بیر و زمان دەکشێنێتەوە، تاوەکو خۆی لەسەر کێڵگەی میتابیۆلۆژی Metabiologie، واتە لۆژیکی گشتییانەی سستم- ژینگە- جیاوازییەکان، سەرلەنوێ بخاتە ناو شوێنگەوە.

هەردوو دەرئەنجامەکە شتی هاوبەشیان لەگەڵ حاڵەتی (هیگڵ)دا هەیە، بەو پێیەی کە ئەوان دوایەمین توانای ئەو ڕێزمانەیان بەکاربرد کە هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو هەستە ئاسان بکەنەوە کە دەستپێک دەبووژێنێتەوە لەپێناوی ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە پنتێکی باڵاوە دەست پێ بکەن. لە ڕەوتەکانی تریشدا ئەم وەرچەرخانە دەبێت ببرێتە ناو پشکنینە سەرسوڕهێنەرەکانەوە، بەو پێیەی ئەوەی لەسەر لوتکەوە دەست پێ بکات، تەنیا لەڕێی لێژبوونەوەوە درێژە بەخۆی دەدات.

وەکو تریش جیاوازییەکانی نێوان هەردوو هیگڵی سەدەی ٢٠، ناشێن گەورەتر بن. بڕێکی گەورەیی دێریدا لەو ڕاستییەدا خۆی پەخش دەکاتەوە کە ئەو هەمیشە لە قەراغە دەرەکییەکانی ترادیسیۆنەوە هەم کاری دەکرد و هەم ڕێچەی دەشکاند- لەمەشدا تەنیا هایدیگەر شیاوی بەراوردکردنە- تاوەکو لەپاڵ خۆیدا گلی بداتەوە.

لێرەوەیە کاریگەری قەبەی کارەکانی ئەو لەناو دنیای ئەکادیمیدا خۆی ئاشکرا دەکات، کە تێیدا هەڵوەشاندنەوە وەکو دوایەمین شانسی ئەو شتەی لەڕێی لەبەر یەک ترازاندنی Desintegration تیۆرییەکی ئامێزە بووەوە integrerenden theorie خۆی دەسەلمێنێت: کە ئەو تێیدا ئەرشیڤی لەسنوور خست و دەرفەتێکی پێشکەش کرد کە ئەرشیڤ گرد و کۆ بکرێتەوە.

کەچی بەرانبەر بەو لومان ئەرشیڤی فەلسەفی بەجێهێشت و خۆی تەنیا بە ناوونیشانێکی دیاری سۆسیۆلۆژییەکی مێژووی جیهان ڕازی کرد.

کتێبخانەی فەلسەفی ئەوروپای کۆن بەلای ئەوەوە تەنیا مانای کۆگای فیگۆرە کردەییەکان دەگەیەنێت و بەس، کە قەشەکان و ڕووناکبیرەکان هەر لەزووەوە هەوڵیان دابوو لە ڕێیەوە لەواتای «گشت» تێبگەن. هەروەها لەدیدی تیۆری داهێنراوانەی زمانەوانی، کە ئامرازەکانی ئەگەرچی هاوشێوەی ئاسۆی سیمەنتیکییانەی «ئامازەییانە» کۆمەڵگەی مێژوویین، کەچی چیتر بەتەواوی ناتوانن ببنە ڕاستییەکی سەرەتایی مۆدێرنە، یان لەبەریەک جیاکردنەوەی سیستەمە سۆسیالەکان.

جێی داخە کە هەردوو هیگڵەکەی سەدەی بیستەم، بەپێچەوانەوە و بەوردی بە تەنگ یەکدییەوە نەچوون. لێرەوەیە ئێمە لەو کۆنفرانسە بە کردەوە لۆژیکییەی لووتکەی بیری پۆستمۆدێرنەوە چ پرۆتۆکۆلێک شک نابەین. ڕەنگە ئەوە بۆ هاودنیای ڕۆشنبیری لەکارلێکردنێکی بێ سنوورەوە بێت، کاتێک ئەوە ببینێت کە چۆن هەردوو ئەو ئەقڵە زۆر بە بایەخەی سەردەمەکەمان لەناو دۆخێکی دیالۆگییانەی واڵادا مامەڵەیان لەگەڵ یەکدیدا بکردایە، لەبەر ئەوەی دێریدا و لومان دوو ڕوحی ڕووخۆشی بێ وێنە بوون، دیارە لەوانەبوو بەڕووی ئەو کۆششەدا بچنەوە کە کاری ئەوی دیکە بە کەم بگرێت، یان تەنانەت بەشێوەیەکی کانیبالانە «دڕندانە وەک مرۆڤخۆرەکان kannibalisch ب،ع.» کاری تێدا بکات، وەکو تریش ئەو بۆ نەیارەکەی لەپێناوی باڵاترین شوێنگەدا لەناو کێڵگەی ڕەنگدانەوەی ڕووناکبیریدا یەکێکی چەند نموونەییە، ئەگەرچیش پێویست بوو کۆششی وەرگێڕاندنی لەیەکچوونی ئەوی دیکە، ئەگەر نەڵێین قووتدان و هەڵلووشینی ئەوی دیکە ببەنە ناو خۆیانەوە، کە پێدەچوو لای هەردوو ئەم مامۆستایەی گومان بەرانبەر چەمکی خۆیی مەشقێکی بزێوی لێ بکەوتایەتەوە و چاودێریکەری ئەم وەرگێڕاندنە بەرانبەر کێیە «واتە هەریەکەیان ئەوی دیکە ڕاڤە بکات/ ب.ع.» دەکرا چێژ لەم تایبەتمەندییە وەربگرێت ئەگەر بیتوانیبایە چاودێری بخاتە سەر چاودێریکردنی چاودێرە بەتوانا و تێگەیشتووەکەی بەرانبەرەکەی. لە هەموو بارێکدا لومان کاری دێریدای بەوریایی تۆمار کردووە، لەکاتێکدا چ شتێک لەبارەی چاودێریکردنی

بەرانبەرەکەی دێریدا زانراو نییە، واتە پێدەچێت دێریدا کارەکانی ئەم زانایەی بیلەفێلدی هەرگیز نەناسیبێت.

لومـــــان هەڵوەشـــــاندنەوە Dekonstruktionی ترادیسیۆنی میتافیزیکی دێریدا بە شتێک دادەنێت کە کارکردنێکی زۆر نزیکی لەگەڵ مەبەستگەراییەکەی خۆی هەیە. بەو پێـــیـــەی ئەو لەوەدا هەمـــان ئەو وزە پۆست ئۆنتـۆلۆژییـانەی چالاک دەبینیـیـەوە کە پرۆژە تیـۆرییـە سیـستـمـاتیکییـەکەی خۆی پێ دەبردنە پێشەوە. ئەو ئەمـەی گـەلاڵە کـردبوو: کـە هەڵوەشـاندنەوە دۆخـێکی هەنووکەییە و بە هەنووکەییش دەمێنێتەوە: لە ڕاستیدا هەڵوەشانگەری ئەوە دەکات کە «ئێستا ئێمە دەتوانین بیکەین» (٢)

بەم پێیە هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە فۆرمێکی توند بەمێژوو تۆمارکراوی ڕەفتارە تیۆرییەکان، هەڵبەت بەو واتایە مـێــژووی تۆمـارکـراوە کـە ئەو تەنیـا لەپاش تەواوبوونی شـێـوەگـیـربوونی مـێـژوویـیـانەی تیـۆرییـە فەلسەفییە باوەکانەوە توانی لەسەر نەخشە دەربکەوێت و پابەندیش بەو «دۆخ»ەوە بمێنێـتـەوە کـە لومـان لەمـەڕ کـارەکـتـەرەکـەیەوە پێنج تێـبینی دەهێنێـتـەوە: پۆست میـتـافیـزیکی، پۆست ئۆنتـۆلۆژی، پۆست نەریتی post-konventionell، پۆست مـۆدێرن، پۆست کـارەسـاتاوی postkatastrophal.

بەپێی لومـــان، هەڵوەشـــاندنەوە «کـــارەســـاتی مـۆدێرنیـتـێت» دەکـاتە پێش مـەرجـێک، وەک ئەوەی وەرچەرخـان لە فـۆرمی جـێگـیـری کـۆمـەڵگەی باو و هیرارشییانەی سەنترالیانەوە بەرەو فۆرمێکی جێگیری کـۆمەڵگەی مـۆدێرن و لەبەریەک جیـابووەوە و فـرەتایی لەبیـرکـردنەوەدا بێت. ئەگـەر فـرەتایی Multifokalitat وەکـو پنتی دەرچوون بناسین، ئەوە هەمـوو تیـۆرییـەکـان بەسـەر پلەی چاودێریکردنێکی ڕێکخـستنی دووەمـدا سـەردەکـەون: واتە چیـتـر کـۆشـشی وەسـفکردنێکی ڕاسـتـەوخـۆیانەی جـیـهـان نادرێت، بەڵکو وەسـفـە بەردەسـتـەکـانی جیـهـان سـەرلەنوێ وەسف دەکرێنەوە و لەگەڵیشیدا هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئێمە دەشێت بڵێین، کە لومان ئەو ڕێزە دەبەخشێت بەدێریدا لەوەدا کە هانی ئەو ئەرکـەی داوە کـە چارەیەکی بۆ ئەرکـە لوژیکـیـیـە بناغـەییـەکـانی دۆخی پۆسـتـمـۆدێرنە دۆزبیـێـتـەوە، کە بریتییە لە: جێگۆڕین لە دۆخی توند چەسپاوییەوە Sta-bilitat لە ڕێی چەقگرتن Zentrierung و بناغەدانانەوە Fundierung بەرەو چەسـپـاوی لەڕێی خـۆ شل کـردن و نووشـتـاندنەوە Flexibilisierung و پەرشکردنەوە De-zentrierung.

لومـــان بە هەسـتـێکی وردی جـوانەوە لە پوخـتـەی شـکـۆدارکـــــردنی ئەو بۆ ئـازارە شـــــاراوەکـــــەی «هەڵوەشـانگەری» ئەم ڕسـتـەیە دەخـاتە سـەر: «وەهای تێدەگەین کە «هەڵوەشانگەری» هەڵوەشاندنەوەی تایبەت بەخـۆی وەکـو وەسـفکردنێکی گـرنگی خـۆوەسـفکردنی کـۆمـەڵگەی مـۆدێرن بژێنێت». «Niklas Luhmann, a.a.O., S.291».

ئەوەی لێرەدا پێی دەگەین بریتییە لە کردارە زەق و بێ وەیەکـەی «ژیاندن». کـە پێ دەچێت لومـان بەمـە دەست بدات لەناوکە بزوێنەرەکانی ئیشەکانی هیگڵەکەی تر. لەڕاسـتـیـشـدا دەشـێت ئەو تێـزەیەش دانێین کە دێریدا ڕازەکـانی خـۆی خسـتـبووە ناو داهێنانی چوارچێوەیەکی تیـۆرییـەوە، کـە بۆ هەمـوو سـەردەمـەکـان شـیـاوی بە ئایندەبوون و دەمـاودەم گواستنەوە بێت، تیـۆرییـەک کە تێیدا ڕێ دەدات و داواش دەکات بەسەر خودی خۆشیدا جـێـبـەجێ بکرێت.بەو دڵنیـاییـەشـەوە کـە لەم تاقیکردنەوەیەدا هەمیشە بەنوێکراوی و پاڵپشتکراوی دەردەچێت.

بۆ ئەوەش ئەم شـاکـارە تەواو بکات ڕەنگە تەنیـا تیۆرییەک ئەوەی پێ بکرێت، کە پێ دەچێت ئەو تیـۆرییە هەر لەناو گـــۆڕەکـــەیدا پاڵکەوت بێت، کـــە دووبارە نێژراوەکان لێوەی هەستنەوە.

بەڵام ئـایا پـێ دەچێـت هەڵوەشـــــاندنەوە De-konstrukion بەپێی پاڵـهێـزە ناوەکـیـیـەکـەی خـۆی بەرجـەسـتـەی پرۆژەیەکی پێکهـێنانەوەش Kon-struktionsprojekt بکات کە ئامـانجی دروسـتکردنی ماشینەیەکی هەڵنەوەشێنەرەوەی مانەوەی ژیان بێت؟

### (٢) سیگمۆند فرۆید و دێریدا

ئەو پرسـیـارانەی لە ڕاسـتـیـدا سـەبارەت بە پێـشنیـارکـردنەکـانن، ئێـمـە لێـیـانەوە دەکـەوینە ناو میزاجێکی خەوناوییەوە، کە تێیدا تەوژمە ناوەکییەکانمان خـۆیان، وەک جەبرە هاوکـارەکـان و وەک مـۆتیـڤـەکـانی مـیـتـافـیـزیکی کـلاسیکی دووبارە سـاز دەکـەنەوە. لە

تەمـاشـاکـردنی reverie شـتی لەم جـۆرەشـدا من بەشێوەیەکی خۆنەویستانە بیرخستنەوەی کارە درەنگ وەختەکانی سیگمۆند فرۆید دەبینمەوە. لێرەدا من بەدیاریکراوی مەبەستم لەم نووسینەیەتی: مووسای پیاو و ئایینی یەکخودایی Der Mann Moses und die monotheistische Religion. کە ئەم دەروونناسە لە سەرەمەرگیدا بوو دایناو لەوکاتەوەش بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ۱۹۳۷دا و پاشان لە شێوەی کتێبێکدا لە ۱۹۳۹ دەرکەوت، ئیدی وەک بەردێکی هەمیشەییانەی بەیەکدادان ماوەتەوە، کە بەلای جووەکانەوە ئازاربەخشە و بەلای ئەوروپییەکانیشەوە دەبەنگییەکە. دیارە فرۆید لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا بەناوونیشانی: مووسا، میسرییەک، «هزرێکی مەزنی» داهێناوە کە «مووسای پیاو، کە گەلی جووی رزگار کرد، یاسادانەر و دامەزرێنەری ئایینش بوو». (۳)

لەڕاستیدا لە کولتوور و ناسیۆنالیتێتی میسرییەوە بوو. لە برگەی دووەمیشدا کە دەکەوێتە ژێر ناوونیشانێکی بزۆکەوە، کە بریتییە لە: «ئەگەر مووسا میسری نەژادێک بوو...» فرۆید لێرەدا یەکجار بەوریایی و ژیری و بوێرییەکەوە تێزێکی دارشت کە مووسای بەبنەڕەت میسری نەژاد دەبوو یەکێک لە وەدووکەوتووانەی ئایینی ئاتۆن Aton-Religionی مۆنۆتایستی هەتاوی solar-monotheistisch بووایە کە لە سەدەی ١٤ی بەر لە حیسابکردنەکەی ئێمە لەلایەن ئیخناتۆنەوە پەیرەوی دەکرا، ئەوێک لەپاش پەرچەکرداری قەشەی ئامۆنەوە لە نیشتمانەکەی خۆیدا و لەناو گەلەکەی خۆیشیدا چ تروسکاییەکی بەدی نەکرد لەوەی ئەو باوەڕە تازە و نامیللییە بلاوبکاتەوە و بەدی بهێنێت. تا دواجار ناچار بوو خۆی تێکەڵاوی ئەو گەلانە بکات کە گاڵتەیان Fronvlk بەگەلی جوو دەهات، لەپێناوی ئەوەی ئەم باوەڕە لە میسرەوە قوتار بکات، تاوەکو لە جێگەیەکی دیکەدا و لەلایەن خەڵکانێکی دیکەوە جارێکی دیکە پێشوازی لەم ئەزموونە مۆنۆتایستییە «یەکتاپەرستییە» بکرێت. کەواتە مووسا جووەکانی فێری نەریتی میسرییانەی خەتەنەکردن و دابونەریتی لووتبەرزانەی ئایینی و هەروەها لەگەڵ خۆدا ڕەقبوون کرد، کە ئایینێکی یەکتایی بنبڕکراوی لە وەدووکەوتووەکانی، باشترە بڵێین، لەو کەسانەی کۆشش دەکەن داوا دەکرد. هەڵبەت توانای لەگەڵ خۆدا ڕەقبوون بریتییە لە سەرچاوەی ئەو وەرچەرخانە ئەقڵییەی فرۆید لە چوارچێوەی «پێشکەوتن لەناو بەڕۆحانیبوون»دا دایرشت.

لەچوارچێوەی ئەم تەماشاکردنەوەیەدا reverie ئێمە برێک مافی ئەوەمان هەیە لەڕێی فرۆیدی جوولەکەوە بیرێک لەم چاوپێداخشاندنەوە مەزنەی مێژووی جوولەکە بکەینەوە، چونکە ئەمە بەرجەستەی جۆرێک پێشەکی دەکات کە دواتر بەکلیلەکەی دیریدا «چەمکی جیاوازی» نیشانە دەکرێت. دواخستن، یان وەلانان و شێوەگۆڕین لە شیکردنەوەی فرۆیدیدا سەرەتا دەربارەی جێگۆڕکێی ڕاستەقینانەی ڕۆڵەکانە لەناو گەمەی مۆنۆتایستیدا، بەڵام هەر لێرەشەوەیە کە دارشتنی ڕاپۆرتەکان، ئەوانەی هەمیشە دەکەونە نێو چاپە مەبەستدارەکانەوە، ڕووداوەکان بەپێی توانا ون دەکەن. فرۆید لەم ڕووەوە دەڵێت:

«وەلانان لەتاواندا چۆنە بەلای شێوەگۆڕینی دەقیشەوە هەمان شتە، واتە سەختییەکە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا نییە، بەڵکو لە وەلانانی شوێنەوارەکانیدایە. دەمانەوێت لێرەدا دوو مانا بدەین بەوشەی «شێوەگۆڕین، یان جێترازان Entstellung»، کە خۆی داوای ئەوە دەکات، ئەگەرچی ئەمڕۆ چ بەکارهێنانێکی لێوە ناکات. واتە نابێت ماناکەی تەنیا بریتی بێت لە: گۆڕین لە دەرکەوتنەکەیدا، بەڵکو بریتیشە لە: خستنە جێیەکی ترەوە، واتە بۆ جێیەک وەلابخرێت.» «6.ipid., S.493».

گەر لەم سەرنجەی فرۆیدەوە تەماشا بکرێت ئەوە جیاوازی differance نەک هەر ئاماژەیەکە لەسەر هێڵەکانی دابڕان و ئاماژەیەکیش بێت لەناو یەکەمین هێڵی دابڕان لەگەڵ تەواوی ئێستادا «وەکو دۆخێکی کات»، بەڵکو پێشتر و بەر لەهەر شتێک ئاماژەیە لەسەر وەلانان لەناو شوێندا و جێ گواستنەوەی یاریکردنی ڕۆڵەکان لە شانۆییەکی تیۆلۆژیانەدا. بەپێی فرۆید دراما ڕاستەقینە میسرییەکە لەوێوە بە دواوە چیتر ئێستا لەلایەن میسرییە ڕاستەقینەکانەوە یاری پێ ناکرێت. سەبارەت بەدەست تێوەردانەکەی مووساشەوە میسرییەکان هەر لە سەرەتاوە خۆیان لەجێیەکی تردا خستە ئاراوە، لەکاتێکدا بەرانبەر بەمە میسرییە پەرتەوازەکە لە دیدی

کۆچبەرەکانەوە تەنیا مانای کیفێک، یان بەرگێکی مردوو دەگەیەنێت کە تەنیا بۆ ئەوە بە کەڵک دێت ئەو شوێنەی ئاماژە پێ بدات کە لێیەوە پێویست بوو لەسەریان بۆ هەڵهاتن بەرەو ئەوی ترێتی خۆیان تەنیا دەروازەی خۆیان بگرنە بەر.

بۆ ئەوەش میسرییەکی نوێی مۆنۆتایست بیت، بەمانا ئیخناتۆنییە ڕەسەنەکە، دەکرا مرۆ لە ئاییندەدا بەشداری ئەزموونی ئایینیانەی جوولەکایەتی بکات بەو جۆرەی کە مووسای پیاو دایڕشتبوو، ئەمە بێ گومان ئەگەر تێزەکەی فرۆید دروست بێت. لە دەرەئەنجامێکی لۆژیکیانەوە ئەمە هەر لە ڕۆژانی ئاوارەبوونەکەوە بۆ لەڕێ لادانی گەلێکی جوان خۆیان بە کێشەی بەهەرێمایەتی هەبوونە نادڵنیاییەکەیانەوە سەرقاڵ کردبوو، یان بۆ ئەوەی گوزارەیەکی زۆر بەهاداری دێریدا بەکاربهێنین، بەشێوەیەکی کردۆنیکیانە لەلایەن ئەم کێشەیەوە «بەسەر دەکرێتەوە».

ناوەرۆکی بنەڕەتییانەی چەمکی هانتۆلۆژی han-tologie، لە ڕێی ڕابردوویەکی تەواونەکراوەوە زانستی «بەسەرکردنەوە» دەدوێنێت.

«ئێمە ئەم گەمەکردنە نایابە بە وشەکان لە گرنگترین کاری سیاسییانەی دێریدا لە: «تارماییەکانی مارکس»دا دەبینینەوە، کە تیایدا ئاماژەیەکی دوولایەنانە دەخاتە بەردەم «ئۆنتۆلۆژی» هەروەک چۆن دەیخاتە بەردەم نوکتە پووچە هانتالۆژییەکەی لاکانیشەوە»: شتەکەش بەوە دەردەکەوێت کە ناشێت لە چ شتێکی تردا بێت جگە لە شوێنەوارە زاڵەکانی ئەمبیڤالێنسی «دوو فاقی» جوولەکەیی و میسری نەبێت. کە سەرچاوەکانی لەو دۆخەدا مابوونەوە تاوەکو بگەڕێن، وەک فرۆید دەڵێت، کە مووسا ویستی جوولەکەکان «بەرەو دەرەوەی وڵات بەڕێ بکات» و بەخەتەنەکردنی نەریتیشیان ڕاسپێرێت. «کە تاڕادەیەک بۆ میسرییەکان کردی». «هەمان سەرچاوە، ل٤٧٨».

دێریدا بەم ڕاڤەکردنەی بۆ «بەسەرکردنەوە Heim-suchung» ئەو بیرۆکانە فۆرمالیزە دەکاتەوە کە فرۆید شیکردوونەتەوە کە مرۆ ناتوانێت جوولەکە بێت، ئەگەر بەجۆرێک لەجۆرەکان بەرجەستەی میسرییەک، یان تارماییەکی میسری نەکات.

لە کارە درەنگەکانی فرۆیددا شالاوی چەمکی «وەلانان/ شێوەگۆڕین Entstellung» نەک هەر شیاوی باسکردنە، بەڵکو پتر بەو ئەنجامە توندگیرەی کارلێکی خۆی دەبێت کە تێیدا ئەفسانەی کۆڕەوەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە. لە چوارچێوەی ڕامانە تیۆرییەکانی فرۆید ئەوە دەخوێنینەوە گوزارەی کۆڕەو Exodus(*) چی دیکە ئێستا ئاماژەیەک نییە لەسەر جیابوونەوەی جوولەکایەتی لە دۆستایەتییە میسرییەکەدا، بەڵکو ئاماژەیە لەسەر بەدیهێنانی میسرگەرایی Agyp-tizismus ڕادیکاڵ لەڕێی ئامرازی جوولەکەییەوە.

ئیدی مێژووی بیرۆکەکان لەوێوە فۆرمی یارییەکی زەبرئامێزی وەدواخستن وەردەگرێت کە تێیدا مۆتیڤی گەردوونگەرایی میسری لەڕێی بکەرێکی نا- میسرییەوە کاری پێدەکرێت.

دەشێت ئەوە بەلای دەروونناسەکانەوە ئاشکرا بێت کە فرۆید لە دوایەمین پشکنینەکەی خۆیدا چەمکی نەست Unterbewusstی بەمانا باوەکەی زۆر بە کەمی بەکارهێناوە، وەک ئەوەی ئەو چەمکە لەڕێی هاتنە ناوەوەی چەمکی«شێوەگۆڕین/ وەلانان»ەوە چی دیکە بووبێتە شتێکی زیادە.

لەهەندێک باریشدا ئێمە دەتوانین مووسای پیاو وەک خۆ ڕاستکەرەوەیەکی شیکردنەوەی دەروونی لە دوا ساتدا بخوێنینەوە. بەم پێیە پەیامی فرۆیدی درەنگان بریتی دەبێت لە: لەدوا ئاستدا نەست Unbewusste بۆ چارەنووسی مرۆڤ چ بایەخێکی نییە.

ئەوەش بەڕاستی حسێبی بۆ دەکرێت بریتییە لەو حەشارگە Incognitoیەی کە سەرچاوەی بیرۆکە زاڵەکان دەشارێتەوە. لەبەر ئەوەش شێواندنی سەرکەوتوو دەچێتەوە دەرەوەی پەنهانکردنی چالاکەوە، ئەوە حەشارگە میسرییەکە لای پارێزەرەکەی خۆی هەڵگیراوەتەوە، هەروەک ئەوەی ئەمە لای ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەکەوە بریتی بووبیت لە پیلانێک. بەپێی سروشتیش فیگۆری مووسا دەبوو یەکەم کەس بوایە کە شێواندنەکە گرتبێتییەوە. پاش ئەوەش ئەم کارەکانی خۆی ڕاپەڕاند، ئیدی ئەم ڕابەری جوولەکایەتییە بۆ خۆشی لەو دۆخەدا نەبوو تاوەکو بەدڵنیاییەوە بڵێت بەڕاستی ئەو لە کوێوە هاتووە. لەدۆخێکی وەهاشدا بێ گومان پرۆژەکان لە بنەڕەتەکان گرنگتر دەبن. ئیدی ئێستا چاوپێداخشانەوە بە بنەچەدا بەرانبەر بەنیگاخستنە سەر وڵاتە

پەسندکراوەکە دەچێتە ڕیزی دووەمەوە.

ئەگەر ئێمە تاکو کۆتایی بیر لە ڕامانەکانی فرۆید لەسەر پیشەسازییە نائارامەکەی شوناسی جوولەکەیی بکەینەوە، ئەوسا کاریگەری کۆڕەوەکە کە بەهیچ جۆرێک ناشێت پێچەوانە بکرێتەوە شیاوی تێگەیشتن دەبێت کە: بەبێی فرۆید کۆچکردن لەمیسرەوە بەرەو دەرەوە بووە مایەی ئەوەی جووە مووساییەکان وەکو گەلێکی جیاواز لە میسرییەکان heteroagyptisches Volk بێنە ئاراوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لە هیچ بارودۆخێکدا ڕەنگە نەتوانن بۆ دۆخی پێشووی خۆیان بگەڕێنەوە، تەنانەت ئەگەر خودی خۆشیان بیان ویستایە. واتە شوێنەواری (ئەوانی تر) بەشێوەیەکی ئەوتۆ خۆی لە قووڵایی هەناوی خودی (خۆ)دا چەسپیبوو کە بە هیچ جۆرێک شیاوی شیتەڵبوونەوە نییە، بەمەش توانی خۆی زۆر نەناسراو بکات و هەروەهاش لەلایەن پرۆگرامە نوێکانەوە دابپۆشرێت. ئەم شەقڵگرتنە هێندە قووڵ ڕۆچوو بوو، کە تەنانەت لەلایەن بێگانەکانیشەوە بەنیشانەیەک بۆ تایبەتمەندێتی و خۆیەتی خود وەرگیرا بوو: واتە، ئەگەر لە ڕاستیدا ئەم بڕینە ئاماژەیەک بێت لەسەر (هەڵبژاردەیی) (مەبەست لە بیرۆکەی هەڵبژاردنی گەلی جووە لەلایەن خوداوە/ب.ع) وەک چۆن فرۆید لە جەخت لەسەرکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە چ کۆڵی نەدەدا، ئەوە ئەم ئاماژەیە لەلایەن ئەوانەوە دەخوازرا کە دەیانویست خۆیان وەک گەلێکی کۆچبەری لەپێناوی هەموو شتێکدا لەجیهاندا، لەداهاتوودا جیابکەنەوە.

## (٣) تۆماس مان و دێریدا

دیسانەوە لەم جێگەیەشدا داوای دێریدا لەگوێچکەمدا دەزرنگێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وریابین لە وەرگێڕاندن و گۆڕینی ئەو کۆنتێکستانەی «هاودەقانەی» کە زۆرجار دەکەونە زۆر دوور لە یەکترەوە. لەم داواکارییەشدا هەر لە دوورەوە ئاگادارییە ناسراوەکەی نیتشە بەرەو ئێرە درێژە بە خۆی دەدات: «بەر لە هەر شت منتان لێ نەگۆڕێت!»، لێرەدا دەبێت جەخت بکەمەوە کە ئەو ڕێنماییە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت بە هەنووکە دەکرێت کاتێک ئێمە لەمەی لەخوارەوە دێت بوێرین هاودەقاندنێک/ Kontextuierung بچڕین کە چوارچێوەی خۆ دەربڕینی دێریدا بشکێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا لە دژی ئەم بە بێگانەبوونە توندگیرە خۆی زۆر لەناوکی ئۆپەراسیۆنە پڕ ئەنجامەکەی نزیک بخاتەوە.

لەمەی داهاتوودا، من ڕێی ئەو هزرە بەخۆم دەدەم، کە ڕەوتی سەرسوڕهێنەرانەی ژیانی دێریدا، کە لە جەزائیر لەدایکبووە و لە فەرەنسا دەست پێ دەکات و ئینجا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دواجاریش لەناو پاشماوەی تری تەواوی دنیادا دەگیرسێتەوە، بەشێوازێکی تەواو ناڕاستەوخۆیانە، بەڵام تایبەتی و خۆییانە لەلایەن یەکێک لە ڕۆماننووسە گەورەکانی سەدەی بیستەوە پێشبینی زەمەنەکەی کراوە. هەڵبەت ئەمە لە حاڵەتی نیگاکردنە سەر دێریدا وەکو تاکێک بڕ ناکات، بەڵکو لەحاڵەتی نیگاخستنە سەر ئەو شێوازە لادەرەی بنەچە جوولەکەییەکە لەمانا گشتییەکەیدا کە لە قەراغەکانی ئیمپراتۆرەکەوە هاتووە و لەڕێی نیشاندانی توانایەکی توند و بەرزەوە جێگەیەکی بایەخداری لەناو نێوەندی لۆژیکیانەی دەستەڵاتدا بەدەست هێناوە.

با ئەوەشم لەکیس نەچێت، کە بیریارێکی وەک دێریدا، کە ڕێزگرتن لەتاکەکان بەلایەوە مانایەکی زۆر هەبووە، دەبوو خستنە- ناو- پێوەندییەکی ئیندیڤیدوئێلانەی لەو جۆرەوە بەو فۆرمە نموونەییانەوە زۆر قووڵ گومان لێکراو بووایە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا من مەبەستمە بۆ ئەم جارە گەشتێک لەناو کەژاوەی شێوازەکەیدا بەرەو ئەو ئامانجە بەڕێ بکەم (بەبێ نزیکبوونەوە لە هەرێمە ڕەخنەییەکان)، بەبێ ئەوەی لەمەدا ناهەقی بەرانبەر بە گرنگێتی حاڵەتە تاکانەییەکان بکەین.

تۆماس مان لەناو ئەو هاوکاتێتییە سەرنجڕاکێشەی لەگەڵ فرۆیدی بەساڵدا چوودا هەیبوو، ئاگای لە هەنووکەیەتی ئەو مادە تەوراتییە بوو، وەکو دواتریش لە ڕاگەیاندنێکی ناسراودا وتبووی، ئەو لە کۆتایی ساڵانی بیستی سەدەی بیستەمەوە خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کرد بوو فاشیزمی ڕووناکبیرانە شێلگیرانە بکاتە ئەفسانە تاوەکو وەریچەرخێنێتە سەر ڕوویەکی مرۆییانە. دەشێت مرۆ ڕۆمانە چوارینەییەکەی ئەو کە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٤٣ بەناوونیشانی یووسف و براکانی دەرکەوت بە بەرایی مێژووی بیر و ئەدەبیاتی سەدەی بیستی وەسف بکات. یەکەم، لەبەر ئەوەی بەوەدا کە بەرجەستەی نهێنی تین شاکاری تیۆلۆژیای مۆدێرن دەکات ئەوە بیرکردنەوە لە لیستێکی نوێکراوەی «جێترازان/

شێوەگۆڕین Entstellung» لە دەرەوەی کۆلێژەکانی تیۆلۆژیاوە تەماشای کایەی گشتی کردووە. دووەمیش، وەکو کردارێکی گەورەی هاوشان بە فرۆیدی تایبەتمەند کە تێیدا ئەو لزومانەی لە پێوانەکردن نایەن چوونەتە ئەو قوولاییانەوە کە لە ئەنجامی وەرگەڕانی شیکاری دەروونی و ڕۆمانی چیرۆکی کۆچەکەوە بەرپا بوون. کەواتە ئەگەر دەرچوونی جووەکان لە میسرەوە لە ڕاستیدا مانای بەردەوامبوونی میسرایەتی بگەیەنێت بە هۆکارێکی تر- کە تۆماس مانیش بەشێوازی خۆی هەروەکو فرۆید گەیشتووەتە هەمان دەرەنجام- ئەوە دەشێت ئەوە تەنیا مەسەلەیەکی کات بێت، تاوەکو هیترۆ میسرییەکان دەگەنە بیرۆکەی ئەوەی پێوەندی خۆیان بەهۆمۆمیسرییەکانەوە «ئەگەر بلوێت وەها ناویان بهێنین» بخەنەوە بەر پشکنینەوە.

تۆماس مان خاڵی وەرچەرخانی نێوان دەرچوون لەمیسر و کۆچکردن بەرەو میسر لە دیرۆکی یووسفی لاودا بینییەوە. وەک دەزانین یووسفیش کوڕە تازە ئازیزەکەی یاقووب بوو، لەبەر ئەمە بوو براکانی ڕقیان لێی دەبووەوە، تا دواجار بۆ ئەوەی لێی ڕزگار بن ڕۆژێک دەیفڕێنن و بە بازرگانێکی دەفرۆشن. وەک چیرۆکخوانەکە دەیگێڕێتەوە، فرەمانایییەکی قووڵ بەم تاوانەوە لکاوە. واتە ئەم چیرۆکە تەنیا بۆ ئەوە دەست نادات نهێنی ئەو نادادوەرییە پیشان بدات کە ناشێت لەو خۆشەویستییە پەسەندکراوە جیا بکرێتەوە و دەشڕژێتە ناو پەیدابوونی هەستی غیرە و ئیرەییەوە، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا ئەو دەرفەتە نایابەشمان پێشکەش دەکات کە ئەو گرفتەی وەک جنێودانێک بەخودا دەردەکەوێت، سەرەتا و بە تەنیا بەچاو پێداخشاندنەوەیەکی پێوەندی جووەکان بە میسرییەکانەوە چارە دەکرێت. ئەم ئیرۆنییەی تۆماس مان ئەو ئاماژە شاراوەیە بە خوێنەر دەبەخشێت کە هێندە فراوانە بتوانێت ئەو ئاماژانە بگرێتەوە، کە دەڵێت، یەکێک لە کوڕە بەهرەمەندەکانی یاقووبی باوک لە ڕاستیدا لە تەواوی ژیانیدا نەدەکرا لەوە باشتری بەسەردا بێت کە ببرێتە میسر و بفرۆشرێت. خۆ ئەگەر ئەم یووسفە لەلایەن براکانییەوە وازی لێ بهێنرایە، ئەوە دەشیا لای بیرەکانی ئیسرائیلەوە ببێتە خاوەنێکی لەباری ڕانە مەڕیک، یان باخەوان و کشتیارێکی زەیتوون کە لەگەڵ چنینەوەی بەرەکەتی بەروبوومی درەختەکاندا گوێی ڕادەگرت، ئەوە ئەوسا لەمیسر ڕێچکەی دیکە دەکرانەوە، ئەگەر پێش وەختیش بگوترێت، ئەوە تازەهاتووەکان دەیانتوانی بەهۆی ئەوەی ناچارانە کۆچیان بەرەو میسر کردووە، لایەنی چاکە لەمەدا بۆ خۆیان کێش بکەن. چیرۆکەکەی تۆماس مان لێدوانێکی درێژ بۆ ئەم دروشمە دەگوێزێتەوە: «بەخت لەناو بەدبەختیدا». لەڕاستیشدا دەکرا هۆکاری «جێگۆڕین»ی دووەم بەرەو میسر ئەو هیتەرۆمیسرییە سامناکانەی چووبوونە ناو میسرەوە ئەو توانایەی لەگەڵ خۆیدا بهێنایە کە لە هۆمۆمیسرییەکان باشتر تێبگات وەک تێگەیشتنی لە خودی خۆی. ئەم تێڕامانە هێرمەنیۆتیکییە لەوانەشە بریتی بووایە لە دیارییەکی پەراوێزە تایبەتمەندەکەی خۆی. لە ڕاستیشدا هەر ئەوە دەبێت کە خۆی وەکو کلیلێک بۆ سەرکەوتنەکانی یووسف لە میسر دەسەلمێنێت. ئێمەش لێرەدا ئەو تێبینییەمان بەسە کە ڕاڤەکردنی خەونەکانی فیرعەون لەڕێی ئەوەی دواتر بێ چاوپۆشی لێکردن بووەتە هێرمەنیۆتیکەرێکی لاو، وەک تۆماس مان ئەوەی بەهۆی لاسایی کردنەوەیەکی وردی شیکاری دەروونییەوە پیشان دا، بەدەوڵەمەندترین دیمەنی ئەدەبیاتی جیهانی مۆدێرن دادەنرێت.

ئەگەر من ئاماژەشم بەوە دابێت، کە تۆماس مانی ڕۆمانسی دەشێت سەرکەوتووانە یەکێک بێت لە پێشبینیکەرانی دیاردەی دێریدا، هەڵبەت بێ ئەوەی خۆی بیخوازێت، ئەوە ئەمە بە فیگۆرە نایابەکەی یووسفەوە گرێ دراوە، باشترە بڵێم، بە پێگەی یووسفەوە وەک خۆی، کاتێک پێویست دەکات مرۆ نیشانەکەی لە «سەرکەوتن- لەمیسر- بە نەفرەتی- بوون»ەوە دەربهێنێت. یووسف بەدەستی خاڵییەوە چووە میسر کەچی لەوێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، وەک دەزانین تەنیاش، بەسەر قەراغە باریکەکەی ئەو هونەرەوە کە بۆ میسرییەکان ئاماژە نەخوێنراوەکان بخوێنرێتەوە، لە حاڵەتی پێویستیشدا سەرکەوتن بوو بەسەر ڕاڤەکردنی خەونەکەدا.

تۆماس مان ڕەوتی بەرەو پێشڤەچوونی سیگمۆند فرۆیدی لەبەرچاو بوو، فرۆید کە توانی سەرکەوتوو بێت لەوەی پێشنیارەکانی خۆی بکاتە زانستی وانەی خەون، کە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی درەنگ وەختی ئاوسترۆمیسرییەکان «خێزانی زمانە میسرییەکان»

habsburgischen Austro-Agypterی میسری لە لێکدانەوەکانی خۆی ڕزگار و سەربەخۆ بکات.

فرۆیدیش بەشێوازی خۆی پێگەی یووسفی بەهەنووکە کردەوە، تاوەکو ئەو ژمارەگەلەی بەدوایدا هاتن ئاماژەیەک لەدوای خۆیانەوە بەجێ بهێڵن، کە نەوە تازەکان فەرامۆش نەکەن. هەڵبەت ئەم دانەرانە لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بەرەو میسر چیدی پێویست بەوە ناکات شەقامەکانی بازرگانی کردنی کۆیلە بەکاربهێنن، کە دیاسپۆرا لەلایەن خۆیەوە ئەو خەمەی دەخوارد کە لە کۆچەکەوە بۆ زۆر کەس پێچێکی کورت دروست کراوە، بەڵام بۆچوونە ناو قەڵای لۆژیکییانە و پسایکۆلۆژییانەی میسرگەراییەوە مرۆ دەتوانێت تەنانەت لەسەردەمی مۆدێرنیشدا تەنیا بەو هۆکارە قورسانەوە بگاتە ڕۆژگاری یووسف، بەتایبەتیش بەسەر زانستی ئاماژەکانەوە. لێرەوەیە کە ڕاڤەی خەون Traumdeutung نەک هەر بریتییە لە ڕێگەی پاشا بۆ ناو دەروون Psyche، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا بریتییە لەو گوریسە توند گرژەوەبووەی کە لەسەری پێوبستە سیمیۆلۆژیای هێتەرۆمیسری لە ڕێگەی خۆیدا بەرەو ناوەوەی دامەزراوە فیرعەونییەکان هاوسەنگ بێتەوە. لەمەشدا هەر لەسەرەتاوە لای ڕوون دەبێت کە ئەو تەنیا لەوەدا دەتوانێت بەختی خۆی تاقی بکاتەوە کاتێک ئەو پیشەسازییە سمیبۆلییەکانی بەتواناکان بەیەکێک بۆ ئەو شیکارە تەواو نایابە لێک بداتەوە.

لێرەدا ئەم ئاماژەیە لە جێگەی خۆیدایە کە لێکدەرەوە مارکسییەکانی فریادرەسگەرایی Messianismus، لەوانە ئێرنست بلۆخ و ڤالتەر بنیامین، واتە تەنیا یەک نەوەی دوای فرۆید، ئەوسا لەکاتی خۆیدا هەوڵی ئەوەیان دا کە ڕاڤەیەکی دووەمی خەون، کە نافرۆیدیانە بێت، دابهێنن. لەمەشدا چی دیکە خەونەکانی دەسەڵاتداران و (ژنەکانیشیان) هێندە زۆر نەدەکەوتنە چەقەوە، بەڵکو ئەم نووسەرانە لەوەوە دەستییان پێکرد شیکردنەوەی خەونی جەماوەری بخەنە گەڕ، کە دەبوو لەڕەوتی خۆیاندا خەونە پرۆلیتارییەکان و میللییەکان لە ژیانێکی باشترەوە بەرەو هێزێکی بەرهەمهێنەری سیاسی بەرزبکەنەوە. ناوەرۆکی ئەم ڕاڤەی دووەمەی خەون بووە مایەی دروستبوونی ڕاڤەی ئاماژەکان و شوێنەوارەکان، کە مرۆڤایەتی لێیانەوە هەر لە ڕۆژگاری سەردەمی کۆنەوە، بەپێی شێوازی ڕاڤەکردنی فریادرەسانە، کۆمۆنیزمی پێش خستبوو. ئەوەش شایانی سەرنج بوو، چۆن لێرەدا سنووردارکردنی چارەسەرکردنەکە کورت کرابووەوە سەر خەونەکانی شەو، ئەوە ئێستا لەهێڵی یەکەمدا خەونەکانی ڕۆژ و هەروەها پێکهێنەرە یۆتۆپییەکانی هەست خزێنراونەتە ناو کاری هەرمێنیوتیکی نوێوە.

هەڵبەت حاڵەتی بنیامین ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن ڕەوتێکی لەوەی یووسف لەبەردەمی ئەو پاشخانەوە دەتوانێت شکست بهێنێت. لەکاتێکدا لە ئەرنست بلۆخەوە ئەو وانەیە دەخوێنینەوە، کە بەپێی ڕاڤەکەری خەونەکە، لە ئاگرێکی تەواو بەتینی پێشبنیکەرەوە، دواجار ئەوە بەشتێکی هاکەزایی دەمێنێتەوە، ئاخۆ جەماوەر بایەخ بە ڕاڤەی سیاسی و تیۆلۆژییانەی خەونەکانی خۆی دەدات، یان نا؟

لەخستنەڕووی ئەم پێوەندییانەوە ئەوەمان دێتە بەر دەست کە بۆچی دەبێت هەڵوەشاندنەوەگەری دێریدا وەک شەپۆلی سێیەمی ڕاڤەکردنی خەون لەڕێی پێگە یووسفییەکەوە تێ بگەین. ئەو پێشتر بەلایەوە ڕوون بووە کە ئەو تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بە ئاکام بگات کە بەتەواوەتی بەسەر مۆدێلەکانی شیکاری دەروونی و هەرمەنیوتیکی فریادرەسیدا تێپەڕێت. بەپێی دۆخی شتەکان ئەمەش لە فۆرمی سیمبۆلۆژییەکی ڕادیکاڵدا ڕووی دا، کە ئەو بەڵگەیەی دۆزییەوە کە ئاماژەکانی بوون هیچ کاتێک ناوەرۆکی ئەو مانایانە ناگوێزنەوە کە گفتی ماناپێدانیان پێ دەدات. شتێک با بەجۆرێکی تر بڵێین: بوون بریتی نییە لە نێرەرێکی ڕاستەقینە، سوبیەکتیش ناتوانێت شوێنی کۆبوونەوەی تێکڕای شتەکان بێت. دێریدا ڕاڤەی شانسە یووسفییەکە بەو جۆرە دەکات کاتێک ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن لەناو ئێمەدا مەرگ خەون دەبینێت، یان بە گوزارەیەکی دیکە: میسرییەکان چۆن لەناو ئێمەدا کار دەکەن.

«میسرێتی» بریتییە لە هەڵسەنگێنەر و هەڵگری هەموو ئەو پێکهێنەرانەی Konstrukte کە دەتوانن هەڵوەشانگەری Dekonstruktion بەرزێنن. هەڵبەت بێجگە لەبەزاندنی وێنە سەرەکییەکەی میسر، کە هەرەمەکانن.

ئەو لە هەموو سەردەمەکاندا تەنانەت بەبێ هیچ

ڕاتەکاندنێکیش لەجێگەی خۆیدا توند بەجێگیری ڕادەوەستێت، چونکە فۆرمی ئەو هیچ نییە جگە لە پاشماوەی پێکهێنانێک کە شیاوی لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوە نییە و بەپێی نەخشەی تەلارسازەکە وەها دروست دەکرێت کە وەک پاش هەرەسهێنانەکەی دەربکەوێت.

**پەراوێز:**

**1- Jackues Derrida, in: Florian Roetzer, Franzoesische Philosophen im Gespraech, Muenchen 1987, S.74.**
**2- Niklas Luhmann, Dekonstruktion als Beobachtung zweiter Ordung, in: N.L., Aufsatze und Reden, hg.von Oliver Jahraus, Stuttgart 2001, S.286.**
**3- Sigmund Freud, Der Mann Moses und die monotheistisch Religion, in: S.F., Studienausgabe BandlX, Fragen der Gesellschaft, Urspung der Religion, frankfurt am Main 1974, S.459.**

*** «مەبەست لە چیرۆکی کۆڕەوی جوولەکەیە لەتەوراتدا. ب.ع.»**

**سەرچاوە:**

**Peter Sloterdijk, Derrida ein Agypter Uber das problem der judischen Pyramide (edition Suhrkamp) 2007**

**سەرنج:**

**ئەم وەرگێڕانە تەنیا بریتییە لە سێ بەش لە کۆی حەوت بەشی ئەو وتارەی سلۆتەردایک کە تەنیا یەک ڕۆژ پاش مەرگی دێریدا لە پاریس لەکۆڕێکدا بەناوونیشانی «یەک ڕۆژ دێریدا» دابووی. کە پاشتر لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧دا لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاوکرایەوە. من لەبەر ئەوەی نیازخوازم سەرجەمی وتارەکە وەک نامیلکەیەک بڵاوبکەمەوە، ڕەنگە بەشیاوی نەزانم تەواوی دەقەکە پێشتر لە هیچ گۆڤارێکدا بڵاو بکەمەوە، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ گۆڤاری ڕامانی ئازیز بە پەسەندی دەزانم ئەم سێ بەشە پێشکەش بە خوێنەرەکانی بکەم.**

# سەرەقەڵەمێکی مێژوویی لە بارەی دەرکەوتن و ڕۆڵی میر ئەحمەد نەسر دەولەی مەروانی

ئا: شوکر سلێمان

**پێشەکی**

دیارە گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەو کات و لە دوای ئەودا نووسراون، وامان لێ دەکات زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە تەواوی مەبەست و دەرئەنجامێکی زانستییانە، لە لایەکی دیکەشەوە قسەکردن لەبارەی سەرکردەیەک کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا توانی بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە دەوڵەتەکەی بەڕێوە ببات و تا ڕادەیەکی زۆر ببێتە جێگەی تێبینی و سەرنجی دراوسێکان و ئەو میر و سەرکردانەی لە نزیک و دوورەوە ناسیویانە، هەروەها بەخشندەیی و مرۆڤ دۆستی ئەو بۆ هاووڵاتیانی نێو دەوڵەتەکەی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی میر لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانیدا، هەمیشە جێگەی باس و لێدوان و مشتومڕی ئەوان بووە.

هەڵبەت ئەم لێکۆڵینەوەیە کە ناوی (ماوەی فەرمانڕەوایی میر نەسر دەولەی مەروانییە) کە زیاتر لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییەو دوان و قسەکردنێکە لەو پیاوە مەزن و مرۆڤ دۆستە و چۆنیەتی شرۆڤەکردنی فەرمانڕەوایی ئەو پیاوەیە لە نێو ئەو میرنشینەدا، یان بڵێین ئەو دەوڵەتەدا، تا چ ئاستێک بووە و تا چەند ئەو پیاوە توانیویەتی جۆرێک لە شارستانیەت و بنیادنان و دامەزراندنی پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی لایەنی بازرگانی میرنشینەکەی پێش بخات، دیارە لێکۆڵینەوەش لەسەر مەروانییەکان و خودی ئەحمەد میر نەسر دەولەی مەروانی کارێکە دەچێتە بۆتەی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕوونکردنەوەی لایەنە تاریکەکانی مێژووی ئەو میرنشینەو ئەو سەرکردەیە.

هەڵبەت میر نەسر دەوڵەی مەروانی یەکێکە لە میرە هەرە دیار و بەناوبانگەکانی میرنشینی مەروانی، ئەمەش چ لە ڕووی بایەخدان بە میرنشینەکە لە ڕووی ئاوەدانی و پێشخستنی لایەنی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئابووری و بازرگانی، چ لە لایەنی پاراستنی میرنشینەکەی لە دوژمنان و پیلانگێرانی دەوروبەر، بۆیە دەبینین میر نەسر دەوڵە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر ئەوپەڕی باش بووە، هەر ئەو نزیکی و دۆستایەتییەی نێوان میر نەسر دەوڵەو دەوڵەتی عەباسی (١٣٢- ٦٥٦)ک بوو، بووە هۆی ئەوەی کە خەلیفەی عەباسییەکان پاڵپشتییەکی چاکی میر نەسر دەوڵە بکەن لە پەرەپێدان و چەسپاندنی دەسەڵاتی لە دەرەوە و لە ناوەوەی میرنشینەکەیدا، ڕەنگە هاوکاریکردنی عەباسییەکان و بویەهییەکان لە جێگیرکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی میر نەسر دەوڵەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شوێنی جوگرافی دەوڵەتی مەروانییەکان لە ڕووی ڕامیارییەوە شوێنێکی گرنگی هەبوو، بەتایبەتی کە جوگرافیای وڵاتی مەروانییەکان کەوتبووە نێوان سێ دەوڵەتی ناکۆک بەیەک، کە دەوڵەتی عەباسی و بویەهییەکان لە باشوور و خەلافەتی فاتمییەکان لە باشووری ڕۆژئاوا و دەوڵەتی بێزەنتییەکان لە باکووردا، دیارە بوونی ئەو میرنشینە لە نێوان ئەو هەموو وڵاتانەدا بەجۆرێک لە ژیانی ئاشتییانە خۆی لە خۆیدا بۆ لێهاتوویی و سەلیقەی میر نەسر دەوڵە دەگەڕێتەوە، کە هەردەم عەباسییەکان خۆیان لە میر نەسر دەوڵە نزیک کردووەتەوە کە ئەمەش بێ گومان لە بوونی ئامانجی ڕامیاری بەدەر نییە، چونکە نیاز پاکی و پێوەندییە باشەکانی میر نەسر دەوڵە لەگەڵ فاتمییەکان و بێزەنتییەکان لەو کاتدا هۆکارێکی زۆر کاریگەری پاراستنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە.

### بۆچی ئەم لێکۆڵینەوەیە؟

ڕەنگە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێین دوان و قسەکردن لەو کەسایەتییانەی گەلەکەمان کە لە ڕۆژانێکدا ڕۆڵێکی کاریگەر و پڕ لە سەروەرییان تۆمار کردووە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی سەروەری دەوڵەت و قەوارەی سیاسییان خۆی لە خۆیدا کارێکی زێدە پێویستە، لە لایەکی دیکەوە گێڕانەوەی کورتەیەک لە مێژووی فەرمانڕەوایی میر نەسر ئەلدەوڵە لە مێژووی ئیسلامی و گەلەکەمان هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکە لە مێژووی ئەو کەڵە پیاوە کە چ ڕۆڵێکی لە مێژوودا هەبووە، دیارە هەمیشە نووسینەوەی مێژووی گەلەکەمان لەلایەن مێژوونووسانی غەیری کوردەوە وای کردووە زۆرجاران (ئەگەر بەشێوەیەکی هەمیشەییش نەبێت) بکەوێتە ژێر لێو و شاردنەوە و دەرنەخستنی سەرجەم لایەنە پرشنگدارەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆر جار ئەم مێژووە نەک وەکو خۆی نەگێڕدراوەتەوە، بەڵکو شێوێنراویشە، بۆیە بە پێویستم زانی چەند لاپەڕەیەک بکەمە نوێشکەیەک و ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی فەرمانڕەوایی ئەم کەڵە پیاوە، هەروەها بۆ پتر ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی مێژووی ئەو میرنشینە لە مێژووی دوور و نزیکماندا.

دیارە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تووشی هەندێ ئاستەنگ و گرفت بووم، بێ گومان هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش بێ گرفت و ئاستەنگ تێناپەڕێ، هەڵبەت سروشتی لێکۆڵینەوە وایە کاتێ دەتەوێ چەند لاپەڕەیەک وەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە تۆمار بکەیت پێویستت بە سەرچاوەی مێژوویی گرنگە، کە لە ڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوەکەت بباتە ئاستی توێژینەوەیەکی لایەق بەو بابەتەی نووسیوتە، دیارە چنگ کەوتنی ئەو سەرچاوانەش هەروا ئاسان نییە، لەلایەکی دیکەوە وەرگێڕان و بەدواداچوونی سەرچاوەکان بە زمانی دیکەی غەیرە کوردی ئەمەش ئاستەنگێکی دیکە بوو کە زاڵبوون بەسەر چۆنیەتی وەرگێڕان و گەڕان بەدوای مەبەست و ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکاندا دیسان لای من بە ئاستەنگ کەوتەوە.

### دەرکەوتنی میر ئەحمەد کوڕی میر نەسر دەوڵەی مەروانی (٤٠٢ک - ١٠١٠ز)

میر ئەحمەد یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە بەناوبانگەکانی میرنشینی مەروانی کە توانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی بکات. شەرەفخانی بەدلیسی بەم شێوەیە باسی ئەو سەرکردەیە دەکات: (لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عەبدلقادر و بیلای خەلیفەی عەباسیدا، دەسەڵاتی ئەو پادشا کوردە گەیوەتە چلەپۆپەی بەرزی و بە پایەیەک گەیشتووە کە خەلیفەی بەغدا نازناوی نەسرو دەوڵەی پێ داوە. ئەحمەدی کوڕی مەروان هەشتا ساڵ ژیاوە و پەنجاو دوو

ساڵی ڕەبەق لەسەر تەختی پادشایەتی دیاربەکر و جزیرە مــەزنایەتی کــردووە و زۆر بە شــادی و دڵگوشــادی و کامڕەوایی و خۆشگوزەرانی ڕای بوواردووە).(١)

مــێــژوونووسی کــوردســتــانی جــەلیل ئەحــمــەد کــوڕی یووسفی فارقی تاکە مێژوونووسە کە بەشێوەیەکی دوور و درێژ لە بابەت چۆنیەتی دانانی میر نەسر دەوڵە ئەحمەدی کــوڕی مــەروان لە نێــوان مــیــر خــەواجــە ئەبی قــاسـمی ئەسـفـەهانی لە لایەک و لە نێوان هاوولاتـیـانی شــاری ئەرزن و تاکەکانی سوپای سەرۆک و خێڵەکانی کوردی لە لایەکی دیکەوە باسی ئەو کـارەسـاتە پڕ لە ئازارەمـان بۆ دەگێڕێتەوە کە تەواوی دەوڵەتی دۆستەکی (مەروانی) کە خــۆی لە پیــلانەکــەی شــێــروەدا دەبینێــتــەوە بۆ باس دەکات.(٢)

میر نەسردەولە دوای کوژرانی ئەبو مەنسوور سەعیدی مــەروان (مــهـد الدولة) بووە بە مــیــری مــیــرنشــینی مەروانی(٣)

وەک فــارقی لە مــێــژووی مــەروانی باسی دەوڵــەتی مەروانی دەکات و دەڵێ: (ئەحمەد لەسەردەمی حوکمڕانی مـەهدولدەولە بۆ شاری سـەعرد دوور خرابووەوە، بەهۆی ناکـۆکی ئەو لەگـەڵ مـەهدولدەولە، هەروەها فـارقی بەم شێـوەیە باسی سـەرەتای ئەو ناکـۆکـییە دەکـات و دەڵێ: ڕۆژێک میر ئەحمەد بە مەهدولدەولە دەڵێت: ئەم شەو لە خەونمدا مـانگ کەوتە کـۆشم، هەر لەو خەوەدا بینیم ڕۆژ لەسـەر سـەرم بوو، لەو کـاتەدا مـەهدولدەولە دەڵێ: ئەم خەوەت واتاکەی ئەوەیە تۆ دەبیت بە میـر، بۆیە نامەوێ بتبینم ئەگەر نا دەتکوژم..) (٤)

شێـروە کە لەسـەردەمی مـیـر مـەهدەلدەولە پیـاوێکی بالادەست بووە، هەر خۆشی پیلانی کوشتنی مەهدلدەلەی دارشت بە هاوکاری ئیبن فلیوس کە ئەوکات لە سەردەمی مــەهدودەولە بەڕێوەبەری پۆلیس بووە، شــێــروە دوای کوشتنی مەهدولدەولە دەستی بەسەر سەرجەم ڕێگەکانی شـاری مـیـافـارقـیندا گـرتووە، نەوەک هەواڵی کـوشـتنی (مـەهدولدەولـە) بلاوبـبێـتـەوە، هەر لەو کـاتـەدا هێـزێک دەنێـرێ بۆ لای خەواجـە ئەبو قـاسم ئەسـفـەهانی (*) کـە ئەوکــاتە لە شــاری ئەرزن فــەرمــانڕەوا بــووە، داوای لێ دەکــات بەهەر شــێــوەیەک بێت ئەو شــارەی (ئەرزن)* تەسلیم بکات و ئەرزن بدات بە دەستەوە، بەڵام خەواجە ئەم داواکارییەی شێروە ڕەت دەکاتەوە.

دوای ئەوەی خــەواجــە ئەبـو قـاسـم ڕازی نابێت شــاری ئەرزن بەدەستی هێزەکانی شێروە بدات، هەر لەو کاتەدا خـەواجە ئەبو قـاسم هەواڵی کـوشـتنی مـەهدولدەولە بە ئەحــمــەد نەســر ئەلدەولە ڕادەگــەیەنێت و لە تەواوی پیلانەکانی شێروەی ئاگەدار دەکاتەوە.

ئەوەبوو مـیـر نەسر ئەلدەولە لە شاری سـەعـرەدەوە هاتە شـاری ئەرزن و لەوێدا بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێـزەکـانی شێـروە خـۆی قـایم کـرد، کـە ئەوکـاتە دەیانویست هێـرش بکەنە سەر شـاری ئەرزن بۆ دەسـتگیـرکـردنی مـیـر نەسـر ئەلدەولە، بەڵام بەهیچ شـێـوەیەک نەیانـتـوانی لەم شـارە نزیـک ببنەوە، بۆیە پیـلانەکـەی شـێـروە هەرەسی هێناو سەری نەگرت.

دوای ئەوەی پیـلانی شێـروە بۆ گـرتنی شـاری ئەرزن و دەسـتـگیـرکـردنی نەسـر ئەلدەولە سـەری نەگـرت، ئەوەبوو پیـاو مـاقـوولانی مـیـرنشین هەولێـان دا مـیـرێکی نوێ بۆ میرنشینەکەیان دەست نیشان بکەن، لەسەر گـۆڕی ئەبوو عـەلی بە ئامـادەبوونی خـەواجە ئەبوو قـاسم و مـەروانی باوکی ئەحمەد نەسر ئەلدەولە مەراسیمی سوێندخواردنی نەسر ئەلدەولە ڕێکخرا، ئیـتر لێرەوە میر نەسەر دەولە بوو بە مـیـری مـیـرنشـینی مـەروانی، هەر لەو مـەراسـیـمـەدا لەبەردەم قـازی و گـەورەپیـاوان و ئامـادەبواندا سـوێندی خــــوارد کــــە بە دڵســــۆزی و دادپەروەری حــــوکــــمی میرنشینەکەی بکات، بەم جۆرە میر نەسر ئەلدەولە بوو بە چوارەم مــیــرنشــینی مـەروانی و خـەڵکێکی زۆر لە ژێر ئالایدا کـۆبوونەوە و داوایان لە ئەحـمـەد نەسـر ئەلدەوڵە دەکـرد کـە تۆڵەی خـوێنی مـەهدولدەولە لە دوژمنەکـانی بکاتەوە.(٥)

کە خەواجە ئەبولقـاسم ئەسفـەهانی ڕازی نەبوو شـاری ئەرزن بداتە دەست هێـزەکـانی شـێـروە، لە هەمـان کـاتدا خەواجە ئەبولقاسم هەواڵی کوشتنی میر مەهدو دەولەی بە ئەحمەد (نەسر ئەلدەولە) ڕاگەیاند و دەربارەی پیلانی شێروە ئاگەداری کردەوە، ئەوەبوو نەسر ئەلدەولە لە شاری سـعـردەوە هات بۆ شـاری ئەرزن، هەر لەو شـوێنەدا خـۆی قـایم کـرد بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو هێـزەی شێـروە کـە بۆ سەر شـاری ئەرزن و دەسـتگیـرکردنی مـیـر نەسـر ئەلدەولە نێردرابوو، بەڵام لەو هێرشەدا شکان و نەیانتوانی بەسەر هێـزەکـەی نەسـر ئەلدەولەدا سـەرکـەون، بۆیە هێـزەکـە گـەڕایەوە لای شـێـروە، بەم جـۆرە پیـلانەکـەی شـێـروە هەرەسی هێنا.(٦)

دوای ئەوەی میر نەسر ئەلدەولە لە شاری ئەرزن دووبارە

دەستی بە ڕێکخستنەوەی سوپاکەی کردەوە، بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر هێزەکەی شێروە و گەمارۆی شارەکەی دایەوە، لەو کاتەدا شێروە هەوڵی دا پاڵپشتی بۆ خۆی پەیدا بکات، بۆیە لەسەر پێشنیاری ئیبن فلیوس نوێنەری بۆ لای ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی نارد، ئەو شاندەی کە شێروە ڕەوانەی لای ئەوانی کردبوو بەدەست و دیارییەوە چووبوون، هەروەها لەوێ پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە بیزەنتییەکان مافی پەنابەری بە شێروە ببەخشن، لەبەرانبەردا شێروە واز لە شاری میافارقین بۆ بیزەنتییەکان بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بیزەنتییەکان پێوەندییەکی دۆستانەی باشیان لەگەڵ مەروانییەکان هەبوو، گوێیان بەو داخوازییەی شێروە نەداو ئەوەیان ڕەت کردبووەوە. (٧)

ڕەنگە ڕەتکردنەوەی ئەو داواکارییەی شێروە لە لایەن بیزەنتییەکانەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بیزەنتییەکان حسابێکی وردیان بۆ پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ مەروانییەکان کردووە، چونکە مەروانییەکان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی عەباسی و فاتمییەکاندا بووە، بۆیە هەر هەوڵێکی بیزەنتییەکان لەو بارەیەوە دەبووە ورووژاندنی هەستی جیهانی ئیسلامی و لەو کاتەشدا بارەکە بە لایەکی خراپدا دەکەوتەوە.

شایەنی باسە میرنەسر ئەلدەولە کاتێک بووە میری دەوڵەت و کاروباری سیاسی بەڕێوەبرد لە ڕێگەی ڕەزامەندی خەڵک و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەو پایەیە نەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن شێروە و هێزەکەیەوە تووشی بەرەنگاری و بەرهەڵستییەکی زۆر بووەوە. (٨)

دوای دەستبەکاربوونی میر نەسر ئەلدەولە لە پایەکەیدا، دەستی بە گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ دەوڵەتی مەروانی کرد، کە لە کاتی کوژرانی مەهدودەولە زۆربەی ناوچەکان کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی شێروە و دوژمنەکانییەوە، ئەوەبوو میر هێزێکی ئامادەکردو بەرەو پایتەخت (میافارقین) بەڕێ کەوت، کە شێروە هەستی کرد هێزێک بۆ سەر میافارقین بەڕێوەیە، ئەویش کەوتە خۆ ئامادەکردن و بەرهەڵستی کردنی ئەو هێزە، ئەوەبوو شەڕ لە نێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، لە دەرئەنجامدا هێزەکەی شێروە شکستی خواردو تووشی بەزین هات، بۆیە شێروە دەرگەی شارەکەی لە ڕووی میر نەسر ئەلدەولەو هێزەکەیدا داخست، هەرچەند میر گەڕایەوە

شاری ئەرزن، بەڵام سوپاکەی هەر دەورەی شاری میافارقینی دابوو، بەم شێوەیە شەڕ لە نێوان شێروەو میر نەسر ئەلدەولەدا دەستی پێکرد. (٩)

شێروە بەر لە شۆڕشی میافارقین، چی سەروەت و پارەو سامان و شتی گرانبەهای هەبوو کۆی کردنەوەو نیازی هەبوو بۆ شاری دیاربەکر بیانگوێزێتەوە، کە والی دیاربەکر ئەوکاتە ئەبو تاهیر بوو، دیارە لەو کاتیشدا پێوەندییەکی دۆستایەتی بەتین لە نێوان ئەبو تاهیر و شێروەدا هەبووە، بۆیە شێروە نامەیەک بۆ ئەبو تاهیر دەنووسێت و داوای لێ دەکات بێتە شاری میافارقین و ئەو پارەو پوول و سامانەی تەسلیم بکات، (١٠). بۆیە ئەبو تاهیر زاوایەکی خۆی کە ناوی (مرتج)بوو دەنێرێت و شێروە هەموو پارەو سامانەکەی تەسلیم دەکات، ئەویش دەیبات بۆ دیاربەکر، شێروەو ئیبن دمنە سوێندیان خوارد بەیەک دەست و گیان ئەو پارەو سامانە نەدەنە دەست کەس. (١١)

دیارە لەو کاتەدا شێروە هەستی بەوە کردبوو کە خەڵکی شاری میافارقین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نارەزاییان ڕوو لە زیادبوونەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئەو خەڵکانە لە دژی ڕاپەڕن و شۆڕش بەرپا بکەن، بۆیە شێروە ئەو سەروەت و سامانەی بۆ دیاربەکر گواستەوە، لە ڕاستیشدا بۆچوونەکەی ڕاست دەرچوو کاتێ شۆڕش لە دژی شێروە و دەست و پێوەندەکەی هەڵگیرسا خەڵکی کۆشکەکەیان تاڵان کرد.

شێروە هەوڵی دا کە شاری میافارقین تەسلیم بە بیزەنتییەکان بکات، بەڵام کە خەڵکی شارەکە ئەم نیازەی شێروەیان بۆ ڕوون بووەوە، کەوتنە دژایەتی کردنی شێروەو نارەزاییان بەرانبەر شێروە دەربڕی. (١٢)

ئیبن فەلیوس لەگەڵ کۆمەڵێک لە سەربازەکانی لە ڕۆژی هەینی لە مزگەوتی میافارقین بوون کە خەڵکی شارەکە دژی ئیبن فەلیوس و تاقمەکەی دەستیان بە ڕاپەڕین و شۆڕش کرد، ئەوەبوو شەڕ لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکرد، لە دەرئەنجامدا ئیبن فەلیوس و تاقمەکەی بەزین و ڕایانکردە کۆشکی شێروە، لەم کاتەدا شێروە فەرمانی بەسەربازەکانی دا کە شۆڕشگێڕان و ڕاپەڕیوان تیرباران بکەن، لەم ڕاپەڕین و بەیەکدادانەدا شۆڕشگێڕانی میافارقین ژمارەیەکیان کوژران و هەندێکیشیان برینداربوون، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەکە لەسەر بەرگری و بەردەوام بوون لەسەر شۆڕش کردن

سوورتری کردن و داوای خۆبەدەستەوەدانی ئیبن فلیوسیان دەکرد، بەڵام شێروە بە تەسلیم کردنی ئیبن فلیوس ڕازی نەبوو، بۆیە شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئەنجامی ئەم بەیەکدادانەش بووە مایەی کوژران و بریندارێکی زۆر، ئیبن فلیوس کەوتە دەست شۆڕشگێڕان و کوشتیان و گەنجان لاشەکەیان لەسەر شەقامی شار ڕادەکێشا، شێروەش ڕای کردە (برج الملوک)* کە ئەمە شوێنێکی ستراتیژی بەرزەو کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری میافارقینەوە، لەوێ خۆی حەشاردا، بەم جۆرە ویست و ئیرادەی خەڵکی شۆڕشگێڕ سەرکەوت. (١٣)

دوای شۆڕشی میافارقین بەڕێوەبردنی شارەکە کەوتە دەست پیاوە دەوڵەمەند و گەورەکانی میافارقین، کە ئەوانیش پەیمانی پاراستنیان بەشێروە دا، کە پارێزگاری لە شارەکە بکەن، بۆیە شێروە خۆی لە یەکێک لە ماڵی پیاوە گەورەکانی شار حەشار دا، خەڵکی میافارقینیش هەواڵیان بۆ میرنەسر ئەلدەولە نارد کە بێت بۆ شارەکەو شێروەی بدەنە دەست، بەڵام گەورەپیاوانی شار ڕازی نەبوون شێروە بدەنە دەست، بەڵام میرنەسردەولە لەسەر دەستگیرکردنی شێروە، سووربوو، بۆیە ئابڵووقەی خستە سەر شارەکە، ئەمەش بۆ گەورە پیاوانی شار جێگەی مەترسی بوو، کە ئەو ئابڵووقەیە درێژە بکێشێ، بۆیە بە نهێنی نامەیان بۆ میر نەسر ئەلدەوڵە نارد و بەم شێوەیە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکرد، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە.

کاتێ شێروە خۆی لە بورجی مەلیک عاسێ کردو هەواڵی بۆ هەموو گەورە پیاوانی شار نارد کە پارێزگاری لێ بکەن، ئەوەبوو لەو شوێنە هاتە خوارەوەو خۆی لە ماڵی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی شار حەشار دا بەناوی (ئەبی تەیب محەمەد کوڕی عوبێد کوڕی محوەر، کە یەکێک بوو لە پیاوە دەوڵەمەند و بەناوبانگەکانی شار، بۆیە ئەبو تەیب هاتە دەرەوە و داوای لە شۆڕشگێڕان کرد کە هێمن ببنەوە، بەڵام شۆڕشگێڕان بەبێ گوێدانە قسەی ئەو هێرشیان کردە سەر کۆشک و دەستیان بە تاڵان و برۆی کۆشک کرد، بۆیە شاری میافارقین تا هاتنی نەسر ئەلدەولە لە لایەن چەند پیاوێکی دەوڵەمەندی شارەوە بەڕێوە برا، کاتێ نەسر ئەلدەولەش بە خۆی و سوپاکەیەوە دەورەی شارەکەی گرت، بۆیە دوا پیاو کە ناوی ئیبن وەسیف بوو شاری میافارقینی بەڕێوەدەبرد، کاتێ زانی خەڵکی میافارقین شارەکە تەسلیم بە نەسر ئەلدەولە دەکەن، کەوتنە بەرگری لە شارەکە، بەڵام کە زستان هات و سەرماوسۆلە زیانێکی زۆری بە سوپاکەی نەسر ئەلدەولە گەیاند، بۆ شاری ئەرزن گەڕایەوە، بەڵام هەندێک سوپای هەر لە دەوری شارەکە هێشتەوە، کاتێ مانگی شوبات تەواو بوو، دەوڵەمەندانی شار دیسان کەوتنەوە گفتوگۆ لەگەڵ میر نەسر ئەلدەولە کە لە شێروە خۆش بێت و شارەکەی تەسلیم دەکەن، ئەوەبوو لەسەر ڕای زۆربەی خەڵکی، میر لە شێروە خۆش بوو، بەم شێوەیە شاری میافارقین کەوتە دەست نەسر ئەلدەولە) (١٤).

دوای ئەوەی میر پایتەختی گێڕایەوە ژێر ئاڵای دەولەتی مەروانی، کەوتە ڕێکخستن و بنیادنانەوەی ڕووی ئیداری شارەکە و چی سەروەت و سامانی بەتاڵان براو بوو هەمووی بۆ دەوڵەت گێڕایەوە. (١٥)

ئینجا میر پیلانگێڕان و ئەو کەسانەی لەناوبرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خیانەتیان کردبوو، لە سەرووی هەموویانەوە (شێروە) پاش ئەوەی ماوەیەک شێروەی هێشتەوە، دواتر شێروەی بردە ئەو شوێنەی مەهد و دەولەی برای لێ کوژرابوو، لەوێ فەرمانی لە سێدارەدانی شێروەو کۆمەڵێک لەو پیلانگێڕانەی یارمەتی شێروەیان دابوو جێبەجێ کرد، کاتێ شێروە کوژرا، ئیبن وەسیف کە والی تەنزاو تەل فاقان بوو ترسی لێ نیشت و ڕای کرد بۆ بەغدا، بۆیە دەبینین یەکەم کاری میر نەسر ئەلدەولە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی لەناوبردنی دوژمنان و پیلانگێڕان بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی کیانی دەوڵەت بپارێزێت و دەسەڵات جێگیر بکات، بەم شێوەیە میر لە سەرەتای ساڵی ٤٠٢ی کۆچی بەرانبەر ١٠٦٠ی زایینی دەبێتە میری میرنشینی مەروانی.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١- یوسف عبدالرقیب، الدولة الدوستكیة، في كوردستان الوسطى، بغداد ١٩٧٢م، ج١، ص١٦١.**

**٢- ابن خلكان، وفیات الأعیان في أنباء الزمان، لأبي عباس شمس الدین، بیرت، ١٩٩١م، ص ١٧٧.**

**٣- تاریخ الفارقي، الدولة المروانیة، أحمد بن یوسف بن علي بن الأزرق الفارقي، القاهرة، سنة ١٩٥٩م، ص ٩٢.**

**٤- فارقي، التاریخ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.**

**(*) هەرچەند ئێمە شتێک دەربارەی ژیانی خواجە قاسمی یەکەم نازانین کە چۆن هاتووە بۆ کوردستان، بەڵام ڕۆڵە گرنگەکەی**

بەرچاوە لە پاراستنی دەوڵەتی مەروانی، بەڵام وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ ئەم پیاوە خەڵکی شاری ئەیسفەهان بووە، ئەمەش بووە بە نازناوی خۆی، ئەو پیاوە هاتووەتە کوردستان و بووە بە والی شاری ئەرزن و دەوروبەری لە کاتی دەسەڵاتداریەتی پاشا ئەبی عەلی، هەروەها هەر لەو پایەی دەسەڵات مایەوە لە کاتی دەسەڵاتداریەتی مومهد دەوڵەدا تاکو گەیشتە پایەی وەزیری لەو دەوڵەتەدا. ئەو پیاوە تا بڵێی پیاوێکی زیرەک و بە ئەزموون و لێزان و رامیاروان بووە، بۆیە هەمیشە پاشاو میرەکان رێزیان گرتووەو حسێبی وردیان بۆ قسەو تەگبیرەکانی ئەو کردووە، لەبەر ئەو پایە بەرزەو رێزگرتنەی پاشا ناوبانگی (شێخی دەوڵەت)ی پێ بەخشیبوو، هەتا خەڵکی ئەرزنیش بۆ هەر کار و تەگبیرێک بۆ سەرنجەکانی ئەو دەگەڕانەوە. (عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستكية، ص ١٥٩.)

ئەرزن: شارێکە دەکەوێتە نزیک شاری میافارقین، کە ماوەیەک میر ئەحمەد نەسر دەولەی تێدا ماوەتەوە و سوپاکەی رێکخستووەتەوە و دواجار هەر لەوێوە هێرشی کردووەتە سەر شێرەو کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هێناوە. (سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، جەوهەر کرمانج، ص ٤١).

٥- تاريخ الفارقي، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥١.

٦- تاريخ الفارقي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٧- تاريخ الفارقي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

٨- التكريتي، محمود ياسين، الامارة المروانية في دياربكر والجزيرة، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الآداب بجامعة بغداد، بغداد ١٩٧٠، ص ٨٦.

٩- يوسف، عبدالرقيب، الدولة الدوستكية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٢.

١٠- الفارقي، تاريخ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٦.

الفارقي، تاريخ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٦- ٩٧.

١١- الفارقى، تاريخ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٧

١٢- يوسف، عبدالرقيب، الدولة الدوستكية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٤.

(برج الملوك) ئەمە شوێنێکی ستراتیژی بەرزەو کەوتووەتە بەشی رۆژهەڵاتی شاری میافارقین. (عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ص ١٦٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٦.

١٣- يوسف، عبدالرقيب، الدولة الدوستكية.

١٤- التكريتي، محمود ياسين، الأمارة المروانية في دياربكر و الجزيرة، هەمان سەرچاوە، ص ٨٦.

١٥- الفارقي، التاريخ، نفس المصدر السابق، ص ١٠٣.

# ئاوات و خاسەکەو

عەلی گوڵی
(بۆکان)

**چاوی شاعیر کە شێتانە و جوان دەڕوانێ**
**لە ئاسمانەوە تا زەوی دەبینێ،**
**لە زەوییەوە تا ئاسمان.**
**لەوێدا خەیاڵ بەرجەستە دەبێ،**
**هەموو ئەو شتانەی کە نادیار و بێ شێوەن**
**پێنووسی شاعیرە کە ڕۆحیان پێ دەبەخشێ**
**بۆ خەیاڵێک کە نییە**
**ماڵ و ناوونیشانی دەداتێ.**
**(شکسپیر)**

بێ گومان هەر خوێندنەوەیەک پرسیارێک بۆ خوێنەر دروست دەکا. بۆچی شاعیر شیعر دەنووسێ؟ بۆ زمانی شیعر لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە جیاوازە؟ شیعر چییە کەوا زمانەکەی ڕەوان و سووک و لەگەڵ دڵ ئاشنایە؟ هۆی چییە عاشقان و دڵ بەخەمی ڕۆژگار ڕوو دەکەنە شیعر؟ شاعیری بلیمەت بەر لەوەی سەر بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیاریکراو بێ، مرۆڤێکی ڕەسەن و پیرۆزە، گرنگ نییە سەر بە چ میللەت و وڵاتێکە، گرنگ ئەوەیە کە ڕۆڵەیەکی ڕاستەقینەی سەر ئەو زەمینەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین شاعیر خەڵکی هەموو وڵاتێکە. لە هەر شوێنێ عاشقانی شیعرەکەی زۆر بن، کوڕی ئەو وڵاتەیە. شاعیران لە خەڵکی ئاسایی قووڵتر هەست بە دەوروبەری خۆیان دەکەن. هەر بۆیەش خۆیان ماندوو دەکەن، هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەست و نەستی خۆیان دەرببڕن، بۆیە دەڵێن یەکەم دەنگ دەنگی شاعیرە لەگەڵ دڵی خۆی دەدوێ، دووەم دەنگ دەنگی شاعیرە لەگەڵ خوێنەر دەدوێ.

مامۆستا ڕاوچی دەبێژێ شیعر بۆ شاعیر وەکو فێ وایە تا نەیگرێ لە چنگ ئێش و ئازاری دەروون ڕزگار نابێ و

کۆرپەی هەستی دڵی ئارام ناگرێ.

هەستی دڵ و دەنگی مەل و سۆزی نیشتمان و بزەی بەهار لە شیعری «ئاوات»دا بە چەشنێ تێکەڵاوە کە نووسەر و خوێنەری بەتوانا نەبێ، ناتوانێ لەسەر دەریای بیری لەنگەر بگرێ و چاو لە شەپۆلی پڕ هەستی بەسۆزی بکا.

**بەتەنیا گیانەکەم سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ**
**خەمی دڵ بولبولێکی بێ گوڵ و بێ لانە دەیزانێ**
**ئیمامی ناوی گەورە و شاری وێرانە کە تێفکری**
**لە مەعنای شیعرەکانم هەر دڵی وێرانە دەیزانێ**
(ل٨٤)

پەروانە و لانە و وێرانە کە هەر سێکیان هەڵگری چەند ڕازی نهێنین، دەبێت بە وردی ڕاڤە بکرێن. پەروانە نیشانەی مرۆی ئەویندارێ پاکە بۆ دڵێ ناتوانێ درۆ لەگەڵ گراوەکەی بکا. تا ئەو جێگایەی گیانی خۆی بەخت دەکا. لانە، خاک و ماڵ و ژیانی مرۆڤ پێکەوە تێکەڵاو دەکا. مرۆڤ گیانی شیرینی بۆ ژیان دەبەخشێ، ژیانی لەسەر خاک دەبەخشێ. وێرانە دڵی شاعیرە بەچی ئاوەدان دەبێتەوە؟ بەهەستی پاکی مرۆڤی دەوروبەر. چرای زانست لە تاریکەشەودا ڕۆشن کەن. شیعری باش ناتوانێ بە تەنیا جارێک خوێندنەوە تێی بگەی، ڕاڤەی بکەی، هەڵیسەنگێنی و مەزەندەی بکەی. هەروەکو چۆن کە سەمفۆنی بتهۆڤن ناکرێ بەتەنیا جارێک چێژی لێ وەربگری.

ئاوات بەجوانی و وردبینی، ئاگاداری ژیانی خەڵک بوو، ئەو سەردەمەی ئاواتی تێدا ژیاوە، زمانی کوردی تەواو یاساغ کرابوو، نووسینی کوردی کارێکی زۆر سەخت و ئەستەم بوو، هاوەڵانی ئاوات، مامۆستا هێمن و هەژار لەتاراوگەدا دەژیان. ئاوات بە تەنیا لە گوندێکی دوورە دەست ژیانی بەسەر دەبرد، بۆ ئەوەی سەر بۆ کاربەدەستانی ڕژێمی شا نەوی نەکا و بەسەر بەرزی بژی، بەڵام پەپوولەی ڕوحی هەمیشە بە شەمی دڵی خەڵکی هەژار دەسووتا.

ئاوات لە شیعرەکانیدا وشەی شاری زۆر بەکارهێناوە. شار لە شیعرەکانی ئاواتدا نیشانەی پێشکەوتن، ئاڵوگۆڕی ژیانی تازەی مرۆڤی سەردەم بوو. ئەو جیهانەی کە دەبێ شاعیر تێیدا بژی، مەرج نییە کە شیعرئامێز بێ. ئەو جیهانە هەر جیهانێک بێ، وا بە ئاسانی نایەتە بەردەستی شاعیر، بەڵکو هەمیشە سرکە و خۆی بەدەستەوە نادا. تەنیا لە ڕێی ڕاو کردن و سەرلەنوێ دارشتنەوە و پشکنینەوە ئەو جیهانە کە خۆی بەدەستەوە نادا ماڵی دەبێ و دەکرێ وای لێ بێ بیگۆڕی بە بابەتێکی ڕوحی شیعر. کەواتە جێی سەرسامی نییە ئەگەر بڵێین شاعیرەکان هاتوونەتە دنیاوە تا ڕووبەڕووی ئەو جیهانە بوەستنەوە.

ئاوات وەکو تەونگەرێکی بەتوانا بە نهێنی و بێ دەنگ تەونی شیعر دەچنێ و ماندوو نابێ. تا دەگاتە شوێنە نهێنییەکان، چرای بیر ڕۆشن دەکا، سۆزی دڵی بەتینی پشکۆی ئەوین دەگەشێتەوە، زامی بێ هەتوانی دڵ دەکولێتەوە و دەڵێ:

**سۆزی من سۆزی دڵێکە ئاگرین**
**ئاگرێکە زۆر بەتین، پشکۆی ئەوین**
**هەر پریشکێکی دەبرژێنێ دڵێک**
**هەر بڵێسێکی دەپشکوێنێ گوڵێک**
(ل١٨٨)

ئەوین وەها تێکەڵاوی دڵی شاعیر بووە، بێ ئەوەی ئازار و ئێشی گیانی هەست پێ بکا، چەشنی شەم دەسووتێ. تا ڕێگای تاریکی ئەوینداران ڕۆشن بکا و بەخەم و دەردی مرۆڤایەتییەوە بتلێتەوە. شاعیر خوڵقێنەر نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی کیمیاگەرە.

شاعیر بیەوێ و نەیەوێ لەتەک هێز و سیحرە مەزنەکانی ئەم ڕۆژگارەدا دەژی، لە تەک مەسەلە هەرە مەزنەکاندا خەون بە داهاتوویەکەوە دەبینێ کە پڕاوپڕە لە دادپەروەری و بەها گەورەکان. خۆشەویستی شاعیر لە چۆنیەتی خەونەکان و کارەکانیدا وەدەردەکەوێ، چەندە قووڵتر هەست بە شتەکان بکات، ئەوەندە قووڵتر دەپشکنێ و نهێنییەکان دەدرکێنێ. کارەساتی کوژرانی لاوانی کورد بەدەستی نۆکەرانی شا لە چیای «حاجی کیمی قەرەگوێز» لە ساڵی ٤٧دا ئەوەندە لە دڵی شاعیر قورس و گران بوو و زامی دڵی ئەوەندە بەسوێ بوو داخی گرانتر لەوەشی لەو سەردەمەدا زمانی کوردی یاساغە و نووسینی کوردی لە ژەهری مار تاڵتر بوو. ڕووناکبیران و نووسەرانی خاوەن هەست، یان لە بەندیخانەدا دەسبەسەر دەکران، یان لەتاراوگە دەژیان. ئاوات ناتوانێ ئەو ڕووداوە گرنگە ئاشکرا نەکا، بۆیە دەبینین بەشێوەیەکی جوان ئەو ڕووداوە بە «ڕاوەکەو» دەشوبهێنێ و دەڵێ:

**خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە**
**خاڵی ڕەش و سووری بەجووت ڕشتووە**
**ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە**
**بۆچی؟ دزە؟ جەردەیە؟ کێی کوشتووە**

**باعیسی قەتڵی چییە بیستوویەتی**
**ژینی بە سەربەستییە ویستوویەتی**
**چاکە کە داودۆزە شوکور خاسەکەو**
**دیویە، وریایە بە ڕۆژ و بە شەو**

ئاوات دەڵێ: بۆ دەبێت کەویش وەکو برا کوردەکان نابێ نەفەسی ژیان هەڵێنن؟ بۆ دەبێ بێ ئازادی لە چیا و دەشت بژی؟

ئاوات لەگەڵ ئێشوئازاری خەڵکی دەژیا و هەڵسوکەوتی ڕۆژانی هەمیشە لەبەرچاو بوو، بۆیە بەم شێوەیە لە شیعری خاسەکەودا دەنگ دەداتەوە و ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە و بە وەفا ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ. ئەم کارەساتە لەسەردەمی ڕژێمی شا بەسەر خەڵکی کورددا هاتووە کە لەسەر لاپەڕەی مێژوو دەمێنێتەوە.

بەڵێ هیچ کەسێک نییە بتوانێ شاعیرانە ڕەسمی جیهانێک بگری ئەگەر خۆی تاڕادەیەک بەلانی کەمەوە هەندێ جار تێیاندا نەژیابێ، ناشتوانێ وەسفی حاڵەتێک بکا ئەگەر خۆی نەبووبێ. ئاوات ئەگەر بەندیخانە و ئەشکەنجەی نەدیبایە، باوەڕم وایە شیعری خاسەکەو لەدایک نەدەبوو.

ئاوات زۆر هیوای بە ڕۆشنبیرانی لاو هەیە، هەمیشە لاوانی بۆ خوێندن هان داوە. جوان تێگەییوە هەتوانی زامی ئێمە بە خوێندن سارێژ دەبێتەوە. ویستوویەتی دڵ و ڕوحی بە تیشکی زانین پاراو بکا. نەمامی هەستیان چرۆ بکا، خەزانی نەزانی ڕابردوو لەبیرکەن و ڕێگای ڕاستی مرۆڤدۆستی بگرن و چاوەڕوانی لە گەنجان هەیە بۆ دوارۆژ چرا بن بۆ تاریکی و نەزانی. زۆر وردبینانە و ژیرانە بە ئاگا لەژێر پەردەی شیعردا دەیدرکێنێ و دەڵێ:

**با بێتە بەرهەم کۆرپەی نەتەوە**
**هیوای دوارۆژی نەتەوە بەوە**
**بۆ نیشتمان و بۆ گەل دەکۆشێ**
**لە ڕێی وان هەرچەند زووخاو دەنۆشێ**
**ئەوسا ئاواتی ئاوات دێتە جێ**
**شین دەبێ خەڵفی هیوای جێ بەجێ**
ل(١٨١)

ئەو سەردەمە قاقڕ و ویشکەساڵی تووشی شیعر بوو، هەندێ کەس بە نێوی مۆدێلی ڕۆژەوە ئاداریان بە سەر پادارەوە نەهێشتبوو، یەکێک لە خووەکانی ئەو کەسانە کە ناتوانن هەستی خۆیان دەربڕن ئەوەیە کە خۆیان لەژێر وشە و ڕستەیەکی زۆر درێژدا دەشارنەوە کە دواجار دەکەونە دوای مۆدەی بازاڕ گەرمی ڕۆژ و ئاوات ئەوەی بەناخۆشی ئەدەب زانیوە، بەڵام پەیامی ڕاستەقینەی شاعیر پەیامێکی ئاسایی نییە، شاعیریش وەک زانایەک وایە، هەر زانایەک کە دەڕوانێتە برووسک و چیا و ئەستێرەکان، قەت خۆی بە گەورە نازانێ. شاعیریش هەروا بۆ هەر کردە و کارێک هیچ شتێکی لەبەرچاو نییە، نزم و بەرز و گەورە و بچووک. تەنیا مانا و بەهاکان دیدیان بۆ شتەکان پێ دەگۆڕێ.

ئاوات چۆنیەتی کار و سووتان و خەونەکانی لەو شیعرەدا بۆ خوێنەر دەردەخا و وەک وەرزێرێکی لێزان و بە ئەزموون جۆمالی جۆگەی شیعری کردووە و وشەی خۆمالی بەکارهێناوە و خۆی لە وشەی نامۆ و بێگانە پاراستووە. زمانی شیعری ئاوات زمانی سادە و ڕەوان و بێ گرێوگۆڵە، بەڵام پڕ ناوەرۆک و زۆر شتی نهێنی لە قاڵبی شیعردا نووسیوە و ئەسپی خەیاڵی لە گۆڕەپانی شیعردا تاو داوە. بۆ ئاسۆیەکی دوور دەڕوانێ و زۆر بۆ بەهاری شادی گەشبین بوو.

**دەڵێن جەژنی سەری ساڵ**
**پیرۆز بێ لە کیژ و کاڵ**
**کەس نەمێنێ پیر و لاو**
**چ مێ، چ نێر، ژن و پیاو**
**دەست بگرن ڕۆژی هاتە**
**وەدی هات ئەو ئاواتە**
(ل١٤٨)

کۆتری سپی خەونەکانی باڵ دەگرنەوە بۆ ئاسمانی سامالی ئەوین دەفڕن. ئاوات ئامانجی خۆشی و یەکبوونە.دڵی بەکوڵی لە بۆتەی ئەویندا قاڵ بووە، بە چەشنێ شیعری سروشت و بەرگری تێکەڵ کردووە. ئەگەر کەسێک لە وڵاتێکی دیکەدا ژیابێ، کوردستانی هەر نەدیبێ، ئەگەر چاو لە دیوانی ئاوات بکا، بۆی ڕوون دەبێتەوە سروشتی کوردستان چۆنە، باری سیاسی سەردەمی ڕژێمی شا چۆن زوڵم لە کورد کراوە، بۆن و بەرامی شیعری ئاوات لە سروشتی بەهاردا نیشانەی ڕزگاربوونە. لە وەسفی بەهاردا ماموستا هەژار دەفەرمێ:بە بیروڕای من هیچ شاعیرێکی کورد وەک کامیل ناتوانێ بەهاری کوردەواری وێنە بگرێ.

ئامانجی ئەوە بووە ڕۆژێک بێت مرۆڤ وەک بەهار بەرگی تازە لەبەرکەن، جیهان برازێننەوە، کەس حەقی کەس لەژێر پێ نەنێ، وەک یەک بژین، بە شادی ئاسمان ببێ بە دایک و زەوی بە سێبەر و خۆریش بۆ تاریکی ژین

چرا بێت.

**بەهار هێنەری موژدەی خەباتە**
**لابەری مەینەت، هێنەری هاتە**
**ئاوری نەورۆز پرشنگی ژینە**
**بۆ گەل و بۆ هۆز گڕی بەتینە**
(ل١٧٩)

ئەو بەهارەی ئاوات دەیەوێ و جەژنی بۆ دەگرێ و ئاگری نەورۆزی بە نیشانەی ڕووناکی دژی تاریکی دەزانێ و خۆزگە ئێوەش بەهاری کوردستانتان بە چاوی شاعیر دەبینی و بە زمانی شاعیر ئاهەنگی نەورۆزتان بۆ بەهار ساز دەدا و گۆرانیتان دەچڕی.

شیعری شاعیر نیشانەی ڕاستییە. دەیکاتە سەر مەشقی ڕێگای بۆ ژینی جیهانی خۆی و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە نووسینی ئەدەبی و جیهانی ئەدەب، هەمیشە شتێکی ترە و واقیعێکی تری لێ دەکەوێتەوە. واقیعیترین جیهانی شیعر ئەوەیە کە شاعیر ناتوانێت لە سروشتی خۆی و دەوروبەری دووربکەوێتەوە، لەگەڵیدا دەژی، ئەو شتانەی کە زۆر بەتاموچێژن، یان زۆر بە بەها و بە نرخن، گەلێ زەحمەتە پێناسە بکرێن، جیهانی شیعری ئاوات هەمیشە بەهارێکی سەوز و ڕازاوەیە و لەناخی دڵەوە تێیدا ژیاوە.

١- ئەوین لە شیعری ئاواتدا ژیلەمۆی دانەمرکاوی سکلّی نەورۆزە.

٢- نیشتمان لە شیعری ئاواتدا خوێنی مرۆڤە نیشانەی سوور بوونی مرۆڤە بۆ ژیان.

٣- مەل لە شیعری ئاواتدا ساز و مۆسیقای ڕوحی مرۆڤی ئاشقە بۆ ڕوحی شەیدا.

٤- دڵ لە شیعری ئاواتدا سەوزەی بەهاری کوردستان و کانی کوێستانە بێ ماندوو بوون، ڕێبواری ڕێگای دەریای یەکبوونی مرۆڤ دەبڕێ.

دیوانی ئاوات لەو چوارانە سەرچاوە دەگرێ و بەرەو دەریای شیعری خۆشەویستی و مرۆڤی ئەویندار دەستی یەک دەگرن.


**سەرچاوەکان:**

**(١) ئەحمەد شاملوو، (از زخم قلب)، ع پاشایی.**

**(٢) لە ستایشی ئەدەبدا، شێرزاد حەسەن، چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥**

**(٣) دیوانی ئاوات، کۆکردنەوەی نەجمەدین ئەنیسی، چاپی یەکەم.**

# ئادۆرنۆ و دیالێکتیک و ئیستێتیک

ئازاد خدر

فەیلەسووفی ئەڵمانی ئادۆرنۆ لەکتێبی (دیالێکتیکی ڕووناکبیری)دا کە بە هاوبەشی لەگەڵ بیرمەند هۆرکهایمەر نووسیویەتی، دەڵێ (پرۆسەی ڕووناکبیری پرۆسەیەکی تۆتالیتارییە و دوژمنەکەی ڕۆمانسییەت و تێزی خودگەرایی و نیهیلیزم نییە، بەڵکو ئەوەیە کە پێشوەختە پرۆسەکە بڕیاری لەسەر دراوە کە بکرێت...). ناوبراو لەم کتێبەدا هەوڵدەدا بیروبۆچوون و لێکدانەوەی عەقڵانی بۆ چەمکی ڕووناکبیری پووچەڵ بکاتەوە و بسەلمێنێ کە دیالێکتیک و ئامانجە پێشکەوتووخوازەکەی ڕووناکبیری مەرج نییە یەکبگرنەوە، یان ئاماژە بۆ هەمان شت بکەن، بەمانایەکی دیکە دەیەوێ بڵێ دیالێکتیکی ڕووناکبیری خۆی لەخۆیدا خودی چەمکی ڕووناکبیری و ئاواتە ئازادخوازەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، لەم ڕووەوە بێ ئەوەی دانی پێدا بنێت سوود لە فەلسەفەی هیگڵ وەردەگرێت کە لەتافی لاوێتیدا لەژێر هەژموونی لاهووتدا بوو، ئەو پێی وابوو لەڕێگای دیالێکتیکی عەقڵەوە دەتوانین (تۆخمی ڕووناکبیری نێو مێشکمان هەڵبوەشێنینەوە..). هەروەها بیرۆکەی دیالێکتیکی هیگڵ لە بارەی تێزی ڕووناکبیرییەوە هەڵوێستێکی ڕەخنەییە لەمەڕ تۆتالیتاریزمی خودی عەقلانییەت. بەگشتی توێژینەوەکانی ئادۆرنۆ وەک سکاڵا و ناڕەزایین لە بارەی- هەروەک خۆی دەڵێ (نەمانی ژیانی ئاسوودە و بەختەوەرانە) کە بەڕای ئەو (ژیانێکی مامناوەندییە لەنێوان بۆچوونی کۆن و کلاسیکی بۆ ژیانی بەختەوەر و یۆتۆپیای بەختەوەربی ئایینده)، بۆیە هەوڵدەدا دیالێکتیکی (عەقڵی هیگڵ) هەڵبوەشێنێتەوە، یان هیچ نەبێ وەک ڕەخنەگرێک نەک وەک فەیلەسووفێک سەیری هیگڵ بکات، بۆ نموونە لەکتێبی (دیالێکتیکی نێگەتیڤ)دا ناڕەزایی خۆی بەرانبەر فەلسەفەی هیگڵ و لە دیالێکتیکی (ڕوح و عەقڵی ئێکستریم- عەقڵی

ڕەها و توندڕەو) دەردەبڕێ و دەڵێ: (هیگڵ بەم فەلسەفە لەخۆبایی و لووت بەرزەوە خودی دیالێکتیکی لەبار برد، بەڵکو تالانی کرد و دڕندانە بەکاری هێنا، بۆ ئەوەی شەرعییەتێکی ئەرێیانە ببەخشێتە واقیعێکی وێران..) جگە لەوە ئادۆرنۆ لەکتێبی ناوبراودا گشت پسپۆڕی و زانیارییە فەلسەفی و ئیپستمۆلۆژییەکانی بۆ بەرپەرچدانەوەی چەمکە ڕەسەن و دێرینەکانی میتافیزیک تەرخان دەکات و هەوڵدەدا لۆژیکییانە ئیدیۆم و بیرکردنەوەی دیالێکتیکی لەبار ببات و بڕواو بیروبۆچوونی تایبەتی و شەخسیی خۆی بسەپێنێتە سەر ئەو دیالێکتیکە. لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەی کانت لەبارەی (نۆمینا- شت لەنێو خۆیدا) لە فەلسەفەی ئادۆرنۆدا وەردەچەرخێت بۆ بیرۆکەی (ئەوی دیکەی گشتگەر) کە عەقڵ نایگرێتەوە، یان تێی ناگات و هەر لەنێو، یان بەهۆی ئەم تێنەگەیشتنەوە (مۆرکی ئەزەلی و مافە هەمیشەییەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە). لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە لەسەر دیالێکتیکی حەددی و ئەبستۆلیۆت و ڕەهای هیگڵ بنیادنراوە، کە بەلای ئادۆرنۆوە لەبەر ئەو تێنەگەیشتنە ناتوانێ بەردەوام بێت.

(ئەوی دیکە) لە لای ئەو (ناتوانێ خۆی بسەلمێنێ ئەگەر بێتو نەتوانێ شێوەی، یان فۆرمی ناکۆکی و پووچەڵکردنەوەی هزری ئەو کەسە وەربگرێت کە بەدوای شوناس و کەسایەتی و چییەتی خۆیدا دەگەڕێ). ئەم ڕەوشە دیالێکتیکییە کە تێیدا لایەنێک پشت بەلایەنەکەی دیکە دەبەستێت و بۆ سەلماندنی شوناس و چییەتی و سەربەخۆیی خۆی بەکاری دێنێت، ئادۆرنۆ وەک بەڵگەیەک بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دیالێکتیک هەر نێگەتیڤانە بووە و دەبێ، چونکە ناتوانێ بەردەوام بێت و بەرگەی بیرکردنەوە بگرێت. بەم شێوەیە ئادۆرنۆ دەیەوێ بەناوی دیالێکتیکی نێگەتیڤ و پاسیڤەوە، یان بەناوی دیالێکتیکی نەرێییەوە کۆتایی بە خودی فەلسەفە و عەقڵی دیالێکتیکی بێنێت، لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو دیالێکتیکی هیگڵ گەیشتۆتە بنبەست، هەر لەبەر ئەوەش پەنای بردە بەر جیهانی ئیستێتیکا (جوانیناسی) بەمانایەکی دیکە ویستی بڵێ ئیستێتیکا لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە دیالێکتیک کۆتایی دێت، ویستی بڵێ ئیستێتیکا لە دەربازبوونی لە تەنگژەکانیدا هاوکاری فەلسەفە دەکات، چونکە فەلسەفە بەبیرۆکە و دەستەواژە میتافیزیکییەکانی ناتوانێ لەو سیحرە ئایدیۆلۆژییە دەربازی بێت کە تێی کەوتووە، بۆیە دەڵێ (وەهمی ئیستێتیک تاکە وەهمە کە ناتوانێ درۆ بکات، چونکە هەر لە سەرەتاوە ڕووکەشانە خۆی وەک شتێکی دیکە پیشان نادات، بۆیە ئاواتی بەرزی دەستەبەرکردنی حەقیقەت، لە کۆتاییدا هەر لەجیهانی وەهمی جواندا دێتە کایەوە و فەلسەفەش دەبێ کڕنۆشی بۆ بەرێ.. حەقیقەتی ئازادکراوە لە ئایدیۆلۆژیا وەک یۆتۆپیایەک دەمێنێتەوە و تەنیا ئیستێتیکاش دەتوانێ نزیکی بێتەوە و لە وەهمی عەقڵ نزیکی بکاتەوە، چونکە وەهمی ئیستێتیکایی مژدەی ئازادبوونمان لەخودی وەهم بۆ دێنێ..) ئەم بۆچوونەی لە کتێبە مەزنەکەی (تیۆری ئیستێتیکا)دا کە لەساڵی ١٩٧٠ پاش مردنی لە ئەڵمانیا دەرچوو، بە تیرۆتەسەلی ڕاڤە دەکات. ئەم کتێبە وەک کتێبەکانی دیکە بەتەنیا لەبارەی ئیستێتیکاوە نییە، بەڵکو لەو کتێبەدا نایەوێ پراکتیزەی هەڵوێستێکی دۆگمایییانەی خۆی لەبارەی پرس و کێشەکانی ئیستێتیکاوە بکات، واتە نایەوێ ئیستێتیکا بکاتە تەواوکەری فەلسەفەیەک کە (مەعریفەی یەقینی بۆ بابەتەکانی خۆی) هەیە بە مانایەکی دیکە دەیەوێ لەنێو ئیستێتیکادا بابەتە نایەقینییەکانی خودی فەلسەفە بدۆزێتەوە، لەم بارەیەوە ئادۆرنۆ دەڵێ (ئیستێتیکا وەک فەلسەفە ناتوانێ وەهمی ئایدیۆلۆژیا هەڵبوەشێنێتەوە و سەربەخۆیی و دانسقەیی خۆی دەستەبەر بکات.. دیاردەکانی ئیستێتیکا وادیارن کە ڕاستەقینە و سەربەخۆن لەواقیع و دیالێکتیک نایانگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا چەند وەهمێکن و دەیانەوێ شتی وامان پێرابگەیەنن کە شایەنی تێگەیشتن، بەڵام بەرگەی هیچ شیکردنەوەیەکی تیۆری ناگرن..). لەڕاستیدا وەهمی ئیستێتیک بۆ حەقیقەت و ڕیالیستی (واقیع) یەکێک لە تەوەرە هەرە گرنگەکانی فەلسەفەی ئادۆرنۆ بوو و وەهم illution لای ئەو (درۆی جوان) بوو و هەر ئەو (درۆ)یەش پاش ئەو لای هونەرمەندی مەزن پیکاسۆ بووە (ئەو درۆیەی کە بەرەو ڕاستیمان دەبات).

# بنیادگەری فێردیناند دی سۆسێر و پێکهاتە سێنتاکسییەکانی نوام چۆمسکی

**عوسمان کەریم**
**(کۆیە)**

بنیـادگـەری بەرنامـەیەکی بیـریاری مـاددی ڕەخنەییـە و هۆکـارێکە بۆ شـیکردنەوە و پشت بە چەمکی گـشـتی دەبەسـتـێت، بایەخ بەتێکڕای لایەنەکـانی زانیـاری مرۆڤایەتی دەدات، هەر دیاردەیەک کۆمەڵایەتی بێت، یان وێژەیی بێت بنیـاد پێک دەهێنێ، بەم پێـیـە ناکـرێ توێژینەوە لەسـەر بابەتێک بکرێت هەتا بۆ توخـمـە پێکهـێنەرەکـانی شـیـتـەڵ نەکـرێتـەوە، هەروەها نابێ لێکۆڵەر بیـروبۆچوون و ڕای تایبـەتی خـۆی تێکەڵی بابەتەکـە بکات. لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیـشـدا نابێ هەڵـچـوون و حـوکـمی ویژدانیی ڕەخنەگـر تێکەڵی ئەو ڕەخنەیەی بکرێت کـە لەبارەی دەقی ڕەخنەلێگیـراوەوە دەینووسێت، چونکە بنیادگەری بنەما و پرەنسیپەکانی خۆی لەقەوارەی فەلسەفەیەکی دانراودا دەبینێتەوە، «ئەو فەلسەفەیە تەنیا باوەڕ بەدیاردەی هەستیاری دەکات»، بەشێوەیەکی تر، کاتێ باوەڕ بەدیاردەکان دەکات کە لە هۆ و هۆکـــار و دەوروبەر و ژینگە دوور بن، هەوڵ دەدات شییان بکاتەوە و بۆ پێکهاتە و ئەو توخمانەی کە لێوەی پێکهاتوون هەڵیان بوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی تێی بگات و پەییان پێ بەرێت، بەپێی بۆچوونی بنیادگەرەکان هەموو دیاردەیەک بنیـاد پێک دەهێنێ، بەوێنە «فـۆنیـمـەکـان بنیـادن، جێناوەکان بنیـادن، بەکارهێنانی کردارەکانیش بنیادن.. بەو شێوەیە».

ئەوەی شـایەنی ئامـاژەپێکردنە، لەبواری زمـانەوانیـدا زمـانناسی سوێسری «فـێـردیناند دی سـۆسـێـر» ڕابەر و دامەزرێنەری قوتابخانەی بنیادگەری زمانەوانی نوێگەری بوو، کـە زۆر لە زمـانناسـەکـانی سـەرسـام کـرد، لەوانە «ساپیر»، «بلۆمفیلد» و «بۆوس» و بۆچوونەکانی سۆسێر کـاری تێکردبوون، بەتاکـە ڕێگەیان دەزانی بۆ توێژینەوە

زمانەوانییەکانیان. ئەوەی شایەنی باسکردنە» سۆسێر لە کتێبەکەیدا هەوڵی ئەوەی داوە ئەوە نیشان بدات کە زمان تەنیا بریتی نییە لەکۆمەڵێ دەنگ و وشە، بەڵکو دەزگایەکە، پێوەندییەکان لەسەریەک سیستەم پێک دەهێنێ، هەروەها زاراوەی فۆرم بۆ ئەو سیستەمە زمانییە بەکاردەهێنێ». لەسەرووی هەموویانەوە زانای زمانناسی ئەمریکی «ئەڤرام نوام چۆمسکی» پاش چاپکردنی کتێبەکەی «پێکهاتە سینتاکسییەکان» لەساڵی ١٩٥٧، کە هەر بەو کارەش چووە سەرووی هەرەمی زمانناسی نوێوە، مەبەستی سەرەکی چۆمسکی لەو کتێبەیدا ئاماژەکردنە بەتوانای ڕێزمانێک، کە پێناسەی کۆمەڵێک ڕستەی ڕێزمانی زمانێک دەکات، بەشێوەیەکی تر «زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات». زۆر بایەخی بەسینتاکس داوە، ئەو دەیویست ئامانجی زمانناسی بگۆڕێ بە وەسفکردنی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکە کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە لەبارەی زمانەکەی خۆیەوە هەیەتی، ئەو وەسفە دەبێت لەکۆمەڵە یاسایەک پێک بێت و بتوانن «ڕستەی ڕێزمانی» لەزمانەکە پێک بهێنن. هەروەها لەتیۆرەکەی چۆمسکیدا هاتووە، ئەو یاسایانەی کە ڕستەی ڕێزمانی پێک دەهێنن و ڕستەی ناڕێزمانی پێک ناهێنن بەو ڕێزمانە دەوترێ ڕێزمانی بنیادنەر، یان پێکهێنەر، یان بەرهەمهێن.

سۆسێر و هەندێ لەزانایانی تری زمان وای دەبینن، کە زمانی هاوچەرخ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵە هێمایەکی دەنگی، یان پیتی نووسراو پێکدێ، کە بەجیا هیچ واتایەکیان نییە، بەڵام پاش پێکەوەنان و ڕێکخستنیان لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا واتایان دەبێت.

نموونە: فۆنیمەکانی (ز، ا، ن، ک، ۆ) کۆمەڵە دەنگێکن تاکە تاکە هیچ واتایەکیان نییە، بەڵام پاش پێکەوەنانی هەموو فۆنیمەکان و ڕێکخستنیان وشەی «زانکۆ» بەرهەم دێت کە یەکەیەکی واتادارە.

سۆسێر دەڵێت: «ڕێکخستن و ڕیزبوونی ئەم هێما و پیتانە سەرەتا بەشێوەیەکی هەرەمەکی بووە، پاشان واتایان لەخۆ گرتووە، تاکەکانی زمانەکە لەسەری ڕێک دەکەون و وەکو زاراوەیەک سەیری دەکەن و بەکاری دەهێنن»، بەڵام ئەم پێکهاتانە لەئاستی سینتاکسدا چەند شێوەیەکی تر لە پێکهێنانی ڕستە و شێوازی گفتوگۆ لەخۆ دەگرێ. هەروەها چۆمسکی بەبۆچوونەکانی سۆسێر کاریگەر بووە و بەدروستی زانیوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی سەرەوە، دەڵێت: «زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە» لەدوو ڕووەوە: یەکەمیان توانست کە پێی دەوترێت (Competence)، ئەو توانایەیە کە تاکێک لەتاکەکانی کۆمەڵگەکە خاوەنی زمانێکە، دەتوانێ بەچەند ڕستەیەک کە تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەی تێبگەیەنێ و ڕاڤەی بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات، ئەگەر ئەو کەسەی بەرانبەر «گوێگر» ئەو وشەیەی نەبیستبێ، ئەوە پەنا بۆ شێوازێکی تر دەبات کە ئەویش لایەنی وێژەیی ڕێکوپێک و ڕێساکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی زمانەکەیەتی کە ئامانجیان بەدەست هێنانی واتای هێما بۆ کراوە، لێرەدا گوێگر لێکی دەداتەوە و تێی دەگات.. ئەمەش بە «ڕۆنانی ژێرەوە Deep structure» ناودەبرێت.

بەڵام ڕێگەی دووەمیان چالاکییە، کە پێی دەوترێت (performance)، بریتییە لە کۆمەڵێ دەنگی زمانی دەربڕاو، تاکەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو دەیدرکێنن، کە پێویست ناکات بەپێی یاساکانی ڕێزمان بڕوات، بەڵکو دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو هەڵوێستەی کە قسەکەر دەری دەبڕێ، بێ ئەوەی ئارەزووی بکات، یان بیبینێ، کە ئەوەش «ڕۆنانی سەرەوە surface structure» پێک دێنێت.

گرنگترین لایەن کە لەتیۆرەکەی چۆمسکی بایەخی پێدەدرا «ڕۆنانی ژێرەوە» بوو، چونکە واتای ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە، هەرچی ڕۆنانی سەرەوەیە خوێندنەوەی ڕستەکەیە.

هەروەها چۆمسکی بەم شێوەیە پێناسەی زمان دەکات: «زمان بریتییە لە کۆمەڵێ ڕستەی سنووردار و بێ سنوور، هەر ڕستەیەک درێژییەکەی سنووردارە، هەروەها هەر ڕستەیەک لە چەند یاسایەکی سنووردار پێک هاتووە». واتە ژمارەی یاساکانی پێکهێنەری ڕستە و ژمارەی ڕستەکان بەهیچ جۆرێ بەقەد یەک نین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕستە گەوهەری ئەو ڕێزمانەیە کە چۆمسکی بنیادی ناوە. بەلای چۆمسکییەوەش ڕستەکانی زمان یەک لەیەکتری وەردەگیرێن، واتە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە.

بۆ نموونە: «مامۆستاکە وانەکەی لەسەر تەختەکە بەتەباشیر نووسییەوە و پاشان بۆ قوتابییەکانی وتەوە.»

ئەو ڕستەیەی سەرەوە، ڕستەیەکی ناسادەیە، لە سێ

ڕستەی سەرەکی پێک هاتووە، کە هەریەکەیان بەشێک لەواتای ڕستەکە هەڵدەگرێت، واتە هەر سێ ڕستە سادەکە، ڕستە ناسادەکەی سەرەوەیان پێکهێناوە کە ئەمانەن:

١- مامۆستاکە وانەکەی نووسییەوە.

٢- مامۆستاکە بە تەباشیر نووسی.

٣- مامۆستاکە وانەکەی وتەوە.

ئەو سێ ڕستەیەی سەرەوە پێوەندی چەند توخمێکی سەرەکی پیشان دەدات کە چوار وشەیە، ئەوانیش «مامۆستا، وانە، تەختەڕەش، تەباشیر) ڕۆنانی ژێرەوە (قووڵ)ی ڕستەکانن، کە بەچەند وشەیەکی جێنشینی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکە پێکدەهێنن، کە لەسێ ڕستەی سەرەکی پێکهاتووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕستەیەکی گوێزانەوە کە پێوەندی نێوان وشەکان دەردەخات.

ئامانجی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە کارکردنە لەسەر پێکهێنانی تیۆری زمانی گشتی (universal) ڕێکخستن و گشتاندنی زمانەکانی جیهان.. دەکرێتە دوو بەشەوە: یەکەمیان کە چۆمسکی پێشنیاری دەکات، هەمواری ناوچەیی، یان گشتگیری ناوچەیی (formal universal) بریتییە لە چەند بنەمایەکی گشتی کە وێنەی ڕێزمان و شێوە و ڕێگای کارکردنی لەڕێگەی یاسای سێنتاکسی بۆ زۆرێک لەزمانە دیاریکراوەکان دەستنیشان دەکات. دووەمیان: گشتگیری جێگیر (وەستاو) [Substantive Univeral]، کە بریتییە لەو گشتگیرییەی تێیدا یاسایەک دەستنیشان دەکات، یان لە ڕێزمانێکی دیاریکراو پێکدێ.

لای بنیادگەرەکان «سۆسێر» تێگەیشتن لە زمان (langue) کە بریتییە لە یاسایەکی دەنگی لەگەڵ یاسای تێگەیشتن (واتا)، ڕستەی بە هەموو شێوەیەک پشتگوێ خستووە، بۆ ئەوەی لەناو کێڵگەی لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زماندا بگونجێ، لێرەدا چەند پرسیارێک سەردەردەهێنێ، ئایا چۆمسکی یەکسان کردنی نێوان سیستمی «دەنگی و تێگەیشتن» و کۆمەڵە ڕووداو و وتە و شێوەی زمانی (وشە- ڕستە) ئەنجام دەدات کە بەواتاوە پەیوەستە؟ یان بەراوردکردنی نێوان بنیادگەری سۆسێر جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی لق و پاشکۆکانی؟ هەروەها دەپرسین ئایا سۆسێر لەم دوو پرسیارەدا کە لە بنەڕەتدا ڕەخنەن، قوتاری دەبێت ک لە یەکەمیاندا دەردەچێت، بەڵام لەدووەمیاندا چۆمسکی سێ ڕای خستۆتەڕوو، لەیەکەمیاندا هاوڕایە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی سۆسێر:

١- وێناکردنی زمان (langue) کە بە یاسای ژێرەوەی داناوە، پتر لەوەی لە کۆمەڵێ توخم (دانە) پێکهاتبێ.

بەڵام لە دووەم و سێیەمدا ناکۆک دەبێت و بەم شێوەیە ڕەتیان دەکاتەوە:

٢- وای دادەنێت کە زمان بەرئەنجامێکی کۆمەڵایەتی سەپێنراوە و کۆمەڵێ وتەی نموونەییە و دژی دەستبەسەرداگرتنی «ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری (sociopolitical) و مەبەست لە دیاردەیە» بۆ زمانی دەرەکی.

٣- ڕستە، یان دەستەواژەی سەربەست لە چوارچێوەی چەمکی زمان langue لەخۆ ناگرێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- جان بیاجیه- ترجمة عارف منیمنة و بشیر أوبري، البنیویة، منشورات عویدات، بیروت، باریس، ط٤، ١٩٨٥م.**

**٢- د. خلیل أحمد عمایرة، ٢٠٠٤، المسافة بین التنظیر النحوي والتطبیق اللغوي. الطبعة الأولی. مطبعة دار وائل للنشر والتوزیع، عمان، الأردن.**

**٣- سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٥، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.**

**٤- محمد معروف فتاح-١٩٩٠- زمانەوانی، چاپی یەکەم، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.**

**٥- http://www.arabization.org.ma/ downloads/majalla/45/docs/99.doc (د. إبراهیم کونغالجو).**

**٦- http://www.ahewar.org/debat/ show.art.asp,aid=94313 باقر جاسم محمد.**

**٧- http://saaid.net/feraq/mthahb/ 112.htm إعداد الندوة العالمیة للشباب الإسلامي.**

# قارەمان لە ئوستوورەکانی جیهاندا *

ڕێکس وارنێر
لە فارسییەوە: مێهرداد ڕامیدی نیا
(مەهاباد)

واژەی قارەمان کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دێتە ئاراوە، واتای مرۆڤێکی جوامێر دەبەخشێ و لەبەرهەمی ئەدەبیدا نیشـاندەری کەسایەتییەکی بەرزە، ئەدەبی قـارەمانی لە زۆربەی وڵاتان و لە سەردەمگەلی جیاوازی مێـژووییـدا پەروەردە بووە، ئەوە هی ئەو سـەردەمـە بووە کـە گـەلێک چیـرۆک و گـۆرانی لەمـەڕ تۆرەمـەیەک لە مـرۆڤ پەرەی دەسـتـاند کـە خـاوەنی بوێرییـەکی لە ڕادەبەدەر و بەرزتر لەمرۆ بوون؛ کاری سەیر و سەمەرە و نائاساییان کردووە و لەگـەڵ بوونەوەرگـەلی گـەورەتر لە مـرۆڤ لەپێـوەندیدا بوون و زۆرجـار خـۆیان لەتۆرەمـەیەکی مـەزنتـر لەمـرۆڤ بوون.

قـارەمـانەکـان زۆرجار لەنێو دابونەریتی گشـتیـدا خـۆ دەنوێنن، ئەوان خـاوەنی گـەلێ پەرسـتگەن کـە بە یادی ئەوانەوە دانراوە و بۆ شـانازییـان هەندێ ڕکە و کێبەرکێ بەڕێوە چووە. ئەم نەریتانە لە یۆناندا باو بوونە، بەتایبەت دابی هێراکێلس (هێرگول)، کە قارەمانێکی نیوە خوایە و خاوەنی هێزێکی نائاساییە و گەلێک کردەوەی سەیر و سـەمـەرەی لێ بینراوە کـە بوونەتە هۆی ڕزگـاری وڵاتی یۆنان لە مەترسیگەلی گەورە و سامناک. لەلایەکی ترەوە گـێـڕانەوەی بەسـەرهاتی قـارەمـانەکـانی ڕابردوو، دابونەریتێکی پڕ بایەخی حەماسی پێک هێناوە، وەکـو گێڕانەوەکانی هۆمێر لەمەڕ کردەوەی سەیر و سەمەرەی قـارەمـانەکـان کـە بووەتە هۆی ئافـراندنی دوو بەرهەمی ئیلیـاد و ئۆدیسـە. قـارەمـانەکـانی ژێرمـەنیش بوونەتە ئیلهامدەری سازدانی حەماسەی ناوداری نیبلۆنگێن.

لە وڵاتانی دیکەشدا گەلێک گۆرانی و چامە و چیرۆک و ئەدەبی دژوار و بە گـرێوگـۆڵ پێک هاتووە کـە لەژێر

کـاریگەریی بەسـەرهاتی قـارەمـانەکـانی سـەرەتاییـدا گـۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە. ئەم چیـرۆکـە کـەونارایانە لەلایەن کـەسـانێکی نەخـوێندەوارەوە پەروەردە کـراون. لەسـەردەمی ئێـسـتـادا هۆگـری بە ئەدەبی حـەمـاسی و قـارەمـانی زۆری پەرە سـەندووە. گـەلێک بەرهەم و هۆنراوەی هۆنەر و سـترانبـێـژی خـۆمـاڵی کـە بەشـێـوەی زارەکی شیعر و هۆنراوەیان گوتووە، لەلایەن لێکۆڵینەر و گەڕیدەکانەوە هاتووەتە تۆمار کردن.


زۆربەی قـارەمـانەکـان لەنێـو مـیـراتی ئەدەبی ڕابردوودا مـاونەتەوە، هەرچەند بەشـێـک لەوانە کـە ڕۆژگـارێک بایەخی زۆریان بووە، بۆ هەمـیـشـە فـەرامـۆش کـراون. بۆ نموونە شـیـعـری حـەمـاسـیگەلی گـۆل (Gaul) و هیچ شوێنێکی لێ نەماوەتەوە.

سـیـسـرۆن پـێـوەر و وتەبێـژی ڕۆمی (سـەدەی یەکـەمی پ.ز) گلەیی لەوە کـردووە کـە بەسـەرهات و ڕووداوە کـۆنەکـان لە بارەی قـارەمـانەکـانی کـەونارای ڕۆم و وەکـو ڕۆمـۆلـۆس و هۆراسـیـۆس لەنێو چووە و تەنیـا چەکـاوێک لەناو کـردەوەی سـەرسـوڕهێنەر و نائاسـاییـان لەناو بەرهەمی نووسەرانی هەرە دوایی لاتیندا هاتووە.

بەشێک لەحەماسەی کۆنی گەلگامێش ئەوە دەردەخات کە کەسایەتی سەرەکی ئەم حەماسەیە مرۆیەکی قارەمان و بەرزتر لەمـرۆڤ بووە. گـەلگامـێش ئـیشـتـەری خـواژن تووڕە دەکات و لە ڕێی سەفـەرێکی پڕ لەمـەترسیدا وێڕای ئەنکیـدۆی هاوڕێی کـە دەکـەوێتـە ناو گـێـژەنی مـەرگـەوە، خۆی دەگـەیەنێتـە کـۆتایی جیـهـان و بۆ ماوەیەک هیـوا بە نەمری و هەرمـان بوون وەدەست دێنێ، بەڵام ئەمـە لەکیس دەدا، چۆن مـرۆڤ بوونەوەرێکی لەنێـو چووە و مـەرگ بە بەژنی بڕاوە.

گەلگامێش هەر لەسەرەتاوە لەدەست کەمایەسییەکانی ژیانی مـــرۆڤ جـــاڕس و تووڕەیە، هەربـۆیە دەکـــرێ کردەوەگەلی نائاسایی ئەو بە چەشنێک گەڕان و ڕەوشتی وەرەیی لێک بدرێتەوە.

شـیـعـرە حـەمـاسـیـیـەکـانی هۆمـێر باشـترین وێنەی ئەم حەماسانەن کە دەیاننـاسین و مـێژووشیـان بۆ سـەدەی ٨، یان ٩ی بەر لە زایین دەگـەڕێتـەوە، ئـیلیـاد و ئۆدیسـە پێگەیەکی بە شکۆیان هەیە و لە مەڵبەندگەلی بچووک و سـەربەخـۆی ڕۆژهەڵاتی مـەدیتـەرانەدا دەژین. ئەوانە بە ئازایەتی و کردەوەی سەیر و سەمەرەیان لە جەنگەی شەڕ و سـەردەمی ئاشـتیـدا، مەزنایەتیـیـەکی هەرمـانیـان پێ بڕاوە. خواکان سەرەڕای ئەوەی کە پشتیوانییان لێدەکەن، بە شێوەیەکی مرۆڤایەتیش لەگەڵیان لە کێشەدان و لەو دیوی ئەم بەربەرەکانێیانەدا بەشوێن دابڕان دان و هاوکات



بەشێوەیەکی ڕەزامەند، ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە دەنوێن.
بەڵام سەرەڕای ئەوەش گەلێک توانایی لە ڕادەبەدەر لە بەرانبەر ڕوح و ئەندێشەی مرۆڤدا هەڵکەوتووە کە لەوپەڕی کەمایەسی ژیانی ئەم جیهانەدا بەرەو پێش دەچن، تاقمێک قارەمانی دیکەش لەدەرەوەی چیرۆکەکانی هۆمێردا ژیاون، قارەمانی وەکو، پرۆمتەی تیتان کە بەهۆی ڕفاندنی ئاگر و بەخشینی ئەو بە مرۆڤ لەلایەن زییۆسەوە دەخرێتە بەند. ئەم ئەفسانەیە تا ئەم ساڵانەی ڕابردوو لەنێو فەرهەنگی گشتی قەفقازدا بەیادگار مایەوە، یان تێزە کە مینۆتۆر دەکوژێ و زاسۆن بۆ دۆزینەوەی پەشمی زێڕین هەموو دەریاکان تێپەڕ دەکا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا بەشێکیان لێ ماوەتەوە. توانییویانە ناوداریی خۆیان بپارێزن. تابلۆی هەندێ لە ڕووداوەکانی ژیانیان لەسەر گوڵدانە کۆنەکانی یۆنان نەخشاوە.

لەمەڕ «تێزە و ژاسۆن»ەوە وا وێدەچێ کە ڕاستەقینە و ئەفسانە وەک دوو شتی هاوبەش ئاوێتەی یەکتر بوون. گرنگایەتی زۆربەی ئەم قارەمانانە پتر بەهۆی ئەم سەفەر و پەیجۆریانەوەیە کە لەخۆیان گرتووە و زۆربەیان تووشی ئاکامێکی تاڵ بوون.
بەرهەمی حەماسی مەهابهاراتای هیندی یەکێ لەم بەرهەمە کەونارایانەیە کە لە فەرتەنەی مردن و لەناوچوون ڕزگار بووە. ئەم بەرهەمە بریتییە لە گەلێک بابەت و نووسراوەی ئوستوورەیی و حەماسی، بەڵام پێداهاتنەوە و دەست تێوەردانی لەلایەن بەرهەمەنەکان بووەتە هۆی دژواری هەندۆ کردنی ئەم بەشێوەی سەرەتایی خۆی.
جوویەکانیش سەردەمی قارەمانیەتی خۆیان بووە، ئەویش ئەو سەردەمە بووە کە بۆ سەقامگیربوونیان لە فەلەستین، لە شەڕ و کێشەدا بوون و بەسەر هێزەکانی هێرشکەری دراوسێیاندا زاڵ بوون. کتێبە مێژوویییەکانی سەردەمی کۆن تەژین لە چیرۆکی قارەمان و سەرۆکگەلی پایەبەرزی وەک جەدعۆن (سەفەری داوەران ١١/٦) و شەمشۆن (داوەران: ٢٤/١٣).
چیرۆکی حەزرەتی داوود حەماسەیەکی قارەمانییە و هەندێ بەشی بەشکۆی تێدا بەدی دەکرێ، هەروەها کرۆکی ناخ و توێی ژێرەوەی وەها جوستە کە بووە بە یەکێک لە باشترین وێنەکانی ئەدەبی قارەمانی.

گەلێک چیرۆک و هۆنراوەی پڕ بایەخی حەماسی تر لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست لەڕۆژئاوای ئەورووپادا بەجێ ماوە. بەریتانیاییەکانیش لەم ڕێیەوە بێبەش نین، چون ئەوانیش حەماسەی ئەنگلۆساکسۆنی بیۆفۆڵەیان بۆ جێ هێشتووین. ئەم حەماسەیە چیرۆکی قارەمانێکی باشوورییە کە لەگەڵ دێو و درنجان بەشەڕ دێ و پاڵ وە تەختی پاشایەتی دەدا و دەبێتە شالیارێکی مەزن، بەڵام لەڕێی بەرگری و پاراستنی گەلەکەی. لە بەربەرەکانێ لەگەڵ حەزیایەکدا دەکوژرێ و گیانی بەخت دەکا. دوا نموونەی کێشەی مرۆڤ و ڕق و قینی بنەماڵەکان لەگشت ئەم ڕووداوانەدا خۆ دەنوێنێ و حاڵی بایەخداری بەلای لێکۆڵێنەران بریتییە لە ساغکردنەوەی مێژووی کەونارای ئەسکەندەنافی، ئەم حەماسەی لەوپەڕی مەزنایەتیدا گوتراوە و هۆنراوەیەکی پتەو و قایمە. هەوێن و کرۆکی کێشەی مرۆڤ لەگەڵ هێزەکانی شەڕ و هەڕەشەی هەمیشەیی مردن و لەناوچوونی لەوپەڕی دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتیدا، ئەوی لەگەڵ بەرهەمگەلی حەماسی تر پێوەند دەدا. لەم بەرهەمەشدا لەگەڵ گەڕان و سەفەری لەئاسا بە دەری قارەمان و بەربەرەکانێ و کێشەی ئەو لەگەڵ دێو و درنج و کردەوەی سەیرو سەمەرە و ئاکامی خەفەت هێنەر بەرەو ڕوو دەبینەوە. هەندێ هۆنراوەی حەماسی تر لە سەردەمی ئەنگلۆساکسۆن بەجێ ماون، هەرچەند بەشێوەی پارچەی ناتەواو لەدەستدان، بەڵام زۆرجار ئاماژە بە هەندێ قارەمان دەکەن، کە ئەوە نیشان دەدا لەلای ئەنگلۆساکسۆنەکان و نەتەوەگەلی دراوسێی ژێرمەنی لە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپادا گێڕانەوەیەکی بەربڵاو لەمەڕ ئەم قارەمانانە لەئارادا بووە.
وایکینگەکان درێژەی نەریتی قارەمانیەتیمان نیشان دەدەن و بوونەتە هۆی دەوڵەمەندی گەنجینەی چیرۆکەکانی نەتەوەیی و هۆنراوەگەلی قارەمانی لە ئەورووپا و دەوروبەریدا. سیگۆرد ڤۆلسانگ یەکێک لە گەورەترین قارەمانەکانی ئەم حەماسانە بووە کە وێنەی لەسەر بەردە هەڵکەنراوەکانی دوورگەیلی بەریتانیا و ئەسکەندەنافی بە یادگار ماوەتەوە. سیگۆرد حەزیایەک دەکوژێ و بەزانستێکی سیحراوی و خەزێنەیەکی گەورە دەگات، بەڵام ئەم خەزێنە نفرینێکی هەمیشەیی بەدواوەیە و لە ئاکامدا لەکێشەیەکی ڕقەبەری بنەماڵەییدا کە نەدەکرا خۆی لێ لابدا بەدەستی زربراکەی دەکوژرێ. سیگۆرد

کوڕی سیگمۆندی قارەمان بوو.

مێژووی ژیانی ئەم بنەماڵەیە هەمیشە ئاوێتەی پەژارە بووە و زۆربەیان جوامێرانە لەشەڕ و بەربەرەکانێ دژ بە بوونەوەری سەیر و سەمەرە کەوتوونە گێژاوی مەرگەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە سلێمانی دواتردا دەست لە ڕووداو و بەسەرهاتیان وەردراوە، هێشتاش سەرسوڕهێنەر و سەرنجڕاکێشن.

حەماسەی ڤۆڵسانگەکان و بەشێکی زۆری لە هۆنراوەکانی ئیسلەندی لەمەڕ بەسەرهات و ڕووداوی قارەمانەکان، زەنجیرە چیرۆکی بەربلاوی ڤۆڵسانگیان پێک هێناوە. گرنگایەتی ژن لە دابونەریتی قارەمانی لەم چیرۆکانەدا بەدی دەکرێ. سیگنی خوشکی سیگمۆندە، ئەو بۆ تۆڵە سەندنەوە لە باب و براکانی کە شووەکەیان بەپێی پیلانێک کوشتبوو، تووشی گەلێک مەترسی و ئازار هات. گۆدرۆن خێزانی چارەڕەشی سیگۆرد و والکیری برێنهیلدی غوللوور کە سیگۆرد بەسواری ئەسپەوە بەنێو دیواری ئاگردا دەکا تا ئەو لە خەوی سیحراوی ڕاپەڕێنێ. دوو کەسایەتی هەرگیز لەیاد نەکراون کە بوونەتە ئیلهامدەری هۆنەر و سترانبێژانی باشترین هۆنراوەکانی ئیسلەندی.

برینهێلد لەکاتی بەخاک ئەسپاردنی سیگۆرددا خۆی دەکوژێ و گۆدرۆنیش سەردەمێکی زۆر دەژی و ڕووداوێکی تاڵ و دڵتەزێنی تر لەنێو بنەماڵەکەیدا دەبینێ، هەروەها چیرۆکی ڤۆڵسانگەکانیش بوو بە ئیلهامی حەماسەی ژێرمەنی نیبلۆنگێن. لەحەماسەی نیبلۆنگێن-دا سیگۆرد و گۆدرۆن دەبنە زیگفرێد و گریمهێلد و دواتر لە ئۆپێراکانی ڤاگنەردا ناودارێکی تازەتریان دەست دەکەوێ. لە بەریتانیاش گەلی سێلت قارەمانی خۆیان هەبوو. هۆنراوەکانی سەرەتایی وێلزییەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گەلێ جار ئاماژەیان بە شالیارێکی سیحراوی بەناوی ئارتۆر کردووە.

باسکاران زۆریان هەوڵ داوە ئەوە بسەلمێنن کە ئارتۆر شا ئەو فەرمانڕەوایە بووە کە لەسەردەمی ڕۆمییەکاندا لەگەڵ هێرشکەرانی ئانگلۆساکسۆن شەڕی کردووە، سەرەڕای ئەوەش گەلێ جار ویستوویانە ناوەندەکەی لەچەند شوێنی بەریتانیادا دیاری بکەن. لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئینگلیزی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵێک هۆنراوە و چیرۆکی دەوڵەمەند لەبارەی ئارتۆر شا و شەرکەرە ناودارەکانی دەوروبەری پێک هات، کە لەنێو ئەوانەدا زۆربەی گەورە پیاوانی لایەنگری ئەو لەگەڵ جیهانی تر لە پێوەندیدا بوون و گەلێک سەفەری سەرسوڕهێنەریان کردووە و لەگەڵ دوژمنانی بالاتر لەمرۆ تێکەوتوون. چیرۆکی گەڕان بە شوێن جام(١) دا یەکێک لەو چیرۆکە سەیر و پڕ ڕەمزانەیە کە لەوێدا عیرفانی مەسیحی تێکەڵی هێماگەلی کەونارای ئوستوورەکانی سێلتی بووە.

حەماسە و چیرۆکەکانی وێلزی و ئیرلەندی کە بەمابینۆگیۆن دەناسرێن، ماکێکی بەهێز، خەیاڵی و سەرسوڕهێنەریان تێدایە، بەڵام کەشی ئەم چیرۆک و حەماسانە لەگەڵ چیرۆکەکانی قارەمانی هۆمێری و ژێرمەنی جیاوازن.

چیرۆکەکانی ڕۆمانتیکی لەبارەی ئارتۆرشا و قارەمانەکانی دەوروبەری لە فرانسەدا بەشێوەی هۆنراوە پەرەی سەندووە و گەلێک شوێنی داناوەتە سەر ئەدەبی ئینگلیزی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا.

تاقمێکی تر لەقارەمانانی ناودار، شۆڕەسوارانی ئازا و لێهاتووی ئیمپراتۆر شارلمان بوونە. ئەم ئیمپراتۆرە بەشێوەی فەرمانڕەوایەکی ئازا و دلێر خۆ دەنوێنێ و بە تەواوی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی یادکراو لە نووسراوە مێژووییەکاندا جیاوازی هەیە و بەم شێوازە نوێیە شوێنی داناوەتە سەر شانۆگەلی خۆماڵی چەند کیشوەر.

لەسەدەی یازدەی زایینیدا حەماسەیەکی کورت بەزمانی فەرەنسی ناوەڕاست، ناسراوە بە سروودی ڕۆلان هۆنراوەتەوە کە باس لە کێشە و بەربەرەکانێی یەکێک لە قارەمانەکانی شارلمان دژ بە ساراسێنەکان دەکات. لە سەدەی دواتریشدا گەلێک هۆنراوەی ئیسپانیایی لەبارەی قارەمانەکانی کاستێل پێکهات. هۆنراوەی Poema de mio cid ناودارترینی ئەم هۆنراوانەیە.

لە ڕۆژهەلاتی ئەورووپاش بەزمانی ڕووسی گەلێک هۆنراوەی ڕەوایی هەن کە بە بیلینی دەناسرێن و لەمەڕ قارەمانەکانی سەرەتایی کییێف و نۆوگۆرد و قەزاقی سەردەمی نیزیکتردان.

تاقمێک لەم قارەمانانە لەڕیزی پاشا و سەرۆکی جەنگیدان و هەندێ بە دەوڵەمەند و توانا ناودارن، ئەگەرچی هەرگیز لەسەردەمی ژیانیاندا چیرۆک و بەسەرهاتیان نەنووسراوە، بەڵام لەسەدەی ١٩دا

بەسەرهاتیان لەزمانی چیرۆکبێژانی لادێیی هاتە تۆمارکردن.

زۆرجار کاری بەرزتر لە سروشت و سیحر و جادوو کەوتووەتە ناو ئەدەبی حەماسی. قارەمانەکانیش تووشی گەلێک ڕووداوی سەر بە جیهانی تر بوون. مانۆیی قارەمانی بۆلێنزیایی لەسەر درەختێکی بەساڵاچووڕا خۆی داوێتە نێو جیهانی بەرزتر لە هەورەکان؛ سیگۆرد قارەمانی حەماسەکانی بەریتانیا- ئەسکەندەنافی بۆ ڕزگاری برێنهێڵد بەسواری ئەسپەوە بەدیواری ئاگردا تێدەپەڕێ، پێرزێنوس (قارەمانی یۆنانی) بۆ ڕزگارکردنی ئاندرۆما بە یارمەتی هێرمس سەری گۆرگۆن دێوی بەسام دەپەڕێنێ. زۆربەی قارەمانەکان تووشی ئاکامێکی لەنەکاو و تاڵ و خەمبار دەبنەوە.

ئاشیل لەشەڕدا دەکوژرێ، ژیانی کورت و پڕ لە شکۆ و گەورەیی بەردەوامی باشتر لە ژینی درێژ و بێ دەسکەوتی گەورە دەزانی، سامسۆن کۆڵەکەکانی تەلاری دوژمنان تێک دەڕمێنێ و خۆی لەژێر ئاواردا دەمێنێتەوە و مەرگی دەبێتە هۆی لەنێوچوونی بەشێک لە دوژمنانی.

ڕاگنارلۆدبرۆک سەرۆکی ئازای وایکینگەکان دەکەوێتە نێو چاڵێکی پڕ لە مار و دەمرێ، بەڵام بە پێکەنینی بەسامی خورپە دەخاتە دوژمنانی و تووڕەیان دەکا.

سیگۆرد بە زەبری شمشێری خزمەکان دەکوژرێ، چون نەیدەتوانی هاوکات بەگۆدرۆن و برێنهێڵد ئەمەگدار بێ.

قارەمانەکان بەمەرگی پڕ خەفەت و کەسەریان هەرمان دەمێننەوە و هەمیشە لەیادەکاندا زیندوون، بەسەرهاتیان بەشێوەیەکی کاری و لەگەڕدا لەسەر زارانە و هەرکات بەشێوە و زمانی تایبەت بۆ منداڵان دەگوترێتەوە لە گێڕانەوەی سەرەکی خۆی دوور دەبێتەوە.

قارەمان چ شازادە بێ، یان سەرکردەی جەنگی، پیرۆز بێ، یان بوونێکی نیمچە خوایی، هەمیشە هەوڵ دەدا ئەو ڕێیە ببڕێ کە ڕووداوی کەمتری لە بۆسەدا بێ، ئەو بە جۆریک خوا- قارەمانی دینە مەزنەکانی جیهانە و بوونی چیرۆکگەلی وا بە واتای گوریز و دەرباز بوون بۆ ناو جیهانی چیرۆکەکانی پەرییان نییە، بەڵکو بۆ مرۆڤ سەرچاوەی ئیلهام و ئاوەز و ژیرییە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- corail: ئەو جامەیە کە مەسیح لە شامی ئاخردا کەڵکی لێوەرگرت.**

**٢- بۆ ئاگاداری زۆرتر لەمەڕ بەسەرهاتی ئەم قارەمانە دەتوانن بڕوانە ئەم سەرچاوەیە. اسطورەهای اسکاندیناوی- ر.ی. پیچ- ترجمە عباس مخبر- نشر مرکز - تهران- ١٣٧٧ (س ح).**

***Encyclopedie of world my thology Rex waener New York 1975.**

**مترجم فارسی: دکتر ابو القاسم اسماعیلپور، کتاب ماه هنر ویژە اسطورە (نماد و روایت). مرداد و شهریور ١٣٨٠.**

# ئەزمoونی ڕیژیسۆرێک لە ڕەباتەوە بۆ کەمبریا

بەشی کۆتایی

د. فازڵ جاف

## ڕەهەندی جەستەیی میتودی ڕاهێنان

هێڵی هاوبەش لە میتودی ڕاهێنانی کاری پێداگۆگییانەی هەردوو نمایشی شانۆگەری "یاریبیە خەونێک"ی ستریندبێرگ چ لە ڕەبات و چ لە کەمبریا لەسەر بنەمای بیومیکانیک و کوریۆگرافیا "دانس" بنیاد نرابوو.

مەشق و ڕاهێنانی ئەکتەرەکان لەسەر میتودی بیومیکانیک کەوتبووە سەر ئەستۆی خۆم، ڕاهێنانی کۆریۆگرافیانە لە هەردوو ئەزموونەکدا بە دوو ڕاهێنەری بواری دانس سپێردرا، کە هەر یەکەیان شێواز و میتودی کارکردنی خۆی هەبوو.

جیاوازی نێوان میتودی کارکردنی هەردووکیان کاریگەری خۆی لە سەرجەمی هەردوو نمایشەکەی ڕەبات و کەمبریادا هەبوو. یەکەمیان مامۆستای دانسە لە پەیمانگای باڵای شانۆ لە ڕەبات، دووەمیان لە زانکۆی کەمبریا. جێدەستی ئەم دوو مامۆستایە زۆر بەکارەکانەوە دیاربوون، هەردوو بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ بەشداری ڕاهێنانەکانیان دەکرد و مەشقیان بە ئەکتەران دەکرد، گەلێک جار لە نزیکەوە و هاوکات لەگەڵ مەشق و پرۆڤەکاندا مەشقیان بە ئەکتەرەکان دەکرد.

لێرەدا ئەوەندەی پێم بکرێت هەوڵ دەدەم چۆنیەتی کارکردنم لە بواری بیومیکانیک و تەکنیکی ئەکتەر لای میبیرهولد باس بکەم. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم ئاماژە بە تەوەرە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێبازە بکەم، ئەمە وەکو ئەوەی چۆن لە ڕەبات و کەمبریا کارمان لەسەر کرد، بەڵام بۆ شارەزایی زیاتر. چاکتر وایە خوێنەر بگەڕێتەوە سەر کتێبەکەم"فیزیاء الجسد".

## چەمکی جووڵە و میزانسێن

چەمکی جووڵە لەسەر بناغەی ئەتکاز:"ارتداد" تاو وەرگرتن، بنیادنراوە. واتە هەموو جووڵەیەک پێویستە بە

ئامادەییەک دەست پێبکرێت، ڕادە و پلەی وزەی ئەم ئامادەییە دەبێت لەگەڵ ڕادە و پلەی وزەی خودی جووڵەکەدا بگونجێت. بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی ئامادەییەکە "ارتداد" پێچەوانەوەی ئاراستەی جووڵەکەیە. بۆ نموونە ئەگەر جووڵەکە لە "ئا" بۆ "ب" بێت، سەرەتا دەگەڕێنەوە بۆ "ج". هەموو بنەماکانی جووڵە و دابەشکردنیان "میزانسێن لەسەر ئەم پرنسیپە دەڕوات.

**پاسیل**: پرۆسەی جووڵە، واتە پرۆسەی بەردەوامی و ئاراستەیی و پلەی وزە. ئەوەی گرینگ بێت لێرەدا دەستنیشانکردنی وزە و ئاراستەی گونجاوی جووڵەکەیە.

**ستوێکا**: واتە مەبەست پێکان و گەیشتن بە ئامانج، ئەوەی گرینگ بێت لە ستوێکادا، ڕوونی و ئاشکرایی ئامانج و مەبەستە، سەرەڕای ئامانجی هونەریی جووڵە لە نمایشدا.

سەرجەمی ئەم سێ تێرمە، دەکرێت بە داڕشتەیەکی دیکە گوزارشتی لێوە بکرێت: ویست، جێبەجێ کردن، پەرچەدانەوە.

مەبەست لەم هەموو ڕاهێنانە بنچینەییانە شیکردنەوە و چەسپاندنی ئەم چەمکە سەرەتاییە بوو، کە لە بیومیکانیکدا بەردی بناغەیە و بەبێ تێگەیشتنی ئەم چەمکە، هەموو ئیتودەکان تەنیا فۆرمێکی فیزیکی بێ مانان، یان ئامرازێکی وەرزشکارانەن بۆ ڕاهێنانی ماسوولکە و هیچی تر.

قوتابیانی کەمبریا باشتر لەسەر بیومیکانیک ڕاهێنرابوون، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستای سەرەکییان لە بابەتی نواندندا، ڕوبێرت لیچ، کە بۆ خۆی پسپۆڕێکی بەناوبانگ و کارامەی بواری بیومیکانیکە و پسپۆڕی شانۆی ڕووسییە و میێرهولد ناس و ئێزنیشتەین ناسە.

بنەماکانی بیومیکانیک لە نمایشی ئەم قوتابیانەدا چاک ڕەنگی دەدایەوە، هەرچەندە سەبارەت بە ئیتودەکان و مەشقە گشتییەکان کێشەیەکی دیکەیان هەبوو، ئەویش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لیچ هەر لە سەرەتای ساڵی یەکەمدا کاری لەگەڵ کردبوون، پاشتر بەردەوامی بە مەشقەکان نەدابوو، بۆیە قوتابییەکان وەکو چەمک شارەزاییەکی باشیان هەبوو، بەڵام لە ڕووی فیزیکییەوە پێویستیان بە سەرلەنوێ کارکردن هەبوو.

هەرچی قوتابییەکانی ڕەبات بوون، شارەزایی تیۆرییان دەربارەی بیومیکانیک خراپ نەبوو، لە ڕێگای زمانی فەرەنسییەوە ئاشنای ڕێبازی میێرهولد ببوون، هەروەها



ئاگاداری کاری قوتابیانی ساڵانی پێشووی خۆیان بوون، مەبەست لێرەدا خولی ئەو ساڵانەی کە من کارم لەگەڵدا کردبوون و نمایشەکانیان بریتی بوون لە "ڕاشامون" و "شەوی نیوەشەوێکی هاوینە" و "بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ"وە تاد..

### شانۆاندن "تیاترالیتی"

شانۆاندن، یان بەشانۆکردن چەمکێکی سەرەکییە لای میێرهولد، کە پاشتر لە تیۆرییەکانی برێخت پێگەیەکی گەورەی داگیرکرد، بەداخەوە تا ماوەیەکی دوور و درێژیش هەر بە دەستکەوتێکی برێخت دەناسرا.

بە شانۆکردن، کە بە عەرەبی دەکاتە (مسرحة)، واتە هەموو ڕەگەزەکانی نمایش دەبێت بخرێتە ژێر ڕکێفی یاساکانی نمایش، هەموو شتێک کە نمایش دەکرێت، دەبێت ئەوە بگەیەنێت کە لەسەر شانۆ و لە فەزای شانۆدا پێشکەش دەکرێت، بینەر بۆ تەنیا ساتێک لە وامەی ئەوەدا نەبێت کە ئەوە جیهانی واقیع و شانۆ نییە. جا بۆ ئەوەی ئەم بەشانۆکردنە لە کاری پراکتیکدا و لە وانەکانی نواندندا جێبەجێ بکرێت و مەشقی لەسەر بکرێت،

ڕاهێنان و ئەرکی پێداگۆگی ئێمە، بە شێوەیەکی پراکتیکیانە کارکردن بوو لەسەر چەمکی "مەجاز" و"شێوازگەری".

ئەگەر بە وردی لەو گوزارشتە تێبگەین، یەک ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە تەرجەمەکردنی چەمکێکی ئەوها بنەڕەتی ئاسان نییە، بە تایبەتی ئەگەر وەکو زمانی شانۆ ڕاهێنانی لەسەر بکرێت، چونکە لە ڕووی تیۆرییەوە ئاسانە، بەڵام جێبەجێکردنی سەختە، ئەمەش بێ گومان کێشەی هەرە زۆری مامۆستایانی شانۆیە، زۆربەیان دەتوانن ئەم چەمکانە شی بکەنەوە و باسیان لێوە بکەن و تەنانەت کتێبیشیان لەسەر بنووسن، بەڵام کە کار دەگاتە سەر ئەوەی بە کردار تەرجەمەی بکەن و پیشانی بدەن، ئەوەیان گەلێک سەختە، چونکە لێرەدا ڕۆڵی پێداگۆگی بە توانا و کارامە دەردەکەوێت، هەر بۆیە مامۆستایانی شانۆ، نووسەرانی شانۆ، بێ ئەندازە زۆرن، بەڵام پێداگۆگ، یان پەروەردەکەر و ڕاهێنەری شانۆ زۆر دەگمەنن، هەر بۆ نموونە لە کوردستاندا ئەگەر سەرنج بدەین، چەندین نووسەر و ڕەخنەگر و مێژوونووس و ئەرشیفچی هەن، بەڵام چەند مامۆستای پێداگۆگمان هەیە؟!

گوتەیەکی ڤاختانگۆڤ هەیە کە تەواو ئەم مەبەستە دەپێکێ: لە شانۆدا گرینگ پێداگۆگە نەک ئەو مامۆستایانەی کە موحازەرە دەڵێنەوە، چونکە موحازەرە گوتنەوە دەکرێت هەر مامۆستایەک بیڵێتەوە، پەنا دەباتە بەر کتێبێک، یان دوو و ناوەڕۆکەکەی بۆ قوتابییەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ڕایان بهێنێت و فێریان بکا، چونکە ئەویان تەنیا کاری پێداگۆگە.

## چەمکی مەجاز و شێوازگەری

ئەمجا دەگەڕێمەوە سەر چەمکی مەجاز و شێوازگەری کە هەردووکی دەکەنە بنەمای بەشانۆکردن، یان شانۆناندن و چۆنیەتی مەشقکردن لەسەر ئەم دوو چەمکە.

مەیرهولد ئەم دوو تێرمە بە شوێن و کات دەبەستێتەوە، شوێن وەکو خۆی دەڵێت واتە کۆمپۆزیسیۆن "ترکیب"، کاتیش واتە مۆسیقا "ریتم""ایقاع"، واتە هەموو دیمەنێک، یان ئێپیسۆدێک "ڕووداوێک" دەبێت لە چوارچێوەی بە دیقەت داڕێژراوی ئەم دوو ڕەهەندە بەرجەستە بکرێت. ئەم دوو مەرجەش مەرجی زمانی شانۆن کە دەبێت سەرانسەری نمایش بخرێتە ژێر ڕکێفییەوە، چونکە تەنیا لە ڕێگای کۆمپۆزیسیۆن و ڕیتمەوە ناوەڕۆک و جەوهەری واقیع دوور لە وردەکار و ڕەهەندی ڕۆژانەی بە شێوەیەکی هونەری دەخەینە ڕوو.

ئەگەر بە وردی لەم چەمکە تێبگەین، جێبەجێکردنی ئاسان دەبێت، بێ گومان ئەم ئەرکە لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەو شانۆنامانەی کە زۆر مۆرکی ناتورالیزم، یان ڕیالیزمیان پێوە دیارە، دەرەنگتر خۆیان بە دەستەوە دەدەن، بەڵام شانۆی کلاسیک و سیمبۆلیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم، لەگەڵ ئەم چەمکەدا چاکتر دەگونجێن، چونکە خۆیان لە بنەڕەتدا بە زمانی مەجاز نووسراون و نووسرانیان بە مەجاز گوزارشت لە جیهان دەکەن، ئەمەش بۆ دیدی شاعیرانەی ئەو نووسەرانە بۆ مرۆڤ و جیهان و بوون دەگەڕێتەوە.

یارییەخەونێک خۆی لە خۆیدا وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، جوانترین نموونەی شانۆی ئێکسپرێسیۆنیزمە، واتە گوزارشت لە جیهانێکی خەون ئامێزی سیمبۆلیزمانەی شاعیرانە دەکات. جیهانی شانۆنامەکە لە چوارچێوەیەکی چەسپاوی مەرجئامێزی شێوازگەریانەدا خۆی دەنوێنێت. ئەمە بۆ کاری ئێمە سەد لە سەد گونجاو بوو.

بۆ پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی ئەم چەمکە، دەگەڕێینەوە سەر چەمکە بەناوبانگەکەی مەیرهولد کە دەڵێت: کاری ئەکتەر لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە فۆرمی پلاستیکا لە فەزادا بخوڵقێنێت.

هەر لەم بۆچوونەوە ڕاهێنانی بنەڕەتیمان بۆ دۆزینەوەی قەوارە و چوارچێوەی فیزیکی دیمەن و ئێپێسۆدەکان ئەم شێوەیەی وەرگرتبوو: دۆزینەوەی قەوارەی فیزیکی دیمەنەکان دیمەن پاش دیمەن لە ڕێگای کارکردن لەسەر چەمکی پلاستیکا، ساغکردنەوەی کردارەکان لەسەر بناغەی چەسپاندنی کردارە سەرەکییەکان و بەکردارەکان و جووڵەکان، ئەویش لەسەر بنەمای ئەتکاز پاسیل وستوبکا.

پاش ئەم قۆناغە، قۆناغی قوولبوونەوە دێتە ئاراوە، لەم قۆناغەدا کارمان لەسەر چەمکی گرۆتێسک دەکرد، کە ئەمەش هەموو لایەنە فیکری و ئیستێتیکییەکانی شانۆنامەکە دەگرێتە خۆ. قوتابییەکان کاریان لەسەر ڕەگەزەکانی دژاودژی و کۆنتەراستی حاڵەتەکان دەکرد، ئەم کۆنتراستە لە زۆر شوێنی شانۆنامەکەی ستریندبێرگدا پشتی بە ئەبسیۆرد "لا معقول" بەستووە، جیهانی خەونیش هەر بەم شێوازە وێناکراوە. شانۆنامەکە بوارێکی بە برشتی بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی وێنەی هونەری



جۆراوجۆره. کاری ئەکتەرەکان لەسەر گرۆتێسک لە سێبەری ئازادییەکی هونەری تەواو و سەربەخۆییەکی بێ ئەندازەدا ئەنجام دەدرا، ئەمجا لەگەڵ چوارچێوەی گشتی شانۆنامەکە و پلانی دەرهێناندا دەگونجێنرا.

شێوازی کارکردن لە بواری پلاستیکا و گوزارشتی فیزیکی لە فەزادا، ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر ڕێگای بۆ ئەکتەرەکان خۆش دەکرد، کە خۆیان قەوارە و پێکهاتی دیمەنەکان لەسەر بنەماکانی بیومیکانیک دەستنیشان بکەن. ئەمە شێوازێکە یارمەتی ئەکتەری قوتابی دەدات کە نەک تەنیا کار لەسەر میتودی نواندن بکا، بگرە شارەزاییەکی بنەڕەتی بنچینەکانی هونەری دەهێنەریش ببێت. لەم بنچینانە دروستکردنی کۆمپۆزیسیۆن "پێک هات/ ترکیب" و میزانسین" دابەشکردنی ئەکتەران، کە دوو ئەرکی سەرەکی ڕیژیسۆرن. ئەمە جگە لە تەکنیک و ئیستێتیکای گرۆتێسک بە هەموو شێوازە بەرینەکانییەوە.

## ڕاهێنان لەسەر شێوازی گرۆتێسک

بۆ ئەکتەران: سۆراغی کۆنتراس و دژاودژی ئەو دیمەن و ئەپیسۆدانە بکە کە دیدێکی گرۆتێسکانە سەبارەت بە واقیع پێشکەش دەکەن، هەوڵ بدە ئەو کۆنتراستە زیاتر بەرجەستە بکەی و پلەی بەرزتر و زەقتر بکەی، باشترین میتودیش بۆ ئەو بەرجەستەکردنە ئەوەیە کە جیاوازی نێوانیان تیژتر بکەی، ڕووبەڕووی یەک و هەندێک جار هاوکات و هاوتەریپ نمایشیان بکەیت. ئەکتەرەکان بە درێژایی پرۆڤەکان چێژیان لەم ئەرکە وەردەگرت، چونکە بەر لە هەموو شتێک شانۆگەری یارییە خەونێک کانگایەکی دەوڵەمەندی هێماو وێنە و ڕووداو و پێکهاتەی جۆراوجۆرە. زۆربەی دیمەنەکان ماکی لامەعقوول و کۆنتراستیان تێدایە و ئەکتەر دەتوانێت جیهانێکی کۆنسترکتیڤیستانەی هەمەڕەنگیان لێوە دروست بکات.

## بەر لە نواندن

ئەمەش یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی میبرهولد، کە ڕێگا بۆ ئەکتەر خۆش دەکا بۆ ئەوەی بتوانێت جەوهەری دیمەنەکە نمایش بکات لە قسەکردن و دیالۆگ گوتن. زۆربەی دیمەنەکانی شانۆنامەی یارییەخەونێک ئەم تەکنیکەی بۆ دەگونجا، ڕەنگە باشترین دیمەن کە تەکنیکی بەر لە نواندنی تێدا باش جێبەجێ کرابێت، دیمەنی دیداری بەکەمی پارێزەر و ئەکنێس بوو، کە یەکەمیان ڕەهەندی ڕوحی نمایش دەکا و دەیەوێت هەموو جۆرە

پێوەندییەکی مرۆڤانە تاقی بکاتەوە، دووەمیشیان سیمبۆلی ژیانی ماددی سەر ئەرزە. دەسپێکی بەر لە نواندنی ئەم دیمەنە لە ڕەبات بە ڕوونی لە سوڕاخ و پشکنینی هەردوو ئەکتەرەکەدا بە جوانی دەبینرا. نمایشی دیمەنەکە بە پانتۆمیم دەستی پێ کرد، بە دوو ڕیتمی جیاواز و دوو گوزارشتی جیاواز. ئەم تەکنیکە بەرانبەر بە تەکنیکی بن دێری ستانیسلاڤسکییە کە ئەکتەر لە بری نمایشکردنی مانای ناو دێرەکان، مانای بن دێرەکان نمایش دەکات.

### کۆریۆگرافیا

زۆربەی دیمەنەکان مۆرکێکی کۆریاگرافیانەی پێوە دیار بوو، مۆرکێک کە ئاستی شێوازگەری ستیلی نمایشەکە وای پێویست دەکرد. ئەمەش وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد کەوتبووە سەرشانی ئەو دوو مامۆستایەی کە مەشقیان بە ئەکتەرەکان دەکرد، هەروەها هەردوو دیزاینی ئەو دیمەنانەیان دادەنا کە بۆ خۆیان وەکو تابلۆی دانس بوون.

ڕەهەندی بینین: نەخشەی ئەم دیمەنانە لەو وێنانە دروست دەکران کە لە ناو شانۆنامەکەدا هەن.

- پێکهاتە کۆریۆگرافییەکانی ناو خودی شانۆنامەکە، بۆ نموونە تابلۆی سەما لەو دیمەنی "ئەم جیهانە بەهەشتە" و تەنیا کچێک دانس ناکات کە لەبەر ناشیرینی کەس داوەتی ناکات بۆ سەماکردن.

- کۆریۆگرافیای هاوئاهەنگ لەگەڵ تیەما و بابەت: ئەمە ئەو دیمەنانە دەگرێتەوە کە بە سەما گوزارشتیان لێوە دەکرێت، دیارە دیمەنی دەستپێک کە باس لە هاتنە خوارەوەی کچی ئاییندار لە ئاسمانەوە دەکات، باشترین نموونە بێت، بەهەمان شێوە دەکرێت ناوی دیمەنی کۆتایی بهێنین.

- کۆریۆگرافیا وەکو ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی باگراوند و چەسپکردنی ڕیتمی دیمەن، ئەم شێوازە لە چەند دیمەنێک بەکار هێنرا، بۆ نموونە لە دیمەنی ئەکادیمییەکان و لە دیمەنی کەناری دەریا.

- جووڵەی جیاواز و جۆراوجۆر: ئەو جووڵانەیە کە هاوکات نمایش دەکرێن و لەسەر ڕیتمی جیاواز دەڕۆن. وەکو جووڵەی خێرا بەرانبەر بە جووڵەی لەسەرخۆ، زیگزاگ، یان جووڵەی بازنەیی. ئەمجا خولقاندنی پێکهاتەیەکی کۆریۆگرافیانەی سەرجەم لە هەموو ئەم فۆرم و ڕیتمە جیاوازنە.

بە کۆریۆگرافیکردنی ئەو کردارانە کە گواستنەوەن لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە، وەکو ڕێکردن، پیاسەکردن، ڕاکردن، کەوتن و هەستان... تاد.

- فەنتازیا و ئەندێشە: لەم ڕاهێنانەدا کۆریۆگراف داوای لە ئەکتەران دەکرد کە بە خەیاڵ دوای ئەتمۆسفیری دیمەنەکە بکەون و بە جووڵەی دانسئاسا بەرجەستەی بکەن. ئەم تەکنیکە لە خولقاندنی مۆرکی شێوازگەری زۆربەی دیمەنەکاندا کاریگەر بوو. هەر بۆ نموونە دیمەنی دیداری پارێزەر و ئەگنێس لەپێش ئەکادیمییەکاندا، هەروەها دیمەنی هەردوو کارەکتەرەکە لە ناو ئەشکەوتدا و پاشان لە کەناری دەریا.

- بەکارهێنانی ئێکسسوار، لەم ڕاهێنانەدا کۆریۆگراف کەرەستە وەکو سیمبۆل لە دانسدا بەکار دێنێت، یان وا لە ئەکتەرەکان دەکات کە ئەو کەرەستانە بە چەندین شێوازی هونەری جیاواز بەکاربهێنن. ئەم تەکنیکە لە کەمبریا چاکتر جێبەجێ دەکرا. بۆ نموونە لە دیمەنی سێیەمی شانۆگەرییەکدا، کاتێک ئەفسەرەکە شیرێکی بەدەستەوەیە و بە مێزەکەی بەردەمیدا دەکێشێت تاکو هاتنە ژوورەوەی ئەگنێس، یان بەکارهێنانی شاڵەکەی ئەگنێس وەکو هێمایەک بۆ زەمەن و گوناهەکانی مرۆڤ، بەکارهێنانی شیرەکە و شاڵەکە سنووری بەکارهێنانی کۆنکریت دەبەزێنن بۆ چەندین شێوەی دیکە.

یەکێک لە نموونە هەرە باشەکانی ئەم بەکارهێنانە، چەپکە گوڵەکەی دەستی ئەفسەرەکەیە، کە هێمایە بۆ بەسەرچوونی زەمان و بە ساڵاچوونی ئەفسەرەکە، دەبینین کە گوڵەکان لە سەرەتادا گەش و جوانن، بەڵام لە دیمەنەکانی ناوەڕاستی شانۆگەرییەکە سیس و ژاکاون و لە کۆتاییدا پەڕەی گوڵەکان تەواو وەریون و تەنیا کۆمەڵێک لقوپۆپی وشکوبرینگن.

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئێکسسوار لە سەمادا، سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشە بۆ داهێنانی گەلێک جووڵەی جوان و کاریگەر، کە لە بواری سەمادا دێتە کایەوە. ئەم ڕاهێنانە لە سەمادا تاکو دێت پتر لقوپۆپی لێ دەبێتەوە، چونکە ئێکسسوار لە دانسدا ئەرکێکی زۆر دینامیکییانەی بە جۆشی هەیە، بە جۆشتر لە نواندنی ڕیالیستانە. پوختەی ڕاهێنانەکە لە کەمبریادا لەسەر بناغەی ئێکسسواری مۆبایل بنیادنرابوو، واتە ئێکسسوارەکە دەجووڵێت و ئەکتەر دوای دەکەوێت. هەردوو کۆریۆگرافەکە لە ڕەبات و لە کەمبریا داوایان لە ئەکتەرەکان دەکرد کە لە هەموو جووڵەیەکدا فەزاو وزە و کات تاقی بکەنەوە و بە هەموو لایەن و مەودایەکدا ببزوێن و بەردەوام ئاراستەی خۆیان بگۆڕن.

## دوو میتودی جیاوازی کارکردن

میـتـودی کارکـردنی کـۆریۆگرافی بەرهەمەکـەی ڕەبات ڕاستەوخۆ پێبەند بوو بە میـزانسـێنی ڕیژیسـۆر و بە هیچ شێوەیەک پێش پلانی دەرهێنان نەدەکەوت. کۆریۆگرافەکە وای پێ باش بوو کە پاش داڕشتنی قەوارەی دیمەنەکان و چەسپـاندنی میـزانسێن لەلایەن ڕیژیسـۆر و ئەکـتـەرانەوە، ئەمـجا کـار لەسـەر جوولەکـان بکا. بەم شـێـوەیە دەتوانم بلـێم کـە کـۆریۆگـراف مـەودایەکی دووردرێژی کـورت دەکردەوە و قۆناغی گەڕان و پشکنینی ئاسانتر دەکردەوە. سوودمەندێکی دیکەی ئەم شێوازە ئەوەیە کە جوولەکان پاش کـاری کۆریۆگـراف چەسپـتـر و جەوهەردارتر خۆیان دەنوێنن، بە تایبـەتی لە دیمەنەکانی کۆتاییدا کە چەندین تابلۆی پەیکەرئامێزی تێدابوو. ئەوەی کە بۆ ڕیژیسۆر لەم شـێـوازەدا مـەبەسـتـە، ئەوەیە کـە کـۆریۆگـراف دەزانێت ئەکتەرەکانی لە کوێ و لە کام فەزادا دادەمەزرێنێت تاکو بەهێـزترین کـاریـگەری هەبێت. ئەوانەی کـە شـارەزای هونەری دانسن چاک دەزانن کـە لە دوو حـاڵەتدا پێگەی سـەمـاکـەر لاواز دەبێت، ئەگـەر لە جـێـگای نەگـونجـاودا دابنرێت، یان بە ئاراســتــەیەکی نالەبار و هەڵە نمایش بکات. هەربۆیە گەلێک جار میزانسێن فۆرمێکی دیکەی وەردەگرت، فـۆرمێکی شەنگتر لە ڕووی ئیـستـێتیـکاوە و کاریگەرتر لە ڕووی ئەرکەوە.

کـۆریۆگـرافی کـەمـبـریا بەر لە دەسـتـپـێـکی پرۆڤـەکـان چەندین ئێـپـیسـۆدی دانسـئـامێزی دیزاین کـرد، لە پلانی کارەکەیدا سوودی لە بابەت "تیەما" جۆربەجۆرەکانی ناو شـانۆنامـەکە وەردەگرت. هەر لە سەرەتاوە هەندێ پارچە سـەمـای کـورت کورتی پێک هێنا، کە پاشـان لە دیمەنی لەبار و شیاودا جێگای بۆ دەدۆزینەوە و دەیگونجاندن. لە ڕاسـتـیـدا میـتـودی کـاری ئەمـیـان پتر شـێـوازی کـۆلاژی وەرگرتبـوو. ئەم شـێـوازە بۆ شـانۆنامـەیەکی وەکـو یاریـیـە خەونێک زۆر گونجـاوە، بەڵام بۆ شـانۆگـەرییـەکی دیکـەی نزیک لە ڕیالیزمەوە کۆلاژ ئەوەندە دەست نادات.

### ئاکام

هەموو ئەزموونێکی پێداگۆگیـانەی شـانۆ دەبێت خۆی لە خۆیدا هەنگاوێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشـەیەکی هونەری کـە دەشێت لە بواری کـارامەیی و پیـشـەکاری و پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانی نمایشدا ببێتە کۆسپ لە پێش شانۆکار.

بەداخـەوە کـەسـانی پێـداگـۆگ بە دەگـمـەن پوخـتـەی ئەزموونی خۆیان دەخەنە سەر کاغەز، هۆکارەکان هەرچەند بـن، بەڵام گـرنگـتـرینیـان ئەوەیە کـە گـواسـتـنەوەی ئەزمـوونێک کـە پشت بە مـەشق و ڕاهێنانی زیندوو و بەجۆش دەبەستێت، ئاستـەمـە بە ئاسـانی بخرێتە سـەر کـاغـەز، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە گواستنەوەی ئەزموونی پەروەردەکـارانە بایەخـێکی بێ ئەندازەی هەیە، چونکە دەکرێت کەسانی دیکە سوودی لێ وەرگرن، بە تایبەتی بۆ شـانۆ لە کـوردسـتـانـدا، کـە لە ڕووی ئەزمـوونی پەروەردەییەوە زۆر کۆڵەوارە..

لە میـانەی ئەم پازدە ساڵەی وەکو مامۆستا و ڕاهێنەر ئەرکی پێداگۆگیم بەجێ هێناوە، ئەوەندەی پێم کـرابێت، لە کارەکەمدا هەوڵم داوە پەی بەو کۆسپ و ئاستەنگانە بەرم کە دەشێت لە بواری پراکتیزەکردندا ببنە کۆسپ بۆ ئەکتەری قوتابی. لە پێناوی بەدەست هێنانی ئامانجێکی کۆنکریت و مسۆگەر ئەرکی یەکەمم ئەوە بووە، کە ئاستی پێوەندی نێـوان جەسـتـە و عـەقڵ لای ئەکـتـەر بەهێـزتر بکەم، ئەمەش تەنیا و تەنیا لە ڕێگا تەمەرکز "ترکیز" و فۆکس کردن لەسەرخۆ دێتە کایەوە.

پێـداگۆگی داهێنەر، کـارەکـەی لە بنەڕەتدا هونەرێکی بەرزە و وەک هەر هـونەرمـەنـدێکی دیکـە چێـژ لە بەرهەمەکەی خۆی دەبینێت. ئەگەر ڕیژیسیۆر پتر چێژ لە ئاکـامی کـارەکـەی "نمایش" بـبـینێت، پێداگۆگی داهێنەر بەردەوام چێژ لە پرۆسەی پێگەیاندن و ڕاهێنانی کەسانی دی وەردەگرێت، ئەمجا نەک هەر ئەوەندە پاشتـر چێژ لە داهێنانی شاگرد و قوتابییەکانی خۆی وەردەگرێت کاتێک ئەوانیش پێـدەگـەن و دەبن بە وەسـتـا، ئەو دەمـەی کـە کـاریگەری خۆی و کاردانەوەی مەشق و ڕاهێنانەکانی لە بەرهەمی ئەواندا دەبینێـتـەوە. ئەمـە بۆ من سـەد لە سـەد وایە، کاتێک لە مەغریب بەرهەمی ئەو شانۆکارانە لەسەر شـانۆ و لە سـینەمـادا دەبینم، ئەوانەی کـە بەر لە چەند ساڵێک مەشقم پێ کردوون.

ئێـوارەیەک لەگەڵ مـامـۆسـتـایەکی ناسراوی سـوێدی لە شـانۆی شـار لە سـتـۆکـهـۆڵم تەمـاشـای نمایشی شانۆنامەیەکی ئارسەر میللەرمان دەکرد، ئەم مامۆستایە ناوی "بیرگیتا ڤالگۆردە" یە لە ئەکادیمیای شاری مالمۆی باشـووری سـوێد مـامـۆسـتـای سـەرەکی بابەتی نواندنە. ڤالگۆردە یەک دوو جار ئاماژەی بەم ئەکتەر و ئەو ئەکتەر کـرد و دەیگـوت: قـوتـابی خـۆم بووە، پاش تەواوبـوونی نمایشـەکە گـوتی: کێ دەڵێت کـاریگەریم بەسـەر شـانۆی سوێدییەوە نییە.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## عوسمان مستەفا ئەحمەد خۆشناو

عوسمان خۆشناو ساڵی (١٩٢٦) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزئاغا) هاتۆتە دنیاوە، لە (١٩٣٢) هەر لە گەڕەکی خۆیان و نزیک ماڵی (تایەر چەلەبی) لە (سوختەخانە)ی (مەلاحەبیب) خراوەتە بەر خوێندنی قورئان، لە (١٩٣٣) لە قوتابخانەی (ئولا)ی سەرەتایی کۆیە لە پۆلی (یەکەم) وەرگیراوە. ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە مامۆستا (عەبدولڕەحمانە فەندی نازەنینی)، برای حاکم مەلا (سدیق نازەنینی) بووە. لە مامۆستاکانی ئەوکات (تایەر سادق) و (کەمال جەمیل) و (تایەر سەعید)ی بیرماوە. ساڵی (١٩٤٣) کاتێک لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە.

کاک عوسمان گوتی: بەو پێیەی خێزانی دایکم، پووری دایکم (خوشکی دایکی) لە کەرکووک بوون، حەزیان کرد دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشە (واتە کۆچکردنی باوکم) لە خوێندن بەردەوام بم، بەم بۆنەیەوە منیان بۆ لای خۆیان بۆ کەرکووک برد، پوورم بێوەژن بوو، بەڵام خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆی بوو، ماڵیان لە گەڕەکی (شاتڕلوو) بوو، بیریان کردبووەوە دوای تەواوکردنی خوێندنم لە کەرکووک بۆ (ئەستەنبوڵ) بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا بمنێرن، بەڵام دوای ئەوەی دوو ساڵ لەلایان مامەوە، منێکی مێرمنداڵی کۆیە نەمتوانی فێری زمانی (تورکمانی) بم و نەشمتوانی بچمە ناو ئەو قاڵبەوە کە بۆیان داڕشتبووم! بۆیە دوای ئەو ماوەیە لە کەرکووک، بە دڵساردی بۆ کۆیە گەڕامەوە. ئەوەبوو لێرە جارێکی دی چوومەوە بەر خوێندن، بەڵام بێ سوود بوو، دیارە من تاقانە بووم و نە مامێک و نە خاڵێکم نەبوو، خۆم و چوار خوشک بووین، بۆیە دەبوایە دوای کۆچی دوایی باوکم من وەک پیاوی ماڵ مشووری گوزەرانی دایکم و خوشکەکانم بخۆم، بۆیە بە هاوکاری حاکم مەلا سدیق نازەنینی بە بڕوانامەی شەشی سەرەتایی، لە سەردەمێکدا کە (شامیل یەعقووبی) قایمقام بوو، لە



**عوسمان مستەفا ئەحمەد خۆشناو**

دائیرەی (تەموین) لە کۆیە بە فەرمانبەر دامەزرام. بەڵام من لە سییەکانەوە لەوکاتەوە کە قوتابی پۆلی (پێنج و شەشەمی) سەرەتایی بووم، لە ڕێگەی مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی)ەوە کە هەم دراوسێ و نزیک و هەم ناسیاریشمان بوو، گیانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریم ئاودرا، بۆیە هەستی نەتەوایەتی هەمیشە بەسەرمدا زاڵ بوو، بۆ نموونە ساڵی (١٩٤٢) بەر لەوەی باوکم کۆچی دوایی بکات، ئێمە کۆمەڵێک بووین، لە هەڵسوکەوتی سیاسەتمەدارەکانی ئەوسا ڕازی نەبووین! بۆ نموونە: دەمانویست کەسی سیاسی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ خەڵکانی ناو کۆمەڵ (نموونە) بێ، بۆیە کۆمەڵەیەکمان دانا بە ناوی (کۆمەڵەی دەنگ) کە ئەم بەڕێزانە لیژنەی بەرزی، یان ئەندامانی باڵای ئەو کۆمەڵەیە بوون:

(١) عوسمان مستەفا ئەحمەد خۆشناو، بەرپرسی کۆمەڵە لە شاری کۆیە.

(٢) سەعیدی مەلا حەمەدی. ئەندامی بەرز.

(٣) عەبدولخالق فەتاح حەویزی. ئەندامی بەرز.

(٤) بابەشێخ کاکەی شێخ ساڵحی. ئەندامی بەرز.

(٥) کەمالی خورشید ئاغای. ئەندامی بەرز.

(٦) عومەری حاجی محەمەدی. ئەندامی بەرز. دواتر بووە بازرگان.

ئامانجمان لە پێکهێنانی ئەو کۆمەڵەیە ئەوەبوو: قوتابخانە و نەخۆشخانە بۆ میللەت بکرێتەوە، لاوەکانمان بخوێنن، هەژارەکانمان لە نەخۆشخانە چارەسەر بکرێن، لاوەکان بۆ چایخانە و یانە نەچن و مەینۆشین فێر نەبن! ڕێزی دایک و باوکیان بگرن، هەمیشە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ لاوەکانی ترمان نموونە بن، ئێمەش ئەو ئەندامانەی ناوم بردن، هەر هەموومان نموونە بووین، ئەندامێکی وەک: عەبدولخالق فەتاح حەویزی ئەو ساڵە لەسەر ئاستی هەموو شاری کۆیە بەیەکەمی قوتابخانە دەرچوو.

پرسیم: تا چەند ساڵ ئەو (کۆمەڵەی دەنگ)ە، مایەوە؟

وەڵام: لە ساڵی (١٩٤٢) تا ساڵی (١٩٤٦)، کۆتایی ئەو ساڵە پارتە سیاسییەکان هەر یەکە دەیانەویست بۆ لای خۆیانمان ڕاکێشن، بۆ نموونە: (عەلی عەبدوڵڵا) و ئەوان پارتی (شۆڕش و ڕزگاری)یان هەبوو، بەڵام ئێمە هەستمان دەکرد، لە هەموویان زیاتر لە پارتی (کۆمۆنیست – حزبی شیوعی)ەوە نزیکین، بەو پێیەی ئەو حزبە بەرگری لە هەژاران دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجمان بۆ دانان، وەک ئەوەی کۆمەڵەکەمان دەبێ بمێنێ، ئەوانیش بە هەموو مەرجەکانمان قایل بوون، ئەوەبوو ساڵی (١٩٤٦) چووینە ناو ئەو پارتەوە.

پرسیم: ژمارەی ئەندامانی (کۆمەڵەی دەنگ) چەند کەس بوون، ئایا ئەندامەکان هەر هی شاری کۆیە بوون؟

وەڵام: وەک گوتم، لە کۆیە من بەرپرسی کۆمەڵە بووم و لە (تەقتەق) عەزیزی کێخوا ڕەشیدی و لە (ڕانیە) مەمەندی وەستا سدیقی و لە (قەڵادزە)ش مەحموودی حاجی حەمە ڕەشی بەرپرس بوون. بەو پێیەی من ناوم زۆر دیار بوو، نەمتوانی چیتر لە کۆیە بمێنمەوە!

پرسیم: سەردەمی منداڵیتان لە سوختەخانە هیچ مەراسیمێک هەبوو، کە گۆرانی، یان ستایش و مەدحی خودا و پێغەمبەرەکانی بە گوتن تێدا بکرێت؟ یان قورئان بە دەنگ بخوێنرێت؟

وەڵام: نەخێر.

پرسیم: ئەی لە قۆناغی سەرەتایی؟

وەڵام: بۆ وتار و شیعر خوێندنەوە (عەلی عەبدوڵڵا) و لە پۆلەکانی خوارەوەش (سەعیدی مەلاحەمەد).

پرسیم: ئەی گۆرانی و سروود؟

وەڵام: لە ڕاستیدا من لەو بابەتانەوە دووربووم! زۆرتر خەریکی سیاسەت بووم.

پرسیم: ئەگەر بیرت بێت لە کۆیە لە چی بۆنەیەکدا گۆرانی، یان مەقام .. تاد دەگوترا؟

وەڵام: لە (مەولوود) زۆرتریش (ئەنوەری سەید ئەحمەد) و ئەوان، لە مولوودان شیعری کلاسیکی

کوردییان بە شێوەی (غەزەل) و مەقام دەخوێند.
پرسـیم: ئەگـەر لە بیـرت مـابێت، دەنگخـۆشـانی سەردەمی منداڵی، یان مێردمنداڵیتان لەکۆیە کێ بوون ؟
وەڵام: سێوە و مەلا ئەسعەد، جگە لەوانە ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵلاش چونکە ئێمە لە کۆیە دراوسێی ماڵی (کاکەی حاجی مەحمود) بووین و ئەو پیاوەش زۆر حەزی لە گۆرانی و مەقام بوو، کەسێکی بە زەوق بوو، بۆیە شەوانە میوانی هەبوو، بەڵام ئەو دووانە: ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵلا هەمیشە لەو دانیشتنانەی ماڵی کاکەی حاجی مەحمود لەگەڵدا بوون، جا بە تایبەتی لە هاویندا لەسەربانی ئەو ماڵە گـۆرانی و مـەقـام و غـەزەل ئەو دووانە دەیانخـوێند، ئەحمەدی حەمە مەلای باوکت کاتێک لە چلەکان لە کۆیە (بایع)ی شەکر و چا بوو، منیش مەئموری (تەموین) بووم، هەندێک جار بۆ هەندە خێزانی زۆر هەژار بۆ لای باوکت دەچووم و دەمگوت، ئەگەر دەکرێت یارمەتی ئەو خێزانە هەژارە بدەیت، لە جیاتی بیتاقەیەک، بەڵکو بەشی دوو بیـتـاقـەیان پێ بدەی، باوکت بۆ ئەوکـارە دەیگوت: منیش بۆ یارمەتی هەژاران سەرم پێوە نییە و حەز دەکەم کۆمەک و یارمەتی بکەم و کردیشی، بۆیە منیش هەمیشە لە دائیرە لەبەر ئەو هەڵوێستەی کاری بایعی مانگانەی باوکتم زووتر لەوانی دی ڕادەپەڕاند! جگە لەوانە لە کـۆیە حـەمـە ڕەشـیـدی شـێـرزادیش دەنگخۆش بوو، سەید ئەحمەد کە باوکی شێخ ئەنوەر و شێخ جەمال و ئەوان بوو، گەلێ دەنگخۆش بوو!
پرسیم: ئەدی بۆنەی ئیجازەدانی فەقێکان؟
وەڵام: لە مـزگـەوتی بایزئاغـا حـوجـرەی تایبـەتی بۆ فەقێیان هەبوو، لە بیرمە کاتێک (مەلا ڕازی) ئیجازەی وەرگـرت، دوو شـەو و دوو ڕۆژ گـۆرانی و ئاهەنگ و شایی بەڕێوەچوو.
پرسیم: ئەدی بۆنەی هاتنی بەهار و سەیران و جەژنی نەورۆز؟
وەڵام: هیچ وەرزێک لە بەهار خۆشتر و ئەو وەرزە لە کوردستانیش ڕازاوەتر نەبووە، خەڵکی هەمووی بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، ئەگەر هەر خواردنێکیان ببوایە، دەچوون لە دەرەوە دەیانخـوارد. بەڵام جـەژنی نەورۆز سیـاسـەت بوو، جارێکی دی دووبارە هێنایەوە کایە!
لێرە مامۆستا شتێکی کەوتەوە بیر و گوتی: لە کۆیە دوو بنەماڵەی ناودار هەبوون (حەوێزی ) و (غەفووری) بەڵام حەوێزییەکان لە میللەت و شیعر و خوێندنیش نزیکتربوون، هەرچی غەفووری بوون، زۆرتر دەستـیـان دەڕۆیی و حـەزیان لە ئاغـایەتی بوو، ئینجـا دیارە ئەوانەش یەکتریان خۆش نەدەویست، شیعری خراپیان لەسەر یەکتری دادەنا، بۆ نموونە: غەفوورییەکان بە حەوێزییەکانیان دەگوت:
**هەواوی* سەیان زۆرترە لە پیاوی!**
دیارە حەوێزییەکانیش بە شێوەیەکی جنێو ئامێزتر غەفوورییەکانیان وەسف کردووە و وەڵامیان داونەتەوە!
بەڕای کاک عوسمان خۆشناو: دەوڵەمەندەکانی کۆیە زۆرتر ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوونە و لە کۆیە زۆربەیان لە هەردوو گەڕەکی (قەلات) و (بایزئاغا) بوونە.
پرسیم: ئەدی بۆنەی کارکردن کە دیانەکان لە کاتی مووڕستندا لە ناو باخچەکانی کۆیە بە دەمییەوە گۆرانییان گوتووە؟
وەڵام: لە باخچەی (سدیقی شینە)ی ئەمەم بە چاوی خـۆم دیتـووە، هەرجـارێک بۆ لای برادەری خـۆم (عەبدولواحید)** بۆ باخچەی (ئۆمەرخوچان) دەچووم، لەوێ دیانەکانم دەدیت موویان دەڕست و گۆرانیشیان بە دەمییەوە دەگوت.
پرسیم: حاجییە گەورەت دیوە بە چاوانت؟
وەڵام: بەڵێ، لە کـۆیە مـاڵیـان لە نزیک مـزگـەوتی (موفتی) بوو، کەسایەتییەکی ناوداری کۆیە بوو، سەر بە دنیای مەقام و غەزەل و گۆرانی بوو، لە هەمان کاتدا دەنگخۆشێکی گەلێ بە تواناش بوو.
پرسیم: دەکرێت بزانین تا ئەمڕۆ چەند بەرهەمتان بە چاپ گەیاندووە؟
وەڵام: بەرهەمی یەکەمم بە ناوی (بەستەی باوەڕ) نامیلکەیەکی شیعر بوو (٢٠) لاپەڕەبوو، ساڵی (١٩٤٧) کاتێک من زیندانی بووم، بە سوپاسەوە مامۆستایانی نیشتمانپەروەری وەک (محەمەد تۆفیق وردی) و هی تر بۆمیان بەچاپ گەیاندبوو. بەرهەمی دووەمیشم بە ناوی (ئاوازی ژیانم)، هەر نامیلکەیەکی شیعر بوو، بەڵام لەوەی زووتر لاپەڕەکانی زۆرتربوو، ساڵی (١٩٥٩) چاپ کرا. کتێبی دیکەم بە ناوی (مەرگ و لە دایکبوونەوە) کە سەرجەمی شیعرەکانمە ساڵی (١٩٩٩) ئەمجارە لە یەک بەرگدا دووبارە چاپم کرد. کتێبێکی ترم (گەڵا وەریوەکان) ساڵی (٢٠٠٧) چاپ کرا. ئەمڕۆش بەرهەمێکی بە پێزم کە لە نێوان ساڵی (١٩٧٥) و (١٩٨٥) کارم تێدا کردووە، بە ناوی (کۆیە لە ئامێزی مێژوودا) بۆ چاپ ئامادەیە.
کاک عوسمان خۆشناو لە گەڵ مامۆستایان نازم حەوێزی و کەریم شارەزا و مەجید ئاسنگەر و هی تریش یەکێکە لە دەستەی نووسەرانی کتێبی (مێژووی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتیدا) کە بڕیارە لەم ماوەیەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی بکات.

مامۆستا عوسمان گوتی: ساڵی (١٩٥٩) ئێمە لە کەرکووک بووین، ویستیان پۆستی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کەرکووک) کە بە عەرەبی دەردەچوو، بە کەسێکی شیاو بدەن، دەوری (٤٠) کەس داوای ئەم شوێنەیان کردبوو، بۆیە ئیمتیحانیان کردین، لە کاتێکدا هەندێ لەوانە (٧٠) لە سەدیان وەرگرتبوو، من (٨٦) لەسەدم وەرگرت! بەو پێیە من بە بەڕێوەبەری ئەو ڕۆژنامەیە دامەزرام. ئەو ڕۆژگارە لە کەرکووک بە کوردی لە گۆڤاری (شەفەق) و بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (کەرکووک) بەرهەمم بڵاو دەکردەوە.

پرسیم: ئەگەر بکرێت کورتەیەک لە مێژووی کۆیەمان بۆ باس بکەیت؟

وەڵام: کەرکووک و کۆیە (جمک - دووانە)ن، هەردوو شار بەر لە (زایین) هەن، کۆیە جاری یەکەم (کوپار، کۆسار، کۆیسان، قۆ،) و زۆر ناوی دیکەشی هەبووە. من تەنیا بۆ کتێبی (کۆیە لە ئامێزی مێژوودا) حەفتا دانە سەرچاوەم دیتووە! بۆ نموونە لەو سەرچاوانەوە زانیم، کە هەولێر سەردەمانێک سەر بە شاری کۆیە بووە! هەروەها کۆیە سەردەمانێک (ئیمارەت)ێکی سەربەخۆ بووە، بۆیە شووره بەدەوری شارەکەدا دروست کراوە، شوورەکە چوار دەرگای هەبووە، تا ئەمڕۆش ناوی یەک دوانێک لەو دەرگایانەی شوورەکە ماونەتەوە، لەوانە: دەرکی گەروێ، دەرکی خۆشناوان. هەروەها گوتی: من ئەمڕۆ تەمەنم (٨٣) ساڵ ڕەتی داوە، ڕەنگە هەموو شتێکم لەیاد نەبێ، بۆیە ئەم کتێبە دەستنووسەمت دەدەمێ بۆ ئەوەی مێژووی ڕووداوەکان بەڕاستی تۆماربکەیت و دواجاریش بە ئەمانەتەوە بۆم بگەڕێنیتەوە.

پرسیم: لە ژیانتدا چەند ساڵ بەند کراویت و لە ماڵ و خێزان و شار دوورخراویتەتەوە؟

وەڵام: جاری یەکەم هەر لە ساڵی (١٩٤٩) تا ساڵی (١٩٥٤) لە (بەغدا) و (نوگرەی سەلمان) و (باقووبە). جاری دووەم لە ساڵی (١٩٥٥) تا ساڵی (١٩٥٨) هەر لە باقووبە. ئێمەی زیندانی دەوری (٢٠٠) کەس دەبووین، بە سەرپەرشتی (کەریم ئەحمەد) و (محەمەدی مەلا کەریم) وەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی و (حیلمی عەلی شەریف) وەک ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ماوەیە ڕۆژنامەیەکمان دەردەکرد، بە ناوی (دەنگی کورد) بەدەست دەماننووسییەوە، دواجار خۆشنووسەکان جارێکی دی، بەڵام بە جوانی دەیاننووسییەوە، هەر (١٥) ڕۆژ جارێک دەوری (٢٠ ـ ٣٠) دانەیەکمان لێ دەردەکرد و بەسەر زیندانییەکان دابەشمان دەکرد، لە نوگرەی سەلمان ژیانمان لە شوێنەکانی دی باشتر بوو، مانگانە یەکی (٧) دینارمان هەبوو، خانووی بە ئەساسیان پێدابووین، تێماندا هەبوو، ژن و منداڵیشی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو، لەوێ پێکەوە ژیانیان بەسەردەبرد.

پرسیم: زانیومانە ماوەیەکی دوور و درێژی ژیانتان لە شاری کەرکووک بەسەر بردووە؟

وەڵام: هەر لە ساڵی (١٩٤٥) تا ساڵی (١٩٨٨) لەو شارە زیندەگیم کردووە.

پرسیم: چیتر؟

وەڵام: لەگەڵ زانای گەورە (مەسعوود محەمەد) هاموشۆمان هەبوو، هەرجارێک بۆ (بەغدا) چووبام، بۆ لای بەڕێزیان دەچووم و شەو لە لای دەمامەوە، بەڵام ئەو کە بۆ هەولێر دەهات، هەمیشە لە ماڵی ئامۆزای خۆی مامۆستا (ئەمجەد نوورەدین) دەمایەوە، بۆیە کە لێرە بۆ لای دەچووم و گلەییم لێ دەکرد بەوەی نایەتە ماڵی ئێمە و لامان میوان نابێت، دەیگوت: ئەگەر ڕاست دەکەی (گیپە)یەکم بۆ بکەن، بزانە دێم، یان نا؟ ئینجا هەر کاتێ نیوەڕۆیەک گەورەی دەکردین، بیرمە باسی دەکرد و دەیگوت: هەقە مرۆڤ (دەفتەرێک - ئەجندا)یەکی هەبێت، هەرچی ڕووداوی ڕۆژانەی گرنگ هەیە تێیدا تۆماری بکات، چونکە بەسەرهات هەیە، ئەمڕۆ نرخی نازانین، لە داوڕۆژدا دەبێتە بەڵگەنامە و بۆ مێژوو سوودی خۆی دەبێ!

شایانی باسکردنە مامۆستا عوسمان لە کتێبی (گەڵا وەریوەکان)دا لە لاپەڕە (٢٨) نووسیویەتی: ناوی ڕەزی ساغە و ئاشی ساغەی شاری کۆیە، لە ناوی (عیسا ئاغە)وە، هاتووە، کە یەکێک لە گەورە پیاو و میرەکانی (بابانەکان) بووە. دیسان لە لاپەڕە (٦٦)یشدا هاتووە: کۆمەڵەی (ژ.ک) لە (٢٥)ی گەلاوێژی (١٩٤٢) دامەزراوە. دواتر نووسیویەتی: بۆ زانیاری زۆرتر، کتێبی (چێشتی مجێور)ی مام هەژار، چاپی یەکەم، سەیر بکەن.

*** سە: واتە سەگ. (هەواوان)یش یەکێکە لە گەڕەکەکانی کۆنی شاری کۆیە.**

**** باوکی کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەری ئەم گۆڤارەیە.**

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢٤) لە هەولێر لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) ئەنجام درا.**

# هاوێنەی تەلی فۆتۆی مام ناوەندی

فارس سەعدی

کاتێک مرۆڤ سەیری دەوروبەری دەکات، چاوی مرۆڤ تەرکیز لەسەر بەشێکی بچووکی دیمەنەکە دەکات، ئەمەش نزیکەی ١/١٠ی دیمەنەکە دەبێت، بۆ بابەتی گرینگ لە (٢-٣)م تەماشای دەکەین، بەڵام لە وێنەی فۆتۆگرافیدا ئەمە بەم شێوەیە نابێت تێکڕای دیمەنەکە تۆمار دەکات و جوان و ناشیرین لە دیمەنەکەدا وەک یەک تۆمار دەکات، بۆیە پێویستیمان بەوە هەیە بابەتە گرینگەکە بێنینە پێشەوە و تا بە گەورەیی و ڕێکی بیبینین، بۆ ئەم مەبەستەش تەلی فۆتۆی مام ناوەندی چارەسەریان بۆ دەکات. زۆرجار بۆ ئەم مەبەستە مرۆڤ هانا دەباتە بەر بەکارهێنانی دووربین. بەمەش وردەکارییەکان زۆر بەجوانی دەبینین.

لەکاتی بەکارهێنانی هاوێنەی تەلی فۆتۆدا بەشێکی دیاریکراو لە دیمەنەکە دێنێتە پێشەوە و وردەکارییەکانی دەردەخات. بۆ مەبەستی ناوبراو وەڵامەکەی بەکارهێنانی هاوێنەی تەلی فۆتۆی درێژە، چونکە توانستی هێنانە پێشی بابەتەکەی بە ڕادەیەکی زۆر هەیە.

بۆ هەر فیلمێک تەلی فۆتۆی جیاواز هەیە، واتە دوورە تیشکۆیەکی تایبەتی هەیە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنەری ئەم جۆرە هاوێنانە بیریان لەوە کردۆتەوە کە لەجیاتی تەلی فۆتۆی درێژ کورتی کەنەوە، واتە کۆمپاکتیان کردووە، هەندێ جار کورت کردنەوەکەی دەگاتە نیوەی سایزی جاران یا پێشوو. بەم هاوێنانەش دەگوترێ «تەلی فۆتۆ».

لەسەرجەم تەلی فۆتۆکاندا ئەگەر دوورە تیشکۆکانیان بووە دووجار، ئەوە بابەتەکە دوو هێندەی جاران گەورە دەکات. هاوێنەی ٢٠٠ ملیمی کامێرای ٣٥ ملیمی SLR بە قەدەر هاوێنەی ٣٥٠ ملیمی کامێرای گەورە وێنە دێنێتە پێشەوە.



بۆ هەڵبــژاردنی هاوێنەی تەلی فــۆتۆی مــام ناوەندی لەســەر تۆ دەوەســتێ، بۆ نموونە: ئەگــەر زۆربەی ئەو وێنانەی دەیگری، پۆرتریت بن پێــویســتــە هاوێنەی بەرێنجی ٨٥-١٠٥ ملیم هەڵبــژێری، هاوێنەی ١٣٥ ملیم بۆ گرتەی کتوپڕی زۆرباشە.

بۆ بابەتی هەمــــەجـــۆر و وەرزشی، ئەوە هاوێنەی ٢٠٠ملیم زۆر باشــە و وەڵامی پرســیــارەکــانی ناخت دەداتەوە. بۆ بابەتی گشــتی، هاوێنەی تەلی فۆتۆی مـام ناوەندی ١٠٠-١٠٥ ملیم زۆر باشە هەڵبیبژێری.

## دروست کردنی وێنە

ئەگـەر هاوێنەیەکی تەلی فـۆتۆی مـام ناوەندی بەسـەر کامیراکەت ٣٥ملیم SLR دەبێت لە خاڵێکدا بوەستی بە چوار دەوری خـۆتدا بســووڕێی و وێنەی جــۆراوجــۆر بگری، ئەو کاتە نزیـکەی زیاتر لە (٢٠) وێنە دەگری کە هیـچیـان نەکـەونە سـەر یەکـتریش. خۆ ئەگـەر خۆت نزم کـردەوە، یـان بەرز کـردەوە، ئەوە لە هەمـان خـاڵ کـە لێی وەستاوی نزیکەی (٦٠) وێنە دەگری.

نهـێنی وێنەی جـوان لەوەدایە، هەندێ بەشی کـاریگەر لە دیمەنێکدا بێنیــتــە پێــشــەوە و گــەورەی بکەی وەک دەمـوچاو، دیمەنی سـروشـتی، یان گـرووپێکی کـەسـان و بابەتی هەمـەجـۆر، یان وردەکـاری، لە کـاتی وێنەگـرتندا دەبێ ئەم لاو ئەو لا بکەی تا گۆشەنیگایەکی وات دەست دەکەوێ کە گرتەیەکی کاریگەرت پێ ئەنجام بدرێ.

## خێرایی شەتەر بۆ بەدەست گرتنی وێنە

کــاتێک تۆ وێنە بە کــامــیــراوە بەدەست دەگــری بۆ وێنەگرتن، ئەگەر هاوێنەکەی تەلی فۆتۆ بوو، ئەوە ئەگەری لەرزینی کـامیـرا لەدەسـتت ڕوو دەدات و وێنەکـەت لێڵ دەردەچێت، بۆیە دەبێ خـێـراییـەکی گـونجـاو بۆ شـەتەر بەکـاربێنی، بەڵام لەهاوێنەی واید ئەنگڵـدا، دەتوانی بە کەمترین خـێرایی داخەر وێنە بگری، بێ ئەوەی لەرزینی کامیراش لە دەستت ڕوویدات. بۆ تەلی فۆتۆ بۆ نموونە، لە بەکـارهێنانی هاوێنەی ٨٥ ملیـمی، دەبێ کـەمــتـرین خێرایی شەتەر ١/١٢٥چرکە بێت. ئەگەر تەلی فۆتۆکەت بوو بە ١٣٥، یان ٢٠٠ملیم، پێویستە کەمترین خێرایی ١/٢٥٠چرکە بۆ شەتەر بەکاربێنی. تا دەتوانی خـێرایی بەرز بەکــاربێنە وەک ١/٢٥٠، ١/٥٠٠، ١/١٠٠٠ چرکە.

## کامیرا بە چەسپاوی بەکاربێنە

ئەگـەر بۆت نەلوا خـێـرایی کـەمی شـەتەر بەکـاربێنی، دەتوانی کـامـیـرا لەسـەر سێ پا، یان مـۆنۆپۆد، یان هەر ئامـرازێکی تر بەکـاربێنی. هەندێ لە وێنەگـران ئامـرازی لەشێوەی دەمـانچە بەکاردێنن بۆ وێنەگرتنی باڵندان. ئەم ئامـرازە بە شـانتـەوە دەنێی، بەشـێکی نووکـێکی هەیە دوگمەی شەتەری پێ دەتەقێنرێتەوە. بۆ تەلی فۆتۆی مام ناوەندی ئامـرازی دەمـانچـەیی سـاکـار بەکـاردەهێنرێ و بەبنی کـامیراوە دەبەسترێ. لەبەکـارهێناندا بەدەسـتێک ئامرازی دەمانچەیی دەگری، بەدەستەکەی تریش هاوێنەی کـامیرا بەدەستەوە دەگری، بەم شێوە و شێوازە وێنەکانت دەگری.


## گرفتی پێرسپێلتیف

لە خەسڵـەتە سەرەکییەکانی هاوێنەی تەلی فۆتۆ ئەوەیە بابەتەکە لە باکگراوند جیـا دەکـاتەوە، کـارێکی وا دەکـا زۆر لە یەکـتـریان نزیک دەکـاتەوە، بۆیە پیـرسـپـێکتـیڤ فلات خۆی نیشان دەدات.

# درەختی کەتناوە و سەمای مەستانەی مێرێ و مەستان

**هاشم سەڕاج**

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی «فرۆید»ەوە لە ڕۆمانی «درەختی کەتناوە»ی کەریم کاکە بڕوانین کە دەڵێ: ئەدەب دەربڕینێکی شاراوەیە بۆ ئەو ئارەزووە کپکراوانەی لەوەپێش بواری دەربڕین و تێرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتووە.» دەکرێ هێدی هێدی ڕوو لە دنیای ناخود ئاگایی زۆربەی کارەکتەرانی ڕۆمانەکە بکەین و لەم دنیا کپ و چەپێنراو و داپۆشراو و شاراوەیە بکۆڵینەوە کە لێوانلێوە لە حەز و چێژ و تابۆ و هەستی دیۆنیزۆسی، یان بە شێوەیەکی تر درەختی کەتناوە، یان درەختی ئەوێ کە شوێنگەی نائاگایی عەقڵی مرۆڤە و مەفتەنی زمانی غەریزە و هەڵڕشتنی ناخ و ئازادکردنی زەینە، لەوێ ئیرۆس کە غەریزەی ئارەزووە بە دوای چێژ و لەزەتا وێڵ و سەرگەردانە، «ئیرۆس هێزێکی ڕوحییە کە شەیدای جوانییە، ئەو هەستە ڕوحییەش هەستێکی خواوەندیانەی شێتانەیە».. لای نیتشە ئیرۆس لە تراژیدا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەو تراژیدیایە کە مرۆڤ هان دەدات تاموچێژی خەیاڵە بەرزەکان بکات، ئیرۆس بەندە بە خودی هەستی ژیان، بەدیدی نیتشە جەستەش هەر ڕوح دەگەیەنێ.. ئیتر لێرە لە پانتایی درەختی کەتناوەدا کردەی نووسین لە ڕێگای ئیدیۆمگەلێکی زمانی و گەڕاندنەوەی چرکە هەمە ڕەنگەکانی یادەوەری و هەڵڕشتنی هەستی جوانی و ئاگری عیشق و حەسرەت و تراژیدیاوە دەیەوێ چرکەساتە نۆستالژییەکان ئاوێزانی ئێستای ژیان بکات، ئێستا ئەو چرکەساتە گەرموگوڕ و پڕ هەڵچوونەی «منی نووسەر»ە کە بە هێمنی و کشوماتی بەرانبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتووە و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی دەفتەرە سوورەکەیە و ئەو دەفتەرەی کە زەمەنێک بەر لە ئێستا و لەژێر دارگوێزەکەدا سەرتاسەری ژیانی پیری بەفری تێدا تۆمار کراوە، بەڵام ئێستای «منی نووسین» بەرەوش و خەسڵەتێکی پڕاوپڕ لە ڕاڕایی و نیگەرانی مامەڵە لەگەڵ زۆربەی ڕووداوەکان دەکات،



نەخاسما بابەتەکانی جوانی و ئیرۆتیک کە لایەنێکی گرنگی تێرامان و وێناکردنی دنیای کەسایەتییەکانە، برێ جار ڕووداوەکانی عیشق و جوانی، لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرن، زۆرجاریش بەترس و نیگەرانییەوە حەواڵەی جیهانی خەون و خەیاڵ و زیندە خەون دەکرێن، هاوکات خەم و خەفەت و دەردەسەری و حەسرەتێکی قووڵ و شاراوە هەس کە سەرتاسەری بنیادی ڕۆمانەکە دەشڵەژێنێ و بەسەرمەستییەکی غەیبانی و نەشئەی ئاگرینی دیۆنیزۆسی ژنە جوانەکانی پیری بەفر بەحاڵ و جەزبە و لالانەوە و سەمای ئیرۆتیکی ڕووە و دوندی پاڕانەوە ڕادەماڵێت و لە هەمان کاتدا جیهانە یۆتۆپیاییەکەی کردەی نووسین ئاوێتەی تراژیدیایەکی جەرگبڕ دەکات، ئەویش حەسرەتی دەردی بێ دەرمانی نەزۆکی و نائومێدی خستنەوەی تۆرەمە و وەچەیە کە هەمیشە و بەردەوام پیری بەفر و ژنە شۆخوشەنگەکانی بەدەستییەوە دەناڵێنن.. بەڵام پیری بەفر وەک جەنگاوەرێکی دێرین و مرۆڤێکی چوستوچالاک هەمیشە لەگەڵ جوانی ژنە یەک بەدوا یەکەکانی و چێژی لایەنی نائاگایی «درەختی کەتناوە»دا دەژی «بۆنی پێستت- وەجاغ کوێران گێرۆدەی ژیان دەکات... تێکستی ڤان- زینانی ڕوح». ئەوە قسەی پیری بەفرە کە دەڵێ: من بە یازدە پشت دەگەمەوە گەنجۆ، تاقە کوڕێکی هەبووە بەناوی چەتۆ، لەو چەتۆیەوە ئاییینی نوێ هاتۆتە ماڵی ئێمەوە.. زۆر پێش ئاییینی نوێش ئێمە هەر لێرە بووین، لەوەتەی دنیایە بنەماڵەی ئێمە هەر لێرە ژیاون و دەژین، ئێستاش لەو پێچە بسوورێییتەوە، جێی گوڕستانێ بەدی دەکەیت، لەو گۆڕستانە وێرانەیە کێلی گۆڕەکەی باپیرە گەورەی من هەر بە پێوەیە پێدەچێ پیری بەفر جەنگاوەرێکی دێرینی سمکۆی شکاک و موریدێکی بە بەینەتی شێخی نەهری بوو بێت، پیری بەفر هەمیشە دژی شەڕ و هێرشەکانی دەسەڵاتی تورک و فارس و عەرەب.. جەنگاوە و داکۆکی لەخاکی کوردستان کردووە، ئەمێستاش گیانی بێ ئۆقرەی بارستاییەکە لەگێڕانەوە و سەر بهوردی هەمەجۆر، بەردەوام لە گوندەکەی دەردەکەوێ و بەخۆ و بە بێڵەوە جۆگە و جۆبارەکان پاک دەکاتەوە و خەڵکی گوندیش بە چاوی ڕێز و نەوازشەوە سەیری دەکەن و هاوکات خاوەندی کەسایەتییەکی کاریزمییە و لەسەرتاسەری ژیانیدا ڕستێک ژنی شۆخوشەنگی هێناوە. هەریەک لە ژنەکان بەشێوەیەک سەری ناوەتەوە. ژنەکانی پیری بەفر بریتی بوون لە گوڵناز و بێری و سەحەر و مێرێ و مەستان و فەتانە...تاد «گوڵناز ئەو هەموو ساڵە لە کنە من بوو، زگی پڕ نەبوو، سەحەر و ئەو هەموو ژنە چەندان ساڵ لە ئامێزی من نووستن و هەستانەوە. زگیان پڕ نەبوو، کەچی بێری لە بەدبەختی خۆی، لە بەدبەختی من بە دوو سێ جار منداڵ کەوتە زگی ئیدی بێریم نەدیتەوە، کەنگی دیتبێتمەوە باشە؟ – ئەدی نەیانکوشت؟..».

کەواتە پیری بەفر کە هەڵگری جیهانێکە لە گێڕانەوە و دەردەسەری لە پاڵ خەیاڵ و خولیاکانی «منی چیرۆک» ڕۆڵی سەرەکیترین کارەکتەری دنیای ڕۆمانەکە دەبینیت، هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ مردنی ئەم کەسایەتییە ئاڵۆز و کاریزمییە چیتر پرۆسەی نووسین توانستی نامێنێ بەردەوامی بە پرشنگە جوانەکانی کردەی نووسین و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان بدات و خوێنەریش دووچاری جۆرێک لە بێزاری دەبێت، لە ڕوویەکی دیکەوە پیری بەفر هەر زوو نهێنییەکانی درەختە هاوینییەکە و دوندی پاڕانەوە دەدرکێنێت، ئەم دوو نهێنییەش مانەندی دوو دنیای فەنتازی و ئیرۆتیکی کە تەواوکەری یەکدین، بەردەوامی بە ڕووداوەکانی هەر سی و سێ بەشی تێکستەکە دەبەخشن، درەختە هاوینییەکە کە فەنتازیترین درەخت و جێگە و شوێنی کەتن و گوناهە غەریزییەکانە، یان مەفتەنی نووسینەوەی ئاوازە نهێنییەکانی جیهانی چەپێنراوی ناخود ئاگاییە، درەختی کەتناوە دلمونی تیشکە جوانەکانی جەستە و ڕەفتارە ئیرۆتیکییەکانی لێ دەبینرێت، ئەوێ ئازادترین و سەربەستترین فەزای ڕەنگاوڕەنگی دنیای نائاگایی مرۆڤە، دوندی پاڕانەوەش سەماگەی نزاو مرازگەی حەز و ئەفسانەخانەی مەستی و جێگەی پراکتیزەکردنی خەون و خەیاڵ و خولیا ئیرۆسییەکانە، هاوکات لە ڕێگەی ئەم دوو نهێنییە گرنگەوە کەڤاڵی جوانی بەشێوەیەکی بەردەوام لە جوولە و بزاڤ دایە، بەتایبەتی جوانی ڕوخسار و نەرمونیانی لەش، زۆرجار لەشێوەی شەبەنگێکی

درەوشاوەی هەتاوی لە ڕوخساری مێرێوە دەگوازرێتەوە سەر ڕوخساری مەریەم و دواجار لەشکڵ و سیمای برادەرە چاو کەسکەکەدا بەرجەستە دەکرێت، مێرێ یەکێکە لەجوانترین ژنەکانی پیری بەفر و دوای مەرگ و سەرنانەوەش پانتاییەکی مەزن لە دنیای یادەوەرییەکانی ئەو داگیردەکات، «مێرێ دەیگۆت بەژنمان هەندێکی دی درێژتر با دەستمان دەگەیشتە مانگ و ئەستێرە، بەمێرێم گۆت: وەرە سەرشانم بڵندت دەکەم بۆ خۆت ئەستێران لێبکەوە.. مێرێ ئاخ مێرێ!.. لەسەر جێ دانیشتین، ئاگریشمان کردەوە.. شەو هێشتا مانگەشەو بوو، پاڵ کەوتین، توند لە ئامێزی خۆم گرت، ماچم کرد، دەتگوت یەکەم جارە مێرێ لە ئامێز دەگرم و ماچی دەکەم، شیرین بوو خودایە باوەشی ژن شیرین بوو، مێرێ شیرین بوو، هەموو شتێک لەسەر دوندی پاڕانەوە چەند قات خۆشتر و جوانتر بوو لە هی جێیان، من مێرێم زۆر خۆش دەویست.. دنیا تەواو ساردە، چووینە باوەشی یەکەوە، خۆمان داپۆشی، کە بە ئاگا هاتم هەتاو لەمێژ بوو کەوتبوو، مێرێ دەتگوت فریشتەی ئاسمانە و خودا ئەمشەو بۆ منی ناردووە.. هەر پێت نایە سەر ئەو دوندە بۆنی شەراب دەگاتە لووتت هەست بە مەستبوون دەکەیت، من و مێرێ ناوە ناوە سەمامان دەکرد، کەس نییە لەو دنیایە وەک مێرێ سەما بکات، لەوێ بەدەم سەماوە دەپاڕاینەوە لەخودا دەپاڕاینەوە، .. من پاڕانەوەم نەدەزانی ئەویش مێرێ فێری کردم، دەبێت لە خودا بپاڕێینەوە منداڵێکمان بداتێ» ئەو دوندە یۆتۆپییە لە فیردەوسی سەرزەمین دەکا، لەوێ چێژی سێکسی مۆرکی بەخشندەیی ئاوی هەیە، لەم فیردەوسە ڕوحی و جەستەییەدا ئاو و ئیرۆتیک ئاستەنگە دەسکردەکان تێک دەشکێنن و ڕووە و ڕووگەی چێژێکی ڕەهاو سروشتی هەنگاو دەهاوێژن.. «ئەگەر ژنێکیش لەوێ بخەوێت پیاوی دنیایێ ڕووی تێدەکەن، ئەوە مێرێ وای گۆت، دوای ئەوەی لە دوندەکە دابەزین خۆمان بۆ یەکتر ئاشکرا کرد،.. با بۆت باس بکەم کە لەسەر ئەو دوندە دەخەویت، هەر چاوت گەرم بوو ژنی دنیایێ بە ڕووتی، ڕووت تێدەکەن و ڕووتت دەکەنەوە، گەمانت لەگەڵ دەکەن، نە دەمێک و نە دوو، هەتا لە خەو بمێنی ئەو ژنانە لەگەڵتن و بەڕیز لەسەرت ڕادەکێشن و بۆت دادەکێشن،.. بەس ژن چ ژن مەگەر بەس مێرێ لەوان جوانتر بێت»، بەڵام دوایین جار چێژەکانی ئیرۆتیک و پڕشنگەکانی ئیستێتیک تراژیدیایەکن لەمەرگ و نهلیست، پیری بەفر دانە دانە ناوی ئەو ژنە جوانانەی دێنێ کە ئەمێستا هیچ کامێکیان لەژیاندا نەماون و بوونەتە پاژێک لەو ئەنباری یادەوەرییەی کە دەورانێکی تر بە تەواوەتی فەرامۆش دەکرێن، ئیتر لێرەو لەم چرکەساتەی خوێندنەوە و نووسینەدا ئەوەی دەدوێ و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.. ئەوە ڕوحی پیری بەفر نییە، بەڵکو گیانی منی چیرۆکە و جوانییەکانی مەریەم دەنووسێتەوە، ئەو مەریەمەی لەپاڵ بەردە سپییەکەدا برادەرە چاوکەسکەکە دەیگەوزێنێ و سەراپای جوانییە مێینەییەکەی دەپەڕێتە نێو و شێوە و ڕوخساری و دەبێتە کوڕێکی مەریەم ڕەنگ.. منی چیرۆک جوانییەکانی مەریەم لە ئەودا دەدۆزێتەوە، واتە مەریەم کانیلە کاستالیای جوانییە ئەوەی لێی بخواتەوە جوانییە تایبەتییەکەی لێ دەنیشێت، ئاخر مەریەم هەمیشە لەنێو درەختی شاراوەی نائاگایی منی چیرۆکدا دەژی و چێژ لە کەڤاڵی لەش و ئەو کەفە سابوونانە وەردەگرم کە بەسەر گازەرای پشت و دەرزی مەمکانی دادەچۆڕێن، چونکە درەختی کەتناوە نهێنیترین ڕوانگەی ڕامیارانی جوانییە، لەوێوە نێچیرە ڕووت و قووتەکانی بە دەستە جەمعی جوانییە شاراوەکانیان دەخەنەڕوو. ئەو درەختی نائاگاییە کەوتۆتە بەرانبەر حەمامی ژنان و مەریەم لەوێ لەگەڵ ژن گەل و دەستە خوشکانی بەڕووتی دەسبازی و شەڕە ئاو دەکەن و جارجارەش یەک بەدەنگی خۆیان لە قاقای ئیرۆتیکی دەدەن!..

«لەوێ جۆرەها مەمک دەبینی،.. مەمکی گەورە، مەمکی گچکە، هی زۆر گچکەشی تێدایە، مەمکی تێدایە خڕخڕ وەکو ئەنگوتکی نان، مەمکیش هەیە هێلکەیی، مەمکی تێدایە سپی سپی لە هەموو بەفران سپیتر،.. تۆ هەتا زیارەتی ئەو درەختە نەکەیت، نازانی جوانی ژنان لە کێندەرێ و لەچ کاتێکدایە، ژن ئەوکاتانە جوانن کە بەیەکەوە بن و ڕووت و قووت بن، ئەوکاتانە جوانن کە پشتی یەکتر دەشۆن و گەمان لەگەڵ یەکتر دەکەن.. هەموو ئەوانە لە درەختەکەوە دەبینی جوانی و تامی ژن لەوکاتانەیە کە بەڕووتی پێکەوەن با دەویشت نەیانگاتێ چاو

بەسـە.. دەزانی چ مـووچڕکـەیەک دەچێتە لەشتەوە...» کردەی نووسین بەهەڵدانی ڕسـتـەگـەلێکی وەسـفی بـەردەوامـی بـە ڕووداوە و جۆراوجۆرەکـانی دەدات و جـوانی و هۆگـری جێگە و شـوێنە واقـیـعی و ئەفسـانەییـەکـانی کـەتناوە دەخـاتە ڕوو، وەک گۆڕستانی ژنەکانی پیری بەفر و نەخشونیگاری سەرکێلەکان، چەوز و سەکۆ جوانەکـانی حەمـامی ژنان، دوندی پاڕانەوە و کەشوهەوای یەکـە یەکـەی وەرزەکـان، بارەگـای ڕەبەنان، دنیای درەختە هاوینییەکە، جـوگـرافـیـای گـوندی کـەتناوە و ڕێگەوبان و ڕەوش و سـروشـتی کەژوکێوەکان، وەسفی چاو و ڕەفتار هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان- جار جـارەش لە ڕێگەی ئەم ڕسـتـە وەسفیانەوە کۆمەڵێک تێڕوانین و جیهانبینییە هەنووکەییەکانی «منی چیرۆک» بەشێوەیەکی برووسکەیی و ناڕاستـەوخـۆ دەردەبڕدرێن، چونکە پیـری بەفـر بەهۆی گـێـڕانەوەی بەسەرهات و ئەزموونەکانی کلیلی ئەنبارەکانی نائاگایی و فیردەوسی درەختە ژنگرەکەی بە ئەو بەخشی.. یان دلمونی جوانییەکانی جەستەی پێ نیشان دا کە لێوانلێوە لە چێژ و لەزەت و جـوانی و شـادی، لەوێ جەستە سەرچاوەی تیشکەکانی ئیستێتیک و ڕوحیش بزوێنەری لەنجەکانی ئیرۆتیکە، لەوێ بۆنی عەتری جەستەی مەریەم دێ، ئەو کـلافە عـەترە فیردەوسییەی کـە برادەرە چاو کـەسکەکـە دەسـتی بەسـەرداگـرت، من لەسـەر ئەو جۆگەلەیە ڕاوەستاوم کە بۆ گەرماوی ژنان هەڵبەستراوە، هەر لەوێ نامـەیەکم بۆ مـەریەم نووسی..

«مـەریەم.. خـەمت نەبێت زۆری نەماوە بە ڕووتی بتبینم، بۆیە هیچ پێویستم بەوە نییە لەپێش دەرگـا، یان لەنێو بانان بتبینم».. نووسیم و خـستـمـە ناو ئاوەکـەوە، ئاو بردی!..».. «ئەوەتا مەریەم زۆر لێم نزیکە، لە هەمـووان جـوانتـر لێم دیارە، مەریەم ڕووتوقووتە، مەریەم سـابوونێکی تەواوی وا لەسـەر سینگی خـۆی کـردۆتە کـەف و بەدەستە کەفاوییەکانی مەمکە خڕ و توندەکـانی هەڵدەپشـێـوێ، ئەو مـەمکانەی برواناکـەم پەنجـەی کەسیان پێکەوتبێت» مەریەم لە زۆر ڕووەوە هەڵگری خـەسـڵـەت و سیفاتەکـانی هەر هەژدە ژنەکـانی پیری بەفرە، لەلایەنی چەمکی ناو و جوانییەوە مەریەم، ماریا و مێرێیە، کە قسان دەبڕسکێنێ و بەسەمای شـێتانەوە کـەفـە سابوونی ڕەنگاوڕەنگ بە لەشولاری دادەکات ڕەفتارەکانی فەتانە و مەستانت بیر دەخاتەوە، دواجار ڕەدوو دەکەوێت پڕاوپڕە لەتۆوی سەرچڵییەکانی بێری.. تاد، بەلام لەکۆتاییدا سەرجەم ژنەکانی پیری بەفر بەنائومێدی سەردەنێنەوە و پیری بەفریش بە وەجاخ کوێری مالاوایی لە وەهمە جوانەکانی ژیان دەکات. فەتانە بە وڕێنە و دەردی فەرامۆشی دەسبەرداری ژیان دەبێ و سەحەر و گوڵناز و بێری و مێرێ یەک لە دوای یەک دەمـرن و تادێ چێـژە ئاگرینەکانی ئیرۆس ئاوێتەی تاریکستانی تراژیدیا دەکرێت.. «ئێستاش ئێرە بۆنی ژنەکانی منی لێدێت، بۆنی مێرێ، بۆنی مەستان، بۆنی فەتانە، بۆنی هەمووانی لێدێت» ئەگەر مێرێ لەسەر دوندی پاڕانەوە حاڵی دەگرت و جەزبەی دەهاتێ بە شەرابی سوبحانی مەست دەبوو، مەست مەست لە میهری بالا دەپاڕایەوە تا فەرزەندەیەکی باتێ، ئەوە مەستانی دەفژەن و موریدی شێخی نەهری بە هەڵەکە سەماوە حاڵ دەیگرێت و لەنێو ژوورەکەی پیری بەفردا نەرم نەرم حەی حەی دەکات «مەستان پرچی کردبۆوە، پرچ پرچ! دەتگوت ڕووبارە شەپۆلان دەدا» مەستان دەفی دەژەنی و زیکری دەکرد وەک ئەوەی بەشەرابی غەیبانی مەست بێ، بۆ میهر دەلالایەوە بەنیاز و مرازی زگپڕ بوون، مەستان گۆرانی دەچڕی و حاڵی دەگرت و بەردەوام دەفی دەژەند.. ئەمە دوایین کەرنەڤالی مالاوایی پیری بەفرە، لەگەڵ سەرنانەوەی پیری بەفر، دنیا فەنتازییەکەی کردەی نووسین و کۆتایی بە وەهمە جوانەکانی ئیرۆس و چێژە ئیرۆتیکییەکانی جەستە و تیشکە خوداییەکانی جوانی دەهێنێت، ئا بەم شێوەیە دەدوێ، ئەوەی دەدوێ و بەسەرهاتە دوور و درێژەکان دەگێڕێتەوە، ئەوە پیری بەفر نییە، بەڵکو مۆرفیمەکانی زمانە و لە زیندانی سیستەمە هێمایییەکەی زەینی «منی چیرۆک»ەوە گوزارشت لە تراژیدیاکانی ئیرۆس دەکەن.

**ناوی کتێب: درەختی کەتناوە**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسەر: کەریم کاکە**
**لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک ژمارە «٩١»**
**چاپخانەی: ئارابخا- کەرکووک**
**چاپی یەکەم/ ٢٠٠٧**

# ماسک لابردن لەسەر هەندێ لە ڕووداوەکانی عیراق

## «یاداشتی عەبدولعەزیز یاموڵکی لە عیراق»

**ئازاد عەبدولواحید**




* بەو ناوونیشانەی سەرەوە عەبدولعەزیز یامولّکی لەساڵی ١٩٥٧دا لە چاپخانەی (دار المعرفة) لە بەغدا بەشی یەکەمی یاداشتەکانی خۆی لە چاپداوە. ئەم نامیلکەیە لەگەڵ ئەوەی قەبارەکەی بچووکە و بە بۆچوونی کەسایەتییەکی سەربازیی نووسراوە کە خۆی لە سەنگەری بەرانبەری میللەتەکەی دۆزیوەتەوە و قسەی کردووە، نەک سەنگەری میللەتەکەی خۆیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە پڕە لە زانیاری ورد و گرنگ لەبارەی قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستان و لە عیراقدا. نووسەر لەم یاداشتانەی خۆیدا پێشەکییەکی نووسیوە و لەژێر سەردێری (ئەم یاداشتانە بۆ کێ دەنووسم؟) نووسیویەتی و دەڵێ: وا دێتە خەیاڵم ئەو نیو سەدەیەی لە ژیانی من بەسەرچوو وەک ئەوە بێ دوێنێ بووبێ و تێپەڕیبێ. هەر بەم جۆرەش ڕۆژگار و سەدەکان بەسەر جیهاندا بەخێرایی تێدەپەڕن و کەس هەستیان پێناکا، ئەو وەچەیە نەبێ کە پێشینەکانمان لە ڕابردووەوە، یان لە ڕابردووی نزیکدا بۆیان بەجێ هێشتین، لەگەڵ ئەو پاشماوانەی لەو ڕۆژگارانە بەجێ ماون کە مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆ دەگێڕنەوە و پڕ و لێوانلێون لە ڕووداو و کاروباری گرنگ. ئەوەی کە دەینووسم چەند لاپەڕەیەکە لە ئاشکرا کردنی ئەو لایەنە نادیارانەی ساڵەکانی ڕابردوو پێچاویانەتەوە بۆ ئەوەی بەردەمی نەوەکانی داهاتووی پێ ڕووناک بکرێتەوە تا لە هەواڵی ڕابردووی خۆیان و مێژووی وڵاتیان بزانن.) لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو نووسەرە کە یاداشتی خۆی نووسیوەتەوە هەندێ بیروڕای هەر دەڵێی بۆ ئەمڕۆکەی وتووە کاتێ دەڵێ: (هەرچەندە من زۆر گەشبین نیم بە نەوەی ئێستا کە لەناو باوەشی گەندەڵیدا گەورە بووە، بەڵام من باوەڕم بە داهاتوو زۆرە لەگەڵ نەوەی داهاتوو کە بێ گومانم هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ و بە پاکژی لە خڵتە و پیسی ڕابردوو و



**عەبدولعەزیز مستەفا یامولکی**

ئێستا دێتە دەرێ و زۆریش بەخێرایی و بەبێ گەڕانەوە بۆ دواوە دوور لە سستی و زۆر گورجوگۆڵانە).

هەروەها دەڵێ: (ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوومان هەڵدایەوە، ئەوە دوو هۆکارمان بۆ دەردەکەوێ و هیچی تر کە دەبنە هۆی لەناوچوون و نەمانی میللەتان، یەکەمیان داگیرکاری بێگانەیە کە بۆ نەمانی گەلی بێ دەسەڵات هەوڵ دەدات تا لەناوی ببات، هۆکاری دووەمیشیان گەندەڵی و رووخانی ناوەوەیە کە هەر گەلێک وەک گەلانی زیندوو دیکە ژیانی بوێت، ئەوە دەبێ هێزێکی وای هەبێ پارێزگاری لە خۆی پێ بکات، ئەگەر نەیبوو دەبێ هاوکاری لەگەڵ لایەنی دیکە بکات، بەشێوەیەک کە بوون و مانەوە و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ، ئەو گەلەی هەردوو لایەنی نییە، هیچ دروشم و دەهۆڵ کوتان و زوڕنا لێدانێک دادی نادات و هیچ دۆستایەتی و هاوپەیمانی و پەیماننامەیەک بە کەڵکی نایەت و ئەوەش وەک ئەوەیە کە خۆی بڕیار لەسەر نەمانی خۆی بدات.

هەر گەلێک بیەوێ پارێزگاری لە قەوارە و مانەوەی خۆی بکات، پێویستە یەکێتی ریزەکانی خۆی بپارێزێ، ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتی و هەوڵدانی هاوبەشە لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەش. ئەگەر گەلێک ئەوەی لەبەرچاو نەگرت، ئەوە پێویستە چاوەڕێی خراپترین چارەنووس بێ و هەر زووش ستەم و گەندەڵی و نائومێدی و پەشێوی بەسەریەوە کەڵەکە دەبن و میللەت پەرتەوازە دەبێ و وردە وردە دەکەوێتە ئاوزینگدان و پاشان بەرەو نەمان و لەبیرچوونەوە دەڕوات).

پاشان دەنووسێ و دەڵێ: ئەگەر چاوێک بە بارودۆخی وڵاتەکەماندا بخشێنین و بەسیاسەتی دەرەوە و ناوەوەماندا بڕوانین، ئەوە دەبینین لەماوەی ئەو قۆناغەی کە مەلیک فەیسەڵی یەکەمی تێدا مردووە چی دەبینین؟ دەبینین ئەوانەی جڵەوی سیاسەتی وڵاتیان بەدەستەوەیە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیان بەرەو هەڵدێر بردووە، لەکاتێکدا ئەوانە دەسەڵاتێکی زۆردارانەیان لەناوەوەدا پەیڕەو کردووە و سەپاندووە کە پڕاوپڕە لەگیانی هەست نەکردن بە بەرپرسیاری، هەر ئەمەش وڵاتی بەرەو زنجیرەیەک کارەسات برد، ئەنجامەکەشی ئەو پەرتەوازەییە بوو لەنێو ریزەکانمان و تێکدانی رەوشت و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاری بوو لە هەموو لایەکەوە.

زۆربەی بەرپرسەکان بۆ ئەرکی سەرشانیان بەرانبەر بەگەل و نیشتمانەکەیان کەمتەرخەم بوون، چونکە هەموو غەمێکیان زیادکردنی پارەکانیان بوو، تا ئەوەی لێیان دەمێنێتەوە بیخەنە ناو بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، بۆ ئەوەی لە رابواردن و چێژ و شەهوەتەکانیاندا خەرجی بکەن و کۆشک و گوندی پێ بکڕن و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیانی پێ تێر بکەن و شەوانی سووری خۆیان لەسەر خوانی مەی خواردنەوە بەسەر ببەن و بە هەموو شێوە و شێوازێک ئەو ئارەزووانەیان بهێننە دی، بەبێ رەچاو کردنی بچووکترین بنەمای مرۆڤانە و بێ ئەوەی هیچ یاسا و ئایین و

ویژدانێک پێشیان پێ بگرێ.

کەسیش نییە ڕەچەڵەکی ئەمانە نەناسێ، کە زۆربەی ئەو زاتانە پێش دروست کردنی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی ١٩٢١ هیچ کامێکیان پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی وایان نەبوو، هیچ کامێکیشیان لە باری ڕەوشت و مۆراڵی جوانەوە خەسڵەتێکیان نەبوو، سەرەڕای ئەوەش ئەوانە زۆربەیان نەدار و هەژار بوون، کاتێکمان زانی لە شەو و ڕۆژێکدا بوونە سەرکردەی میللەت کە زۆربەشیان نەخوێندەوار و جاهیلن.

هەر چۆنێکیش هەوڵ بدرێ ئەو بارودۆخ و ڕووداوانە داپۆشرێن، بەڵام زۆرینەی گەل لەو بارودۆخە تووڕەیە و شەپۆلی تووڕەیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت، هیچ هێزێکیش نییە هەستی گەل بەلایەکی دیکەدا ببات، یان ئەو دەنگە بیستراو و بەرزە بێدەنگ بکات کە پڕە لە سکاڵاو گلەیی و ڕەخنە، چونکە ئەوانە کە هەست کردن بەدادپەروەریێتی و دیموکراسییان نییە و نەماوە، چەندی هەوڵ بدەن ناتوانن ئەو گڕو کڵپەی ئاگرە لە دڵ و دەروونی ئەو خەڵکە دامرکێننەوە، چونکە لەبن خۆڵەمێشەکە، پشکۆیەک هەیە کە کوژانەوەی بۆ نییە.

لە دواجاردا لەو وتە کورتەیدا کە لە پێشەکییەکەدا نووسیویەتی دەڵێ: من هیوام زۆرە بەهاتنی ئەو ڕۆژەی ئەو هەورە لە ئاسمانی عیراق بڕەوێتەوە و ڕووناکی تیا ببریسکێتەوە تا تاریکییەکانی تیا ڕاوبنێ کە ماوەیەکی دوور و درێژە بەسەر وڵاتدا کشاوە و ڕووناکی ژیانی لێ گرتووە، ئەو ڕۆژەش دێ گەل دادگایەکی هەبێ و ئەوانەی وڵات لەسەر دەستیان گەیشتە ئەو ڕۆژە بداتە دادگا تاکو بڕیاری عادیلانە و دادوەرانەی خۆی بەسەریاندا بدات تا تۆڵەی تاوانەکانیان لێ بکاتەوە و بەدارەوە بکرێن و لەسەر پردەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە هەڵبواسرێن، لەبەر ئەوەی تەمەنیشم بوارم نادا ئەو ڕۆژە ببینم، بۆیە بە ڕوحی خۆم هەستی پێ دەکەم.

لەدوا بڕگەی ئەو پێشەکییەیدا نووسیویەتی و دەڵێ: (من هیچ مەبەستێکم لە پشت نووسینی ئەو یاداشتانەوە نییە کە ئازار و ئێشێکی زۆری لەدڵ و دەروونمدا بەجێ هێشتووە، بێجگە لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و پێشکەش کردنی خزمەتێکی بێ ڕواڵەت و ساکار بۆ مێژوو. هەرچەندە ئەو لاپەڕانە پەردەی لەسەر زۆر ڕاستی هەندێ کەس لابردووە، بەڵام گلەیی لەمن ناکرێ، چونکە هەر دەبێ حەقیقەت بخرێتە ڕوو، لەناو ئەوانەشدا حەقیقەتی کەسەکان، ئەگەرچی زۆر کەس هونەر دەنوێنن بۆ داپۆشین و شاردنەوەیان و هەوڵدەدەن بەسەر خەڵکیدا تێی پەڕێنن.

یاداشتەکانی عەبدولعەزیز یامولکی دەبێتە دوو کتێب، کتێبی یەکەمیان ئەو یاداشتانەیە کە لە بارەی ڕووداو و کودەتا و جەنگەکان نووسراون کە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویان داوە و ئەو ناپاکی و خیانەتانەی ناو کۆشکی سوڵتانەکانیشی گرتەوە، هەروەها چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئیتیحاد و تەرەقی و ئازادی هاوپەیمانێتی، هەروەها دەرکەوتنی جوولانەوەی کەمالییەکان و ڕاستی ئەو ڕووداو و نهێنییانەی دەوریان دابوو کە پاشان بوونە هۆی ڕاگوێزان و کوشتنی ئەرمەن و کوردەکان تا هەڵاتنی خەلیفەی موسڵمانان و بەجێ هێشتنی تورکیا و ڕووکردنە ئەڵمانیای، ئەو بەشەی یاداشتەکانی عەبدولعەزیز یامولکی بەزمانی تورکی نووسراوە.

هەرچی بەشی دووەمی کتێبی یاداشتەکانیەتی، ئەوەیان تایبەتە بەو ڕووداوانەی عیراق کە لەکاتی خزمەتی سوپای عیراق و کودەتا سەربازییەکان و دادگاییە عورفییەکان ڕێکەوتی کردوون، هەروەها ئەو ڕووداوانەی لەکاتی خزمەتی لە وەزارەتی دەرەوە تووشیان هاتووە، ئەوە سەرەڕای لێکۆڵینەوە و باسی تایبەتی لەبارەی ڕاپەڕینی کوردەوە کە بۆ هەر یەکێک لەم باسوخواسانە لێکۆڵینەوە و نووسینی سەربەخۆ و تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە کە بەزنجیرەی یەک بەدوای یەک بڵاو دەکرێنەوە.

لەو کتێبەدا کە باس لە زۆر ڕووداو و بەسەرهاتی گرنگ کراوە، لەناو ئەو بۆنە و ڕووداوانەدا باس لە دروستبوونی سوپای عیراق کراوە و نووسیویەتی: عیراقییەکان وا تەماشای دروستبوونی سوپا دەکەن کە پێداویستییەکە بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی و بە پێویستی زانیوە هەبێ، کە ئەمە وەک یەکەم هەنگاوە و دواتر فراوان دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو خەونەیان بهێنێتە دی کە بۆ

بووژاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی گەورە هەیانبووە، لەکاتێکدا بە ڕوانینی ئینگلیزەکان ئەم سوپایە تەنیا بۆ ئەوەیە هێزێک بۆ دەوڵەتێکی داگیرکراو دابمەزرێ و ئیش بۆ پاشماوەی سەربازەکانی سوپای عوسمانی بدۆزرێتەوە، یان بۆ ئەوانەی وەک ئەوان وان بۆ دوورکەوتنەوە لەو گیروگرفتانەی دروستیان دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بناغە سەرەتاییەکانی ئەو سوپایە دامەزرا و بەهیمەت و هەوڵی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و بەشداری کردنی هاوکارەکانی کە لە ڕۆژانی هەڵگیرسانی شۆڕشی عەرەبی گەورە یارمەتییان دابوو، هەروەهاله ساڵی ١٩٢١ بە هاوکاری ئەفسەرە ئینگلیزەکان بوو، ئەوە بوو سوپا بەردەوام بوو لە گەشەکردن، بە فراوانبوون و کەمبوونەوەی خۆی.

لە پاش تێپەڕینی ساڵانێک زۆر توانایی و بەهرەی چاک لەلای ئەندامەکانی ئەو سوپایە بەدەرکەوتن و گەشەیان کرد، بۆیە ئەو سوپایە کە زۆر بە پەلە و خێرا دروست کرا، لە ڕووی ڕێکوپێکی و مەشق کردنەوە بووە سوپایەکی باش، لەگەڵ زیادبوونی بەشەکانی سوپا و یەکەکانی، ئەفسەرە بەشداربووەکانی شۆڕشی حیجاز و ئەفسەرەکانی کە لە تورکیاوە گەڕابوونەوە، پێوەندییان پێوە کرد بوو، ئەوانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر پێشکەوتن و چاکردنی هەبوو، بەڵام جڵەوی وڵات هەر بەدەست ئینگلیزەوە بوو، وەزارەتی بەرگریش ئەفسەرانی ئینگلیز بەسەریدا زاڵ بوون، بۆیە ئەو پێشکەوتنە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا گیری خواردبوو، لەکاتێکدا بە بیری سوپا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان دەست لە کاروباری سیاسەتەوە وەربدات، تەنانەت ئەفسەرانی هەندێ لە یەکەکان کە لە بەغدا بوون نەیاندەزانی کێ وەزیری بەرگرییانە، چونکە ئەوان ئەوەندەیان بەس بوو تەنیا ناوی سەرۆکی ئەرکانەکەیان بزانن.

ئەفسەرانی کورد و عەرەب لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان بەردەوام بوون، بەبێ هیچ دەمارگیرییەکی نەتەوەییانەی جیاکارانە، بەم شێوەیە یەکێتییەکی تەواو ڕیزەکانی سوپای گرتەوە، ئەمەش بەهیمەتی ئەو کارگێڕییە بێ لایەنانەیەی سەرکردایەتی باڵا گرتبوویانە بەر، بەڵام کەمێکیش لەوانەی دوای پارە و پلە و پایە کەوتبوون هەر زوو دەنگیان لێ بەرز بوویەوە و کەوتنە باسی عرووبە و نیشتمانی گەورەی عەرەب، تەنانەت پێش ئەوەی بۆ ئەوەش ساز و ئامادەبن، بەڵام ئەوانە ڕەواجێکیان بۆ ئەو کەلوپەلانەیان بەدی نەکرد کە هیوایان پێی بوو، بە تایبەتی لەکاتی ئەو بانگەشەیاندا کە وشەی لاییدە (الدخلاء)یان بەکار دەهێنا، مەبەستیان لەوەش نیەت خراپی و تەفرەقە بوو لەگەڵ برا کوردەکانیان، ئەو کوردانەی لەگەڵیان لەیەک نیشتماندا دەژیان، بەڵام ئەو دەنگانەش بایەخیان پێ نەدەدرا.

لەگەڵ بوونی ئەو بزاڤە یاخیگەرییە جۆراوجۆرانەی لەپاشاندا هەموو وڵاتی گرتەوە لە باکوورەوە لە کوردستان و لە باشوورەوە لە فوڕات بە کاریگەری لایەنە جۆراوجۆرەکان و زیادبوونی مەترسییەکانی وەک ئەنجامێک بۆ هەڵسوکەوتی خراپ و نەفامی هەندێ لە پیاوانی کاربەدەست کە هیچ توانایی و لێهاتووییەکیان تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەش کە پیاوانی پۆلیس هێز و توندوتیژییان لە شوێنی خۆیدا بەکار نەدەهێنا، بۆیە توانرا پێش گەورەبوونی ئەو ڕووداوانە بە هیمەتی سوپا خامۆش بکرێنەوە، هەروەها بە تەقەللای عاقڵانەی دەسەڵاتی مەلیک فەیسەڵ ئەو هەنگاوە دەنرا.

لەکاتێکدا وڵات بەرەو پێشکەوتن و بەرزی هەنگاوی دەنا، سوپاش زیاتر بەهێز دەبوو و گەشەی دەکرد، ئەوەندەی بە خۆی زانی سەختییەکی زۆر پێشی لێ دەگرێ، ئەوەش بەهۆی ئەو نەزانینەی لەبارەی چۆنیەتی گەیشتن بە بناغەیەکی ڕاستودروستەوە بوو کە ئەو سوپایەی لەسەر دابمەزرێ، لەوانەش بۆ نموونە چوار کەتیبەی سوارە، لە بەرانبەریشدا چوار فەوجی پیادە و سێ کەتیبەی تۆپ دانرا، بەڵام لەسەر چ بناغەیەک بەم جۆرە پێکهات؟

بێجگە لەوە هیچ جۆرە بایەخدانێک بۆ سوود وەرگرتن لەسەربازە خۆبەخشەکان وەرنەدەگیرا و لە هەڵبژاردنی ئەفسەرەکاندا بایەخ بە دیسپلین و زانست و ڕەوشت و کارکردن نەدەدرا، ئەوە لە کاتێکدا سوپای بەهێز بەبێ بناغەی بەهێز، بەهێز نابێ. کەسێکیش نەبوو گوێ بەم کاروبارانە بدات، یان بیر لەو مەترسیانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی

ئەو کەمتەرخەمیانەوە دروست دەبن و دێنە پێشەوە.

بەپێی پەیماننامەی (سەور) لە مادەی (٦٢-٦٣-٦٤) ئینگلیزەکان ویستیان شتێ بۆ شێخ مەحمودی حەفید بەشتێ بکەن، هەر بۆیەش لە ئاوارەییەکەی هیندستانیان هێنایانەوە، بەڵام عەبدولعەزیز یا مولکی بیرورای وایە کە شێخ مەحموود ئەو هەلە زێرینەی بەهۆی دەورووپشتەکەی خۆیەوە بۆ جاری دووەم لە دەستدا، پەیمانی (سەور) کە نووسرا شەریف پاشای سەعید پاشای خەندان لەوێ نوێنەری کوردان بوو.

پاش ئەوەی شێخ مەحموود ئەو هەلەی لەدەستدا، کەتیبەی خەیالە- سوارەی هاشمی هاتن بۆ (گنگربان)ی نزیک کفری و لەوێوە ویستیان بەپێ بچنە کەرکووک، کە بە کەتیبەی هاشمی ناو دەبران، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ جموجوڵی شێخ مەحموود دابنێن. لە گنگریان لەبەر ئەوەی مانگی تەمموز بوو (٢٠٠) سەربازیان لێ تووشی خۆر لێدان (ضربة الشمس) بوون و هەندێکیان دەمودەست مردن. کەتیبەکە بەشەو بەپێ ڕۆیشتن تا گەیشتنە شاری کەرکووک، لە کەرکووک کۆبوونەوە و لیوایەکی سوارەی تێکەڵ، بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەلی ڕەزا عەسکەری لەپاش چەند ڕۆژێ بەرەو سلێمانی کەوتنە ڕێ و لەگەڵ شەش زرێپۆش- مدرعة و هەندێ فڕۆکەی ئینگلیز، پاشان هێزێکی تر کە فەوجێکی ئاسووری بوون و ڕاستەوخۆ و یەکسەری سەر بە ئینگلیزبوون، ئەوانیش لە چەمچەماڵ هاتنە پاڵ هێزەکەی دی، لەگەڵ هێزەکە (ئەحمەد کوڕی تۆفیق ئاغاسی)شی لەگەڵدا بوو کە هەڵبژێرا بوو بۆ وەزیفەی متەسەریفی لیوای سلێمانی، هەروەها کاپتن (چاپمن) کە بەسیفەتی ڕاوێژکاری کارگێڕی نێردرابوو لەگەڵیدا بوو. ئەحمەد تۆفیق لە بنەماڵەی خەندان بوو، لەلای باوکیشیەوە خزمایەتی لەگەڵ سەرەک عەشیرەتەکانی پشدەر هەبوو، خوێندنەکەشی لە قوتابخانەی ڕوشدییە لە سلێمانی تەواو کردبوو. هەرچەندە هێزەکە بە ڕواڵەت (عەلی ڕەزا عەسکەری) سەروکاری دەکرد، بەڵام سەرکردایەتی کردنی ڕاستەقینەی بەدەستی کاپتن (چاپمن) و دوو ئەفسەری لە خۆی بچووکتر بوو.

بەهۆی داگیرکردنی لەوەو پێشتری دەربەندی بازیان-ی بەناوبانگ ڕێگایان لەبەردەم ئاواڵا و کراوە بوو، کە بەبێ بەرگری کردن و موقاوەمەت لەلایەن یەکێک لە فەوجە ئاسوورییەکانەوە گیرا. فەوجەکە بەرەو بەرزاییەکانی تاسڵووجە کەوتە ڕێ، لەوێوە بۆ شیوی (کانی کەوە) شۆڕبوونەوە و لەوێ یەکەم بەرەنگاربوونەوەی توند لەگەڵ هێزەکانی شێخ مەحموود ڕوویدا، ئەوە بوو دواتر توانییان یەکسەر بەرەو شاری سلێمانی بکشێن و بە تەواوی دەستی بەسەردا بگرن، هەر ئەوکاتانە بەردەوام بەرەنگاربوونەوە و پێکدادان و هەڵپژان هەبوو کە مانگ و ساڵی خایاند.

لەو شەڕانەدا هەر سرییەیەک ١٥٪ی ولاغەکانیان بریندار بوون، نووسەر خۆی شاهیدی تەواوی بارودۆخەکە بووە و لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز هاتووە، بۆیە هەندێ وردەکاری زۆر ورد دەگوازێتەوە و دەڵێ هەرابوو، کەس بە کەس نەبوو، لە ڕیزی هێزەکانی سوارەدا کە هەر هەشت سرییەکە سەر بە دوو کەتیبە بوون، کەتیبەی سێیەم دروست کرا، ئەو کەتیبەی سێیەمە هەر ئیشی ڕاکێشانی ولاغ بوو، هەندێ لە سەربازەکانیش بەڕم و بە تفەنگ بریندار کران.

(عەلی ڕەزا بەگ) پیاوێکی ئالوودە - مودمین بوو لەسەر خواردنەوە، بەڵام ئازا بوو، هەموو ژیانی لە جەندرمایەتی بەسەر بردبوو، ڕۆشنبیری سەربازی نەبوو، بۆ خواردنەوەی شەوانەی (١٩) ڕوپیەی لەخەزینەی کەتیبە خەرج دەکرد، دوا ڕۆژانی ژیانی چارەنووسی زۆر خراپ دەبوو ئەگەر دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەکردبا و نەیانکردبا بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەوکاتانە پەشۆکابوون و بە تەواوی ورەیان نەمابوو.

جارێکیان (٢٥) سوارەی کورد لە نزیک شاخی تاسڵووجە بەدەرکەوتن، ئەو کاتە هەموویان ترسان، چونکە هێزەکە سەرقاڵ بوون بە زرێپۆشەکانەوە، ترسانێک ترسان کە هەرگیز باوەڕ ناکرێ، هەر هەموویان بە ئینگلیزەکانیشەوە ترسان، ناهەقیشیان نەبوو، چونکە پێشتر لە سلێمانی و لەکوردستانی عیراق و ناوچەی فورات بەدەستیانەوە خواردبوویان و چەشتبوویان، بەبێ بیانوو و پاساو لەلای (کانی کەوە)

تەقــەیان بە هەر چوار لای خــۆیان دەکــرد، بەڵام کــە ئەوان تەقــەیان بکردایە هەمــوویان دەشــڵــەژان، ئەفسەر و ئامیر و سەرکردەکانیشیان لە شــوێنی خــۆیان دەمــانەوە و هەر هاواریان دەکــرد ئاوا تەقــە بکەن و ئاوا مەیکەن، زرێپۆشەکانیشیان بە هەر چوار لای خــۆیان گــوللە تۆپیــان دەتەقاند.

پیاوانی شێخ مەحمود توانییان هەر زوو دەوروبەری سەربازگەکە کە بــە تــەواوی پـــووش و پـــەڵاش داپۆشیبوو بیسووتێنن، ئەمەش زیاتر بەرچاویانی ڕووناک کردەوە و ئێـــمەیان زیاتر کــەوتە بەرچاو و ســەبازگــەکــە مــەترسی زۆری لێ نیشت. هەمووشیان (٣٨)کەس بوون کە (ماجید مستەفا) سەرپەرشتیانی دەکرد، ئەو (ماجید مستەفا)یەش دەیویست چیرۆکی دوازدە ســوارەی مــەریوانیـــان لێ زینـدوو بـکاتـەوە، بەڵام بەهۆی برینداربوونی یەکێک لە هاوڕێکانی ماجید مستەفاوە پیلانەکەیان تێکچوو و سەربازگەکەش لە تەفر و تونا کردن و لەناوبردنی مسۆگەر و حەتمی ڕزگاریان بوو.

لە کۆتایی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٤ بەبێ مقاوەمەت و بە هێمنی چوونە ناو شاری سلێمانی و فڕۆکەکانی ئینگلیز کەوتنە بۆردومان کردنی شارەکە و بێ بەزەییانە زۆر لە خانوو و ماڵەکانیان ڕووخاند. هێزی شێخ مەحمود چەند میلێ بەرەو بەرزاییەکانی گۆیژە کشانەوە دواوە کە بەسەر شاری سلێمانیدا دەیڕوانێ و شارەکەیان بەجێ هێشت تا هێزی ئینگلیزی تێبچێ. دواتر لەسەر داواکاری (نووری بەگ) کە یەکێک بوو لە بەڕێوەبەرانی ناحییە و لەبەر ئەوەی زۆر لە سەرکردەی لیواکە پاڕایەوە، مەفرەزەیەکی بەهێز و بە توانا بە سەرکردایەتی (فەرەج عەممارە) پێکهات تا بچنە ناوچەی (نەمەڵ) کە دەکەوێتە نزیک هەڵەبجەوە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی باج و سەرانە لە عەشیرەتی جاف وەربگرن کە ئەوکاتە لەوێ دادەنیشتن. یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئینگلیز بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو تا ڕێوشوێن و ڕاو و تەگبیریان بۆ بکات. پێش ئەوەی (٢٠٠٠) دوو هەزار ڕوپییە کۆبکرێتەوە مەفرەزەکە بەرەو شاری سلێمانی ڕایان کردەوە، لەبەر ئەوەی عەشایری جاف بەرەنگاریان بوونەوە، هەرچەندە سەرکردەی مەفرەزەکە و هەندێ سەرباز توانییان بگەنەوە سلێمانی، بەڵام مەفرەزەکە زیانێکی زۆری پێ کەوت، عەشایەریش پێنج تۆپ و کۆمەڵێ سنووقە فیشەک و ژمارەیەکی زۆری ئەسپ و هێستر کەوتنە بەردەستیان و سێشت سەربازیش بەدیلی دەستگیر کران.

ئەگەر هەر لەسەرەتاوە سەرکردەکانی سوپا لە هەفتەی یەکەمەوە شوێن پێی شێخ مەحمود و پیاوەکانیان هەڵبگرتبایە، ئەوە بەکەمتر لە دوو مانگ لەبەین دەچوون، نەک بەم شێوەیە درێژەکێشانی شەڕەکە لەگەڵیان دوو ساڵ بخایەنێ، کە خەزێنەی حکوومەت زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت، ئەمەش بۆ بێ سەروبەری و پەرپووتی سەرکردەکان دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەوانەی ئازووقەشیان بۆ دەهێنایەن (هەواڵ)یان بۆیان دەبرد (مەبەستی هەواڵ بردن بوو بۆ شێخ مەحمود)، پاشان خواردەمەنی گەنیو و بۆگەن و ترشاویان دەرخواردی ئێمە دەدا. ئەو بەڵێندەرانەش لە بەغداوە پاڵپشتی و پشتگیرییان لێدەکرا.

پاش تێکشکانی (نەمەڵ) ژەنەڕاڵ نووری سەعید هات و کۆبوونەوەی بە ئەفسەرەکان کرد کە لەگەڵ مێجەر (برۆمیلو) هاتبوو کە ئەو میجۆرە پشکنەری سوارە بوو، عەبدولعەزیز یامولکی دەڵێ: من بەڕێوە بووم بچمە ناو کۆبوونەوەکەوە کە لەخەیاڵی خۆمدا وام دەزانی دەیان ئەفسەر ملیان بەسێدارەوە دەکرێ و زۆر بە توندی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ئەنجام دەدرێ، کەچی سەیرتر ئەوەبوو هەندێ لە ئەفسەرەکان سوێندی تەڵاقیان خوارد کە قاچ نەخەنە سەر شاخی ئەزمڕ و گۆیژەوە.

بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی شاری سلێمانی چەند ساڵێکی خایاند و لەوکاتەدا لە جێگەی کاپتن (چاپمن)ی سەرکردەی پەلاماردانی شاری سلێمانی، ئەفسەرێکی یەدەگی ئینگلیزی خرایە شوێن، کە کاپتن (لاین) بوو. سەعید قەزازیش کە وەزیری ناوخۆ بوو ئەوکاتە سەرپەرشتی ئەرکی هەردوو ئەفسەرەکەی دەکرد. کاپتن لاین پیاوێکی خۆش مەشرەب و نوکتەچی بوو، قسە سوار بوو، زوو قسە و وەڵامی بۆ دەهات، ئێوارەیەکیان پێکەوە نانی ئێوارەمان لە خانەی ئەفسەران دەخوارد، ئەو ئێوارەیە (ئەحمەد تۆفیق)ی متەسەریفی

لیوای سلێمانی و ئامیری ناوچەکە (عەلی ڕەزا عەسکەری) لەگەڵ ژمارەیەکی دی لە ئەفسەران لەنێو ئامادەبووەکاندا بوون، لە پاش ئەوەی لە نان خواردنی ئێوارە بووینەوە، کاپتن لاین پێکی خواردنەوەکەی خۆی هەڵگرت و بەسحەتی شێخ مەحمود خواردییەوە کە ئەوکاتە شێخ مەحمود و پیاوەکانی لە شاخ بوون، ئەم هەڵسوکەوتەی زۆر بە سەیر و سەمەرە لێ وەرگیرا و لەلایەن هەموو دانیشتوان و متەسەریفەوە زۆر بەو کردەوەیە پەشۆکان، هەر چەندە کاپتن لاین لە حاڵەتی سەرخۆش بوون دابوو، بەڵام لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی: بۆچی وا حەپەساون؟ ئەگەر مانگرتن و یاخی بوونی شێخ مەحموود نەبێ بەو چیایانەوە ئەحمەد بەگ کێ تۆی دەکردە متەسەریف؟ تۆش عەلی ڕەزا بەگ تۆ چۆن دەکرایتە ئامیری ناوچە، منیش ئەفسەری یەدەگ؟ یان پشکنەری کارگێڕی بەمووچەی سێ هەزار ڕوپیە دادەنرا؟ بۆیە با هەموومان پێکی سحەتی شێخ مەحموود هەڵدەین و هەموومان هوورای تەمەن درێژی بۆ بکێشین و بخۆینەوە.

لە کۆتایی لاپەڕەکانی ئەم نامیلکەیەدا عەبدولعەزیز یامولکی دەڵێ: لەپاش کۆتایی هێنان بە کێشەی (بارزان) دیارە مەبەستی شۆڕش و ڕاپەڕینی بارزان-ی یەکەمە کە ساڵی ١٩٣٢ بەرپا بووە، حکوومەت توانایی و هەوڵی خۆی بۆ لای ئێزدییەکانی لای موسڵ وەرگێڕا، چونکە لەوکاتەدا بارگرژییەکی زۆر لە ئەنجامی بە زۆر بردنیان بۆ سەربازی کردن و هەندێ مەسەلەی دیکەوە دروست ببوو. ئەو هێزە سەربازییە کە بەسەرپەرشتی و سەرکردایەتی ئامیرلیوا حسەین فەوزی نێردرابوو، بەهاوکاری و پشتیوانی کردنی کارگێڕی عورفی کە لەو ناوچانەدا ڕاگەیەندرابوو، توانییان بەرگری ئێزیدییەکان تێک بشکێنن و لەناو ببەن، ئەوەش ڕێک لە (١٣)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٥ بوو، ئەوکاتەش ژمارەی بەندکراوەکان گەیشتە (٣٢٨) کەس کە بەسەر کۆمەڵێ بەندیخانەی جۆراوجۆردا دابەش کران.

وەک پێشتر وتم ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی قەوارەکەی گەورە نییە، بەڵام یاداشتێکی زۆر گرنگە کە لەلایەن عەبدولعەزیز یامولکی-یەوە بەزمانی عەرەبی لەساڵانی کاری خۆیدا نووسراوە و بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییە ورد و گرنگانە لەساڵی ١٩٥٧دا بەچاپی گەیاندووە، لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا من ئەو لاپەڕە مێژووییە گرنگانە وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی. هەر لێرەشەوە پێداگری لەسەر نووسینەوەی یاداشتنامەی نووسەران و هونەرمەندان و سیاتوانان و هەموو ئەو کەسانە دەکەینەوە کە لە بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و سەربازی و کارگێڕیدا ڕۆڵیان هەبووە و لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سەربازی و کارگێڕیدا بەشدارییان کردووە، چونکە یاداشت نووسینەوە بەشێکی گرنگی مێژووی ئێمەیە و ڕووناکی دەخاتە سەر زۆر کەلێنوکەلەبەری گرنگ و شاراوە لە ژیانی میللەتەکەماندا.

*** بنۆڕە کتێبی: كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، مذكرات عبدالعزيز يامولكي في العراق، ١٩٥٧، مطبعة دار المعرفة، بغداد.**

**** عەبدولعەزیز یامولکی کوڕی مستەفا پاشای یامولکی کەسایەتی کوردی ناسراو و بەناوبانگە. وەک د. مارف خەزنەدار لەبارەیەوە نووسیویەتی، دەڵێ: لە ئەستەمووڵ لەدایک بووە. لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی عیراق لەگەڵ باوکی گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دواییدا لە بەغدا نیشتەجێ بووە. لە سوپای عیراقیدا پلەی عەقیدی (کۆلۆنێلی) دراوەتێ. ماوەیەکیش لە تاران پاشکۆی سەربازی باڵیۆزخانەی عیراق بووە. یامولکی بە زمانی تورکی ئەستەمووڵی پەروەردە بووە، بە زمانێکی کوردی تورکی ئامێز لەگەڵ خەڵکی دەدوا و بە شێوازی کلاسیکی خۆی کوردایەتی دەکرد، دژی بیروباوەڕی کەمالیزم و فیکری تووورانی بووە، بەڵام مەدەنیەتی تورکی عوسمانی بە دوژمن نەزانیوە، کتێب و بڵاوکراوەی بە زمانی تورکی و عەرەبی لە بابەت ژیانی کوردەواری و شۆڕشەکانی کوردەوە زۆرە، کە یەکێک لەو کتێبانە ئەو کتێبەیەتی کە لێرەدا لێی دواین. تەماشای گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە ٤٨٠، ٢٠٠٨/٩/٢٣، هەولێر کراوە.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# تیۆری نێوتێکست – Theorie d’Intertexualite
# Theory of Intertextuality

... «تیۆری نێوتێکست» کە لە ئەنجامی نوێبوونەوەی ڕەخنە و ڕوانینە ڕەخنەییەکان سەری هەڵداوە، بەتایبەتی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە فەرەنسا، وەک چەمکێکی ڕەخنەیی دڵنیـایی لەسـەر ئەوە دەکـا کـە تێکستێک (دەق)، هەر تێکستێک دەیگری، ئەنجامی کۆمەڵێک تێکستی ترە، هەموو تێکستێک کۆمەڵێک تێکستی تری لەخۆی گرتووە، لە ئەنجامی تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی ناوەکی وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرهەم هێنانی تێکستێک، کۆمەڵێک تێکست دەبنە هۆی دروستبوونی تێکستی تر.

ئێمە زاراوەی «نێوتێکست»مان لەسەر هەمان دارشتنی «نێودەوڵەتی» – Internationalite دارشتووە کە لە عەرەبییەکەی – التناصیة –یان بۆ داناوە. لەو باوەڕەداین ناولێنان و داڕشتنێکی گونجاوە، دەشێ ئەو مانا ئاڵۆزە ڕەخنەییە نوێیە بگەیەنێ.

زاراوەی «نێوتێکست» لە بنچینەدا، لەڕووی بەکارهێنان و داڕشتنی وردەکاری ڕەخنەیی بۆ گرووپی گۆڤاری ئەدەبی و تیۆری (Tel Quel) دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن فیلیپ سۆلێر – P.Sollers دامەزرا و هەر لەلایەن خۆشییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

پێشتر هەمان دیاردەی ئەدەبی «نێوتێکست» لەلایەن ڕەخنەگری ڕووسی میخائیل باختین وەک کێشەیەکی ئەدەبی باسی لێوەکراوە، بەڵام هەمان ناوونیشانی نەبووە، بەڵکو لەلای ئەو بە پرەنسیپی دیالۆگیزم – Di-alogisme ناسراوە، گرووپی – Tel Quel – زۆر سوودیان لە باختین وەرگرتووە و گەشەیان پێداوە، سەرەنجام لە کۆتایی شەستەکان ١٩٦٨–١٩٦٩، تیۆری نێوتێکست وەک تیۆرێکی پێشەنگی ڕەخنەیی و ئەدەبی، هەتا فیکریش دەناسرێ، هەر لەو ساڵانەدا، گۆڤاری Tel Quel و گرووپی ئەدەبی Tel Quel دەگەنە ئەوپەڕی بەخشش و دەوڵەمەندی خۆیان.

ئەم ناسین و بڵاوبوونەوەیە و ئەم دەوڵەمەندییە، تەواوی بنچینە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکانی فەرەنسا دەهەژێنێ و لێرەوە، ئەم بوارە ئاراستەیەکی تر وەردەگرێ. ئەم ئاراستە وەرگرتنە نوێیە، بە دوو کتێب بنچینەکانی دارێژراون، ناوەڕۆکی ئەمانەش «تیۆری نێوتێکست»ە.

یەکەمیان کتێبی: تیۆری گشت – نظرية الكل – The-oric d’ensemble –ە کە لەلایەن گرووپی گۆڤارەکەوە ئامادەکراوە و لەساڵی ١٩٦٨ دەزگای Seuil –ی بڵاوی کردووەتەوە. ئەم کتێبە بابەتی ئەم نووسەرانەی لەخۆ گرتووە: میشێل فووکۆ – M. Foucault، ڕۆلان بارت – R. Barthes، ژاک دێریدا – J. Derrida، فیلیپ سۆلێر – P. Sollers، ژولیا کریستۆڤا – J. Kiristeva.

دووەم کتێب: سێمیێۆتیکێ – Semeiotike –یە کە ناونیشانی دووەمی بریتییە لە: لێکۆڵینەوەکان لە بارەی شیکردنەوە سێمانتیکییەکان – Recherches Pour une semanalyse، کە لەلایەن ژولیا کریستۆڤا –وە نووسراوە، هەمان دەزگا ساڵی ١٩٦٩ چاپی کردووە.

لەکتێبی «تیۆری گشت» فیلیپ سۆلێر ڕەخنە لەو جۆرە ڕوانینانە دەگرێ کە لەسەر کارەکتەری وەک: ئایینی،

مانا، هەقیقەت...تاد دامەزراوە، بە پێچەوانەوە بە دوای تێکستێک دەگەڕێ کە پڕ بێ و جێگیر بێ و پێویستی بەوە نەبێ لەسەر ئەم کلێشانە بوەستێ، بەڵکو پشت بە یەکگرتوویی و یەکێتی خۆی ببەستێ. سۆلێر ئەم ڕوانینەی بۆ (نێوتێکست) لە ڕەخنەگری ڕووسی میخائیل باختین وەرگرتووە کە بەم جۆرە پێناسەی نێوتێکست دەکا:

(هەموو تێکستێک دەکەوێتە ئەو شوێنەی کە کۆمەڵێک تێکستی تر بەیەک دەگەن، ئەمەش لەیەک کاتدا بریتییە لە سەرلەنوێ خوێندنەوە، دەرکەوتنێکی تر، خەستبوونەوەیەکی تر، گواستنەوە و قووڵبوونەوەیەکی تر).

لەهەمان کتێبدا، ژولیا کریستۆڤا، لە گوتارەکەی خۆی بەناوی (کێشەکانی بە ستروکتورکردنی تێکست) ڕوانینی خۆی بەشێوەیەکی پراکتیکی- تطبیقي- بە کارکردن لەسەر ڕۆمانێکی فەرەنسی سەدەکانی کۆن بەناوی - ژانی سانترێ- Jehan de Saintre- پیشان دەدا، دەڵێ نێوتێکست بریتییە لە: «نێوکردەیەکی تێکستیی- تفاعل داخلي- Interaction- کە لەناوەوەی تێکستێک ڕوودەدا» کە ڕێگا خۆش دەکا کۆدە جیاوازەکانی ستروکتورێکی تێکستی دیاریکراو بناسینەوە، بەقەد ئەمەش کۆدە گواستراوەکان دەست نیشان بکەین کە لە تێکستێکی تر وەرگیراون. بەم جۆرە ستروکتوری ڕۆمانی فەرەنسی سەدەی پازدەم دەشێ لە ئەنجامی گۆڕینی کۆمەڵێک کۆدی ترەوە هاتبێ. لێرەوە نێوتێکست دەبێتە نیشانەیەک، یان چەمکێک. ئایا تێکستێک چۆن مێژوو دەخوێنێتەوە و ئەم لایەنە چۆن خۆی لەناو ئەم تێکستە پیشان دەدا؟ بۆ ئەم لێکدانەوەیە، کریستۆڤا پشت بەتیۆری گۆڕین، یان گواستنەوە- تحویلیە- Transformationnelle-ی چۆمسکی و سۆمجان- Chomsky et Saumjan- دەبەستێ بۆ ئیزافەکردنی نێوتێکست وەک گریمانەیەک (فرضیة) بۆ گەیشتن بە لایەنی کۆمەڵایەتی- سۆسیال و مێژوویی، کە دووانەی «دال و مدلول- Signifiant / Signifie» ناتوانێ پیشانیان بدا.

تیۆری گشت- نظریة الكل- کاریگەرییەکی زۆری لەناوەندی پێشەنگانی سەردەمی ڕاپەڕینی ١٩٦٨دا هەبووە. وێڕای کتێبی بەرایی کریستۆڤا کە لەسەرەوە ناومان هێنا، جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ناساندنەوەی نێوتێکست وەک میتۆدێکی وردی لێکۆڵینەوە، ئەم کارەش زیاتر لە کتێبی (وشە، دیالۆگ و ڕۆمان) خراوەتە ڕوو. لێرەوە بەو ڕوانینەدا دێتەوە، نێوتێکست و هاوڕێیانی چییان لە باختین وەرگرتووە؟ چونکە بۆ یەکەم جار باختین لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (هەموو تێکستێک وەک مۆزایکێک خۆی دروست دەکا، یان لەدایک دەبێ، وەک مۆزایکێک لە وردە تێکستی تر پێکهاتووە، هەڵبەت بەشێوەیەکی نادیار (ضمني- Im-plicite) هەموو تێکستێک بریتییە لە قووتدان و گۆڕاندنی تێکستێکی تر.) لێرەشەوە لەجێگای «نێوزاتییەت- Intersubjectivite» نێوتێکست بەکاردەهێنێ. باختین دەستەواژەی نێوتێکست بەکارناهێنێ، بەڵکو ئەم ڕوانینە لەکتێبی (شیعرییەتی دیستۆیڤسکی- مۆسکۆ- ١٩٦٣) باختین خۆی بە دیالۆگیزم- Dialogisme- ناوی هاتووە. ئەم کتێبەی باختین لەلایەن کریستۆڤا کراوەتە فەرەنسی، ساڵی ١٩٧٠ گالیمار بڵاوی کردۆتەوە. کتێبی هەرە سەرەکی باختین بریتییە لە (جوانیناسی و تیۆری ڕۆمان) کە لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٨ کراوەتە فەرەنسی و بڵاوکراوەتەوە. باختین لەم کتێبەیدا ڕوانینی خۆی لەسەر زمان و پێکهاتەی ڕۆمان دامەزراندووە کە هەر بە (تیۆری ڕۆمان) ناسراوە. باس لەوە دەکا کە ڕۆمان ستروکتورێک و ئامادەییەکی وای هەیە، لەژێر ئاراستەیەکی کۆدەنگی- Polyphonie، جۆراوجۆرییەک، یان جۆر بە جۆرییەکی مەزن لە زمانزانی، شێواز، کولتوور پیشان دەدا، جیاوازییەکان لەشێوەی دیالۆگیزم پیشان دەدا.

کاریگەرییەکانی کریستۆڤا و باختین ئەوەندە گەورە بوو لەناوەندی ڕەخنەیی، وای لە تۆدۆرۆڤ کرد کتێبێک لەم بارەیەوە تەرخان بکا کە بەناوی: باختین و پرەنسیپی دیالۆگی کە ساڵی ١٩٨١ گالیمار بڵاوی کردەوە. پاشان ژێرار ژێنێت بە هەموو ئەم لایەنانەدا هاتەوە، خوێندنەوەیەکی تیۆری دیکەی نوێی دامەزراند کە دواتر، دەگەڕێینەوە سەری.

بەڵام تەنیا بە کاریگەری کارەکانی ڕۆلان بارت، ڕوانین و لێکدانەوەی نێوتێکست لەبن دەستی گرووپی Tel Quel دەردێ کە تا ئەوسا لەلایەن ئەوان مۆنۆپۆڵ

کرابوو. هەر بەکاریگەری ئەو نێوتێکست و تیۆری نوێ و خوێندنەوە نوێیەکان خۆیان دەخزێننە ناو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و زانکۆکان و دەزگا کولتوورییەکان و فەرهەنگە زانستییەکانی ئەدەب و رەخنە و زمانناسی. سەرەنجام دەشێ بەم جۆرانەی خوارەوە «نێوتێکست» پێناسە بکرێ:

١- زۆر بە سادەیی بریتییە لە رەگەزێکی دروستکەر لە ئەدەب، هیچ تێکستێک ناشێ سەربەخۆ بێ بوونی کاریگەری تێکستی پێش خۆی لە دایک بێ، هەموو تێکستێک کەمو زۆر، بەشێوەیەکی شاراوە، یان دیار شوون و یاداشت و میرات و نەریتی تێکستەکانی پێش خۆی لەسەرە. لێرەوە مەسەلەی سەرەکی وەرگرتن و دزی و کۆپی کردن نییە، (ئەگەرچی ئەم لایەنەش بەشێکە لێی)، مەسەلەکە پێوەندی بە بەرهەم هێنانی ئەدەبییەوە هەیە، بەرهەم هێنانی تێکستێکی ئەدەبی دوور لە هەموو ئەم دیاردەیەی سەرەوە، وەک کردەیەکی سەربەخۆ. ئەوەی لە تیۆری نێوتێکست پێی دەگوترێ: کاریگەری و شوون و یاداشت و میرات و نەریتی تێکستێک لەسەر تێکستێکی دی، زۆر بە زەحمەت دەست نیشان دەکرێ، گواستنەوەکان لە حاڵەتێکی نائاگایی دەکرێ، یان هەڵکەوتێکی نائاگاییانەی هەیە، وەک میراتێکی هەموو تێکستەکانی پێش خۆی دادەنرێ. ئەمەیان زۆر جیاوازە لە کۆپی و دزی و کاریگەری دیاری راستەوخۆ، چونکە بە مەبەستێکی دیاریکراو دەکرێ، ناچێتە چوارچێوەی پرۆسەی داهێنان و بەرهەم هێنانی ئەدەبی.

«نێوتێکست» لەلای ژێرار ژێنێت کە جارێکی دیکە لە ئایندە دەگەرێینەوە سەری، لە کتێبی- Palimpesetes، بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی دەکا: نێوتێکست رەگەزێکی ناوەندی نییە، بەڵکو بابەتێکە لەنێو بابەتەکانی تر کە وەک دیاردەیەک تایبەتمەندییەکانی ئەدەب پیشان دەدا، بەشێکە لە تۆرێکی دیاریکراو کە ئەم تایبەتمەندییانە پیشان دەدەن و پێی دەگوترێ: Transtextualite’، واتە: گواستنەوەی تێکست، ئەمەش پێنج جۆری هەیە کە بریتیین لە: تێکستی رەسەن- Architextualite’، پراتێکست- Paratextualite’، مێتاتێکست- Metatextualite’، نێوتێکست- Intertextualite، زۆر تێکست- Hypertextualite.

بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ نێوتێکست لەلای ژێرار ژێنێت دابەشی سەر دوو جۆر دەبێ:

١- لاسایی کردنەوە و کۆپی کردن- Parodie.

٢- گواستنەوە- Pastiche.

ئەم دووانە هەردووکیان سەر بە (زۆر تێکست- Hypertextualite’)ن، بەڵام (پەرەگراف وەرگرتن، یان نموونە هێنانەوە- تنویە- Citation) دابەشی سەر دوو جۆر دەبن:

١- کنایە- Allusion.

٢- دزین و کۆپی کردن- Plagiat.

هەردووکیان سەر بە نێوتێکستن. دواشت، دەتوانین نێوتێکست وەک دیاردەیەک، یان تایبەتمەندییەکی نووسین سەیر بکەین، بەڵکو وەک دیاردەیەک سەر بە خوێندنەوە و خوێنەر تەماشای بکەین، خوێنەر دەبێ لە رێگای خوێندنەوەوە هەست بەنێوتێکست بکا، کاریگەری و دزین دەست نیشان بکا.

**تێبینی: ئاگاداری خوێنەرانی بەرێز دەکەینەوە، لەم فەرهەنگە، ناشێ هەموو جارێ، لەبەر زۆری سەرچاوەکان دووبارەیان بکەینەوە، دواجار لەکۆتاییدا هەموویان بەسەر یەکەوە بڵاودەکەینەوە.**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

# دوو نامەی هونەرمەند قادر کابان بۆ هونەرمەند وریا ئەحمەد

ئا: رامان

(١)

هونەرمەندی هەڵکەوتوو.. زۆر بەڕێز کاکە وریا
هەموو کاتێکت شاد

بەوپەڕی هەست و ڕێزەوە لە هەواڵی شادیتان پرسیار ئەکەم و ئاوات و خواستم سەرکەوتن و شادیتانە و خوا بتانهێڵێ بەتەمەنێکی درێژی پڕ تەندروستی بۆ زیاتر پێشخستنی هونەری کوردیی ڕەسەن.

بێ گومان تۆی هونەرمەندی دڵسۆز هەواڵتان ئەگەرچی ماوەیەکە ئاگادار نیم، بەڵام کاک سیامەند* مژدەی تەندروستی ئێوەی بۆ هێنام، دڵ و دەروونم ڕۆشن بۆوە.

هونەرمەندی پێکەیشتوو:

کاک سیامەند دوای گەڕانەوەی لای ئێوە وتی کە کاک فەرەیدوون** لای بەڕێزتان بووە و ئێوەی دڵسۆزیش پشتگیری منت زۆر کرد بوو، جا ئەگەر ئەرک نییە و کاتت لێ بەفیڕۆ ناچێت کورتەیەکم بۆ بنووسە لەو بارەیەوە و هۆی هاتنی.

لە کۆتاییدا دەستە پیرۆزەکانت ئەگوشم و دەستی دایکت ماچ ئەکەم لەگەڵ ڕێز و سڵاوی بێ سنوور بۆ براژن و منداڵەکان و هەموو هونەرمەندانی شاری هەولێر و مامۆستا حەسەن*** بەتایبەتی.


تێبینی:

مەبەستم بەرانبەر بەکاک فەرەیدوون خراپ نییە، بەڵام وەک شتێک لێم بووە بەگرێی دەروونی.

ئیمزا
دڵسۆزتان
قادر کابان
سلێمانی: ١٩٧٨/٦/١٦

(٢)

هونەرمەندی هەڵکەوتوو.. کاکە وریا



**قادر کابان**

ژیانت شاد

بەهەستێکی پڕ بڕوای خۆشەویستییەوە.. بەتاسەیەکی عـــــەزرەتی دووری دیدارتەوە لە هەواڵی شـــــادی و شادمانیتان پرسیار ئەکەم و هیوادارم سەرکەوتووی ژیان و هونەر بیت.

براڵەی دڵسۆز:

دوای گەڕانەوەم لای ئێوەی دڵسۆز نامەکەتم گەیاند هەر لەگەڵ دابەزینمدا.. ئەمڕۆش پێش نووسینی ئەم نامــەیە بەچەند چرکەیەک خـوشکێک هات و مـژدەی خوشکی دڵسۆزم بەسەرکەوتنی لە قوتابخانەدا دامێ و دوای سوپاس و ڕێز، وتی خۆشم تەلەفۆنم بۆ کردوون و چاوی منداڵەکان ماچ ئەکەم.

جا پڕ بەدڵ بەهەستی پڕ مەبەستی برایانەوە تەبریکی ئەکەم و نزام لای یەزدان ئەوەیە کە هەمیشە سەرکەوتوو بێت، چونکە سەرکەوتنی خوشکی دڵسۆزتان مایەی ڕوو سووری ئێمەیە.

لە کۆتاییدا ڕێز و سلاوم بۆ براژنی دڵسۆزم و خوشکان و پڕ بەدڵ دەستی دایکی دڵسۆزت ماچ ئەکەم.

لەکـۆتاییـــدا ڕێز و ســلاوم بۆ گـشت لایەک دووبارە ئەکەمەوە بە تایبەتی مامۆستا حەسەن****.

ئیمزا

دڵسۆزتان

قادر کابان

١٩٧٨/٦/٢٤: سلێمانی

*** هونەرمەندی کۆچکردوو سیامەند عیزەت تاهیر.**

**** هونەرمەند فەرەیدوون دارتاش.**

***** هونەرمەند حەسەن گەرمیانی.**

****** هەمان هونەرمەندی پێشوو.**










# کولتووری میللەتان سامانێکی مرۆڤایەتییە

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

هەموو میللەتێکی سەر گۆی ئەم زەمینە، بە ژمارە زۆر بن، یان کەم، ڕەش بن، یان سپی، لە قرفە و دەشت و بیابانە وشک و برینگەکاندا بن، یان لەناو کەژ و کێودا بژین. خاوەنی دابونەریت و کولتوور و ئەفسانەی خۆیانن، لەوەتەی هەبوونە، بۆ مانەوە و بەردەوامی ژیانیان، کەوتوونەتە ململانێی سەخت و دژوار لەگەڵ دەوروبەر و سروشتدا. بۆ دەربڕینی ئەم ململانێیەشیان هۆی دەربڕینی تایبەتی خۆشیان بەکاربردووە. لە خۆشی و ئارامیدا سەمایان کردووە، تەپڵیان لێداوە. کە نائومێدی یەخەی گرتوون و دەستەوسان لە ئاست هێزی سروشت و دوژمناندا هیچیان بۆ نەکراوە، داستان و ئەفسانەیان داهێناوە و گێڕاوەتەوە و بەخەیاڵ و ئەندێشە، ژیانێکی ئارام و گونجاوتریان بۆ خۆیان هەڵبەستووە.. گەل و نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینە ئاوا خاوەنی داستان و ئەفسانەی خۆیانن، جا لەبەر ئەوەی جۆری ژیان و مەترسییەکان لەیەک دەچن، دەبینین ئەو گەل و نەتەوانە لە هەندێ ڕووەوە، ئەفسانە و کولتووریشیان با لەیەکەوە دوور بووبن، لە یەکچوونێکیان هەر هەیە، بە تایبەتی میللەتانی ڕۆژهەڵات، یان ئەوانەی هاوسنوورن و لەیەکەوە نزیکن و بەدرێژایی مێژوو پێکەوە ژیاون و هەڵسوکەوتیان پێکەوە هەبووە، دەبینین کولتوور و کەلەپوور و دابونەریتیان لەیەکەوە نزیکن، بگرە لە هەندێ لایەنەوە چوون یەک وان.

ئەگەر جیاوازییەکی کەمیشیان لەنێواندا هەبێ، ئەوە بۆ تایبەتمەندی ئەو گەلانە دەگەڕێتەوە. ئەو ئەفسانە و حەکایەتانە، ئەو پەند و بەسەرهاتانە، ئەو ئاواز و گۆرانی و سەما و هەڵپەرکێیانە، ئەو باوەڕ و دابونەریتانە، ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو میللەتانەن کە خاوەنی ئەو سامانەن، ڕووی ڕاستەقینەی ئەو میللەتانە دەردەخەن، خۆشی و ناخۆشی، ژیان و ململانێ و بیرو بۆچوونی ئەو میللەتانەن لە قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنیاندا، خواست و پێویستییەکانیان دەردەخەن، بۆیە لە ڕێگایانەوە بەخوێندنەوەیەکی زانستییانە دەتوانین شارەزای ژیانی ئەو میللەتانە ببین.. لێکۆڵینەوەی وردی کولتوور و دابونەریت و ئەفسانەی هەر گەلێک، گەلێ لایەنی شاراوەی ئەو میللەتانەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، کە مێژوو نەیتوانیوە بەلایاندا بچێت.. زۆرن ئەو نەتەوە و میللەتانەی لە بارەی مێژووییانەوە شتێکی ئەوتۆ نازانین، بەڵام لە ڕێگای ئەفسانە و کولتوور و حەکایەت و دابونەریتیانەوە، ئاشنایەتیمان لەگەڵیاندا پەیدا کردووە. هەر دوور نەڕۆین، لە ڕێگای «گابریێل گارسیا مارکیز» و «کارلۆس فۆینتس» و «خۆلیۆ کورتشار» و «مانویل پۆنگ» و داهێنەرانی دیکەی ئەمریکای لاتینی لە ڕێگای دابونەریت و ئەفسانەکانیانەوە شارەزای خەبات و چۆنیەتی ژیانیان بووین و هەڵسوکەوت و دابونەریتیانمان بۆ ڕوون بۆتەوە.. ئەو گەلانەی لەدێر زەمانەوە کە لەگەڵ کورددا لەکوردستاندا دەژین، خاوەنی کولتوور و دابونەریتی خۆیانن. ئەفسانە و داستانی خۆیان هەیە، بەداخەوە لەم ڕووەوە بە باشی یەکترمان نەناسیوە و لەیەک دوورین!! تائێستا هەوڵێکی جیددی بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی کولتووریان نەدراوە، لێکۆڵینەوەی زانستییان لەبارەوە نەکراوە و تائێستا خوێنەری کورد شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە کولتوور و ئەفسانە و دابونەریتی ئەم گەلانەوە نییە!. بێ گومان ناسین و شارەزابوونی ئەو کولتوورانە هۆیەکی ترە بۆ پێکەوە ژیان و لەیەکتر نزیک بوونەوە و پتەوبوونی ئەم پێکەوە ژیانە، لەلایەکی دیکەوە، سامان و کولتووری هەر میللەتێک بە تەنیا موڵکی ئەو میللەتە نییە و سامانێکی مرۆڤایەتییە، هەموو میللەتانی دنیاش دەتوانن سوود لە کولتووری میللەتانی دیکە وەربگرن.

جا ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیر و نووسەرانی ئەو گەلانەیە بچنە ژێر بارێکی واوە و هەر نەبێ ئەفسانە و حەکایەت و دابونەریتەکانی خۆیان بناسێنن، کە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پتەوکردنی ئەم پێکەوە ژیانە، لەلایەکیشەوە دەرگای دیالۆگ لەنێوان خاوەن کولتوورەکە و میللەتانی دیکە دەکاتەوە و پێی خۆیشی لەسەر زەمینەیەکی گونجاو و پتەو دادەنێ تا لەدەرگایەکی واڵاو ڕۆشنەوە بەرەو ئایندە بڕوانێ.